حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان

# دیاردەی یاخیبوون لای شێرکۆ بێکەس و محمد ماغوط
# (دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەو دیوانی
# شرق عدن غرب الله... بە نموونە)

نامەیەکە

**ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ.د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد**

(٢٧١٩)ی کوردیی (٢٠١٩)ی زایینیی

ئەم تێزە بەناونیشانی ((دیاردەی یاخیبوون لای (شێرکۆ بێکەسو محمد ماغوط)، دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) و دیوانی (شرق عدن غرب الله...) بە نموونە))، لەلایەن خوێندکار (ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە)وە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ.د.محەمەد دلێر ئەمین محەمەد

ڕۆژ: / /٢٠١٩

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د.کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: / / ٢٠١٩

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆكو لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| سەرۆکی لیژنە | ئەندام |
| ڕۆژ:    /    / | ڕۆژ:    /    / |

| | |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندام |
| ڕۆژ:    /    / | ڕۆژ:    /    / |

| | |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندامو سەرپەرشت |
| ڕۆژ:    /    / | ڕۆژ:    /    / |

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان پەسەندکرا.

ناو:

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ:    /    /

# پێشکەشە...

- بە دایکوباوکم، دوو میهرەبانترین مرۆڤی دونیا.
- بە شیرینو زنار، دوو غەدرلێکراوترین کچی دونیا.
- بە ژێکافو شکاک، دوو خۆشەویستترین کوڕی دونیا.
- بە محەمەدی برام، متمانەدارترین کەسم.
- بە ئەو، هەمیشە ماڵی بەختەوەریم بۆ دروستدەکات.

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس بۆ:

- بەڕێز (پ.د.محەمەد دلێر ئەمین محەمەد)، کە بەوپەڕی دڵسۆزییو لەخۆبوردووییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتەئەستۆو هەنگاو بە هەنگاوی لێکۆڵینەوەکەم، ڕێنمایی زانستیی کردووم و لەگەڵمدا ماندووبووە، سوپاسیدەکەم.
- مامۆستای بەڕێز (پ.د.دڵشاد عەلی)، کە لەسەرەتای کارکردنمدا کۆمەکی زانستیی کردووم.
- سوپاسی تایبەتم بۆ هاوڕێی ئەزیزم (د.سازان زاهیر)، کە بەردەوام هاوکارم بووە.
- بەڕێزان (پ.ی.د.دانا ئەحمەد)و (م.جووتیار ژاژڵەیی)، کە بە وەرگێڕانی پوختەی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی عەرەبیو ئینگلیزی، هاوکارییانکردووم.

# پێڕستی ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | |
| ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| سنوورو بواری کارکردنی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| پرسیارو گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٤ |
| **بەشی یەکەم**<br>**چەمك‌و پێناسەو مێژووی چەمکە سەرەکییەکان** | |
| یاخیبوون | ٥ |
| یاخیبوون لە ڕووی فەرهەنگی‌و زاراوەییەوە | ٥ |
| یاخیبوون لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە | ٥ |
| چەمك‌و پێناسەی یاخیبوون | ٨ |
| یاخیبوون وەك دیاردەیەکی ئەدەبی‌و چەمکێکی فەلسەفی | ١١ |
| یاخیبوون وەك دیاردەیەکی ئەدەبی | ١١ |
| یاخیبوون وەك چەمکێکی فەلسەفی | ١٩ |
| دیاردەی یاخیبوون لە مێژوودا | ٢٠ |
| کورتەیەك دەربارەی یاخیبوون لە مێژوودا | ٢٠ |
| مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی یاخی | ٢١ |
| بوون‌و یاخیبوون | ٢٢ |
| یاخیبوونی زانستی | ٢٤ |
| یاخیبوونی ئایینی | ٢٥ |
| یاخیبوون‌و شۆڕشی فەڕەنسا | ٢٥ |

| | |
|---|---|
| چەند نموونەیەك لە ئەدیبانو شاعیرانی یاخیی جیهانی | ٢٧ |
| جەیمس جۆیس | ٢٧ |
| ڕامبۆ | ٢٨ |
| پاولّ ڤێلەین | ٢٨ |
| چارلس بۆدلێر | ٢٨ |
| جۆرج بوچنەر | ٢٩ |
| ئێزرا پاوەند | ٢٩ |
| نەوەی ترپەکە | ٢٩ |
| ئەحمەد مەتەر | ٣٠ |
| حوسەین مەردان | ٣٠ |
| یاخیبوونی عەرەبی | ٣٠ |
| شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان لەمێژووی ئیسلامدا | ٣٢ |
| کامۆو فەلسەفەی یاخیبوونو پەیوەندیی بە ئەدەبەوە | ٣٣ |
| یاخیبوون لای کورد | ٣٨ |
| چەمکی دیاردەناسی پەیوەست بە یاخیبوونو ئەدەبەوە | ٤٢ |
| چەمکی دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا) | ٤٢ |
| دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا) پەیوەست بە دیاردەی یاخیبوونو ئەدەبەوە | ٤٤ |
| **بەشی دووەم**<br>**وێنەکانی یاخیبوون لە دیوانی ( ئێستا کچێك نیشتمانمە )ی شێرکۆ بێکەسدا** | |
| ژیانی شێرکۆ بێکەسو ئەزموونی یاخیبوونی | ٥١ |
| پوختەیەك لە ژیانی شێرکۆ بێکەس | ٥١ |
| ڕەنگدانەوەی ژیانو ژینگەی شێرکۆ بێکەس لە ئەزموونی یاخیبوونیدا | ٥٢ |
| ئامادەبوونی مێژووی نەتەوەو شۆڕش لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆدا | ٥٨ |
| هەڵەبجەو کەرکوك وەك هێمایەك بۆ بەگژداچوونەوە لە شیعری شێرکۆدا | ٦١ |
| وێنەی مەعشوق لە نیشتیمانەوە بۆ ژن | ٦٥ |
| وێنەی ژن لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا | ٧٢ |
| چۆنیەتیی گۆڕینی وێنەی مەعشوق لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا | ٧٦ |

| | |
|---|---|
| وێنەی ژن وەك ئومێدو ڕزگارکەر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا | ٨٢ |
| زمانی شیعریی یاخیبوون | ٨٩ |
| تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی یاخیبوون | ٩٥ |
| یەکەم: زمانی شیعریی یاخیبوون‌و پەیوەندیی بە زانستەکانی ترەوە | ٩٦ |
| دووەم: هێماو ئاماژە لە زمانی شیعریی یاخیبووندا | ٩٦ |
| سێیەم: هونەرەکانی ڕەوانبێژی‌و زمانی شیعریی یاخیبوون | ٩٦ |
| چوارەم: فەرهەنگی وشەو زاراوەکان | ٩٧ |
| پێنجەم: وێنەی هونەریی | ٩٧ |
| شەشەم: لایەنی دەنگسازی_ئاواز لە زمانی شیعریی یاخیبووندا | ٩٨ |
| زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) دا | ٩٨ |
| یەکەم: ناونیشانی دیوانەکە (ئێستا کچێك نیشتمانمە) | ١٠٠ |
| دووەم: گەنجینەی وشەکان لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا | ١٠١ |
| سێیەم: قسەکردن بەناوی بێگیانەکانەوە | ١٠٦ |
| چوارەم: هێنانە قسەی باڵندەو گیاندارەکان | ١١٠ |
| پێنجەم: لادانی زمانیی لەپێناوی یاخیبووندا | ١١٢ |
| ئاستەکانی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا | ١١٦ |
| یەکەم: یاخیبوون لە دەستەبژێرو مێژووی سیاسی | ١١٩ |
| دووەم: یاخیبوون لە کەلتوور | ١٣٠ |
| ا. یاخیبوون لە ئایین | ١٣٢ |
| ب. بەرگریکردن لە ژن‌و یاخیبوون لە دابونەریتە باوەکان | ١٣٨ |
| پ. بەگژداچوونەوەی تیرۆری کتێب‌و ڕۆژنامەنووسان | ١٤٢ |
| سێیەم: یاخیبوون لە نیشتیمان | ١٤٧ |
| شێرکۆ بێکەس‌و ڕەهەندەکانی یاخیبوون لە نیشتیمان | ١٤٩ |
| **بەشی سێیەم**<br>**وێنەکانی یاخیبوون لە دیوانی ( شرق عدن غرب الله... )ی**<br>**محەمەد ماغوتدا** | |
| وێنەکانی یاخیبوون لەدیوانی (شرق عدن غرب الله...)ی محەمەد ماغوتدا | ١٦٨ |

| | |
|---|---|
| ژیانو یاخیبوون له ئەزموونی شیعریی (ماغوت)دا | ١٦٨ |
| زیندانو ڕەنگدانەوەی له ئەزموونی شیعریی ماغوتدا | ١٧٧ |
| زمانی شیعریی ماغوتو یاخیبوون | ١٨٣ |
| یەکەم: سادەییو ڕوونیی له دەربڕیندا | ١٨٤ |
| دووەم: دووبارەکردنەوەی مەبەستدار | ١٨٩ |
| سێیەم: کورتکردنەوە (کورتبڕی) | ١٩٣ |
| چوارەم: بانگکردن | ١٩٧ |
| پێنجەم: پرسیارکردن | ٢٠٠ |
| ئاستەکانی یاخیبوون له دیوانی (شرق عدن   غرب الله...)دا | ٢٠٢ |
| یاخیبوون له دەستەبژێرو مێژووی سیاسی | ٢٠٢ |
| یاخیبوونی کەلتووریی له دیوانی (شرق عدن   غرب الله...)دا | ٢١١ |
| یەکەم: ناونیشانی دیوانەکە (شرق عدن   غرب الله...) | ٢١٤ |
| دووەم: یاخیبوون له باو و پشتگیریکردن له ناباوەکان | ٢١٥ |
| سێیەم: یاخیبوونو ژن | ٢١٩ |
| چوارەم: یاخیبوونو ئایین | ٢٢٦ |
| یاخیبوون له نیشتیمان | ٢٣٥ |
| ١. یاخیبوون له نیشتیمان تا ئاستی خیانەتکردن | ٢٣٩ |
| ٢. نیشتیمان به بێ جوانی | ٢٤١ |
| ٣. نیشتیمان لەنێوان (خۆشەویستیو یاخیبوون)دا | ٢٤٤ |
| ٤. دیاردە قێزەونەکانی ناو دەسەڵاتو یاخیبوون | ٢٤٧ |
| **ئەنجام** | ٢٥١ |
| **سەرچاوەکان** | ٢٥٥ |
| **خلاصة البحث** | ٢٦٧ |
| **ABSTRACT** | ٢٦٩ |

# پێشەکی

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (دیاردەی یاخیبوون لای شێرکۆ بێکەس‌و محمد ماغوط_ دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەو دیوانی شرق عدن غرب الله بەنموونە...)، کارکردنە لەسەر خستنەڕوو و پاشان ڕاڤەکردنی دیاردەی (یاخیبوون)، کە وەك چەمکێکی فرە ڕەهەند لەنێو دەقە شیعرییەکانی هەردوو دیوانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. بەوەش ئەو فۆڕمە شیعرییە پیشاندراوە، کە هەردوو شاعیر لە بەرجەستەکردنی چەمکی یاخیبووندا بەکاریانهێناوە.

## سنوورو بواری کارکردنی لێکۆڵینەوەکە

بواری کاکردنی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەکیی، وێڕای چەمك‌و مێژووی یاخیبوون، ڕەهەندە واتایی‌و فەلسەفییەکانیشی لە هەردوو دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس‌و (شرق عدن غرب الله...)ی محەمەد ماغوت_دا خراونەتەڕوو و شیکراونەتەوە. سەربارى ئەوەی، هەندێکجارو بەپێی پێویستیی، چەندین دەقی شیعریی تر لە دیوانەکانی دیکەی هەردوو شاعیرەوە وەرگیراون‌و بۆ خزمەتی لێکۆڵینەوەکە سودیان لێبینراوە.

## گرفتی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە کار لەسەر شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن‌و خستنەرووی چەمکی یاخیبوون لەنێوان دوو شاعیری سەر بە دوو نەتەوەی جیاوازدا دەکات، کە لە دوو کەلتووری سیاسیی جیاوازدا ژیاون. ئەمەش ناهاوسەنگیی لە دەستخستنی سەرچاوەکاندا بۆ لێکۆڵەر دروستدەکات، چونکە سەرەڕای ئەوەی، کە بەرهەمەکانی (شێرکۆ بێکەس) لەناو دونیای ئەکادیمیی کوردیدا گرنگییان پێدراوەو چەندین کتێب‌و لێکۆڵینەوەی زانستیی بەپێزیان لەبارەوە نوسراوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەو کارانەی، لەسەر دەق‌و بەرهەمەکانی ماغوت ئەنجامدراون، کەمترن. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەنجامدانی کاری زانستیی لەبواری ئەدەبیی دوو زمانی جیاوازدا، گرفتی زانستی بۆ لێکۆڵەر دروستدەکات، بەوپێیەی پێویستی بە شارەزایی زۆر هەیە، تاوەکو تەواوی ڕەهەندەکانی ئەو دیاردەیە لای هەر دوو شاعیر بخرێنەڕوو.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە

یاخیبوون وەك دیاردەیەکی کاریگەر لەسەر ڕەوتی جیهانبینیی شاعیران‌و تەنانەت وەك هۆکارێکی بەهێز لە بەرهەمهێنانی هۆشیاریی بەگژداچوونەوەو ڕەتکردنەوەی نادادپەروەریی لەناو کۆمەڵدا، لە ئەدەبی گەلاندا گرنگیی زانستیی پێدراوە. ئەوەی دەربارەی ئەو چەمکە لەناو ئەکادیمیای کوردیدا کراوە، زیاتر لە دووتوێی هەندێك وتاری ڕۆژنامەوانیی‌و کتێبدایە، کە لە زۆر باردا بنەما زانستییەکانی کاری زانستییان تێیدا ڕەچاونەکراوە، بەوەش (یاخیبوون) کەمتر وەك دیاردەیەکی کاریگەرو سروشتیی لە کۆمەڵی ئێمەدا مامەڵەی

لەگەڵدا کراوە، بگرە لە جیهانبینیی گشتیدا (یاخیبوون) وەك جۆرە نەخۆشییەك، یاخود دیاردەیەکی نەرێنیی تەماشاکراوە. لەکاتێکدا ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی گەلاندا وەك سەرچاوەیەکی دیاری ڕۆشنبیریی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، تەنانەت ئاستی مەعریفیی شاعیری یاخی لە ئەدەبی گەلانی تردا جێگەی نرخاندنە. لەبەر ئەو هۆکارانە، بوونی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی لەبارەی (یاخیبوون)ەوە لەناو ئەدەبی کوردیداو بەتایبەت بەراوردکردنی دیاردەکە لەگەڵ یەکێك لە ڕابەرانی یاخیبوون لە ئەدەبی عەرەبیدا، نرخو بەهای زانستیی خۆی هەیە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

هەوڵدانە بۆ دیاریکردنی یاخیبوون لە ئاستەکانی کەلتووری‌و سیاسی‌و ئایینیدا، تەنانەت یاخیبوون لە خودی نیشتیمان لای ئەم دوو شاعیرە. لەلایەکی دیکەشەوە، کۆڵینەوە لە بابەتێکی وەها، یاریدەدەرێکی مەعریفیی پێویستە، چونکە بەشدارییەکی کارا دەکات لە تێکڕای جوڵە ڕۆشنبیریی‌و ئایینی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵدا، هەربۆیە دەتوانرێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، لێکۆڵینەوەکە سەرەڕای هەوڵدانی زانستیی لەپێناو خستنەڕووی تایبەتمەندێتیی ئەدەبی کوردیی لەم بوارەدا، پیشاندانی ئەو ڕەهەندە کاریگەرەشە، کە چەمکی یاخیبوون لەناو کۆمەڵدا دروستیدەکات.

ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکە لەڕووکەشدا، بەراوردکردنی دیاردەی (یاخیبوون)ە لای دوو شاعیر، بەڵام ڕادەی کاریگەرییان لەسەر یەك دەرنەخراوە، بەڵکو ئاستەکانی (یاخیبوون) لای هەردوو شاعیر دیاریکراوەو پاشان تایبەتمەندێتی‌و چۆنیەتیی مامەڵەکردنیان لەم بوارەدا بەگشتی‌و لە تەواوی ڕەهەندەکانی هەردوو دیوانەکەدا بەتایبەتی، خراونەتەڕوو.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لە لێکۆڵینەوەکەدا تەنها یەك ڕێبازی دیاریکراو پەیڕەونەکراوە، بەوپێیەی جۆرو سروشتی کارەکە ئەوە دەخوازێت، کە زیاتر لە ڕێبازێك بەکاربهێنرێت، تاوەکو تەواوی ئاڕاستەو ڕەهەندەکانی ناو دەقەکان بۆ گەیاندنی پەیامی (یاخیبوون) ڕوونبکرێنەوە.

لەمڕووەوە، تەنها ڕێبازێك، کە بتوانرێت ئەم کارەی بەشێوەیەکی زانستیی پێئەنجامبدرێت، ڕێبازی تەواوکاریی (المنهج التكاملي)یە، کە تێیدا ڕێبازەکان تەواوکەری یەکترن‌و یارمەتیی یەك دەدەن بۆ زیاتر ئاشکراکردنی تەکنیك‌و ناوەڕۆك‌و نهێنیی دەقەکان، بەوەش، ئەم ڕێبازە، کەشی کارکردنی ئاسانترو لەبارتر لەبەردەم لێکۆڵەردا دەڕەخسێنێت. لەناوەندە ئەکادیمییە نوێکانداو لەئێستادا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم ڕێبازە پەیڕەودەکرێت. بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هێڵی پتەوی نێوان ڕێبازەکان نەماوە، چونکە تاڕادەیەك سنووری کارکردنیان تێکەڵاوی یەك دەبن. جێی ئاماژەیە، چەندین توێژەرو بیرمەندو ڕەخنەگری جیهانیی هەن، کە

پەیڕەوی ئەم ڕێبازە دەکەن، لەوانە: (لوسیان گۆڵدمان، تۆدۆرۆف، میخائیل باختین، جۆرج گۆرڤیج، پێیر بۆردیۆ، هاشم ساڵح، جۆرج تەرابیشیی، محەممەد ئەرەگۆن...و زۆری تر).

ڕێبازی تەواوکاریی، لە توێژینەوەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتیو سروشتییەکاندا بەکاردێت، کە لەسەر بەستنەوە/ پێکەوە گرێدانی بەشەکانی دەق کاردەکاتو بێ جیاوازیی لە هەموو لایەنەکانی دەق دەکۆڵێتەوە. بۆ نموونە کاتێك توێژەرێك کار لەسەر دیاردەیەکی وەك (یاخیبوون) لە ئەدەبدا دەکات، پێویستی بەوە دەبێت چەند ڕێبازێکی زانستیی بەکاربهێنێت، وەك: دیاردەناسیی_ بۆ دیاریکردنی دیاردەکەو کردنی بە بەرجەستەیەك. هەروەها پێویستی بە شیکردنەوەی ژیانو باری دەروونیی شاعیرو ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیی شاعیر دەبێت، تاوەکو لەکاتی ڕاڤەکردنی دەقەکەدا سودیانلێوەربگرێت. هەروەها بۆ دیاریکردنی زمانی شیعریی دەقەکەو ڕەمزو هونەرە ڕەوانبێژییەکانی ناو دەقەکە، پێویستە پەیڕەوی لە ڕێبازی فۆرمالیستەکان بکات، کە لێکۆڵەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر کردوون. بەکورتی، ڕێبازی تەواوکاریی، وەك یەکەیەکی دەروونیو جەستەیی لە مرۆڤ دەڕوانێت، بەهەمانشێوەش وەك یەکەیەکی یەکگرتوو لە فۆرمو ناوەڕۆکدا مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، خودی زاراوەی (تەواوکاریی Integration)یش، بەواتای ئاوێتەبوونو تێکەڵاوبوونو پێکەوە گونجان دێت.

## پرسیارو گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لێکۆڵەر بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێکی ئەدەبیو ئایینیو فەلسەفیو ڕەخنەییدا دەگەڕێت. هەر لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەوە ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە خودی دیاردە چییە؟ دیاردەی یاخیبوون لە ئەدەبدا، دیاردەیەکی ئەرێنییە، یاخود نەرێنیی؟ دیاردەکە تایبەتە بە ئەدەبێکی دیاریکراوەوە، یاخود دیاردەیەکی ئەدەبیی جیهانییە؟ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی (یاخیبوون) بەتەنها هۆکاری دەروونیین، یان کەلتووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئایینین؟ شاعیران چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە دەکەن؟ ئەی چۆن لێکۆڵەران لە کارەکانیاندا مامەڵەی زانستیی لەگەڵ دیاردەکەدا دەکەن؟ کەی یاخیبوون لە ئەدەبدا سەرهەڵدەداتو چ کاریگەرییەك لەسەر خودی شاعیرو کۆمەڵگا بەجێدەهێڵێت؟ مێژوی سەرهەڵدانی یاخیبوون لە ئەدەبی کوردیدا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی شاعیرێکی وەك (شێرکۆ بێکەس) لە نیشتیمان یاخیدەبێت؟ ئایا یاخیبوونی لە دیوانی "ئێستا کچێك نیشتمانمە"دا هۆکارەکەی سیاسییە؟ یان هۆکارە کەلتووریو ئایینیو کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە؟ ئاستەکانی یاخیبوون لەم دیوانەدا کامانەنو لە پێناوی چیدان؟ ڕەگەزو تایبەتمەندییەکانی چین؟ زمانی شیعریی یاخیبوون لای (شێرکۆ بێکەس) چۆنە؟ ئایا شاعیر لەم دیوانەدا بەتەواوەتی لە نیشتیمان بێئومێد بووەو بە دوای فریادڕەسێکدا دەگەڕێت؟

جیاوازیی یاخیبوونی ماغوت لەگەڵ شاعیرانی تری عەرەبدا چییە؟ نائومێدیی بەردەوامی ماغوت چ ڕەنگدانەوەیەکی لە ئەزموونی یاخیبوونیدا هەیە؟ پێگەی ژیانو لادێو برسێتی لە بیرکردنەوە شیعرییەکانی ماغوتدا لە چ ئاستێکدان؟ زیندان لە ئەزمونی شیعریی ماغوتدا چ کاریگەرییەکی هەیە؟ ئایا نائومێدییو خەمو

دڵتەنگیی، سەرچاوەی یاخیبوونی ماغوتن؟ بۆچی ماغوت هەرگیز چاوەڕێی فریادڕەسێك ناكات؟ ئاستەكانی یاخیبوون لە دیوانی (شرق عدن  غرب الله...)دا كامانەن؟ زمانی شیعریی یاخیبوون لای ماغوت چۆنە؟ ئایا ئایینو كەلتوورو ژینگەی سیاسیو كۆمەلآیەتیی لە ئەزموونی شیعریی یاخیبوونی ماغوتدا ڕۆڵیان هەبووە؟ شاعیر لە پێناوی چیدا یاخیدەبێت؟ ئایا ئەزموونی یاخیبوونی لەگەڵ شێركۆ بێكەسدا لەیەكدەچێت، یاخود جیاوازن؟

## بەشەكانی لێكۆڵینەوەكە

لێكۆڵینەوەكە جگەلە پێشەكیو ئەنجامو پوختە، لە سێ بەشی سەرەكی پێكدێت. لەبەشی یەكەمدا، بەگشتی چەمكی یاخیبوون ناسێنراوەو دواتریش لەڕووی فەرهەنگیو زاراوەییەوە فۆڕمو واتاكەی شیكراوەتەوە. پاشان مێژووی سەرهەڵدانی یاخیبوون لای گەلانی ئەوروپاو عەرەبو كورد خراوەتەڕوو. هەر پەیوەست بە بابەتەكەوە، یاخیبوون وەك چەمكێكی فەلسەفیو ئایینیو دیاردەیەكی ئەدەبیی، لێیكۆڵراوەتەوە. لەدوا پاری ئەم بەشەدا وەك پێویستییەكی زانستیی، چەمكی دیاردەو میتۆدی دیاردەناسیی، ڕاڤەكراوە.

بەشی دووەم، تایبەتە بە خستنەڕووی ژیانی (شێركۆ بێكەس)و كاریگەریی لەسەر ئەزموونی یاخیبوونیو دواتریش ڕەنگدانەوەی لە دیوانی (ئێستا كچێك نیشتیمانمە)دا. پاشان گۆڕینی وێنەی مەعشوقی شاعیر لە نیشتیمانەوە بۆ ژن، كراوەتە بابەتی سەرەكیی ئەم بەشە، مەبەستە سەرەكییەكەشی، ئەو گۆڕانكارییەیە، كە لە ئەزموونە شیعرییەكەیدا ڕوویداوە. لە پارێكی تری بەشەكەدا، زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی ناوبراودا شیكردنەوەی تەواوی بۆ كراوە. دوا پاریش، بۆ دیاریكردنو خستنەڕووی ئاستەكانی یاخیبوون لە (كەلتوورو سیاسەتو ئایینو نیشتیمان) لە دیوانەكەدا تەرخانكراوە.

بەشی سێیەم، دەربارەی ئاستەكانی یاخیبوونە لە دیوانی (شرق عدن  غرب الله...)ی (محەمەد ماغوت )دا، كە لە چوارچێوەی چەند پارێكدا كاری تێدا كراوە. لەسەرەتادا ژیانی شاعیرو ڕەنگدانەوەی لە ئەزموونی یاخیبوونەكەیدا، گرنگیپێدراوە. دواتر (زیندان) وەك وێستگەی یەكەمی یاخیبوونی شاعیرو كاریگەریی هەمیشەیی لەسەر ئەزموونە شیعرییەكەی، ناسێنراوە. لە پارێكی دیكەدا، زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانەكەدا ڕاڤەكراوەو تایبەتمەندییەكانی دیاریكراون. لە دوا پاریشدا ئاستەكانی یاخیبوون لە دیوانی ناوبراودا دەستنیشانكراون، كە یاخیبوون لە ئاستەكانی (كەلتوور، ئایین، سیاسەتو نیشتیمان) دەگرێتەوە، وێڕای ئەوەی، تێڕوانینی شاعیر بۆ ژن لە دیوانەكەدا خراوەتەڕوو، بۆ هەموو ئەوانەش نموونەو بەڵگەی تەواو لە دیوانەكەوە هێنراونەتەوە.

## یاخیبوون

یاخیبوون یەکێکە لەو چەمکە بنەڕەتییانەی، کە لە زانستەکانی وەك دەروونزانیو سیاسەتو ئابووریو هونەرو ئەدەبو ئاییندا، زۆر بەربڵاوە، زۆرجار لەکاتی بەکارهێنانی ئەم چەمکەدا، گرفتو کێشە دروستدەبێت، هەربۆیە لە ناساندنو پێناسەکردنیدا، ناتوانرێت بەئاسانی، ڕەهەندەکانی وەك پێویست ڕوونبکرێتەوە.

## یاخیبوون لە ڕووی فەرهەنگیو زاراوەییەوە

(یاخیبوون) وەك زاراوەیەکی زانستی، پەیوەست بە جیاوازیی زمانەکانەوە فۆڕمی جیاوازی بۆ داڕێژراوە، بۆ نموونە وشەکە بەرانبەر (Insurgency)یە لە زمانی ئینگلیزییدا، کە بنەماکەی لە فۆڕمی لاتینیی (Insurrectio)وە وەرگیراوە، ئەویش واتای (ڕاپەڕینەبوون بە بارودخێکی سەپاو، یان باو) دەگەیەنێت، هاوکات فۆرمەکانی (Insurgency/ Mutiny) ش، واتای (ملکەچنەبوون بۆ بڕیارەکان) دەردەبڕن.[١] هەر لەم ڕووەوە لەزمانی عەرەبیدا، وشەی (التمرد)و لە فارسیشدا وشەکانی (یاغی بوون/ یاغی گیری) بۆ زاراوەکە دیاریکراون.[٢]

جێی ئاماژەبۆکردنە لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا، وشەکان بە جیا لێکدانەوەی واتاییان بۆ کراوە، بۆ نموونە بەرانبەر بە وشەی (یاخی)، کە فۆرمە ئاوەڵناوییەکەی (یاخیبوون)ە، وشەکانی (سەربزێو، شەقی، مانگرتوو) وەك واتا هەبووەکانی وشەکە تۆمارکراون، کەچی (ئەشقی بوون) بەرانبەر وشەی (یاخیبوون)و وشەکانی (سەرکێشی، سەربزێوی)ش بەرانبەر وشەی (یاخی گەری) دانراون.[٣] هەروەك (شێخ محمدی خاڵ)یش بە خستنەڕووی واتای (دەرچوونی گیاندار لە ئەندازەی خۆی)، وشەکەی ڕاڤەکردووە[٤]. ئەوەی گرنگە بگوترێت، ئەو واتایانەی لە فەرهەنگەکاندا بۆ وشەی (یاخیبوون) دیاریکراون، هەڵگری واتا گشتییەکانی وشەکەن، نەك دەربڕی واتاو چەمکی (یاخیبوون) وەك زاراوەیەکی زانستی، کە مەودای بەکارهێنانەکەی سنووردارو دیاریکراوە.

## یاخیبوون لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە

لەڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە، زاراوەی (یاخیبوون) فۆرمێکی لێکدراوی هەیە، بەوپێیەی لە هەردوو مۆرفیمی سەربەخۆی /یاخی، بوون/ پێکهاتووە[٥]، هەروەك کەرتی یەکەمی وشەکە لە ئاوەڵناوی (یاخی)و کەرتی دووەمیشی لە ناوی کرداریی (بوون) پێکهاتووە، لێکدانی هەردوو کەرتەکەش، وشەیەکی نوێی بە واتایەکی نوێوە دروستکردووە، بۆیە هەر بە هەمان فۆڕمی (یاخیبوون)ەوە لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە. جێی ئاماژە بۆکردنیشە، کەرتی یەکەم دەبێتە هەڵگری واتای وشە لێکدراوەکە، بەوپێیەی چەمكو واتای مەبەست لە کەرتی یەکەمی ئەمجۆرە کردارانەدا

---

1 oxford dictionary.com/definition.

2 هەژیر عبدولا پور، فەرهەنگی هەژیر، فارسی _کوردی، (٢٠٠٨: ١٤٠٣)

3 هەژار، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی _ فارسی، (١٣٦٩ هـ : ١٠٢٦)

4 شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، (٢٠٠٥: ٥٢٩)

5 "وشەی لێکدراو وەك ئەنجامی کردەی وشەدروستکردنو وشە لەیەکدان، دەربڕاوێکی زمانییە، کە بەلایەنی کەمەوە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ، یان لە پێکهاتووەکانی مۆرفیم پێکهاتووە." محەمەدی مەحویی، مۆرفۆلۆژییو بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، (٢٠١٠: ٨٣)

کۆدەبێتەوە[6]، لەمەشەوە واتای کردارە لێکدراوەکە، بە واتای ئاوەڵناوەکە (یاخی)یەوە پەیوەستە، نەك کردارە یاریدەدەرەکە.[7]

ئەو واتایانەی لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا بەرانبەر بە وشەی (یاخیبوون) دیاریکراون، تاڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن. وێڕای ئەوەی، هەردوو وشەی (یاخیبوون، شۆڕش) تێکەڵکراونو یەك واتایان بۆ دانراوە. لە زمانی عەرەبیدا وشەی (التمرد)و لە ئینگلیزیدا وشەکانی (Rebellion)، یان (Revolution) بەرانبەر بە (یاخیبوون) بەکاردێنن. بۆ نموونە لە فەرهەنگی (کوردستان)ی (گیوی موکریانی)دا[8]، (یاخێتی) بەواتای (هەڵگەڕانەوە، قاچاخی) هاتووە، کەچی لە فەرهەنگی زانکۆدا، یاخیبوون بەم واتایانە هاتووە:

أ. Revolt: یاخی دەبێ، ڕادەپەڕێت، شۆڕش بەرپادەکات.

ب. Revolution: شۆڕش، سوڕانەوە، کودەتا.

بەڕەچاوکردنی واتای یاخیبوون لەڕووی فەرهەنگییەوە، ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

١. گرێدان لەنێوان وشەی یاخیبوونو شۆڕشدا.[9]

٢. یاخیبوون، هەبوونی خواستی تاك، یان گروپێکی دیاریکراوە بۆ گۆڕانکاری، یان هەڵوەشاندنەوەی جۆرایەتیی بابەتێك، وەك (سیستەمی بەڕێوەبردن، دەسەڵاتی سیاسی، دابونەریت،....هتد).

هاوکات هەر لە فەرهەنگی (کوردستان)ی (گیوی موکریانی)دا، یاخیبوون بەمشێوەیە هاتووە:

_ "یاخێتی، هەڵگەڕانەوە، زیت بوونەوە، قاچاخچی"[10]

_ یاخی/ پەت پساندن، بارنەبردن، ئازادی خواستن، سەرکێش، لەکاتێکدا واتای گشتیی هەموو ئەم وشانە، دیاریکردنەو بەرانبەر دانانە بە "دەرکەوتن لە دەسەڵاتو داواکاریی ئازادیی."[11]

لە فەرهەنگی (سەلاحەدین)دا زاراوەکە بەمشێوەیە دیاریکراوە:

Revolt: ڕاپەڕین، شۆڕش، بزاڤ، سەرهەڵدان، شۆڕش دەکات، سەرهەڵدان دەبێت.

---

[6] بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، (٢٠١٠: ٢٥٣)

[7] بڕوانە: محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە کرمانجیی خوارووودا، (٢٠٠٨: ٤٤)

[8] گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان کوردی_عەرەبی، (١٩٩٩: ٩٣٦)

[9] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عبدالقادر نوری عبدالکریم گولی، یاخیبوون د ناڤ هوزانا نویخازا کوردیدا (سەلمان کوڤلی وەك نمونە)، (٢٠٠٨: ٦٤)

[10] گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان کوردی_عەرەبی، (١٩٩٩: ٩٣٧)

[11] سەرچاوەی پێشوو

له فەرهەنگی (ئەستێرە گەشە)شدا، ئەم وشانە جیاکراونەتەوە:

یاخیبوون: تمرد، عصیان، خروج علی القانون، الثورة.

یاخێتی: تمرد، عصیان، خروج علی القانون، الثورة.

یاخی: خارج علی القانون، محروم من حمایه العدالة، عاصی، تمرد.

له فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد Oxford)دا، (یاخیبوون) بەم واتایە هاتووە: "Revolution Action taken by a large group of people to change the government a country." واتە "یاخیبوون کردە/ چالاکیی کۆمەڵێك کەسە لەپێناو گۆڕینی دەسەڵات لە وڵاتێکدا."[١٢]

وەك پێشتر گوتمان، "زاراوەی یاخیبوون بە دوو وشە لە زمانی ئینگلیزیدا دەرکەوتووە (Revolution)، یان (Rebelution)، کە بە واتای (شۆڕش)و (یاخیبون) دێن."[١٣]

زاراوەی یاخیبوون لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بەرانبەر بە وشەی (الردة) هاتووە، کە هەڵگەڕانەوەیە لە شتێك بۆ شتێکی تر. "يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَلا تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا خَاسِرِينَ"[١٤]. بەوەش لە شەریعەتدا هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلامەوە بۆ کوفر، کە دەشێت بە ئاخاوتن، یان کردە ئەنجامبدرێت.

لەڕووی سیاسیشەوە، زاراوەکە شرۆڤەیەکی تری بۆ کراوە، کە هەڵهاتنە لە بڕیارەکانی دەسەڵات، بەتایبەت لە ئەدەبیاتی سیاسییدا، یاخیبوون ڕەتکردنەوەو بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتە. جۆرو شێوەی یاخیبوونیش، دەشێت تیۆری، یان کارەکی بێت، وەك ڕەتکردنەوەی بونیادی پەیوەندیو گوتاری هزریی سیستەمی دەسەڵاتدارو داواکاریی بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە. هەروەك لە یاسای سزادانی عێراقیدا، یاخیبوون بەمشێوەیە باسکراوە، هەر کەسێك هەوڵی یاخیبوونێکی چەکداریی بدات دژی دەسەڵات، یان بەشداریی لە سەرپێچییەك، یان کودەتایەکدا بکات. هەروەها زاراوەی یاخیبوون لەبواری سەربازیدا، ئاماژەیە بۆ پابەندنەبوون بە بڕیاری سەرکردە، یاخود لادانو دەرچوون لەو ڕێنماییانەی، لە بواری سەربازییدا کاریانپێدەکرێت، وەك هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت، یان کارکردن بەبێ فەرمانی سەرکردە.[١٥]

بەمجۆرە لەڕووی زاراوەییەوە، کۆدەنگییەك هەیە، کە پێیوایە یاخیبوون بریتییە لە: "نامۆبوون لە سروشتو کۆمەڵگا، کەسی یاخی خۆی لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆی دادەبڕێو دەیەوێت خۆی کەسێکی سەربەخۆو تەنهاو

---

[12] عبدالقادر نوری عبدالکریم گولی، یاخیبوون د ناڤ هوزانا نویخازا کوردیدا (سەلمان کوڤلی وەك نمونە)، (٢٠٠٨: ٦٤)

[13] سەرچاوەی پێشوو، ٦٢

[14] قورئانی پیرۆز، سورەتی (المائدة)، ئایەتی (٢١)

[15] بڕوانە: عبدالقادر نوری عبدالکریم گولی، یاخیبوون د ناڤ هوزانا نویخازا کوردیدا (سەلمان کوڤلی وەك نمونە)، (٢٠٠٨: ٦٢_٦٣)

خاوەن کەسایەتیی خۆی بێت، بەجۆرێك مرۆڤی یاخی، هەم خۆیو هەم ئەو کۆمەڵگایەی، کە تێیدا دەژی، بەنامۆ دەبینێت."[١٦]

## چەمك و پێناسەی یاخیبوون

چەمکی (یاخیبوون) بۆ یەکەمجار لە ئەوروپا بۆ ئەوانە بەکارهاتووە، کە لە کەنیسەی بەریتانی جیابوونەوە. لە بەشی زۆری فەرهەنگەکاندا لەبوارەکانی ئایینو کۆمەڵایەتیو بیریدا یاخیبوون بە واتای:

١. سەرپێچیکردن: دەرچوون لەڕاو بۆچوونی باو، یاخود دەرچوون لە ئەو ئاڕاستەیەی، کە دەسەڵات دیاریدەکات. ڕۆشنبیران لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر بەڕوونی دەربارەی ئەم جۆرە سەرپێچیکردنە دواون.

٢. یاخیبوون: دەرچوون لە دابونەریتی باو و ددانپێدانەنان بە دەسەڵات، جا ئەو دەسەڵاتە هەر جۆرە دەسەڵاتێك بێت.

٣. ئەهلی جیابوونەوە: (لادەرەکان)

ئەو گروپە بوون لە ئینگلیزەکان لە مەزهەبی بروتستانی، کە لە کەنیسەی ئینگلیزیی dissenters دەرچوون، بەبیانووی ئەوەی، لەڕووی کاتەوە زۆر لە پەیامی ڕاستەقینەی مەسیح دوورکەوتوونەتەوە.[١٧]

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین، یاخیبوون بریتییە لە ڕەتکردنەوەی گوێڕایەڵیی فەرمانەکان، یاخود بارێکی دەروونییە، کە وادەکات مرۆڤ لە دۆخی باو دەربچێت، بەجۆرێك بەرەو دونیایەکی تایبەت هەنگاوبنێتو هەوڵی دروستکردنی بدات. دەکرێت بڵێین، کە یاخیبوون وێنەیەکی تەواوەتیی سەلماندنی کەسایەتیی تاکی یاخییە، جا ئەو تاکە لە هەر قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەندا بێت.

یاخیبوون لە زۆربارەدا وا دەردەکەوێت، کە لەگەڵ دەلالەتە زمانەوانییەکاندا ناتەبا بێتو هەڵگری دەلالەتی نوێ بێت، بەوپێیەی "یاخیبوون بەو ڕەفتارە دەناسرێت، کە جۆرێك لە زێدەڕۆیی تێدایەو دەرچوونە لە باو و هەستکردنە بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی، لە دەوروبەری مرۆڤی یاخیدا بوونیان هەیە. هەروەها ڕەفتارێکی ڕەتکەرەوەیە بۆ ئەو دۆخە چەقبەستووەی، کۆمەڵگای تێدایە."[١٨]

لەڕووی دەروونییەوە، کردەی یاخیبوون وا وێنادەکرێت، کاتێك کەسێتیی تاکو تایبەتمەندییەکانی، گەشەدەکەنو خۆیان دروستدەکەن، لە ئەنجامی بەریەککەوتنو مامەڵەو کارلێکەکانیانەوە لەگەڵ ژینگەی دەرەوەدا، مرۆڤ تووشی بەریەککەوتن دەبێتو فشارەکان لەسەری زۆر دەبن، ئەمەش وادەکات مرۆڤ هەست بە جیاوازیو یاخیبوون بکات.[١٩]

یاخیبوون کردەیەکی دوو لایەنەیە، لەڕووی زانستی دەروونزانییەوە وەك نەخۆشی سەیردەکرێتو دەبێت چارەسەربکرێت، بەڵام لەبواری زانستەکانی تردا لەسەر دوو ئاستی جیاواز هەڵسەنگاندن بۆ یاخیبوون دەکرێت، ئەگەر هاتوو ئەم کردەیە بووەهۆی تێکدانو بەرهەمهێنانی شڵەژانی نەگونجاو لە کۆمەڵگادا، ئەوا وەك کردەیەکی ناپێویستو

---

16 سفانة داود سلوم، ظاهرة التمرد في أدبي الرصافي و الزهاوي، (٢٠٠٧: ١١)

17 بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ١١_١٢

18 فيصل حسين تحمير العلي، التمرد في شعر العباسي الاول، (٢٠٠٤: ٥)

19 بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو

پڕ مەترسی، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام ئەگەرهاتوو بووە هۆکاری بەرهەمهێنانی دۆخێکی نوێی ڕەتکردنەوەی زوڵم‌و بەرهەمهێنانی هۆشیارییەکی قووڵ لەکۆمەڵگادا، ئەوا دەبێت وەك کردەیەکی ئەرێنی، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

یاخیبوون لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا سەرهەڵدەدات، کە یەکسانی‌و عەدالەتی تێدا نییە. مرۆڤی یاخی، مرۆڤێکی هۆشمەندو بەئاگایەو زۆرجاریش چاکەخوازە، چونکە هەستدەکات ماف مرۆڤ پێشێلدەکرێت‌و حەق‌و ڕاستی، بوونی نەماوە، هەروەها جۆرە مرۆڤێکە ڕاناکات، بەڵکو هەوڵی گۆڕانکاریی دەدات، هەربۆیە "مرۆڤی یاخی ئازایەو خاوەن هۆشەو جیهان وا دەبینێت، کە قابیلی قبووڵکردن نییە."[٢٠]

ئەم هۆشمەندییەی مرۆڤی یاخی، بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی، کە مرۆڤ هەستدەکات بوونی ئەو وەك مرۆڤ لە یاخیبوونیدایە، ئەمەش ڕوانینێکی فەلسەفیی ڕوونە بۆ ڕەتکردنەوەی (بوون) وەك ئەوەی، کە هەیە. هەر ئەم ڕوانینەشە وادەکات، کە ئەدیبێك، یان هونەرمەندێکی یاخی، کار لەسەر ئەوە بکات، کە سەرلەنوێ دونیا بگۆڕێت‌و دایبڕێژێتەوە، چونکە لەڕوانگەی مرۆڤی یاخی‌و داهێنەرەوە، جیهان بوونێکی تەواو نییە، دەبێت هەوڵبدرێت کەموکورتی‌و ناتەواوییەکانی تەواوبکرێت، ئەمەش تەنها لەڕێگای ئەو کارە داهێنەرانەوە دەکرێت، کە هونەرمەندو ئەدیبە یاخییەکان بەرهەمیاندەهێنن.

هەر لەم ڕووەوە دەوترێت: "یاخیبوون لەناو بەرهەمە هونەری‌و ئەدەبییەکاندا تەنها کردەیەکی داهێنەرانە نییە، بەئەندازەی ئەوەی هەڵوێستێکی وجودیی قووڵە بۆئەوەی لە ژیان‌و بوون تێبگەین. هەروەها هەوڵێکە لە مشتومڕێکی فەلسەفی، دەربارەی هەندێك لایەنی پڕ کەم‌و کورتی لە بوون‌و ژیاندا."[٢١]

ئەم هەڵوێستە قووڵەی مرۆڤی یاخییە وادەکات، فەیلەسوفەکان بڵێن، کە یاخیبوون ئەنجامی هەستکردنە بە نامۆبوون (ئەو دۆخە دەروونی‌و کۆمەڵایەتییە، کە تاك وا لێدەکات، دوورو نامۆ بێت لە واقیعی کۆمەڵایەتی). نامۆبوون‌و یاخیبوون، دوو دیاردەی کۆنی مێژوویین، تەنانەت لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیشدا بوونیان هەبووە، لەکاتێکدا مرۆڤی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە هەستیان کردووە، دابونەریتی باو بوونەتە سەرچاوەی کێشەو گرفت بۆیان، ئەم دۆخەش، بووەتەهۆی دروستبوونی نامۆیی‌و دواتریش نامۆیی بوونەکە بووەتە هۆکاری دروستکردنی یاخیبوون دژی کۆمەڵگاکەو دابڕان‌و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگادا.[٢٢]

لەڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسییەوە، یاخیبوون بریتییە لە "هەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بە نەتوانین بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە جەوهەرییەکانیان لە ژیاندا، ئەمەش دەبێتەهۆی نائومێدی‌و ڕووخان."[٢٣]

لەمێژوودا بەشێوەیەکی بەرچاو یاخیبوون وەك چەکێکی بەهێزی ڕووبەڕووبوونەوەی باو لە کۆمەڵگادا بەکارهێنراوە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، یاخیبوون لەباری ڕووبەڕووبوونەوەدا لەسەر هەردوو ئاستی ئەرێنی‌و

---

[20] محمد احمد العزب، ظواهر التمرد فى الشعر العربى المعاصر، (ب.ت)، ٧

[21] سەرچاوەی پێشوو

[22] بروانە: سفانة داود سلوم، ظاهرة التمرد في أدبي الرصافي و الزهاوي، (٢٠٠٧: ١٢)

[23] سەرچاوەی پێشوو

نەرێنی، کاردەکات، دیارترین فەیلەسوف، کە لەم بوارەدا کارێکی گەورەی ئەنجامداوە، (ئەلبێر کامۆ)ی فەرەنسییە. ئەو پێیوایە، چەمکە یاخیبوون لەسەر هەردوو وشەی (بەڵێ‌و نەخێر) وەستاوە. بەجۆرێك باس لەوە دەکات، ئەگەر سەرپێچی‌و هەڵگەڕانەوە لەخۆوە بێت‌و هیچ بنەمایەکی فەلسەفی‌و بیریی نەبێت، وەك هەڵگەڕانەوەی مرۆڤێك بە بێ هۆکار لە کاربەدەستەکەی، ئەوە وەك یاخیبوونی نەرێنی، وێنایدەکات، بەلآم وەستانەوە دژی خراپی‌و نالەباریی لەکۆمەڵگادا بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە، دەبێتەهۆی دروستبوونی یاخیبوونێکی ئەرێنیی کاریگەر.[٢٤]

لێرەدا دەبێت لەسەر خاڵێکی گرنگ بوەستین، کە (ئەلبێر کامۆ) دەربارەی یاخیبوون دەریدەبڕێت، ئەویش جیاوازی‌و پەیوەندیی قووڵی نێوان یاخیبوون‌و شۆڕشە، ئایا ئەم دوو چەمکە یەك شتن، یاخود دژی یەکن، یان تەواوکەری یەکترین؟ بەڕای ئەلبێر کامۆ، (شۆڕش‌و یاخیبوون) لە یەکتری جودان، بەلآم دژی یەك نین، ڕاستە یاخیبوون هۆکارێکی بەهێزی تێکدانی دۆخی باوە، بەلآم نابێتە شۆڕش، هەروەها پێیوایە، کە شۆڕش ئەنجامێکی لۆژیکیی یاخیبوونەو دەبێت لەبەرچاوی بگرین. لەبنەڕەتدا یاخیبوون کردەیەکی زهنی‌و ژیرییە، بەلآم شۆڕش بەپراکتیککردنی دیدگاو چەمکەکانی یاخیبوونە، یاخیبوون لە ڕوانینە فەلسەفییەکانی کامۆدا دەکەوێتە نێوانی شۆڕش‌و فەوزای ناو کۆمەڵگاوە. شۆڕش بەدوای ئەلتەرناتیڤی دۆخی باودا دەگەڕێت‌و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، بەلآم یاخیبوون دەربڕینی ناڕەزایەتییە بۆ ئەو واقیعەی، کە مرۆڤ پەراوێزدەخات‌و سوکایەتی پێدەکات، بۆیە یاخیبوون دەیەوێت کودەتای بەسەردا بکات.[٢٥]

بەکورتی دەتوانین بڵێین، یاخیبوون ڕەتکردنەوەی واقیعە، تەنانەت دەوترێت، هەر خودی ڕەتکردنەوە، جۆرێکە لە یاخیبوون، بەلآم مرۆڤی یاخی، یاخود ئەدیبی یاخی، کۆی دابونەریتی کۆمەڵگا دەگۆڕێت‌و ڕەتیدەکاتەوە، یاخود نوسەری یاخی لە واقیعی سەپاو ڕادەکات‌و نابێتە بەشێك لە ململانێ سیاسی‌و کۆمەلآیەتییە باوەکان، بەڵکو دونیایەکی نوێ‌و جیهانبینییەکی نوێ دروستدەکات.

یاخیبوون لەلای تاکەکانی کۆمەڵگا، لە ئەنجامی کۆمەڵێك فشاری دەروونی، کۆمەلآیەتی، سیاسی، ئابووری‌و ئایینییەوە، دروستدەبێت، دواجاریش دەبێتە هۆکاری دۆزینەوەو ئاشکراکردنی گەلێك لایەنی شاراوە لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.

لە بەرانبەر زاراوەی یاخیبووندا، زاراوەیەکی تری گرنگ هەیە، ئەویش زاراوەی ڕەتکردنەوە (الرفض)ە، کە یەکێکە لە خاسیەتەکانی گوتاری شیعری زیندوو، کە دەقی ئەدەبیی گەورە دەتوانێت لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە نەرێنییەکانی ناو کۆمەڵگا، بیخولقێنێت. زۆرجار ڕەتکردنەوەو یاخیبوون تێکەڵدەکرێن، هەرچەندە ئەم دوو دیاردەیە زۆر لەیەکەوە نزیکن‌و تاڕادەیەك لەسەر یەك هێڵ لەپێناوی گۆڕانکاری‌و خوڵقاندنی دۆخی نوێدا مامەڵە لەگەڵ هۆشیاریی مرۆڤ دەکەن، بەلآم لەڕووی پیادەکردن‌و مەبەست‌و چۆنیەتیی ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکانەوە جیاوازن، تا ئەو ڕادەیەی، دەتوانین بڵێین، هەموو یاخیبوونێك ڕەتکردنەوەیە، بەلآم هەموو ڕەتکردنەوەیەك یاخیبوون نییە.

---

[24] بڕوانە: محمد احمد العزب، ظواهر التمرد فى الشعر العربي المعاصر، (ب.ت)، ٧

[25] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٩

ڕەتکردنەوەش دۆخێکی دەروونیی تایبەتە لای مرۆڤ و دژ بە واقیع دروستدەبێت، کە نایەوێت قبووڵی بکاتو مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو خۆی ڕادەستبکات، هەرچەندە بوونگەراکان لەڕوانگەی یاخیبوونەوە سەیری دیاردەی ڕەتکردنەوە دەکەن لە کۆمەڵگادا، چونکە کاتێك پرسیار لە مرۆڤی یاخی دەکەنو دەڵێن کێیە؟ ئەو مرۆڤەیە، کە شۆڕش دەکاتو یاخی دەبێتو لە پەیامەکەشی پاشگەزنابێتەوەو دەیەوێت دونیا بگۆڕێت.

ڕەتکردنەوە پڕۆسەیەك نییە تەنها کارکردن بێت لەسەر بەخراپ سەیرکردنی هەموو کۆنو ڕابوردوویەك، بەڵکو پڕۆسەیەکە پلانی پێیە بۆئەوەی داهاتوویەکی باشتر لە کۆمەڵگادا بێتەدی. هەروەها ڕەتکردنەوەش لەنێوان دوو ئاڕاستەی باشو خراپ، ئەریو نەرێدا دەوەستێت، ئەو ڕەتکردنەوەیەی ئومێدکوژە، ڕەتکردنەوەیەکی نەرێنییە، ئەوەشی هیوابەخشە، ڕەتکردنەوەیەکی ئەرێنییە. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ (واقیعو گۆڕانکاریو ئومێدو نائومێدیی مرۆڤدا) لە یاخیبوونیشدا بوونیان هەیە، بەڵام وەك وتمان یاخیبوون پلەیەکی باڵایە لە ئیرادەی ڕەتکردنەوەی واقیعو کۆمەڵگا لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە.

ڕەتکردنەوە بڕوای بەژیانێکی باڵا هەیە بۆ مرۆڤەکانو کاردەکات لەسەر ئەوەی، بەها ڕووتکراوەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ کردەیەکی داهێنەرانە بگۆڕێت، ئەم جۆرە ڕەتکردنەوەیە، دەتوانێت مرۆڤی پاڵەوان دروستبکات. بەمەش، هەموو هۆکارە مەعریفیو زانستییەکان لە پڕۆسەی ڕەتکردنەوەدا دەگیرێنەبەر لەپێناو دروستکردنی مرۆڤی پاڵەوان لە کۆمەڵگایەکی شایستە بە مرۆڤ.

## یاخیبوون وەك دیاردەیەکی ئەدەبیو چەمکێکی فەلسەفی

### یاخیبوون وەك دیاردەیەکی ئەدەبی

دیاردەی یاخیبوون لە ئەدەبدا، کرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێنێت، بۆیە بەدرێژایی لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئەم چەمکە کاردەکەین، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی، بە وردیی دیاردەکە ڕوونبکەینەوە، بەوپێیەی یاخیبوون لە ئەدەبدا تەنها وشەیەکی ساردوسڕی ناو ژانرە ئەدەبییەکان نییە، بەڵکو دەتوانێت هەژان لەناو بیرو دەقو کۆمەڵگادا دروستبکات. هەروەها یاخیبوون جێدەستی دیارە بەسەر کۆی کەلتوورو ڕۆشنبیریی نەتەوەوە، هەرچەندە یاخیبوون لە ئەدەبدا ڕەگو ڕیشەی مێژوویی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو لەسەدەی بیستەمدا لە ئەورووپا گەیشتە لوتکە.
"دوای شەپۆلی ئەدەبی نائومێدیو ونبوونی واتا، شەپۆلێکی نوێ لە ئەدەبی نوێی ئەورووپیدا سەریهەڵدا، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمو بەدیاریکراویی لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا، بەهۆی بارودۆخی مێژوویيو کۆمەڵایەتییەوە زۆر زوو گەشەیکردو چووەناو دونیای هونەرو ڕۆشنبیرانەوە، کە دەکرێت ئەمە بە ئەدەبی یاخیبوون ناوببەین."[٢٦]

کارە گەورەکانی نووسەرانی وەك (ئەلبێر کامۆ، بیکیت) لە پێشەنگی ئەو کارانە بوون، کە گۆڕانی گەورەیان دروستکرد. ئەم نووسەرانە زۆر بەتوندی بەگژ بیرکردنەوەی باودا چوونەوەو هەوڵی ڕزگارکردنی مرۆڤیان دا، بەجۆرێك کارەکانی ئەوان لەمێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیدا بوونیان دیارە، ئەوان پێشیان وابوو لەناو کەلتووری دڕندەییدا، مرۆڤ ناتوانێت پێشبکەوێتو گەشەبکات، هەرچەندە یاخیبوون شتێك نییە لەسەردەمی (کامۆ)دا سەریهەڵدابێت، بەڵکو

---

[26] ادوار خراط، من الصمت الى التمرد، دراسات و محاورات في الادب العالمي، (ب.ت)، ٢١٣

دیاردەیەکە لە هەموو قۆناغو سەردەمەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام لەسەردەمی (کامۆ)دا ناوەڕۆكو میکانیزمێکی نوێ لەخۆدەگرێت، چونکە لەدیدی فەیلەسوفە نوێیەکاندا، دونیا دۆزەخێکە، کە ژیان تێیدا زۆر گرانە. ئەم جۆرە یاخیبوونە، ڕووبەرێکی زۆری ئەدەبی نوێی ئەوروپی داگیرکردووە، وەك لە بەرهەمە شانۆییەکانی (جان جینیە)، ڕۆمانەکانی (ئەنتۆنی بیرجیس)و شیعرەکانی (جان کیرواكو ولی رواجونز...هتد)دا دەبینرێت.[٢٧]

زۆرجار ئەدەبی یاخیبوون جۆرێك لە کۆمیدیا لەخۆدەگرێت، دەیەوێت لەناو دونیای توندوتیژیو کێشەکاندا، گیانی یاخیبوونەکە لەڕێی کۆمیدیاوە دەربڕێت، یاخود گاڵتەئامێزانە وێنەی ناتەواوییەکانی ناو کۆمەڵگا بگرێت، بەجۆرێك تا بتوانێت کاریگەریی زۆر لەسەر هەستی گشتیی کۆمەڵگا بەجێبهێڵێت.

یاخیبوون لە ئەدەبدا، یاخود ئەدیبە یاخییەکان، نایانەوێت هەموو شتێکی ناو کۆمەڵگا بێبەها بکەن، بەڵکو دەیانەوێت لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی باو و دیاردە باوەکانەوە، بەهایەکی نوێ بە ژیانو مرۆڤ و کۆمەڵگا بدەن.

یاخیبوون لە ئەدەبدا پرسێکی سادە نییە، بەڵکو پرسێکی فەلسەفیو بیریی پڕ واتایەو لەئەنجامی بوونی ئیرادەیەکی بەهێزو هۆشیارییەکی قووڵەوە لەلای ئەدیبی یاخی، سەرچاوەدەگرێت، ئەم پرسەش، ڕەنگدانەوەو بوونی لای هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا وەکیەك نییە، بەڵکو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، گۆڕانی بەسەردا دێت، هەربۆیەش کاتێك دەربارەی یاخیبوون لە ئەدەبدا قسەدەکرێت، دەبێت زۆر بەوردی، هۆکارەکانی ئەو گۆڕانە لەبیرو دەروونی ئەدیبەکەدا، بخرێنەڕوو، کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم ئەدیبە لە ئەدیبێکی پابەندەوە بۆ ئەدیبێکی یاخیو سەرکێش لەناو دەقە ئەدەبییەکانیدا بگۆڕێت.

یاخیبوون یەکێکە لە سیماکانی دەقی ئەدەبیی نوێو بانگەشەکردنە بۆ ڕەتکردنەوەی دۆخی باوو دونیابینییەکی نوێ، ئەمەش لەزۆر باردا ئەو بۆچوونە دروستدەکات، کە هەر دەقێکی ئەدەبی، دەبێت جۆرێك لە یاخیبوونی تێدا بێت، ئەگینا ناکرێت وەك دەقێکی بەشدار لە گۆڕانکارییەکانی ناو خودی ئەدەبو کۆمەڵگا تەماشابکرێت. هەروەك "شاعیری ڕاستەقینە یاخیبوویەکی بەردەوامەو ڕەتکەرەوەی دۆخی باوو تێپەڕکەری ئەو ژیانە باوەیە، کە بووەتە مۆدێل. شاعیر ڕەتکەرەوەی سیستمە فاشییەکانەو یاخیبوویەکی سەرتاسەریو ئەفرێنەرێکی ڕامنەکراوەو ئەو سنوورەکان ناناسێتو هەموو بەربەستە دینیو کۆمەلایەتیو سیاسییەکان تێدەپەڕێنێو ڕێگەنادات ژیانی بەسەردا بسەپێنن."[٢٨]

ئەگەر بۆچوونەکانی (ئەلبێر کامۆ) بکەینە بنەما بۆ بوونی مرۆڤ و بەهای مرۆڤ، ئەو تەواوی بوونی مرۆڤو ناسنامەی مرۆڤبوون بە یاخیبوونەوە دەبەستێتەوەو پێیوایە، تەنها ئەو مرۆڤانە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە، کە گیانی یاخیبوون تێیاندا ئامادەیی تەواوی هەیە، "یاخیبوون یەکێکە لە ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، یاخیبوون حەقیقەتی مێژووی ئێمەیە، پێویستە بەهاکانی خۆمانی تێدا ببینینەوە"[٢٩]، لەلایەکی دیکەوە "مرۆڤی یاخی، ئەو مرۆڤەیە، کە دەڵێت نەخێر، بەڵام ئەم نەخێرە بەواتای ئەوە نایەت، کە هەموو شتێك بەنەفرەت بکات، بەڵکو کاتێك بیر لە خۆی دەکاتەوە،

---

27 ادوار خراط، من الصمت الى التمرد، دراسات و محاورات في الادب العالمي، (ب.ت)، ٢١٤

28 ئارام سدیق، شیعرو یاخیبوونی ساختە، گۆڤاری شیعر، ژمارە (٣)، (٢٠١٧: ٦١)

29 ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ٣٢)

دەڵێت بەڵێ. ئەو كۆیلەیەی، بەدرێژایی هەموو ژیانی، فەرمانی جێبەجێكردووە، لەپڕێكدا فەرمانی تازەی پێدەدرێتو بڕیاردەدات جێبەجێی نەكات."[30]

كامۆ زیاتر بۆچوونی خۆی لەمبارەیەوە دەردەبڕێتو دەڵێت: "یاخیبوون كاتێك ڕوودەدات، كە مرۆڤی یاخی، هەستبكات لە شوێنێك لە شوێنەكان لەسەر حەقە"[31]، ئەم تێڕوانینە قووڵانە وا لە ئەلبێر كامۆ دەكەن، كە بۆچوونی بەو جۆرە بێت "مرۆڤ بۆئەوەی هەبێت، دەبێت یاخی بێت."[32]

ئەدەبی ڕاستەقینە، هەوڵدانێكی گەورەیە بۆ پچڕاندنی تەواوی ئەو كۆتوبەندانەی، ئایینو سیاسەتو كەلتوور دەیكەنە ملی مرۆڤ، هەروەها هەوڵێكی جدییە بۆ شكاندنی پیرۆزییەكان، چونكە ئەدەبی ڕاستەقینە شكێنەری پیرۆزییەكانە، نەك بونیادنەری پیرۆزیی بێت. لەبارەی (ڕامبۆ)وە، (ئەلبێر كامۆ) دەڵێت: گەورەیی ڕامبۆ نە لەو هاوارانەی شاری شارلیڤیلیدایە[33]، نە لەو چەكانەی، لە حەرار بەقاچاخ دەیفرۆشن، بەڵكو لەو دەربڕینەدایە، كە ئەو بە زمانی یاخیبوونی بەخشی، كە بەشێوەیەكی سەرسامكەر دروستترین زمانە تائێستا بە یاخیبوون بەخشرا بێت، چونكە شیعر تەنها بەرجەستەكردنی زمان نییە، بەڵكو لەگەڵیدا بەرجەستەكردنە بۆ ئازادكردنی واقیعو مرۆڤ. هەركاتێك شاعیرێك باوەڕی وابوو، كە داهێنانی شیعریی، یان شیعر بریتییە لە دروستكردنی دونیا بەشێوەیەكی تر، ئەو كاتە دەقی یاخییانە بەرهەمدێتو شاعیر جیهانێك دەخوڵقێنێت، كە جیهانێكی نوێیەو جیاوازە لەو جیهانەی پێشوو، شیعر ژانرێكی پڕ جوڵەیەو لە جێگەیەكدا جێگیرنابێت، بۆیە هەمیشە دەبێتە هەوێنی یاخیبوونو نوێكردنەوەو تازەگەریی لە زمانو كەلتوورو بووندا.[34]

ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان شیعرو یاخیبووندا هەیە، بەهەمان شێوەش لەنێوان یاخیبوونو ژانرەكانی تریشدا هەیە، وەك ئەوەی هەموو ژانرێكی ئەدەبی، بۆئەوەی دەربڕی بەهای مرۆڤبوونی تێدابێت، پێویستە ڕەگەزی یاخیبوون لەخۆبگرێت، یاخود مەرگەساتو كێشە قووڵەكانی مرۆڤ لەخۆبگرێت. (جۆن كرو كشانك) لە كتێبی (ألبیركامي و أدب التمرد)دا وتەیەكی (ئەندریە مالرۆ) باسدەكات دەربارەی ڕۆمانی نوێو دەڵێت: "لە بۆچوونی مندا ڕۆمانی نوێ تەنها وێناكردنی حاڵو باری ژیانی تاك نییە، بەڵكو هۆكارێكی تایبەتو ناوازەیە بۆ گوزارشتكردن لە مەرگەساتی مرۆڤ."[35]

ئەگەر كاری ئەدیبو نووسەرەكان ڕەتكردنەوەی واقیعو هەڵقوڵاوی دونیابینیی ئەدیب خۆی بێت، لە ئەنجامی ئەو هۆكارانەوە، كە ژینگەی دەرەوەی نووسەرەكە كاری تێدەكەن، ئەوا سەرەتاكەی لە نەگونجانی بیرو لێكدانەوەكانی مرۆڤی یاخی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا دروستدەبێت، "یاخیبوون سەرەتاكەی لە ئەنجامی نەگونجانی جیهانی ناوەوەی مرۆڤ_ بیرو لێكدانەوەكانی_ لەگەڵ جیهانی دەرەوە_كۆمەڵو ژیان_دا پەیدادەبێتو پەرەدەستێنێت، لای هەندێك

---

[30] ئەلبێر كامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ١٨)

[31] سەرچاوەی پێشوو

[32] سەرچاوەی پێشوو، ٣٣

[33] سەرچاوەی پێشوو

[34] بڕوانە: ئارام سدیق، شیعرو یاخیبوونی ساختە، گۆڤاری شیعر، ژمارە (٣)، (٢٠١٧: ٦٥_٦٦)

[35] جون كرو كشانك، ألبیركامو و أدب التمرد، ت: جلال العشري، (١٩٨٦: ٢٠٥)

نووسەر دەبێتە شۆڕشو لەگەڵ کێشەی جەماوەردا تێکەڵاودەبێت، لای هەندێکی تریشیان، دەبێتە شوناسی دژو پێچەوانەی ئاواتەکانی جەماوەر دەبێت."[٣٦]

هەر لەمڕووەوە، کاری نووسەری یاخی "ڕەتکردنەوەی واقیعێکی سەپاوە لەلایەن نووسەرەوە لەڕێی بیروڕاکانیانەوە، کە لە دووتوێی بەرهەمەکانیاندا دایدەڕێژن‌و زۆرجار یاخیبوون کردەیەکی کەسییەو پەیوەستە لەگەڵ ناخی نووسەر خۆیداو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی، شۆڕش ئەنجام دەدات بەمەبەستی گۆڕانکاری لە سەرجەم بوارەکاندا."[٣٧]

ئەگەر ئەدەب گواستنەوەی واقیع بێت لە زمانی سروشتو مێژووەوە بۆ زمانی شیعرو هونەر، ئەوا لێرەدا بۆچوونێکی تر دێتە پێشەوە، ئەویش سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سروشتو واقیعو مێژووە لەڕێی ئەدەبەوە، ئەمەش کردەیەکی تەواو ئاڵۆزو گرانە، چونکە ئەو هێماو ئاماژانەی، کە لە سەرلەنوێ دروستکردنەوەی واقیعێکی نوێدا پێویستە بوونیان هەبێت، بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەن، بەڵکو بارگرانیی زۆر بۆ ئەدیب دروستدەکەن، کاتێك بیەوێت لەڕێی دەقەکانیەوە ئەو دونیا وێرانە دروستبکاتەوە، کە پێشتر لێی یاخیبووەو ڕەتیکردووەتەوە، هەرچەندە ئەدیبی یاخی نایەوێت هەموو ڕابوردوو ڕەتبکاتەوەو بە خراپ دایبنێت، چونکە لەوە تێدەگات، توانای ئەوەی نییە هەموو ڕابوردووی نەتەوەیەك لەناوببات، تەنانەت بیرکردنەوەش لە کارێکی لەو جۆرە، جۆرێك لە ناهۆشاریی تێدایە، نەك کردەی ڕەتکردنەوەی ڕابوردوو لەتوانای تەنها ئەدیبێکی یاخیدا نییە، بەڵکو قوتابخانەو ڕێبازە ئەدەبییەکانیش توانای ڕەتکردنەوەی هەموو ڕابوردوویان نییە، بەدیوێکی تریشدا، ڕابوردووی کەلتووری نەتەوەیەك، مەرج نییە سەرلەبەری وشكو بێ کەڵك بێت، بەپێچەوانەوە گەلێك لایەنی پڕ جوڵەی یاخیبوونی تێدایە، کە بوونەتە بنەمای گۆڕانکاریو یاخیبوونە نوێیەکان.

وێڕای ئەوەی، زۆرجار بابەتی یاخیبوون‌و نوێگەریی لەئەدەبدا وەك یەك پرۆسەی ئەدەبیی هاوبەش سەیردەکرێن، بەوپێیەی هەردووکیان لەسەر ڕابوردووی ئەدەبی نەتەوە کاردەکەن‌و دەیانەوێت گۆڕانکاری تێدا دروستبکەن، بەڵام جیاوازیی هەیە لەنێوان یاخیبوون‌و نوێگەریی لە ئەدەبدا، هەریەکەیان دەیانەوێت لە بوارێك لەبوارەکاندا گۆڕانکاریی دروستبکەن. یاخیبوون دەیەوێت کودەتا بەسەر ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکانی پێش خۆیدا بکات، بەجۆرێك ئەو دەقانە تێپەڕێنێت، وەك ئەوەی قوتابخانەی (دیوان)، قوتابخانەی (مەهجەر)، کۆمەڵەی (ئەپۆلۆ)، قوتابخانەی (هێماگەریی)، قوتابخانەی (شیعری سەربەست) لە ئەدەبی عەرەبیدا کردیان، بەڵام نوێگەریی، کارکردنی لەناو دەقەکانی پێشینەدا لەڕێگەی میتۆدێکی ئەدەبیی تایبەتەوە، کە دەیەوێت زیندوویان بکاتەوە لەفۆڕمێکی نوێدا، وەك ئەوەی بزاوتی (الأحیاء و التجدید) بە پێشەنگی (محمود سامی بارودی) لە ئەدەبی عەرەبیدا کردیان.[٣٨]

کاتێك باس لە یاخیبوون لە ئەدەبدا دەکرێت، ڕاستەوخۆ لەبەرانبەریدا چەمکێکی تر بوونی هەیە، ئەویش چەمکی (پابەندبوون)ە. ئایا ئەم دوو چەمکە لەئەدەبدا دژی یەك دەوەستنەوە؟ یاخود هەریەکەیان ئەرکێکی جیاوازی هەیەو بواری کارکردن‌و پەیامو ئەنجامو کاریگەرییەکانیان لەسەر ئەدەبو دواجاریش لەسەر کۆمەڵگا جیاوازن؟

---

[36] جون کرو کشانك، ألبیرکامو و أدب التمرد، ت: جلال العشري، (١٩٨٦: ١٨)

[37] ئەحمەد میرە، کاریگەریی بزوتنەوە ڕۆشنبیریو ئەدەبییەکان....، (٢٠١٢: ١١٠)

[38] محمد احمد العزب، ظواهر التمرد في الشعر العربي المعاصر، (ب.ت)، ٨

بێگومان ئەم دوو چەمکە لە یەك بازنەی دیاریکراودا، بەڵام بە دوو ئاڕاستەی جیاواز کاردەکەن. یاخیبوون کارکردنە لەناو کرۆکی بەها کۆمەڵایەتییەکانداو هەوڵدانە بۆ کودەتاکردن بەسەریانداو هێنانەئارای دونیایەکی باشتر. لەگەڵ ئەوەی پابەندبوون لەسەر هەمان بواری بەها کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا کاردەکات، بەڵام نایەوێت کودەتای بەسەردا بکات، بەڵکو دەیەوێت ئەدیب ناچاربکات بە ئەو بنەمایانەی، ئەم بەهایانە دەپارێزێنو گەشەیان پێدەدەن، یاخود لایەنی کەم (پابەندبوون) وا لە ئەدیب دەکات بەپێی بنەما بیرییەکانی فەلسەفەیەکی دیاریکراو، یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، یان ئایینێکی دیاریکراو، مامەڵە هەم لەگەڵ دەقو هەم لەگەڵ کۆمەڵگاشدا بکات.

"ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بە ئەدەبێکە، کە هەستمان بەهێز بکات سەبارەت بە بەها کۆمەڵایەتییەکانو ئەو ناخۆشییانەی، تیایدا دەژین، بەڵام پتەوکردنی پێشهاتەکان بۆ ئامانجێکی توند، واتە ئەدەبێکمان پێشکەش بکات لەناخی ژیانەوە وەرگیرابێت."[39]

"پابەندبوون بە بەرەی گەلو جەماوەرەوە، واتە ئەدیب لە عەقڵیەتو زمانو بیرکردنەوەو جوڵانەوەی جەماوەر دوورنەکەوێتەوە، چونکە گەر لە بیرکردنەوەکانی لە جەماوەر دووربکەوێتەوە ئەوا جۆرێك لە ساکاری بە بەرهەمەکانییەوە دیارە... بەمەش ئەوەیان بیردەچێتەوە، کە ئەدەبی پابەندبوو (ملتزم) پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی جەماوەرەکەیەوە هەیە."[40]

شاعیرێکی وەك (ریتسۆسی) دەربارەی پابەندبوون دەڵێت: "من بۆ ئەوە دەنووسم تا ئەزموونەکەم نزیکتر بێت لە خەڵکەوە. پەیوەستم بە بەرەی گەلەوە بۆئەوەی لەگەڵ هەموو هەناسەیەکی شیعریدا پڕ بم لە ژیانێکی نوێ."[41]

سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ئامانجی (یاخیبوون)دا ئامانجەکەی جودایە، بەڵام نابێت وامان لێبکات، کە بڵێین (پابەندبوون) لە ئەدەبدا کارێکی خراپو بێ ئامانجە، بەڵکو لەزۆر باردا لە دەوڵەمەندکردنی هۆشیاریو وەستانەوە دژی زوڵمو چەوساندنەوەدا بەشداریدەکات، لەمبارەیەوە شاعیری گەورەی عێراقی، (محەمەد مەهدی جەواهیری) دەڵێت: "ئەو نووسەرەی خزمەتی دەسەڵات دەکات بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بۆ گوڵدارکردنیو بۆ ئارامگرتنی خەڵکەکەیەتی لەبەرامبەر بەرهەڵستیی خەڵك هەر کاتێك نووسەر ئەو جۆرە سیفەتەی گرتەبەر، ئەوە خائینە، چونکە نووسەری ناپابەندبوو ئەوەی، کە ئەدەبەکەیو ویژدانی خۆی دەفرۆشێت، تەنیا بریتییە لە درۆزنێك. هیچ تاوانێك لەوە گەورەتر نییە لەو تاوانەی نووسەر کاتێك بە قەڵەمو ئەدەبەکەی خزمەتی دەسەڵاتدار بکات وا لە خەڵك بکات ڕازی بنو بێ دەنگ بن بەرامبەر بە زوڵم لێکردنی."[42]

مرۆڤی پابەند باوەڕدارە بە ئەو بابەتو پەیامەی، کە بڕوای پێیەتیو هەوڵی چەسپاندنو جێگیرکردنی دەدات، ئەو ڕێگایانەی خۆی بەباشی دەزانێت، دەیانگرێتەبەر، بۆئەوەی پەیامەکەی بگاتو توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی هەبێت، کە دێنە بەردەمیو هەوڵدەدات بەسەریاندا زاڵبێت.[43]

---

[39] سروشت جەوهەر حەوێز، پابەندبوون لە شیعری کوردیدا، (٢٠١٥: ١٩)

[40] سەرچاوەی پێشوو

[41] سەرچاوەی پێشوو، ٢١

[42] سەرچاوەی پێشوو، ١٦

[43] نوري حمودي القيسي، الأديب والألتزام، (١٩٧٩: ١٠)

لێرەوە دەردەکەوێت، ئامانجی ئەدیبی پابەند، هەوڵدانە بۆئەوەی ئەرکەکەی بچێتە خزمەتی بەرژەوەندیی خەڵکو بەشێك بێت لە تەوژمی وەستانەوە دژی زوڵم، بەڵام وەك ئەدیبی یاخی، ئامانجەکەی چڕنابێتەوە لەوەدا، کە هەڵسێت بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنو گۆڕانکاریی ڕیشەییو لەناوبردنی هەموو ئەو کۆتانەی، مرۆڤ کۆتدەکەنو لە ئازادیی ڕاستەقینەی خۆی، دووریدەخەنەوە.

چەمکی یاخیبوون لە ئەدەبدا، زۆرجار لەگەڵ چەمکێکی تردا پێکەوە ناویان دێت، یاخود وەك دوو چەمکی لەیەك نزیك لێیاندەڕوانرێت، ئەویش چەمکی (نامۆبوون)ە، ئەم نزیکییە تا ئەو ڕادەیەیە، کە دەوترێت نامۆبوونی ئەدیب، بنەڕەتی سەرەکیی لەدایکبوونی یاخیبوونە لای ئەدیب، واتە ئەدیبەکە سەرەتا هەستی نامۆبوونی لا دروستدەبێت، دواتر ئەم نامۆبوونە بۆ (یاخیبوون) دەگۆڕێت.

زۆرێك لە فەیلەسوفە گەورەکانی دونیا وەك "دۆرکهایم، هیگڵو کارل مارکسو فیورباخو ئەریك فرۆمو ماکس ڤیبەرو ئەلبێر کامۆ"[44] لە ڕەهەندی جیاوازو بەپێی بنەما فەلسەفییەکانی خۆیان، دەربارەی ئەم چەمکەو ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتارو دەوروبەری مرۆڤدا دواون.

هیگڵ (١٧٧٠_١٨٣١) زۆربەی ناوەڕۆکی فەلسەفەکەی بۆ چارەسەرکردنو تێگەیشتن لە چەمکی نامۆبوون تەرخانکردووە، هەروەك لە کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح)دا، کە لە ساڵی (١٨٠٧) نووسیوێتیو تایبەتە بە شیکاری فەلسەفی بۆ ڕۆحی (نامۆبوون)، پێشبینیی گۆڕانکاری دەکات لە چەمکی نامۆبووندا، تا لەڕێگەیەوە بگاتە چارەسەرێکی عەقلانیو دەرئەنجامێکی پێویست، هیگڵ بە سێ شێوەی جیاواز چەمکی (نامۆبوون)ی بەکارهێناوە: (وازلێهێنان_ جیابوونەوە_ ملکەچی). بەڕای ئەو، نامۆبوون کاتێك سەرهەڵدەدات، کە مرۆڤ نەتوانێت خۆی لەو جیهانە کۆمەڵایەتییەدا ببینێتەوە، کە تێیدا دەژی، بۆیە دەبێتە مرۆڤێکی نامۆ، هەروەها نامۆبوون بە ساتێك، یان شێوەیەك لە بزاڤی ڕۆح دادەنێت، بەڵام بە بۆچوونی فیورباخ (١٨٠٤_١٨٧٢)، هۆکاری یەکەمو کاریگەر لە پرۆسەی نامۆبووندا، ئایینە، چونکە لەپاڵ ئەوەدا، کە ئایین ڕۆڵی موژدەو هیوابەخشی دەبینێت، بەهەمان شێوەش ڕۆڵی ترسو تۆقاندن دەبینێت، هەر لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئایین جەوهەری مرۆڤایەتی زەوت دەکات."[45]

لەلایەکی دیکەوە، (کارڵ مارکس) بابەتی نامۆبوون بەو هەلومەرجو بارودۆخەوە دەبەستێتەوە، کە کرێکار تێیدا دەژیو ناچاری دەکات لە کارەکەیو خودی خۆیو تەنانەت لە هاوکارەکانیشی نامۆ بێت، پێیوایە کاتێك موڵکایەتیی تایبەتو شێوەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، نامێنن، هۆکارە تایبەتییەکانی پرۆسەی نامۆبوون لەناودەچن.

(دۆرکهایم) گرنگیی زۆر دەدات بە دابڕانی مرۆڤی هاوچەرخ لە کۆمەڵگای تەقلیدیداو ئاماژەی زۆری بۆ دەکات، پێیوایە سەرچاوەی نامۆبوون بریتییە لە دابڕانی مرۆڤ لە پەیوەندییە باوەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، هەرچی بۆچوونی (ماکس ڤیبەر)یشە لەمبارەیەوە، لەڕێی چەند ئاماژەیەکی شاراوەوە باس لە نامۆبوون دەکات، بەڵام ئەو ئاماژە شاراوانە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی نامۆبوون زۆر گرنگن. لای ئەو، نامۆبوون لە لادان لە عەقلانیەتو کارکردنیەوە سەرچاوەدەگرێت.

---

44 نوري حمودي القيسي، الأديب والألتزام، (١٩٧٩: ١٠)

45 بڕوانە: ئارام محمد قادر، نامۆیی لە شیعری کوردیدا کرمانجی خواروو (١٩٧٥_٢٠٠٠)، (٢٠٠٧: ٨_١٧)

بۆچوونەکانی زانای دەروونزانیی جیهانی، ئەریك فرۆم (١٩٠٠_١٩٧٩) لەمبارەیەوە ئێجگار گرنگن، ئەو بەشێوەیەکی زانستی لە گۆشەنیگای کەسێتییەوە بۆ نامۆبوون دەڕوانێت، پێیوایە نامۆیی چەشنێکە لەو ئەزموونەی، کە تێیدا تاك بەرانبەر خودی خۆی، خۆی نامۆ دێتە پێش چاو. هەروەها دەڵێت: پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، مرۆڤی بەرەو ئەوە بردووە، کە هۆشیاریی خۆی (خودناسین)و زانیاریی دەربارەی خودی خۆیو شتەکان زیاتر بێت، بۆیە مرۆڤ تەنها بەوە داناکەوێت، کە پێداویستییە بایۆلۆژییەکانی خۆی وەك (خواردن، خەوتن، سێکس، ...هتد) دابینبکات، بەڵکو بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێت، ئەم پێداویستییە نوێیانەش، بۆ هەر کەسێك لەم ئاستەی هۆشیاریو گەشەکردندا بێت، بنچینەیینو هێندەی پێداویستییە بایۆلۆژییەکان گرنگن.

لەبارەی نامۆبوونەوە، بۆچوونە زانستییەکانی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦_١٩٣٩) گرنگو بەهادارن، ئەو پێیوایە، نامۆبوون ئاکامی جیابوونەوەی ئاگایی (الشعور)ە لە نەست (لاشعور)، ئەوکات کەسەکە لەژێر کاریگەریی ئارەزووە خەفەکراوەکانیدا ڕەفتاردەکات.

ژان پۆل سارتەر (١٩٠٥_١٩٨٠) دەربارەی نامۆبوون ڕای وایە، کە لەئەنجامی لەدەستدانی ئازادیی مرۆڤەوە لەلایەن کەسانی ترەوە لەدایکدەبێت، کاتێك ئەم لەدەستدانی ئازادییە ڕوودەدات، ئیتر مرۆڤەکە ناتوانێت وەك کەسێکی چالاك درێژە بە ڕۆڵی خۆی بدات لە ژیانیدا، بۆیە لە کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆیو لە ژیانی شایستەی خۆی دادەبڕێت.[٤٦]

فەیلەسوفە ڕۆژهەڵاتییەکانیش بە بایەخەوە لەم چەمکە دواون، کە بنەماکەی لە فەلسەفەو تێڕوانینەکانی (ئەفلاتون)ەوە وەرگیراوە، لەوانە فەیلەسوفی عەرەبی، فارابی (٩٥٠ز). (فارابی) خودی خۆشی لە دۆخی نامۆبووندا بووە لەنێوان تێڕوانینە ژیرییەکانیو وێنەی ژیانی پڕ کێشەو گرفتدا، کە لە (بەغداد) ژیاوە. لەمبارەیەوە (فارابی) کۆی بۆچوونەکانی لە کتێبی (أراء في المدينة الفاضلة)دا خستوونەتەڕوو، کە هەوڵیداوە لەڕێی بۆچوونەکانیەوە کۆمەڵگاکەی خۆی بگۆڕێت، بەهەمان شێوەی ئەو هەوڵانەی، (ئەفلاتون) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆماری ئەفلاتون)دا، ئەنجامیداون.[٤٧]

ئەگەر بەراوردی هەردوو چەمکی (یاخیبوونو نامۆبوون) بکەین، بەڕوونی هەست بەو پەیوەندییە قووڵە دەکەین، کە لەنێوانیاندا هەیە، بەتایبەت لە هۆکارەکانی دروستبوونی هەردوو دیاردەکە لەناخی ئەدیبو کەسێتیی تاکدا، هەروەها لەڕووی ئامانجی هەردوو مرۆڤی یاخیو مرۆڤی نامۆوە، کە ئامانجیان لەوەدا چڕدەبێتەوە، دەیانەوێت دونیا بەجۆرێك بگۆڕن، کە بەهیچ شێوەیەك لە دونیای پێش خۆی نەچێت، بەڵکو دونیایەکی تەواو جیاواز بێت. هەردوو دیاردەکە لە ئەنجامی فشاری دەرەکیو دەروونیی لەسەر کەسێتیی تاك دروستدەبن، کە دواجار ڕەنگدانەوەیان لەسەر پەیامو جیهانبینیی کەسەکەو تەنانەت ئەو دەقە ئەدەبییانەش دەبێت، کە ئەدیبی یاخیبوو دەیاننوسێت.

پەیوەست بەم بابەتەوەو بۆئەوەی زیاتر چەمکی یاخیبوون لە ئەدەبدا ڕوونبکەینەوە، بەپێویستی دەزانین، کورتەیەك دەربارەی یەکێك لە نموونە دیارەکانی یاخیبوون لە ئەدەبدا باسبکەین.

یەکێك لەو شاعیرانەی، لە ئەدەبی جیهانیدا هێمای گەورەی یاخیبوونە، (ئارتو ڕامبۆ)ی فەرەنسییە، (ژان نیکۆلا ئارتو ڕامبۆ) لە (٢٠ ی تشرینی یەکەمی ١٨٥٤) لە (شارلڤیل) لە (فەرەنسا) لەدایکبووە، ژیانی ئەم شاعیرە زۆر ئاڵۆزە،

---

[46] بڕوانە: ئارام محمد قادر، نامۆیی لە شیعری کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٧٥_٢٠٠٠)، (٢٠٠٧: ٨_١٧)

[47] هجران عبدالاله الصالحي، الأنسان و الأغتراب في فلسفة نيتشه، (٢٠١٥: ٣٩)

ئەوەش بۆ ئەو لایەنە سەیرەی ژیانی دەگەڕێتەوە، کە تەمی لەسەر نیشتووە، لەنێوان ژیانی وەك مرۆڤێکی گەڕۆك‌و شاعیرێکی گەڕۆکدا.

(ڕامبۆ) لە تەمەنێکی زۆر هەرزەکاردا، دونیایەکی تایبەتی بۆ خۆی دروستکردبوو، چ بە نووسینی هەڵبەست بووبێت، کە شۆڕشێکی لە زمان‌و بنەمای شیعریدا داهێناوە، چ بە سەرهەڵگرتن بووبێت بۆ وڵاتانی دوور، چ بە هەڵبژاردنی ژیانی قورس‌و پڕ مەترسی‌و هەڕەشە. کاتێك دەست بە بازرگانیی چەك دەکات، دۆخی ژیانی زۆر گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە (شاعیرو چەك) دوو وێنەی هاودژی یەکن، هەرچەندە ئەو یەکجار بازرگانیی چەکی کردووە، بەڵام لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە[48]. (ئەو هەرچەندە یاخی بووە، بەڵام ژیانی زۆر خۆشویستووەو هەمیشە خەونی گەورەی هەبووە، تەنانەت لە شیعرەکانیدا باس لە خەونی منداڵێك دەکات، کە دەیەوێت ببێتە ئەندازیارێکی ناودارو پیاوێکی بەهێزو خاوەن زانست‌و زانیاریی).[49]

ڕامبۆ "لەو شاعیرە ناوازانەیە، کە وێنەی هەستی ڕاستەقینەی کارلێکەریانەی نێوان دەروونی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی لەڕێگەی شیعرەکانییەوە کێشاوە، کە دەرئەنجامی نامۆبوونی بووە بە ژیان‌و دەوروبەرەکەی، ئەمەش وایکردووە شۆڕشێکی گەورەی شیعریی بەرپابکات."[50]

"ئەو خاوەنی بیرێك بووە، کە سروشتێکی دینیی هەبووە، بۆ نموونە لە دیوانەکەیدا بەشێك هەیە بەناوی شەوێك لە دۆزەخ."[51]

"ڕامبۆو ئەزموونە شیعرییەکەی، هێمای سەردەمەکەی خۆی بووەو لەوانە بووە، کە کودەتای بەسەر کۆی سیستەمی تەقلیدی‌و شێوازی ئەدەبیی باودا کردووە، کە ئایین‌و ئەخلاق‌و بنەما هونەرییەکانی ئەو کاتە بەسەر دونیای ئەدەبدا سەپاندبوویان، ئەو دژی شارستانێتیی ئەورووپا وەستاوەتەوەو باسی لەوە کردووە، ڕۆژێك دێت ئەم شارستانیەتە هەرەسدێنێت، ئارەزوومەندی گەڕانەوەی تاکەکان بووە بۆ ناو ژیانی ئاسایی خۆیان."[52]

بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی (ڕامبۆ) لەپاش مردنی، ڕووناکییان بەخۆوە بینی، خودی شاعیر تەنها خەریکی چاپکردنی (وەرزێك لە دۆزەخ) بووە. سەرجەم بەرهەمەکانی بۆ چوار بەشی گرنگ دابەشکراون، هەڵبەستەکان (poesie)، دواکۆپلەکان (Derniers vers)، وەرزێك لە دۆزەخ (une suison en enfer)و ڕووناکییەکان (Tlluminations). لەبارەی (ڕامبۆ)وە، (پۆل ڤێرلین) وتویەتی: "شاعیرێکی نەفرەت لێکراوو فریشتەیەك لەتاراوگە"، لەو دۆستایەتییە پڕ تەم‌و ئاڵۆزییەی نێوان خۆی‌و ڕامبۆ، لەساڵی ١٨٨٣ (ڤێرلین) خوێندنەوەیەك بۆ (ڕامبۆ) تەرخاندەکات بەناونیشانی (شاعیرە نەفرەت لێکراوەکان).[53]

---

[48] بەیان سەلمان، ئارتوو ڕامبۆ، ژیانێکی کورت، سەرچاوەی ئیلهامێکی هەمیشەیی، گۆڤاری شیعر، ژمارە (٣)، (٢٠١٧: ١٠١_١٠٢)

[49] خليل الخوري، رامبو و حياته و شعره، (١٩٨٥: ٥)

[50] سەرچاوەی پێشوو، ٥

[51] سەرچاوەی پێشوو، ٤٩

[52] صدقي اسماعيل، رامبو قصة شاعر متشرد، (٢٠٠٦: ٥)

[53] بەیان سەلمان، ئارتوو ڕامبۆ، ژیانێکی کورت، سەرچاوەی ئیلهامێکی هەمیشەیی، گۆڤاری شیعر، ژمارە (٣)، (٢٠١٧: ١٠)

یاخیبوون چەمکێکی بەربڵاوە لە ئەدەبی جیهانیدا، گفتوگۆیەکی قووڵی ئەدیبە گەورەکانی جیهانە دەربارەی بوونو ژیانو ژینگە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەی، کە تێیدا دەژی، ئەم چەمکە لەمێژووی ئەدەبی جیهانیدا ڕەگو ڕیشەیەکی قووڵی هەیەو گەلێك ئەدیبی گەورەی جیهانی لەڕێگەی دەقەکانیانەوە، لەسەر گەیاندنی پەیامی یاخیبوون لەئەدەبدا کاریانکردووە، بۆئەوەی لەڕێگەیەوە داهێنانی گەورە ئەنجامبدەنو وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکانی بوون بدەنەوە، بەوەش بگەنە ئەو ژیانە ڕاستەقینەیەی، کە شایستەی مرۆڤە بۆئەوەی تێیدا بژی.

ئەم چەمکە تەنها موڵکی شاعیرانی خۆرئاوا نییە، بەڵکو شاعیرانی ڕۆژهەڵاتیش دەربارەی ئەم چەمکە کاری گەورەیان کردووە، بۆ نموونە لەئەدەبی عەرەبیو فارسیو کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا، دەتوانین چەندین شاعیرو دەقی ناوازە دیاریبکەین، کە خاوەنەکانیان زۆر بەوردیو ڕوونی، ئەم پەیامەیان گەیاندووە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەهەندەکانی یاخیبوون لەئەدەبی کوردیو عەرەبیدا لە دەقی شاعیران (شێرکۆ بێکەسو محەمەد ماغوت)دا باسدەکەینو ڕاڤەو لێکدانەوەیان بۆ ئەنجامدەدەین.

## یاخیبوون وەك چەمکێکی فەلسەفی

یاخیبوون پەیوەندییەکی قووڵو جەوهەریی بە ژیانو بوونی مرۆڤەوە هەیە، ڕەتکردنەوەی بوونی سەپاوەو ڕەخنەلێگرتنو وەستانەوەیە دژی ئەو بوونەی، مرۆڤ ناچارکراوە تێیدا بژیو ڕێز لە بەهاو پێکهێنەرەکانی بگرێت، بەڵام یاخیبوون کۆی بوونو ژیان دەخاتە ژێر پرسیاری وردی فەلسەفییەوە، مرۆڤ ناچاردەکات بەدوای وەڵامەکانیدا بگەڕێتو ئەوە ڕوونبکاتەوە، کە ئایا ناتەواویی لەخودی مرۆڤ خۆیدایە؟ یان بوون بۆ خۆی ناتەواوییەکەی گەورەیەو مرۆ ناچارکراوە لەڕێگەی قبوڵکردنو خۆڕادەستکردنی کوێرانەوە لەگەڵیدا هەڵبکات، بەوەش پابەندی تەواوی دابونەریتو یاساو ڕێسا سەپێنراوەکانی بێت؟

مرۆڤی یاخی، ئەنجامی کردە یاخییەکەی لەئەنجامی درکپێکرنەوە سەرچاوەدەگرێت، واتە لەڕێگەی هۆشیاریو ئەزموونکردنی ژیانی خۆیەوە دێت ئەو واقیعە سەپاوە ڕەتدەکاتەوە. بنەڕەتی ئەم ڕەتکردنەوە یاخییانە، فەلسەفەیەکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵێك فەیلەسوفی گەورە لە پشتیەوە وەستاونو ڕەهەندەکانی کارکردنو بەهاکانیان دیاریکردوون، واتە کردەیەکی لەخۆڕا نییە، بەڵکو بەرئەنجامی تێگەیشتنی تەواوی فەیلەسوفەکانی ئەم بوارەیە لەپێناو گۆڕینی دونیاو بوون بۆ دونیاو بوونێکی نوێ، کە ئازادیو مرۆڤبوونی تێدا بێت، نەك کۆیلەبوونو داخستنی ژیریی مرۆڤەکان پێوانەی ڕاگرتنو سەقامگیرییەکی مەترسیداری کۆمەڵگاکە بن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، "فەلسەفەی یاخیبوون بەشێوەیەکی بەردەوام لەنێوان دوو دووانەی دژ بەیەکدا دەوەستێت، بۆ نموونە لەنێوان دووانەی بەردەوامی دۆخی باوو گۆڕانکاری لە دۆخی باودا، چەقبەستوییو شۆڕشکردندا، قبوڵکردنی ڕەهاو ڕەتکردنەوەی ڕەهادا، بەڵام هەرگیز یاخیبوون دەرگاکە بەتەواوەتی داناخات، ئەم وەستانەی یاخیبوون لەنێوان دووانە دژ بەیەکەکان لە ژیاندا، واتای وەستانێکی وشکی بێ جووڵە نییە، بەڵکو جووڵەیەکی بەردەوامی تێدایە"[54].

یاخیبوون ئەوە دەخاتەڕوو، کە ژیان هیچ جۆرە سەقامگیرییەکی تێدا نییە، بۆیە دەبێت دەقە مەزنەکانی ئەدەبو فەلسەفە کار لەسەر ئەوە بکەن، ژیان بەرەو سەقامگیریی بەرنو وێنەی ئەوەی ژیان بۆخۆی سزایە، وەك (ژان پۆل

---

54 محمد أحمد العزب، ظواهر التمرد في الشعر العربي المعاصر، (ب.ت)، ١٠_١١

سارتەر) وێنایدەکات، بە شتێکی نوێتر بگۆڕن، کە (ئازادی) ببێتە بنەمای سەرلەنوێ داڕشتنەوەو لەوێشەوە بەهۆی (ئازادی)یەوە چارەنووسی خودی مرۆڤ دیاریبکرێت.

گرنگە بگوترێت، ئەگەر یاخیبوون لە ژیان دەربکەین، ئەوا بێهودەیی جێگەی دەگرێتەوە، ئەمەش کارەساتێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە ئەگەر ژیان لای مرۆڤ هیچ واتایەکی نەبێتو ئازادیی گۆڕانکاری لێزەوتبکرێت، ئەوا مرۆڤ بەرەو بێهودەیی دەڕوات، ئەنجامی هەموو بێهودەییەکیش، دیارە خۆکوشتنە. بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی فەلسەفەی یاخیبوون دەرخەری دونیابینییەکی نوێیە بۆ بێهودەیی مرۆڤ، وادەکات مرۆڤەکان لەجیاتی ئەوەی بیر لەخۆکوشتن بکەنەوە وەك دوا هۆکاری خۆڕزگارکردن، پەناببەنە بەر شۆڕشکردن وەك میکانیزمی تێکدانی واقیعی داسەپاو لە کۆمەڵگادا.

فەیلەسوفێکی وەك (ئەلبێر کامۆ)، کە تێکڕای بۆچوونەکانی دەربارەی یاخیبوونە دژی خۆکوشتنی مرۆڤ، وەك چارەسەری ڕزگاربوون لە کۆیلەبوونو سزای بەردەوامی ژیانو نایەکسانیی ناو کۆمەڵگاکان، فەلسەفەکەی لەسەر بنەمای سێکوچکەی (یاخیبوون_ بێهودەیی_ شۆڕش) داڕشتووەو جیاوازییەکانی خستوونەتەڕوو، ئەمە سەرەڕای ئەو خالآنەی سێکوچکەی فەلسەفەکەی پێکەوە گرێدەدەن. ئەو لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف)دا چارەسەری بابەتی بێهودەیی کردووە، هەرچەندە ژیان بە شایانی ئەوە نازانێت، کە مرۆڤ تێیدا بژی، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا خۆکوشتن ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو فەلسەفەی یاخیبوونەکەی، مرۆڤ فێردەکات ژیان پاڵەوانێکی تایبەتی دەوێت، کە ددانندنێت بە پەشیمانیو هیوادا، ئەوەی ئەو دەیناسێت، تەنها یاخیبوونە وەك هۆکاری ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆیلایەتیو سزاکانی ژیان.

یاخیبوون قۆناغێکی بالآتری ناڕازیبوونی مرۆڤە لە ژیان لەچاو قۆناغی بێهودەییو پووچیدا، "مرۆڤی یاخی کاتێك لەقۆناغی هەستکردن بە پووچییەوە دەگاتە قۆناغی هەستکردن بە یاخیبوون، ڕاستە سەرەتا ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی تاکەکەسییە، بەلآم دواتر ئەم هەستی یاخیبوونە لە هەستێکی تاکەکەسییەوە دەگۆڕێت بۆ هۆشیاریی بە یاخیبوونو بەشداریکردن لە ژانو ئازارو ئەشکەنجەو چارەنووسی هاوبەشی کۆمەڵو ئادەمیزادو مرۆڤایەتیدا."[55]

## دیاردەی یاخیبوون لە مێژوودا

### کورتەیەك دەربارەی یاخیبوون لە مێژوودا

یاخیبوون دەروازەیەکە بۆ ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانی مێژوو. کاری مرۆڤ لەمێژوودا چڕبووەتەوە لەپێناوی ئازادیو داهێنانو گۆڕانو بەرگریکردن، تێکەلآوبووە لەگەڵ زانستو بەرهەمهێنانو جەنگو خۆشەویستیو ئاشتیدا. ئەم دیاردەیە لەناو ئایینەکانو ئەدەبو فەلسەفەدا بوونێکی مێژوویی قووڵی هەیە وەك سەرچاوە مێژووییەکان باسیدەکەن، یاخیبوون لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە هاوڕێیەتی، بەجۆرێك کرۆکی ئەفسانەکانو کەلتووری گەلان، پڕن لە وێنەی یاخیبوونی پاڵەوانەکان، هەروەها داهێنانەکانی مرۆڤ و دۆزینەوە زانستییەکانو دەستکەوتە گەورەکانی مێژوو بە زنجیرەیەك یاخیبووندا تێپەڕبوون.

---

[55] ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ١٩)

ئازادی، ئەو وشە سامناكەیە لەسەر گالیسكەی زریان نووسراوە، پرەنسیپی بزوێنەری هەموو شۆڕشەكانە. بەلای یاخیبووانەوە عەدالەت بەبێ ئازادی، وێناناكرێت، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێك دێت تێیدا عەدالەت داوای هەڵپەساردنی ئازادی دەكات. پاشان تیرۆر دێت تا شۆڕش بەئاكامی خۆی بگەیەنێت، جا ئەندازەی تیرۆرەكە زۆر بێت، یان كەم. هەموو یاخیبوونێك حەسرەتێكە بۆ بێ گوناهیو ئارەزوویەكە بۆ گەوهەری بوون، بەڵام ڕۆژێك دێت ئەم حەسرەتە چەك هەڵدەگرێتو گوناهی تەواوەتی دەگرێتە ئەستۆی خۆی، واتە كوشتنو توندوتیژیی بەمجۆرە، یاخیبوونی كۆیلەكانو شۆڕشە شاكوژەكانو شۆڕشەكانی سەدەی بیستەم، ئاگامەندانە باری گوناهێكیان گرتەئەستۆ، كە چەند ڕادەی ئەو ئازادییەی، كە خوازیاری بوون زۆرتر بووایە، قورسایی ئەو بارەش زۆرتر دەبوو، ئەم ناودژێتییە نەیهێشت نیشانەكانی خۆشحاڵیو ئومێد بەپیاوە شۆڕشگێڕەكانەوە دیاربێت.[56]

## مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی یاخی

مرۆڤ تاكە بوونەوەرە هەرگیز ڕازینابێت بەوەی، كە هەیەو هەمیشە هەوڵی باشترو زیاتر دەدات، بۆیە بەرانبەر بەوەی بوونی هەیە، یاخیدەبێت، لەپێناو ئەوەی دەبێت شتێكی نوێتری هەبێت. بەم شێوەیە یاخیبوون مێژووی مرۆڤایەتی، دروستكردووە.

یاخیبوونی مرۆڤ بەرانبەر بە مردنو لەناوچوونو هەوڵدان بۆ نەمریی بووە. مرۆڤ لەپێناوی مانەوەیدا زۆر كاری ئەنجامداوە، بۆئەوەی ئەمەش بێتەدی، ئازایەتیو داهێنانی ئەنجامداوە، بۆ چارەسەركردنی نەخۆشییەكانی، دەرمانو پزیشكو لە جەنگەكانیشدا چەكی بەكارهێناوە. مرۆڤ لە تاریكیی ترساوەو ئەمەشی لەگەڵ (مردن)دا پەیوەستكردووەتەوە، پێیوابووە ونبوونی خۆر، واتا تاریكیو دڕندەیی. پەرستنی ئاگرو خۆر لەمێژوودا لەلایەن مرۆڤەكانەوە بۆ ئەوە بووە، ڕووناكیو خێر بەدەستبهێنێتو خۆیان لە شەڕو گوناهەكان بپارێزن. ململانێی نێوان هێزی خێرو شەڕ، ململانێیەكی ئەزەلییەو كۆتایی نایەت، ئایینەكان زۆر جەخت لەسەر ئەم جۆرە ململانێیە دەكەنەوە، تەنانەت بە بنەمای ژیانو مردنو زیندووبوونەوەشی دەزانن، لێرەدا مرۆڤ مەحكومە بە پاداشتو سزا، كە لە ئەنجامی كردەوە باشو خراپەكانییەوە بۆی دیاریكراوە، بۆ نموونە لە ئایینی زەردەشتیدا خودای خێر (ئاهورامزدا)و خودای شەڕ (ئەهریمەن) بوونی هەیە. لەسەدەی (٦)ی پ.ز دا كۆمەڵێك زاناو فەیلەسوف گەورە لە جیهاندا پەیدابوون، (بوزا) لە هیندستان، (طالیس) لە یۆنان، (كۆنفیشیۆس) لە چین، (زەردەشت) لە ئێرانو كوردستان. ئەوەی گرنگە لێرەدا لەسەری بوەستین، ئایینی زەردەشتییە. (ئایینی زەردەشتییەت لە سەدەی ٦ پ.ز لە ئێران سەریهەڵداوە، ئایینێك بووە زیاتر بۆ توێژی شوانكاران بووەو بڕوای بە دوو هێز هەبووە (ئاهوزامەزداو ئەهریمەن)، واتە ئایینێكی دوانەییەو بڕوای بە سزادانی تاوانباران هەبووە دوای زیندووبوونەوە، هەرچەندە ئەم بیرە لە هەموو ئایینەكاندا هەیە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەكان، زەردەشت لەتەمەنی (٧٧)ساڵیدا لە پەرستگای ئاگردا كوژراوە).[57]

ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، بەمجۆرە باسی ئایینی زەردەشتی دەكات: (ئایینێكی فارسیی كۆنەو زەردەشت دایمەزراندووە، باوەڕی بە جووت خودایی هەیە. هەرچەندە هەندێك لە لێكۆڵەران باوەڕیان وایە، كە زەردەشت تەنها

---

[56] ئەلبێر كامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ١٦٥)

[57] میرسیا ئەلیاد، تأریخ المعتقدات و الأنكار الدینیة، ت: عبدالعادي عباس، (٢٠٠٦: ٣٨٣_٣٩٠)

باوەڕی بەخوداوەندی خێر هەبووەو ئەهریمەن ئەو کەسەیە، کە دژایەتیی خێر دەکات لەسەر زەوی‌و خۆی خودا نییە. کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەت (ئاڤێستا)یە، کە بەواتای (دەق‌و بنەما) دێت، بەشی زۆری فەوتاوەو تەنها (٥) بەشی ماوە، ئەوانیش (یەسنا، ویسبەرت، فەندیدات، یەشتا، خوردە ئاڤێستایە). ئاهورامەزدا حەوت سیفەتی هەبووە، (ڕۆشنایی، ژیریی باش، حەق، دەسەلآت، هێز، چاکە، نەمریی)، ئەم ئایینە بووە ئایینی فەرمیی دەوڵەت تا هاتنی مەزدەك، کە پێشەوایەکی ئایینیی کۆنی فارسەکان بووەو ساڵی ٥٢٨ ز مردووە).[58]

بنەڕەتی هاتنی ئایینی زەردەشتییەت لەپێناوی چاکسازیدا بووە لە دیاردەی بتپەرستی‌و ئایینی باوی ئەوکاتەی گەلانی ئێران، واتا "جۆرێکە لە چاکسازی لە ئایینی بتپەرستیی ئێرانی کۆنداو مەبەستی گەشەپێدان بووە لەبواری کشتوکاڵدا، گرنگیی زۆری بە ئاژەلآن داوە تا ئەو ڕادەیەی، (گا)ی بە پیرۆز سەیرکردووەو (میزی گا)ی وەك سەرچاوەی پاککردنەوەی گلآویی شتەکان دیاریکردووە."[59]

لای نەتەوەی کەنعان، جمل (حوشتر) بەخودای خێر وێناکراوەو (مردن)یش بە خودای شەڕ، لە ئایینی ئیسلامدا جەوهەری دونیابینییەکەی لەسەر چاکەو خراپە لەچوارچێوەی سزاو پاداشتی خودای تاقانەدا دیاریکراوە.

زەوی لای مرۆڤ سەرچاوەی بەخشینە، بەلآم دەبێت بەرهەمهێنان ئەنجامبدات تاوەکو بتوانێت بەرهەمەکەی بخوات، بۆ ئەمەش ئایینەکان پشت بە خوداو ئاسمانەکان دەبەستن تاوەکو خێری خۆیانی بەسەردا بڕژێنن، وەك (ئینانا) لای سۆمەرییەکان، (عەشتار) لای سامییەکان، (ڤینۆس) لای یۆنانییەکان‌و (خودای تاقانە)ش، لە ئایینە ئاسمانییەکاندا. هەموو ئەمانە لەپێناوی دەرخستنی تواناو ئیرادەی مرۆڤە لەپێناو مانەوەدا، هەرچەندە ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە، کە ڕەهەندی ئەفسانەیی‌و ئایینی تێیدا زاڵە، زیاتر مرۆڤ بەرەو تەسلیمبوون دەبات وەك ئەوەی یاخیببێت، بەلآم خودی ململانێ لەنێوان چۆنیەتی‌و چەندێتیی پەرستنی خوداکاندا، جۆرێك لە یاخیبوون دروستدەکات، بۆ نموونە شەڕی موسوڵمانەکان لەگەڵ ئەهلی بتپەرستەکان، دەچێتە خانەی یاخیبوون لە ئایینی باو، هەروەها وەستانەوە دژی پەرستنی تاك خودایی، بەهەمان شێوە یاخیبوونە لە دۆخی ئایینیی باو. نموونەی چۆنیەتیی تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ ئاسمان‌و خوداکان‌و پەرستشەکان‌و ململانێ لەگەڵیاندا، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرن، کە بە پێویستی نازانین، هەموو ئەو نموونانە لێرەدا باسبکەین.

### بوون و یاخیبوون

شارستانییەتەکان‌و ئەفسانەکانی مێژوو، بوون‌و خەڵقبوون‌و یاخیبوون بەیەکەوە دەبەستنەوە، وەك ئەوەی یاخیبوون خاسیەتێکی سەرەکیی (بوون) خۆی بێت، بۆ نموونە باس لە (کاوس) دەکرێت، کە بەپێی ئەفسانە یۆنانی‌و ئەغریقییەکان، خواوەندێك بووە حوکمڕانیی جیهانی کردووە، کە لەماددەیەکی بێ شێوە ڕەنگرێژکراوە، بەلآم دواتر (ئەریوس)ی کوڕی لێی یاخیبووەو لەگەڵ دایکیدا هاوسەرگیریی کردووەو بەتەنها ئیرادەی خۆی بەسەر (بوون)دا سەپاندووە.

---

[58] أمام عبدالفتاح أمام، معجم ديانات و أساطير العالم، (ب. ت)، ٤٨٩_٤٩٠

[59] خالد محمد غانم، الزرادشتية (تأريخا و عقيدة و شريعة)، (٢٠٠٩: ١٣_١٤)

جیهان بە درێژایی مێژوو، زنجیرەیەك شەڕی گەورەی نێوان خوداکانی بەخۆیەوە بینیوە، دواجار ئەم شەڕانە لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی گەردوونو سیستەمەکەیو هاوسەنگیی ناو گەردوونو بووندا بەشداربوون. بۆ نموونە (سیزیف)، کە یەکێکە لە ئەفسانە کۆنە بەناوبانگەکانی مێژوو، خوداوەندەکان بەوە مەحکومیان کردبوو، کە بێ ناوبڕ تاوێرە بەردێك بەرەو لوتکەی شاخێك بەرێت، کە لەبەر قورسییەکەی، دووبارە لەوێوە خلۆر دەبووەوە بۆ خوارەوە، ئەم خوداوەندانە باوەڕیان وابوو، کە هیچ سزایەك نییە هێندەی ئەو سزایە سەخت بێت، کە هەم بێهودەیەو هەم ئومێدی هیچی لێناکرێت، ئەگەر باوەڕمان بەو قسەیەی (هۆمیرۆس) هەبێت، ئەوا (سیزیف) داناترینو وردترین بوونەوەری فانی (mortal) بووەو بەپێی گێڕانەوەی تریش بێت، (سیزیف) مەیلی ڕێگریشی هەبووە. هەرچۆنێك بووبێت، بیروبۆچوونەکان جیاوازن سەبارەت بەوەی چی وایلێکردووە، لە دۆزەخدا کارێکی وا بێهودە بکات.[٦٠]

بەپێی ئەم ئەفسانەیە، یاخیبوون بەسەر قەدەرو چارەنووسدا بێهیوایی‌و پووچی نییە، بەڵکو پووچێتی، ئەوەیە مرۆڤ لە قەدەرو چارەنووس یاخی نەبێتو پێی ڕازی بێت، هەر لە ناوەڕۆکی ئەم ئەفسانەیەدا، (مردن) مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکرێت، تا ئەوەی سیزیف (مردن) دەدزێتو دەیەوێت سزایەکی قورسی بەردەوامی بدات، چونکە مردن هۆکارێکی گەورەیە بۆ دروستکردنی پووچیو بێهیوایی، هەرچەندە نە ئایینەکانو نە زانستو نە فەلسەفەش، سەرەڕای گفتوگۆو توێژینەوەو تیۆرییە زانستییەکان، نەیانتوانیوە دەربارەی مردن تەواوی زانیارییەکان بخەنەڕوو، تاوەکو بتوانن بڕوای تەواوەتی بە مردن لای مرۆڤ دروستبکەن. بابەتی (مردن) لەنێوان فەلسەفەو ئایینەکاندا لەسەر هەردوو هێڵی (جوانی_ناشیرینی/ کۆتایی_بەردەوامی) باسدەکرێت، بەڵام دواجار مردن هۆکارێکە بۆ دروستبوونی بێهیوایی، کە هۆشمەندیی مرۆڤی یاخی، دژی دەوەستێتەوە، هەرچەندە دونیابینیی ئایینە ئاسمانییەکان لەسەر ئەوە دەڕوات، مرۆڤ ناکرێت نائومێدیی هەبێت، بەڵکو دەبێت وا کاربکات (هەرگیز نامرێتو ڕەنگە ئێستاش بمرێت)، واتە مرۆڤ ڕادەگیرێت بەهیواوە بۆ ژیانی ئێستاو بۆ ئەو ژیانەی، بەردەوامیی ژیانی ئێستایەتی.

مرۆڤی ئاییندار لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئەمڕۆ، تەنها بڕوای بە یەك وەڵام هەیە دەربارەی ڕاستیی مردن، ئەویش نەمرییە. ئەم بیروباوەڕە ئەو قەناعەتەی لای مرۆڤ دروستکردووە، کە مردن تاکە ڕێگای هێنانەدیی نەمریو ژیانە لە وڵاتی خەونەکاندا (بەهەشت)، کە هەموو ئاواتەکانی دێنەدیو بۆ هەتاهەتایە لە ئەشکەنجەی زەوی دەربازیدەبێت. لەپێناو ئەم بیروباوەڕەشدا، مرۆڤ هونەرکاریی لەزیندووراگرتنی شوێنەوارەکانی بەخاکسپاردندا کردووە، گۆڕستانەکان نەبوونەتە شوێنێك بۆ هەڵگرتنی ئێسكو پروسکی مردووەکان، بەڕادەی ئەوەی بوونەتە شوێنگەلی پیرۆزو گەنجینەی ئەو پیشەسازیو هونەرو بیرۆکە فەلسەفییانەی، مرۆڤ دایهێناون.

کاتێك سەرنجی هەموو دەقە ئایینەکانی دونیا دەدەین، جا ئەو دەقانە زارەکی بن، یان نووسراو، دەبینین مردن هاوشان لەگەڵ بڕوا بە خوداو دروستکەرو بەدیهێنەری گەردووندا پێگەیەکی بایەخداری هەیە.[٦١]

---

[60] ئەلبێر کامۆ، ئەفسانەی سیزیف، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٤: ١٩٥)

[61] بوساحە ئەحمەد، مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە، و: دانا مەلا حەسەن، (٢٠١٤: ١٥)

بەمجۆرە، مرۆڤی یاخی لە مردنو لەناوچوون یاخیدەبێت، هەمیشە بەبڕوای نەمرییەوە دەژیو هەوڵی بۆ دەدات، داهێنانەکانی مرۆڤ لەبواری ئەدەبو هونەرو شارستانییەتو بیناسازیو زانستدا، لەپێناوی ئەو نەمرییەدان، کە مرۆڤ بەردەوام هەوڵی بۆ دەدات.

مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو لەڕێی یاخیبوونەوە هەوڵیداوە بوونی خۆی وەك مرۆڤ بسەلمێنێت، بۆ ئەوەش چەندین نموونەی ئەو جووڵە یاخییانە هەن، کە دۆخی یاخیبوون ڕووندەکەنەوە. لێرەدا پێویستە لەسەر یاخیبوونەکەی (سپارتاکۆس) بوەستین، کە دەیان ساڵ بەر لە ئایینی مەسیحی لەڕۆما ڕوویداوە. ئەم یاخیبوونە نموونەیەکی باشە بۆ ڕوونکردنەوەی یاخیبوونی کۆیلەیەك دژی ئاغاکەی، چونکە یاخیبوونەکەی (سپارتاکۆس)، یاخیبوونی زۆرانبازان بوو، واتە یاخیبوونی ئەو کۆیلانە بوو، کە بۆ زۆران تەرخانکرابوون، مەحکوم بوون بەوەی، یان بکوژن، یان بکوژرێن. ئەمەش لەپێناوی چێژوەرگرتنی ئاغاکانیاندا، ئەم یاخیبوونە بە حەفتا کەس دەستیپێکردو بە لەشکرێکی حەفتا هەزار کەسی، کۆتاییهات، کە گەورەترین سوپای (ڕۆما)یان تێکشکاندو چوونە ناوجەرگەی (ئیتالیا)وەو بەرەو شارە نەمرەکە کشان، لەگەڵ ئەوەشدا (ئەندرێی پرۆدۆمۆ) دەڵێت: ئەم یاخیبوونە هیچ پرەنسیپێکی نوێی بۆ کۆمەڵگای ڕۆمانی نەهێنا. (سپارتاکۆس) لەڕاگەیاندنەکەی خۆیدا تەنها بەڵێنی مافی یەکسانی دەدات بە کۆیلەکانو تاکە دەستکەوتی ئەم یاخیبوونەش، ئەوەبوو، کۆیلایەتی ڕەتدەکاتەوەو داوای یەکسانی لەگەڵ ئاغاکەیدا دەکات.[٦٢]

**یاخیبوونی زانستی**

یاخیبوون لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، چەکی دەستی زاناکانو چەکدارەکان بووە بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی کڵێسە لەڕووی هزریو ڕەفتارییەوە، زۆرێك لە یاخییەکان لەو سەردەمەدا لەپێناوی سەرکەوتن لەم شەڕەدا گیانی خۆیان بەخشیوە، دژی دەسەڵاتی دەرەبەگو قۆرخکاریو نەزانین وەستاونەتەوە، بۆ نموونە زانای بەناوبانگ (کۆپەر نیکسۆن)[٦٣] سووتێنرا، کاتێك دژی بیری باو وەستایەوەو وتی: خۆر چەقی گەردوونە، نەك زەوی. هەروەها (گالیلۆ)[٦٤] لەترسی سووتاندن پەشیمان کرایەوە لە بۆچوونە زانستییە بەناوبانگەکەی دەربارەی خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا. لەشاری جنێڤ، (کیلفن) سووتێنرا، چونکە توێژینەوەی زانستی دەربارەی زانستی بایۆلۆجی ئەنجامدا.[٦٥]

ئەو بیرمەندو فەیلەسوفانە بیریان دەکردەوەو ڕادەمانو بەدواداچوونی زانستییان دەکرد بۆ ئەو هەموو دیاردانەی لە ژیاندا ڕوویاندەدا، هەوڵیاندەدا ڕووبەڕووی نەزانینی سەردەمەکەی خۆیان بوەستنەوە، یاخیبوونی ئەوان تەنها بۆ ئەوە نەبوو بژین، بەڵکو پرۆسەیەکی هزریو فەلسەفی بوو لەپێناو گۆڕانکاری لە شتە باوەکانی سەردەمی خۆیاندا، گومانکردن لێرەدا هەنگاوی یەکەمە بەرەو یاخیبوون، واتە گومانکردن لە بیروباوەڕی چەسپاو، دەبێتە سەرەتا

---

[62] ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ١٧١ )

[63] نیکۆلاس کوبرنیکۆس (١٤٧٣_١٥٤٣) قەشەو زاناو فەیلەسوفو فەلەکناسو پزیشكو یاسایی بووە، بە گەورەترین زانای سەردەمی خۆی دادەنرێتو خاوەنی تیۆری ناوەندێتیی خۆرە.

[64] گالیلۆ (١٥٦٤_١٦٤٢) فەیلەسوفو زانای بیرکاریو فیزیاییو گەردوونناسی بووە. ڕۆڵی گەورەی لە شۆڕشی زانستیدا هەبووەو بە باوکی زانستی نوێ دادەنرێت.

[65] کیلفن (١٥٠٩_١٥٦٤)، چاکسازیی ئایینیو لاهوتی هەبووە، لەفەڕەنسا لەدایکبووەو دامەزرێنەری مەزهەبی (کالفینی)یە، کە لە سویسراو فەڕەنسا بڵاوبووەوە.

بۆئەوەی یاخیبوون بێتەئاراوە. هەروەها کاردەکات لەسەر ڕاگرتنی پەیوەندی لەنێوان هزری یاخیبوونو جەماوەری یاخیدا، بەجۆرێك ژیریی پەتی، دەگۆڕێت بۆ ژیرییەکی داهێنەرانەو کارا لە کۆمەڵگادا.

## یاخیبوونی ئایینی

یەکەم یاخیبوونی ئایینی لە خۆرئاوا، لەسەر دەستی (ئەبیقور) لەساڵی (٣٤١_٢٧٠ پ.ز) ڕوویداوە. بە یەکەم تێڕوانینی مادیی زانستی دادەنرێت لەمێژوودا، پێش ئەویش لە ساڵی (٥٠٤_٤٨٠ پ.ز)دا، (هرقليطس) هەستاوە بە ئەنجامدانی ڕاڤەکردنی ڕۆح لەشێوەی ڕاڤەکردنێکی مادییانەدا. ساڵی (٤٦٠_٣٧٠ پ.ز)، (ديمقريطس) ڕاڤەی بوونی خودای کردووە، بەپێی بۆچوونی ئەو، بوونو کات دوو شتی ئەزەلینو هەموو شتێك هۆکارێکی هەیە، تەنانەت خودی خوداش.

یەکەم تاوانی مرۆڤ دوای ئادەم، یەکەم یاخیبوونیەتی، ئەویش کوشتنی (هابیل)ە بەدەستی (قابیل). هەروەها پەیمانی کۆن (العهد القديم)، یاخیبوونێکی ئایینیی گشتی بووەو پەیمانی نوێ (العهد الجديد)یش، یاخیبوونێکی مەسیحییانە بووە. خودا لە پەیمانی کۆندا خودایەکی توڕەو بەهێزە، بەڵام لە ئینجیلدا خوداوەند خۆشەویستو میهرەبان دەردەکەوێت. لێرەوە یاخیبوون دژی خوداوەندی شەڕ دێتەئاراوە، چونکە بەپێی تێگەیشتنی ئەوان، کاری خوداوەندی شەڕ بەجۆرێکە، بەهۆی خۆبەدوورگرتن لە ئەنجامدانی سێکسکردن، بوونەوەر لەناودەباتو ڕەبەنیبوون دێنێتەئاراوە.[٦٦]

لەسەردەمی ڕێنیسانسدا، لە ئەوروپا یاخیبوون هەمەجۆر بوو و چەندین ڕەهەندو ئاڕاستەی وەرگرت، لەوانە یاخیبوونی مرۆڤ دژی ئایین لەپێناوی زانستدا، یاخیبوون دژی کۆن لەپێناوی نوێدا، یاخیبوون لە لاهوتی لەپێناو مرۆڤدا، یاخیبوون لە دەسەڵات لەپێناو دادپەروەریدا، هەروەها یاخیبوون لە ڕابوردوو لەپێناو داهاتوودا.

لەم سەردەمەدا، یاخیبوون بەسەر ئاییندا بەسترایەوە بە یاخیبوون بەسەر دواکەوتنو نەفامیدا، لەم نێوەندەشدا بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی، شۆکێکی گەورەی لە ویژدانی ئایینی مەسیحی لە خۆرئاوادا دروستکرد، هەر لەم کاتەدا زمانە نەتەوەییەکانی گەلانی ئەوروپا، بوژانەوە، کە پێشتر قەدەغە بوو، ئینجیل بۆ سەر ئەو زمانانە وەربگێڕدرێت، هاوکات زانستو ئەدەبو هونەرو وێنەکێشانو هەڵکوڵین گەشەیانسەند. هەموو ئەمانەش، دوای (١٢) سەدە لەدەسەڵاتی بێبەرهەمی کڵێسا بەسەر ئەوروپادا هاتنەئاراوە. هەروەها بەرهەمە دانسقەکانی نووسەرانو هونەرمەندانی گەورەی وەك (داڤنشیو ڕوفائیلو مایکڵ ئەنجیلو) سەرلەنوێ گرنگییان پێدرایەوە، دوای ئەوەی بەهۆی دانانیان لەڕیزی بتپەرستیی کۆن، قەدەغەکرابوون. ئەم یاخیبوونە جارێکی تر بەهای بۆ شارستانیەتە کۆنەکانی یۆنانو ڕۆمانی کۆن گێڕایەوە.

## یاخیبوونو شۆڕشی فەڕەنسا

هەرچەندە فەیلەسوفی گەورەی فەڕەنسی (ڤۆڵتێر)، شۆڕشی فەڕەنسای ساڵی (١٧٨٩)ی بەچاوی خۆی نەبینی، بەڵام توانی بناغەی ئەو شۆڕشە دابڕێژێت. ئەو پێش ئەوەی بمرێت، وتی: گەنجەکان بەختەوەر دەبن، چونکە ئەوان شتانێك دەبینن، جوانو ناوازەنو فەڕەنسییەکان درەنگ دێن، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دێن.

---

[66] بروانە: فاروق القاضي، ملخص أفاق التمرد (قراءة نقدية في التأريخ الأوروبي والعربي واالأسلامي)، (٢٠٠٤)

ڤۆڵتێر لە بۆشاییدا دەرنەکەوت، بەڵکو هزری ئەو، دەرئەنجامی ئەو دۆخە خراپە بوو، کە کۆمەڵگای فەڕەنسی تێیکەوتبوو. سەرنەکەوتنی ڕیفۆرمی ئایینیی لە فەڕەنسا، بەهۆی بەردەوامیی ستەمو گەندەڵییەوە بوو، ستەمو گەندەڵی گەیشتبووە ئاستێك، بۆ نموونە ژنێکی کاسۆلیکی غەرامەکرا، چونکە داوای یارمەتی لە مامانێکی پرۆتستانت کردبوو، گەنجێکی تەمەن (١٦)ساڵ بە تۆمەتی شێواندنی خاچ، سەری پەڕێنرا.

هەر لەو دەمەی (ڤۆڵتێر) خەریکی ڕووبەڕووبوونەوەی پڕوپووچیی ئایینیو زیادەڕۆیی کەنیسە بوو، (جان جاك ڕۆسۆ) بانگەشەی بۆ یەکسانیی کامڵ دەکرد، ئەگەر بێتوو ئەو یەکسانییە لەسەر حیسابی ئازادیش بێت. ئەم دوو فەیلەسوفە یاخیبوونیان بۆ شۆڕش گۆڕی. (ڤۆڵتێر) بە میتۆدە عەقلانییەکەیو (ڕۆسۆ)ش بە سۆزو هەستە تایبەتەکەی، توانیان دایکی شۆڕشەکان لە فەڕەنسادا سەربخەنو بناغە پتەوەکەی دیاریبکەن.

هەرچەندە پێشتر ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە، کە شۆڕشو یاخیبوون دوو کردەی جیاوازن، بەڵام دوو دووانەی تەواوکەری یەکترین، بەتایبەتی لە شۆڕشی فەڕەنسادا. کاتێك سەیری سەرهەڵدانی هۆکارەکانی ئەو شۆڕشە دەکەین، بەڕوونی، یاخیبوون بەسەر کۆی شۆڕشەکەدا دەبینین. دیارترین هۆکارەکانی شۆڕشی فەڕەنسا بریتین لە:

١. ئاژاوەی ناو پەرلەمان، بووەهۆی لاوازیی دەسەڵاتی پاشا.

٢. دەسەڵاتخوازیی (فلیپو ئۆریان) بۆ دەستگرتن بەسەر تاجی پاشایەتیدا.

٣. یاخیبوونی بۆرژواکان دژ بە فەرامۆشکردنی کاروباری ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە.

٤. یاخیبوونی جوتیاران دژ بە باجی فیدراڵیو فەرمانەکان.

٥. ڕاپەڕینی خەڵکی ڕەشوڕووتی پاریس دژی زۆرداریو توندڕەویی دادگاکان.[٦٧]

کتێبی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)ی (ڕۆسۆ)، بووە سەرچاوەی سەرەکیی هزری شۆڕشی کۆمەڵایەتیی نوێ، کە لەسەر بنەمای گەڕان بەدوای یەکسانیدا بوو، هاوکات دامەزرێنەری مەرجەعیەتێك بوو بۆ خواستو ویستی هاووڵاتییان. بەمجۆرە، گەل بووە دەسەڵاتداری نوێ لەبابەتی دەرەبەگو کاربەدەستەکان، شۆڕشی فەڕەنسا پێشەنگ بوو لە وەرچەرخانی مێژوویی لە جیهاندا، سەرەڕای هەموو ئازارو قوربانیدانو جێکەوتە لاوەکییەکانی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی.

لەسەروبەندی شۆڕشی فەڕەنسادا دژی دەسەڵاتی کڵێسا، بیرمەندانی ئازاد گومانیان لە بوونی خودا کرد، مەسەلەی عەدالەت لەڕووی گرنگییەوە پلەی یەکەمی وەرگرت، بەڵام ئەودەم عەدالەتو یەکسانی، بە یەك شت لەقەڵەمدەدران، عەرشی خودا کەوتە لەرزینو عەدالەتیش بۆ سەلماندنی لایەنگریی خۆی لە یەکسانیی، دەبوایە دوا گورزی خۆی لەڕێی هێرشێکی ڕاستەوخۆوە بۆ سەر نوێنەری ئەو لەسەر زەوی بوەشێنێت، دانانی مافی خودایی بۆ ماوەی سێ ساڵ (١٧٨٩_١٧٩٢)و ناچارکردنی بە سازش لەگەڵ مافی سروشتیدا، خۆی لە خۆیدا واتای لەناوبردنی مافی خودایيە. (دانتون) لەو کاتەدا، کە یەکێك بوو لە ڕابەرانی شۆڕشی فەڕەنساو دواتر لەسەر دەستی ڕابەرانی ئەو شۆڕشە کوژرا، دەڵێت: "ئێمە نامانەوێ (شا لویسی شانزەهەم) مەحکوم بکەین، بەڵکو دەمانەوێ بیکوژین."[٦٨]

---

[67] ویلو ئاریل دوراشت، مێژووی شۆڕشی فەڕەنسا، و: دلاوەر عبداللە، (٢٠٠٦: ٣١١)

[68] ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ١٧٦_١٧٧)

ساڵی (١٧٨٩) سەرەتای خاڵی وەرچەرخانی سەردەمی نوێیە، لەبەرئەوەی بەشێك لەخواستی خەڵکانێکی ئەو سەردەمە، ئەوەبوو، کە پرەنسیپی مافی خودایی ژێرەوژوور بکەنو ئەو هێزە نکوڵیکەرە یاخییە بخەنە مێژووەوە، کە لە ململانێ هزرییەکانی ئەم سەدانەی دواییدا، فۆرمەلە ببوون. بەمجۆرە بە پاڵپشتی کۆمەڵێك پاساو و بەڵگە، خۆکوژییان بۆ کوشتنی سوننەتییانەی ستەمکار زیادکرد، ئەو هزرەی بە هزری ئازاد ناسرابوو، هزری فەیلەسوفانو یاساناسان بوو وەك (نوێڵ) خزمەتی ئەم شۆڕشەی کرد.[٦٩]

## چەند نموونەیەك لە ئەدیبانو شاعیرانی یاخیی جیهانی

وەك پێشتر گوتمان، یاخیبوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتوورییە، کە وەك گۆڕانێکی بنەڕەتی لە چوارچێوەی ئەو سیستەمانەدا ڕوودەدات. تێگەیشتن لەم چەمکە، لە فەیلەسوفێکەوە بۆ فەیلەسوفێکی تر، تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش دەگۆڕێت.

یاخیبوون پەیوەندییەکی زیندووی بە ئەدەبەوە هەیە، بەوپێیەی ئەدەب هەموو ئەو شتانە دەردەبڕێت، کە لە ناخی مرۆڤدان. هەموو کارێکی ئەدەبی، توانای ئەوەی هەیە کار لەخوێنەر بکاتو تووشی کاردانەوەی بکات، بەتایبەتی ئەو ئەدیبانەی لە باری ئاسایی لادەدەنو دەیانەوێت بەشێوازێکی جوداو یاخییانە بنووسن.

ئەدەبی نەتەوەکانی دونیا، گەلێك شاعیرو ئەدیبی یاخییان تێدایە، بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی فەڕەنسیو ئەڵمانیو ئینگلیزیو ئەمەریکیو تەنانەت عەرەبیشدا. ئەمجۆرە لە ئەدەب بەبێ مەبەست سەریهەڵنەداوە، بەڵکو لە ئەنجامی بوونی دژیەکیی کۆمەڵایەتیو سیاسی لەنێوان ستەمکارو خەڵکی ئاساییدا دروستبووە، هەروەها کێشە کۆمەڵایەتییەکانی تریش لە نموونەی هەژاریو پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکاری دروستبوونی ئەو یاخیبوونەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، باری سایکۆلۆژیی ئەدیب ڕۆڵێکی گەورە لەم بوارەدا دەگێڕێت.

## جەیمس جۆیس

جەیمس جۆیس (١٨٨٢–١٩٤١)، لە ئێرلەندا لەدایکبووە، هەرکاتێك باسی یاخیبوون لە ئەدەبدا بکرێت، دەبێت باس لە (جەیمس جۆیس) بکرێت. دیارترین کارەکانی، خۆی لە کورتەچیرۆکەکانیدا دەبینێتەوە، کە ساڵی (١٩١٤) بەناوی (دوبلینەرس) بڵاویکردوونەتەوە. لەم بەرهەمانەیدا، نیشاندەرو پێناسەکەری سەرەکیی ڕۆحی یاخیبوونە، بەجۆرێك ڕۆحی یاخیبوون لە بەرهەمەکانی ئەودا دەگاتە لووتکە، بەتایبەتی لە دەرخستنی پێکدادانو دژیەکی لەنێوان تاكو کۆمەڵدا، هەروەها لەبەرهەمی (وێنەی هونەرمەندەکە وەك هەرزەکارێك)، کە لە ساڵی (١٩١٦) دا چاپیکردووە، لەسەر زاری (ستیڤن)ەوە وەك پاڵەوانی ڕۆمانەکە، هەوڵدەدات ئەم پاڵەوانە وەك دژێك بە ژینگەی (ئێرلەندا) نیشانبدات. بەجۆرێك پاڵەوانەکەی دەگەیەنێت بە سەرئەنجامێکی تاڵ، بەوەی، کە ژیان لە شاری (دبلن)دا وەك ژیانە لە دۆزەخدا، وتەکانی ئەو لەمبارەیەوە نەمرن، دەڵێت: کاتێك ڕۆحی مرۆڤ لەم وڵاتەدا لەدایکدەبێت، چەندین بەربەست ڕێی لێدەگرن بۆئەوەی نەفرێت. ئێوە دەربارەی نەتەوەو زمانو ئایین قسەم بۆ دەکەن، بەڵام من پێویستە هەوڵبدەم بۆ ڕزگاربوون

---

[69] ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ١٧٤)

لەو بەربەستانەی بۆتان دروستکردووم.[٧٠]

## ڕامبۆ

ڕامبۆ (١٨٥٤–١٨٩١)، شاعیرێکی فەڕەنسییە، ڕێبەری مەزنی ڕێبازی سیمبۆلیزم بووە، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ژیانێکی ناڕەحەتو سەختی هەبووە، ئەمەش کاریگەریی زۆری بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانییەوە بەجێهێشتووە، شیعرەکانی ئەو بە چامەی ئاگرینو توند دەناسرێن، وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو دژیەکە توندەی، کە لە ژیانو کاریدا تووشیبووە. هەوڵیداوە ناوەرۆکو وێنەی شیعری فەڕەنسی بگۆڕێت، بەجۆرێك داهێنانی لە فۆرمی شیعردا کردووە، وەك لە بەرهەمەکانی (دەریاوان، جولە، دوو ئیشراقاتەکان)دا دەردەکەوێت. (رامبۆ) بەشێوەیەکی سادە، خۆڕسکانەو سروشتییانە مامەڵەی لەگەڵ شیعردا کردووە، وەك کەسێك، کە تەمەننای ڕێگایەك بکات بۆ دەربڕینی ڕۆحی. لە یەکەم بەرهەمیەوە، کە لەتەمەنی (١٦)ساڵیدا نوسیویەتی، بەشێوەیەکی یاخیانە دەستیپێکردووە، یەکێك بووە لە شاعیرە سیمبۆلیستەکان، کە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر شاعیرە لاوەکانو جوڵە شیعرییە نوێیەکان هەبووە. خاوەنی لێهاتوویییەکی مەزن بووە لە داهێنانی وێنەی خەیاڵیی توندو نامۆو لاوی لانەواز. چامەکانی لە جوڵەدان لەنێوان ڕوونیو ناڕوونی، سادەییو ئاڵۆزی، خۆشیو سەختیدا، لەبەرئەوەی دەیزانی چۆن شیعرو واقیع پێکەوە گرێبدات.

## پاوڵ ڤێلەین

پاوڵ ڤێلەین (١٨٤٤–١٨٩٦) لە فەڕەنسا لەدایکبووە، هاوشێوەی (ڕامبۆ) یەکێکە لە ڕێبەرانی سیمبۆلیستەکانی فەڕەنسا، لە مێژووی سەدەی نۆزدەی شیعری فەڕەنسیدا ناوێکی دیارە، ئەو هەم لە شیعرو هەم لە کەسایەتیشدا تەواو یاخیبووە، هەوڵیداوە شیعرو موزیك تێکەڵاوبکات، تەکنیکێکی نوێی لە کێشو سەروای شیعردا داهێناوە، هەستو ڕۆحی خوێنەری وروژاندووە. (ڤێلەین) هەوڵیداوە خۆی لە واقیع بدزێتەوەو جیهانێکی نوێ بۆ خۆی دروستبکات، بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەدا هەوڵی هەڵهاتن لە واقیع دەدات بەرەو جیهانە خەیاڵییەکەی خۆی.

**هەڵۆ، باڵەکانت وازکە بۆ خەوبینینی بێترس**
**بیفڕێنە !**
**ڕووناکیی من بفڕێنە !**[٧١]

## چارلس بۆدلێر

چارلس بۆدلێر ساڵی (١٨٢١–١٨٦٧) لە فەڕەنسا لەدایکبووە، یەکێکە لە ناوە دیارەکانی ئەدەبی جیهانی، لەسەردەمی شڵەژانی باری سیاسیی فەڕەنسادا ژیاوە، بەرهەمەکانی کاریگەرییان لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو دەمە هەبووە، بەوپێیەی هەستی یاخیبوونێکی گەورە لەناو بەرهەمەکانیدا دیارە. (بۆدلێر) هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی ڕەتدەکردەوە، کە لەسەر بنەمای یاساو ڕێساو ئاکارو نەریت بونیادنراون. گرنگترین بەرهەمی (بۆدلێر)، کە شڵەژانێکی

---

[70] بڕوانە: Kassasbeh, A. M., Literature of Revolt: A Comparative Study of the Poetry of Jack Kerouac and Hussein, Mardan, (2015)

[71] ibed

گەورەی لە ئەوروپادا دروستکرد، بریتی بوو لە (گوڵەکانی شەیتان، گوڵەکانی خراپە)، کە داواکاری گشتیی ئەو کاتە، داوای سڕینەوەی (١٠) چامەی لەو دیوانە کردبوو بەبیانووی ئەوەی، (٦) لەو چامانە بێڕێزیکردنن بە ئاکاری گشتیو (٤)یشیان بێڕێزیکردنن بە ئەخلاقی مەسیحییەتەوە.

ئەم بەرهەمە دەربڕی بێزاریو ڕق بوو لە هەموو شتێك، بۆیە ڕەخنەگرانی ئەدەب (گوڵەکانی شەیتان) وەك شۆڕشێکی ئەدەبی دەبینن لەشێوەو ناوەرۆکدا.

**جۆرج بوچنەر**

جۆرج بوچنەر (١٨٣٧-١٩١٣) لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، درامانووسو شاعیر بووەو ڕۆحێکی یاخییانەی هەبووە، واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕەتکردووەتەوە، لە گەڕانێکی بەردەوامدا بووە بە دوای واقعێکی نوێدا، یەکەم شانۆنامەی دەربارەی شۆڕشەکەی فەڕەنسا بووە بەناوی (مردنی دانتۆن)ەوە، کە ساڵی (١٨٣٥) بڵاویکردووەتەوە، کە (دانتۆن) بێهودانە هەوڵیدەدا بۆ کۆتاییهێنان بە خوێنڕشتنو کاری نامرۆڤانە. لەناو ئەدیبانی ئەوروپادا، کارەکانی ئەم زیاتر دەچنە چوارچێوەی یاخیبوونی ئەدەبییەوە، نووسینەکانی دەربارەی گرفتو کیشەکانی ڕۆژانەوە بووە، بەڵام دژی شێوازی نووسینی باو بوو.

**ئێزرا پاوەند**

ئێزرا پاوەند (١٨٨٥-١٩٧٢) لە ئەمەریکا لەدایکبووە، یەکێك بووە لە میوزیکژەنو ڕەخنەگرو شاعیرە دیارەکانی ئەمەریکا. لە مێژووی هاوچەرخی ئەدەبی جیهانیداو لەسەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، بە کەسایەتییەکی کاریگەر دادەنرێت. ناوبراو یاخیبوونەکەی زیاتر دەچێتە خانەی یاخیبوونی سایکۆلۆژییەوە، کە دژی دابونەریتی باوی کۆمەڵگاکەی بووە. (پاوەند) لەسەر قوتابخانەی شیعری خەیاڵی هەژماردەکرێت، ئەم قوتابخانەیە پەرچەکردارێك بوو بۆ ئەبستراکتو گشتگەرا، ئەو دەیویست شیعرێکی نوێ بخاتەڕوو، کە زۆر لە ڕۆمانتیكو سیمبۆلیزم جیاواز بێت.[٧٢]

**نەوەی ترپەکە**

گروپێکی ئەدەبیی یاخین، وەك ئەدەبێکی نائاساییو باو بۆ دەربڕینی ڕقو تووڕەییان لە کۆمەڵگا دەرکەوتن، کۆمەڵگایەك کە هیچ جۆرە یەکسانیو دادپەروەرییەکی تێدا نەبوو، بەتایبەتی بۆ کەمایەتییەکانو ئیتنیکە جیاوازەکان، هەر لەبەر ئەمەش، ئەم گروپە یاخیبوونیان ڕاگەیاند. یاخیبوونەکەیان نەك تەنها دژی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسی بوو، بەڵکو دژی هەموو شێوەو جۆرێکی ئەدەب بوو، بەجۆرێك هەموو کەلتووری ئەمەریکییان خستبووە ژێر نەشتەری پرسیاری جدییەوە. دامەزرێنەرانی ئەم گرووپە، لە ساڵی (١٩٤٠)دا لە زانکۆی (کۆلۆمبیا) کۆدەبوونەوە. (جاك کرواكو ئالێن گینسبێرگ) ڕێبەرانی گرووپەکە بوون، کە زۆر دژی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا دەوەستانەوە، هەروەها لە بیرۆکەی (خەونی ئەمەریکا) یاخیبوون، چونکە ئەوان ئەم بیرۆکەیەیان بە درۆ دەزانی، پێیانوابوو ئەمەریکا ئەو کۆمەڵگا نموونەییە نییە، کە تێیدا بژین، لەبەرئەوەی یەکسانی تێدا نییە. (جاك کرواك) لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا ئاڵای

[72] بڕوانە: Kassasbeh, A. M., Literature of Revolt: A Comparative Study of the Poetry of Jack Kerouac and Hussein, Mardan, (2015)

یاخیبوونی دژی بەهاو کەلتووری ئەمەریکی هەڵکرد. دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە (شارۆچکەو شار ١٩٤٠، خەونەکان ١٩٦١، سورمەزەن ١٩٦٢، بێهودەیی دولوز ١٩٦٨). ناوبراو زۆر کاریگەربوو بە توێژینەوەی بودیزم، شێوازی شیعری یابانی بەلاوە سەرنجراکێش بوو، لەبەرئەوەش سەرنجی بەرەو شیعری (هایکو) ڕۆیشت.[٧٣]

## ئەحمەد مەتەر

ئەحمەد مەتەر ساڵی (١٩٥٤) لەشاری بەسرەی عیراق لەدایکبووە. شاعیرێکی شۆڕشگێڕی یاخییە، ماوەیەکی زۆرە لە شاری لەندەن دەژی، بەهۆی برسێتیو ئازاری ژیانەوە، ناوەرۆکی شیعرەکانی بەرەو یاخیبوون ڕۆیشتووە. هەر ئەمەش وایکردووە شیعرەکانی لە ڕۆمانتیکەوە بەرەو یاخیبوونی سیاسی بچن، هەروەك شیعرەکانی ڕەخنەی توندن لە سەرکردە سیاسییەکانی عەرەب.

## حوسەین مەردان

حوسەین مەردان (١٩٢٧– ١٩٧٢) لە عیراق لەدایکبووە، بەهۆی نەخۆشیی خۆیو ژیانی تایبەتییەوە، شیعرەکانی بەرەو یاخیبوون بردووە. ساڵی (١٩٤٠) یەکەم شیعری بلاوکردووەتەوە، ئەم شاعیرە ماوەیەك بوونگەرا بووە، ساڵی (١٩٥٢) لە ڕۆژنامەی (الاهالي) کاریکردووە، بەهۆی بلاوکردنەوەی (القصائد العارية)وە، بۆماوەی یەك ساڵ لە زینداندا بووە.

مەردان نووسەرێکی چەپ، مارکسیو لایەنداری بوونگەرا بووە، وەك ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی عیراق هەڵبژێرراوە. مەردان کەسایەتییەکی نامۆو یاخی هەبووەو ڕەتکەرەوەو دژەباو بووە، هەمیشە لە دۆخی دابڕاندا بووە لە نەریتی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەی.[٧٤]

## یاخیبوونی عەرەبی

مێژووی عەرەب بەپێی سروشتو بارودۆخی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو جوگرافیو ژینگەیی، پڕیەتی لە نموونەی یاخیبوون، نموونەی جۆراوجۆری یاخیبوونی ئایینیو سیاسیو کەلتووری، زۆر بوونیان هەیە. لەمێژوودا عەرەب خاوەنی میرنشینی زۆر نین، چونکە ملکەچییان بۆ پادشاکان ڕەتکردووەتەوە.

لە مێژوودا، عەرەبە هەژارەکان یاخیبوونیان دژی سیستەمی کۆمەڵایەتیی باو بەرپاکردووە، هەژارەکان بە دوو سیفەتی تایبەت ناسراون، بە توندوتیژیو دەستبلاویی، سەخیو دەستکراوەبوون، وەك سەرچاوە مێژووییەکان باسیدەکەن، دەچوونە سەر دەوڵەمەندەکانو ئەوەی لێیاندەسەندن، بەسەر خەڵکی هەژاردا دابەشیاندەکرد. لەمێژوودا ناوی (عروەی بن ورد) دێت، کە بە ڕێبەرو باوکی هەژاران دادەنرێت، توانی کۆمەڵێك یاخیبوو لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو فەلسەفەو بەهای بەرز دابهێنێت، چونکە ئەوان تەنها دەچوونە سەر دەوڵەمەندەکان. هاتنی ئایینی ئیسلام لە مێژووی عەرەبیدا، هەنگاوێکی تری بەگژداچوونەوەی بەندایەتیو دابونەریتی پێشینەی عەرەبەکان بووە، بەوەش

---

[73] بڕوانە: Kassasbeh, A. M., Literature of Revolt: A Comparative Study of the Poetry of Jack Kerouac and Hussein, Mardan, (2015)

[74] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو

جولێنەری هەستی یاخیبوون بووە لای عەرەبەکان، بەڵام دوای مردنی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، لە مێژووی ئیسلامدا چەندین بزووتنەوەی فیکریو ڕامیاری لەسەر بنەمای یاخیبوون سەریانهەڵدا. هەروەك (موعتەزیلەکان) بنەمای تێڕوانینیان لەسەر ژیریی داڕێژرابوو، کە هەوڵیاندەدا ڕاڤەو لێکدانەوەی ژیرانە بۆ دەقەکانی قورئانو فەرموودە بکەن. (خەواریجەکان) گروپێکی تر بوون لە سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەی چوارەمی ڕاشیدین (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) دا دەرکەوتن، کە زیاتر گروپێکی سیاسی بوونو لەڕووی هزرییەوە پرۆژەیەکی دژ بە عەقڵیان هەبوو، وەك پرۆژەی ئێستای گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان. موعتەزیلەکان ڕۆڵێکی مەزنیان هەبوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیریی موسوڵمانەکانو دەرگایان بۆ فەلسەفەی ئیسلامی خستە سەر پشت، بەهۆی ئەمەشەوە، کۆمەڵێك فەیلەسوفی گەورە پێشەنگی فەلسەفەی ئیسلامییان گرت، وەك (فارابی، ئیبن سیناء)، ئەمانە بنەمای ڕادەربڕینو شیکردنەوەو ڕەخنەگرتنیان داهێنا.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، دوای مردنی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، چەندین ڕەوتی هزریو ئایینیو فەلسەفیی جیاواز لەمێژووی ئیسلامدا سەریانهەڵدا، تەنانەت خودی ئایینی ئیسلام بووە چەند مەزهەبێکی جیاوازو تاڕادەیەك دژی یەك، کە بریتی بوون لە (زەیدییە، حەشەوییە، قادیانی، ئەشاعیرە، ئەهلی حەق، ئەبازییە، عەلەوی، ئەغاخالین، موعتەزیلەو خەواریج، ئیمامییە، ئیسماعیلییە، سوننەو شیعە)، هەریەکە لەمانە جۆرێك لە یاخیبوون لە بیرو کرداریدا هەبووە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها بە کورتی دەربارەی (موعتەزیلەو خەواریج) وەك دوو دیارترین ڕەوتی یاخیبوون لە مێژووی ئیسلامدا دەدوێین. "سەرەتای سەرهەڵدانی خەواریجەکان پەیوەندیی بە کێشەی خەلافەتەوە هەبوو لەسەردەمی خەلافەتی ڕاشیدیندا، بەتایبەتی لەسەر کوشتنی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان، واتە ئەم کێشە سیاسییە، کرۆکی جیابوونەوەیان بوو، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی جیابوونەوەیان لەڕووی هزرییەوەو هەرگیز ئەمانە یەك گروپی یەکگرتوو نەبوون، بەڵکو بەپێی بیروڕای سیاسییان، گروپی جیاواز بوون."[٧٥] (دواتر زاراوەی خەواریج بوو بە ناوێك بۆ هەموو ئەوانەی، دژی ئیمامو خەلافەتو دەسەڵات، شۆڕشیان دەکرد).[٧٦]

هەرچەندە خەواریجو شیعەکان لەڕووی هزریو مێژووی دروستبوونیانەوە لەیەکەوە نزیکن، بەڵام مومارەسەکردنی سیاسەت لەلای هەردوو مەزهەبەکە جیاوازە. "خەواریجەکانو شیعەکان هەردووکیان لەسەردەمی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیبدا سەریانهەڵداوە، کە خۆیان بەشێك بوون لە سوپاکەی عەلی، کاتێك ئیمامی عەلی، ڕێککەوتنی ئاشتەوایی لەگەڵ موعاوییەدا کرد، ئەمانە جیابوونەوەو هەردوو بەرەکەیان تەکفیرکرد."[٧٧]

لەتیف بوکایی، دەربارەی دروشمو بنەمای سەرەکیی (خەواریج) دەڵێت: (بنەمای سەرەکیی هزری خەواریجەکان لەو دروشمەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە دەیانوت بەهیچ شێوەیەك حوکمی پیاوەکان دروست نییە، ئەگەر لە دەرەوەی حوکمی خودادا بێت، دروشمەکەشیان بریتی بوو لە (هیچ فەرمانڕەوایەتییەك جگەلە فەرمانڕەوایەتیی خودا بوونی نییە).[٧٨]

---

[75] سعد روستم، الفرق والمذاهب الأسلامية، (٢٠١٠: ٩٥)

[76] عبدالمنعم العفني، موسوعة الفرق والجماعات والمذاهب والأحزاب والحركات الأسلامية، (١٩٩٩: ٣٤٨)

[77] الأمام محمد أبو زهرة، تأريخ المذاهب الأسلامية، (٢٠٠٩: ٦٥)

[78] لطيف بوكاي، حركة الخواريج، نشأتها وتطورها الى نهاية العهد الأموي خلال (٣٧_١٣٢) هـ، (٢٠٠٧: ٨٣)

ئەمانە زیاتر ڕەوتێکی سیاسیی یاخی بوون لە دەسەڵات، بەڵام موعتەزیلەکان ڕەوتێکی هزریی ژیریی یاخیبوون لە گواستنەوە (نقل)ی ڕاستەوخۆ لە دەقەکانی قورئان. (موعتەزیلەکان لەسەردەمی حەسەنی بەصریدا لە سەرەتای سەدەی (٢)ی کۆچیدا سەریانهەڵدا، ئەویش بە جیابوونەوەی واصلی کوڕی عەتا لە کۆڕەکەی حەسەنی بەصریدا، جیابوونەوەکەش لەسەر بابەتی (بکەری تاوانە گەورەکان) ڕوویدا، چونکە ئەمانە پێیانوابوو بکەری تاوانە گەورەکان، نەموسوڵمانەو نە کافر، بەڵکو کەسێکە لەو نێوانەدا (منزلة بين منزلتين) ).[٧٩]

موعتەزیلە لەمێژووی ئیسلامدا چەند ناوێکی تری هەیە، لەوانە (أصحاب العدل و التوحيد)و قەدەرییەکان، هەروەها پێیاندەوترێت (العدلية)و خاوەنی پێنج بنەمای هزریی ناسراون:

١. التوحيد (یەکتاپەرستی)، ئەمانە ئەسماو سیفاتی خودایان ڕەتدەکردەوە.

٢. العدل (دادپەروەریی)، مەبەستیان لەوە بوو، مرۆڤ خۆی بکەری خێرو شەڕی خۆیەتی‌و خودا هیچ قەدەرێکی بۆ چارەنووسی مرۆڤەکان نییە.

٣. الوعد و الوعيد (پەیمان پێدان‌و ترساندن). واتە خودا پەیمانەکانی خۆی دەربارەی پاداشت‌و سزا دەباتەسەر.

٤. منزلة بين منزلتين (لەنێوان کافربوون‌و موسوڵمانبووندا).

٥. فەرمان بە چاکەو نەهیکردن لە خراپە (أمر بالمعروف ونهي عن المنكر).

موعتەزیلەکان گەورەترین قوتابخانەی عەقڵگەراییان لە ئیسلامدا دروستکرد، ئەم کارەشیان جۆرێکە لە یاخیبوون دژی دەسەڵاتی گواستنەوە (نقل) لە مێژووی ئیسلامدا، کە بیرکردنەوەو داهێنانی مراندبوو.[٨٠]

ئەم بنەمایانە بوونە ناسنامەی ناسینەوەی (موعتەزیلە)و هەر کەسێك بڕوای بەم بنەمایانە نەبێت، لە خانەی (موعتەزیلە)دا دانانرێت. (ئیمامی خەیاط) لە کتێبی (الأنتصار)دا دەڵێت: هیچ کەسێك بە موعتەزیلە دانانرێت، هەتا باوەڕی بەم پێنج بنەمایە نەبێت.[٨١]

هەروەها هزری (موعتەزیلە) بووەهۆی بەرهەمهێنان‌و سەرپێخستنی ئازادیی مرۆڤ لەناو بیرو فەلسەفەی ئیسلامیدا (کرۆکی هزری موعتەزیلەکان هەر لە سەرەتاوە لەو خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەوان ڕێبازی ئازادییان هەڵبژاردووەو ئازادی ویستن).[٨٢]

**شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان لەمێژووی ئیسلامدا**

مێژووی ئیسلام گەلێك شۆڕشی کۆمەڵایەتیی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، لەوانە شۆڕشی (قەرامیتییەکان‌و زەنجییەکان)، ئامانجی ئەم شۆڕشانە کردنە ئامانجی دەوڵەمەندەکان‌و سیستەمی ئابوری‌و کۆمەڵایەتیی باو بوو، بۆ نموونە شۆڕشی (بابەکی)یەکان لەساڵی (٢٠٢)ی کۆچیدا، هەستا بە دەست بەسەراگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان‌و لێسەندنەوەیان لە دەرەبەگ‌و ئاغاکان‌و دابەشکردنیان بەسەر هەژاراندا، شۆڕشی (زەنجی)یەکانیش لەساڵی

[79] الأمام محمد أبو زهرة، تأريخ المذاهب الأسلامية، (٢٠٠٩: ١٣٢_١٣٩)

[80] عبدالمنعم العفني، موسوعة الفرق والجماعات والمذاهب والأحزاب والحركات الأسلامية، (١٩٩٩: ٦٠٥_٦١٠)

[81] سعد روستم، الفرق والمذاهب الأسلامية، (٢٠١٠: ٩٥)

[82] عبدالرحمن البدوي، مذاهب الأسلاميين، (١٩٩٦: ٣٩)

(٢٥٥_٢٧٠)ی کۆچی لە (بەصرە) ڕوویدا، ئەمان سەرەتا سیستەمێکی ئابوریی کشتوکاڵییان دامەزراندو لەبارودۆخێکی زۆر خراپدا کاریاندەکرد، هەروەك زوڵمی زۆریان لێدەکراو ناچارکران دژی دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی، شۆڕش بەرپابکەن، هەرچەندە ئامانجی شۆڕشەکە وەستانەوە بوو دژی ستەم، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ دزیو تاڵانیو کوشتنو بڕین.

دوای (١٠) ساڵ لەو شۆڕشە، شۆڕشی (قەرامیتی)یەکان لە عیراقو شام سەریهەڵدا، تەنانەت (یەمەن)یشی گرتەوە، کە جوتیارو کەسانی ئاسایی ڕابەرایەتییان دەکردو لە (بەحرەین) کۆمارێکیان بۆ ماوەی (١٠) ساڵ دامەزراند، کە زیاتر لە عەلمانییەتی هاوچەرخ دەچوو، کە پەرستشەکانیان ئەنجامنەدەداو نوێژیان نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگرییان نەدەکرد لەوانەی پەرستشەکانیان ئەنجامدەدا. سەرکردایەتیکردن بە هاوبەشی بوو، هەم لەناو کۆمەڵەکەداو هەم لە دەوڵەتەکەشدا، بڕوایان بە حوکمڕانیی خێزانیو میراتی نەبوو، باجیان لەسەر خەڵك هەڵگرت، لەبەرانبەریشدا باجیان لەسەر کەشتییەکانو کاروانە بازرگانییەکان دانا. ئەم شۆڕشانە هەموویان کۆمەڵایەتیو چینایەتی بوون، لەو شوێنانە سەریانهەڵدەدا، کە دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەر زەوییوزارو ناوچەکاندا نەبوو.[٨٣]

**کامۆو فەلسەفەی یاخیبوون و پەیوەندیی بە ئەدەبەوە**

بۆئەوەی لە بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی (ئەلبێر کامۆ) دەربارەی یاخیبوون تێبگەین، پێویستە کەمێك لەسەر ژیانی ئەم فەیلەسوفە بوەستین، وەك (جۆن کرو کشانك) لە کتێبی (ئەلبێر کامۆو ئەدەبی یاخیبوون)دا دەڵێت: "ژیانو نووسینەکانی ئەلبێر کامۆ دوو ڕووی یەك دراونو یەك ڕووی یەك حەقیقەتن، ژیانی کامۆ ژیانی پاڵەوانی ناو نووسینەکانیەتی، بەجۆرێك ناتوانین جیاوازیی بکەین لەنێوان ژیانی ئەلبێر کامۆ، کە هەموو ئازارەکانی سەردەمەکەی خۆی هەڵگرتبوو، لەگەڵ ژیانی پاڵەوانەکانی ناو نووسینەکانی وەك سیزیفو کالییفو میرسوو ریو، کە لەپێناوی دادپەروەریدا تا ئەوپەڕی ڕێگاکە دەڕۆنو هەموو سزاو قوربانیدانێکیشیان تووشدەبێت، بەڵام هەمیشە پاڵەوانانە لێیدەردەچن."[٨٤]

ئەلبێر کامۆ لە (٧)ی نۆڤەمبەری ساڵی (١٩١٣) لە جەزائیر لە خێزانێکی کشتوکاڵی، لەدایکبووە. ساڵێك دوای لەدایکبوونی، باوکی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا لەسەر دەستی ئەڵمانەکان کوژرا. (کامۆ) دایکی بە ڕەگەز ئیسپانییە، ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لەسەر کرانەوەو دونیابینیی ئەو لەنووسینەکانیدا. (کامۆ) لە جیهانێکدا لەدایکبوو، کە دواتر بە سەربەرزی بۆی مایەوە، ئەویش جیهانی هەژارانو ستەملێکراوانو قوربانیان بوو.

(لوی ژێرمەنو ژان گرێنی)، کە دوو مامۆستای ئەو بوون لە خوێندندا، کاریگەریی زۆریان لەسەر (کامۆ) دانا. هەروەها بۆچوونە فەلسەفییەکانی (نیچە، کیرکەگۆر، ئەندرێی مالرۆ، ئەندرێی ژێد، مارسیل پرۆستو دۆستۆفسکیو هێرمان ملیڤیلو کافکاو ویلیەم فۆکنەر...هتد، بەڵام بەتایبەتی کەوتبووە ژێر کاریگەریی هزری یۆنانیو نیچەو فیۆدر دۆستۆفسکی)یەوە.

---

83 بڕوانە: فاروق القاضي، ملخص أفاق التمرد (قراءة نقدية في التأريخ الأوروبي والعربي واالأسلامي)، (٢٠٠٤)
https://www.goodreads.com/book/show/20746647

84 جون كرو كشانك، ألبيركامو و أدب التمرد، ت: جلال العشري، (١٩٨٦: ٦)

ساڵی (١٩٤٢)، ڕۆمانی (نامۆ)ی نووسیو ساڵی (١٩٤٣) کتێبی (ئەفسانەی سیزیف)ی بلاْوکردەوە، ئەم دوو کتێبە بوونە مایەی گفتوگۆیەکی قووڵ لە ناوەندی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو دەمەدا، ساڵی (١٩٤٩) شانۆنامەی (دادپەروەران)ی نووسی، لەساڵی (١٩٥١)دا کتێبە بەناوبانگەکەی (مرۆڤی یاخی)و ساڵی (١٩٥٦) ڕۆمانی سێیەمی خۆی بەناوی (کەوتن)ەوە نووسی، دواتریش (مەنفاو مەملەکەت)و (دەربارەی گیوتین)ی نووسی. لەساڵی (١٩٥٧)دا خەلاْتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە، دواتریش لە ساڵی (١٩٦٠)دا، بەڕووداوی ئۆتومبێل لە پاریس، کۆچیدوایی کردووە.[85]

ئەوەی لێرەدا گرنگە لەسەری بوەستین، کتێبی (مرۆڤی یاخی)یە، کە تەواوی بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی یاخیبوون تێدا خستووەتەڕوو. ئەم کتێبە گرنگییەکەی لەوەدایە، کە دەتوانین بەهۆیەوە وەك چەمکێکی فەلسەفی لە یاخیبوون تێبگەین. کتێبی (مرۆڤی یاخی)، دیمەنێکی گشتیی سەردەمی (کامۆ)و سەدەی بیستمان دەداتێ. ئەمە جگەلەوەی، (کامۆ) لەم کتێبەدا لەڕوانگەی لۆجیکی یاخیبوونەوە شرۆڤە بۆ بزاوتو جۆرەکانی یاخیبوون دەکات هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە تا سەردەمی نوێ، هەر لە سپارتاکۆسو پاشان مارکیز دۆسادو ڕۆمانتیسیزمو دادیزمو دۆستۆفسکیو هیگڵو مارکسو نیچەو سوریالیزمەوە تا دەگاتە نازیزمو بەلْشەڤیزمو هونەرو ڕۆمانی نوێ.[86]

دەرچوونی ئەم کتێبە، کە تەواوی تیۆری یاخیبوونی (ئەلبێر کامۆ)ی تێدا خراوەتەڕوو، لە فەرەنسای ئەو کاتەدا هەرایەکی گەورەی دروستکرد، وایکرد هەموو ئاڕاستە سیاسیو فەلسەفییەکان، گفتوگۆی لەبارەوە بکەن. هەندێك ئەم کتێبەیان بە هاوکارو بەشدارێکی گەورەی ڕەوتی دژە مارکسییەت لە فەرەنسا دانا، ئەم کتێبە بووە مایەی ململانێی فەلسەفی لەنێوان (کامۆو سارتەر)دا، بەتایبەت گۆڤاری les Temps modrenes (العصور الحدیثة)، ڕۆڵی گەورەی لە زەقکردنەوەی ململانێ فەلسەفییەکانی نێوان ئەو دوو فەیلەسوفەدا بینی. هەرچەندە لەبنەڕەتدا (کامۆو سارتەر) ململانێیان نەبوو، بەلاْم دوای ئەوەی (سارتەر) لەململانێی نێوان (کامۆو فرنسیس جانسون)دا تەدەخولیکرد، کە نووسەرێکی دیاری ئەو کاتەی چەپەکانی فەرەنسا بوو، ئەم ململانێیە دروستبوو، ئەو گفتوگۆیانەی گۆڤاری (العصور الحدیثة) دروستیکردن، بە دیارترین مشتومڕە ئەدەبیو هزرییەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم دادەنرێت.[87]

یاخیبوون بەگژداچوونەوەی ستەمو ناخۆشییەکانی ژیانو نائومێدیو ناعەدالەتییە، بەلاْم مرۆڤی یاخی، باوەڕی بە توندوتیژی نییە، ئەو چەند باوەڕی بە ئازادیی خۆی هەیە، هێندەش باوەڕی بە ئازادیی ئادەمیزادەکانی تر هەیە. لێرەوە لای (کامۆ)، یاخیبوون لە شۆڕشەکان جیادەبێتەوە، بەتایبەتی ئەو شۆڕشانەی، کە دواجار بە هەر بیانوویەك بێت، ڕەوایەتی بە تاوانی کوشتنو توندوتیژیی دەدەن لەپێناو ئامانجێکدا، کەوا وێنادەکرێت لەکۆتایی مێژوودا دێتەدی. (کامۆ) لە تێڕوانینە فەلسەفییەکانیدا ئەوە دەخاتەڕوو، یاخیبوونو شۆڕشەکەی دەبنە پارێزەری ئازادیو عەدالەت، کە بەهۆی زیادەڕۆییو توندڕەوییەوە بەرەو دیکتاتۆریو دەوڵەتی پۆلیس دەچن.

چەمکە سەرەکییەکانی هزری (کامۆ) بریتین لە (پووچی، خۆکوشتنی جەستەیی، خۆکوشتنی فەلسەفیو تیۆریی ئەقلاْنی، تیۆریی نائەقلاْنی، جەختکردنەوەی ڕەهاو ڕەتکردنەوەی ڕەها، ڕەتکردنەوەی ڕزگاربوون، دۆخی گرژی، یاخیبوونی میتافیزیکی، یاخیبوونی مێژوویی دانذی (ڕێکپۆش)، سنوور (سنووری یاخیبوون)، سروشتی مرۆیی،

---

[85] ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ٢١_٢٢)

[86] سەرچاوەی پێشوو

[87] جون كرو كشانك، ألبيركامي و أدب التمرد، ت: جلال العشري، (١٩٨٦: ١٣٩_١٤٠)

هاوکاریی، دایەلۆگو مۆنۆلۆگو هزری نیوەڕۆ). (ئەلبێر کامۆ) لەڕێگەی ئەو چەمکە سەرەکییانەوە، بنەما فەلسەفییەکانی یاخیبوون دیاریو ڕووندەکاتەوە.

پووچیی لای (کامۆ)، هەستێکە لە نزیك عەدەمەوە، هەستێك جاری وایە تووشی مرۆڤ دەبێتو وایلێدەکات هەست بە بێ واتایی ژیان بکات، هەربۆیە هەستێکە زیاتر لە نامۆبوون دەچێت. هەر کاتێك مرۆڤ پەنا بۆ خۆکوشتنی جەستەیی دەبات، لایەنێك لە هاوکێشە دوو لایەنەکەی پووچی، لەناودەبات، کە ئەویش هۆشیارییە، بەڕای (کامۆ) ئەمە چارەسەری کێشەکە ناکات. مرۆڤی پووچگەرا باوەڕی بە خۆکوشتن نییە، چونکە ئەو دەزانێت گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە، لەناو ئەو پووچییەدا بمێنێتەوە.

هەروەها خۆکوشتنی فەلسەفیش، هاوکێشەی پووچیی تێکدەدات، چونکە کاتێك مرۆڤ باوەڕی بە حەقیقەتێکی باڵاو بوونێکی باڵا هەیە، یان چاوی لە وەدیهێنانو یۆتۆپیایەك هەیە، ئەوە ڕوودەدات.

هەرچی سەبارەت بە تیۆری ئەقڵانییە لای (کامۆ)، ئەو تیۆرەیە، کە پشت بە فەلسەفەو تیۆرێکی ئەقڵانی دەبەستێتو بە لۆجیکی تایبەت بە خۆی پاساوی بۆ دەهێنێتەوە، تیۆریی نائەقڵانی ئەوەیە، کە پشت بە فەلسەفەو تیۆرێکی نائەقڵانی دەبەسیتت.

جەختکردنەوەی ڕەها لای (کامۆ) خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە مرۆڤ هەموو شتەکانی جیهان بە چاکەو خراپەوە قبووڵبکات، لەبەرانبەریشدا ڕەتکردنەوەی ڕەها ئەوەیە، مرۆڤ هەموو شتەکانی جیهان بەتەواوەتی ڕەتبکاتەوە. دەربارەی ڕەتکردنەوەی ڕزگاربوون بۆچوونی وایە، کە ئەمە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، مرۆڤ بڕوای بە دروشمی (هەموو شتێك، یان هیچ شتێك هەبێت).

لای (کامۆ) دۆخی گرژیی، واتە دۆخی ڕاستەقینەی مرۆڤی یاخییەو لەنێوان هەردوو دۆخی (ئەرێو نەرێ)دا دەوەستێت. ئەو هەردوو چەمکی (یاخیبوونی میتافیزیکیو یاخیبوونی مێژوویی) بەمجۆرە دەناسێنێت. یاخیبوونی میتافیزیکی، بریتییە لەو بزاوتەی، مرۆڤ لەڕێیەوە دژ بە دۆخی خۆی وەك بوونەوەرێكو دژ بە هەموو گێتی دەوەستێتەوە، بەڵام یاخیبوونی مێژوویی، دژ بە جیهانی (ئاغا_کۆیلە)و دژ بە ستەمو ناعەدالەتیو سەرکوتکردنە. هەروەها بەکارهێنانی چەمکی (داندی) لای کامۆ بۆ تانەدانە لە یاخیبوونی ڕۆمانتیکەکان، چونکە پێیوایە یاخیبوونی ئەوان ڕووکەشانەیە.

ئەلبێر کامۆ لە یاخیبوونیدا سنوورێك دیاریدەکات، کە نابێت مرۆڤی یاخی ئەو سنوورە تێپەڕێنێتو جەخت لە سروشتی مرۆیی دەکاتەوە، بەوەی مرۆڤ چۆن بەرگری لە بەها تاکەکەسییەکانی دەکات، دەبێت بەهەمان شێوەش بەرگری لە بەها دەستە جەمعییەکانی بکات.

دەربارەی چەمکی هاوکاریش لە یاخیبووندا، بڕوای وایە، کە بریتییە لەو پەیوەندیو کارە هاوبەشەی نێوان مرۆڤەکان، کە لە ئەنجامی هۆشیاریی بەلەنگازیو بەدبەختیی هاوبەشمانەوە دێتەئاراوە، کاتێك هاوکاریی هەبوو، دەبێت دایەلۆگیش هەبێت. دایەلۆگ شێوە ڕاستەقینەکەی بوونی مرۆڤی یاخییەو هەر لەڕێی دایەلۆگەوە مرۆڤی یاخی، بوونی بەرانبەر بە ئەوانی دی، کراوەدەبێت. دایەلۆگ واتا بوونی ئازاد بەرانبەر بە بوونە ئازادەکانی تر لە پەیوەندیی کارلێكو ئاڵوگۆڕدا.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، مرۆڤی یاخی، باوەڕی بە سنوورێك هەیە، كە نابێت ببەزێنرێتو بەمەش باوەڕی بە ئازادیی ڕەها نییەو باوەڕی بە میانڕەویی هەیە، (كامۆ) ئەم دۆخە بە (هزری نیوەڕۆ) ناودەبات.[88]

بۆچوونێكی تر هەیە، كە بابەتی یاخیبوونو پووچگەرایی بەیەكەوە گرێدەدات، زۆرجاریش تێكەڵاویان دەكاتو سنووری دیاری نێوانیان دەبەزێنێت، یاخود ڕاستەوخۆ ڕەوتی فەلسەفەی یاخیبوون بە بوونگەرا (الوجودیة)كانەوە گرێدەدات. ڕاستە ئەم ڕەوتە فەلسەفییە كاریگەریی لەسەر فەیلەسوفەكانی وەك (ژان پۆل سارتەرو ئەلبێر كامۆ) هەبووە، بەڵام دونیابینیو جەوهەری فەلسەفەكە، لەیەكتری جیاوازن.

فەیلەسوفی ئەڵمانی (كانت)، هەوڵدەدات جیاوازی بكات لەنێوان (شتەكان لە دەرەوە)و (شتەكان لەناوەوە)، بەواتایەكی تر، هەوڵی جیاوازی دەدات لەنێوان جیهانی بوونو جیهانی بیردا. ئەم فەلسەفەیە دەیەوێت ژیریی مرۆڤ ڕزگار بكات لەو دوالیزمەیەو بگەڕێتەوە بۆ بوون وەك ئەوەی هەیە. ئەم فەلسەفەیەی بوونگەرایی هاوچەرخ، فەلسەفەی بوونگەرایی بابەتە گرنگەكانی وەك بوونو دڵەڕاوكێو بەرپرسیارێتیو ئازادیو كارو چارەنووسی مرۆڤ و هەڵوێستی دونیا لەخۆدەگرێت، ئەم كێشانە لە پرسیاری فەلسەفەوە، گۆڕان بۆ كێشە بنەڕەتییەكانی ناو كرۆكی ئەدەبو هونەر، لەو ماوە مێژووییە پووچگەراییەی جیهاندا بەتایبەتی مێژووی جیهانی خۆرئاوا. لێرەوە ڕەشبینی دەستیپێكردو كۆمەڵگاكانی دەربارەی چارەنووسی مرۆڤ هەژاند. بوونگەرایی، گرنگیپێدانی خۆی چڕدەكاتەوە لەسەر بوون بە پلەی یەكەم، بۆیە دەڵێت مرۆڤ پێویستە بژی پێش ئەوەی بە پرۆسەی عەقڵانیكردندا تێپەڕێت.[89]

ئەگەر سەرنجبدەین، نزیكیی لە هێڵی گشتیی فەلسەفەی بوونگەراییو یاخیبووندا هەیە، بەتایبەتی دەربارەی چارەنووسی مرۆڤ و خودی ژیانو كێشەكانی مرۆڤ و بابەتی ئەقڵانیبوون، بەڵام ڕەهەندەكانی هەریەك لەم ڕەوتە فەلسەفییانە بۆ چارەنووسی مرۆڤ و مەرگەساتەكانی ژیانو ئومێدو نائومێدیی، لەیەكتری جیاوازن، ئەگەر كاری فەلسەفەی بوونگەرایی چڕببێتەوە لە بێبەها سەیركردنی ژیانو وازهێنان لەوەی مرۆڤ دەتوانێت لێی دەربازببێت، ئەوا كاری یاخیبوون جەختكردنەوەیە لەسەر گۆڕانكارییو دروستكردنی ژیانێك، كە شایستەی مرۆڤەكان بێتو مرۆڤەكان بەتەواوەتی هەست بەچێژی ژیان بكەن، دەتوانین ئەوە بڵێین، یاخیبوون فەلسەفەی ژیاندۆستییەو دەیەوێت هەموو ئەو هۆكارانە تاقیبكاتەوە، كە مرۆڤ دەگەیەنێت بەو دۆخەی هەستدەكات جیهانی كۆیلەو ئاغاكان كۆتایی پێهاتووە، ئەوەی، كە بوونی ڕاستەقینەی هەیە لە فەلسەفەی یاخیبووندا، تەنها ژیانی شایستەی مرۆڤەكانو قۆناغی كۆتایی ناعەدالەتیو نایەكسانییە. ئەو فەلسەفە یاخیگەرانەی (كامۆ) بنەماكانی داڕشتبوو، ئەوەی لەسەر ئەدیبو هونەرمەندەكان پێویستدەكرد، كە وەك خەباتكەرێك دەربكەونو نابێت كارەكانیان لەبەرژەوەندیی حیزبدا بێت.

(ئەو لەبەرامبەر تیۆری بەرپرسیارێتیی سارتەرو ڕوانگەی ماركسیێتیی بۆ هونەرمەند، پەیوەندیو هاوخەمیی هونەرمەند لەگەڵ ستەمدیدەكانی، بەیەكێك لە تایبەتمەندییە حاشاهەڵنەگرەكانی هونەری هونەرمەند دەزانی. ئەو پێیوابوو هونەرمەندان لە هەلومەرجە تایبەتییەكاندا ناچارن وەك خەباتكەرێك دەربكەون، بەڵام لە مەیدانی سیاسەتدا نەیدەتوانی لەپێناوی بەرژەوەندیی حیزبدا بدوێت، نەیدەتوانی ڕێگەبدات بەشێوەیەكی گومانایی، سوود لە نووسینەكانی وەربگرن، چونكە ئەوەی بەخیانەتكردن لە هونەرو سوودوەرگرتنی ناڕەوا لە زمان دەزانی. چەندە هەستی بە كاریگەریی خیانەت بە هونەرو سوودوەرگرتنی ناڕەوا لە زمان كردووەو چەندەش لێرە بێزاربووە. گەورەترین

---

[88] ئەلبێر كامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢ :١٣_٢٠)

[89] شاهۆ سەعید، البعد الفلسفي للتبئير الروائي، (٢٠٠٦: ٤٥)

ئاواتی (کامۆ) لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ئەوە بووە، کە خۆی لە کەلکەڵەی ترسناکی سەرقاڵبوون بە جەدەلە سیاسییەکانەوە بەدووربگرێتو بەشێوازێك بنووسێت، کە خۆی پێی خۆشە).[٩٠]

بوونگەرایی، نامۆبوون بەهەند وەردەگرێتو بەڕوونی باس لەوە دەکات، کە ژیانو کێشەکان وا لە مرۆڤ دەکەن، نامۆبن بە خۆیانو نیشتیمانو تەنانەت لەگەڵ نیشتیمانو لەناو نیشتیمانیشدا، بەڵام ئەم دۆخە ناگۆڕێت بۆ یاخیبوونو شۆڕشکردن، بەڵکو زۆرجار وا لە مرۆڤەکە دەکات، وڵات بەجێبهێڵێتو دوورەپەرێز بژی، بەڵام هۆکارە ئابووریو سیاسیو دەروونییەکان ئەو هەستی نامۆبوونەی لەلا دروستدەکەن.[٩١]

دواجار هەموو فەلسەفەکان لەگەڵ هونەرو ئەدەبدا تێکەڵدەبن، سەرەڕای ئەوەی، لەکۆندا ئەو بۆچوونە باو بوو، کە ناکۆکیی لەنێوان هونەرو فەلسەفەدا هەیە "ئەستەمە زۆر پێ لەسەر ئەو بۆچوونە دێرینە دابگرین، کە دەڵێت ناکۆکی لەنێوان هونەرو فەلسەفەدا هەیە. ئەگەر بەباشی وردبینەوە، بێگومان بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم ناکۆکییە بەهەڵەداچوونە، بەڵام ئەگەر بەو واتایە لێکیبدەینەوە، کە هەریەکە لەم دوو سیستمە خاوەن فەزای تایبەت بەخۆیانن، ئەوا دەشێ ئەمە ڕاست بێت، بەڵام هێشتا تەمومژاوییە. تاکە بەڵگەیەك، کە مایەی قبوڵکردن بوو لەو ناکۆکییەدا ئەوە بوو گوایە فەیلەسووف لەناو سیستمەکەی خۆیدا قەتیس بووەو هونەرمەندیش لەبەردەم کارە هونەرییەکەیدا."[٩٢]

هەریەکە لەو ڕێبازە فەلسەفییانە، کاریگەریی گەورەیان لەسەر ئەدەب بەجێهێشتووە، بەجۆرێك چەندین ڕێبازو بزووتنەوەو گروپی ئەدەبیی گەورەو کاریگەر دەبینین لە جیهاندا، کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کەوتونەتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕەوتە فەلسەفییە دیارانەی سەدەی بیستەم لە ئەوروپا. ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە قووڵەوەیە، کە لەنێوان ئەدەبو هونەر لەلایەکو فەلسەفە لەلایەکی تردا هەیە. "هەڵە نییە، کە بڵێین تاڕادەیەك فەیلەسوف هونەرمەندە، لەبەرئەوەی ڕێکخستنی هەر ڕێبازو ڕێچکەیەکی فەلسەفیو داڕشتنی بونیادەکەیو گونجاندن لەنێوان لایەنە جیاوازەکانیدا، پێویستی بە لێهاتوویی هونەرمەند هەیە، هەرچەندە هێزی بیرکردنەوە لە فەیلەسوفدا زۆر بەهێزە لەچاو هونەرمەنداندا، لەبەرئەوەی فەیلەسوف پرسیار دەوروژێنێتو کێشەکان وەسفدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی مێژوو، فەیلەسوفەکان لەسەر مێژووی هونەر وەستاون، لەبەرئەوەی لە هەموو سەردەمەکاندا ژیانی گشتیی کۆمەڵگا لە بەرهەمە هونەرییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە."[٩٣]

بەهەمان شێوەی هونەر، فەلسەفە کاریگەرییەکی پلەبەندو هەڕەمەکییانە (عفوي)ی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە. (ئەدەب دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فەلسەفەوە وەك هەموو زانستەکانی تر، بەڵام ئەم کاریگەرییە، پلەبەندیی هەیەو هەڕەمەکییانە نییە. ئەدەب بەگشتیو شیعر بەتایبەتی، فەلسەفە بەکاردێنن لە درکپێکردنە گشتگیرییەکانداو لەڕێیەوە دەچنەناو کرۆکی شتەکانو پەیوەندییەکانی نێوانیان).[٩٤] بەتایبەتی کاتێك دەزانین ئەدەب بەتەنها کلێشەیەکی هونەریی

---

[90] ژێرمەن برێ، ئەلبێر کامۆ، و: عەتا نەهایی، (٢٠١٥: ١٠٢_١٠٣)

[91] محمد جدوع، الوجودية والأدب بين خيبة الأمان و ارادة الأجيال، (٢٠١٠: ٢٠٣_٢٠٤)

[92] ئەلبێر کامۆ، ئەفسانەی سیزیف، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٤: ١٦٣_١٦٤)

[93] خالد ابراهيم يوسف، من الأدب الفلسفي، (٢٠١٢: ٢٣)

[94] سەرچاوەی پێشوو، ٣٠

ڕووت نییە، بەڵکو لە جەوهەریدا گەلێك بابەتی مەعریفیو گەلێك پرسیاری ئاڵۆزو فرە ڕەهەندی هەڵگرتووەو دەبێت هەوڵبدەین بە دوای دۆزینەوەی پەیوەندیی دەقەکەدا بگەڕێین لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیدا.
(دەقی ئەدەبی، بەتەنها بونیادێکی داخراو و فۆڕمێکی هونەریی ڕووت نییە، بەڵکو تۆڕێکی گەورەیەو لە پرسە مەعریفییەکان پێکهاتووە، کە ڕاستەوخۆ توانای بەخشینی نییە، بەڵکو دەبێت لە دەقەکەی دابڕیو دەقیش خۆی لەخۆیدا بوونێکی جێگیرو کۆتایی نییە. ئەمەش نایەتەدی، تەنها لەڕێی دەرخستنی پەیوەندییەکانییەوە نەبێت لەگەڵ دەقەکانی تردا، بۆ ئەمەش پێویستە چەندین خوێندنەوە بۆ دەقەکە بکرێت).[٩٥]

## یاخیبوون لای کورد

لەبەرئەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو کەمترین دەرفەتی بوون بەدەسەڵاتو دەوڵەتی بۆ هەڵکەوتووەو ئەزموونەکانی حوکمڕانیی ناوخۆیی کورد جگەلە دەسەڵاتی (مادەکان)، کە نزیکەی سەدەو نیوێکی خایاندووە، حوکمڕانیی میرنشینە کوردییەکانیش ماوەی دەسەڵاتیان زۆر بووە، بەڵام پەرتەوازە بوونو کێشەی ناوخۆییان زۆربووە، ئەزموونەکانی تری حوکمڕانیی کورد، کورتو کەمخایەن بوون، هەربۆیە نموونەی یاخیبوونی سیاسیی کوردی لەناوخۆی حوکمڕانیی کوردیدا جگەلە نارەزایەتی، کەمو بێ کاریگەر بەرچاودەکەون.

بەوپێیەی کورد لەلایەن دوژمنەکانیەوە ژێردەستە کراوەو خاکەکەی داگیرکراوە، لەمێژوودا زۆرترین ڕاپەڕینی سیاسیو شۆڕشی چەکداریی گەورە بوونیان هەیە، بەڵام ئەو جۆرە ڕاپەڕینو شۆڕشانە ناچنە خانەی یاخیبوونەوە، چونکە بەتەواوەتی هەڵگری تایبەتمەندێتیو خاسیەتی شۆڕشو ڕاپەڕین نین وەك هەر شۆڕشو ڕاپەڕینێکی تر لە مێژوودا.

لەڕووی یاخیبوونی چینایەتییەوە، کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی سروشتی، وەك کۆمەڵگاکانی تر گەشەینەسەندووە، واتا هەموو قۆناغەکانی کۆمەڵی سەرەتاییو دەرەبەگایەتیو سەرمایەداری نەبڕیوە، تا بەریەککەوتنی گەورەی مێژوویی تێدا بێت، هەرچەندە ململانێی نێوان جوتیارو دەرەبەگ بەشێکی دیاری ململانێکانی کۆمەڵگای کوردین، لەمڕووەشەوە گەلێك دەقی ئەدەبیی گرنگ هەن، وێنەی ئەو واقیعی ململانێیەمان پیشاندەدەن، بەڵام لەڕووی ئاینییەوە، لە هەندێك دەقی ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی لای (بابە تاهیری هەمەدانیو مەلا پەرێشانو دواتریش لای ئەحمەدی خانی) بەرچاودەکەون، کە هەڵگری تایبەتمەندێتیی یاخیبوونی ئایینی بن، یاخود لایەنیکەم جۆرێك لە تێڕوانینی نوێ دەربارەی بەها ئایینییەکان دەخەنەڕوو.

لەبواری ئەدەبو لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، دەبێت لەسەر چەند وێستگەیەکی دیارو کاریگەر بوەستین، کە دەکرێت وەك وێنەی یاخیبوون، یاخود ڕەتکردنەوە سەیربکرێن. بۆ نموونە ئەزموونی شیعری (نالی)، سەرەڕای داهێنانە گەورەکەی، جۆرێکە لە ڕەتکردنەوەیەکی یاخیبووانە دژی دۆخی باوی نووسینو بیرکردنەوەی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگای کوردی، بەهەموو پێوانەکانی یاخیبوون، ئەوەی (نالی) کردوویەتی، یاخیبوونە. نامانەوێت لێرەدا دەربارەی ئەزموونی شیعریی (نالی) بدوێینو ڕەهەندەکانی یاخیبوون لەشیعرەکانیدا بخەینەڕوو.

---

95 بیار ماشيري، بم يفكر الأدب؟ (تطبيقات في الفلسفة الأدبية)، ت: جوزيف شريم، (٢٠٠٩: ١٥)

دەکرێت شیعرە بەناوبانگەکەی (نالی)، کە باس لە زمانی نووسینی شیعرەکانی دەکات، وەك یەکەم بانگەوازی ڕەخنەیی لای (نالی) وێنابکرێت:

**تەبعی شەکەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆیە، مەقصودە لە عەمدا وا دەکا**
**با لەمەیدانی فەصاحەتدا بەمیثلی شەه سوار**
**بێ تەئەممول بەو هەمو نەوعە زوبانی ڕادەکا**
**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە خۆ کردییە**
**هەر کەسێك نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا**[96]

لەدوای (نالی)، وێستگەیەکی تر هەیە، ئەویش (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە. ئەزموونی شیعریی (شێخ ڕەزا)، بەپێی بنەماکانی یاخیبوون، بەتەواوی ناچێتەناو چوارچێوەی یاخیبوونەوە، هەرچەندە هەندێك ئەم ئەزموونەی شاعیر وەك یاخیبوون سەیردەکەن، بەڵام ئەزموونەکەی ئەو زیاتر دەچێتە چوارچێوەی (لادان)ەوە.

زیاتر شیعری ئەو دەربارەی ڕەتکردنەوەی ئەو دۆخە باوەیە، کە واقیعی کۆمەڵایەتیی سەردەمەکەی‌و خزم‌و کەسوکارو دۆستەکانی بۆیان دروستکردووە. "د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت: ئەم شاعیرە تاقە نموونەی هەجوی سەختە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، بەشی زۆری شیعرەکانی ئەوانەن کە هەجوی ئەو کەسانەن ژیان تێکدەدەن هەروەها کەسوکارو خزمەکانیشی لە شێخی تەریقەت‌و موڵکیان لێداگیرکردووەو سوڵتانی عوسمانی موڵکی پێ بەخشیون لای ئەو وایە کە ئەوانیش لەژێر پەردەی ئایندا خەڵك تەفرە دەدەن‌و سەریان بۆ سوڵتان شۆڕدەکەن."[97]

دوای (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)، پێویستە لەسەر ئەزموونی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بوەستین، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان نوێکردنەوە وەك پرۆسەیەك دژی کۆن‌و سەرەتایەك بۆ دونیایەکی نوێ لەگەڵ یاخیبووندا، واتە دەگونجێت ڕەگەزەکانی یاخیبوون لەناو نوێکردنەوەی شیعردا بدۆزینەوە.

ئەدۆنیس دەڵێت: "هێمای نوێگەریی لە هەر بەرهەمێکی شیعریدا بریتییە لەو داهێنانەی کە لە بەرهەمەکانی ڕابوردووی جوێ دەکاتەوە، هەروەها لەڕێی زەنگین کردنی ئێستاو داهاتووشەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت... هەموو ئەفڕاندنێك لەخۆیدا بریتییە لە خوڵقاندنی جیهانێکی تازەو شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە کە جیهانی تایبەتی خۆیمان پێشکەش دەکات، نەك ڕستێك لە دیدو بۆچوون‌و زەخرەفەسازیمان بخاتە بەردەست."[98]

ئەگەر سەرنج لە ئەزموونی شیعریی (گۆران) بدەین، ڕاستە گۆڕانکاری لە شیعری کوردیدا دروستکرد، بەڵام بەتەواوەتی نەیتوانیوە جیهانبینیی شیعری کوردی لە قۆناغەکەدا بگۆڕێت "ڕاستە گۆران نەهات بەهەمان شێوەی کۆن بنوسێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانی قووڵی بەسەر جیهانبینیی شیعریدا نەهێنا. نەیتوانی لە کۆمەڵ جیابێتەوە بەرەو

---

96 مەلا عبدالکریمی مودەریس‌و فاتیح عبدالکریم، دیوانی نالی، (١٣٨٠: ١٠٦_ ١٠٧)

97 محەمەد ئەحمەد سەعید، ڕۆڤار، ژمارە (٥٣)، (ب.م)، (٤٠)

98 عەلی تاهیر بەرزنجی، کاریگەریی ڕوانگە لەنوێگەریی شیعری کوردیدا، (٢٠٠٨: ١٣)

ناخی خۆی شۆڕبێتەوە_ناتەبایی لەگەڵ کۆمەڵ_بەڵکو هاوتەبا بوو، بەمەش پرۆسەی شیعر نووسین لای گۆرانو نەوەی گۆران دەتوانین بڵێین بریتی بوو لە (ئاگایی) سروشت."[99]

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە، وردە وردە بەهۆی کاریگەریی فەلسەفە نوێیەکانی خۆرئاوا لەسەر ئەدیبو نووسەرانی کوردو بارودۆخی سیاسیی ناوچەکەو سەرهەڵدانی گروپو بزوتنەوەی هزریو فەلسەفیو ئەدەبی لەناوچەکەدا، دیاردەی یاخیبوون لە ئەدەبی کوردیدا پەرەیسەند، بەتایبەتی لە سەردەمی بزوتنەوەی ڕوانگە بەدواوە. ئیتر ئەدیبو نووسەرەکان بەڕوونی لایان لەم دیاردە ئەدەبییە کەلتوورییە کۆمەلأیەتییە گرنگە کردووەتەوە، "یاخیبوون لەبەیاننامەو دەقی ئەدەبی نووسەرانی هەردوو بزووتنەوەی (ڕوانگەو کفری)دا بەئاشکرا دەردەکەوێت. ئەو یاخیبوونە لای ئەدیبانی هەردوو بزووتنەوەکە چوون یەك نییەو جیاوازە. لەلای هەندێکیان زۆر بەتوندی هەموو شتێکی ڕابوردوو ڕەتدەکەنەوەو هەندێکی تریان یاخیبوونەکەیان ڕەتکردنەوەی ڕەها نییە، بەڵکو جۆرێکە لە بەرەنگاربوونەوەی توند دژی سیستەمە باوە سیاسیو کۆمەلأیەتییەکەی ناو کۆمەڵگا."[100]

(یاخیبوونی ڕوانگەییەکان بەمشێوەیە بووە:

١. یاخیبوونی کۆمەلأیەتی: ئەمەش بەسەر دوو لقدا دابەشدەبێت.

أ. دژی دەسەلأتی ئایینی.

ب. دژی دابونەریتەکانی ناو کۆمەڵگاو شتی کۆن.

٢. یاخیبوون دژی دەسەلأتی سیاسی.

یاخیبوونی گروپی کفری، یاخیبوونێکی ئەدەبییەو کەمتر دەچێتەناو یاخیبوون لە بابەتی سیاسیو کۆمەلأیەتی، هەرچەندە ئەوان یاخیبوونی خۆیان وەك تاقیکردنەوەیەکی بچووکی شۆڕشگێڕانە دادەنێنو پێیانوایە یاخیبوونیان لەناو بەرهەمو بوونو ژیانو کیانیاندا ڕەنگی داوەتەوەو بە ئاشکراش ئەم یاخیبوونە بەدەقەکانیانەوە دیارە."[101] لەکاتێکدا "شاعیرانی ڕوانگە ئەرکی دروستکردنی کەونێکی ڕێكو پێکیان لەئەستۆی خۆ گرتبوو. هەروەها تەئکیدیان لەسەر یاساکانی ماناو_بوون_ دەکردو دەیاننووسینەوە بۆ ڕووداوە ڕێکوپێکەکان دەگەڕانەوە."[102]

(پرۆسەی ئاگایی لای شاعیرانی ڕوانگە گۆڕا بۆ ئاگایی ئایدۆلۆژیا، کەواتە شاعیرانی ڕوانگە شیعریان کردە زمانحاڵی ئایدۆلۆژیا وەك سیستەمێکی سانتوری کاری تێدا دەکرد. بیرکردنەوەی شاعیریش بیرکردنەوەیەکی مەبەستدار بوو، بیرکردنەوەیەکی ئایدۆلۆژیانە بووە لە ئاژاوەو کێشمەکێشمی دەرەوەی دەسەلأت_مێژوو بەرەو ئاژاوەو کێشمەکێشمی

---

[99] عبدول موتەلب عبدوڵلاّ، یاخیبوون لەشیعری کوردیدا، گۆڤاری سبەی، ژمارە (٢)، پاییزی (١٩٩٣: ١٢)

[100] ئەحمەد میرە، کاریگەریی بزوتنەوە ڕۆشنبیریو ئەدەبییەکان.....، (٢٠١٢: ١١٠_١١١)

[101] سەرچاوەی پێشوو، ١١١

[102] عبدول موتەلیب عبدوڵلاّ، یاخیبوون لەشیعری کوردیدا، گۆڤاری سبەی، ژمارە (٢)، پاییزی (١٩٩٣: ١٢)

ناوەوەی_واقیع_ شۆڕەبووەوە_ هەڵچوونی ڕووبەڕووبوونەوەی لەناوچوون سەرتاپای هەڵچوونی ناوەوەی _کۆنەپەرستی_ داگیردەکرد.[١٠٣]

لەم قۆناغە بەدواوە، یاخیبوون بووە یەکێك لە خاسیەتە دیارەکانی ئەدەبی کوردی بەگشتیو شیعری کوردی بەتایبەتی. بەجۆرێك یاخیبوون تەنها بە موڵکی نووسەرە پیاوەکان نەمایەوە، بەڵکو ژنە نووسەرانی کوردیش لەم بوارەدا ڕۆڵی گەورەیان گێڕا، بۆ نموونە (شێرکۆ بێکەس) لەوەسفی ژنە نووسەری یاخی کورد، (ئەحلام مەنسوور)دا دەنووسێت:

**لە (نەوال)ەوە جەستەی خۆی باشتر ناسی، لە**
**(سیمون دی بۆڤوار)ەوە، بازنەکانی یاخیبوون**
**گەورەتر بوون. چووە سەر شەقامی (پیاو)و**
**پرچەکانی کرد بە ئاڵا. چووە سەر مزگەوتەکانو**
**یەخەی دابو نەریتی گرت،**
**یەخەی منارەی شاری گرت، یەخەی یەکڕەنگیو**
**یەکدەنگیو بێدەنگی گرت، جیاوازییەکانی ماچکرد**
**...............................................**
**...............................................**
**ژنێ لە حیلەی یاخیبوون**
**حیلە لە دەنگی بوێر**
**لە تێکشکانی قەدەغەو**
**لە بەزاندنی سنورەکانی حەرامو**
**لە یەکگرتنەوەی شەقامو ئازادی ژن**[١٠٤]

لەڕووی سیاسییەوە ئەزموونی ئەدەبی کوردی، زیاتر خۆی لە ئەدەبی بەرەنگاریدا دەبینێتەوە دژی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان، هەرچەندە ئەدەبی بەرگریش، خاڵی نییە لە ڕەگەزو بەهاکانی یاخیبوون، چونکە هیچ پرۆسەیەکی بەرەنگاری بە بێ بوونی یاخیبوون ئەنجامنادرێتو بوونی نابێت، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە باشوری کوردستان، ئەرکی ئەدەب وەکو سەرجەم کایەکانی تری ناو دونیای ڕۆشنبیریی کوردی، گۆڕانی بەسەردا هاتو گروپو ڕەوتی نوێ دروستبوون، کە دژی واقیعی سیاسیی چەسپاوی ناوخۆی باشوری کوردستان وەستانەوەو وەك خۆی قبوڵیاننەکرد، تەنانەت نووسەرو ئەدیبەکانیش لەڕێی دەقەکانیانەوە ناڕەزایەتیی خۆیان لەو بارودۆخە خستەڕوو. قۆناغ دوای قۆناغ ئەم دۆخی ناڕەزایەتییە گەشەیسەند، تاوەکو بووە دیاردەیەکی دیار لەناو ئەدەبی کوردیدا، دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی (شێرکۆ بێکەس)، ترۆپکی ئەو یاخیبوونە سیاسییە نوێیەیە، کە پێشتر بوونی نەبووە.

---

103 عبدول موتەلیب عبدوڵڵا، یاخیبوون لەشیعری کوردیدا، گۆڤاری سبەی، ژمارە (٢)، پاییزی (١٩٩٣: ١٢)

104 شێرکۆ بێکەس، ژنێ لە حیلەی یاخیبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٩٠)، (ب.م)، (٨_٩)

## چەمکی دیاردەناسی پەیوەست بە یاخیبوون و ئەدەبەوە

## چەمکی دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا)

لەبەرئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەربارەی یاخیبوون وەك دیاردەیەك لە دیاردەکانی ناو ئەدەب کاردەکەین، پێویستە چەمکی دیاردەناسیو چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەم چەمکەو گەشەکردنی لەناو دونیای ئەدەبو فەلسەفەدا بخەینەڕوو و کاری لەسەر بکەین.

فینۆمینۆلۆژی لە زمانی عەرەبیدا، لە کۆنەوە زاراوەی (الظاهراتیة)ی بۆ بەکارهێنراوەو لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا شوێنی خۆی گرتووە، لەزمانی ئینگلیزیدا (phenomenology)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەلاّم لە زمانی کوردیدا بە چەند جۆرێکی جیاواز و نزیك لەیەك زاراوەکانی (دیاردە، دیاردەناسی، دیاردەگەرایی) بۆ بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە کەمێك ئەم زاراوانە لە چەمکی (فینۆمینۆلۆژیا)وە نزیکن، بەلاّم بەتەواوەتی ناتوانن کرۆکی چەمکەکە وەك چەمکێکی فەلسەفیی قووڵ بخەنەڕوو، هۆکارەکەشی ئەوەیە "ئەم چەمکە لەسەر بنچینەی نەریتو مێژوویەکی فەلسەفیو بیرکردنەوەی فەلسەفی درێژخایەن دروست بووە کە لە (کانت)ەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە (هیگڵو هۆسرەلو مێرلۆپۆنتیو سارتەر)و ئەم پێشینەو ئەم نەریتە فەلسەفییە نە لەلای کوردو نە لەلای میللەتانی ڕۆژهەلاّت نییە هەربۆیە ئەستەمە بەرانبەرێکی دروستو پڕاوپڕ بدۆزرێتەوە."[١٠٥]

زاراوەی (فینۆمینۆلۆژیا) لە دوو بەش پێکهاتووە، وشەکە لەبنەڕەتدا یۆنانییە، بۆ شتێك دادەنرێت، کە خۆی دەردەخاتو بوونی ئاشکرا بووەو ئێمەش ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەزموونی هەستەکیەوە دەیناسینو پێویست ناکات بیر لە بوونی بکەینەوە، وەك لە (کتێبەکانی سەر مێزەکەم، کتێبەکانو مێزەکە) فینۆمینە، واتە دیاردەنو من دەیانبینم، ئەو پرسیارەش لەخۆم ناکەم، کە کتێبەکانو مێزەکە هەن، یان نا.

وشەی (فینۆمینەن) لە زمانی یۆنانیدا بەرانبەر بە وشەی (فینۆمینەن)، کە ناوێکی تاکەو (فینۆمینە)، کە ناوێکی کۆیە لە زمانی ئینگلیزیدا، دادەنرێت، وشەی (فینۆمینە) واتای (دیاردە) دەگەیەنێت، دژی وشەی (نۆمینە)، کە واتای شتێکی ناو بیرکردنەوە دەگەیەنێتو پەیوەندیی بە ئەزموونی هەستەکییەوە نییە. بەشی دووەمی چەمکەکە (لۆجی_لۆگی_لۆگۆس)ە، ئەم وشەیەش لە زمانی یۆنانیدا چەند واتایەکی هەیە، فەیلەسوفە یۆنانییەکان لە (هیراکلیست)ەوە بۆ (ئەرستۆ)، جیاواز باسیانکردووە، بەلاّم لێرەدا بە واتای (گوتار، لێکۆڵینەوە، یان زانست) بەکارهاتووە. (فینۆمینۆلۆژی) وەکو وشەیەکی لێکدراو دەبێت بە زانستی فینۆمینە واتا زانستی دیاردەکان.[١٠٦]

"فینۆمینۆلۆژی لەڕووی زمانەوانیو زاراوەییەوە، ئەو واقیعە دەرەکییە دەگرێتەوە، کە کار لە هەستەکان دەکات، وەك دیاردە فیزیاییو کیمیاییەکان، هەروەها ئەو واقیعە دەروونییە دەگرێتەوە، کە لە شعورەوە درکی پێدەکرێت وەك دیاردەکانی هەڵچوونو دیاردەکانی ئیرادەگەرایی، بەلاّم لەڕووی فەلسەفییەوە ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە پرۆسەی درککردندا خۆبەخۆ ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە."[١٠٧]

---

105 موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، (٢٠١٢: ٢٠٥)

106 محمد کمال، فینۆمینۆلۆژی، (٢٠١٣: ١٠_١١)

107 نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتییەکان، (٢٠١٥: ٢٣٧)

فینۆمینۆلۆژی قوتابخانەیەکی فەلسەفیی نوێیە، پشت بە شارەزایی هەستو شعور دەبەستێت بۆ ناسینی دیاردەکانو شتەکان. بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکو ماهیەتی ئەو دیاردانە. (ئەفلاتون) ئەم وشەیەی بۆ جیاکردنەوەی دیاردە هەستپێکراوەکانی ناو دونیای ماتریاڵ لە حەقیقەتە ئەقڵییەکان بەکارهێناوەو لەسەدەی هەژدەیەمدا فەیلەسوفی ئەڵمانی، (یوحەننا هێنری لامبرت)و لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا (کانتو هیگڵ) وشەی (phenomona) یان بەکارهێناوە بەواتای (دیاردەکان)، بۆ نموونە یەکێك لە کتێبە بەناوبانگەکانی (هیگڵ) بەناوی (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح)ەوەیە.[١٠٨]

ئەم نەریتە فەلسەفییە لەسەر پێکهاتەیەکی زمانەوانیی پوختە دروستبووە، کە بەم جۆرەیە:

مەبەست لە (فینۆمین)، ئەو شتەیە، کە لەناو زەمانو شوێندا لەڕێگای ئاگاییەوە هەستی پێدەکرێت، ئەمەش لای (کانت) بە نوومێن (Noumene) ناودەبرێت، کە وەك حەقیقەتێك بەرانبەر بە دیاردە، یان واقیع دەوەستێتەوە[١٠٩].

فینۆمینۆلۆژیا لەناو دونیای فەلسەفەدا گەشەیکردو لەناو مێژوو و مەعریفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە، بەجۆرێك لە ئێستادا لەناوەندە مەعریفییەکاندا ئێجگار بەربڵاوو کاریگەرە، تا ئەو ڕادەیەی، ئامادەبوونی بەردەوامی هەیە لە ڕەوتی ڕۆشنبیریی قۆناغی مۆدێرنێتەو دوای مۆدێرنێتەدا، بەجۆرێك زۆرێك لە فەیلەسوفانی بوونگەرایی‌و هەڵوەشاندنەوە، سوودیان لە فینۆمینۆلۆژیا وەرگرتووەو لە کارە فەلسەفییەکانیاندا پشتیان پێبەستووە. تا ئێستاش هێڵی گشتیی فینۆمینۆلۆژیا لەناوەندی هزری‌و ڕەخنەیی جیهانیدا بوونی هەیەو کارییپێدەکرێت، بەڵام دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان بەکارهێنانی زاراوەی فینۆمینۆلۆژیا لەنێوان فەلسەفەی کۆنو نوێدا، واتە جیاوازیی قووڵ هەیە لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەنێوان فەیلەسوفێکی وەك (ئەفلاتون)و فەیلەسوفەکانی تری وەك (هنری لامبرتو کانتو هوسرڵ)دا، هەر یەکە لەو فەیلەسوفانە بەجۆرێکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ زاراوەکەدا کردووە، هەم لەڕووی زمانەوانی‌و هەم لەڕووی بەکارهێنانە فەلسەفییەکەیەوە.[١١٠]

توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، زاراوەی (فینۆمینۆلۆژی)، یەکەمجار (لامبرت) ساڵی (١٧٦٤) بەکاریهێناوەو دواتر (کانت) لە ساڵی (١٧٨٦)، (هیگڵ) لە ساڵی ١٨٠٧، (هامیلتەن) لەساڵی (١٨٤٠)، (ئیدوار فون هارتمان) لە ساڵی ١٨٧٩، بەڵام یەکەمین فەیلەسوف، کە مامەڵەی لەگەڵ (فینۆمینۆلۆژی)دا کردووە وەك میتۆدێکی هزری، (ئەدمۆند هوسرڵ ١٨٥٩_١٩٣٨)یە، دواتریش بوونگەراکان لە کارە فەلسەفییەکانیاندا (فینۆمینۆلۆژی)یان بەکارهێناوە. (هوسرل) فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (توێژینەوە لۆژیکییەکان) لەساڵی (١٩٠٠) خستووەتەڕوو، کە دیدگا فەلسەفییەکانی خۆی دەربارەی شتەکان باسکردووەو گەڕاوەتەوە بۆ ناو شتەکانو دەرکەوتنیانی لە هۆشیاریی مرۆڤدا ڕوونکردووەتەوە.

(هوسرل لە وتارێکیدا دەربارەی دیاردەناسی، کە ئەنسکلۆپیدیای بەریتانی، بڵاویکردووەتەوە، باس لەوە دەکات، دیاردەناسی ڕەگو ڕیشەیەکی لە فەلسەفەی کۆندا هەیەو بەتایبەتی لەلای فەیلەسوفانی یۆنانیی کۆن، ئەمە بەو واتایە نایەت، کە فەلسەفەی دیاردەناسی، لەئەنجامی گەشەو بەرەوپێشەوەچوونی فەلسەفەی یۆنانیی کۆنەوە سەریهەڵدابێت،

---

108 نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتییەکان، (٢٠١٥: ٢٣٧)

109 موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، (٢٠١٢: ٢٠٥)

110 شاهۆ سەعید، البعد الفلسفی للتبئیر الروائي، (٢٠٠٦: ٤٣)

هێندەی بەو واتایە دێت، فەیلەسوفانی یۆنانیی کۆن، میتۆدیکیان بەکارهێناوە، کە نزیکایەتی لەگەڵ میتۆدی فەلسەفەی دیاردەناسیدا هەیە، بەبێ ئەوەی باسی ئەو میتۆدە بکەن، بەتایبەتی بوون (الوجود) کرۆکی فەلسەفەی یۆنانیی کۆنە).[111]

"فینۆمینۆلۆژیا وەك تیۆری‌و میتۆدێك، کە لە دیاردەو ماهییەت (جەوهەرو ناوەخن) دەکۆڵێتەوە، لەبواری فەلسەفەدا کاریگەریی خۆی لە فەلسەفەی مێژووی ئەوروپادا هەبووە، ئەم کاریگەرییەش، لەگەڵ زیادبوونی ئاڕاستەکانی توێژینەوە فەلسەفییە فینۆمینۆلۆژییەکاندا زیادیکردووە."[112]

لێکۆڵەران پێیانوایە، کە زاراوەی فینۆمینۆلۆژی گوزارشتە لەزانستو کارکردنە لەسەر سیستەم لە ناوەندە زانستییەکاندا، هەروەها میتۆدو هەڵوێستە دەربارەی هزری فەلسەفی، چونکە بەڕای دیاردەگەراکان، هزری مرۆڤایەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەهۆی پشتگوێخستنی زانستەوە، تووشی چەقبەستوویی بووە، هەربۆیەش، هوسرل دەیویست هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان هزرو جیهاندا لەڕێگای بیناکردنێکی باڵا بۆ هۆشیاریی مرۆڤ.[113]

گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە بۆ بەکارهێنانی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی، پێویست ناکات دوای فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی بکەوین‌و باوەڕمان بە فینۆمینۆلۆژیی بەرز هەبێت، بیریارە بوونگەراکان وەك (هایدگەرو سارتەرو میرلۆپۆنتی)، پەیڕەوی میتۆدی (فینۆمینۆلۆژی) دەکەن، بەڵام فینۆمینۆلۆژیی بەرز ڕەتدەکەنەوە، هەرچەندە فینۆمینۆلۆژی، کاریگەریی گەورەی لەسەر دەرکەوتنی فەلسەفە نوێیەکانی سەدەی بیستەم لە ئەوروپا هەبووە، واتە "ئەم فەلسەفەیە ڕۆڵێکی ئاشکرای گێڕاوە لە دەرکەوتنی فەلسەفەی بوونگەرایی نوێ، کە بابەتەکانی بوون‌و دڵەڕاوکێ‌و بەرپرسیارێتی‌و ئازادی‌و کارو چارەنووسی مرۆڤ و هەڵوێستی بەرانبەر بە جیهان لەخۆدەگرن، چونکە ئەم کێشانە گۆڕانیان بەسەردا هات، بەجۆرێك لەبابەتی پرسیارە فەلسەفییەکانەوە گۆڕان بۆ بابەت گەلی گرنگ لە کرۆکی ئەدەبدا بەتایبەتی لە قۆناغی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی لە ئەوروپا، کە نائومیدی تەشەنەیسەندبوو و شارستانیەت بەهۆی جەنگەوە لە لەناوچوون نزیکبووبووەوە."[114]

**دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا) پەیوەست بە دیاردەی یاخیبوون‌و ئەدەبەوە**

فینۆمینۆلۆژی زانستێکە کار لەسەر هۆشمەندیی مرۆڤ دەکات، ئەو هۆشمەندییەی کار لەسەر شتەکان‌و خودی مرۆڤ دەکات، هەر ئەم دۆخەشە وا لە توێژەران دەکات، بەراورد لەنێوان بۆچوونە فەلسەفییەکانی (کانت‌و هوسرل)دا بکەن، چونکە هەردووکیان لە پرۆسەی گەڕان بەدوای (زانین)دا هاوبەشن. هەرچەندە کانت بەدرێژایی کتێبەکەی (ڕەخنەگرتن لە ژیریی پەتی) زاراوەی (فینۆمینۆلۆژی) بەکارنەهێناوە، بەڵام لەکارەکانی تریدا وەك بنەمای یەکەمی میتافیزیکیی بۆ زانستی سروشتی، بەکاریهێناوە. توێژینەوەی جوڵەکانە لەڕێگەی دونیابینیی چاودێریکردندا، ئەمەش بەتەواوەتی لە مەبەست‌و کرۆکی فەلسەفەی (هوسرل) دوورە، لەبەرئەوەی (کانت) پێیوایە، ئەوەی ئەو بەکاریهێناوە،

---

111 شاهۆ سەعید، البعد الفلسفی للتبئیر الروائي، (٢٠٠٦: ٤٤)

112 ئازاد حەمە، فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی، یان پاتوچکە، (٢٠١٠: ١١)

113 یادگار لطیف الشهرزوري، الظاهراتیة والنقد الأدبي، (٢٠١٥: ١٥)

114 شاهۆ سەعید، البعد الفلسفی للتبئیر الروائي، (٢٠٠٦: ٣٥)

میتۆدی (فینۆمینۆلۆژی) نییە، بەڵکو (ترانسند نتال) Transcendentalism فلسفة متعالية "ئەو فەلسەفەیەی پێیوایە زانست لە چوارچێوەی شارەزاییو تێبینیداندا قەتیسناکرێتو پێچەوانەی فەلسەفەی ئەزموونییە، کە جەختدەکاتەوە لەسەر شارەزایی. ئەم فەلسەفەیە لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا کاریگەریی گەورەی هەبووە، دەکرێت ئەم فەلسەفەیە وەك بەشێك لە فەلسەفەی (ئەفلاتونی نوێ) سەیربکرێت، بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی ئەم فەلسەفەیە، کتێبی (ڕەخنەگرتن لە عەقڵی پەتی)ی (کانت)ە، کە ساڵی (١٧٨١)ز نووسیویەتی، دواتر ئەم فەلسەفەیە بووە بزووتنەوەیەکی دیاری فەلسەفیو ئایینیو کۆمەڵایەتیی گەورە لەدونیادا، لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا گەیشتە لوتکەو (رالف والدو ئیرمون) بەڕێبەری دیاری ئەم فەلسەفەیە دادەنرێت. ئەو وتی: مرۆڤ دەتوانێت فێربێت، لەڕێگەی تێبینیو زانستەوە."[115]

خاڵی سەرەکی لە میتۆدی (فینۆمینۆلۆژی)دا ئەوەیە، کە نابێت دۆگمایانە شوێنی ئەو بیروباوەڕە سەپێنراوانە بکەوین، کە لە کۆمەڵگاکاندا بۆ مرۆڤ دیاریکراون، چونکە دەبنەهۆی ئەوەی مرۆڤ نەتوانێت بە ئازادیو بێلایەنانە لە ڕاستییەکان بگات "واتە شوێن دۆگماکان نەکەوێت یان پشت بە هیچ پێشبیرو پێشبڕیارێك نەبەستێت. ئەمە یەکەم قۆناغی میتۆدی فینۆمینۆلۆژییەو (هوسرڵ) بەڕادەیەك لەژێر کاریگەریی دیکارت (١٥٩٦_١٦٥٠)دا بۆ سەرەتاکەی هەڵبژاردووە."[116]

(دیکارت) لە میتۆدەکەیدا گومان لە هەموو جۆرو زانینو بیروباوەڕێك دەکات، کە لەیەکەم ڕۆژی پەیدابوونیەوە لەلای کۆبوونەتەوە، لە سەرەتایەکی نوێوە دەیەوێت بەڕاستی بگات. هەمانکات جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان بۆچوونی (هوسرڵ)و (دیکارت)دا هەیە. (دیکارت) گومان لە دروستیی زانینو بیروباوەڕەکانی دەکاتو ڕەتیاندەکاتەوە. (هوسرڵ) لە گوماندا ناژیو ڕەتی (دۆگما) ناداتەوە، بەڵکو ڕایاندەگرێت، یان هەڵیاندەواسێتو نایەوێت بۆ ناسینی ناوەڕۆکی دیاردەکە بەسەر تێگەیشتنەوە کاری تێبکەن."[117]

"لێکۆڵینەوەکەمان دەبێت لە پێشبیرە میتافیزیکییەکان، زانستیو سایکۆلۆژییەکان ڕزگاربکرێن، دەکرێت بەبێ کاریگەرێتی بەسەریانەوە، ئاماژە بۆ هەندێك سەرچاوە بکرێت، بەڵام نابێت مۆرکی بەسەر شیکردنەوەکەوە هەبێت. بەگشتی خۆڕزگارکردن لە پێشبیرەکان لەم خاڵانەدا کۆدەبێتەوە:

یەکەم: خۆڕزگارکردن لە دەسەڵات.

دووەم: خۆڕزگارکردن لە نەریتی باو.

سێیەم: خۆڕزگارکردن لە زانستی باو.

چوارەم: خۆڕزگارکردن لە بیردۆزەو بۆچوونە دامەزراوەکان."[118]

---

[115] بڕوانە: يوسف سليم سلام، الفينومينولوجيا_ المنطق عند أدمون هسرل، (٢٠٠٧)

[116] سەرچاوەی پێشوو

[117] محمد کەمال، فینۆمینۆلۆژی، (٢٠١٣: ٦٢_٦٣)

[118] سەرچاوەی پێشوو، ٦٤

فینۆمینۆلۆژی هەوڵدەدات، خاڵی بەیەکگەیشتن لەنێوان (ئایدیالیزم)و (ماتریالیزم)دا دروستبکات، بەهەمان شێوە دەیەوێت گونجانێك لەنێوان خودو بابەتدا دروستبکات. لێرەدا شعور لە یەك کاتدا هەم خودەو هەم بابەت. (هوسرڵ) دەیەوێت لە میانی فەلسەفەی دیاردەگەراییو لەڕێگەی بیرۆکەی مەبەستگەرایییەوە، ململانێو ناکۆکیی نێوان ڕەوتی ئەقڵانیو ماتریاڵی لەلایەكو ئایدیالیزمو میتافیزیکیی لەلایەکی تر نەهێڵێت. بنەمای ئەم میتۆدە، لە وتە ناودارەکەی (دیکارت)ەوە سەرچاوەدەگرێت، کە بە (کۆجیتۆی دیکارت) ناسراوە (من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم)، بەڵام (هوسرڵ) ڕەهەندێکی نوێی پێبەخشیو ناوینا (کۆجیتاتۆم)، من بیر لە شتێك دەکەمەوە، کەواتە خودی بیرکەرەوەی من بوونی هەیە، لێرەدا هوسرڵ بابەتی ماتریاڵو بیر، کە ئایدیاڵە، پێکەوە کۆدەکاتەوە.[119]

"فینۆمینۆلۆژیا کاتێك لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا کاردەکات، دونیابینیو میتۆدەکەی لەسەر یەکتر نزیککردنەوەی شارەزایی ژیانە لەناو دەقدا. کاتێك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، چ وەك نووسەر، چ وەك خوێنەر. ئەو هۆشیارییە، کە دەقەکە دروستدەکاتو لەگەڵ ئەو هۆشیارییەی لە دەقەکەوە بەرهەمدێت، ئەنجامی کردەیەکی یەکگرتوی هۆشیاریی خۆیەتی. مرۆڤی بیرکەرەوە بەردەوام بەرەو بابەتەکە ئاڕاستەدەکرێت، هەر ئەوەش چوارچێوەی بیروبۆچوونو وێناکانیەتی. (هوسرڵ) ئەم پەیوەندییە جەدەلییەی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەیو خودو بابەتەکەو کارو بونیادەکەی، ناودەنێت (قەصیدە). ڕەخنەگرانی (فینۆمینۆلۆژی)، پێداگیری دەکەن لەنێوان دەقو جیهانی دەرەوەی دەقدا، چونکە لای ئەوان دەق بەرجەستەکەری هەستی دانەر، یان خوێنەرە، کە ئاوێتەبووی هەستی خوێنەرە لەگەڵ جیهانی دەقەکەدا بەگشتی، لەبەرئەوەی پێیانوایە جیهانی دەقو جیهانی واقیع لەیەکترەوە نزیکن، تەنها شۆکە ئێستاتیکەی دەقە وادەکات مرۆڤ بەشێوەیەکی کاتی، لەجیهانی واقیع دووربکەوێتەوە."[120]

کاریگەرییەکانی فینۆمینۆلۆژی بەگشتیو دامەزرێنەری میتۆدی فینۆمینۆلۆژی، بەسەر گەلێك لە فەیلەسوفو میتۆدە ڕەخنەییەکانی سەدەی بیستەم لە ئەوروپاو ئەمریکادا دیارە. (هوسرڵ) کاریگەریی زۆری لەسەر (گادامێر)و پڕۆژە تأویلییەکەی هەبووە، کە بەهۆی کاریگەریی (هوسرڵ)ەوە، میتۆدی ڕاڤەکاری، گەشەیسەندووە، چونکە (هوسرڵ) کاریگەری لەسەر (دلتای) هەبووە، کە هەوڵیداوە پڕۆژەی (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی)ی (کانت) بۆ (ڕەخنە لە عەقڵی مێژوویی) بگۆڕێت.

(هایدگەر) یەکێکی ترە لەو فەیلەسوفانەی، خۆی باس لەوە دەکات (فینۆمینۆلۆژیو میتۆدەکەیو هوسرڵ)، ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەپێدانی (هرمینۆتیکا)، بەجۆرێك (هایدگەر) کتێبی (الکینونة والزمن) پێشکەشی (هوسرڵ) دەکات. هەروەها (هوسرڵ) کاریگەریی لەسەر دیدو بۆچوونەکانی (پۆل ریکۆر) دیارترین فەیلەسوفی بواری تأویلی (ڕاڤەکاری)ی سەدەی بیستەم هەبووە، بەهەمان ئەندازەی ئەو کاریگەرییەی، لەسەر (ی.د.هیرش Ed.Hersh) فەیلەسوفی ئەمەریکی لەبواری ڕاڤەکاریدا هەیبووە. بۆچوونەکانی (هیرش) دەچنەناو نەریتە فەلسەفییەکانی (هوسرڵ)ەوە.

لەلایەکی دیکەوە، (فینۆمینۆلۆژی) کاریگەیی لەسەر بونیادی ڕاڤەکاریو بابەتی خوێنەرو کردەی خوێندنەوە هەبووە. کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ڕەخنەی (سیمیائی)و تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ڕەخنانە هەبووەو کاریگەریی

---

[119] نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتییەکان، (٢٠١٥: ٣٢٨_٣٢٩)

[120] شاهۆ سەعید، البعد الفلسفي للتبئیر الروائي، (٢٠٠٦: ٥٧_٥٨)

لەسەر میتۆدی گێڕانەوە لە چیرۆکدا هەبووە، بەتایبەتی (هوسرڵ)و میتۆدەکەی، کاریگەریی زۆریان لەسەر قوتابخانەی (هەڵوەشاندنەوە) هەبووە.[121]

بەمجۆرە دەبینین، بەشی زۆری میتۆدە ڕەخنەییەکانی سەدەی بیستەمو فەلسەفییەکان، بەجۆرێك لەجۆرەکان لەژێر کاریگەریی میتۆدی (فینۆمینۆلۆژی)دا بوون، یاخود سوودیان لێوەرگرتووە. تەنانەت قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ، پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ (فینۆمینۆلۆژی)دا هەیە، کە دەڕوانێتە دەقی ئەدەبی، وەك یەك یەکەی پێکەوە گرێدراو، واتە لێرەدا ناتوانین دەق بەشبکەینو هەر بەشێکی بەجۆرێکی جودا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.
(قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ لە ئەمەریکا لە کۆتایی سالآنی سیی تا پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو لەئەمەریکا سەریهەڵداوە، ئەم قوتابخانەیە بەرهەمی گەلێك نووسەرو ئەدیبی گەورە لەخۆدەگرێت، لەوانە بەرهەمەکانی نووسەرانی وەك (ئەلیۆت، ریجاردز، لیفز، ولیام ئیمبستون، جون کرو رانسوم، کلینث بروکس، ئەلین تیت، ورو برت وارین، بیروسلیو ئار.بی. بلاکمور) ).[122]

"بایەخدانی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی بە دیاردەکان لەپێناوی ئەوەدایە، تا ماهیەتو جەوهەری ئەو دیاردانە ئاشکرابکاتو لەڕووی زانستییەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات. ئەمەش ئەو دیاردانە دەگرێتەوە، کە لە ماهیەتو شعوری مرۆڤدا هەن، واتە ئەو شتانەی لە دونیای دەرەوە دێنە ناو شیعرەوەو پاشان لێیان دەکۆڵرێتەوە تا بە ڕوونی دەربکەون. پرەنسیپی سەرەکیی ئەم میتۆدە، بریتییە لە مەبەستگەرایی، کە هوسرڵ ئەم زاراوەیەی لە مامۆستاکەی فرانز برینتانۆ (١٨٣٨_١٩١٧)، وەرگرتووە. ئەم چەمکە هەوڵدەدات گونجانێك لەنێوان هەردوو فەلسەفە سەرەکییە دژ بەیەکەکەی ماتریالیزمیو ئایدیالیزمیدا بخوڵقێنێت. مەبەستگەرایی، بریتییە لەو پەیوەندییە بەهێزەی، کە هەستو بابەتەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، لێرەدا ئەوە شعورە هەست بە شتەکان دەکات، شعور لە فەلسەفەی دیاردەگەرایی هوسرڵدا، جیاوازە لە شعوری بواری سایکۆلۆژیا، شعور لە فینۆمینۆلۆژیادا بریتییە لە کردەیەکی خودیی ترانسندنتاڵ (متعالی)، کە تەواوکەری شتی دەرەکیی درکپێکراوە."[123]
(هەموو کاتێك پەیوەندیی نێوان هەستکردنو بابەتی هەستکردن، بیرکردنەوەو بابەتی بیرکردنەوە، درککردنێکی ڕاستەوخۆیە، هیچ شتێك ناکەوێتە نێوانیانەوە، یان هەستکردن ڕێگەیەکی دیکە بۆ گەیشتن بە بابەتەکە نادۆزێتەوە، کەوابوو لە میتۆدی فینۆمینۆلۆژیدا بابەتی توێژینەوە ڕاستەوخۆ بۆ بیرکردنەوە ئامادەیە. ئامادەبوونی بابەتی بیرکردنەوە، کە دەبێت بە دیاردە، بنەمای هەموو بنەماکانە، پێش هەموو بیردۆزەو تێگەیشتنێکی شیکارییانە دەکەوێت، سەرباری گرنگیو بنەڕەتێتیی هەڵوێستی سروشتی، هەستکردن بە دیاردەکە ئامانجو مەبەستی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی نییە، پێویستە لەڕێگەی درککردنە ڕاستەوخۆکە بە دیاردەکەوەو هەستکردن بە بوونی یان ئامادەبوونی دیاردەکە بۆ ئاگامەندیی هەوڵبدەین لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەین).[124]

---

121 یادگار لطیف الشهرزوري، الظاهراتية والنقد الأدبي، (٢٠١٥: ٣٧)
122 سەرچاوەی پێشوو
123 نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکان لە ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتییەکان، (٢٠١٥: ٢٣٨)
124 محمد کەمال، فینۆمینۆلۆژی، (٢٠١٣: ٧١_٧٤)

خاڵێکی تری گرنگ، کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، (هیگڵ)و میتۆدەکەیو کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح)ە، چونکە ئەم کتێبە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی تێگەیشتن لە (فینۆمینۆلۆژیا)و میتۆدەکەی، سەرەڕای جیاوازیی لە چۆنیەتیی ڕوانینی (هێگڵ) بۆ فینۆمینۆلۆژیا لەگەڵ (هوسرل)و هاوڕێکانی تریدا. "فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح مێژووی کۆنکرێتی ڕۆحو ئاگایی، دەروازەی ڕۆحی پەتییە بۆ ڕۆحی موتڵەق لەگەڵ دامەزراندنی مەعریفەیەکی زانستی سەبارەت بە ئاگایی وەك دیاردە، ئەمە گەشتێکی فەلسەفییەو ستراکتۆرێکی تایبەتی هەیە، گەشتەکە پێویستیو زەرورەتێکی ناوەکیو ئاگاییە نەك هەر شتێکی تر، ئەوەی ئاراستەی ئەم ڕەوتەی گەشەکردن دەکات فەیلەسوفو سیاسیو سەرمایەدارێك نییە، بەڵکو ئامانجو کۆتاییەکەی لە هەناوی سروشتی ئاگایی خۆیدایە."[١٢٥]

فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح، مۆرکێکی پەروەردەییانەی هەیە. ئەم کتێبە لە خاڵی بەیەکگەیشتنی دوو سەدەی قۆناغەکانی ئاگامەندیی لە ڕەوتیدا بەرەو حەقیقەتی ڕەها وەسف دەکات، لەڕاستیدا ئەم کتێبە ئەمیلێکی[١٢٦] میتافیزیکییە، هەر قۆناغێك لە مێژوودا هەڵەیەکە، هەمیشە بۆ ئەو هەڵانە پاڵپشت هەبووە، کە زیانێکی گەورەیان بە هۆشو ژیار گەیاندووە. (هیگڵ) دەیەوێت پێویستیی ئەم قۆناغە ئازاراوییانەمان پشانبدات. فینۆمینۆلۆژیا بە دیوێك لە دیوەکاندا، تێڕامانە سەبارەت بە نائومێدیو مەرگ، ئەم نائومێدییەش دەبێت میتۆدیانە بێت.[١٢٧]

(هیگڵ)، زۆر جەخت لەسەر بابەتی ئاگاییو ژیریی دەکاتەوە، تا ئەو ڕادەیەی، لای ئەو زانستێکی ئەزموونییە، کە ئاگایی بەجێیدەگەیەنێت.

"فینۆمینۆلۆژی، میتۆدێکی فەلسەفییە، پێیوایە جیهان بریتییە لە سەرهەڵدانو دەرکەوتنێکی مەوزوعیی مرۆڤایەتی، هەوڵی ئەوە دەدات، فینۆمینو بزووتنەوەی ئەو ئاگاییە پیشانبداتو بخاتەڕوو، کە هەستی پێدەکات، هیگڵ لە کتێبی فینۆمینۆلۆژیای عەقڵدا، بەم جۆرە پێناسەی دەکات (زانستێکی ئەزموونییە ئاگایی بەجێی دەگەیەنێ)."[١٢٨]

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە میتۆدی فینۆمینۆلۆژیدا زۆر جەختدەکرێتەوە لەسەر هەستکردنو بابەتی هەستکردنو بیرکردنەوەو بابەتی بیرکردنەوە. ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم دۆخە لەڕێگەی درککردنێکی ڕاستەوخۆوە دێتەئاراوە. "لە میتۆدی فینۆمینۆلۆژیدا بابەتی توێژینەوە ڕاستەوخۆ بۆ بیرکردنەوە ئامادەیە، ئامادەبوونی بابەتی بیرکردنەوەکە دەبێت بە دیاردە، بنەمای هەموو بنەماکانە، پێش هەموو بیردۆزەو تێگەیشتنێکی شیکارییانە دەکەوێت، سەربارى گرنگیو بنەڕەتێتیی هەڵوێستی سروشتی، هەستکردن بە دیاردەکە، تەنیا ئامانجو مەبەستی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی نییە، پێویستە لەڕێگەی درککردنە ڕاستەوخۆکە بە دیارکەوەو هەستکردن بە بوونی یان ئامادەبوونی دیاردەکە بۆ ئاگامەندی، هەوڵبدەین لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەین، کە واتای دیاردەکە دەردەخات، لەم ڕووەوە دوو جۆر درککردنو ئەزموونی فینۆمینۆلۆژیایانە دیاریدەکەین، یەکەمیان دیاردەکەو دووەمیان واتاو ناوەڕۆکەکەی ئاشکرادەکات. لەبەرئەمەیە هەڵوێستی سروشتی، دواقۆناغی میتۆدی فینۆمینۆلۆژییە

---

125 کارزان عەزیز، دەروازەیەك بۆ فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح، (٢٠١٢: ٢٠٦)

126 ئەمیل: کتێبێکی پەروەردەکارانەی ژان ژاك ڕۆسۆیە. بەراوردکردنی هێگڵ بە ڕۆسۆ، هەروا هەوانتە نییە، فینۆمینۆلۆژیا لەڕووی ئەنجامەکانەوە، چارەنووسی چەشنی چارەنووسی پەیمانی کۆمەڵایەتی بووو هزری سیاسی لە سەردەمی خۆیدا فۆرمەڵە کرد.

127 ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ٢١١)

128 موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، (٢٠١٢: ٢٠٦)

لەنێو_کەوانە_دانان_خۆ_ڕزگارکردن لە پێشبیرەکانیش بۆ مەبەستی دۆزینەوەی واتای دیاردەکەیە، کە لەقۆناغی دووەمی میتۆدەکەدا دەستماندەکەوێت. هەر یەکێك لەم دوو ئەزموونە، ڕاستیی دیاردە درککراوەکە جیاواز دەردەخات. لە ئەزموونی یەکەمدا، کە (درککردنی هەستەکی)یە، دیاردەکە بابەتێکی هەندەکی نێو کاتو شوێنەو بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت. لە ئەزموونی دووەمدا (درککردنی هۆشەکی) دیاردەکە لەنێو بیرکردنەوەدایەو دەبێتە چەمکێکی هەمەکی."[129]

یەکێکی تر لە بنەماکانی میتۆدی (فینۆمینۆلۆژی)، ئەوەیە بەهیچ جۆرێك دوا حوکم لەسەر هیچ بابەتێکی دیاریکراو نادات، بەڵکو ئەم حوکمدانە بەکراوەیی دەهێڵێتەوەو هەرگیز باوەڕی بە ڕاستیی ڕەها نییە، بەڵکو بڕوای بە هەوڵدانی زانستی هەیە بۆ تێگەیشتن لەڕاستیی ڕەها "فینۆمینۆلۆژی وەڵامی کۆتاییو حوکمی کۆتایی بە هەڵواسراویی دەهێڵێتەوە، ئەمە واتا بارودۆخی دونیا یان بوون لەنێوان دوو کەوانەدا دابنرێتو هیچ حوکمێکی ڕاستەوخۆی بەسەردا نەدەین تا ئەو کاتەی بۆمان دەرەخسێت بەشێوەیەکی ڕاستەقینە دونیاو بوون بناسینو لێی تێبگەین واتە ئەم میتۆدە چ لە میتافیزیکاو چ لە زانستدا بڕوای بە حەقیقەتی ڕەها نییە."[130]

هەرچەندە (فینۆمینۆلۆژی) هەوڵیدا سنووری فەلسەفەکانی پێش خۆی تێپەڕێنێتو فەلسەفەی خودیو بابەتی دابمەزرێنێت، بەڵام ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە، چونکە زیاتر پشت بە ئەزموونی تاکەکەسی دەبەستێتو بەشێوەیەکی ڕەها متمانە بە خودی تاکەکەس دەبەخشێت لەپێناوی کەشفکردنی ناوەڕۆكو ماهیەتی شتو دیاردەکاندا. یەکێکی تر لە ڕەخنەکان ئەوە بوو، کە فینۆمینۆلۆژی، دیلی تیۆریزەکانی خۆیەتیو هەژارە لەوەی بتوانێت نموونەی زیندوو و واقیعی بهێنێتەوەو پراکتیزەی بکات، تاوەکو توێژەران بتوانن لە بیروباوەڕەکانی تێبگەن. زۆربەی ئەو تێزانەی (هوسرڵ) پێشکەشیکردوون، تێزی ناتەواو و نیوەناچڵنو پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. هەروەها ئەم تێزانە تەنیا تەرکیز دەکەنە سەر تێگەیشتن بەبێ ڕاڤەکردن.[131]

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ڕەوتە ئەدەبیو فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانیی دووەمدا، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم میتۆدە گرنگەوە، ئەم کاریگەرییە وردە وردە گەشەیکردو هاتە ناو ڕۆمانی نوێو درامای نوێوە، بەتایبەتی بۆ ناو بەرهەمەکانی (ئەلبێرکامۆو کلۆد سیمۆنو سامۆئیل بیکێتو یۆژین یونیسکۆو پیتەر هاندەکەو تۆماس بێرنارد). لەبەرئەوەی ئەم میتۆدە زۆر جەختدەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی تاکەکەسیو بیرکردنەوەو هەستەکانی تاك، کەواتە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر دروستبوونی هەستو بیری یاخیانە لەلای تاك، بەتایبەتی کاتێك بۆماندەردەکەوێت، پێشەنگی فەلسەفەی یاخیبوون (ئەلبێر کامۆ)، زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی تیۆرەکانی فەلسەفەو میتۆدی (فینۆمینۆلۆژی)یەوە. لەلایەکی ترەوە خودی (یاخیبوون)، وەك دیاردەیەك دەوەستێت لەسەر:

---

129 محمد کەمال، فینۆمینۆلۆژی، (٢٠١٣: ٧٢_٧٣)

130 نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتییەکان، (٢٠١٥: ٣٢٩)

131 سەرچاوەی پێشوو، ٣٣٠




بەمپێیە یاخیبوون، کردەیەکە لەنێوان بابەتو خوددا، لەڕێگەی هزرو زانینو هۆشەوە دروستدەبێتو هەوڵدەدات گۆڕان دروستبکات. هەر ئەم پەیوەندییە بەهێزەیە، وادەکات (یاخیبوون) وەك دیاردەیەکی بەرهەمهاتووی هزری مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتو هەوڵبدرێت جەوهەرەکەی بخرێتەڕوو، بەتایبەتی لەناو پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەو کاریگەرییە دیارییبکرێت، کە فەلسەفەی دیاردەگەرایی، بەسەر دەقی ئەدەبیدا هەیەتی.

## ژیانی شێرکۆ بێکەس و ئەزموونی یاخیبوونی

### پوختەیەك لە ژیانی شێرکۆ بێکەس[132]

شێرکۆ بێکەس کوڕی (فایەق بێکەس) ی شاعیرە لە ١٩٤٠/٥/٢ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵی (١٩٤٨) لە هەڵەبجە، کە تەمەنی (٨) ساڵان بووە، باوکی کۆچیدوایی کردووە.

وەك خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا باسیدەکات، قۆناغی منداڵیو لاوێتی، پڕبووە لە ئازارو ژانی بێکەسیو نالەباریی ڕەوشی ئابووری، بەڵام ئەو لەناو ئەو بارودۆخە سەختو بێکەسییەدا، قۆناغی ئامادەیی پیشەسازی لە سلێمانی تەواودەکات. شێرکۆ بێکەس لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا یەکەمین شیعری خۆی لە ڕۆژنامەی (ژین) دا بڵاودەکاتەوە، لە ساڵی (١٩٦٥) دا دەبێتە پێشمەرگەو لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق، کە زمانحاڵی شۆڕشی ئەیلول بووە، لە ئەشکەوتی (سەردێمان) دەست بەکار دەکاتو یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بەناوی (تریفەی هەڵبەست)ەوە ساڵی (١٩٦٨) بڵاودەکاتەوە، لەساڵی (١٩٦٩) دا ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ خاتوو (نەسرین میرزا) پێکدەهێنێت. دیارترین وێستگەی ژیانی ئەدەبیی شێرکۆ بێکەس، بریتییە لە پێکهێنانی (ڕوانگە) وەك یەکەمین بزووتنەوەی نوێگەریی لە شیعری کوردیدا، کە کاریگەریی زۆری لەسەر بەرەوپێشەوەبردنی ڕەوتی نوێی شیعری کوردی هەبوو، شێرکۆ بێکەس و هاوڕێکانی لە ساڵی (١٩٧٠)دا (بەیانی ڕوانگە لەپێناوی نوێکردنەوەی ئەدەبو نووسینی کوردی) یان بڵاوکردەوە. لەساڵی (١٩٧٤)دا جارێکی تر دەبێتەوە پێشمەرگە، بەڵام دوای هەرەسی ساڵی (١٩٧٥) بە فەرمانی ڕژێمی بەعس بەرەو شاری ڕومادی دووردەخرێتەوە، لەساڵی (١٩٧٩)دا دەگەڕێتەوە سلێمانی.

شێرکۆ بێکەس بۆ پشتگیریکردن لە شۆڕشی نوێو خەباتی پێشمەرگەو خۆبواردن لە خەڵاتی (قادسیەی سەددام)، جارێکی تر لە ساڵی (١٩٨٤) دا دەبێتەوە پێشمەرگە، ساڵی (١٩٨٦) بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی کوردستان، بەهۆی هێرشە بەردەوامەکانی ڕژێمی بەعسەوە، پێشنیازی بۆ دەکەن کوردستان بەجێبهێڵێت، بۆیە لە هەمان ساڵدا دەگاتە وڵاتی (ئیتاڵیا). تاراوگە کاریگەریی زۆری لەسەر جیهانبینیو ژیانی شیعریی شێرکۆ دادەنێتو دەرگایەکی نوێی کەلتووریی بەسەردا دەکاتەوە. ساڵی (١٩٨٧) خەڵاتی (تۆخۆڵسکی) لە سوید وەردەگرێت، کە تایبەتە بە شاعیرانی بێگانە لە وڵاتی سوید، خەڵاتەکەشی لەلایەن سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتەوە، کە ناوی (ئیگڤار کالرسۆن) بوو پێشکەشدەکرێت. دواتر هەر لەو وڵاتە مافی پەنابەرێتی وەردەگرێتو بۆماوەی (٥) ساڵ دەمێنێتەوە.

لەیەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ناوبراو پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری وەردەگرێت، بەڵام ناتوانێت لە پۆستەکەی بەردەوامبێت، بەوەش دەبێتە یەکەمین بەرپرسی باڵای هەرێمی کوردستان، کە لەسەر داوای خۆی دەست لەکار دەکێشێتەوە، وەك خۆی باسیدەکات، نە کەسایەتیی خۆی ئەو پۆستەی پێقبوڵدەکراو نە بارودۆخو ململانێیەکانی ئەو کاتەی کوردستان بواری ئەوەیان پێدەدا بەتەواوی کاری وەزیری ئەنجامبدات.

ساڵی (١٩٩٨) لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێیدا دەزگای چاپو پەخشی (سەردەم)یان دامەزراندو تا کۆچیدوایی، شێرکۆ بێکەس سەرۆکی ئەو دەزگایە بوو. لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، سەرجەم بەرهەمەکانی بە هەشت هەزار لاپەڕەو لە دوو توێی (٨) بەرگدا، چاپکرا.

---

[132] لە نووسینی زانیارییەکانی ئەم وەچەپارەدا، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

أ. ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، (٨_٩)

ب. شاڵاو جەعفەر، خامەکان بۆ شێرکۆ بێکەس دەدوێن، (٢٠١٤: ٢٨_٣٠)

شێرکۆ لەبواری نووسینی شیعردا، خاوەنی چەندین ئەزموونی جۆراوجۆرە. ئەو بە شیعر، شانۆنامەو پۆستەر، دەقی کراوەو داستانو گەلێك بەرهەمی تری ئەدەبی نووسیوەو خاوەنی نزیکەی (١٠) هەزار لاپەڕە شیعرە. شیعرەکانی ئەو بۆ گەلێك زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراون، وەك زمانەکانی (ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، سویدی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ...هتد). هاوکات لە پرۆگرامی خوێندنی ئەمریکادا، یەکێك لە شیعرەکانی ئەو دانراوە. دواهەمین دیوانە شیعری بەناوی (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) بوو، بەڵام مەرگ ڕێگەینەدا تەواوییکات، کە دواتر (هەڵۆ شێرکۆ بێکەس) تەواویکرد. شێرکۆ بێکەس لە ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٤ لە وڵاتی سوید بە نەخۆشی کۆچیدوایی کرد، لەسەر وەسێتی خۆشی، لە شاری سلێمانیو لە پارکی ئازادی، بەخاکسپێردرا. تا ئێستا بە دەیان نووسینو کتێبو توێژینەوەی زانستی، دەربارەی شیعرو هەڵوێستەکانی ئەم شاعیرە نووسراون. مردنی شێرکۆ، مردنێکی جودابوو، چونکە "هەموو مردووەکان جوان نین، بەڵام هەموو شاعیرەکان جوانن، کە ئەمرن، چونکە زۆر برینداربن بەجێمان دەهێڵن وەك دەنگی باڵدارێکی بریندار هەمیشە تێکستەکانیان لەناوماندا لە خۆشاردنەوەو دەرکەوتندان. دیارە هەر ئەمەشە وائەکات جوانی ببێتە بەهەشتێکی بێ پاداشتی شاعیران، بەهەشتی تەنهایی شاعیران تەنها لەناو مەملەکەتی داهێنانی شیعری خۆیاندایە، شێرکۆ بێکەسیش لەناو بەهەشتی داهێنانەکەی خۆیدا تا زەمەنێکی دوورو درێژ بەزیندوویێتی دەمێنێتەوە."[133] هەروەها "نۆرمان میللەر لە تێکستێکدا دەڵێت (مردن زۆر سەخت نییە، تا ئێستا کەس نییە نەیتوانیبێت نەمرێت، بەڵام ئەم وەسفە بۆ هەموو کەس دروست نییە... بەبڕوای من شێرکۆ بێکەس لەوانەیە چەندە بیەوێت، چەندە هەوڵبدات ناتوانێت بمرێت، کورتکردنەوەو وەسفکردنی شێرکۆ بێکەس لە کارە سەختەکانە، من ڕستەیەك شکنابەم لە وەسفیدا باسی بکەم، دێڕێکی (کنۆت هامبسون) نەبێت، کە دەڵێت (بلیمەت چەخماخەیەکە، گرمەکەی سەدان ساڵ دەنگدەداتەوە). ڕاستە ئەمڕۆ چیتر ڕووناکیی ئەو چەخماخەیە نابینین، بەڵام بە دڵنیاییەوە گرمەی تا سەدان ساڵی ترو ڕەنگە تا دوای کورد لەسەر ئەم ئەستێرەیە بەردەوام بێت. لەو جێگایەدا هات، کە دەبوو بێت، وەك خۆی، وەك ڕووداوێك، وەك شتێك دوای خۆی ڕەنگی دونیا دەگۆڕێت... مردنی وەك شتێك دێت، کە پێشتر زۆر بیری لێکرابێتەوە، وەك پلانی بۆ کێشرابێت، وەك ساتێك بێت، مردن هەمیشە بەشێکی گرنگی جیهانبینیی شێرکۆ بووە، بەڵام شێرکۆ لەو شاعیرانەیە، کە دەتوانین بە شاعیرانی ژیان ناویان بەرین."[134]

### ڕەنگدانەوەی ژیانو ژینگەی شێرکۆ بێکەس لە ئەزموونی یاخیبوونیدا

سەرەتای ئەم وەچەپارە، بە وروژاندنی ئەو پرسیارە دەستپێدەکات، کە تا چ ڕادەیەك ئاگاداربوون لە وردەکاریی ژیانی شاعیرو قۆناغەکانی تەمەنی، بۆ تێگەیشتن لە جیهانی شیعریی شاعیر، یاخود ڕاڤەکردنی دەقەکانی، گرنگو پێویستن؟

ئەم بابەتە گفتوگۆیەکی قووڵی مێژوویی لەبارەوە کراوە، کە وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە دەستدەخەن. هەروەك هەندێك بۆچوون پێیانوایە، بۆئەوەی لە دەقێك بگەین، پێویستە نوسەری دەقەکە بکوژینو لە هەموو کاریگەرییەکانی دەرەوەی دەقەکە دایبڕین، بەوەش مامەڵەکردنمان، تەنها لەگەڵ خودی دەقەکەدا دەبێت. لەبەرانبەریشدا، ئەو بۆچوونانە زاڵن، کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ژینگەی بەرهەمهێنانی دەق، ناکرێت وەك پێویستو

---

[133] هیوا قادر، مەرگی شێرکۆ بێکەس تەنهای کردم، گۆڤاری ئەدەبی سەردەم، ژمارە (٤)، (٢٠١٣: ٧)

[134] بەختیار عەلی، ئێستا ژیان نیشتمانە، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ٢٩

بەشێوەیەکی تەندروست، خوێندنەوە بۆ دەقەکە بکرێت، چونکە پێداگری لەسەر ئەو پەیوەندییە قوولآنە دەکەن، کە لەنێوان شاعیرو دەقەکاندا دروستدەبن، بۆ نموونە (سانت بیف) بڕوای بەوە هەبووە، کە دەبێت لەڕێی ژیانو پۆترێتی شاعیرەوە، ڕاڤە بۆ دەقی شیعریی شاعیرەکە بکرێت، ئەویش بە وەڵامدانەوەی:

- ئایا ئەو شاعیر، یان نووسەرە ژیانی ڕۆژانەی خۆی کتومت لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێت؟
- ئایا دەکرێت ژیانی نەرێنیی شاعیر، یان نووسەر بکەینە پێوانە بۆ دەقەکە؟
- ئایا ژانرێکی وەك (لیریك)، کە بە شیعری خودی دادەنرێت، مەبەست کام (خود)ە؟
- خود (خۆی)، یان ئەو (خود)ەی، کە دەبێت خودێکی تێدا ببینێتەوە.[١٣٥]

کاتێك مامەڵە لەگەڵ دەقێکی ئەدەبیدا دەکەیتو هەوڵی شیکارکردنی دەقەکە دەدەیت، پێویستە بەر لە هەموو شتێك لە ئەو هۆکارانە بکۆڵیتەوە، کە بوونەتە هۆی لەدایکبوونی دەقەکە. بەشێوەیەکی گشتی، سێ هۆکار لە پشت سەرهەڵدانی هەموو دەقێکی ئەدەبییەوەن، ئەوانیش:

١. بنەچە (ڕەگو ڕیشە)ی ژانرە ئەدەبییەکان.
٢. بۆماوە (ژینگەی هاتنەئارای دەقەکە).
٣. هەنووکەیی (دۆخی ئێستای لەدایکبوونی دەقەکە).[١٣٦]

ئەم هۆکارانە، لە ڕوونکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکەدا یارمەتیدەرنو دەبنە بنەمای لێکۆڵینەوەی، دواتریش دەرخستنو نیشاندانی جیهانبینیی شاعیرو چۆنیەتیی ڕوانینی بۆ ئەو بابەتو کێشانەی، لە دەقەکەدا باسیکردوون. هاوکات دەبنە هۆکار بۆ تێگەیشتن لە دەقی ناوەوەی نووسەرو ڕەنگدانەوەی لە دەقە ئەدەبییەکەدا.

کاتێك دەمانەوێت ڕاڤەی دیاردەی (یاخیبوون) بکەین لای شێرکۆ بێکەس، دەبێت لەسەر وێستگەکانی ژیانیو جیهانبینییە شیعرییەکەی بوەستین، چونکە گومان لەوەدا نییە، ژیانی شاعیر کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو جیهانە تایبەتە دروستکردووە، کە شاعیری تێدا بووەو لەهەندێك باردا ڕاستەوخۆ بوونەتە هەوێنی دەقێکی ئەدەبی. بەتایبەتیش ژیانی شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس، بۆ خۆی دەقێکی ئەدەبیی ناوازەیە، بەوپێیەی پڕیەتی لە دیاردەی تایبەتو ئازارو خۆشیو خەمو دڵشادیو ئاوارەییو شاخو زیندانو دەربەدەریو بێباوکیو هەژاری، هەموو ئەمانە پێکەوە جیهانێکی تایبەتیان لە ژیانی شێرکۆدا دروستکردووە. هاوکات بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی شیعر نووسینی، گۆڕانیش بەسەر خەمو بابەتی شیعریی ئەودا هاتووە.

شێرکۆ هەمیشە لەگەڵ ئازاری نیشتیمانەکەیدا بووە، جا ئەو ئازارەی نیشتیمان، کە چەشتوویەتی، بەدەست داگیرکەرانەوە بووبێت، یاخود شۆڕشگێڕەکان نیشتیمانیان ئازاردابێت، وەك (پۆژین گێلفییك) دەڵێت: شێرکۆ بێکەس شاعیرێکە لەگەڵ خەمو ئازاری گەلەکەیدا دەژی، لە زۆرینەی دەقەکانیدا، وێنەی گەلەکەی بەدیدەکرێت، هەرچەندە هەندێك جار لەبارەی هەندێك بابەتەوە دەدوێت، کە پەیوەندییان بە گەلەوە نییە، بەڵام ڕاستەوخۆ بە کێشەکانی

135 ئەنوەر قادر محەمەد (پ)، کۆرسی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦/١/٣
136 سەرچاوەی پێشوو

گەلەکەیەوە بەندن، بۆ نموونە کاتێك وێنەی دیمەنێکی سروشتی کوردستان لەنێو شیعرەکانیدا دەکێشێت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربارەی گەلەکەی دەدوێت و لە شیعرەکانیدا بەرجەستەیاندەکات.[١٣٧]

شێرکۆ خۆی ددان بە ئەوەدا دەنێت، کە ئەزموونی ژیان، کاریگەریی زۆری لەسەر شیعرەکانی بەجێهێشتووە، هەروەها پێیوایە ئەم کاریگەرییە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دیکە جیاوازە، ئەو یەکێکە لەو شاعیرانەی، بڕوای بەوە هەیە، ئەزموون ڕۆڵی زۆری لە فراوانکردنی جیهانبینیی شاعیردا هەیە.

"بەپێی جیاوازیی ئەزموونەکانی ژیانی هەر شاعیرێك، کارتێکردنەکانیش جیاوازن، بۆ نموونە بەشێکی زۆری شیعرەکانی ناو دیوانی _تریفەی هەڵبەست_ لە چاوێکی ڕۆمانسییانەی ڕووتەوە تەماشای ژیان و دەووروبەر دەکەن. زۆربەی تاقیکردنەوەکان هێشتا لەم دیوانەدا نەبوون، لەبەرئەوە دەبینین هێشتا هونەرەکەش باش نەگەییوە. لەبەرئەوەی خۆیشم لەو سەردەمانەدا هێشتا بەهرەی شیعر لە کوورەی ژیانمدا بە چاکی قاڵ نەببوو، تۆ سەرنج بدە ئەو شاعیرانەی جگە لە بەهرەی گەورەیان، ئەگەر ئەزموونی ژیانیان گەورەو چڕوپڕو پەل و پۆدار نەبێ، بزووتنەوەو تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتییان گەڕان و بینینیان کەم بووبێ... ئەبینین ئەزموونی شیعریشیان _محدودترە_ (مەولەوی) شاعیرێکی گەورەیە، خاوەن بەهرەیەکی زیندووە، بەڵام لەڕووی ئەزموونی ژیانی خۆیەوە بە بەراورد لەگەڵ (نالی)دا هەست دەکەیت لەبەرئەوەی لە ژیانی (نالی)دا ئەزموون و تاقیکردنەوەکان، کارتێکردنەکان، زۆرترو چڕترو فرەلایەن ترن، مەودای شیعرەکانیش بەربڵاوترو کۆمەڵایەتی ترو هەمەجۆرترن من پێموایە قۆناغەکانی تەمەنی هەر شاعیرێ، لەڕووی گەشەکردن و قاڵبوون و بەردەوامبووندا ئاوێنەی شیعرەکانیشین، ڕەنگە شاعیری بلیمەتی بەدەر لەم بنەمایە هەبێ بەڵام لای زۆربەی شاعیران ئەمە بنەمای گشتییە."[١٣٨]

شێرکۆ بێکەس لێرەدا زۆر بەڕوونی دداندەنێت بە چەند خاڵێکدا لەبارەی پەیوەندیی ژیان بە ئەزموونی شیعریی شاعیرەوە:

١. ژیان کاردەکاتە سەر ئەزموونی شیعریی شاعیران.

٢. کاریگەریی ژیان لەسەر ئەزموونی شیعریی شاعیران لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت.

٣. ژیان ڕۆڵی هەیە لە بەرفراوانبوونی مەودای شیعریی لای شاعیران.

٤. قۆناغەکانی ژیانی شاعیر ئاوێتەی دەقەکانی دەبێت.

٥. هەروەها پێیوایە زۆرجار بلیمەتیی شاعیر وادەکات، کە ژیان و ئەزموونی ژیان زۆر کاریگەریی لەسەر بەرهەمی شیعری شاعیر نەبێت.

ژیان و بیرەوەرییەکانی شێرکۆ بێکەس لەدوو توێی دوو بەرگدا بەناوی (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش_ ژیاننامەو بیرەوەریی شێرکۆ بێکەس)ەوە، لە ساڵی (٢٠١٣)دا لەلایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە بڵاوکراوەتەوە. بیرەوەرییەکانی شاعیر لە دوو توێی ئەو دوو بەرگەدا، لەڕووی چۆنیەتیی چاپکردن و ڕێکخستنی بیرەوەرییەکان و لایەنی زمانەوانیی نووسینی بیرەوەرییەکانەوە، سەرنج و تێبینیی زۆر هەڵدەگرن، بەڕادەیەك دەگونجێت بڵێین بیرەوەرییەکانی شێرکۆ، لە هەردوو بەرگی (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش)دا، لە ئاستی گەورەیی ئەو شاعیرەدا نین، هەرچەندە خۆی دداندەنێت

---

137 بڕوانە: یاسین عومەر، شێرکۆ بێکەس (ئەزموون ١٩٨٥_٢٠٠٠)، (٢٠٠١)

138 سەرچاوەی پێشوو، ٨_٩

بەوەی ناکرێت لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا وەك خۆی ژیانت بگێڕیتەوە، چونکە دابونەریتەکان هەژموونی بەهێزیان بە سەرتا هەیەو بواری ئەوە بە مرۆڤ نادەن، کە خۆی بێتو ڕاشکاوانە باس لە ژیانی بکات.

لەمبارەیەوە لە پێشەکیی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "پێم وایە یادەوەریی هەر نووسەرێکی وەکو من بەشێکی بەر ئەو حەرامانە ئەکەوێت کە دەست بۆ بردنیان ملپەڕاندنی لەدوایە. بەمجۆرە ترس لە دینو دابونەریتی کۆمەڵ وات لێ دەکات قەڵەمەکەت تووشی دڵەڕاوکێو ترسو نائومێدی ببێ، بە ناچاری خۆت سانسۆر لەسەر خۆت دابنێیت، بە بڕوای من هەتا گۆڕانی جەوهەری بەسەر دینو بڕگەکانی شەریعەتدا نەیەت گۆڕانی گەورەش بەسەر کۆمەڵدا نایەت. بۆیە دەتوانین بڵێین نووسینەوەی یادەوەری لە دونیای ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا هەمیشە یادەوەرییەکی نوقستان دەبێت. چ لە ترسی هەژموونە ڕەهاکەی دینو چ لە ترسی کۆتوپێوەندەکانی دابونەریتی ناو کۆمەڵ خۆی، بەمجۆرە ئەم یادەوەرییانەی منیش لەو سڵەمینەوەو ترسو پەردەپۆشییانە خاڵی نین."[١٣٩]

کەواتە شێرکۆ خۆشی لەو بڕوایەدایە، کە یادەوەرییەکانی کەموکورتییان تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبنە بنەما بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ژیانی شاعیرو کاردانەوەیان لەسەر جیهانبینیی شیعریی ئەو، هەرچەندە پرۆسەی نووسینەوەی بیرەوەریی لای مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، زۆر خودییەو زۆرجار مرۆڤ ناتوانێت بەڕوونیو ڕاشکاوی، ژیانی خۆی بخاتەڕوو، ڕاستە ددانپێدانانەکانی ژیان لەلایەن مرۆڤەکانەوە بەپێی جۆری کۆمەڵگاکە دەگۆڕێت، بەڵام ئاستێکی گشتی هەیە، کە ڕەنگە هەموو مرۆڤەکان تێیدا هاوبەش بن، ئەویش ئەوەیە، ڕەنگە مرۆڤەکان حەزنەکەن هەموو ژیانیان بۆ خەڵك ئاشکرابکەن، بۆ نموونە (دۆستۆڤسکی) دەربارەی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی دەڵێت: "لەنێوان ئەو یادەوەرییانەی، کە بووە بە گەنجینەی هەر یەکێکمان، یادەوەریی وایان تێدایە، بۆ هاوڕێکانمانی باسدەکەینو یادەوەریی واشیان تێدایە، بە هاوڕێشی ناڵێینو تەنیا بۆ خۆمانی دەگێڕینەوە، بە نهێنیش نەبێت، بۆ خۆمانی ناگێڕینەوە، بەڵام یادەوەریی وا هەیە تەنانەت مرۆڤ بۆ خۆشی ددانی پێدانانێت."[١٤٠]

ڕەهەندێکی تری ئەم کاریگەرییو کارتێکردنە لەنێوان دەقو ژینگەی ئەدیبەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ کرۆکی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییە بەهێزەی، کە لە دۆخی کارتێکەریو کارتێکراوی نێوان دەقو ژینگەکەی دەوروبەریدا بەرجەستەدەبێت، بەجۆرێك دەقەکان لەژێر کاریگەریی ژینگەی ئەدیبدا لەدایکدەبنو دواجاریش دەقەکان کاریگەریی لەسەر ژینگەو کۆمەڵگاکە بەجێدەهێڵن.




139 شێرکۆ بێکەس، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، (٢٠١٣: ١١_١٢)

140 شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، (٢٠٠٨: ٢٨)

هەرگیز بەرهەمی ئەدەبیو هونەری لە کۆمەڵگاو ژینگەکەی دانابڕێت، داهێنەری ئەدەبیو هونەریی، ناتوانێت بەبێ ژینگەو کۆمەڵگاکەی دەق بەرهەم بهێنێت، بەڵکو بەشێوەیەکی بەردەوام کاریگەریی لەسەر یەکتری بەجێدەهێڵن، ئەم دۆخە کاردەکاتە سەر بیرکردنەوەی داهێنەرو دەبێتە هۆی دروستکردنیو وێنەی جودا جودا بەپێی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، هەر ئەم ژینگەیەش، کاریگەریی لەسەر جیهانبینیی شاعیرو هونەرمەندەکە بەجێدەهێڵێت.[141]

ئەو پەیوەندییە لەلایەن کۆمەڵناسەکانەوە زۆر جەختی کراوەتە سەر، تا ئەو ڕادەیەی ئەدەب وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیردەکەنو مەزنیو مانەوەی دەقە ئەدەبییەکان بە ئەندازەی کاریگەرییو جێکەوتەکانیان لەسەر کۆمەڵگاکەیان دەپێوڕێن.

ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو بەرهەمێکی ڕێژەییە، پەیوەستە بە بارودۆخێکی شوێنکاتییەوە، ئەدەب کردەوەیەکی دیاریکراوەو قوتابخانەی تایبەت بەخۆی هەیە، لەسەر تواناو لێهاتوویی تاك بونیادنانرێت، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بەردەوام کەسانێکی دەوێت پێی سەرسام بنو گرنگی پێبدەن.[142]

لەمڕووەوە، ڕەخنەگرانی ئەدەب بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەڕۆن، کە تێگەیشتنی خوێنەرو کاریگەریی دەقی ئەدەبی، هەرگیز نایەتەدی، ئەگەربێتوو تەواوی ئەو ڕایەڵانەی دەقەکە بە دەرەوەی خۆیەوە دەبەستنەوە، ڕوونەکرێنەوە. لێکۆڵینەوە لە بونیادی دەقێکی ئەدەبی، بێبەرهەم دەبێت بەبێ پەیوەستکردنەوەی بە بازنەی پەیوەندییەکانی دەوروبەری دەقەکەو خودی دەقەکەوە، ئەم ڕوانگەیە لەبۆچوونەکانی (ئەفلاتون)ەوە دەستپێدەکات تا ئەوانەی لە ئەمڕۆدا لە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسیی ئەدەبیدا کاردەکەن.[143] کەواتە ئەم ڕوانگە کۆمەڵناسییە بۆ دیاریکردنی ڕەهەندە قووڵەکانی نێوان ئەدەبو کۆمەڵگاکەی، لەسەر سێ ئاڕاستە کاردەکات:

١. کۆمەڵگا واقیعییەکە، کە نووسەری تێدا لەدایکبووەو دەقەکەی تێدا نووسیوە.

٢. ئەو کۆمەڵگا نموونەییەی، کە لە ئەنجامی کاریگەرییو ڕەنگدانەوەی دەقە ئەدەبییەکەدا دروستدەبێت.

٣. ئەو کۆمەڵگایەی لە ئەندێشەی خوێنەردا لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقەکەدا دروستدەبێت. هەربۆیە کۆمەڵناسەکان داهێنان لە ئەدەبدا لەکردەیەکی تاکیو خودیی دەردەکەن، بەڵکو وەك کردەیەکی کۆ وێنایدەکەنو جەخت لەو ڕەگو ڕیشە مێژووییەش دەکەنەوە، کە داهێنانی ئەدەبی لەناو شارستانیەتە جۆراوجۆرەکاندا دەستەبەریکردووە. کاری ئەدەبی تەنها دیاردەیەکی تاکەکەسی نییە، کە ملکەچی هەڵچوونو کاردانەوە خودییەکان بێت، بەڵکو کاری ئەدەبی، گوزارشتکردنە لە واقیعێکی ژیاریو شارستانی، ڕەگو ڕیشەکەی لە قووڵایی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە هاتووە، کە ئەدیب لایەنداریی بۆی هەیە، چونکە داهێنان بە سێ بوارەوە دەبەسترێتەوە:

١. دەقی ئەدەبی.

٢. نووسەر.

٣. ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی نووسەر.[144]

---

141 عبدالرزاق الاصفر، المذاهب الادبية لدى الغرب، (١٩٩٩: ٧)

142 محمد علي البدوی، علم الاجتماع، (٢٠٠٢: ١٣)

143 يوسف الأنطاكی، سوسولوجيا الأدب الاليات و الخلفية الأبيستمولوجية، (٢٠٠٩: ٧)

144 محمد سعيد فرح و مصطفى خلف عبدالجواد، علم الأجتماع الأدب، (٢٠١٢: ٢٩)

تەنانەت لەمبارەیەوە، ئەو بۆچوونەی (رینیە ویلیك) برەوی پێدەدرێت، کە باس لەوە دەکات، مادام ئەدەب خۆی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییەو زمان هۆکاری بونیادنانیەتی، ناکرێت لە دەرەوەی کۆمەڵو ژیان سەیری دەقی ئەدەبی بکرێت، چونکە (زمان) بۆخۆی داهێنراوێکی کۆمەڵایەتییەو (ئەدەب)یش ڕەنگدانەوەی ژیانە، ژیانیش بۆ خۆی ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە.[١٤٥]

ئەم گرنگیپێدانە بە دەرخستنی کرۆکی ئەو کاریگەرییە هاوبەشەی لەنێوان دەقی ئەدەبیو ژینگەکەیدا هەیە، ڕەگێکی مێژوویی قووڵی لەلای فەیلەسوفەکانو هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکان لەمێژوودا هەیە. دەکرێت (جیامباتیتا فیکو Giambatitis vico) فەیلەسوفی ئیتالی لە شاری ناپۆلی، وەك یەکەمین هەوڵی گێڕانەوەی داهێنانی ئەدەبی بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی دابنرێت. دواتریش کۆمەڵێك بیرمەندی تر لە فەرەنساو ئەڵمانیا گرنگیی زۆریان بەم بوارە داوە، وەك (مادام دی ستایل) ساڵی (١٨٠٣) لە فەرەنسا، هەستا بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك توێژینەوە دەربارەی ئەدەبو ئەو هۆکارانەی وەك ئایینو یاساو دابونەریت کاریتێدەکەن.

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا (هیبولیت تین ١٨٢٨_١٨٩٣) ڕەخنەگرو مێژوونووسی فەرەنسی بوو، بە دامەزرێنەری سۆسۆلۆژیای نوێی ئەدەب دادەنرێت، بۆچوونی وایە، بابەتە هونەریو ئەدەبییەکان بە تەنها یارییەکی خەیاڵی تاك، یاخود کردەیەکی ژیریی ڕووت نین، بەڵکو گوزارشتی دابونەریتەکانی ناو کۆمەڵگانو گوزارشتن لە جۆرێك لە بیرکردنەوە.[١٤٦]

سەرەڕای ئەو بۆچوونانەی پێشوو، لەناوەندە ڕەخنەییە ئەدەبییەکاندا بۆچوونێکی تەواو پێچەوانە هەیەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە دەقی ئەدەبی، تەنها ئەدەبە وەك یەکەیەکی پێکەوە گرێدراوی زمانو ڕێساکانیو جوانیی دەقەکە، "دەق یەکەیەکی پێکەوەگرێدراوی سەربەخۆی ڕەوانبێژییەو دوورە لە هەموو پەیوەندیو کاریگەرییە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەقەکەو هەڵسەنگاندنیش بۆ دەقی ئەدەبی، بە تەنها بەپێی پێوەرە ئەدەبییەکان دەکرێت."[١٤٧]

دیارە کۆمەڵێك ڕێبازو قوتابخانەو فەیلەسوف لە جیهاندا پشتگیریی لەم ئاڕاستەیە دەکەنو وەك پێوانەی سەرەکیی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا، دایدەنێن، بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ زیاتر دەرخستنی پەیوەندییە قووڵەکەی نێوان دەقو ژیانو ژینگەی شاعیر، پشت بە بۆچوونو ئاڕاستە فەلسەفییەکانی پێشوو دەبەستین، بەتایبەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانبینیی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، دەبێت هەموو ئەو دۆخە پڕ ئازارەی ژیانی، بە هەند وەربگرینو لەوێوە سەیری ئەو دونیا شیعرییە بکەین، کە ئەم شاعیرە بۆ خۆیو جیهانبینییەکەی، دروستیکردووە، چونکە خۆی ددان بەوەدا دەنێت، شوێنی جوگرافیو مردنی باوکیو سەردەمی منداڵی، کاریگەریی زۆریان لەسەر ژیانی بەجێهێشتووەو تەنانەت هۆکاری گەورەبوونی خەونەکانیو ناوبانگە شیعرییەکەی بوون. هەروەك دەڵێت: "گەڕەکی حاجی حانو پیرمەسوور لە ژیانی منداڵیی مندا، ئەو نیشتیمانە بچکۆلەیەن، کە جێی یەکەمین خەونو یادگارو یارییەکانی منداڵیو هێلانەی باڵەفرێم بوون."[١٤٨] لەلایەکی دیکەشەوە لەبارەی شوێنەوە دەڵێت: "شوێن لە ئەدەبی

---

[145] السيد يسين، التحليل الأجتماعي للأدب، (٢٠٠٦: ٨١)

[146] قصي الحسين، سوسولوجية الأدب، (٢٠٠٩: ١٩_٢٠)

[147] يوسف الأنطاكي، سوسولوجيا الأدب، (٢٠٠٩: ٦)

[148] شێرکۆ بێکەس، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، (٢٠١٣: ٢٧)

مندا بایەخێکی گرنگی هەیە. پەیوەندیی شوێن لە سەرەتاوە بۆ ئەو جێگۆڕکێ زۆرانەمان ئەگەڕێتەوە، کە ئێمە کردوومانە، ئەو خەمانەی لەو شوێنانە لەگەڵماندا بووە، هەروەها ناو بوونی هەیە، لای من ناو و شوێن هەمیشە دوانەی ناو یادەوەرین."[149]

**ئامادەبوونی مێژووی نەتەوەو شۆڕش لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆدا**

شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە شیعرەکانی جیانابێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵیداوە خۆی بەشێك بێت لە دەقەکانی، واتە کارەکتەری شێرکۆو واقیعی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەم شاعیرە لەناو دەقەکانیدا بوونی هەیە، هەر لە دیوانی (دەربەندی پەپوولە)وە تا دەگاتە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، خۆی ئامادەبوونی بەردەوامی هەیە.

لەم دیوانەدا، شاعیر سەرەڕای باسکردن لە خودی خۆی، دەیەوێت لەڕێی کارەکتەرەکانی ناو کۆمەڵگای کوردییەوە، ڕەخنە لە دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی کورد بگرێت. هەر لەمڕووەوە، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە هەوڵیداوە جیهانبینیی خۆی بەرانبەر ئەو واقیعە سیاسییەی ئامادەبوونی هەبووە لەڕێی ئەو شەهیدو کەسایەتییانەوە دەرببڕێت، کە هێمای بەرگریکردن بوون لە نیشتیمان لە قۆناغێکی مێژوویدا، یاخود لەڕێی ئەو کارەکتەرانەوە بگەیەنێت، کە بە دەستی دەسەڵاتی کوردی شەهیدکراون.[150]

شاعیر بەڕوونی لە دەقەکانیدا لەسەر هەردوو ڕەهەندی مێژوویی‌و چیرۆك کاریکردووە، کە ئەم ڕەهەندانە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی قووڵیان بە ژیان‌و کۆمەڵگاوە هەیە، شێرکۆ بێکەس چەندە خاوەنی خەیاڵێکی قووڵی شاعیرانەیە، ئەوەندەش واقیعییانەو بەشێوازێکی ئەدەبییانەی بەرز مامەڵەی لەگەڵ کەرەستەکانی ناو دەقە شیعرییەکانیدا کردووەو وێنەی نوێی پێ بەخشیون. واتە شێرکۆ زۆر بە قووڵی، پەیوەستبوونی خۆی بە ژیان‌و کۆمەڵگاکەیەوە دەخاتەڕوو، هەربۆیە دەکرێت ڕاستەوخۆ ئەزموونی شیعریی شێرکۆ ببەستینەوە بە ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم‌و سەرەتای سەدەی بیست‌و یەکدا، چونکە ئەو لە تێکڕای ئەو ڕووداوانەدا ئامادەبوونی بەرچاوی هەبووە. "ئەگەر بکرێت ئەزموونی ئەدەبی شێرکۆ بێکەس لە ڕستەیەکدا کورت بکەمەوە، دەکرێت بڵێم ئەوەی ئەم شاعیرە لەناو ساڵە تاریکەکانی سەدەی بیستەمدا ئەنجامیداوە، گواستنەوەی ئەزموونی کوردبوونە بۆ ناو شیعر، کردنی شێوازە جیاوازو دەرکەوتە جیاوازەکانی کوردبوونە بە شیعر، بەڵام کوردبوون بە چ مانایەك‌و لە کام دیدو گۆشەنیگاوە، بێگومان کوردبوون بە مانا ناسیۆنالیستە بەرتەسکەکەی نا، بە مانا ئەتنییە داخراوەکەی نا، بەڵکو کوردبوون وەك دۆخی دەرکردنی کۆمەڵێك مرۆڤ بەزۆر بۆ دەرەوەی مێژوو و دەرەوەی زەمەن، وەك گوناهێکی گەورە بەرانبەر بە مرۆڤ وەك هێما بۆ پرۆژەیەکی گەورەی وێرانکردنی ئینسان لە دونیای هاوچەرخدا، لە ڕاستیدا لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەسدا دەرکردنی کورد لە مێژوودا وەك دەرکردنی ئینسان وایە لە بەهەشتدا، دروستکردنی ئێش‌و ئازارو وێڵگەردییەکی بێوێنەیە، تورپدانی مرۆڤە بۆ ناو دونیایەکی ناحەزو پڕوکێنەر، شێرکۆ بێکەس ئەم دەرکردنەی کورد لە مێژوو وەك گوناهی یەکەم نزیك لەو گوناهەی لە مەسیحییەتدا ناوی (گوناهی بۆماوە)ی

---

149 شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، (٢٠٠٨: ٣٥)

150 ڕەئوف بێگەرد، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٦

لێدەنێن، دەبینێت."[151]

لێرەوە ئەگەر سەرنجی ئامادەبوونی شێرکۆ بێکەس بدەین، بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چەندە بە ژیانەوە بەستراوەتەوەو چەندەش لەناو مێژووی نەتەوەکەیدا ئامادەیی هەبووە. بەجۆرێك هیچ ڕووداوێکی گەورەی ناو کۆمەڵگای کوردی نییە، شێرکۆ بێکەس ئامادەبوونی تێدا نەبووبێت، بۆ ئەوەش، شێرکۆ بەبەردەوامی کاری لەسەر ئەوە کردووە وا لە ڕووداوەکان بکات ببنە بەشێك لە یادەوەریی گشتیو خەسڵەتی مانەوەی هەمیشەیی پێبەخشیوون. هەر ئەمەشە وا دەکات بڵێین، شێرکۆ لەناو ڕووداوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانو تەنانەت لەناو ڕۆحی سروشتی کوردستانیشدا ئامادەبوونی بەرچاو و کاریگەریی هەبووە "شێرکۆ بێکەس شاعیرێکە ناتوانین دایبڕین لە مێژووی پڕ کەوتنو هەستانەوەی سەدەی بیستەمی میللەتی ئێمە، ناتوانین وەك ویژدانی ئەو مێژووەو وەك بەرجەستەکەرێکی ڕاستگۆی ئومێدو نائومێدیو کارەساتو یاخیبوونەکانی ئەو مێژووە نەیبینین، شیعری شێرکۆ بێکەس تەنها نیشتیمانی مرۆڤە بیریندارو یاخییەکان نییە، بەڵکو ژینگەی هەموو ئەو باڵندەو درەختو شاخو بەردو کۆڵانانەشە، کە بەشێکن لەو مێژووەو بە سەدان شێوەی جیاواز لەو مێژووەداو لە شیعری شێرکۆدا تێکەڵن بە ئومێدو نائومێدیو ئیرادەو بێئیرادەیی ئەو مرۆڤەوە کە ناوی کوردەو بەو کێشەیەشەوە کە ناوی کێشەی کوردبوونە."[152] دیاردەی پەیوەستبوون لەنێوان ژیانو دەقی شیعریدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەم دیاردەیە ڕەنگە زۆر بە کەمی لە دەقی شیعریی شاعیرانی تری کورددا بوونی هەبووبێت، چونکە شێرکۆ هەر لەسەرەتای ژیانییەوە، تەنانەت لە قۆناغی ژیانی منداڵیو گەورەبوونو تا مردنیشی، ئەم پەیوەستبوونەی بە ژیانەوە هەیە، تەنانەت یاخیبوونەکەشی لەسەر ئەو بنەمایە دارِشتوە.

"ئەوەی ئاگاداری ژیانو شیعری شێرکۆ بێکەس بێت، بە ئاشکرا ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن ژیانی هەر لە منداڵییەوە تا کۆچیدواییەکەی، لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، هەر بۆ نموونە گەر بڕوانینە قەصیدەی (خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ) کاریگەریی تەواوی منداڵیو وێنەکانی منداڵی لەسەر قەصیدەکە دەبینین. یاخود گەر بڕوانینە دیوانەکانی (کەژاوەی گریانو تریفەی هەڵبەست)، دیسانەوە کاریگەریی تاڤ لاوی لەسەر شیعرەکانی ئەو دوو دیوانە دەبینینەوە. دواتریش وەختێك دەچێتە شاخو لەگەڵ پێشمەرگەکانی شۆڕشدا ژیان دەباتە سەر، ئەوا بەشێکی زۆری شیعرەکانی دەبنە ئاوێنەی خەباتو نەبەردەکانی پێشمەرگە."[153]

بارودۆخی ژیانی شێرکۆ، ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لەسەر دیاریکردنی دونیابینیی شاعیرو هەڵوێستی سیاسیی ئەو دەربارەی ڕووداوە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی، چونکە ئەو بەردەوام شاعیرێك بووە لە دۆخی هەڵوێست وەرگرتنێکی قووڵدا بووە، چ بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان وەك پێشمەرگەیەك هەڵوێستی نواندووە، چ وەك کوردێکی هۆشمەند لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) لە باشووری کوردستان، ڕەخنەی لە زوڵمو چەوساندنەوەی کۆمەڵگاکەی گرتووە بە دەست دەسەڵاتی ناوخۆی کوردییەوە.

شێرکۆ بێکەس زۆرجار لەڕێی زمانی باڵندەکانەوە باس لە ژیانی خۆی دەکاتو نەهامەتیو ئازاری ژیانی خۆیو گەلەکەی لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانیدا دەگێڕێتەوە:

---

151 مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ١١

152 سەرچاوەی پێشوو، ١٣

153 ئازاد بەرزنجی (نووسەرو وەرگێڕ)، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٦

**من ناوم ڕیشۆڵەیە**
**لە دەمێکەوە لەو شاخو داخانە**
**تەتەری هەڵۆو بازە نێرەکانو**
**نامەبەری نێوان شەقامەکانی شارو**
**کێوەکان بووم. ئەوەندە هاتمو چووم**
**تا باڵەکانم سواو کەسیدە بووم**
**وا ئێستاش گەڕاومەتەوە شارو**
**نە هەڵۆی پیرو نە هەڵۆی گەنجو کەس،**
**هیچ کەس**
**منیان هەر لەبیر نەماوە**
**کەس، هیچ کەس.**
**تەماشاکە! چش لە باڵم**
**بەڵام وا خەریکە ڕسوا ڕسوا**
**لەسەر سەقفی ناو گەراجدا**
**لە برساندا بۆ خۆم دەمرم**[١٥٤]

لەو دەقەدا، شێرکۆ وێنەی ژیانی خۆی لە شاخو شار دەکێشێتو جیاوازیی نێوان هەردوو قۆناغەکەی ژیانی دەخاتەڕوو. باس لەوە دەکات ئەو لە شاخ شۆڕشگێڕ بووەو لەپێناو پەیامەکەیدا زۆر ماندووبووەو تێکۆشاوە، بەڵام دواتر بارودۆخەکە دەگۆڕێت، لە شار لەجیاتی ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی ڕێزلێگیراو، بەهۆی خراپیی حوکمڕانیی وڵاتەوە، خەریکە لەبرسا دەمرێت. ئەم بارودۆخەی بەسەر شاعیردا هاتووە، دەگونجێت بۆ هەموو ئەو شۆڕشگێڕانە ڕاست بێت، کە لە شاخ پێشمەرگە بوونو لەپێناوی نیشتیمانەکەیاندا قوربانیی زۆریان داوە، بەڵام کاتێك شۆڕشگێڕەکان دەسەڵات دەگرنەدەست، ئەمانە پەراوێزدەخەنو تەنانەت ناتوانن نانێك پەیدابکەن.

لەشیعری شێرکۆدا، هەموومان وەك کورد خۆمان دەبینینەوە. لە هەرە عاشقی شەیدامانەوە، کە خۆشەویستەکەی لەگەڵ خۆدا تەلان تەلانو ڕەوەز بە ڕەوەزو کۆڵان بە کۆڵان دەگێڕێت، تا دڵشکاوترین کەسمان لە ترسنۆکەوە تا چەلەنگو ئازامان لە پێشمەرگەوە تا خۆفرۆشان، لە شەڕئەنگێزەوە تا ئاشتیخوازو مرۆڤدۆستان، هەموومان کاراکتەری نێو دیوانەکانی شێرکۆ بێکەسین[١٥٥]. شێرکۆ بەشێوەیەکی بەردەوام شانازی بە ئەو شیعرانەیەوە دەکات، کە بەشێکن لە مێژووی نەتەوەی کوردو هەمووساڵیادێکی ئەو ڕووداوانە، شیعرەکانی جارێکی تر دەبنەوە وێردی سەرزاری خەڵکی، واتە ئەو وەك شاعیرێك چۆن ویستویەتی نەمری بەخۆیو شیعرەکانی بدات، بە هەمان شێوەش لەڕێی شیعرەکانیەوە ویستویەتی ئەو ڕووداوانە لە مێژووی کورددا بۆ هەمیشە بهێڵێتەوە.

---

154 ڕەئوف بێگەرد، شێرکۆ بێکەس وەك خۆی، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ٢٠
155 سەرچاوەی پێشوو

**من دەشتێ شیعرم نووسیوە**
**(با)و گەردەلوولی زەمانە**
**یەك لە دوای یەك**
**سەر بەرەو خوار**
**زۆریان ئەبات بۆ ناو دۆڵی**
**بیرچوونەوە**
**ئەوەی من دڵم پێی خۆشە**
**ئەو شیعرە کەمە جوانانەن**
**بیرناچنەوەو**
**هەموو ساڵێ**
**لەگەڵ هاتنەوەی نێرگزدا**
**ئەوانیش دیسان دێنەوە**[١٥٦]

## هەڵەبجەو کەرکوك وەك هێمایەك بۆ بەگژداچوونەوە لە شیعری شێرکۆدا

لەڕاستیدا هیچ ڕووداوێکی سیاسی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا نییە، کە لە قۆناغی ژیانی شێرکۆ بێکەسدا ڕوویاندابێت‌و شاعیر نەیکردبێتە هەوێنی دەقی ئەدەبیی باڵاو گیانێکی نوێی پێنەبەخشێت، بەجۆرێك بۆ هەمیشە وەك بەشێك لە یادەوەریی نەتەوەی کورددا هێشتوونیەتییەوە. ئەو بۆ ڕووداوەکانی مێژووی ئێمە شاعیری مەزنی ڕووداوەکان بووە، بەجۆرێك هەموویانی لەناو دەقەکانیدا شوێن کردوونەتەوە، هەر لە ڕووداوی شەهیدکردنی (قازی محەمەد)ەوە بۆ ڕووداوەکانی ناو شۆڕشی ئەیلول‌و هەروەها نسکۆی ساڵی (١٩٧٥)و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستان‌و ئەنفال‌و ڕاپەڕین‌و تیرۆرکردنی قاسملۆو شۆڕشی نوێ‌و شەهیدەکان‌و بۆنە نیشتیمانییەکان‌و هێماکانی کوردایەتی‌و شارو شارۆچکەکانی کوردستانی، هەموو کردوونەتە دەقی ئەدەبیی باڵا.

**هەمیشە...کەرکوك...هەمیشە !**
**من ئەگەر کەرکوك نەبووایە**
**حاسەی (بیستن)م نەئەبوو**
**بۆ یەکەمجار هاواری ئەو**
**گوێی کردمەوە !**
**من ئەگەر کەرکوك نەبووایە**
**هەستی تام‌و چێژکردنم لا نەمابوو**
**تا نەهات‌و بەدەستی خۆی**
**پەرداخێ خەمی نەدامێ !**

---

[156] دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (٨)، (٢٠٠٩: ٤٧١)

**هەستی (لەمس)م تیا نەمابوو**

**هەتا ڕۆژێ بە کڵپەیەکی هەناسەی**

**دەستو پلی نەسووتاندم!**

**بەر لە کەرکوک**

**من بۆنی هیچم نەئەکرد**

**تا ئەو ڕۆژەی لە کۆڵانە**

**سیسەکانیا**

**بۆنی هەژاریی‌و برسێتی**

**ئەوم نەکرد!**

**لەڕاستیدا**

**ئەگەر کەرکوکیش نەبوایە**

**من ئێستاکە شیعرەکانم نابینابوون**

**بەڵام ڕۆژێ**

**شەهیدێکی فریام کەوتو**

**هەردوو چاوی خۆی دامێ**[157]

لەو دەقەدا، شاعیر هەموو تواناو خەیاڵو چێژو سەرچاوەی شیعر نووسینی خۆی گرێدەداتەوە بە شارێکەوە، کە بە درێژایی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هێمای بەرگریکردنو قوربانیدان بووەو دوژمنان بە هەموو شێوەیەك شاری (کەرکوك)یان وا داناوە لە دەرەوەی نەخشەی کوردستاندایە، بەڵام شاعیر ئەم شارە بە نەخشەی سەرەکیی شیعر نووسینی خۆی دادەنێتو گرنگییەکی لەڕادەبەدەر بە پێگەو بەهاو کاریگەریی کەرکوك لە شیعرەکانیدا دەدات تا ئەو ڕادەیەی، دواهەمین دیوانی شیعریی خۆی بۆ ئەم شارە، بەناوی (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) تەرخاندەکات، بەڵام مەرگ ڕێگەینادات تەواوییبکات. بۆ نموونە تەنها لە دیوانی (خێراکە...مردن خەریکە بگات)دا، حەوت دەقی بۆ کەرکوك تەرخانکردووە، کە بریتین لە (شیعری مەحاڵەکان، سوپاسنامە، ئاپۆڕەی تورە، بوومەلەرزە، پەروانە، ئەوەی بۆ خوایەو ئەوەی بۆ خەڵکە، لە غەزا گەورەکەدا).

شێرکۆ زۆر بە گرنگییەوە ڕووداوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە دەقەکانیدا باسدەکاتو وەك بەشێك لە مێژووی زوڵمی دوژمنان وێنایدەکات، ئەو جگەلە دەقی (هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغا)، لە دەقی (هەڵەبجەی سەمەندەرم!)دا مێژووی شەهیدکردنی شارێکمان بۆ دەگێڕێتەوەو بە خەیاڵێکی ئێجگار فراوانەوە، واقیعی تاڵی ئەو ڕووداوەمان بۆ وێنەدەکێشێت.

---

[157] دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (٨)، (٢٠٠٩: ٤٢٧_٤٢٨)

**هەڵەبجەی سەمەندەر !**

**ئەو بەیانیەی هەڵەبجە لەپڕێکدا**

**هێڵنجی داو، بەلادا هات،**

**دڵی وەستا !**

**لەلای منیش**

**لە مەملەکەتی وشەدا؛**

**شارێك شیعرو**

**ڕیزە چیایەك چیرۆكو**

**دارستانێ لە وتارو**

**سەدان قەڵبەزەی گۆرانییو**

**دەریاچەیەك خۆزگەی شینو**

**سەدان پۆرتەرێتی**

**سیمای شاخو سیمای عەشقو**

**چەندین شەقام**

**لە تەماشا**

**ئەوانیش هەموو پێکەوە**

**لە یەك ساتدا**

**دڵیان وەستا**

.................

**هەڵەبجەیەو (سەمەندەر)ەو**

**دیسانەوە لە خۆڵەمێشی خۆیەوە**

**دێتەدەرێو**

**باڵ ئەگرێتو ئەفڕێتەوە**

**(خۆمو شیعرەکانی خۆیشم هەروا !)**

**ئەوا ئێستەیش**

**لەگەڵ پێنج هەزار دەریاچەو**

**لەگەڵ پێنج هەزار چل چراو**

**پێنج هەزار پیانۆو کەمانچەی**

**ناو دنیادا**

**نزیكو دوور**

**هەڵەبجەمان لە پێشەوەو**

**(عومەری خاوەر) بە سواری ئەسپێکی سوور**

**لە غاردایەو**

**ساواکەیشی وەکوو مانگێکی بچکۆلە**

**لە باوەشیاو**

**هەر هەموویشمان بەیەکەوە**

**هاتووینەوە**

**بۆ لای چاوەکانی (زەڵم)و**

**بۆ ناو باوەشی (شارەزوور)**[١٥٨]

هەڵبژاردنی ئەو دوو دەقە وەك نموونە، بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییە قووڵو کاریگەرەیە، کە لەنێوان دەقەکانی شێرکۆ بێکەسو ڕووداو و مێژووی نەتەوەکەیدا هەیە، هەروەها بۆ پیشاندانی ئەو کاریگەرییە بەهێزەیە، کە ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیی شاعیر لەسەر دەقەکانیو دواتر دروستکردنی جیهانبینیی ئەوە وەك شاعیرێکی یاخی لە بارودۆخی سەپێنراوی سیاسی بەسەر نەتەوەو خاکەکەیدا، چونکە ئەو بڕوای بەو ڕۆحە یاخیانە هەیە، کە دەقی ئەدەبیی ڕاستەقینە لەپێناوی گۆڕانکاریدا دروستیدەکات. ئەو تەنها ژینگە سیاسییەکە کاری تێناکات، بەڵکو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەشی، کاریگەریی زۆری لەسەر جیهانبینییە شیعرییەکەی بەجێهێشتووە، بەتایبەت ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی ناو کۆمەڵگای کوردی، کە ئایینی ئیسلام ڕۆڵی هەبووە لەوەی بەشێوەی بارێکی قورسو دواکەوتووانە بەسەر کۆمەڵگادا بشکێنەوە، بۆ نموونە لەم دەقەی خوارەوەدا، ڕەخنە لە دیاردەی پیاوسالاری لە کۆمەڵگادا دەگرێتو بە گژ ئەو بۆچوونەی ئایینی ئیسلامدا دەچێتەوە، کە ڕێگە بە دیاردەی فرەژنیی دەدات.

**لەسەر حەساری حەوشەکە**

**کەڵەشێرێك خوتبەی ئەدا !**

**مریشکیش مافی خۆیەتی**

**لەسەر نەبوونی یەکسانی**

**هێلکە بگرێتە هەموومان**

**بەو مەرجەی ئەویش ڕازیبێ**

**وەك ئەو ژنە موسوڵمانەی**

**دراوسێمان**

**کەڵەشێریش**

**تا نۆ ژنی بەسەر بێنێ!**[١٥٩]

---

[158] دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (٨)، (٢٠٠٩: ٤٠٤_٤٠٧، ٤٠٨)

[159] سەرچاوەی پێشوو، ٤٥٣_٤٥٤

شێركۆ پیاوێكە بەقووڵی هەردوو دەستی لەناو مێژووی سەدەی بیستەمی ئێمەدایە. پیاوێكە بەناو ئەم مێژووەدا دەگەڕێتو پارچە سووتاو و كوژراو و خنكاو و وێرانەكانی كۆدەكاتەوەو بە مەراقێكی زۆرەوە دەیانباتە ناو ماڵی شیعرەوە، بە ئومێدێكی زۆریشەوە دەیەوێت لەو ماڵە شیعرییەوە بیەڕێتەوە بۆ ناو مێژوویەكی پاكترو جوانترو ئینسانیتر. شیعری شێركۆ ئەزموونی سوڕانەوەیەكی بەردەوامە بەناو وێرانەیەكی ئینسانیی گەورەدا، تۆماركردنی رووكارە خەمبارو ڕۆژانەییەكانی ئەو وێرانەیە، بەڵام ئەم تۆماركردنە تەنها بۆ ئەوە نییە ئەو دونیایەمان بیرنەچێتەوە، كە وێرانەو میللەتێكی تێدا دیلكراوە، بەڵكو بۆئەوەی بتوانین ئەو وزەیە لەناو خۆماندا و لەناو مێژوودا دروستبكەین، كە بتوانێت ئەو وێرانەیەمان بۆ بگۆڕێت بە دونیایەكی قابیلی ژیان، دونیایەك، كە بتوانین هەم عاشق بینو هەم ئازاد.[١٦٠]

دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو، شێركۆ بەدرێژایی قۆناغەكانی شیعر نووسینی، ژیانی تایبەتیی خۆیو ئازارو مەینەتییەكانی ژیانیو ژینگە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكەی، كاریگەرییەكی ئێجگار زۆریان لەسەر جیهانبینیی ئەم شاعیرە دروستكردووە. وەك ئەوەی ئەم شاعیرە بیەوێت لەڕێی شیعرەكانییەوە، خۆیو شۆڕشو مێژوو و كۆمەڵگاكەی بنووسێتەوە، لە هەر جێگەیەك جوانیو ئازاری خۆیو نەتەوەكەی ئامادەیی هەبووبێت، شێركۆ لەوێ بووەو كردوویەتییە دەقی ئەدەبیی ناوازە. ئەو بۆ جوانییەكانی ژیانی خۆیو نەتەوەكەی دەنووسێت، وەك چۆن بۆ ئازارو نەهامەتییەكانی ژیانی خۆیو نەتەوەكەشی دەنووسێت. شێركۆ یەكێكە لەو شاعیرانەی، بە درێژایی قۆناغەكانی شیعر نووسینی، دژی دۆخی باوی چەوساندنەوەو زوڵم بووە، بەڵام لە هەر قۆناغێكدا بەجۆرێكی جیاواز (ژیانو ژینگەی ژیانی)، ئەو ڕەهەندی یاخیبوونەیان لەلا بەرجەستەكردووە، هەرگیز نەیویستووە گیانی خۆڕادەستكردنی تێدا سەرهەڵبدات، بەڵكو بەپێچەوانەوە ئەو شاعیرێكی ناڕازیو یاخییە، بەڵام لە هەر قۆناغێكی ژیانیدا بە جۆرو فۆرمی جیاواز. بەكورتی شێركۆ بێكەس زۆر بەتوندی بە ژیانو ژینگەكەیەوە گرێدراوە، بەڵام بە ئاڕاستەی یاخیبوونو هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو ژیانو ژینگەیە، ئەو بۆچوونانەی پێشوو هیچ لەوە كەمناكەنەوە، كە شێركۆ بێكەس لەڕووی فۆرمی دەقی ئەدەبییەوە چەندە پڕ داهێنانەو خاوەنی زمانێكی تایبەتو فەرهەنگێكی دەوڵەمەندی شیعرییە، لەڕووی هێنانە ناوەوەی وێنەی شیعریشدا، باڵادەستو هونەرمەندە، بەڵام كاركردنی ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەدا، كاركردنە لەسەر دەرخستنی ئەو ڕەهەندە لە دەقەكانیدا، كە دەربڕی ڕەتكردنەوەی دۆخی باوی ژیانو ژینگە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكەیەتی.

**وێنەی مەعشوق لە نیشتیمانەوە بۆ ژن**

یەكێك لە سەرەكیترین خەسڵەتەكانی ئەزموونی شیعریی شێركۆ بێكەس، بابەتی عەشقو خۆشەویستییە، تەنانەت خوێنەری ئاسایی، زۆر ماندوو نابێت بۆئەوەی زۆر بە ئاسانی ئەم خەسڵەتە لە شیعرەكانی (شێركۆ بێكەس)دا دیاریبكات، چونكە ئەم بابەتە پایەیەكی گرنگەو كاریگەریی لە تەواوی ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرەدا داگیركردووە.

بابەتی (عەشق) یەكێكە لەو بابەتانەی، بەپێی قۆناغو تێڕوانینی ئایینیو فەلسەفیو هزریو جوگرافیایی، گۆڕانی زۆری بەسەردا دێت. واتە ڕوانگەی جیاوازی زۆر هەن بۆئەوەی بنەماكانو ڕێساكانو ناسنامەكەی دیاریبكەن. عەشق كردەیەكی ویژدانیو ڕۆحییە، كە مرۆڤ لە چوارچێوەی باڵاترین وێنەی بوون لە ژیاندا هەستیپێدەكات، لە

---

[160] مەریوان وریا قانع، شێركۆ بێكەسو كوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ١٨

زۆربەردا دەگاتە ئاستی بەپیرۆزگرتنی ئەو کەسە، یاخود ئەو دیاردەو شتەی، کە وەك مەعشوق مرۆڤ لێی دەڕوانێت، چونکە سەرچاوەی دروستبوونی ئەم عەشقە ئەنجامی سەرسامییەکی زۆر قووڵە بەرانبەر بە مەعشوقەکەی. لە ڕوانگەی ئایینەوە، عەشق سەردەکێشێت بۆ دۆخی پەرستن، بەتایبەت لەو جۆرە عەشقەدا، کە سەرچاوە ئایینییەکان وەك عەشقی خودایی ناویدەنێن.

عەشق بەپێی شارستانییەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتیو ئایینەکان جیاوازەو هەریەکەیان بەجۆرێکی جیاواز پلەو ئاستو چۆنیەتییەکەی دیاریدەکەن، بۆ نموونە چەمکی عەشق لە فەلسەفەی یۆنانیی کۆندا زۆر جیاوازە لە چەمکی عەشق لە فەلسەفەی ئیسلامدا.

عەشق لە ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەسدا، لە پەیوەندییەکی قووڵدایە لەگەڵ تێکڕای هزرو جیهانبینیی ئەو بۆ ژیانو ئازادیو نیشتیمان، واتە زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوە. ئەزموونی خۆشەویستی لە شیعری شێرکۆدا، پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆی بە ئەزموونی ئازادییەوە هەیە. ئازادی وەك پرۆژەیەکی گەورەی سەرزەمینیو هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا. خۆشەویستی لێرەدا تەواوکەری ئەو ئازادییەیە، یان ڕەنگە مەرجی سەرەکیی گەیشتن بەو ئازادییە بێت.

لەخۆشەویستیدا، مرۆڤ دەتوانێت باز بەسەر حەزو تەماحە تایبەتییەکانی خۆیدا بدات، دەتوانێت خۆی تێپەڕێنێت، قازانجو دەستکەوتە تایبەتییەکانی خۆی لەبیربکات، خۆشەویستی پێکەوەبوونێکی ناسكو باوەشکردنێکی پڕ شەوقو پڕ ئولفەتی ئازادانەی مرۆڤەکانە بەیەکتریدا. وەك چۆن ئازادی شتێك نییە بە ئینسان درابێت، بەڵکو ئینسان دەبێت دروستیبکات، خۆشەویستی شتێکە دروستدەکرێت، دادەڕێژرێتو گەشەی پێدەدرێت، خەمی بیرەوەریی دەخورێت.[161]

کردەی خۆشەویستی لای شێرکۆ، کردەیەکی دابڕاو نییە لەکۆی تێڕوانینی ئەو وەك شاعیرێکی خاوەن هزرو هەڵوێست دەربارەی کۆی جومگە کەلتووریو هزریو ئایینیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی. ئەو دەچێتە خانەی ئەو شاعیرانەوە، کە خۆشەویستی تەنها لە کردەیەکی جەستەیی ڕووت لەگەڵ ژنێکدا کورتناکەنەوە، بەڵکو خۆشەویستی لای ئەو، پرسێکی ویژدانییەو وەڵامە بۆ هەموو ئەو گرفتە جەوهەرییانەی، دەبنە ڕێگر لەبەردەم بیرکردنەوەیەکی سەردەمیانە بۆ خۆشەویستی، چونکە ئەم دیاردەیە لە ناوەندی ئەدەبیدا، دەچێتە خانەی سەرکەشییەوە، ئەگەرهاتوو قۆناغی سەرکێڵی بەجێهێشتوو و بووە دیاردەیەکی ڕۆحیو ویژدانی لای خودی شاعیر "شاعیر لەم بارەدا کردەیەکی سەرکەشیانە ئەنجام دەدات، نەك هەڵچوونو سەرلێشێواوی، چونکە لەبارێکی لەو جۆرەدا شاعیر بیردەکاتەوەو نابێتە شوێن کەوتوو و لەژێر هیچ فشارێکدا چێژی شاعیرانەی خۆی تێك نادات‌و بەهیچ جۆرێك دەسەڵاتو توانای بەسەردا نییە، مرۆڤ لێرەدا تەنها خۆی بیردەکاتەوە نەك کەسیی تر، هەر خۆشی هەستەکانی دەردەبڕێت، نەك لەپێناوی خۆخەڵەتاندندا بنووسێت."[162]

ئەو دەقە زۆرانەی شێرکۆ بێکەس بۆ خۆشەویستی نووسیونی، بەئاسانی دەتوانین بڵێین ئەنجامی بیرکردنەوەی خودی شاعیرن بەرانبەر هەموو ئەو شتانەی خۆشەویستیی خۆی بۆ دەربڕیونو هەرگیز لە ژێر هیچ فشارێکدا شیعری بۆ کەسێك، یان شتێك نەنووسیوە، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا، کە هەڵگری ڕۆحێکی یاخیی سەرکەشانەیە، کە هیچ هێزێك نەیتوانیوە ئەو ڕامبکات، بەپێچەوانەوە لەکاتی بوونی فشار لەسەری، شێرکۆ ڕاشکاوانەتر دەدوێتو دەنووسێت. ئەو

---

[161] مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ١٦_١٧

[162] جان نعوم طنوس، صورة الحب في الشعر العربي الحديث، (٢٠٠٩: ٨)

دەمەی (بەعس) وەك داگیرکەرێك وڵات وێراندەکات، ئەو وەك شاعیرێك زۆرتر نیشتیمانی خۆشدەوێت، بەڵام ئەو دەمەی شۆڕشگێڕەکان پشت لە پەیامی خۆشەویستیی نیشتیمان دەکەن، شاعیر دەبێتە کەسێکی ترو بەتەواوەتی مەعشوقەکەی دەگۆڕێت بۆ کچێك، ئەم دۆخە بەتەواوەتی لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا بەرجەستەبووە، هەر کاتێك ئایین دەبێتە هۆکاری شاردنەوەی جوانییەکانی ژن، شێرکۆ تووڕە دەبێتو یاخیانە لەخودا، خۆشەویستیی زۆرتر بۆ ژن دەردەبڕێت.

شێرکۆ تاکە شاعیری کوردە، کە زۆر بە ڕاشکاویی پشت لە مەعشوقە کۆنەکەی (نیشتیمان) دەکاتو ڕوودەکاتە مەعشوقێکی نوێ (کچێك)، ئەمە بەواتای ئەوە نایەت شێرکۆ پێش دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) خۆشەویستیی خۆی بۆ کچێك دەرنەبڕیبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە شێرکۆ شاعیرێك بوو بۆ خۆشەویستیی ژن خوڵقابوو، بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ لێکۆڵینەوەکەمان گرنگە، چۆنیەتیی گۆڕینی مەعشوقی شێرکۆ بێکەسە لە نیشتیمانەوە بۆ کچێك.

شاعیر بۆ هەموو جوانییەکانی ژیانی نووسیوەو عاشقی جوانیی مرۆڤایەتی بووە، (شیعری شێرکۆ گۆرانییەکی بەردەوامو ستایشکردنێکی بێوچانی جوانییەکانی مرۆڤە. هەموو شتێك لە شیعری شێرکۆدا دەژیو وەك مرۆڤ دەینوێنێت. نیشتیمانی شێرکۆ، نیشتیمان نییە بە مانا ناسیۆنالیستییە تەسکەکەی، بەڵکو هەموو ئەو شوێنو سنوورانەیە، کە هێزی ژیان دەستی دەگاتێ. لە شیعری ئەودا بەردەکان، چیاکان، باڵندەکان، تێکڕا وەك ئێمە زیندوون، وەك ئێمە هاواردەکەن، دەترسنو دەژینو بۆ مانا دەگەڕێن.

ئەگەرچی گۆران لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا ژیاوەو چەوساندنەوەی ڕژێمی پاشایەتی لە عیراق بینیوە، بەڵام وەك شێرکۆ کارەساتە گەورەکانی جینۆسایدو ئەنفالو کیمیابارانکردنو ڕاگواستنی سەردەمی دەسەڵاتی بەعسییەکانی نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە "(گۆران)یش وەك (شێرکۆ) عاشقی ژیان بوو، بەڵام گۆران کوڕی ڕۆژگاری کارەساتە گەورەکان نەبوو.. گرنگیی شێرکۆ لەوەدایە، لە ناوەڕاستی هەموو گەردەلوولو کارەساتەکاندا ستایشی ژیان دەکات، ئەو تەنیا وابەستەی لادانو شکاندنی هەر قاڵبێکە، کە بوونمان گەمارۆ دەدات، شیعری ئەو هیچ نییە، جگە لە بەربوونی وزەی ناکۆتایی ژیان لە زیندانە گەورەکانی خۆی، شێرکۆ لە سیاسەتیشدا نوێنەری هاواری ژیانە، نەوەك هاواری ئایدۆلۆژیایەك، یان بەرەیەك، ئەو شاعیری ڕووداوە گەورەکانو شتە بچووکەکانیش بوو."[163]

خۆشەویستیی، بابەتێك نییە بە تەنها ئەرکی شاعیر، یاخود نووسەرێك بێت، بەڵکو پرسێکە بە هەموو زەمانو کەسو ئایینو بیرکردنەوە جیاوازەکانەوە پەیوەستە، دیاردەیەکی جیهانیی مرۆڤانەیەو لە هەموو ساتەوەختێکدا ئەگەری ڕوودانی هەیە، بۆیە دەبینین هیچ فەیلەسوفو نووسەرێك نییە دەربارەی ئەم دیاردەیە نەینووسیبێت، چونکە ئەم دیاردەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕەگو ڕیشەی هەیەو هەمیشە جوڵێنەری زۆرێك لە ڕووداوەکان بووە، دەبێت ئەو ڕاستییەش ڕوونبکەینەوە، کە خۆشەویستیی، جۆرێکە لە جووڵەی تایبەتو بوونێکی تایبەتی هەیە، بەجۆرێك "خۆشەویستی بەهرەیەکی سەرسوڕهێنەرەو دەبێتە هۆکاری دروستکردنی کەسایەتیی تاك، وەك بەهرەی هۆنینەوەی شیعرو گیانی قوربانیدانو ژەنینی موزیكو ئازایەتیو زانیاریو ڕۆڵی سەرکردایەتیکردن."[164]

لەڕاستیدا شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرانەی، لە بنەڕەتەوە بۆ خۆشەویستیی خوڵقاوەو ئەم دیاردەیە توانیویەتی بە تەواوەتی کەسایەتیی شاعیر دروستبکات، خۆشەویستیی لای شێرکۆ، بەهرەیەکی سەرسوڕهێنەرەو لە دەقەکانیدا ئەم

---

163 بەختیار عەلی، ئێستا ژیان نیشتیمانە، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ٣١

164 خورسة أورتغا اي غاسيت، دراسات في الحب، ت: علي أشقر، (٢٠١٣: ٢٦)

بەهرەیەی بەشێوەیەکی زۆر وردو هونەرمەندانە بەکارهێناوە. ئەم دۆخە لای شاعیر تا ئەو ئاستە دەڕوات، کە شیعرو عەشق لەیەك جەمسەردا بن‌و یەکتری تەواوبکەن، واتە لە عەشقەوە بۆ شیعرو لە شیعرەوە بۆ عەشق، تا ئەندازەی ئەوەی دەکرێت بپرسین، ئایا ئەم دوو چەمکە واتە (عەشق‌و شیعر) لای شێرکۆ بێکەس لەیەکتری جیادەکرێنەوە؟ بێگومان نەخێر، چونکە بەتەواوەتی ئەم دوو چەمکە لای شاعیر ئاوێتەی یەك بوون:

ناوەڕۆکی دەق لای شێرکۆ بێکەس (شیعر = عەشق) هەروەها (عەشق = شیعر)

"ئاساییە شیعرو عەشق لە یەك جەمسەردا بن. عەشق لە فەرهەنگی شێرکۆدا ناوێکی دیکەی ئەو پەڕینەوە ئەفسانەییەیە بەرەو یەکگرتنەوە لەگەڵ بووندا. عەشق وەك لە فەرهەنگی هەموو سۆفییە گەورەکاندا هەیە، لە فەرهەنگی شێرکۆشدا ڕێگای وەدیهێنانی ئەو یەکێتیی بوونەیە، کە خولیای سۆفییەکانە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا شیعر دەتوانێت دەرەقەتی ئەو فەرمانە بێت، کە تەعبیرکردنە لە عەشق؟

**چۆن بتوانم زوێنی گەرمی ئەم ئەوینە**
**بە جامی حەرف بکەمە ناو شیعرەوە**

واتە تاقیکردنەوەی یەکەمی ئەو چەکە سیحراوییە لەوەدا دەردەکەوێت، ئایا دەتوانێت تەعبیر لەو حاڵەتە سیحراوییە بکات، کە عەشقە. حەرف لە وەزیفە شیعرییەکەدا جامێکە، کە دەبێت عەشق‌و هەموو شتەکانی دیش بگرێتەخۆی."[165]

ئەو عەشقەی لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا بوونی هەیە، تەنها بریتی نییە لەو پەیوەندییە سۆزدارییەی لەنێوان (ژن‌و پیاو)دا بوونی هەیە، بەڵکو هەڵگری ڕەهەندو تایبەتمەندێتیی خۆیەتی، بۆیە دەکرێت وەك عەشقێکی تایبەت بەخودی خۆی، واتە بە عەشقی (شێرکۆ بێکەس) ناویبهێنین، چۆن لەمێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیدا فەیلەسوفەکان هەریەکەیان بۆ خۆیان جۆرێك لە تێڕوانینی تایبەتییان بۆ عەشق هەبووەو هەر بەناوی خۆشیانەوە عەشقەکەیان ناونراوە، ئەم ڕوانینەش بۆ عەشق لای شێرکۆ بێکەس دروست‌و گونجاوە.

لەم ڕوانگەیەوە "شێرکۆ بێکەس وەك چۆن لە کوردبوون بێئومێد نابێت، ئاواش لە خۆشەویستی بێئومێد نابێت، لە شیعری شێرکۆدا خۆشەویستی وەك ئازادی هەمیشە ئامادەیە، هەمیشە دروستدەکرێ‌و بەردەوام پێویستی بە پاراستن‌و تازەکردنەوەیە. خۆشەویستی کەی مرد، دەشێت زیندووبکرێتەوە. جارێك بە شیعرو جارێك بە شۆڕش‌و یاخیبوون‌و جارێکیش لە ڕێگای تێکەڵکردنی تەنیایی دوو ئینسانەوە بەیەکتری. لای شێرکۆ بێکەس وەك چۆن کوردبوون هێمایە بۆ دۆخێك مرۆڤ تیایدا بەدوای ئازادیدا دەگەڕێت‌و ڕێزی ئازادی دەگرێت، ئاواش مەرجی سەرەکی لە عەشقی ڕاستەقینەدا ڕێزگرتنی ئازادی کەسەکانە لەیەکتری، خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ هەم خۆی خۆشەویستییەکی ئازادە، هەم خۆشەویستی دوو مرۆڤیشە بۆ ئازادی."[166]

---

[165] بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، (٢٠١٥: ١٢٠_١٢١)

[166] مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەس‌و کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ١٧

بەمپێیە بێت، خۆشەویستی لە شیعری شێرکۆدا، گرێدراوە بە کوردبوونو ئازادیو ڕێزگرتنی مرۆڤەکانەوە لە یەکتری، هەر کاتێك ئازادیی بوونی نەبوو، ئەوا گەڕان بەدوای خۆشەویستیدا هیچ واتایەکی نابێت، ئەم بۆچوونە هەم لەسەر ئاستی مرۆڤ بۆ مرۆڤو مرۆڤ بۆ نەتەوەکەی ڕاستو گونجاوە، هەم شێرکۆ بڕوای تەواوەتی بە نەمردنی خۆشەویستیی هەیە، ئەو وەها دەڕوانێتە خۆشەویستیی، کە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگای جۆراوجۆرەوە زیندوویبکاتەوە، هەروەك لەنێوان مرۆڤەکاندا بە ڕێزگرتن زیندوودەبێتەوەو پەرەیپێدەدرێت، لەنێوان مرۆڤو نەتەوەکەشیدا، بە شۆڕشو یاخیبوون زیندوودەبێتەوە. بەکورتی، بوونی ئازادیی ڕاستەقینە، واتای بوونی خۆشەویستیی ڕاستەقینە دەگەیەنێت.

ڕەهەندێکی دیکە لەبابەتی خۆشەویستی لای شێرکۆ ئەوەیە، کە شاعیر نائومێد نابێتو هەمیشە چاوەڕوانی ئومێدە لەپێناوی ڕزگاربووندا. ئەم دۆخە کەمجار لای شاعیران بەرجەستەدەبێت، چونکە لەزۆربەردا خۆشەویستی، پەلوپۆی شاعیر دەشکێنێتو تووشی نائومێدیو زۆرجاریش تووشی خۆکوشتنی دەکات.

لە (١٩٥٠/٣/٢٥) دا شاعیری ئیتاڵی تشیزاری بافیز (cesare pavese) لە دوا لاپەڕەکانی یاداشتی ڕۆژانەی خۆیدا نووسیویەتی، من بەهۆی خۆشەویستیی بۆ ژنێك خۆم ناکوژم، بەڵام خۆم دەکوژم لەبەرئەوەی خۆشەویستی، جا هەر خۆشەویستییەك بێت ڕووتماندەکاتەوەو دڵتەنگمان دەکاتو لە ناوەڕاستی بووندا تەنهامان دەکات. دواتر ئەم شاعیرە دوای بوونی پەیوەندییەکی سۆزداریی شێواو لەگەڵ کچێکی گەنجی ئەمریکیدا، لە ژوورێکی هۆتێلێکدا لە شاری (تۆرینتۆ) لە تەمەنی (٤٢)ساڵیدا خۆی کوشت.[١٦٧]

خۆشەویستی لای شێرکۆ، سەرەڕای گۆڕانی جۆرو ئاستەکەی، بەڵام کردەیەکی ئومێدبەخشە، بەهۆیەوە بەختەوەریی دروستدەبێت، ئەو هەمیشە وێنای ئەو خۆشەویستییەی خۆی وادەکات، کە باڵایەو هۆکارێکە بۆ ڕزگاربوون لە دەست نەهامەتیو دڵتەنگیی ئەو. لەڕێی خۆشەویستییەوە بە دوای بەها باڵاکانی ناو ناخی خۆیو مرۆڤدا دەگەڕێت. شێرکۆ لەو شاعیرانەیە، پێیوایە نابێت هەرگیز پرسیار دەربارەی شکست لە خۆشەویستیدا بکرێت، چونکە خۆشەویستی، کردەیەکە بەردەوام سەرچاوەی هیوابەخشەو دەبێت وەك فریادڕەسێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەك وەك هۆکاری وێرانکردنی گیانو ناخو بیرکردنەوەو تەنانەت جەستەی مرۆڤ. ئەو وەك کردەیەکی بێبەها سەیری خۆشەویستی ناکات، بەجۆرێك مرۆڤ لە هەموو کاتێکدا ئەنجامیبدات، بەپێچەوانەوە خۆشەویستی کردەیەکی باڵایەو کاتی تایبەتو مرۆڤی تایبەتی دەوێت، تا بە گونجاویو تەواوەتی ئەنجامیبدات، کردەیەکە پەیوەستە بە بیرکردنەوەیەکی تایبەتمەند لای خودی شاعیر، کەواتە (خۆشەویستی تێڕامانی مرۆڤە لە بوونی خۆی، چونکە خۆشەویستی یەکێکە لە مەرجەکانی مرۆڤبوونو شێوەیەکە لە شێوەکانی مومارەسەکردنی مرۆڤ لە خودو مانەوەی خۆیدا، بە واتای ئەوەی خوێندنەوە لە ژنو خودادا وەك دوو مەعشوق، بەواتای ڕامانی قووڵ لە بوونو ژیریدا دێت).[١٦٨]

خۆشەویستی لای شێرکۆ بەشێوەیەکی بەردەوام لەچوارچێوەی ئەو بەها باڵا هزریانەدا دێت، کە وەك چەکێك دژی کۆیلەبوونی مرۆڤ بەکاردێتو لە بەرانبەردا دەبێتە چەکێك بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە مەترسیدارەی، مرۆڤ بەسەر خۆیدا دەهێنێت، کاتێك ئیرادەی لەدەستدەدات. (لە بەشێکی زۆری شیعری شێرکۆدا خۆشەویستی هێزێکە دژ بە کۆیلەیەتیو دژ بە شکاندنی ئیرادەو دژ بە داماڵینی مرۆڤەکانو نیشتیمانەکانو مەسەلەکان لە شوناسی خۆیان، بەرگرییە لەو

---

[167] ماری لومونیەو أود نسولان، الفلاسفة والحب، ت: دینا مندور، (٢٠١٥: ٣١)

[168] علي حرب، الحب و الفناء (المرأة_السکینة__ العداوة)، (٢٠١٤: ٢٢)

شتانەی ئەو کەسانە دەکەن بە کەس، ئەو نیشتیمانانە بە نیشتیمان‌و ئەو مەسەلانەش بە مەسەلە. خۆشەویستی مانای ڕێزگرتنی تایبەتمەندییەکانی یەکتری، لە تایبەتمەندێتی مەعشوقەوە بۆ تایبەتمەندێتی نیشتیمان).[١٦٩]

شاعیر زۆر بەڕوونی باس لە خاسیەت‌و ئەرکی شیعریی خۆی دەکات، کە چۆن وەك هۆکاری سەرەکیی ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم دایدەنێت‌و پێیوایە شیعر دەبێت بێدەنگ نەبێت، بەڵکو لە گەیاندنی پەیامی ئەوین‌و خۆشەویستیی شاعیردا بەشداربێت. ئەمەش یەکێکی ترە لەو تایبەتمەندییانەی لە شیعری شێرکۆدا بوونێکی بەرچاوی هەیەو هەمیشە وەك گیانێکی یاخی‌و ناڕازی دەردەکەوێت‌و دەیەوێت پەیامەکەی خۆی بە جیهان بگەیەنێت.

**تۆ شیعرت نەکرد بە تەیری**
**ناو قەفەزی زمانێکی کڵۆم کراو لەسەر ئاسمان**
**تۆ باڵی فڕینت نەبڕی**
**تۆ دەنووکت نەقرتان‌و**
**تۆ مردارت نەکردەوە... وەکو کردیان**
**تۆ شیعر ناکەی**
**بە هێلکەی پیسی زمان**
**تۆ شیعر ناکەی بە لاکی مانای تۆپیو**
**بۆنی بۆگەنکردووی ڕستە بەرنادەیتە**
**ناو ڕۆژنامەو ناو گۆڤارو لووتی هۆڵ‌و**
**لووتی دیوان!**
**تۆ شیعرت بووە بە تەتەر ولاّتی ئەوین تەی ئەکا**
**بەیانیان زوو دیاریی کازیوە وەرئەگریٰ‌و**
**ئێوارانیش پۆستی خۆرنشین لۆك ئەكات**
**تۆ شیعرت بووە بە تەتەر ولاّتی ئەوین ئەگەڕیٰ**
**لە کوێستانیٰ هەور ئەخاتە ناو زەرفی ساماڵەوەو**
**بۆ دەشتێکی گەرمەسێری دووری ئەبات**
**نامەی ئەم لووتکە ئەداتە دەست ئەو لووتکەو**
**هەموو ڕۆژیٰ بارانە ماچ دابەش ئەکات**
**تۆ شیعرت چۆتە ناو دڵی ئەم خاکەوە**
**بۆیە وەختیٰ گەنم ئەڕویٰ‌و باڵا ئەکا**
**لە گوڵێکدا دەنکیٰ وشەی**
**تۆی هەر تیایە**
**تۆ شیعرت چۆتە ناو خوێنی ئەم خاکەوە**

---

[169] مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەس‌و کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ١٧

**بۆیە ئەو وەختەی کارێزی ئەتەقێتو**

**ئاو سەرئەکا..**

**لە جامێکدا قومێ شیعری تۆی هەر تیایە!**

**بۆ ئەم وەرزە شیعرت کردووە بە هەگبەی کۆڵەپشتو**

**بەوردە نان... شیعرت کردووە بە ئاوی مەتارە**

**........................................**[170]

شاعیر لەو شیعرەدا زۆر بەڕوونی ئەرکی شیعریی خۆی بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی، کە نیشتیمانە، دیاریدەکات. ئەو لێرەدا زۆر لەسەر ئەوە دەوەستێت، کە شیعری ئەو بەشدارە لە بەرهەمهێنانی هۆشیاریو بێداربوونەوە لەناو کۆمەڵگادا. تەنانەت دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە هیچ شوێنێکی نیشتیمان نییە ئەو شیعری بۆ نەنووسیبێتو لەبارەیەوە نەدوابێت، بۆیە زۆر بەئاسانی لێرەدا مەعشوقەکەی شێرکۆ بێکەس دەردەکەوێت، کە (نیشتیمان)ە.

شێرکۆ بەردەوام دەبێت لە وێناکردنێکی باڵا بۆ عەشقی خۆی بەرانبەر بە نیشتیمانو عەشقی خۆی دەخزێنێتە ناو هەموو جێگەیەکی وڵاتەوە، ئەو لە عەشقی نیشتیماندا نەک تەنها (فەرهاد)ێك، بەڵکو پڕبووە لە (ژمارەی فەرهادەکان)، واتە عەشقی ئەو هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندووە.

**تۆ ئێستە ئەوینت ئەوەندە بەداری عاشقو**

**ئاسکی دڵخوازو هێلانەی گۆرانیو**

**ژمارەی فەرهادو خۆزگەی سەوز پڕبووە**

**کانییەك نەماوە.... چاوێکتی تیا نەبێ**

**ڕێگایەك نەماوە....دەستێکتی تیا نەبێ**

**ئەشکەوتێ نەماوە....سەرێکتی تیا نەبێ**

**لاشانێك نەماوە....شانێکتی تیا نەبێ**

**گوڵجاڕێك نەماوە....ماچێکتی تیا نەبێ**[171]

لەشیعری شێرکۆدا، خۆشەویستیی نیشتیمان بەجۆرێکە، خاكو مرۆڤەکان پێکەوە بتوانن وەك ئەوەی هەن، بژینو گەورەبن. ئەو لە شیعرەکانیدا ئازارو مەرگەساتەکانی کورد لەشێوەی جۆرە ئەوینێکی تایبەتیدا دەردەبڕێت، بەجۆرێك خۆشەویستیو ئەوین بوونەتە مایەی گەورەبوونی نیشتیمانو خاكو گەلەکەی، ئەوە دەخاتەڕوو، ئەوینی پڕ ئازاری مەرگو نەهامەتی، وڵات بەرەو پێشەوە دەبات، بەمەرجێك چۆك دانەدات.

"لە شیعری شێرکۆدا خۆشەویستی کوردستان، خۆشەویستی شەهیدان، خۆشەویستی منداڵانو گەنجان، خۆشەویستی خانمان، مانای پاراستنی هەموو ئەو شتانە بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت هەبنو ببن. مانای ئەوەی کوردستان

---

[170] شێرکۆ بێکەس، خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ، (١٩٩٨: ٢٦٠_٢٦٢)

[171] سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٥

بتوانێت کوردستانبوونی خۆی بژی، شەهیدان بتوانن شەهیدبوونی خۆیان بژین، منداڵان بتوانن منداڵبوونی خۆیان بژین، گەنجان و ئافرەتان بتوانن گەنجبوونو ئافرەتبوونی خۆیان بژین. پاراستنی ئەم تایبەتمەندییانەش تەنها کردەیەکی تاکەکەسی نین، بەڵکو پرۆژەیەکی دەستە جەمعیو پێکەوەیینو لەم ساتەدا پێویستمان بە بونیادنانو دروستکردنی هەیە."[172]

**تۆ ئەوینی ناو ئاگر بووی.... تا نەسووتای باڵت نەگرت**

**تۆ ئەوینی ناو بەفر بووی.... هەتا نەتبەست هاژەت نەکرد**

**تۆ ئەوینی ناو برین بووی.... هەتا نەوەریت ڕەنگت نەکرد**

**تۆ درەختی بەر باهۆزی کارەساتو مەرگەساتو**

**ڕێی نەهاتو**

**سەر کەرناری ئاوی ڕەش بووی**

**هەتا ئازار ڕاینەژەنیت**

**هەتا باڵندەی گومانو تەیری ترسو**

**تا کۆست لەسەری نەخوێندیت**

**چرۆت نەکرد**

**دەنگت نەکرد**

**تۆ هۆدەیەکی بێوەژن.... نیشتیمانی یەکەم ئاخو**

**مێرگی یەکەم گریانت بوو**

**تۆ کراسە قەترانیەکەی بەری دایکت**

**یەکەم شەوی گەشانەوەی خەمانت بوو**[173]

## وێنەی ژن لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا

وەك چۆن بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی شێرکۆ، نیشتیمان وەك مەعشوق ئامادەیی هەیە، هاوکات (ژن)یش وەك ڕەگەزی بەرانبەر، هەندێکجار وەك مەعشوقو هەندێکجاریش وەك دایكو وەك شۆڕشگێڕو وەك بەشێك لە مێژووی پڕ ئازاری مرۆڤایەتی، بوونێکی بەرچاوی هەیە. لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆدا، پێگەو ڕۆڵی ژن لە ئەدەبدا گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت، بەجۆرێك ئەو دێت لە ڕێگەی شیعرەوە کودەتایەکی گەورە بەسەر دونیابینیی شیعریدا دەکات بەرانبەر بە ژنو لەناو کۆمەڵگادا ئەركو مافی دەگۆڕێتو لە ناسینەوەکان بۆ ژن یاخیدەبێت. ئەو یاخیبوونەی شاعیر لەمبارەیەوە ئەنجامیدەدات، لەناو ئەدەبی کوردیدا دەگمەنە. ئەو هەر لە ناوو ناسنامەی خۆیەوە وەك ناوو ناسنامەیەك بۆ تێکڕای ناوو ناسنامەکانی تر لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەستپێدەکات، ئەو داوایەکی سەیر لەڕێی شیعرەکانییەوە

---

[172] مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ١٧

[173] شێرکۆ بێکەس، خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ، (١٩٩٨: ٨_٩)

دەخاتەڕوو، شێرکۆ دەیەوێت ئەوە بگۆڕێت مرۆڤەکان بەناوی باوکیانەوە بناسرێنەوەو بانگبکرێن وەك فۆڕمێکی باوی (ناونان). ئەو داوادەکات وەك بنەڕەتێك بەناوی دایکییەوە ناوبنرێتو بانگبکرێت. ئەم داوایەی شاعیر نەك هەر لە ئەدەبی کوردیدا، بگرە لەناو ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتیشدا داوایەکی ناوازەیەو یاخیبوونێکی ئاشکرایە دژی ڕەوتی باوی باوکسالاریو گرنگیدان بە ڕەگەزی نێر لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەربۆیە لە دیوانی (خۆم، ئەو وەختە باڵندەم)، کە دەزگای چاپو پەخشی سەردەم لە ساڵی (٢٠٠٢)دا چاپو بڵاویکردووەتەوە، بانگەوازی ئەم یاخیبوونەی خۆی زۆر بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێت.

"شاعیر دیوانەکەی پێشکەشکردووە بە (شەفیقە سەعیدی وەستا حەسەنی وەستا مەحمودی فاتمە غەزایی) دایکی. لەدەروازەی دیوانەکەوە پێشوازی لە چەند دێڕێك دەکەین، کە لە پێشکەشکردنی ئاسایی ناچنو مەبەستیان لە پشتەوەیە. خودی ئەو ناوە دوورودرێژەی دایکی، مەبەستی ئەوەی لە پشتەوەیە، کە پێمان بڵێت، ئەگەرچی سیستەمی باوکسالاری هەموومانی کرد بە کۆیلەی باوكو باوکی کرد بە خاوەنی هەمووما‌ن، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر بۆ ژن دەگەڕێتەوەو ژن سەرچاوەمانە، بۆیە لەناوی شەفیقەوە دەستپێدەکاتو بەناوی فاتیمە کۆتایی دێت، لێرەدا ئیدی ژن خۆی بنەڕەتەو هەموو شتەکانی تر بە پیاویشەوە دەگەڕێنەوە سەر ئەو بنەڕەتە."[١٧٤]

**ئەمڕۆ من ناوم**

**(شێرکۆ شەفیقە)یە**

**تکایە با لەم یادەدا گوڵو وشەو**

**بازنو موستیلەو گەردانەکانی ژیان**

**هەر بەو ناوەوە بانگم بکەنو لە دەفتەری**

**خۆشەویستی خۆشیاندا هەر بەو ناوەوە**

**بمخوێننەوەو بمنووسنەوە**[١٧٥]

شێرکۆ لەمبارەیەوە زۆرتر دەڕوات، نەك تەنها هەوڵی ئەوە دەدات بەها بۆ ژن لە کۆمەڵگادا بگێڕێتەوە، بەڵکو وەك کەرەستەی یەکبوون لەگەڵ سروشتدا وێنایدەکات، پرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ سروشتدا لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا پرسێکی گرنگەو پرساری قووڵی جەوهەری لەبارەی ئەو پرسەوە دەکاتو پێیوایە، ئەوەی ئەم یەکگرتنە بەرجەستەدەکات، (ژن)ە. "پرسی گەورەش پرسی یەکگرتنەوەیە. لەم زەمینی دابڕانو لێکترازانەشدا یەکگرتنەوە لەگەڵ ئافرەتدا، وێنەیەکی بنەڕەتیو قۆناغێکی گەورەو ئەبەدی هەموو یەکگرتنەوەیەکی قووڵی جەستەییو ویژدانییە. ئافرەت لێرەدا ئەو بەشە جەوهەرییەی بوونە، کە یەکگرتنەوە لەگەڵیدا، شکاندنی دیواری جوداییە گەورەکانە، کە لەسەرەتاوە شاعیر لەگەڵیاندا ناتەبایە. ئافرەت لێرەدا وەك بەشێکی سروشت، کەرەستەی ڕکێفکردنو کۆنترۆڵکردن نییە، بەڵکو بابەتی یەکبوونەوەیە."[١٧٦]

---

174 مەهاباد قەرەداخیو کۆمەڵێك نووسەر، خەیاڵو ڕۆح، (٢٠٠٤: ٢٠٥)

175 شێرکۆ بێکەس، خۆمو ئەو وەختەی باڵندەم، (٢٠٠٢: ١٧٣)

176 بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، (٢٠١٥: ١٢١)

**من ئەم نیوە قەدەغەیە چۆن بێنمەوە**
**ناو لەشی خۆم؟!**
**من ئەم نیوە زیندانەی خۆم چۆن بشکێنم**
**من ئەم نیوە بێ دەنگەی خۆم**
**چۆن بێنمەوە ناو گەرووی خۆم؟!**
**من دابڕانی نیوەم لە نیوەم**
**من دابڕینی جەستەم لە جەستەم**
**بوونی نیوەم بە قامچیو نیوەکەی ترم بە قیژە**
**بوونی نیوەم بە زیندانو نیوەکەی ترم بە شوورە**
**من بوونی نیوەم بە کێردو نیوەکەی ترم بە مامر**
**بوونی نیوەم بە ئاگرو نیوەکەی ترم بە پشوو**[١٧٧]

"شیعر ڕێگای شکاندنی دابڕانەکانە. عەشقیش هەمان ڕێگایە... عەشق لێرەدا ئەو لکە بونیادەیە، کە لەناو وەزیفەی سەرەکی دەقەکەدا مانا وەردەگرێ. واتە تەنها ئاماژە نییە بۆ شەیدایی عاشق بۆ مەعشوق، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هێنانەوەی نیوە جوداکانی وجود، بۆ کۆکردنەوەی هەموو بوون لەناو یەك بازنەدا، بۆ یەکخستنەوەی هەموو دەنگەکان لە یەك دەنگدا."[١٧٨]

تێڕوانینی شێرکۆ بۆ ژن، تێڕوانینێك نییە تەنها لەسەر بنەمای جەستەی ژن بونیادنرابێت، هەروەها لەو جۆرە تێڕوانینەش نییە، کە لەمێژووی ئەدەبیاتدا بە (خۆشەویستیی پاك_الحب العذري) ناسراوە، چونکە ئەو مامەڵە لەگەڵ ژندا لەو ڕوانگە سوننەتییەوە ناکات، بەڵکو پرسەکە لای ئەو لە چوارچێوەی کردەیەکی یاخیبوونی جدیدایە دژی دابونەریتی باوو تەنانەت دژی بنەما سەپاوەکانی ئایینی ئیسلام دەربارەی ژنو پێگەکەی لە کۆمەڵگادا. لەمڕووەوە شێرکۆ بێکەس لە کۆمەڵگادا هەم وەك مرۆڤو هەم وەك شاعیریش، باجی زۆری داوە، چونکە مرۆڤو شاعیری یاخی، ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی زۆر دەبنەوە. شاعیر جوانیی جەستەی ژن لەچاو جوانیی ناخو خوێندنو هۆشیاریی ژنەوە زۆر بە هەند ناگرێت، واتە لەلای ئەو، پلەی باڵای مرۆڤبوون بە ژنە هۆشیارەکان دەبەخشێت لەچاو ژنە جوانەکانداو دواجاریش ئەوە دەخاتەڕوو، هەردووکیان پێکەوە دەتوانن خۆیان لە دەست زوڵمو چەوساندنەوەی پیاو ڕزگاربکەن. "شاعیر جوانی لا مەبەست نییە، هێندەی لە هۆشی ژنو لە دنیای ناوەوەی ژن دەڕوانێ، وتاری ئێستای شاعیر، وتارێکە باس لە ناوەوەی ژن دەکاتو ڕووی دەمی لە جەستەی نییە، ئەو پێی وایە نابێ ژن جوانی بە سەرمایەی خۆی بزانێ، بەڵگەی هزرو هۆشی دەوڵەمەند بکاتو بیکات بە سەرمایەی خۆی، کە ئەوەیان تەنها سەرمایەیەکی پارێزراوەو ناکەوێتە بەر هەڕەشەی ژیانو هەمیشە سوودبەخشو چێژبەخشو ئازادی بەخشە بە مرۆڤی خاوەن ئەو سەرمایەیە."[١٧٩]

---

[177] شێرکۆ بێکەس، خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ، (١٩٩٨: ٨٨_٨٩)

[178] بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، (٢٠١٥: ١٢٢)

[179] مەهاباد قەرەداخیو کۆمەڵێك نووسەر، خەیاڵو ڕۆح، (٢٠٠٤: ٢٢٢)

**ژنێك هەبوو هەر خاوەنی چرایەكی جوانی لەش بوو**

**ژنێكی دی هەبوو، جوان نەبوو، هەر خاوەنی**

**چرای عەقڵێكی گەش گەش بوو**

**كە یەكە كەوتە گەلاڕێزانو ناو تەمتومان،**

**تەمەن تاریكی كرد....چراكەش كوژایەوە**

**دووەمیان ئەویش گەیشتە گەلاڕێزان**

**بەڵام چرای نەكوژایەوە**

**دووەمیان دەستی یەكەمی**

**لە تاریكیدا گرت**

**هەر لەبەر ئەو چرایەشدا....**

**بەیەكەوە**

**بەهاری ڕابردووی خۆیان ئەخوێندەوە**[١٨٠]

خۆشەویستی لای شێركۆ بەتەنها كردەیەكی تاكەكەسیو جەستەیی چێژبەخش نییە، چونكە ئەو لەو شاعیرانەیە، كە بەریەككەوتنی دوو ڕەگەزی جیاواز (نێرو مێ) بە كردەیەكی چێژدار دادەنێت. (ئەوانەی لە خۆشەویستییەكەیاندا تەنها جوانی دەبینن‌و دوای جوانیی خۆشەویستەكەیان دەكەون، ناكرێت ئەمانە لە خانەی عاشقەكان دابنرێن، بەڵكو ئەمانە تەنها چێژ وەرگرەكانن، هەربۆیە دەبێت جیاوازی بكرێت لەنێوان ئەو كەسانەی تەنها دوای جوانیی جەستە دەكەون، لەگەڵ ئەوانەی لەڕوانگەی بیرییەوە مامەڵە لەگەڵ بەرامبەردا دەكەن).[١٨١]

شاعیر لەپاڵ پێدانی ئەو بەها باڵایانە بۆ بابەتی ژن‌و عەشق‌و پێگەی ژن، وازی لە باسكردنی جوانیی ژن نەهێناوە، بەڵام هەموو كەسایەتی‌و ڕێزی لە جوانیدا كۆنەكردووەتەوە، دەنا ئەو یەكێكە لەو شاعیرانەی جوانترین وێنە هونەرییەكانی ناو شیعرەكانی خۆی بۆ كێشانی جوانیی ژن، تەرخانكردووە. ئەو لە بووندا‌و لە ئاسمان‌و لە زەویشدا، لەناو فریشتە‌و بوونەوەرەكانی تری گەردووندا تەنها یەك جوانی دەبینێت، كە ژیانی تێدا بێت، ئەویش جوانیی ژنە‌و بەس، لە دیوانی (زێ‌و زنە) لە شیعری (كچێك)دا بەدوای جوانیدا دەگەڕێت، دواجار جوانی لە كچێكدا دەدۆزێتەوە.

**كچێك**

**بە شوێن جوانیدا ئەگەڕام**

**لە عەردەوە هەتا ئاسمان**

**لە خوارەوە**

**لەسەر شانی تاشە بەردێ**

---

180 شێركۆ بێكەس، خۆم‌و ئەو وەختەی باڵندەم، (٢٠٠٢: ١٧٨)

181 أحمد عبدالقادر الجواري، الحب العذري (نشأته و تطوره)، (٢٠٠٦: ٤٠)

**کچێکی سپیی کراس شین**

**ڕاوەستابوو**

**لەو بەرزتر سنەوبەرێ**

**سەوز سەوز هەڵکشابوو**

**تەیرێکی سەوزو سوور ئەفڕی.**

**لە مەلەکەیش زۆر بەرزتر**

**پەڵە هەورێکی پەمەیی**

**چاوەڕێ بوو مانگ ببینێ**

**لە پەڵە هەوریش بەرزتر**

**ئەستێرەیەك پێئەکەنی**

**من دڵم هیچیانی نەگرت**

**دیسانەوە هاتمە خوارێ**

**گەیشتمەوە لای ئەو کچەی**

**سەر بەردەکەو**

**وتم جوانی هەرە گەورەو**

**سیحری ژیان**

**لەمیاندایە**[182]

**چۆنیەتیی گۆڕینی وێنەی مەعشوق لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا**

شێرکۆ بێکەس لە یەکەم شیعریەوە بە تێکڕای ئەزموونی شیعریی خۆی، تا دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) لە ساڵی (٢٠١١)دا، واتە تا (٢) ساڵ پێش کۆچیدوایی، بەشێوەیەکی بەردەوامو لە چەندین فۆڕمی جیاوازو وێنەی ئەدەبیی نوێو زمانێکی باڵای دەوڵەمەندی تایبەت بەخۆیدا، بەدوای خۆشەویستیدا وێڵبووەو ئەزموونە شیعرییەکەی خستووەتە خزمەتی مەعشوقەکەیەوە، بەڵام بەپێی قۆناغی شیعریی خۆی، بەهاو پێگەی مەعشوقەکەی دەگۆڕێت. لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە تا (٢) ساڵ پێش کۆچیدوایی، هەموو خۆشەویستیی خۆی دەبەخشێت بە نیشتیمان، نەك شیعری خۆی، بەڵکو ژیانو شیعری دەبەخشێتە کوردستان، ئەو لە نیشتیماندا ژیان دەبینێت، هیواو ئومێدو جوانیو خۆشەویستیو ژیانو مردن لای ئەو، تەنها لە یەك شتدا بوونی هەیە، ئەویش نیشتیمانە، بۆ نموونە لە شیعری (دۆنادۆن)، کە سەرەتا لە ژمارە (٤،٣) ی گۆڤاری (ڕەهەند)دا بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەکی زۆر تایبەت ژیانو مەرگو زیندووبوونەوەی خۆی لە کوردستاندا دەبینێتەوە.

**ئەگەر لەڕۆژێکدا مردی ڕەشەبا بوو**

**ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی بەورێکەوە!**

---

[182] شێرکۆ بێکەس، زێو زنە، (٢٠٠٨: ١٧٥_١٧٦)

**ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو بە باران بوو**

**ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی گۆمێکەوە**

**ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو سایەقە بوو**

**ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی تیشکێکەوە**

**ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو بەفرانبار بوو**

**ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی کەوێکەوە**

**ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو تەمتوومان بوو**

**ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی دۆڵێکەوە**

**بەڵام ئێستە وەك ئەبینن من زیندووم‌و**

**کەچی زۆر دەمێکە ڕۆحم**

**چۆتە ناو لەشی کوردستانەوە**[١٨٣]

شاعیر لەم شیعرەدا مامەڵەیەکی جودا لەگەڵ (دۆنادۆن) دەکات‌و سەرەڕای نیشاندانی پرۆسەی گواستنەوەی گیان لە دوای مردن بۆ جەستەیەکی تر وەك ئاستی ئاسایی (دۆنادۆن)، بەڵام ئەو لەپێناو پیشاندانی عەشقی باڵای خۆی بۆ نیشتیمان، مامەڵەی لەگەڵ (دۆنادۆن) دەگۆڕێت، چونکە ئەو هەر بە زیندوویەتی گیانی خۆی دەبەخشێتە نیشتیمان. (هەموو وێنەکان لەم شیعرەدا بە (ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردی) دەستپێدەکەن. ئەم وێنەیە هەر لەسەرەتاوە ئاسۆیەکی فراوان بۆ خولقاندنی زنجیرەیەك وێنەی تەباو ناتەباو یەکانگیر لە دەلالەتدا دروستدەکەن. بەجۆرێك دەکرێت بڵێین، کە ئەوە سەرەتایەکە بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری، سروشتی داینەمۆیەکی بەهێزی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا مانای شیعرەکە لەو وێنانەدا نییە. واتە لەڕووی دەلالییەوە قەصیدەکە وەکو قەوارەیەکی تەواو لەو ساتەدا لەدایکدەبێت، کە دژ وێنەیەك دێت‌و کۆی ئەو پرۆسەیە دەوەستێنێ کە دەشێت لە ژێر زەبری خەیاڵێکی شاعیرانەی نووسەردا تەواو درێژ ببێتەوە. ئەو دژ وێنەیەش لە سێ دێڕی کۆتایی شیعرەکەدایە. (بەڵام ئێستە وەك ئەبینن من زیندووم...) ئەم ڕستەیە چەمکی هەموو شیعرەکە دیاریدەکات‌و دەبێتە وێنەی ناوەندو جەوهەری ئەو گواستنەوە ستاتیکییە لە دونیای ئاسایی دۆنادۆنەوە بەرەو دونیای نائاسایی‌و شیعریانەی دۆنادۆن).[١٨٤]

شاعیر لەپێناوی مەعشوقەکەیدا، ئامادەیە کۆی پرسە باوەکانی ناو بیرکردنەوە فەلسەفییەکانیش دەستکاری بکات‌و بیانگۆڕێت بە ئاڕاستەیەکدا، کە خزمەتی کۆی جیهانبینییەکەی بکەن بەرانبەر بە نیشتیمان. ئەو لەو شاعیرانەیە، دەیەوێت بەڕوونی ئەوە بخاتەڕوو، نەك خۆی، بەڵکو گیانیشی بەخشیووە بە نیشتیمان، بەجۆرێك ئەگەر زیندوو بێت، ئەوا بەهۆی نیشتیمانەوەیە، لەبارێکیشدا ئەگەر نیشتیمان مرد، ئەوا بێگومان خۆشی دەمرێت. شێرکۆ هیچ شتێك بە شایستەی ئەوە نازانێت گیانی خۆی‌و شیعری خۆی‌و جەستەی خۆی پێببەخشێت، جگەلە مەعشوقەکەی، لەم پێناوەشدا هێزی شیعریی خۆی دەخاتەگەڕ تا بتوانێت ئەو ئاستی عەشقە قووڵەی خۆی بۆ نیشتیمان دەرببڕێت تا ئەو ڕادەیەی، هەموو ئەزموونی شیعری‌و تەنانەت بوونی خۆشی لەبوونی مەعشوقەکەیدا دەبینێت.

---

183 شێرکۆ بێکەس، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٣)، (١٩٩٧: ٤٦_٤٧)

184 بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، (٢٠١٥: ٧٢)

ئەو هەموو عەشقە زۆرەی شاعیر بۆ مەعشوقە کۆنەکەی، تا سەر بەردەوام نابێتو لەپڕ گۆڕانکاریی قووڵ بەسەر ڕوانینی شاعیر بۆ مەعشوقەکەی دروستدەبێت، بەڕادەیەك بە تەواوەتی پشتدەکاتە نیشتیمانو بەدوای فریادڕەسێکی نوێدا دەگەڕێت تا بوونی خۆی تێدا ببینێتەوە، ئەویش (کچ)ێکە. کودەتای ئەزموونی شیعریی شێرکۆ لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) دا بەتەواوەتی دەردەکەوێت، "نیشتیمان لێرەدا چیتر جوانو بریندارو دایكو زوڵملێکراو نییە، بەڵکە نیشتیمان ناشیرینو بریندارکەرو باوكو زوڵملێکەرە، بڕیارت داوە کە ئیتر خۆشت نەوێتو هەتاوو تەمتومانی وەکو یەك سەیرئەکەیت، ئەم تێڕوانینە نوێیە بۆ شیعری تۆ ئەو تەوەرەیە، کە بەر بڕبڕەی پشتی هەر مانایەك ئەکەوێت کە حزبو ئایدۆلۆژیا ساڵانێکی زۆر لەسەر ئەو مانا شیعرییە ئەژیان کە شیعری ئێوە بەرهەمی هێناوە."[185]

لەم دیوانەدا، شێرکۆ بەئاشکرا بەراوردی دوو جۆر نیشتیمانی خۆی دەکات، یەکەمیان ئەو نیشتیمانەی مەعشوقی ئەبەدیی ئەو بووەو ئێستا بەها پیرۆزەکانی لەدەستداوە، بەجۆرێك تەنانەت دزی لە خۆشی دەکات. شاعیر بەهانە بۆ مەعشوقێتیی خۆی بۆ نیشتیمان لە قۆناغی خەباتو شاخدا دەهێنێتەوەو بە هەمان شێوەش، بەهانەی گونجاو بۆ دەربڕینی ئەو هەموو ڕقە دەهێنێتەوە، کە بەرانبەر نیشتیمانی دزەکان هەیەتی.

**ئەو ساڵانە لە دەفتەرە بچکۆلەکەی مندا**
**ژیان بریتی بوو لە (با)یەکی تەپو تۆزاویو**
**لە خەوبینینی خۆڵاویو لە پەنگ خواردنەوەی**
**تەنیایی لە یەك ژوورداو لە دەرەوەیش**
**لە جەنگی نێوان مەچەكو پەنجەکانی شاخەکاندا**
**مێژوومان دارەمەیتێکی خوێناوی ئەبەدی بوو**
**هەر لەو گەڕەکەی ئێمەدا پەنجەرە پەنجەرەی**
**ئەکوشت. درەخت درەختی ڕاوئەنا. گەڕەگ**
**ئەبوو بە سیخوڕو هەنگاوی ڕێبواری ئەژمارد.**
**ڕەنگ ڕاپۆرتی لە ڕەنگ ئەدا. گوڵدانەکان**
**یەکتریان وێران ئەکرد. من نیشتیمانی پیرۆزم**
**وەها بینیو وەها ناسی. لە دەفتەرە**
**بچکۆلەکەی مندا. ناوی حزبو دووکەڵو چەتەو**
**ڕەنگی مردنو قوربانی تێکەڵ بووبوون**
**لە یەك جویێ نەئەکرانەوە. دوو سێ جاریش**
**خودا بۆ خۆی کەوتە بەینی ئەو تەورەوە**
**دەم تیژانەوە بەڵام دوایی لەوسەرەوە**
**ئەویش بە دەستی بەتاڵو نائومێدی گەڕایەوە**[186]

---

[185] هیوا قادر، چیتر نیشتیمان تاکە خودای تۆ نییە، وتارێکی نووسەرە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، (٢٠١١: ٣٠٣)

[186] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٧٩_٢٨٠)

کاتێك ئەو مەعشوقە زوڵملێکراوەو بریندارو ئازارچەشتووە دەگۆڕێتو خۆی دەبێتە زاڵمو مرۆڤەکانی بریندارەدەکرێن، لە دۆخی سیخوڕیکردن بەسەریەوە خۆی دەبێتە سیخوڕو لە شۆڕشگێڕییەوە کاربەدەستەکانی دەبنە دزو جوانیی مەعشوقەکەی دەشێوێتو گوڵەکانی هەڵدەوەرێنو کانییەکانی وشکدەکرێن، ئیتر لێرە بەدواوە شێرکۆ بەتەواوی لە نیشتیمانی ناپاکەکان تووڕەیە.

**لەو دەمەدا کە نیشتیمان هێشتا جوان بوو**
**ئەو بەردەی لەسەر ئازادیی کانیاوێ**
**دەستی چەپی خۆی دانابوو. ئەمجارەیان کە هاتەوە**
**بە دەستی ڕاست دزی لە گۆمەکان ئەکرد.**
**ئەو دارگوێزە جەنگاوەرەی لەناو دەربەندێکی تەنگدا،**
**شوێن مردن کەوتو ملی گرت، کێ نەیبینی**
**کە وەختێکیش گەڕایەوە لەبەردەمی بانکەکاندا**
**بەهەزار پەل خۆی بائەداو سەمای ئەکرد! ئەو**
**پڵنگەی کە یەکەم ڕۆژ خۆیکرد بە ناو مەرگە**
**سوورەکەی ئێرەدا. لە کراسێکی خەتی ڕەشو سپی**
**بەری خۆیو لە جووتێ پێڵاوی لاستیك بەولاتر،**
**هیچی نەبوو، ئەوا ئەمڕۆش پێڵاوی لاستیك**
**زێڕینەو ئەوا ئێستەش ڕوبار ئەکڕێو**
**شاخ ئەفرۆشێو ئەیەوێ دەریاچە قووتداو**
**تەماعی کردۆتە مانگو داوای ئەکا بۆی دابەزێ** [187]

شاعیر لەم دیوانەدا زۆر جیاواز دەردەکەوێتو چیرۆکەکانی بێئومێدبوونی خۆی لە مەعشوقە کۆنەکەی دەگێڕێتەوەو دەیانکاتە بنەمایەکی نوێ بۆ جیهانبینییە یاخییەکەی خۆی بۆ نیشتیمان. لێرەدا شاعیر هەموو شتێك لە نیشتیماندا دەهێنێتە قسەو دژی نیشتیمانی خائینان دەوەستێتەوە، لەجیاتی نەوەیەکی نوێو ناڕازی لەو بارودۆخە سەپاوەی سەر نیشتیمانەکەی قسەدەکاتو دەنووسێت، هەروەها ئەو توانایەکی لەڕادەبەدەر بەکاردەهێنێت بۆ نیشاندانی هێزی یاخیبوونی خۆی لە مەعشوقەکەی.

"ئەگەر لە نەوەدەکاندا دەربەندی پەپولە مانیفێستی گەڕانەوەی شێرکۆ بووبێت بۆ نیشتیمان، ئەم چامە نوێیەی کاك شێرکۆ، مانیفێستی تووڕەبوونو وەرگەڕانی شێرکۆیە لە نیشتیمان. ئەوەی، کە چاوەڕوان کراو نییە لە شێرکۆ ئەوەیە ببێت بەو شاعیرەی، کە نیگارێکی کاریکاتۆری بۆ مەعشوقە دێرینەکەی خۆی بکێشێت. یاخیبوونی وەها زەحمەتەو لە تەمەنێکی وەهادا پێشبینی ناکرێت، تەنها شاعیرە گەورەکان دەتوانن لە پیریدا بێ ترس خیانەت لە مەعشوقەکانیان بکەن، بەڵام شێرکۆ لە جەژنی لەدایکبوونی حەفتا ساڵەیدا شتێك دەخاتە بەردەممان کە چاوەڕوانکراو

---

[187] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٨٠_٢٨١)

نییە. نیشتیمان کە لە هەموو ئەزموونی دێرینی شێرکۆدا قیبلەگای جوانییەکان بووە، چیتر ئەو نیگارە میتۆلۆگی‌و خورافیەی خۆی دۆڕاندووەو بووەتە پیاوێکی گرژو مۆن، پیاوێکی ناشیرین."[188]

ئەو گۆڕانە لە ئەزموونی شیعریی شاعیردا، ئەوەندە زەق‌و ئاشکرایە، زۆر بە ئاسانی دەتوانیت هەموو ڕەهەندەکانی دیارییبکەیت‌و بیاندۆزیتەوە، دەتوانین تێکڕای دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) وەك بەیاننامەی تووڕەبوونی شێرکۆ بێکەس لە مەعشوقە کۆنەکەی دابنێین، هەروەها پشتکردنە نیشتیمان لای شاعیر ئەوەندە توندو بەهێزە، تا ئاستی تانەدان دەڕوات‌و نیشتیمان دەکاتە کاریکاتێرێکی تەنزئامێز، لەلایەکی ترەوە دەرخستنی توانای شیعریی ئەوە لە تەمەنی پیریداو گەڕانەوەیە بۆ ئیرادەو توانای گەنجێتی، ڕەنگە شاعیر لەم گۆڕانە یاخیانەی خۆیدا ئەوەمان پێبڵێت، ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی شاخ‌و گەنجێتی، بەمجۆرەی ئێستا نیشتیمان دەبینێت‌و تێکڕای مێژووەکەی دەخاتە ژێر پرسیارو گومانی قووڵەوەو لێرەوە ئەو وەك مرۆڤو شاعیریش، هیچ جوانییەکی تایبەت لە مەعشوقە کۆنەکەی خۆیدا نابینێت، چونکە نیشتیمان هەموو جوانییەکانی خۆی دۆڕاندووەو ئێستا لەجیاتی ئەوەی مرۆڤێکی ناسك‌و میهرەبان بێت، بووەتە پیاوێکی ناشیرینی تووڕەو مۆن. شاعیر لەم دیوانەدا بەتەواوەتی هاوکێشەی عاشقبوونی خۆی بەرانبەر بە نیشتیمان پێچەوانە دەکاتەوە، پێچەوانەیەك، دەتوانین وەك کودەتایەکی هزریی لە ئەزموونی شیعریی ئەودا ناویبنێین.

"ژن‌و نیشتیمان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا دوانەیەکی لێك دانەبڕاون، ئەو سەرەتا هەموو شتەکان لە چاوی نیشتیمانەوە دەبینێت، بەجۆرێك نیشتیمان دەبێت بە دایك‌و بە مەعشوق‌و دڵبەر. کەچی لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)داو دوای ئەوەی شاعیر لە نیشتیمان تووڕە دەبێت، کچێك دەکاتەوە بە نیشتیمانی خۆی. واتە هاوکێشەکە بەتەواوەتی پێچەوانە دەبێتەوە."[189]

شێرکۆ چ وەك شاعیرو چ وەك مرۆڤ، تەمەن ڕێگر نییە لە بەردەمیدا بۆئەوەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی خۆی دروستبکاتەوە، چونکە ئەو لەو شاعیرانەیە پێیوایە دەیەوێت خۆی بێت، واتە فشارە دەرەکییەکان کارنەکەنە سەر ئەوەی، کەسایەتی بەپێی ویستە ئایدۆلۆژی‌و سیاسی‌و ئایینی‌و کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان بگۆڕن. شاعیر خاوەن کەسێتیی خۆیەتی‌و لەسەر ئەو ڕەهەندە خۆی دروستدەکات، کە گیانی بەرگریکردن لە ڕاستی، لەناخیدا دروستدەکەن‌و جیهانبینی دەگۆڕن، لەبەرئەوەی مرۆڤبوون کردەیەکە هێزی سروشت بە مرۆڤی نابەخشێت، بەڵکو مرۆڤ خۆی دروستیدەکات. "مرۆڤ بوون‌و کردەی بوون بە تاکەکەس، دیاردەیەکی سروشتی نییە، شتێك نییە پێشوەخت بە مرۆڤ بەخشرابێت، بەڵکو کردەیەکی مێژوویی‌و مەعریفی‌و دەزگایی‌و ڕەخنەییە. مرۆڤ بوونەوەرێکە بەبەردەوامی لەدۆخی دروستبووندایە، ئێمە بەبەردەوامی دروست دەکرێین. کردەی بەرگریکردن بریتییە لە دەستکاریکردنی ئەم دروستکردنە بەردەوامە، ڕێگرتنە لە سەپاندنی دەرەکیانەی کەسایەتی بەسەر تاکە کەسدا. لە پراکتیکەکانی ئازادیدا ئەوە لە تاکە کەس چاوەڕوان دەکرێ کە خۆی یاساو بەها ئەخلاقییەکانی خۆی هەڵبژێرێت."[190]

شێرکۆ بێکەس کردەی گۆڕینی مەعشوق لەئەنجامی گۆڕینی بارودۆخی سیاسیی کوردستانەوە ئەنجامدەدات، ئەو هەر لە یەکەم ئەزموونی شیعریی خۆیەوە، هەڵبژاردنی مەعشوقەکەی لەسەر بنەمای بارودۆخی سیاسییەوە بە

[188] بەختیار عەلی، شێرکۆو یاخیبوون لە نیشتیمان، وتارێکی نووسەرە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، (٢٠١١: ٢٩٠)

[189] ئازاد بەرزنجی (نووسەرو وەرگێڕ)، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٦

[190] مەریوان وریا قانع، ئەخلاق‌و بەرگری، (٢٠١٧: ٢٠٤)

بڕوابوونەوە هەڵدەبژێرێت، واتە زوڵمی بەردەوام، جۆری مەعشوقەکەی شاعیر دیاریدەکات. زوڵمی زۆری دوژمنانی نیشتیمان، دەبێتە هۆکاری گۆڕینی مەعشوقەکەی، شاعیر لە سەروبەندی نووسینی دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا لە چاوپێکەوتنێکدا، کە دواتر لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری سەردەم لە ساڵی (٢٠١٤)دا بلاّوکراوەتەوە، بە ئاشکرا باس لە خراپیی بارودۆخی سیاسیو زوڵمو نادادی دەکات، هەر ئەم بارودۆخە خراپەش، هەوێنی نووسینی ئەو دیوانە یاخییەیە لە ئەزموونی شیعریی ئەودا. (ناڕەزاییو خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی سلێمانی[191]، بێگومان چاوەڕوانکراو بوون، شتێکە دەمێکە خەست بووەتەوە لە کوردستاندا. لەناو خەڵکدا بیروڕای جیاواز هەن، بەڵام لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو خاڵەی، کە گوێ لە سەرجەمی دەنگەکانی خەڵك ناگیرێت، بۆ نموونە کێشەی دزیو بردنی سەروەتو سامانی وڵاتو ناونەهێنانی هەژاریو بێکاری، دەسەڵات کوێرە لە بەرانبەر کێشەکانی خەڵکدا. بێگومان خەڵك هیچ ڕێگایەکی تریان لەپێش نییە تەنها ئەوە نەبێت بڕژێنە سەر شەقامەکانو داوای مافەکانیان بکەن لە دەسەڵات).[192]

شاعیر لە هەمان چاوپێکەوتندا، ڕەخنە لە شەڕی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەگرێت، کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو لە باشووری کوردستان ڕوویداو بووەهۆی دابەشکردنی هەرێمی کوردستانو دابەشکردنی داهاتی وڵاتو بەشکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، "شەڕی ناوخۆ لەنێوان (پارتیو یەکێتی) کە لە ساڵانی نەوەدەکانو پێش ئەو ساڵانەدا ڕوویاندا، لاپەڕەیەکی ڕەشە لەمێژووی میللەتی کورددا هەرگیز ئێمەی کورد شانازی پێوەناکەین، شوکور ئەوان ناچارکران ڕێبکەونو دەسەڵات بەش بکەن هەرچەندە لەنێوان ئەو دوو پارتەدا تاوەکو ئەمڕۆش ئاسەواری ئەو جەنگەو گرژیو بێباوەڕی بەئاشکرا دیارە، لەوەدا دەبینرێت کە حکومەت کارتۆنییەو دەسەڵاتی لا نییە، بەڵکو دەسەڵات لای سەرکردەکانی ئەو دوو پارتەیە. هەموو بڕیارێك لەلایەن سەرکردەکانی ئەو دوو پارتەوە دەردەچێت، کاریگەرییان بەسەر هەموو شتێکەوە هەیە، لە کوردستان ئەو دوو پارتە ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆیان هەیە، چاودێریشن بەسەر میدیای گشتییەوە. بازاڕو بازرگانی وڵاتیان تەواو داگیرکردووەو هێزی پێشمەرگە تا ئێستاش لەژێر دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی دان، لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت هەر پارتەو سەربازو دەزگای نهێنی تایبەت بە خۆی هەیە. کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە ماڵی نیشتیمانو نەتەوەکەی ئاوا بێت، بێگومان داهاتەکەی لەنێوان ئەو دوو پارتەدا دابەش دەکرێ. چەندین ساڵە نەوە لە دوای نەوە خەویانە بەشداربن لە کوردستاندا بەتایبەتی لە سیاسەتی وڵاتدا. هەموو ساڵێك سەدان لاو لە زانکۆکانی کوردستان دەردەچن بێ ئەوەی بەختیان بەرکەوێتو کاریان پێبدرێت."[193]

ئەگەر سەرنجی بۆچوونەکانی شێرکۆ بدەین، هەر هەمان ئەو بۆچوونانەن، کە لە دوو توێی ئەم دیوانەدا بەشێوەیەکی یاخیانە دەربڕیونو بەهۆیانەوە گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی، نیشتیمانێك بەو جۆرە بێت، شایانی ئەوە نییە وەك مەعشوق لەگەڵیدا بیت، بەڵکو پێویستە بیگۆڕیت. لێرەدا شاعیر وەك هەر کەسێکی تری ناڕازیی لەم کۆمەڵگایەدا، دژی نادادپەروەریو زوڵمو نەبوونی دیموکراسیەتو بەشداری پێنەکردنی خەڵکی لە ناوەندەکانی بڕیاردا دەدوێتو دەنووسێت، بەتایبەت دوای ئەوەی بە تەواوەتی بۆی دەردەکەوێت، کە دەسەڵاتی کوردیو حوکمڕانەکانی ئەم نیشتیمانە، نەك شایانی خۆشەویستی نین، بەڵکو دەبێت بە هەموو جۆرێك دژیان بوەستینەوە.

---

191 مەبەست لە خۆپیشاندانەکانی (١٧)ی شوباتی ساڵی (٢٠١١)یە.

192 شێرکۆ بێکەس، چاوپێکەوتن، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (٧)، (٢٠١٤: ٢٣)

193 سەرچاوەی پێشوو، ٢٤_٢٥

**لە ئێستەدا**
**لەناو جەستەی ئەم نیشتیمانە بەپێزەدا**
**لە گەلەریەکانی سەری ئەودا**
**دەگمەنن ئەو تابلۆیانەی تۆ حەزیان لێبکەیتو**
**هەڵیانبژێریو بتەوێ بە دیواری ڕۆحتا هەڵیان بواسی**
**لەناو گەروی ئەم نیشتمانە ئازیزەدا**
**لەسەر هەموو شانۆکانی**
**لەبەردەم هەموو مایکرۆفۆنەکانیدا**
**زۆر کەمن ئەو پەیڤانەی**
**تۆ حەزبکەی لە دڵەوە گوێیان لێبگری**
**لە دڵەوە تەوقەیان لەگەڵدا بکەیت**
**بەدڵ پیاسەیەکیان لە تەکدا بکەیت**
**لە ئێستەدا**
**دەموچاوی نیشتمان**
**لە دەموچاوی پەنجەرەیەکی چڵکن ئەچێ**
**کە بەردەوام داخرابێو**
**گرژو مۆنو ساڵی جارێك پێنەکەنێ!**[١٩٤]

**وێنەی ژن وەك ئومێدو ڕزگارکەر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا**

شێرکۆ بێکەس دوای ئەو نائومێدبوونە زۆرەی لە نیشتیمان، کۆتایی بە خەونو ئومێدەکانی خۆی ناهێنێت، چونکە ئەو پێیوایە نابێت شاعیربوونی خۆت بکوژیت، کاتێك مەعشوقەکەت خیانەتت لێدەکات، بەڵکو پێویستە سەرلەنوێ مەعشوقێکی تر بدۆزیتەوە بۆئەوەی کردەی بەمرۆڤبوونی خۆی درێژە پێبداتو دروستبکات. شاعیر بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەوڵی بوونی مەعشوقدایە، بۆئەوەی هەم خۆی بمێنێتو هەم شیعرەکانیشی، چونکە بە هەموو پێوەرەکان شیعرو عەشق لای شێرکۆ یەك ئەرکیان هەیە، ئەویش بەخشینی دۆخی زیندووبوونە بە شاعیرو دەقەکانی، واتە ئەگەر عەشق نەبێت، نە شیعر دەبێتو نە شاعیریش.

عەشــق = شیعر = شاعیر

کردەیەکی ڕۆحیانەی مرۆڤە ← عەشق
بەرهەمی کردە ڕۆحییەکەیە ← شیعر
کارەکتەری بەرهەمهێنانی ئەو کردە ڕۆحییە لەڕێی دەقەکانییەوە ← شاعیر

---

[194] شێرکۆ بێکەس، دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٦٦_٦٧)

شاعیر وا لە دەقی شیعریی دەڕوانێت، کە هەرگیز لە خەونی یەکەمی، کە (عاشقبوون)ە، جیانابێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەونە یەکەمەکەی خودی شاعیر بەشێوەیەکی قووڵ دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی کردەی نوێی داهێنەرانە، بۆ ئەمەش پشت بە مەعشوق دەبەستێتو لە هەر قۆناغێکی شیعریی ئەودا مەعشوق دەگۆڕێت، بەڵام هەر دەبێت بوونی هەبێت. واتە دەتوانین بڵێین مەعشوق لە دەقی شیعریی شێرکۆدا بوونێکی هەمیشەیی لە چەندین فۆرمی جیاوازدا هەیە. کردەی گۆڕینی مەعشوق لە نیشتیمانەوە بۆ ژن، تەنها کردەیەکی جەستەیی نییە، واتە خۆی نابینێتەوە لە پەیوەندییەکی ڕووتی نێوان دوو ڕەگەزدا، هەرچەندە شاعیر لە ئەزموونی شیعریی خۆیدا، خۆی لەم بوارەدا نەبواردووەو بە ئاسانی دەتوانین لە ئەزموونی شیعریی ئەودا، ئەم ڕەهەندە بدۆزینەوە، بەڵام کردەی گۆڕینی مەعشوقی سەرەکی لە ئەزموونی شیعریی ئەودا، ئەنجامی ئەو تووڕەبوونە جەماوەرییە گەورەیەیە، کە شاعیر هەستی پێدەکاتو دەیەوێت لە شیعردا وێنایبکات.

ئەو لە مەعشوقە نوێیەکەی دەڕوانێت وەك هۆکارێك لە پێناوی گەڕانەوەدا بۆ ناو دونیا گەورەکەی بوون وەك دیوێکی تری ڕوانینی سۆفیگەرانە بۆ بوونو ژیان. ڕەنگە بەخشینی ڕوانینی سۆفیگەرانە بە شێرکۆ بێکەس بە پێوانە ئایینییەکان کارێکی ناجۆرو نامۆ بێت، بەڵام دواجار هەم جیهانبینیی شێرکۆو هەم جیهانبینیی سۆفیگەرانە بۆ پرۆسەی یەکبوون، لەناو بوونو ژیاندا زۆر لە یەکەوە نزیکن. "عەشق لە فەرهەنگی شێرکۆدا ناوێکی دیکەی ئەو پەڕینەوە ئەفسانەییە بەرەو یەکگرتنەوە لەگەڵ بووندا. عەشق وەك لە فەرهەنگی هەموو سۆفییە گەورەکاندا هەیە، لە فەرهەنگی شێرکۆشدا، ڕێگای وەدیهێنانی ئەو یەکێتی بوونەیە کە خولیای سۆفییەکانە."[195]

شاعیر لەگەڵ (ژن)دا وەك مەعشوق لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆئەوەی پرسی یەکگرتنەوەی لەم بوونەدا لەگەڵدا ئەنجامبدات، ئەو وەك بەشێکی بنەڕەتیو سەرەکی، سەیری ژن دەکات لە سروشتدا، نەك تەنها وەك ئامێرێکی کۆنترۆڵکردن، دواجاریش هەر ئەم ڕوانینەیە وا لە شێرکۆ دەکات، کۆی خەونی عاشقبوونی خۆی بەو بوونەوەرە گەورەیەوە هەڵبواسێت، کە ژنەو دەکرێت تەنانەت وەك فریادڕەسی مەزنی ڕزگاربوونی شاعیرو مرۆڤیش لێی بڕوانێت. "لەم زەمینی دابڕانو لێکترازانەشدا یەکگرتنەوە لەگەڵ ئافرەتدا، وێنەیەکی بنەڕەتیو قۆناغێکی گەورەو ئەبەدی هەموو یەکگرتنەوەیەکی قووڵی جەستەییو ویژدانییە. ئافرەت لێرەدا ئەو بەشە جەوهەرییەی بوونە، کە یەکگرتنەوە لەگەڵیدا، شکاندنی دیواری جوداییە گەورەکانە، کە لە سەرەتاوە شاعیر لەگەڵیاندا ناتەبایە، ئافرەت لێرەدا وەك بەشێکی سروشت، کەرەستەی ڕکێفکردنو کۆنترۆڵکردن نییە، بەڵکو بابەتی یەکبوونەوەیە.

**من ئەم نیوە قەدەغەیە چۆن بێنمەوە**
**ناو لەشی خۆم؟!**
**من ئەم نیوە بێ دەنگەی خۆم**
**چۆن بێنمەوە ناو گەروی خۆم**
**من دابڕینی نیوەم لە نیوە**
**من دابڕینی جەستەم لە جەستەم**

---

[195] بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، (٢٠١٧: ١٢٠)

شیعر ڕێگای شکاندنی دابڕانەکانە، عەشقیش هەمان ڕێگایە... عەشق لێرەدا ئەو لکە بونیادەیە کە لەناو وەزیفەی سەرەکی دەقەکەدا مانا وەردەگرێ، واتە تەنها ئاماژە نییە بۆ شەیدایی عاشق بۆ مەعشوق، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هێنانەوەی نیوە جوداکانی وجود، بۆ کۆکردنەوەی هەموو بوون لەناو یەك بازنەدا، بۆ یەکخستنەوەی هەموو دەنگەکان لە یەك دەنگدا."[196]

شێرکۆ بەتەواوەتی پشتدەکاتە مەعشوقە کۆنەکەی خۆیو لەڕێی تووڕەبوونێکی ئەدەبییانەی نوێوە، ناسنامەیەکی ناشیرین دەبەخشێتە نیشتیمان وەك مۆڵگەی دزیو خیانەتی پیاوە گرژو مۆنەکە وێنایدەکات، هەروەها بەڕوونی ددان بەوەدا دەنێت، ئەگەر بێتوو وەك جاران بۆ مەعشوقەکەی بنووسێت، ئەوا خودی خۆیو شیعرەکانیشی دەبنە دزێکی گەورە وەك سیاسییە بازرگانە دزەکان، تەنانەت لە دۆخێکی لەمجۆرەدا شیعر نووسین بۆ مەعشوقە کۆنەکەی، جوانیی ناو شیعرەکانیشی لێ وندەکات. بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە ناشیرینە، شاعیر پەنادەباتە بەر مەعشوقە نوێیەکەی، تا جوانیی شیعرو زیندوێتی بۆ خۆیو دەقەکانی بگەڕێتەوە. شاعیر لەو نیشتیمانە بێزارو تووڕەیە، کە پڕیەتی لە ناپاکیو دزیو خیانەت لەگەڵ نیشتیمانەکەی جارانی، کە پڕ بووە لە قوربانیدانو جوانیو ئازارکێشان بە دەست دوژمنەکانییەوە. ئەگەر سەرنجی ئەم کۆپلە شیعرەی خوارەوە بدەین، بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، شاعیر کام نیشتیمانە فڕێدەداتە دەرەوە، بۆچی بەو جۆرە تووڕەیەو پشت لە مەعشوقە کۆنەکەی دەکات؟ بۆچی لە جیاتی نیشتیمان، جوانی لە (ڕۆژانا)[197]دا دەبینێتەوە.

**نۆیەم شەو**
**من کە شیعر بۆ سیاسەت دەنووسم**
**لەو وەختەدا ئەبم بە گوڵدانە گرژو مۆنەکانی**
**سەرمێزی کۆبوونەوە**
**ئەگەر بۆ خۆمی بنووسم**
**ئەبم بە جۆگەی ئاوێکی ڕاستەقینە**
**کە بۆ ئەم نیشتیمانەی ئێستای بنووسم**
**ئەبم بە ڕیزێ ژمارەی دزراو**
**بەڵام وەختێ کە بۆ ڕۆژانای بنووسم**
**ئەبم بە جوانترین شیعری دنیا !** [198]

شاعیر ئەوەندە گرنگی بە مەعشوقە نوێیەکەی دەدات تا ڕادەی ئەوەی وەك سەرچاوەی گەنجبوونەوەو گەڕانەوە بۆ قۆناغی لاوێتی لێیدەڕوانێت، دروستکردنی ئەم دۆخەش، لەپێناوی ئەو عەشقە لەدەستچووەدایە، کە تەمەنێکی

---

[196] بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، (٢٠١٧: ١٢١_١٢٢)

[197] ڕۆژانا، ئەو کچە گەنجەیە، کە شێرکۆ بێکەس لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) دا دەیکاتە جێگرەوەی نیشتمانو وەك مەعشوق لەڕێیەوە عەشقی خۆی جارێکی تر دادەڕێژێتەوە.

[198] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٥٤)

زۆری پێبەخشیوەو ئێستاش نەك ناتوانێت خۆشیبوێت، بەڵكو بووەتە مۆتەكەیەكو لەكۆڵینابێتەوە. ئەو وەك شاعیرو وەك كوردێكیش دڵشادییەكی ئێجگار زۆری بە مەعشوقە نوێیەكەی هەیەو وەك ڕووناكترینو پرشنگدارترین شت سەیریدەكات، ئەو ڕووناكییە زۆرەی لەم عەشقە نوێیەی شاعیردا دەردەكەوێت، سنوورەكانی تا عەرشی خوداوەند دەڕواتو بەهۆیەوە شاعیر لەو هەموو نەهامەتییە خۆی ڕزگاردەكات، كە بەهۆی عەشقی نیشتیمانەوە تووشیهاتووە، تەنانەت عەشقە نوێیەكەی كاردەكاتە سەر كاتو دەستكاریدەكات، هەر بەهۆیەوە كاتو شوێنو جوانیو ڕووناكیو تەمەنی، هەمووی گۆڕانی بەسەردا دێت، هەربۆیە بۆ شاعیر زۆر گرنگە تەواوی خۆشەویستیی خۆی بۆ (ڕۆژانا) دەرببڕێت تا بەهۆیەوە قەرەبووی جوانییە لەدەستچووەكانی بكاتەوە، لە هەمانكاتدا هەستكردن بە ترسێكی زۆر هەیە لەوەی شاعیر نەتوانێت خۆشەویستیی خۆی بە تەواوەتیو بە هەموو ئاستو ڕەهەندەكانییەوە، كە بۆ مەعشوقە كۆنەكەی دەریبڕیوە، بۆ (ڕۆژانا)شی دەرببڕێت، هەر ئەمەشە وا لە شاعیر دەكات تا پەخشانە پڕ لە خۆشەویستییەكەی بۆ (ڕۆژانا) تەواونەكات، توانای خەوو پشوودانی نەبێت، واتە شێركۆ بە هەموو توانای شیعریی خۆیەوە، دەیەوێت لە نیشتیمانی ئێستا ڕابكاتو خۆی بكات بە باوەشی (ڕۆژانا)دا. دەتوانین ئەم دۆخە پڕ ترسو حەسرەتە لەلای شاعیر، بە دۆخی خۆپاككردنەوە لە عەشقی ڕابردووی پیاوە گرژو مۆنەكەی جاران دابنێین، ئەمەش لای شاعیر زۆر گرنگەو كرۆكی هەموو ئەو بابەتەیە، كە شێركۆ لەم دیوانەدا لەبارەیەوە دەدوێت.

**لە شەوی یانزەهەمیشدا خەوم لێنەكەوت، تا ئەم**
**پەخشانە، بۆ خۆشەویستی ڕۆژانا لە باوەشما نەپسكاو**
**باوەشی پیا نەكردم**
**تۆ ئەزانی خۆشەویستیت، لەم مەملەكەتی پەرچوودا**
**بە دەستە ئەفسووناوییەكانی، جێگۆڕكێ بە كاتو شوێنم**
**ئەكاتو لەناو یەكتریدا ئەیانتوێنێتەوەو سەر لەنوێ**
**جەستەی من تێك ئەداتەوەو ئینجا ئەیخولقێنێتەوە**
**ساڵم**
**ئەباتەوە دواوەو گەڵای وەریوم هەڵئەگرێتەوەو**
**ئەیباتەوە سەر چڵو سەر لەنوێ ئەویش سەوز ئەبێتەوەو**
**نەرم نەرم جارێكی دی ئەشنێتەوە**
**تۆ ئەزانی لەم فڕینە تازەیەدا، ئەوەندە بەرزە فڕم،**
**ئەوەندە بەرز بوومەتەوە، خەریكم دەنووك بدەم**
**لە شووشەی پرشنگی ژوورەكەی خودا !** [١٩٩]

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، لە ئەزموونی شیعریی شێركۆ بێكەسدا دوانەیەكی جێگیر هەیە، دوانەی (ژنو نیشتیمان)، لە سەرەتای ئەزموونی شیعر نووسینییەوە تا دواهەمین دیوانی شیعریی خۆی، ناتوانێت خۆی لە

[199] شێركۆ بێكەس، ئێستا كچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٦٠_٢٦١)

کاریگەریی‌و هەژموونی ئەم دوو دوانەیە دەربازبکات، بەڵکو هەر جارەو بەجۆرێك یەكێك لەم دووانەیە خۆی دەكاتەوە بەناو دەقەكانیداو بیرو زمان‌و وێنەی شیعریی شاعیر دەتەنن‌و داگیردەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەبوونی ئەم دووانەیە، لە هەموو قۆناغەكانی شیعر نووسینی ئەودا وەكو یەك نین، بەڵكو گۆڕان‌و جیاوازیی زۆر دەربارەی ئامادەبوونیان بوونی هەیە، بەڵام دواجار ئەم دوو دوانەیە، لەجیاتی ئەوەی دژی یەك بوەستنەوە، لە ئەزموونی شیعریی ئەودا یەكتری تەواودەكەن، بەڵام لە ئەرك‌و بەهادا جێگۆڕكێ دەكەن.

شێركۆ لە زۆر دەقی ئەدەبیدا وەك شاعیرانی تری كوردو جیهانیش، نیشتیمان وەك دایك سەیردەكات، واتە نیشتیمان، بوونە ئەدەبییەكەی، بوونێكی (مێ)یانەیەو لەڕێیەوە شاعیر بەدوای ناسنامەی خۆی‌و نەتەوەكەیدا دەگەڕێت، ئەم گەڕانەش، گەڕانێكی دوورودرێژەو پڕ ئاڵۆزی‌و پێچو پەنایە، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر نایەوێت ئەوە دەربخات، كە بێزارە لە گەڕان بە دوای ناسنامەی بوونی خۆی‌و نەتەوەكەیدا، كە شاعیر تەنها لە نیشتیماندا دەیبینێتەوە. كاتێكیش لە دیوانی (ئێستا كچێك نیشتمانمە)دا مەعشوقەكەی دەگۆڕێت، لەبەرئەوە نییە شاعیر ئیتر بەدوای ناسنامەكەیدا ناگەڕێت، بەڵكو لەبەرئەوەیە نیشتیمان خۆی پشتیكردووەتە جوانییەكانی خۆی‌و شۆڕشگێڕو حاكمەكانی، ناسنامەی (ژنبوون)یان لێسەندووەتەوەو كردوویانە بە پیاوێكی تووڕەی ناشیرین. كاتێك ئەمە ڕوودەدات، شاعیر دەیەوێت ناسنامە ڕەسەنەكە بۆ نیشتیمان بگەڕێتەوە، ئەویش كردنەوەیەتی بە دایك، واتە كردنەوەیەتی بە (ژن)، بەو ژنەی، هەموو جوانییەكانی تێدایەو شاعیر دەتوانێت عاشقی بێت.

شێركۆ بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی خۆی، لە گەڕانێكی بەردەوامدایە بە دوای عەشقداو نایەوێت دەرگاكانی جیهان بەسەر خۆیدا دابخات‌و خۆی بخاتە دۆخی دابڕان لەگەڵ سروشت‌و ناخی خۆیدا، چونكە دابڕان دەبێتە هۆكاری دروستبوونی نامۆیی لەناو ناخی شاعیردا، ئەمەش كاردەكاتە سەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەكێتییە ڕۆحییەی، بەردەوام شاعیر هەوڵی پێكهێنانی داوە لەگەڵ مرۆڤەكانی ترو نیشتیماندا، یاخود دەتوانین بڵێین، شێركۆ لەو شاعیرانەیە، هەمیشە لەسەر ئاڕاستەی ئاوێتەبوونی ڕۆحی لەنێوان خۆی وەك عاشقێك‌و نیشتیمان‌و ژن وەك دوو مەعشوق كاریكردووە. كردەی ڕووكردنەوە سروشت‌و نیشتیمان‌و ژن، دواجاریش جیهانی ڕاستەقینە، كردەیەكی بەربڵاوو ڕێكخراوی ناو ئەزموونی شیعریی شێركۆیە، ئەو لەو شاعیرانەیە ماندوو نابێت، كاتێك دەیەوێت لەڕێی گەڕانە بەردەوامەكەیدا بە دوای مەعشوقەكەیدا خۆی بدۆزێتەوە، ئەم دۆخەش هەست‌و جیهانبینییەكی زۆر تایبەت‌و سەرنجڕاكێش دروستدەكات، بەجۆرێك دوو جیهانی جیاواز دروستدەبن، جیهانی پێش عاشقبوون‌و جیهانی دوای عاشقبوون، هەربۆیە كاتێك شاعیر لە نیشتیمانی سەردەمی پیاوە ناشیرینەكان یاخی‌و تووڕەدەبێت، لەبەرئەوەی ئەو وەك مرۆڤ و شاعیر ناتوانێت بێ عەشق بژی، بۆیە نائومێد نابێت، تا دواجار مەعشوقە نوێیەكەی، كە (ڕۆزانا)یە، دەدۆزێتەوە. (مرۆڤ بەر لە عشق بە دەستی خۆی، دەرگاكانی جیهانی ڕاستەقینە لەسەر خۆی دادەخاو كلیلی ئەو دەرگایەش ون دەكا، پاشان بێهوودە بەدوایاندا دەگەڕێ، بەو ئومێدەی لە گۆشەیەكی جیهاندا بیاندۆزێتەوە، بەڵام كارەساتی ڕاستەقینە لەوەدایە كە مرۆڤ نازانێ ئەو كلیلە بە خودی دووەمی خۆیەتی كە ڕەگەزەكەی ترە، چونكە مرۆڤ بەشێكە لە هارمۆنیكای مۆزیكێكی گەردوونی، كە لەگەڵ بەشەكەی تری خۆیدا تێكەڵ بە مەدارە دوورەكانی گەردوون دەبێت، بەڵام ئەو سیمفۆنیا گەردوونییە پارچەیەكی یەكانگیرەو پێكهاتەكانی یەكتر تەواوكەرن، ملكەچی یاساكانی

دووری‌و نزیکی، ئایندەو ڕابوردوو، زەمین‌و ئاسمان...نییە).[200]

شێرکۆ جیهانی ڕاستەقینەی عەشق لەسەر خۆی داناخات‌و لە گەڕان بەدوا مەعشوقدا ماندوو نابێت، تا دواجار دەیدۆزێتەوەو شیعرو جوانی‌و خۆشەویستیی خۆی پێدەبەخشێتەوە.

**تۆ ئەزانی خۆشەویستیت... ئەڵێی تەوژمی بە لرفە لرفەو**
**کەف چرینی ڕوباری نوورێکە کە لە دڵی خواوە، لە**
**چاوەکانی**
**خواوە، سەرچاوە ئەگرێ‌و لەو گەلی نەهێنیو**
**وزەی غەیبیانەوە دێت‌و بە دەم هاژەهاژێکی بە زایەڵەوە**
**سەر بەرەو خوار ئەبێتەوەو ئینجا بە لووزەو ئەڕژێتە ناو**
**دڵ‌و چاوی منەوەو منیش ئەوسا چیم بوێ ئەبم بەوە؟!**
**درەخت، باڵندە، پرشنگ، باران، کلووی**
**بەفر یان دەنکە تەرزە؟! چۆنم بوێ ئەبم بەوە. بە**
**پەپولە**[201]

هەڵبژاردنی مەعشوقی نوێ لای شێرکۆ، سەرەڕای ئەوەی کردەیەکی ڕۆحییە، لە هەمانکاتدا بنەمایەکی ژیریی تەواوی هەیە، واتە خۆی لەڕێگای بیرو هۆشمەندییەوە ئەو کارە ئەنجامدەدات. واتە یاخیبوون لە مەعشوقی پێشووی، وەك ئەرکێکی ژیری‌و بیری ئەنجامدەدات. دەکرێت ئەو عەشقەی شێرکۆ بخەینە ئەو چوارچێوەیەی، کە شاعیر بە تەواوەتی لەگەڵ مەعشوقەکەیدا تێکەڵدەبێت، چونکە "خۆشەویستی ڕاستەقینە دەبێت بە تەواوەتی لەگەڵ مەعشوقەکەیدا یەکبگرێت‌و نابێت هیچ کەس‌و شتێکی تر لەم عەشقەدا بەشداربێت، ئەگەر کردەی خۆشەویستییەکەی بەو جۆرە نەبێت، ئەوا بێگومان عەشقەکە دەبێتە عەشقێکی درۆزنانە"[202].

شاعیر زۆر ڕاستگۆیانە لەگەڵ مەعشوقە نوێیەکەیدا ئاوێتەدەبێت، بە هەمان ئەندازەی پشتکردنە مەعشوقە کۆنەکەی. ئەم دابڕانە لەگەڵ مەعشوقدا لای شێرکۆ بەجۆرێکە، هەموو کەس دەتوانێت هەستی پێبکات‌و ببینێت، شاعیر ددان بەوەدا دەنێت، ئەو و نیشتیمان لە ڕۆحەوە لە یەکتری دابڕاون‌و هەرگیز بەیەکتر ناگەنەوە، ئەم هێزە ڕۆحییەی لای شاعیر هەیە بۆ پشتکردنە مەعشوق، هێزێکی جادوویی زۆر بەهێزەو پشت ئەستوورە بەو بیرکردنەوە ڕەخنەگرانەیەی شاعیر بەرانبەر بە نیشتیمان هەیەتی، دروستکردنی ئەمجۆرە دابڕانە تایبەتە، تەنها لە توانای شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەسدایە، چونکە شاعیر بە هەموو شێوەیەك نەك خۆی لە نیشتیمان جیادەکاتەوەو دادەبڕێت، تەنانەت لە خودی خۆشی دادەبڕێت، "شێرکۆ بێکەس خۆشی لە دوا وتەی خۆیدا بۆ دەقەکەی دەڵێت:

---

[200] شاهۆ سەعید، جیهان لە ماچێکدا، وتارێکی نووسەرە لە دیوانی (تۆ دەتوانیت بە قومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین)ی شێرکۆ بێکەسدا، (٢٠٠٧: ٣٢)

[201] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٦٢_ ٢٦٣)

[202] سعید السریحی، العشق والجنون، (٢٠١٥: ١٢٠)

لەم دەقەدا ویستومە لە شێرکۆی جاران جیاببمەوە، ویستومە بچمە ناو ناخو دڵو دەروونی گەنجێکی وڵاتەکەمەوە."[203]

**لە ئێستەدا منو نیشتیمان لە یەکتری دابڕاوین**
**لە یەکتری جویێ بووینەتەوە. وەك دابڕانی دەربەندێ**
**لە چیایەك. وەك جیابوونەوەی نێوان شاخو داخێ**
**بە خەرەندی. لە ئێستادا منو نیشتیمان تەواو تەواو**
**لە یەکتری دابڕاوین. لە ڕۆحەوە دابڕاوین. لە لەشەوە**
**دوو کەرت بووینو بە یەکتری ناگەینەوە. بووین بە دوو**
**لای پردێکی ناو قەد داڕووخاو. من کەوتوومەتە**
**ناو دۆڵی بیرچوونەوەی ڕۆژمێرێکی ئەوەوەو ئەویش**
**بەو ئاسمانەوە تەکەی دێو هەر خۆی لەگەڵ خۆیدا**
**ئەدوێ! [204]**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، شاعیر زۆر ڕاستگۆیانە لەگەڵ هەستو ژیریو بیرکردنەوەکانی خۆیدا مامەڵەی کردووەو کردوونی بە دەقی ئەدەبیی باڵاو ناوازە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا دەکات مرۆڤ بەرەو جیهانێکی باشترو جوانتر بەرێت، کە ئەرکی سەرەکیی هەموو شاعیرێکی یاخی لە بارودۆخی باو ئەوەیە، کاربکات لەسەر گۆڕینی ئەو دۆخە سەپاوەی مرۆڤ تووشی نائومێدیو بێزاری دەکات. کاری شێرکۆ لە سەرەتای ئەزموونی شیعریداو بەدرێژایی چەند دەیەیەك لە نووسین، ئەوەیە نیشتیمانی داگیرکراوی ئازاد بێتو بیکاتە بەهەشت، لە هەوڵی بێوچاندایە لەپێناوی ئەوەی مرۆڤی کورد بەرەو ئەم بەهەشتە بەرێت، بەڵام کاتێك بارودۆخی نیشتیمان گۆڕانی بەسەردا دێت، نیشتیمان دەبێتە جۆرێك لە دۆزەخ، شاعیر لە گەڕان بەدوای بەهەشتی نوێدا ماندوو نابێتو دەیەوێت مرۆڤی کورد لەناو دڵی بەهەشتێکی نوێدا، کە (ڕۆزانا)یە، جێبکاتەوە. بە کورتی شێرکۆ لەڕێی شیعرەکانییەوە، هەمیشە لەو جێگایە بووە، کە دەبێت مرۆڤی ئازادی لێبێت، ئەمەش تەنها لە توانای شاعیرێکی یاخی وەك شێرکۆ بێکەسدایە. "پیاوێکە دەیەوێت لەگەڵ خۆیدا بمانبات بۆ بەهەشت، بەهەشتێك لێرەو لە ئێستادا لەسبەینێو دوو سبەی دونیادا، بەهەشتێك لەگەڵ مرۆڤەکانی ترو لەپاڵ عەشقو ئازادیو شیعردا، بەهەشتێك نا لە ئایدۆلۆژیایەكو لە ئایدۆلۆژیاکانەوە هاتبێت، بەڵکو لە باوەڕی ئینسانەوە بە مرۆڤ و عەشقو ئازادیو بە دونیایەکی باشترو بە مێژوویەکی جوانترو ئینسانیترەوە هاتبێت. لە هەمووشی گرنگتر شێرکۆ بێکەس پیاوێك بوو ڕاستگۆ بوو لەگەڵ بیرکردنەوەو عەقڵو هەستکردنی خۆیدا. بێ شەرمکردن ئەوەی بە ڕاستی دەزانی دەینووسی، ئەوەی بە هەقی دەزانی بەرگریلێدەکردو چیشی بە شایانی هێرشکردنە سەر زانیبێت، هێرشی کردووەتە سەری، کەی بە پێویستی زانیبێت بچێتە سەر شەقامەکانو ناڕەزایی دەربڕێت چووە، کەیش باوەڕی وابووبێت پێویستە بەرگری لەم یان ئەو هێزی کۆمەڵایەتی بکات کردوویەتی. لەم

[203] زاهیر لەتیف کەریمو نیان نەوشیروان مەستی، میتا_واتا (ئێستا کچێك نیشتمانمە) بە نموونە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٢٣)، (٢٠١٥: ٦٨)

[204] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٧٢)

ساڵانەی دواییدا ئەم پیاوە بە حەفتا ساڵ تەمەنەوە لەناو خۆپیشاندانەکاندا، لەناو ناڕەزایی دەربڕینەکاندا، لەناو کەمپینە جۆربەجۆرەکاندا ئامادەبوو."[٢٠٥]

دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، شێرکۆ لەو شاعیرانەیە، ناتوانێت بە بێ مەعشوق بنووسێت، تەنانەت ئەگەر عاشق نەبێت، ئەوا هەم خۆیو هەم شیعرو هەم جوانی، وندەکات، بۆئەوەی ئەمەش ڕوونەدات، لە هەموو قۆناغەکانی ئەزموونی شیعر نووسینی خۆیدا، ئەو وەك شاعیرێکی عاشقو خاوەن تایبەتمەندێتیی خۆی دەردەکەوێت، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدا دەردەکەوێت، مامەڵەی لەگەڵ مەعشوقەکەی، بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی دەگۆڕێتو هەم مەعشوقەکەشی دەگۆڕێت، بەجۆرێك شاعیر لە ئەنجامی یاخیبوونو تووڕەبوونەوە، لە مەعشوقەکەی دادەبڕێتو بە دوای مەعشوقی نوێدا دەگەڕێت، بەتایبەتی لە بابەتی گواستنەوەی عەشقەکەی لە (نیشتیمان)ەوە بۆ (ڕۆزانا).

دەبێت لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆدا، ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین، کە دوانەی (ژنو نیشتیمان) بوونێکی بەرچاویان لە ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرەدا هەیە، بەڵام ئاڵوگۆڕ بە شوێنەکانیان کراوەو ئەرکو ناسنامەی جیاوازیان پێبەخشراوە، دواجار هەردووکیان وەك دوو مەعشوقی تایبەت لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەسدا دەمێننەوە. خاڵێکی تری گرنگ لێرەدا بوونی هەیەو پێویستە بەڕوونی لەسەری بوەستین، ئەویش ئەوەیە، شاعیر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) دا، بەتەواوەتی کردەی گۆڕینی مەعشوق ئەنجامدەدات، هەموو ئەو توانا شیعرییەی لەپێش ئەم دیوانەدا بۆ نیشتیمان تەرخانیکردبوو، دەیبەخشێتە (ڕۆزانا) وەك هێمایەك بۆ سەرلەنوێ گەنجبوونەوەو عاشقبوونەوەی نوێ. ئەو لەم ئاڵوگۆڕەدا دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە ناکرێت ساتەوەختێك لە ژیانی شاعیردا بوونی هەبێتو کار نەکات لەسەر جوانیی مەعشوقو گەیاندنی پەیامی ناڕەزایەتیی خۆی.

ئەو لەم کردەی گۆڕانەدا، تەنها لەسەر ئاڵوگۆڕێکی جەستەییو ڕۆحی لەنێوان دوو ڕەگەزدا وەك پێویست بوونی تەواوکاریی مرۆڤبوونی مرۆڤ ناوەستێت، بەڵکو لە ناوەخنیدا دەربڕینی هەستو بیرێکی یاخیانەی ڕوونە لەپێناو گۆڕانکاریدا، یاخود پەیامی نەوەی نوێو یاخیو نائومێدە لە نیشتیمان، کە دۆخی خراپی نیشتیمان بەو حاڵەوە نەك نابێتە بەهەشت، بەڵکو هۆکارە بۆ دروستکردنی دۆزەخو بەرهەمهێنانی، خنکاندنیو تێپەڕاندنیشی، تەنها لەڕێی یاخیبوونێکی قووڵەوە دەبێت.

## زمانی شیعریی یاخیبوون

هەموو دیاردەیەکی ئەدەبی، زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە چۆنیەتیی هەڵبژاردنی وشەکانو چۆنیەتیی بەکارهێنانیانو هێنانی ناوو کەرەستەکانی تردا، جیاوازە لە زمانی ئاسایی. لە بنەڕەتدا زمانی دەقی ئەدەبی، نامۆکردنی وشەکانە لەچاو بەکارهێنانی هەمان ئەو وشانە لەکاتی گفتوگۆکردنی ئاسایی نێوان مرۆڤەکان. شاعیرو کەسێکی ئاسایی، هەر هەمان وشە بەکاردێنن، بەڵام جیاوازییەکە کاتێك دروستدەبێت، کە شاعیر لەکاتی بەکارهێنانی وشەکاندا دەیانخاتە بارێکی (نامۆبوون)ەوە. ئاڵوگۆڕی زمان لە دۆخی ئاساییەوە بۆ دۆخی نامۆبوون، سیستەمی تایبەت بە خۆی هەیە. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە، شاعیر چۆن دەیڵێ، نەك ئەوەی چی دەڵێت.

---

205 مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (ب.م)، ١٨

گۆڕینی زمانی باو خۆی لە خۆیدا، یاخیبوونێکی کۆمەڵایەتییە، ئەدەبی بەرز هەمیشە نامۆبوونی تێدایەو ئەدەبێکە شتێکی ئاسایی وەك مەتەڵ لێدەکات، وا دەکات گەڕان بەدوای واتادا بوونی هەبێت، وەك سیمبۆلیزمەکان باسیدەکەن (زمان هۆیە بۆ دەربڕینی ئامانجێکی بەرز، کە هەڵگری بیرێکی بەرزو ڕەهایە، یاخود وەك زمانەوانانی (چیك)ی باسیدەکەن، لادان لە زمانی ئاساییو هەوڵی هێنانەکایەی شیعری (ئەدەبی)یە).[٢٠٦]

بێگومان ئەگەر زمانی دەقی ئەدەبی، جیاوازتر نەبووایا لە زمانی ئاسایی، ئەوا هەموو کەسێك دەبوو بە شاعیر، بەڵام تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی وادەکەن، کە جیاوازیی زۆرو قووڵ لەم بوارەدا دروستبێت، چونکە نامۆکردنی وشەکان لای شاعیر، جادوویەکی تایبەتی پێدەبەخشێت، ئەمەش لە توانای ڕێکخستنی وشەکانو بارگاویکردنیان بە هەستو سۆزو بیری تایبەتیی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێتو کاری خۆی دەکات. ئەمەش دۆخێکە تایبەتە بە شاعیرەکانو قسەکەری ئاسایی ئەو توانایەی نییە، "تەنها شاعیرەکان نەبێت دەتوانن مانای نوێ ببەخشنو لە پشت هەر وشەیەك چەندین واتاو چەمكو مەبەست چڕبکەنەوە، چونکە زمان هۆکارێك نییە بۆ گەیاندنی دالەکان، بەڵکو لەسەر مەدلوولەکانیش کاردەکاتو دەیەوێت لە سیاقی پێکهاتەی دەقدا جێگەی بکاتەوە، کە قەسیدە لەسەر ئەم بنەمایە لە ئەفسانەوە نزیکە، ئەفسانە وەك پێکهاتەیەکی بیری بەرایی، کار لەسەر گەڕان بەدوای مانادا دەکات، نەك ئەوەی سەرقاڵی دۆزینەوەی مانا بێت، جگە لەوەش زمانی ئەدەبی، زمانێکی تایبەتییە، هەر لەبەر ئەمەشە هونەری بەکارهێنانی تەنها لە دەست ئەو کەسانە دەبێت کە بەهرەی نووسینو شاعیریەتیان تێدایە. زمان سیستمێکە لە نیشانە (sign)ەکان پێکهاتووە، هەر کام لە ئێمە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە، واتە لە گوتاردا کۆمەڵە نیشانەیەك هەڵدەبژێرینو لە بەشێك لە تواناکانی زمان کەڵك وەردەگرینو شێوەیەك وتەی تاکە کەس یان شێوەی تایبەت بە خۆمان دەخولقێنین."[٢٠٧]

هەموو نیشانەیەك واتای خۆی لەو جێگەیەوە، کە لە تۆڕێکی پەیوەندیدا هەیەتی، پەیدادەکات، کە هەم بە ئاسۆییو هەم بە ستوونی لە تێکستەکەدا هەیە، (ڕۆلان بارت) پێیوایە (واتا لە کۆتایی گێڕانەوەکەدا نییە، بەڵکو لە بەزاندنی سنوورەکانیدایە)، مەبەستی (بارت) لەم مۆدێلەدا ئەوەیە، کە هەموو ڕەگەزەکانی تێکستەکە هەر یەکەو بەدەوری خۆیو هەمووی بەیەکەوە واتای کۆکۆاوە دێننە کایەوەو هەروەها دەڵێت: "لە تێکستدا هیچ شتێك لەناکاو یان ڕێککەوت نییە، هونەر سیستمێکە ڕێگە بە شتی زیادەو لەناکاو ناداتو ئەمانەشی تێدا نییە."[٢٠٨]

دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە نیشانە بەهایەکی گەورەی لە زماندا هەیە، دواجاریش وەك زانستێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، تەنانەت لەچاو بونیادگەریدا بە بنەڕەتیتر دادەنرێت تا ئەو ڕادەیەی هەموو بونیادگەری، لەچوارچێوەی (زانستی نیشانە)دا دەسوڕێتەوە. لێرەدا دەبێت هەردوو ئاستی سینتاگمیو پارادیگمی ڕوونبکەینەوە بۆئەوەی ئەو گۆڕانە دەربخەین، کە لە ئاستی ستوونیو ئاسۆیی بەکارهێنانی وشەکاندا لەناو ئاخاوتنو دەقی ئەدەبیدا، دەردەکەون.[٢٠٩]

---

206 ئەنوەر قادر محەمەد (پ)، تیۆری ئەدەبی، کۆرسی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦/١/١٧

207 هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، (٢٠٠٩: ٤٣)

208 سەرچاوەی پێشوو

209 ئەنوەر قادر محەمەد (پ)، تیۆری ئەدەبی، کۆرسی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦/١/٢٤

هەڵبژاردە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پارادیگما | ژنەکە | | بەهێواشی | بۆ دالآنەکە |
| | | هات | بەدەم زەوی پاککردنەوەوە | بۆ ناو هۆڵەکە |
| | کۆترە خنجیلانەکە | | بە شەقەی باڵ | بۆ ناو ژیانی من |

سینتاگمی_ ئاسۆیی_ لێکدان

لادان لە زماندا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریو رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە دروستکردنی ئەو نامۆییە پێویستەی، کە دەبێت لە زمانی شیعریدا بوونی هەبێت، هەروەها یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستکردنی زمانی شیعریو دەبێتە یەکێك لە خاڵە جیاکەرەوەکانی نێوان زمانی شیعرو زمانی ئاسایی خەڵکی تر. "بەر لە هەموو شتێك لادان پەیوەستە بە چەمکە شێوازیو ڕەخنەییو زمانەوانیو ڕەوانبێژییەکانەوە، (کۆهین)، کە ڕەخنەگرێکی پرۆفیشناڵی لادانە، دەڵێت شیعرییەت بەبێ لادان، کارێکی لاسەنگە، بەوپێیەی شیعرییەت پشت بە لادانی زمانیو دەربڕینەکان دەبەستێت. لە هەمانکاتیشدا شیعرییەت خۆی لە زمانو دەربڕینە ئاڵۆزو تەمومژاوییەکاندا دەبینێتەوە، کە لادان فاکتەرێکی هەرە سەرەکیی ئەم پرۆسە ئاڵۆزەیە. هەروەها لادان بە کاری گواستنەوەی بونیادە سادەکان بۆ بونیادە قووڵەکان هەڵدەستێت. هەر لەبەر ئەمەش لادان دەتوانێت دەستنیشانی جوانییە ئیستاتیکیو دەربڕینەکانی دەق بکاتو لێرەشەوە جیاوازییەکان لەنێوان دەقێکی ئۆرجیناڵو نائۆرجیناڵ بەدەردەکەون."[٢١٠]

ئەم لادانە زمانییەش، لە ئەنجامی کاردانەوە دەروونییەکانی شاعیرەوە بەرانبەر بە ڕووداوە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەکانو ژینگەی دەوروبەریەوە دروستدەبێت، زۆرجاریش شاعیر کاتێك ئەم کارە ئەنجامدەدات، یان مەبەستی ئەوەیە لەم ڕێگەیەوە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، یاخود دەیەوێت خوێنەر بەرەو ئاڕاستەی واتا قووڵەکانی دەقەکە بەرێت، ئەم لادانە لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، هەر لە ئاستی دەنگەوە تا دەگاتە ئاستی واتا. واتە دەگونجێت لادانەکە لە ئاستی (دەنگو وشەو ڕستەو واتا) دا دروستببێت. بەشێوەیەکی گشتی، دوو جۆر لادانی زمانی دیاریدەکرێن:

یەکەم: لادانی دەرەکی

بریتییە لە بەیەکگەیشتنی شیعرو پەخشان، بەوپێیەی هەردووکیان خاوەنی یەك پرۆژەی کارنامەیین.

دووەم: لادانی لۆژیکی

بریتییە لە جێگۆڕکێی وشەیی، یان هاتنی وشەی نامۆو تازە، کە پێویستە لە ڕێگەی پێوەرێکی لۆجیکیی جیهانیی هەستیارییەوە بێت، بەپێچەوانەوە لادانەکە بە نێگەتیڤی دەمێنێتەوەو دووردەکەوێتەوە لە کارنامە ئیستاتیکیو دەربڕینە واتاییەکان. وشە نامۆکان، گەرچی لەسەرەتادا تووشی ئارگۆمێنت دەبێتو تێکڕای خوێنەر وەك پێویست

[210] زاهیر لەتیف کەریمو نیان نەوشیروان مەستی، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١٧: ١٠٨)

مامەڵەی لەگەڵدا ناکات، بەڵام دواتر پێدەنێتە قۆناغی پرۆسەیەکی ئاسایی سەربەخۆوە. ئەمەش لەو کاتانەدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، کە وشەکان توانای کارنامەیی کاریگەریو پەیوەندیو ڕوونکردنەوەیی ببینێت.

یەکێك لە پێوانە سەرەکییەکانی دەقێکی باڵای ئەدەبی، بریتییە لە زمانێکی ئەدەبیی باڵا. بۆئەوەی پایەی شاعیرێکی مەزن دیاریبکەین، دەبێت لەسەر زمانی دەقەکانی بوەستینو ئاستی بەکارهێنانو دەوڵەمەندیی فەرهەنگەکەی بخەینەڕوو، ئەم گرنگیدانەش بە زمانی دەق، پەیوەندیی بە قووڵیی پەیوەندیی نێوان بیری نووسەرو زمانی نووسینی نووسەرەوە هەیەو هەمیشە ئەوانەی خاوەنی بیرێکی باڵان، دەبێت خاوەنی زمانێکی باڵای دەربڕینو نووسین بن، ئەم باڵادەستییە لە نووسیندا کاتێك دێتەدی، کە نووسەر، یاخود ئەدیب توانای تەواوەتی هەبێت بەسەر هەموو ئاستەکانی ڕێزمانو فەرهەنگی زمانی نووسینی دەقەکانیدا، دواجاریش دەقی ئەدەبی، هەر بۆخۆی لە بنەڕەتدا زمانە، واتە زمان پێکهێنەری دەقو دەربڕی بیری نووسەری دەقەکەشە.

زمان بە هەموو ئاستو پێکهێنەرەکانییەوە لە دەنگەوە تا ئاستی داڕشتنو پێکهاتنو واتاکانی، ئەو شتانەن، کە شاعیر گەورەدەکەن لە هەموو ئەو شتانەی هەستیان پێدەکاتو دەیاننوسێت. بەشێوەیەکی گشتی، زمان بونیادی دەرەکیی دەقو ڕەنگدانەوەی بیری دەقەکەیە، هەربۆیەش پێویستە ئەو بونیادە دەرەکییەی دەق، بە تەواوەتی بتوانێت ڕەنگدەرەوەی بیری دەقەکە بێتو توانای دەربڕینی هەموو ڕاستییەکانی هەبێتو بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانەو زیندووانە، گوزارشتیان لێبکات.[٢١١]

نابێت زمانی دەق لە گەیاندنی هەستو نەستو باری دەروونیو بیری شاعیردا لاوازو کەمتوانا بێت، بەڵکو پێویستە زۆر بە گونجاویو تەندروستی، ویژدانو خەیاڵی شاعیر وەك خۆی بگەیەنێت، شاعیری بەتوانا ئەوەیە لەم بوارەدا بەهرەمەندیی خۆی بخاتەڕوو، تەنگەبەری بەکارهێنانی زمان بۆ دەربڕینی خەیاڵو ویژدانی خۆی تێپەڕێنێتو ڕێگەنەدات ئەو گرفتانەی پێکهاتەکانی زمان بۆی دروستدەکەن، ببنە گرفت لەبەردەم گەیاندنی بیری دەقەکەدا، ئەمەش بەو توانا داهێنەرانەیە دێتەدی، کە شاعیر لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا هەیەتیو دەتوانێت ئەو گەمارۆ زمانییەی سەر دەقەکەی بشکێنێت، هەروەها دەبێت هەموو کۆدە کۆمەڵایەتیو ئایینیو سیاسییەکانی ژینگەکەی بشکێنێت، تا بە ئەوپەڕی تواناو کراوەییەوە بیرەکانی خۆی بگەیەنێت، ئەمەش وەك دەردەکەوێت کارکردنی شاعیرە لەسەر هەردوو ئاستی واتاو ڕێزمان لە دەقەکەیداو تێپەڕاندنی ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەیە، کە زمانی باو بۆ شاعیری دروستدەکەنو ڕێگەنادات کۆسپەکانی زمان ببنە ڕێگر لەبەردەم دەربڕینی بیرو هەستی خۆیدا (شاعیر وەك باڵندەیەکی ئازادە، لە ئاسمانی ئەندێشەدا بە ویستی خۆی دەفڕێتو ئازادی بۆ هونەرەکەی دروست دەکات، ڕێگەنادات کۆسپەکانی زمان پابەندی بکەنو سنووری بۆ دابنێنو نابێت لەکاتی هۆنینەوەی شیعردا بیر لە ڕێگرییە زمانەوانییەکان بکاتەوە، جگە لەو کاتانە نەبێت، کە ئەو کۆسپانە یارمەتیدەری دەبن بۆئەوەی خزمەتی کارە هونەرییەکەی بکەن).[٢١٢]

لەلایەکی دیکەوە، دەبێت لە بابەتی (زمانی دەق)دا لەسەر بابەتی (واتا) بوەستین، کە پایەیەکی گرنگی زمانی دەقی ئەدەبی دروستدەکاتو پەیوەندییەکی زۆری بە زمانی شیعریی یاخیبوونەوە هەیە، بەو پێوانەیەی ئەمجۆرە زمانە

---

[211] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسة نقدية في لغة الشعر)، (٢٠٠٦: ٩١_٩٢)

[212] سەرچاوەی پێشوو، ٩٤

ئەوەندەی لەگەڵ واتای دەقدا مامەڵەدەکات، ئەوەندە لەگەڵ پێکهاتە ڕێزمانییەکانی دەقدا مامەڵەناکات. ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە زمانی شیعریی یاخیبوون جەخت لەسەر دەنگو وشەو سیستەمی زمانەکە ناکات، بەڵکو بەو واتایە دێت، کە لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، زیاتر ڕەهەندی (واتا)کە لەبەرچاودەگیرێتو کاری لەسەر دەکرێت. لێرەشدا چەمکێکی گرنگ کاری پێدەکرێت، ئەویش چەمکی (میتا_واتا)یە، چونکە ئەم چەمکە ڕۆڵێکی گرنگ لەم بوارەدا دەگێڕێت، (میتا_واتا تاڕادەیەکی باش ڕۆڵی هاوسەنگی بابەتی دەبینێتو توانای تێکشکانی بەربەستە کلاسیکییەکانی هەیە. واتە گەر بەشێوە کلاسیکییەکان کار لەسەر دەقێکی شیعری بکرێتو دەقەکە کۆن بێت یان تازە، ئەوا خوێنەرەکە تەنها خۆی دەبەستێتەوە بە سیاقی دەقەکە لەڕووە ئاشکراکەیەوە، نەك قووڵەکەی. بەمەش دەقەکە پێدەنێتە قۆناغی خوێندنەوە مێژووییەکان، کە لە زۆر حاڵەتدا پاڵەوانی سەرەکیی بابەتێکی دیاریکراوە، یان خاوەن دەقەکەیە. ئەمە گەرچی پێویستییەکی گێڕانەوەییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ترازاندنیشە لە مانای ماناکانو ئێمەی وەرگر دووردەخاتەوە لە ڕاستییەکانی دەق. سیستەمی میتا_واتایی، دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت:

یەکەمیان: پاراستنی کەسێتیی نەسقە دەقییەکان.

دووەمیان: بەردەوامبوونی مانای نەسەقەکانو نەبەستنەوەیان بە مانایەکی چەقبەستووی دیاریکراوەوە. بەمەش چەندین مەسەلەو کێشەی هەڵواسراو چارەسەردەکرێن. ئەم دوو ئەرکەش، دوو ئەنجامی سەرەکی لەئەستۆ دەگرن:

١. دەستنیشانکردنی توانا ڕۆشنبیریو مەعریفیو بیریو هونەرییەکانی دەقو خاوەنەکەی.

٢. قایلکردنی وەرگرو خوێنەر بە پرۆسەی مانای دەق، هەر خوێنەرەو بەپێی ئاستی جۆری بیرکردنەوەکەی.

لەپێناو بەدەستهێنانی ماناکان لە ماناکەیدا، میتا_واتا مامەڵە لەگەڵ دوو جۆر لە فۆرمدا دەکات:

ا. فۆرمی بنەما سەرەکیو گشتییەکانی دەق، واتە بەچوارچێوەکردنی هێڵە سەرەکییەکانی دەق.

ب. بەگەڕخستنو گواستنەوەی مانا سەرەتاییو گشتییەکان بۆ مانا وردو جۆراوجۆرەکان).[٢١٣]

ئەو ڕەهەندەی زمان، کە پێویستە بۆ تێگەیشتنو ڕاڤەکردنی زمانی شیعریی یاخیبوون، ڕەهەندێکی ڕێزمانییە، یاخود ڕەهەندێکی واتاییە، یاخود هەردوو لایەنی (واتاو ڕێزمان) لە دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە زمانەدا گرنگن. بێگومان لە دۆخێکی لەو جۆرەدا ڕەهەندی واتایی گرنگترەو زیاتر دەتوانێت مەبەستی دیاریکراو بهێنێتەدی، بەڵام نابێت لایەنی ڕێزمانی لە زمانی شیعریی یاخیبووندا فەرامۆشبکرێتو بەهاکەی نادیدە وەربگیرێت، چونکە ئەم لایەنەش تا ئەندازەیەك لە دروستکردنو بونیادنانی زمانی شیعریی یاخیبووندا ڕۆڵی هەیە. هەرچەندە لەکۆنەوە پرسیارێکی گرنگ لەئارادایە، ئەویش ئەوەیە، ئایا دەتوانین لەڕێی ڕێزمانی دەقێکی ئەدەبییەوە، لەبیری شاعیر، یاخود نووسەرەکە تێبگەین؟

سەرەڕای گرنگیی بەها ڕێزمانییەکانی دەق، بەڵام بۆ ڕاڤەکردنی بیری نووسەر، یان شاعیر، زیاتر دەبێت پشت بەلایەنی واتایی ئەو دەنگو وشەو ڕستانە ببەستین، کە بەپێی بنەما ڕێزمانییەکان پێکهاتوون. ئەمە سەرەڕای ئەو پەیوەندییە قووڵەی لەنێوان ڕێزمانو واتادا لە دەقی ئەدەبیدا هەیە، چونکە بەرهەمهێنانی واتا لە دەقی ئەدەبیدا، لەسەر چوار خاڵ وەستاوە:

213 زاهیر لەتیف کەریمو نیان نەوشیروان مەستی، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١٧: ٩٨_٩٩)

١. ڕاڤەکردنی چوارچێوە (سیاق)ی دەنگیو وشەسازیو ڕستەسازیو فەرهەنگی.
٢. دیاریکردنی کەسایەتیی قسەکەرو گوێگرو بارودۆخی وتنی قسەکە.
٣. دیاریکردنی جۆری ئەرکی قسەکە.
٤. دیاریکردنی کاریگەریی قسەکە.[٢١٤]

زمانی شیعریی، یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی، ڕاڤەکارانی دەقی ئەدەبیو ڕەخنەگران زۆر بە گرنگییەوە لەسەری دەوەستنو بەهۆیەوە دەتوانن دیوە شاراوەکانی دەقەکە دیارییبکەن، ئەم گرنگیدانەش بە زمانی دەق تا ئەو ئاستە دەڕوات، کە شێوازگەرەکان لەمبارەیەوە ئەو پرسیارە گرنگە بکەن، "ئایا باری دەروونیی نووسەرێکی دیاریکراو لەڕێی زمانی تایبەتیی دەقەکەیەوە دیاریدەکرێت، یاخود نا؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە، بەپێی شێوازی بەکارهێنانی جۆری زمانەکەی، دەتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

لەلایەکی ترەوە ئەو پەیوەندییە قووڵەی لە نێوان زمانو باری دەروونیی نووسەردا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی یەکەم بەریەککەوتنی نووسەر لەگەڵ کردەی نوسینەکەیدا، زمانە. وەك (عزەدین أسماعیل) لە کتێبی (الشعر العربی المعاصر، قضایاه و ظواهر الفنیة و المعنویة) دا دەڵێت: "لە هەموو کارێکی هونەریدا، زمان یەکەمین دیاردەیە، کە وشە وەك هۆکارێك بۆ دەربڕین تێیدا بەکاردێت."[٢١٥]

واتە باری دەروونیی شاعیرو نوسەر، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە هەڵبژاردنی وشەو زاراوەکانو چۆنیەتیی ڕێکخستنو بەکارهێنانیان، چۆنیەتیی هەڵبژاردنی دەنگو هێزی وشەکانو بەخشینی واتای جوانو ناشیرین بە زمانەکە، چونکە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی زمانی ئاساییو زمانی ئەدەبی، هەر ئەو وشەو دەنگانەن، کە هەموومان بەکاریاندەهێنین، بەڵام کاتێك دەچنە چوارچێوەی دەقی ئەدەبییەوە، گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. شاعیر دەتوانێت بەهۆیانەوە جوانیو ناسکی، یاخود تووڕەییو ڕقلێبوونەوە دەربڕێت، یان دەتوانێت بەهۆیانەوە خۆڕادەستبکاتو ببێتە شاعیرێکی دەربار، یاخود خۆی بکاتە شاعیرێکی یاخیو ناڕازی.

سەرەڕای باسکردن لە بەهای واتا لە زمانی شیعریدا، دەبێت لایەنی هونەریی دەقەکەش بەهەندوەرگرین، بەتایبەت بابەتی ڕەوانبێژی لە دەقی شیعریدا، کە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی جیهانی، ڕەخنەگران پێوەی سەرقاڵبوونو کاری قووڵو گەورەیان لەبارەیەوە کردووە. هەرچەندە هەندێك لە زاناکان پێیانوایە بابەتی ڕەوانبێژی لە دەقی ئەدەبیدا گرنگیی ئەوتۆی نییەو ئەرکەکەی تەنها لە ڕازاندنەوەی دەقە ئەدەبییەکەدا چڕدەبێتەوە. (مالارمێ) دەڵێت: "وێنە ڕەوانبێژییەکان ئەوانەی کە زۆر جار دەورێکی ئارایشتی لە سیستەمی زماندا دەبینێت، وا دیارە هیچ دەورێکی نییە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستێك نەبێت لەوەشدا وەك نیشاندانی خشڵێك وایە، کە بابەتی گوتار دەتوانێت لێیگەڕێتو کاریپێنەکات."[٢١٦]

ئەم بۆچوونە کەموکورتی تێدایە، چونکە ئەرکی ڕەوانبێژی لە دەقی ئەدەبیدا لەپاڵ ئەرکە هونەرییەکەیدا، ئەرکێکی واتایی هەیەو بەشدارییەکی بەردەوامی لە بونیادنانی واتای دەقدا هەیە، لەمبارەیەوە ئەرکی ڕەوانبێژی

---

[214] سعید حسن الجدي، علم اللغة النص (المفاهیم و الاتجاهات)، (٢٠٠٤: ٣٤)
[215] عەبدوڵڵا ئاگرین، چەپکێ خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێکی ئەدەبی، (٢٠١٣: ٧٩)
[216] جان کۆهین، کێشەی شیعر، و: علی بەرزنجیو ئازاد عبدالواحد، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (٤٤)، کانوونی دووەمی (٢٠٠٧: ١٣)

ئەوەندە گرنگو كاریگەرە، وا دادەنرێت، ئەگەر كەسێك شارەزایی لە ڕەوانبێژیدا نەبێت، بێگومان ناتوانێت لە واتای دەقە ئەدەبییەكە تێبگات. بوونی ڕەوانبێژی لە هەر زمانو دەقێكی ئەدەبیدا، دەرخستنی بونیادی قووڵی زمانو دەقە ئەدەبییەكەیە، چونكە وەك چۆن هەموو زمانێك بونیادی ڕووكەشو قووڵی هەیە، بە هەمان شێوەش هەموو دەقێكی ئەدەبی، بونیادی ڕووكەشو قووڵی هەیە، كە ڕەوانبێژی دەكەوێتە بونیادە قووڵەكەی دەقەوە. لێرەدا پێویستە ڕاستییەكی زانستی دەربارەی زمان لەبەرچاوبگرین، ئەویش ئەوەیە، كە:

ا. هەموو زمانێك بونیادێكی ڕووكەشو بونیادێكی قووڵی زمانی هەیە.

ب. لە هەموو زمانێكدا چەمكی گواستنەوەیی لە بونیادی قووڵەوە بۆ بونیادی ڕووكەش بوونی هەیە.[٢١٧]

لەناو ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەلاتداو بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی عەرەبیو فارسیدا، گرنگییەكی زۆر بە بابەتی ڕەوانبێژی لەناو دەقی شیعریدا دراوە، فێربوونی ئەم زانستەش، وەك یەكێك لە مەرجە بنەڕەتییەكانی فێربوونی زانستە ئیسلامییەكان دانراوەو پایەی شیعرو زمانی شیعریی، زۆر بەرز نرخێنراوە، "خودی شیعر پلەیەكی بالأیە لەناو زمان خۆیدا لەدوای قسەی خوداو پێغەمبەران دێتو لەسەروو هەموو وتنو قسەیەكەوەیە، ئەمەش بەهۆی بوونی ئەو ڕەوانبێژییەی تێیدایەتی، لەناو عەرەبدا دوو پلەی قسەكردن هەیە، بالأكەیان ئەوەیە ڕەوانبێژیو كێشو سەروای تێدایە، ئاستی خوارەوەشی، ئەو زمانەیە، خاڵییە لە ڕەوانبێژیو ئاستی هونەری."[٢١٨]

وەك پێشتر وتمان، زمان نامانگەیەنێتە ڕاستی لەناو دەقدا، وەك (رومان جاكسۆبن) دەڵێت: "بەهۆی زمانەوە ناگەینە ڕاستی، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا زمان كەرەستەی بونیادنانی دەقە."[٢١٩]

بەكورتی دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، كە وشەو دەنگ، وێنە، ئاماژەو جوڵەكان، تەنانەت بارودۆخی شاعیر وەك بێدەنگی، هاواركردن، پێكەنین، هەژاریو دەوڵەمەندی، خوێندەواریو نەخوێندەواری،....هتد، هەموو ئەمانە، كاریگەریی قووڵیان لەسەر زمانی شیعریو چۆنیەتیی دەربڕینو نووسینو پابەندبوونو یاخیبوونی شاعیر هەیە.

### تایبەتمەندییەكانی زمانی شیعریی یاخیبوون

كارێكی زانستیی گرانە بتوانین بەتەواوەتی تایبەتمەندییەكانی زمانی شیعریی یاخیبوون دیارییبكەین. ئەگەر خودی (زمان) وەك دیاردەیەكی كۆمەلأیەتی، تا ئێستا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بكرێتو هەر زانایەو لەڕوانگەی خۆیەوە بیەوێت بیناسێنێت، ناساندنی دەروونناسێك زۆر جیاوازترە لە ناساندنی خودی زمانەوانەكان بۆ زمان، چونكە هەریەكەیان پێوانەو بنەمای زانستیی خۆیان هەیە بۆ ناساندنی زمانو دیاریكردنی ئەركو چۆنیەتیی كاركردنو تەنانەت چۆنیەتیی پەیدابوونیشی.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بەشێوەیەكی گشتی، چەند خاسیەتو تایبەتمەندییەكی ئەم جۆرە زمانە لێرەدا بخەینەڕوو، بۆئەوەی لەكاتی دیاریكردنی زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا كچێك نیشتمانمە)ی شێركۆ

---

[217] مصطفي غلفان، في اللسانيات العامة (تأريخها، طبيعتها، موضوعها، مفاهيمها)، (٢٠١٠: ٣٤)

[218] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسة نقدية في لغة الشعر)، (٢٠٠٦: ٦)

[219] سەرچاوەی پێشوو، ١٩٤

بێکەسدا، یارمەتیدەرێکی زانستی بێت. دیارترین ئەو ڕەهەندو خاسیەتو تایبەتمەندییانەی لەمجۆرە زمانەدا هەن، بریتین لە:

### یەکەم: زمانی شیعریی یاخیبوون و پەیوەندیی بە زانستەکانی ترەوە

زمانی شیعری یاخیبوون، ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو چوارچێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیو زانستی زمانی دەروونییەوە، لەبەرئەوەی کردەی یاخیبوون، کردەیەکی دەروونیو کۆمەڵایەتییە، پێش ئەوەی کردەیەکی زمانەوانیی ڕووت بێت. "زانستی زمانی دەروونی لەزمان دەکۆڵێتەوە، بەوپێیەی ڕووداوێکی جوڵاوو گۆڕانی دەروونییە processus، زانای دەروونناسی، گرنگیدەدات بە زانینی ناوەخنی "الضمنية mise enoeuve لەلای تاکی قسەکەرو گرنگیدەدات بە بەجێگەیاندنی کرداری زمان لای تاکو ڕاڤەکردنی وتەکان لە بارودۆخی حەقیقیدا."[220]

### دووەم: هێماو ئاماژە لە زمانی شیعریی یاخیبووندا

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی یاخیبوون، بریتییە لە بەکارهێنانی هێماو ئاماژە. بەکارهێنانی هێماو ئاماژە لەم جۆرە زمانەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار. یەکەمیان پەیوەستە بە ترس، یاخود بۆ ئەوەیە، لە بارودۆخێکی سیاسیی نەگونجاودا شاعیر بتوانێت پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت. لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی هێماو ئاماژەکان لە دەقی شیعریدا بۆ ئەوەیە، شاعیر بیەوێت لەشێوەی داڕشتنێکی بەهێزدا پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت. تەنانەت لە زۆر باردا بەکارهێنانی ئەو جۆرە هێماو ئاماژانە، یاخیبوونە لە زمانی باوی بەکارهاتوو و داهێنانێکی نوێیە لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانداو تێکشکاندنی بنەما کلاسیکییەکانی ناو زمانی دەقی ئەدەبی، هەموو شاعیرێکیش لەم بوارەدا خاوەنی شێوازی تایبەتیی خۆیەتی، کە لەشاعیرەکانی تری جیادەکاتەوە. "ئەو ناوەندەی کەسایەتییەکەی تێدایە، کاریگەری لەسەر بیرو هۆشی داهێنەرەکە دروستدەکات، لە چۆنیەتیی هەڵبژاردنی وشەکانو ڕێکخستنی وشەکانو شێوازەکەی، کە جیاوازترە لە هەموو شێوازەکانی تر."[221]

هەمیشە شاعیری داهێنەر دەیەوێت لەڕێی بەکارهێنانی هێما مێژوویی و ئەفسانەیی و ئایینیو نیشتیمانیو سیاسیو سروشتییەکانی تایبەت بەخۆیەوە لەوانی تر جیاواز بێت، کاتێکیش دەیەوێت پەیامی یاخیبوونەکەی بگەیەنێت، پشت بە یەکێك لەو هێمایانە دەبەستێت، ڕاستە هەندێك لەو هێمایانە هاوبەشنو جیهانین، بەڵام چۆنیەتیی داڕشتنەوەو بەکارهێنانیان لای شاعیر بەشێوەیەکی داهێنەرانە، تایبەتمەندێتیی تایبەتیی خودی شاعیری پێدەبەخشێت.

### سێیەم: هونەرەکانی ڕەوانبێژیو زمانی شیعریی یاخیبوون

هونەرەکانی ڕەوانبێژیی زمانی شیعریی یاخیبوون، زۆر جەختدەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی، وەك هونەرەکانی (خواستنو خوازەو وەك یەکی) لەپێناوی گەیاندنی کاریگەریانەی پەیامەکەی لەلایەن شاعیرەوەو دروستکردنی وێنەی هونەریی نوێو کاریگەر "شیعر بەبێ وێنە بوونی نییەو دیارترین وێنەش لە شیعردا

---

[220] مصطفى غلفان، في اللسانيات العامة، (٢٠١٠: ١٦)

[221] محمد علي الكندي، الرمز والقناع في الشعر العربي الحديث، (٢٠٠٣: ٣٥٧)

وێنە ڕەوانبێژییەکانن. زمانی خوازە زمانی یەکەمی مرۆڤایەتییەو ئامانجی گەورەو یەکەمی زمانی شیعرییە"[222]، هەربۆیەش پێویستە لەسەر ئەو شاعیرانەی دەیانەوێت پەیامی یاخیبوون بگەیەنن، شارەزایی زۆریان لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا هەبێت، ئەم شارەزاییەش یارمەتیی زۆریان دەدات بۆئەوەی بەشێوەیەکی هونەرمەندانەی بەرز، زمانی دەقە شیعرییەکانیان دابڕێژن.

## چوارەم: فەرهەنگی وشەو زاراوەکان

ڕاستییەکی زانستی هەیە، ئەویش ئەوەیە، وشەو زاراوەکان لە زمانی ئاسایی قسەکردندا یەك بەهایان هەیەو بێدەسەڵاتن، واتە نە جوانن، نەناشیرینن، ئەوە توانای شاعیرە وادەکات بەهاو جوانیو ناشیرینی وەربگرن، بەڵام هەر مەبەستێکی شاعیرو دیاردەیەکی ئەدەبی، هەندێك وشەو زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە دەتوانین بڵێین فەرهەنگی زمانی شیعریی یاخیبوون، هەندێك وشەو زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیەو جیایدەکاتەوە لە جۆرەکانی تری زمان لە هەردوو بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتیو زانستی زمانی دەروونیدا. "وەك نووسەر (بدوی الجبل) لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (منیر العکش)دا دەڵێت: هەر وشەیەك ئەگەر لە ماڵی خۆیت دانا وشەیەکی جوانە، هەر وشەیەکیش ئەگەر لە ماڵی خۆیت دانەنا جوانییەکەی لەدەستدەدات."[223]

## پێنجەم: وێنەی هونەریی

وێنەی هونەری لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، گرنگییەکی زۆری پێدەدرێتو هەر لە کۆنەوە لە دەقی ئەدەبیدا پێگەیەکی گرنگی هەبووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بەربڵاو لە توێژینەوە ڕەخنەییەکاندا ئەم زاراوەیە بەکارهاتووەو وەك یەکێك لە پێوانەکانی داهێنانی ئەدەبی لە شیعردا سەیرکراوە. وێنەی هونەریش لە دەقی شیعریدا لەسەر زمانی خوازەیی بونیاددەنرێت، وەك (سی دی لویس) لە کتێبی (الصورة الشعرية)دا دەڵێت: "بۆئەوەی لەبارەی شیعرەوە بڕیاربدەین، دەبێت بڕیار لەسەر هێزی خوازە لە شیعرەکەداو ڕەسەنایەتی بدەین. هەروەها (درایدن) بڕوای وایە وێنە بە تەنها گیانو ژیانی قەصیدەیە."[224]

ئەرکی وێنەی هونەری لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، تەنها ئەرکی ڕازاندنەوەو بەخشینی چێژ نییە لەڕێی کردەی نامۆکردنی وشە ئاساییەکانەوە، بەڵکو ئەرکە بنەڕەتییەکەی لە گەیاندنی ئەو بیرەدا بەرجەستەدەبێت، کە شاعیری یاخیبوو دەیەوێت بیگەیەنێت. وێنەی هونەریی لێرەدا، پەیوەستە بە کردارێکی هاوبەش لەنێوان خەیاڵو خودو بابەتو زمانی خوازەییدا، کە دواجار وێنەیەکی نوێی هونەریی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە بەمشێوەیە دروستدەکات:

ئەندێشە + بابەت + خود (ناخ) + زمانی خوازەیی = وێنەی هونەری

↓ ↓

یاخیبوون = وێنەی هونەریی یاخیبوون

---

222 محمد علي الكندي، الرمز والقناع في الشعر العربي الحديث، (٢٠٠٣: ٣٥)

223 ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین ١٩٩٢_٢٠٠٢، (٢٠٠٢: ١٣٣)

224 ناظم عودة، جماليات الصورة من الميثولوجيا الى الحداثة، (٢٠١٣: ٣٦)

گرنگیی وێنەی هونەریی لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە وێنەکە دەبێتە یەکەم وێستگەی بەریەککەوتنی نێوان دەقی شیعرییو خوێنەرەکەی، بەوەش دەتوانێت کاریگەریی دەروونی لەسەر ناخی خوێنەر دروستبکات، کە ئامانجی سەرەکیی شیعری یاخیبوونەو دەبێتە هۆی جوڵاندنی هەستو سۆزو جوڵاندنی چالاکی لە ناخی خوێنەردا لەپێناوی ئەنجامدانی کاردانەوەیەکی ئەرێنی لە کردەی یاخیبووندا.

**شەشەم: لایەنی دەنگسازی_ئاواز لە زمانی شیعریی یاخیبووندا**

زمانی شیعریی یاخیبوون، خاوەنی ئاوازێکی تایبەت بە خۆیەتی، کە شاعیر بەهۆی هەڵبژاردنی جۆری دەنگو پیتو وشەکانەوە ئاوازێکی تایبەتو سەرنجڕاکێش دروستدەکات، کە دەربڕی ئەو بارودۆخە دەروونیو کۆمەڵایەتییە بێت، کە شاعیر تێیدا دەژیو دەیەوێت پەیامی دەقەکە وەکخۆی بە خوێنەرەکانی بگەیەنێت. دیارە ئەم دۆخی دروستکردنی ئاوازی شیعرییە لەڕێی هەڵبژاردنی دەنگو وشەکانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازەو کاریگەریو کاردانەوەکانیشی جیاوازن. ئەوەی لە زمانی شیعریی یاخیبووندا هەیە، چۆنیەتیی گەیاندنی پەیامەکەو دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەرەکانی، یاخود ئەوانەی گوێیان لە دەقەکە دەبێت لەکاتی خوێندنەوەدا. کاریگەریی ئەمجۆرە زمانە زیاتر کاتێك دەردەکەوێت، کە شاعیر خۆی، یاخود کەسێکی تر دەقەکە بخوێنێتەوە، چونکە ئەم پرسی یاخیبوونە، مامەڵەیەکی وردە لەگەڵ کردە کۆمەڵایەتیو دەروونییەکاندا. هەروەها شیعر پێکهاتەیەکی تایبەتە، کە لە (دەنگ)ەوە دەستپێدەکات تا ساتەوەختی دروستکردنی دۆخی کاریگەریو کارتێکراوی لەنێوان خوێنەرو نووسەری دەقدا "شیعر پێکهاتەیەکە لە دەنگو وێنەو بیرو هەست، هەربۆیەش لەکاتی خوێندنەوەیدا لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، شیعر کۆمەڵێك بوونی جیاوازی هەیەو ناتوانین لە یەك بووندا گەمارۆی بدەین."[٢٢٥]

بەپێی ئەو بۆچوونانەی پێشوو لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، ئاوازو چۆنیەتیی خوێندنەوە، بەهاو کاریگەریی گەورەی هەیەو زیاتر لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەمجۆرە زمانە، مامەڵە لەگەڵ باری دەروونیی نووسەرو خوێنەری دەقی ئەدەبیدا دەکاتو کاردانەوە پێویستەکان دروستدەکات.

زمانی شیعریی یاخیبوون لەناو دەقی ئەدەبیی شاعیراندا، بەهایەکی گەورەی هەیەو تەنانەت دەتوانین بە دیوی دووەمی دەقەکەی دابنێین، هەمیشە زمانێکی پتەوو بەهێز، ئاماژەیە بۆ بوونی دەقێکی باڵاو بەهێزو کارتێکەر، پێچەوانەکەشی ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستییە زانستییە لەبەرچاو بگرین، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان شێوازو ناوەڕۆکی دەقەکەدا هەیە، هەر ئەمەشە وادەکات پێداگری بکەین لەسەر ئەو کاریگەرییانەی، کە زمانی شیعریی یاخیبوون لەسەر پەیامی یاخیبوون لای شاعیر دروستیدەکەن.

**زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا**

شێرکۆ بێکەس لەناو ئەدەبی کوردیدا یەکێکە لەو شاعیرانەی، دەتوانین بڵێین خاوەنی زمانێکی تایبەتو سەرسوڕهێنەرە، بەجۆرێك کاریگەریی زمانی شیعریی بەسەر شیعری قۆناغی خۆیو دواتریشدا بەردەوام دەبێت.

---

[225] أحسان عباس، فن الشعر، (٢٠١١: ١٥٣)

شێرکۆ جگەلە زمانی شیعر، هیچ زمانێکی تر نازانێت "بۆ شیعرو بۆ عەشقو بۆ بەرگرىو بۆ تووڕەبوونو بۆ داهێنان...تەنها زمانی شیعرو هیچی تر. شێرکۆ بێکەس لەناو ڕووبەرە فراوانەکەی شیعردا هەموو شتێك دەدوێنێو هەموو شتێك دەهێنێتە نێو شیعرو بە قسەیان دەهێنێ (مرۆڤ، عەشق، نیشتیمان، خاك، چیا، ئاو، باران، وەرزەکان، باڵندەکان، ژنەکان، مێژوو، مافەکان، ستەمەکان، ...) هیچ شتێك نامێنێ لەنێو شیعرەکانیدا نەیاندوێنێو حیواریان لەگەڵدا نەکات."[٢٢٦]

شاعیر لەزمانی شیعریدا، کودەتایەکی گەورەی بەسەر زمانی شیعریی قۆناغی خۆیدا هێنا، تەنانەت هەر لەو ڕێگەیەشەوە خۆی لە قۆناغی (گۆرانو هاوڕێکانی) جیاکردەوە. واتە جیاوازیی شێرکۆ لەگەڵ شاعیرەکانی تردا بە تەنها لە بواری داهێنانی فۆرمی جیاوازی شیعردا نییەو تەنها لەو ناوەرۆکە قووڵەدا نییە، کە لە ئەزموونی شیعریی ئەودا بەرجەستەیە، بەڵکو بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی خۆی، هەوڵیداوە خاوەنی زمانێکی تایبەتیی خۆی بێت لە هەموو ئاستەکانی زماندا، واتە لە (دەنگو وشەو ڕستەو واتا)دا. لەیەکەم ئەزموونی شیعر نووسینی خۆیەوە تا دوا دیوانی شیعریی خۆی (خێراکە مردن خەریکە بگات)، باڵادەستیی ئەو لە بواری زمانی شیعریدا بەدیدەکەین. تەنانەت خۆشی لە شیعرەکانیدا باس لە جیاوازیی زمانی شیعریی خۆیو زمانی شیعریی شاعیرەکانی تر دەکاتو ددان بەوەدا دەنێت، ئەو بە زمانێکی سادەو ڕەوان خۆىو عەشقو نیشتیمانو شیعر دەنووسێتەوە. لە شیعری (دوو زمان)دا دەڵێت:

**جیاوازیی منو زۆر شاعیر هەر ئەوەیە**
**بە زمانی سادە وەکو ئاوی ڕەوان**
**بۆ عەشقەکەی خۆم دەنووسم**
**بۆیە عەشقیش ئەگەر لەوپەڕی دنیاش بێ**
**لە من ئەگا !**[٢٢٧]

هەرچەندە لەزمانی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا خاڵێك هەیە دەکرێت وەك خاڵی لاوازی زمانی شیعریی ئەو سەیربکرێت، ئەویش ئەوەیە، زیاتر شێوەزاری سلێمانی بەسەردا زاڵەو زۆر گرنگی بە دیاردەی زمانی ستانداردی کوردی نەداوە، هەر لە هەڵبژاردنی وشەکانەوە تا دەگاتە ئاستی ڕێنووس. لە زۆربەردا پابەندە بە ڕێنووسی شێوەزاری سلێمانییەوە، بەڵام لەڕووی فەرهەنگی وشەوە، هەوڵیداوە وشەی زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان بەکاربهێنێت.

**ئەو وەختەی زمان لاڵ ئەبێ و سیس ئەبێ و**
**ئەوەرێ و ئەو وەختەی دڵنیایی ئەحەپەسێ و**
**بەختیاری نائومێد ئەبێ و پێکەنین ئەگرێ و**
**هەتا تاریك ئەبێ و لە بەرەبەیاندا شەو دادێ**[٢٢٨]

---

226 ناڵە حەسەن، شێرکۆ بێکەسو زمانی شعر، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٦٤)، شوبات، (٢٠١٤: ٥٧)

227 شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (٥)، (٢٠٠٩: ٢٥١)

228 شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (٦)، (٢٠٠٩: ٥٨٤)

لە هەموو کردارەکانی ئەو کۆپلە شیعرەدا (ئەبێ، سیس ئەبێ، ئەوەرێ، ئەحەپەسێ، نائومێدئەبێ، ئەگری، تاریك ئەبێ)، شاعیر لەجیاتی مۆرفیمی /دە_/ وەك نیشانەی تاف ڕانەبوردوو، ئەلۆمۆرفی /ئە_/ بەکاردەهێنێت، کەواتە بەتێکڕای ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس، بەشێوەیەکی بەردەوام لەجیاتی مۆرفیمی /دە_/، ئەلۆمۆرفی /ئە_/ بەکارهاتووە، ئەم دۆخەش لە شیعری ئەودا وەك سیمایەکی تایبەتی لێهاتووە.

ئەگەر بەشێوەیەکی ورد بێینە سەر باسکردن لە زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، کە لە شێوەی دەقێکی درێژدایە، دەتوانین لەسەر چەند ئاستو ڕەهەندێك لە زمانی شیعریی یاخیبوون لەو دیوانەدا قسەبکەین:

**یەکەم: ناونیشانی دیوانەکە (ئێستا کچێك نیشتمانمە)**

هەر لە ناونیشانەکەوە شاعیر جاڕی یاخیبوون دەداتو دەیەوێت پێمان بڵێت، لەمەودوا بەهیچ شێوەیەك نیشتیمان مەعشوقی من نییە، واتە هەڵگەڕانەوەیەکی گەورە بەهۆی ئەم ناونیشانەوە لە شیعرو بیرو ئەزموونی شیعریی شاعیردا بەدیدەکرێت. ئەم ناونیشانە تەنها ناونیشانی دیوانێکی شیعریی، یاخود دەقێکی درێژی ئەدەبی نییە، بەڵکو ناونیشانی مانیفێستی یاخیبوونە لە خۆیو لە ڕابوردوو و لە مەعشوق. شێرکۆ لەمبارەیەوە دەڵێت: "(ئێستا کچێك نیشتمانمە) کتێبی بێزاربوونی گەنجێکی ئەم ڕۆژگارەیە، وەڕسبوون لە هەموو شتێکی نیشتیمان، لە هەموو گەمە ناشیرینەکان، کتێبی چاوەڕوانییە نائومێدەکانە، کتێبی خەونی کوژراوەکانە."[٢٢٩]

بەکارهێنانی (ئێستا) لە ناونیشانەکەدا، وەك دانانی خاڵی جیاوازیو دابڕان لە نێوان دوو قۆناغی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، وەك ساتەوەختی جیابوونەوەو دابڕان لەنێوان مەعشوقە کۆنەکەی، کە نیشتیمانەو مەعشوقە نوێیەکەی لە ئێستادا، کە (کچێك)ە.




هەروەها دانانی ئەو ناونیشانە سەرنجڕاکێشە، ئاماژەیە بۆ ئەو پرسیارە قووڵانەی شاعیر لە نیشتیمانو جوانییەکانیو پیرۆزییەکانی هەیە، واتە هەڵبژاردنێکی پڕ پرسیاری گوماناوییە لە کۆی ئەزموونی شیعریی شاعیرو جیهانبینیی شاعیر. خوێنەر کاتێك ئەم ناونیشانە دەبینێت، تووشی ڕامانێکی قووڵ دەبێت، واتە چۆن شاعیر لەڕێی ئەم ناونیشانەوە گەلێك گومانو پرسیار دروستدەکات، بەهەمان شێوە خوێنەریش لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ناونیشانەدا گەلێك پرسیاری بۆ دروستدەبێت. لەوانە، ئایا نیشتیمانی شاعیر پێش ئەم کچە، کوێ بووە؟ بۆچی

[229] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٣٢٨)

شاعیر پشتی لە نیشتیمانی کۆن کردووە؟ دەیەوێت لەم نیشتیمانەی ئێستایدا چی دەستبکەوێت؟

هەڵبژاردنی ناونیشانەکە تەواو لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا گونجاوە، بەجۆرێك خوێنەر هەر لە ناونیشانەکەیەوە هەست بەو یاخیبوونە گەورەیەی شاعیر دەکاتو دەیەوێت وەڵامی پرسیارەکانی پێشووی دەستبکەوێت. شاعیر بەمەبەست ئەو ناونیشانەی هەڵبژاردووەو ویستوویەتی لە یەکەم بەریەککەوتنی خوێنەر لەگەڵ ئەم دیوانەدا، هەست بە کودەتایەکی گەورە لە جیهانبینیی شاعیردا بکات.

شاعیر لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانەدا وشەی (کچێك) بەکاردەهێنێت وەك کەسێکی نەناسراو، نەك کچێکی ناسراو، هەرچەندە لە ناوەرۆکی دەقەکەدا ناوی (ڕۆزانا) دەهێنێت، بەڵام دەیەوێت لە ناونیشانەکەدا بە نەناسراوی بیهێڵێتەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدایە هەموو خوێنەرێك خۆی لە پەیوەندیدا بهێڵێتەوە لەگەڵ کچە نەناسراوەکەی ناونیشانەکەدا، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگا سەرکەوتووانەی هەمیشە شاعیری بەهرەمەند لەگەڵ خوێنەرەکانیدا پەیڕەویدەکات، بۆئەوەی بواری دابڕان لەنێوان خوێنەرو دەقدا دروستنەبێت، بەڵکو تا کۆتایی دەقەکەی، ڕایەڵی پەیوەندی لەگەڵدا بهێڵێتەوە. لەم بوارەدا شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد، کە خاوەنی ڕێبازێکی تایبەتیی خۆیەتی لە هەڵبژاردنی ناونیشانی سەرنجڕاکێش بۆ دەقە دووروردرێژەکانی. ڕاستە هەموو دەقێکی ئەدەبی، پێویستە ناونیشانی ئەدەبیو جیاواز بەخۆی هەبێت، بەڵام لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆدا، ئەم حاڵەتە زۆر تایبەتتر دەردەکەوێت. لە ناونیشانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا، شاعیر توانایەکی ئەدەبیو زمانەوانیی زۆر جیاوازی بەکارهێناوە، لەپێناوی بەستنەوەی ناوەڕۆك لەگەڵ ناونیشانی دەقەکەدا.

### دووەم: گەنجینەی وشەکان لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا

شێرکۆ بێکەس خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی وشەیەو دەتوانین بڵێین، تەنانەت خاوەنی فەرهەنگی وشەی تایبەت بە خۆیەتی. لە هەموو دەقێکی شیعریدا، بوونی فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەند، ئاماژەیە بۆ بوونی زمانێکی باڵای ئەدەبیو توانای دەربڕینی ئەدەبیی سەرکەوتوو لە گەیاندنی بیری شاعیر بە خوێنەرەکانیدا، چونکە "زمانی ئاسایی ناتوانێت ئاستی شاعیر بە بەرزی بهێڵێتەوەو تەواوی هەستو واتاو ئەندێشەی دوورو پێشبینییەکانو جیهانبینییەکانی شاعیر لەخۆبگرێت."[٢٣٠]

کەواتە بۆئەوەی شاعیر بتوانێت دەقێکی بەهێز بنووسێت، دەبێت پێش هەموو شتێك هەوڵی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەکانی بدات، ئەمەش لەڕێی شارەزابوون لە زارو شێوەزارەکانی زمانو خوێندنەوەی بەردەوامەوە، هاوکات ئاگاداربوون لە تەواوی ئاستەکانی ناو کۆمەڵگاکەیو شارەزایی لە بواری کەلتووری کۆمەڵگاکەیدا، دێتەدی.

سەرەڕای بوونی گەنجینەیەکی فراوانی وشەو زاراوەو دەستەواژەی نوێ لە دەقەکانی شێرکۆدا، بەشێوەیەکی دیار وشەی فەرهەنگی بەکارهاتوون، ئەم چەمکەش بە بڕوای (کۆدۆن) بریتییە لە سنووردارترینو سادەترین مانای وشە، بێ لەبەرچاوگرتنی هەستو سۆزمان لەو بارەیەوە، یان ئەو پێشنیازو مانا شاراوانەی، کە هەیەتی. لە ئینسکلۆپیدیای پرینستۆنیدا هاتووە "بریتییە لە مانا ڕووکەشو ئاشکراکەی وشە، یان ئەوەیە لە فەرهەنگدا دیاریکراوە."[٢٣١]

---

230 احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسات نقدية في لغة الشعر)، (٢٠٠٦: ١٤٢)

231 لوقمان رەئوف، شوناسی شیعریی شێرکۆ بێکەس، (٢٠١٧: ٥٤)

جیاوازیی زۆر لەنێوان هەردوو چەمکی گەنجینەی وشەو وشەی فەرهەنگیدا هەن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، لە هەردوو بارەکەدا کارکردنە لەسەر دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی وشەکانی شاعیرو گرنگیپێدان بە بواری دەوڵەمەندیی زمانو جوانترکردنی وێنە شیعرییەکانو باشتر گەیاندنی بیری شاعیر بۆ خوێنەرەکانی، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیارییانبکەین:

١. بەرفراوانکردنی لێکدانەوەی مانای وشەکانو دواجاریش بەمەدلولکردنی دەقەکە.

٢. پاراستنی وشە کوردییە پەتییەکانو بەخشینەوەی هێزی مانا بە وشەکان.

٣. بەهێزکردنی مەدلولو بنەمای وێنە شیعرییەکەو وێنەی ڕوانینی خوێنەر لەسەری.

٤. بەجێهێشتنی جێکەوتەی پۆزەتیڤ لە بیرو زهنی خوێنەردا.

٥. بەهێزکردنی کۆنتێکستی دێڕە شیعرییەکە.

٦. زەنگینکردنی زمانی شیعریی.

٧. کرانەوەی ئاسۆی بیری خوێنەر لە بەرانبەر لێکدانەوەو ڕاڤەی شیعرییدا.

٨. بەخشینی مانایەکی زۆر بە کەمترین کەرەستەو دەربڕراو.[٢٣٢]

گەنجینەی وشە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، تەنها بریتی نییە لە وشەو زاراوەی نوێ، بەڵکو دەستەواژەی زۆر نوێو سەرنجڕاکێشی تێدایە، کە بوونەتە بنەمای سەرەکیی بونیادنانی زمانی یاخیبوون لای شاعیر. هەر لە دەستپێکی دەقەکەوە شاعیر بە زمانێکی باڵاو دەربرینو وشەی نوێ، یاخیبوونەکەی دەکێشێت.

**واهات، عاشقان!، وا خۆی هات**

**بە پۆشاکی گەڵا ڕێزانەوە... واهات !**

**بە نۆزدەساڵی زەردەوە**

**بە نۆزدە چرای تاریكو**

**بە نۆزدە زامی سەوزەوە**

**لەگەڵ پەپوولە پاییزەی غەریباندا**

**بەڕێوەیەو...دێت بۆ لاتان[٢٣٣]**

شاعیر بە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (پۆشاکی گەڵاڕێزان، نۆزدە ساڵی زەرد، نۆزدە زامی سەوز، نۆزدە چرای تاریکی، پەپوولە پاییزەی غەریباندا)، چێژو تایبەتمەندییەکی زۆر تایبەتی بە شیعرەکە بەخشیوە، بۆ کەسێك ئاگاداری بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو بێت لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ەوە تا ساڵی (٢٠١٠)، دەزانێت هەردوو ڕەنگی (سەوزو زەرد) ئاماژەن بۆ هەردوو حیزبی حوکمڕانی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە بەدرێژایی نۆزدە ساڵی حوکمڕانییان، وڵاتیان بەرەو وێرانەییو نەهامەتی بردووە. شاعیر

---

[232] لوقمان رەئوف، شوناسی شیعریی شێرکۆ بێکەس، (٢٠١٧: ٥٧_٥٨)

[233] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٥)

لەڕێی بەکارهێنانی (نۆزدە ساڵی زەردو نۆزدە زامی سەوز)ەوە گوزارشتی لە ماوەی حوکمڕانیی ئەو دوو حیزبە کردووە، کە پڕیەتی لە ئازارو زامو نەگبەتی بۆ هەرێمی کوردستان. لە ئەنجامی ئەو جۆرە حوکمڕانییە خراپەدا، شاعیر لەڕێی ئەو زمانە تایبەتەی خۆیەوە، دەیەوێت بەرانبەر بەو مێژووە نۆزدە ساڵییە پڕ زامەی گەلی کورد، یاخیبێت.

**دیسانەوە**

**وەکو دوێنێ‌و وەکو پێرێ**

**پارو پێرار**

**ڕۆژێکی تری سواومەو**

**دیسانەوە**

**هەر خۆم سوخرەکێشی خۆمم‌و**

**بێواز... بێواز**

**پاڵنان بە بێزاریمەوە**

**بەردەوامەو**

**دەمەو عەسرەو**

**چون چڕو چاوی نیشتیمان**

**هەوا گرژەو...گەڕەگ مۆن‌و**

**چەند (هەزار)ێکی چرچ‌و لۆچ**

**لە گیرفانی پانتۆڵێکی غەمگینایەو**

**ئەڵێی پشیلەی بەر گەرمای بێتاقەتم**

**خاو و خلیچك**

**لە ماڵەوە دەچمە دەرێ**[234]

لەو کۆپلە شیعرەی سەرەوەدا، شاعیر زۆر بەڕوونی دڵتەنگی‌و نائومێدیی خۆی ئاشکرادەکات، دەتوانین ئەو کۆپلە شیعرە بە مانیفێستی نائومێدبوونی شاعیر دابنێین، نائومێدبوونیش، یەکێکە لە بنەماو هۆکارە سەرەکییەکانی یاخیبوون. ئەم مانیفێستی نائومێدبوونەشی، لەڕێی وشەو دەستەواژەکانییەوە بە تەواوەتی دەربڕیوە، هەموویان گوزارشتن لە (ژیانی دووبارەو بێگاریی‌و بێزاریی‌و هەژاریی‌و ناشیرینیی دەسەڵات‌و خەم‌و بێتاقەتی)، کە لە زەمەنی نووسینی ئەم دەقەدا، بوونەتە تایبەتمەندێتیی سەرەکیی نیشتیمان‌و مەعشوقیان بە تەواوەتی لای شاعیر ناشیرین کردووە.

**لەم ڕۆژمێرەی ئێستەدا**

**سەعات لە ڕۆژ**

---

234 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٨_٩)

**هەفتە لە مانگ**
**مانگیش لە ساڵ وەڕس بووە**
**من لەخۆمدا. لەناو خۆمدا**
**ڕەنگم لە دەنگم بێزارە**
**دەنگم لە بۆنم بێزارە**
**هەر لەم کۆڵانەی ئێمەدا**
**دەرگا لە چوارچێوەی خۆیو**
**سیلەی کۆڵان لە کۆڵانو**
**کۆڵان لە دیوار بێزارە**
**بێتاقەتیی لە تەکمایەو هەنگاو ئەنێ**
**یان سێبەرمەو یان هاوڕێ**[235]

شاعیر زۆر جەخت لەسەر ئەو وشانە دەکاتەوە، کە بەرەو نائومێدیی تەواوەتی دەبەن لە نیشتیمانی جاران، وەك وشەکانی (بێزار، وەڕس، بێتاقەتی، سێبەری بێتاقەتی)، بەدرێژایی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، ئەمجۆرە زمانە زاڵە تا ئەو کاتەی شاعیر خۆشەویستە نوێیەکەی، کە (ڕۆزانا)یە، دەدۆزێتەوەو ئیتر لێرەوە نائومێدیو خەمو ڕقو بێتاقەتیو ناشیرینی، کۆتایی پێدێتو مەعشوقێکی نوێی پڕ جوانیو ئومێد دەدۆزێتەوە، هەربۆیە لێرەدا شاعیر جارێکی دیکە وشەکانو زمانی دەربڕینی دەگۆڕێت بۆ زمانی خۆشەویستیو ئومێد، بۆ زمانی گەنجبوونی هەمیشەییو زمانی کۆتایی ماندووبوونو ڕق. واتە لەم دیوانەدا دوو جۆر زمان بوونیان هەیە، زمانی قۆناغی نائومێدیو ڕقلێبوونەوە لە مەعشوقی کۆن، کە نیشتیمانەو زمانی دوای قۆناغی دۆزینەوەی مەعشوقە نوێیەکەی، کە (ڕۆزانا)یەو پڕیەتی لە وشەو دەستەواژە ئومێدبەخشەکان.

**تۆ ئەزانی لەم زمانی خۆشەویستیەدا**
**لەم فەرهەنگە زیوینەدا، نە وشەی (ڕق)ی تیایەو**
**نە (ئاوابوون)و نە (ماندووبوون)و نە**
**(وەرین)و (نە کوژانەوە)و نە (پیربوون)**[236]

شاعیر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، (١٩) وشەی نوێ بەکاردەهێنێت، کە پێشتر لە دەقەکانی تریدا بەکارینەهێناون، هەر خۆشی لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەی لەبارەی وشەکانەوە داوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی، شێرکۆ لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا، بەردەوام گەشەی بە گەنجینەی وشەکانی خۆی داوە، لەلایەکی ترەوە ئاماژەیە بۆئەوەی، زمانی کوردی، زمانێکی دەوڵەمەندەو دەتوانرێت بەهۆی وشەو زاراوەکانی ناو زارو شێوەزارەکانییەوە، ئەو کەلێنانە

---

[235] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٩_١٠)
[236] سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٢

پڕبکرێنەوە، کە بەهۆی بەرەوپێشچوونو تێکەڵاوبوونی کەلتوورو شارستانییەتەکانەوە، لە زماندا دروستدەبن. بەشی زۆری ئەو وشە نوێیانە، لە تۆخکردنەوەی ئەو زمانی یاخیبوونەدا بەشدارن، کە شاعیر لەم دیوانەدا لەسەری دەڕواتو لەڕێیەوە پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێت.

| وشە نوێیەکان | واتاکانیان (وەك ئەوەی شاعیر لە پەراوێزدا ڕوونیکردوونەتەوە) |
|---|---|
| بێوار | بێحەوسەڵەو بێتاقەتی |
| زماك | ئەو شوێنەی هەتاو نایگرێتەوە |
| زیکار | شەونخونی |
| تامار | شەبەحو تارمایی |
| هاڤڵ | نەترسانو مل پێوەنان |
| سلسار | بێشەرم |
| سارومار | زۆر بۆگەن |
| گەرگەسان | لەناوچوون، وردوخاشبوون |
| ساعوور | وەك مجەوری ئەمیش شەوو ڕۆژ خزمەتی مزگەوت دەکا |
| لەژم | زەلکاو |
| ساتوور | تەمەڵو تەوەزەل |
| گوردەم | عەشامات، قەرەباڵغی |
| پاسفندە | زۆر بۆگەن |
| زشت | ناجۆرو ناپەسەند |
| پیفو | تەمەڵو تەوەزەلو لەشگران |
| گەڤار | پیس |
| سخار | زەویەك بۆ کێڵان ناشێت |
| سارِستە | ڕستەی ناتەواو، قرتاو، پچڕاو |
| کادانە | ئەسپی ڕەسەنو بە ئەسڵ لە ڕوسیاوە هاتوو[٢٣٧] |

ئەو وشانە، مەرج نییە یەکەمجار بن لە دەقی شیعریدا بەکارهێنرابن، بەڵام شاعیر بۆ یەکەمجارە ئەم وشانە دەخاتە ناو دەقێکی ئەدەبیی یاخیانەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو وشانەش، بۆ دەرخستنی نائومێدیی شاعیرو پیشاندانی ناشیرینیی پیاوەکانی نیشتیمانو شەڕی ناوخۆو دروستکردنی وێنەی نیشتیمانە بەشێوەیەکی ناشیرین لە زەمەنی نووسینی دەقەکەدا. شێرکۆ لەڕێی بەکارهێنانی بەشێك لەو وشانەوە، هەندێك چیرۆکی مێژوویی دەگێڕێتەوە، بۆ نموونە لەو شوێنەدا، کە باسی (ساعوور) دەکات، دەیەوێت چیرۆکی گرانییە گەورەکە لەسەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بگێڕێتەوە، کە چۆن لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا مرۆڤەکان بەبێ جیاوازیی ئایینی، هاوکاریی یەکتریان کردووە، لەو

[237] بڕوانە: شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١)

کاتەشدا (کەریمی عەلەکە)، کە دەوڵەمەندێکی مەسیحیی سلێمانی بووە، بێ گوێدانە ئایینی خەڵکی شارەکەی، یارمەتیی موسوڵمانەکانی داوە، بەڵام لە زەمەنی نووسینی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا، بارودۆخەکە گۆڕاوەو هاوزمانو هاوئایینەکان پشت لە یەکتری دەکەنو پیاوانی مۆنی نیشتیمان، هەموو خێرێکی وڵات بۆ خۆیان دەبەن، بەوەش خەڵك برسیدەکرێنو ئامادە نین یارمەتیی هەژارەکانی نیشتیمان بدەن.

**ڕۆژتان باش**

**من ناوم پشیلەیە. بە نەتەوە کوردمو بە ئاین**

**مەسیحی. هەندێ کەس بە (جۆرج)یش بانگم**

**ئەکەن. ئێستە بێکارم. بەڵام ماوەیەك لەمەوبەر**

**ساعووری تاقە کڵێساکەی ئەم شارە بووم. منی پشیلە**

**یان جۆرج. باپیرە هەرە گەورەم یەکێك بووە لە**

**پشیلە دەوڵەمەندو خێرخوازەکانی ناو ماڵی کەریمی ئەلەکە.**

**ئەو باپیرە پشیلەیە، ئەوەندە چاو بەخشندە بووە**

**لە گرانییە گەورەکەدا نەیهێشتووە یەك پشیلەی هەژار**

**لەم شارەدا لە برسێتی بمیاوێنێو هەموویانی**

**تێرکردووە. جا پشیلەی مەسیحی بووبن یان**

**موسڵمان**[238]

**سێیەم: قسەکردن بەناوی بێگیانەکانەوە**

یەکێك لە سەرەکیترین تایبەتمەندێتیی زمانی شیعریی شێرکۆ لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا ئەوەیە، هەموو شتێك دێنێتە قسەو لەڕێیەوە ئازارەکانی خەڵك بەرانبەر بە نیشتیمان دەردەبڕێتو دەیانکاتە هۆکاری گەیاندنی پەیامی یاخیبوونی خۆی. شاعیر لەم بوارەدا بەشێوەیەکی هونەرمەندانەی باڵا زمانی قسەکردنی لەشێوەی ئاسایی خۆی لاداوەو ڕێچکەیەکی نوێی دەربڕینی پێبەخشیوە، وەك (عەبدوڵڵا محەمەد قودامی) لە کتێبی (الخطیئة والتذکیر) دا دەڵێت: "دەق تەوەرەی ئەدەبە، کە چالاکیی زمان تێیدا لە شوێنە ئاساییەکانی خۆی لادەداتو گیانێکی یاخی لە ڕێچکەی زاراوەیی، بۆ ڕێچکەیەکی نوێو تایبەت بەرزدەکاتەوە."[239]

شاعیر لەپێناوی پیشاندانی ئاستی باڵای ناڕازیی خەڵك لە دەسەڵاتو پیاوەکانی نیشتیمان، هاتووە ئەو کارەی بەجۆرێك ئەنجامداوە تا پێمانبڵێت، نەك مرۆڤەکان، بەڵکو دارو درەختو بارانو بەفرو دیوارو ژوورو پەنجەرەکانو هەموو شتێك لەم دەسەڵاتە ناڕازییە. "هەوڵمداوە هەر لەم دەقەدا پەنابەرمەوە بەر (بەمرۆڤکردنی شتەکان، شتە بێ گیانەکان)، هەوڵمداوە درەخت بدوێ، دیوار، کێڵگە، باڵدار، بولبوول، کیسەڵ، مەترەی ئەرز پێوانو هەموو ئەو

---

238 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١١: ٥٨_٥٩)

239 لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، (٢٠٠٩: ٥٧)

شتانەی دەوروبەرمان ئەوانیش بێزاری خۆیان دەردەبڕن."[240]

**من ناوم مەترەیە**

**مەترەی ئەرز پێوان** [241]

**من ناوم عەدالەتە**

**لەسەر زەمین چاوێکی خواو**

**دەستێکی خوام** [242]

**من ناوم کراسی ژنانەیە**

**ئەوەی نیشتیمان پێی شەرمە**

**بیکاتە بەری خۆی منم** [243]

**خۆ هەر من نا**

**ڕەشەبایش وتی**

**ئەو هەموو گڤە گڤە هەر گوێی نەگرت**

**چەخماخە وتی:**

**ئەو هەموو برووسکەو داگیرسانو داڕزانانەو**

**هەر گوێی نەگرت** [244]

**من ناوم کورسییە**

**کەس نەیزانێ من ئەیزانم**

**ئەم هەموو چەقۆی غەدرانە**

**ئەم هەموو جۆگەی خوێنانە**

**ئەم هەموو ماسکی دزییانە**

**ئەم هەموو ڕەژووی ڕقانە**

**لەسەر منە** [245]

---

240 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٣٣)

241 سەرچاوەی پێشوو، ١٩

242 سەرچاوەی پێشوو، ٣١

243 سەرچاوەی پێشوو، ٣٦

244 سەرچاوەی پێشوو، ٤١

245 سەرچاوەی پێشوو، ٤٢

**من ناوم (نان)ە**

**لەو شوێنەی زۆرم پێئەکەنم**

**لەو شوێنەی کەمم ئەگریم** [٢٤٦]

**من ناوم (بەهار)ەو لە تۆ ئەچم**

**وەکو یەك جوانین‌و وەکو یەکیش**

**بەدەم گوڵەکانی ئایندەوە پێئەکەنین!** [٢٤٧]

**من ناوم گوڵی دار هەرمێیە**

**بەڵام وەك ئەبینن ڕەشیان کردووم** [٢٤٨]

**من ناوم (پرچ)ە**

**نیشتیمانم سەری ژنێکە**

**لە سێ لاوە گەمارۆ دراوم**

**بە حیجاب!** [٢٤٩]

**من ناوم دیوارە**

**کەوتوومەتە سەر شەقامێکی گشتی**

**بەدرێژایی بێزاری درێژم‌و**

**بە بەرزی تووڕەبوونیش بەند !** [٢٥٠]

**من ناوم ناڕەزاییە**

**لەدایکبووی شاری یاخیبوون‌و**

**گەڕەکی برسێتی‌و کۆڵانی کوێرەوەریم** [٢٥١]

**من ناوم (دەرد)ە**

**پادشای بەشێکی زۆری ئەم مەملەکەتەم** [٢٥٢]

---

[246] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٥٠)

[247] سەرچاوەی پێشوو، ٦٣

[248] سەرچاوەی پێشوو، ٦٧

[249] سەرچاوەی پێشوو، ٧٤_٧٥

[250] سەرچاوەی پێشوو، ٧٩

[251] سەرچاوەی پێشوو، ٨٠

[252] سەرچاوەی پێشوو، ٨٢

**من ناوم (گابەرد)ە**
**لەسەر ئەم بەرزاییە ئەژیم**
**چاوم لە هەموو شتێکە** [٢٥٣]

**من ناوم (قەڵەم)ە**
**لەناو پەنجەکانی (با)یەکی گەنجدام** [٢٥٤]

**من ناوم (کێڵ)ە**
**کێلی گۆڕی شمشاڵێکی لەبیرکراوم** [٢٥٥]

هێنانەگۆی شتە بێگیانەکان لای شێرکۆ لە بواری زمانی شیعریی یاخیبووندا، یەکێکە لە بنەماکانی فراوانکردنی بازنەی دەربڕینی یاخیانەی شاعیر بەرانبەر بە دەسەلآت. هەروەها لەڕووی زمانەوانیشەوە بووەتەهۆی دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی وشەکانو هێنانەکایەی وێنەی شیعریی نوێو قووڵبوونەوە لە بەکارهێنانی هونەرەکانی زانستی ڕەوانبێژی، بەتایبەتی هەردوو هونەری (وەکیەکی)و (خوازە). لەتێکڕای ئەو نموونانەی پێشوودا، شاعیر خۆی بە شتە بێگیانەکان دەچوێنێتو دواتر لەڕێی هونەری (خوازە)وە ئەرکێك دەداتە ئەو شتە بێگیانانەی، کە ئەرکو کردەوەو دەربڕینی مرۆڤی یاخین. هەر ئەمەشە توانیویەتی هێزێکی ئەفسوناویی تایبەت بە زمانی شیعریی شێرکۆ ببەخشێت. ئەو داهێنانەی شاعیر لەم بوارەدا ئەنجامیداوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە بابەتەکە تەنها بابەتێکی زمانەوانیی ڕووت نییە، بەڵکو هەوڵدانێکی گەورەیە بۆ دروستکردنی هۆشدارییەکی گشتیی بەرانبەر بارودۆخە سیاسییە خراپەکەو جوڵاندنی هەستو سۆزی گشتییە لەپێناو پەیامەکەی شاعیر خۆیدا. لەڕووی زمانەوانیشەوە، ئەم کارەی شێرکۆ دەچێتە چوارچێوەی داهێنانی زمانێکی نوێی شیعریی لەناو زمانی شیعریی خۆیدا. ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەناو زمانی شیعریدا، کارێکی گرنگەو هۆکارە بۆ دروستکردنی زمانی باڵا لەناو دەقی ئەدەبیدا (شاعیری فەڕەنسی ستیفان مالارمیە stephane mallarme) یەکێکە لە ڕابەرانی جوڵانەوەی هێماگەریو تەنانەت داڕێژەری تیۆرییەکانیەتی، وایادەنێت کە زمانی شیعر لە زۆربەی کاتدا ئاڵۆزەو لە یاساو ڕێسا باوەکانی هۆنینەوەو زمانەوانییەکان خۆی دەربازکردووە، بەڵام گرنگیدان بە ئاوازو سیماکانی بەخشینی دەنگو ئاواز بە شیعرەکە بوونی هەیەو ئەمەش پێیدەوترێت زمانی باڵای شیعر).[٢٥٦]

هەروەها (ئیبراهیم سامرائی) دەڵێت: "زمان لە شیعری شاعیرە نوێیەکاندا، وەك کەرەستەیەکە، لەوانەیە ئەمانەش واتای نوێو وشەی دیاریان هەبێت، لێرەوە بوارەکانی خواستنو خوازەکان فراوانتر دەبن."[٢٥٧] ئەگەر لە هەندێك قۆناغی ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا قسەکردن بەناوی شتە بێگیانەکانەوە هێمایەك بوو بێت بۆ خۆپارێزی لە دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکاریی بەعس لە عێراقدا، بەتایبەتی لە هەردوو دەیەی حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی

---

[253] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٢٦)
[254] سەرچاوەی پێشوو، ١٥٣
[255] سەرچاوەی پێشوو، ١٨٩
[256] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسات نقدية في لغة الشعر)، (٢٠٠٦: ٢٦)
[257] لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، (٢٠٠٩: ٥٥)

ڕابوردوودا، ئەوا ئەم حاڵەتە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا لە ئاستی زماندا لەپێناوی دروستکردنی ئەو زمانە باڵایەی شیعرە، کە پێشتر باسمانکرد، لە ئاستی پەیامیشدا، بۆ پیشاندانی ئاستی فراوانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە لە هەرێمی کوردستان بەرانبەر دەسەڵاتی کوردی لە زەمەنی نووسینی دەقەکەدا، چونکە گەندەڵیو نادادپەروەریو زوڵم هێندە زۆرن، داروبەردیش هاتوونەتە قسە.

**چوارەم: هێنانە قسەی باڵندەو گیاندارەکان**

هێنانە قسەی گیاندارەکانی وەك (کیسەڵ، پشیلە، کەڵەشێر، ئەسپ، ڕیشۆڵە، کۆتر، کرمی ئاوریشم، بولبول، مامز...هتد)، یەکێکی ترە لەو ئەرکانەی، شاعیر لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا ئەنجامیدەدات. هەموو ئەو باڵندەو گیاندارانەی شاعیر بەناویانەوە دەدوێت، ئەوانەن، کە هێمای جوانیو پاکیو ئاشتیو قوربانیدانو بێدەسەڵاتین. شاعیر نەهاتووە لەم دیوانەدا بەناوی گیاندارە دڕو فێڵبازەکانی وەك (شێرو پڵنگو گورگو ڕێوی.....هتد)یەوە قسەبکات، چونکە ئەو دەیەوێت ئازاری گشتیی هەموو شتێك لەم وڵاتەدا بگەیەنێت، وەك ئەوەی ئەو وتەبێژی گەیاندنی ئازارەکانی نیشتیمان بێت بە هەموو دونیا، هەربۆیە جارێك وەك مرۆڤ، جارێك وەك داروبەردو درەخت، جارێکی تریش وەك باڵندەو گیاندارەکانو ئینجا بەناوی شەهیدەکانو شەقامو بەفرو گەنجەکانی نیشتیمانەوە قسەدەکات.

**من ناوم (بوولبول)ە**
**خەڵکی ئەم باخچەیەم** [258]

**من ناوم کیسەڵە**
**ئەوە چەند ساڵە لەم گوێ گۆمە**
**حەماڵی ئەکەم** [259]

**من ناوم پشیلەیە. بە نەتەوە کوردمو بە ئایین**
**مەسیحی. هەندێ کەس بە (جۆرج)یش بانگم**
**ئەکەن.** [260]

**من ناوم کۆترە شینکەیەو کچم**
**ماڵەکەم وا لەو گەڕەکی منارەیە** [261]

**من ئەسپێکی کوردی کوژراوی**
**شەڕی ناوخۆم**

---

[258] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٥)

[259] سەرچاوەی پێشوو، ٢٩

[260] سەرچاوەی پێشوو، ٥٨

[261] سەرچاوەی پێشوو، ٧٠

**(کادانە)م‌و**
**ڕەسەن ڕەسەن** [262]

**من ناوم (کەڵەشێر)ەو خەڵکی مەڵکەندیم**
**چەندین ساڵە پاسەوانم‌و بەیانیان زوویش**
**بۆ ئەم گەڕەکە ئەخوێنم** [263]

**من ناوم (کرمی ئاوریشم)ە**
**خەڵکی کوڕە کاژاوم** [264]

**مامزێکی سپی وتی**
**هۆ نیشتیمان** [265]

**من ناوم (ڕیشۆڵە) یە**
**لە دەمێکەوە لەو شاخ‌و داخانە**
**تەتەری هەڵۆو بازە نێرەکان‌و**
**نامەبەری نێوان شەقامەکانی شارو**
**کێوەکانی بووم** [266]

مەبەستی شێرکۆ لە قسەکردن بەناوی گیاندارە جوان‌و بێدەسەڵات‌و هێماکانی ئاشتییەوە لە کۆمەڵگادا، بۆ پیشاندانی ئەمانەی خوارەوەیە:

١. لە جەنگەڵستانی نیشتیماندا، دڕندەکان، بێدەسەڵاتەکان دەچەوسێننەوەو برسییاندەکەن.

٢. گێڕانەوەی مێژووی خەباتی مرۆڤە باشەکان لە شاخ‌و لە سەردەمی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردو بێبەشکردنی خەباتگێڕەکانە لە مافەکانی خۆیان.

٣. دەرخستنی پەیوەندیی باشی کۆمەڵایەتی‌و مێژوویی نێوان چین‌و ئایین‌و گروپەکانی ناو کۆمەڵگای کوردییە.

٤. نواندنی ڕقی یاخیبوونی هەمووانە لە نیشتیمانی دزەکان.

٥. پیشاندانی بێوەفایی پیاوەکانی شۆڕشە، نەك بەرانبەر بە نیشتیمان، بەڵکو بەرانبەر بە مرۆڤ و گیاندارو

---

262 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٩٥)
263 سەرچاوەی پێشوو، ١٧٤
264 سەرچاوەی پێشوو، ١٧٦
265 سەرچاوەی پێشوو، ١٧٧
266 سەرچاوەی پێشوو، ٢٨٢

باڵندەکانیش.

٦. هەموو ئەوانەش لەپێناوی دروستکردنی ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەی یاخیانەیە بەرانبەر بە نیشتیمانی دزەکان لە زەمەنی نووسینی دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا.

شاعیر بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی خۆی، هەمیشە ئەرکی نوێی بە خودی شیعرو زمانی شیعر بەخشیوەو جەخت لەوە دەکاتەوە، نابێت ڕێگەبدرێت وشەو ڕێگرییە زمانییەکان ببنە کۆسپ لەبەردەم شاعیردا بۆئەوەی پەیامو مەبەستی فراوانی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا گەشەپێنەداتو فراوانیان نەکات، بۆئەوەی ئەمەش بێتەدی، شاعیر هەموو شتێك دێنێتە قسەکردن "شیعر بۆئەوەی توانەوەو تێکەڵاوبوونێکی مەزن بنوێنێت، دەبێت هیچ بەرگێکی تەسك لەبەرنەکات. تێکەڵاوبوونی مانای ئامادەبوون لە هەموو شوێنێکدا، مانای دۆنا دۆن لەگەڵ هەموو شتێکدا بەرجەسە ببێتو دەربکەوێتەوە، واتە لە یەککاتدا، ئەستێرە، پەلکە گیا، ئاو، بەرد، شەونمو بروسکە بێت."[٢٦٧]

**پێنجەم: لادانی زمانیی لەپێناوی یاخیووندا**

تێکڕای دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) لەڕووی زمانەوە خزمەتی ئەو پەیامی یاخیبوونە دەکات، کە شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێتە هەموو خەڵکی کوردستان، ئەم کارەش کاتێك بە تەواوەتی دەتوانێت ئامانجەکەی بپێکێت، کە هەموو ئاستو پێکهاتەکانی زمانی دەقەکان بەجۆرێك داڕێژرابن، تا بتوانن پێکەوە بەشێوەیەکی تەندروست پەیامی یاخیبوونی شاعیر لە بارودۆخی خراپی وڵات بەرجەستەبکەن. واتە لێرەدا دەقەکە هەمووی پێکەوە، یەکەیەکی گرێدراوەو دەتوانێت ئاستی ئەو تووڕەبوونە گەورەیەی شاعیر لە نیشتیمانی دزەکان دەربخات.

یەکێك لەو خاڵانەی دەتوانێت هاوکاریی شاعیر بکات لە فۆڕمەڵەکردنی ئەو دۆخی یاخیبوونە، ئەو لادانە زمانییانەیە، کە شاعیر بەپێی پێویستیی گەیاندنی پەیامی شیعریی خۆی، ئەنجامیدەدات. هەر لەمڕووەوە، شتێکی ڕوونو باو لە زمانی شیعریدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، هەموو شاعیرێك توانای ئەوەی هەیە دەستکاریی زمانی باو و ئاسایی بکات لە پێناوی بەرهەمهێنانی زمانێکی باڵا لە دەقەکانیدا. ئەم دەستکاریکردنە لای شاعیرە گەورەکان دەگاتە ئاستێکی باڵا، بەتایبەتی بۆ شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس، کە لە بواری زمانی شیعریدا ئێجگار باڵادەستە، تەنانەت خاوەنی تایبەتمەندێتیو خاسیەتی زمانی شیعریی خۆیەتیو لەم ڕێیەوە لە شاعیرانی تر جیادەکرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆدا ئەم تایبەتمەندییە زمانییانە دیاریبکەین، کە بەشی زۆریان لە سەرجەم دەقەکانیدا بە ئاستی جیاواز دووبارەدەبنەوە بە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)شمەوە، ئەوانیش:

١. بەکارهێنانی ئەو وشەو دەستەواژانەی، کە خاوەنی ڕیتمو مۆسیقاو هێزی وێنەیین.

٢. بەکارهێنانی دەستەواژەی خاوەن سروشتی ڕێزمانیی دیاریکراو لەڕووی بونیادو چاوگەوە.

٣. ڕووخساری بنەڕەتیی زمانی شیعر لە وێنە شیعرییەکانیدا بەرجەستەدەبن.

٤. پێکهاتەی زمانی شیعرەکانی شێرکۆ، ئامرازن بۆ پێشکەشکردنی کۆمەڵێك مەبەستو واتا.

٥. لە بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەو ڕستەکاندا، ڕەچاوی (وردەکاریو ئاماژەو خۆشەویستیی وشەو شیعرییەت) کراوە.

---

[267] بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، (٢٠١٧: ١٢٤)

٦. له ئاستی ڕستەو پێکهاتەکاندا، پێوەرو یاسا ڕێزمانییەکانو توانستی نووسینو ڕوونیو بەهێزیو گونجاندنی دەستەواژەو واتا بەهەند وەرگیراون.[٢٦٨]

گشتاندنی ئەو تایبەتمەندییانە بەسەر زمانی شیعریی شێرکۆدا، تووشی هەڵەی زانستیمان دەکات، بەجۆرێك هەموو ئەو ڕەهەندی یاخیبوونەی شاعیری پێ ناسراوە، له بواری زمانی شیعرو پەیامی شیعردا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەتایبەت لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، چونکە سەرلەبەری ئەم دیوانە کارکردنە لەسەر ڕەتکردنەوەی دۆخی باو وەك بنەمای سەرەکیی یاخیبوون. ئەمەش پێش ئەوەی له شیعردا ڕەنگبداتەوە، له دەروونی شاعیردا دەردەکەوێت، واتە کردەیەکی سایکۆلۆژییەو دواتر لەڕێی زمانێکی تایبەتی شیعرییەوە دەگۆڕێت بۆ کردەیەکی یاخیگەرانە لەڕێی دەقەوە.

باری دەروونیی شاعیر ⟵ زمانێکی شیعریی تایبەت ⟵ کردەیەکی یاخیانە له
لەڕووی (دەنگو وشەو ڕستەو واتا)وە — دەقی شیعریدا

شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێکی تەواو یاخی دەردەکەوێت، بۆ ئەمەش زۆر کاری لەسەر ئەو زمانە کردووە، کە دەتوانێت وەك خۆی پەیامەکەی بگەیەنێت، هەموو ئەو کارەش، کە شاعیر ئەنجامیداوە، لەپێناو مەبەستە جێگیرەکەی خۆیدایە، کە یاخیبوونە، وەك (ئیبراهیم سامەرائی) دەڵێت: "ئاڵۆزی لادانێکی مەبەستدارە له زمانو چەمكو بیروڕاو بەرەو خاڵێکی جێگیری دەبات، یاخود ئەدۆنیس دەڵێت: زمانی شیعر، زمانێکی ئایدیالیو ئیحابەخشە، نەك ڕوونیو ئاشکرایی."[٢٦٩]

شاعیر لەم دیوانەدا زۆر بەرەو ئاڵۆزی نەڕۆیشتووە، چونکە ئەو لێرەدا ئەوەندەی گەیاندنی پەیامەکەی مەبەستە، لایەنەکانی تری دەقەکەی مەبەست نییە، هەرچەندە ئەو توانیویەتی هەموو ڕەهەندو ئاستەکانی دەقەکەی بە بەرزی ڕابگرێت، بەجۆرێك ئەو لادانانەی ئەنجامیداون، هەر لەم پێناوەدایە. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا "کۆهین دەڵێت: شیعرییەت بە بێ لادان کارێکی لاسەنگە، بەوپێیەی شیعرییەت پشت بە لادانە زمانیو دەربڕینە زمانییەکان دەبەستێت. له هەمان کاتیشدا شیعرییەت خۆی له زمانو دەربڕینە ئاڵۆزو تەمومژاوییەکاندا دەبینێتەوە، کە لادان فاکتەرێکی هەرە سەرەکیی ئەم پرۆسەیەیە. هەروەها لادان بە کاری گواستنەوەی بونیادە سادەکان بۆ بونیادە قووڵەکان هەڵدەستێت."[٢٧٠]

پێشتر له هەردوو جۆری لادانی دەرەکیو لۆژیکی له زماندا دواین، کە بە ڕای (زاهیر لەتیفو نیان نەوشیروان مەستی)، ئەم دوو جۆر لادانە زۆر بەڕوونی له دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا بوونیان هەیە. له لادانی دەرەکیدا باس له لادانی دەنگی دەکەن، پێشیانوایە، یەکێکە له خاسیەتەکانی لادان، بۆ ئەمەش پشت بە بۆچوونی ڕەخنەگری شێوازگەریی نەمساوی (سبیتزر ١٨٨٧_١٩٦٠) دەبەستن، کە دەڵێت: هەر لادانێکی زمانی له زمانی سروشتی،

268 لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە له شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، (٢٠٠٩: ٦٤_٦٦)

269 سەرچاوەی پێشوو، ٥٤_٥٦

270 زاهیر لەتیفو نیان نەوشیروان، فرە خوێندنەوەیی له دەقی ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١٧: ١٠٨_١٠٩)

دەربڕینێکی هاوتەریبە بە جوڵە سایکۆلۆژییە لادانییەکانەوە، بەوپێیەی دەربڕینی زمانی، ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی دیاریکراوە، بۆئەمەش لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا ئەم نموونانە دێنێتەوە:

**بە دزی ئازادییەوە**
**بە دزی ڕەنگی سپییەوە**
**بە دزی درەختەکانەوە**
**بە دزی چاوی بارانەوە**

---

**چەند شیعریان کوشتوە**
**چەند چیرۆکیان سەربڕیوە**
**چەند شانۆنامەیان سەربڕیوە**
**چەند خەونیان زیندە بەچاڵ کردووە**[٢٧١]

سەبارەت بە لادانی لۆژیکییش لەو دیوانەدا، توێژەران (زاهیر لەتیفو نیان نەوشیروان)، بەکارهێنانی هەندێك وشەی نوێ لەم دیوانەدا وەك (زیگار، تامار، هاڤڵ، سلسار، سارڤار، ....) بەلادانو جێگۆڕکێی وشەکانو هاتنی وشەی نوێ دادەنێن.

**لەناو مندا**
**بێزاری چڕ بووەتەوە**
**خۆم ئەبینم بێشەلأنمو**
**دەراڵنیکی ناو (زماك)مو**
**تالی هەتاو ناگاتە لام**[٢٧٢]

بۆچوونەکانی هەردوو توێژەر لەسەر لادانە زمانییەکان لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا شایانی لەسەر وەستانە، بەتایبەت لەڕووی پراکتیکییەوە، نموونە شیعرییەکان ئەوەندەی جەختکردنەوەن لەسەر دەوڵەمەندیی گەنجینەی وشەکان لای شاعیر، ئەوەندە دەرخەری لادانە زمانییەکان نین، نموونەی پێشووش، ئەوەندەی جەختکردنەوەیە لەسەر پیشاندانی دیوە دزێوەکانی ناو دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردی، لادانی زمانیی زۆر تێدا بەدیناکرێت، بەڵکو دەکرێت وەکو جەختکردنەوە لەپێناوی دروستکردنی کاریگەریی پەیامەکەی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. چەندبارەکردنەوەی وشەکانی (بەدزی، چەند) وەك لادان دانانرێت، بەڵکو دەکرێت وەك یارمەتیدەرێك بۆ جەختکردنەوەیەکی قووڵ لەسەر دەربڕینی بێزاریو ناڕەزایەتی دابنرێن. ئەمە بەو واتایە نایەت، کە شاعیر بەتەواوەتی بە تێکڕای سیستەمی زمانییەوە پابەندبووبێت، چونکە لە ئەم دیوانەدا دەتوانین لادانەکان دیارییبکەینو هەموو ئەو

---

[271] زاهیر لەتیفو نیان نەوشیروان، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١٧: ١١٠_١١١)
[272] سەرچاوەی پێشوو، ١١٤_١١٥

لادانانەش لە پێناوی خزمەتکردنی مەبەستی سەرەکیی شاعیردان. بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا، کۆمەڵێك ئەرك بە وشەکانی وەك (چیا، شار، جادە، قەڵەم، وشە، کۆڵان) بەخشراوە، کە لەبنەڕەتدا ئەرکی ئەوان نییەو شاعیر لەپێدانی ئەو ئەرکانەدا لادانی ئەنجامداوە.

**هەموو ڕۆژێك ئەمانبینی**
**تۆڵە لە دۆزەخی ئەودا**
**گەورەو گەورەو گەورە ئەبوو**
**چیا چیای ئەخەسانو**
**(وەلێ ئەوەی نەخەسێنرا**
**ئەسپی دیرۆکی تۆڵە بوو)**
**ئەم شار ئەو شاری ڕاوئەنا**
**(بەڵام ئەوەی قەت ڕاونەنرا**
**کۆشكو تەلارو غەزنە بوو)**
**جادە جادەی کۆت ئەکردو**
**(بەڵام ئەوەی قەت کۆت نەکرا**
**دیلیی خۆی بوو)**
**قەڵەم قەڵەمی ئەفڕانو**
**(وەلێ ئەوەی قەت نەفڕێنرا**
**فەرمانەکانی مردن بوو؟)**
**وشە وشەی ئەخنکانو**
**(بەڵام ئەوەی نەخنکێنرا**
**سێدارە بوو)**
**کۆڵان کۆڵانی سەرئەبڕیو**
**(بەڵام ئەوەی سەرنەبڕرا**
**شمشێر خۆی بوو)**[٢٧٣]

لەتێکڕای ئەم دیوانە شیعرییەدا، دەتوانین دەیان نموونەی لەو جۆرە بهێنینەوە، کە شاعیر لەپێناوی باشتر گەیاندنی مەبەستەکەی خۆیدا، ئەرکی نوێو جیاوازی بە وشەکان بەخشیوە، ئەمەش بووەتەهۆی دروستکردنی کاریگەریی زۆر لەسەر ناخو دەروونی خوێنەرەکانی. شاعیر باش لەوە تێگەیشتووە، دەربڕینی ناڕەزایەتیو یاخیبوون لە زەمەنی نووسینی ئەم دیوانەدا بووەتە پرسێکی گشتیو دەبێت هەموو ئەو وشەو زاراوانەی دەبنە هۆکاری دروستکردنی ئەو یاخیبوونە، بەکاریانبهێنێت، بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەدا کۆمەڵێك سیفەتی ناشیرین دەداتە پاڵ

[273] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٧١_٢٧٢)

مەعشوقە کۆنەکەی خۆی، کە نیشتیمانە، لە بنەڕەتدا ئەم سیفەتانە دەدرێنە پاڵ مرۆڤ، نەك شتی بێگیان، بەڵام ئەم لادانە لای شاعیر لەپێناوی ئەوەدایە، پەیامی یاخیبوونی لە پیاوە گرژو مۆنەکانی دەسەڵات زۆر کاریگەرو ڕوون بگات.

**ئەم نیشتیمانە پیرە ئەوەتەی هەیە**
**ددانی بە یەك گوناهی خۆیدا نەناوە**
**قەت نەیوتووە**
**یەك جۆگەی لێڵم هەبووە یان ئاوێنەیەکی درۆزن**
**یەك گوڵی سیسم هەبووە یان بۆنێکی ناخۆش**
**یەك ئەسپی نەخۆشم ڕاگرتووە یان جارێ گلاوم**
**یاخود ئەو بەڵێنەم کوێر بوو**
**ئەو مێژووەم شەلو گێڕ بوو**
**نا...نا ئەم نیشتمانە پیرە**
**ڕۆژێ لە ڕۆژان نە خوارو خێچ ڕۆیشتووە**
**نە سەرسمێکی داوەو**
**نە قسەیەکی پیسو پۆخڵی کردووە !**
**نا، نا، نا**
**ئەو بەردەوام خودا بووە !** [٢٧٤]

**ئاستەکانی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا**

دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، پڕە لەو دیمەنە ئەدەبییانەی، کە یاخیبوونی شێرکۆ لە هەموو شتێکی نیشتیمان لە زەمەنی تووڕەبوونو ڕقلێبوونەوەی شاعیردا پیشاندەدەن. ئەو لە یەك کاتدا لە خودی نیشتیمانو دەسەڵاتو مێژوو کەلتوورو ئاینو پیاوەکانی شۆڕشو ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو نەوەکانی ڕابوردوو یاخیدەبێت، بۆ هەریەك لەو یاخیبوونانەش، هۆکارو بەهانەی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەم یاخیبوونەی شاعیر بەرەو ئاراستەی چاکسازیو گۆڕانکارییە لەو بارودۆخە خراپەی کوردستانی تێکەوتووە، بۆیە هەمیشە لەپێناوی دەربازبووندا بەدوای فریادڕەسێکدا دەگەڕێت، دواجاریش خۆی ئەو فریادڕەسە لە کچێکدا دەدۆزێتەوە.

دەتوانین یاخیبوونی شێرکۆ ناوبنێین یاخیبوون لە ستەمو نادادپەروەریی سیاسیو ئابووری، کردەیەکە شاعیری یاخی لە ساتەوەختی درککردن بە ئەو ستەمە ئەنجامیدەدات، هەندێك جار لەپێناوی تۆڵەکردنەوەو هەندێك جاری دیکەش لەپێناوی گۆڕانکاریدایە. ئەوەی شێرکۆ ئەنجامیدەدات، لەجۆری دووەمە، لەپێناوی دروستکردنی جیهانێکی باشتری بێ ئازار بۆ مرۆڤی کورد. لەبنەڕەتدا ئەرکی مرۆڤی یاخیو دواجاریش خودی شاعیرە یاخییەکان ئەوەیە، دژی ستەم بوەستنەوە "ئێمە دژ بەو ستەمە یاخی دەبین، کە لە ئێمەو مرۆڤەکان دەکرێ، بەڵام لە ساتی هۆشیاریدا، ئەو دەمەی کە هەم پەی بە ڕەوایەتی ئەو یاخیبوونەو هەم پەی بە بێتوانایی دەبەین، مەیلی نکوڵیکردن بە ڕادەیەك

---

[274] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٦٧_١٦٨)

پەرەدەستێنێت، ئەو شتەش دەگرێتەوە کە بەرگری لێدەکەین، ئیدی، لەکاتێکدا ناتوانین لەڕێی عەدالەتەوە ستەم لەناوبەرین، بەلایەنی کەمەوە؛ وا بەباشتر دەزانین لە ناعەدالەتییەکی فراوانتردا نوقمی بکەین کە دواجار ئاوێتەی فەوتان دەبێت. "ئەو ئازارەی هی منتان دا، زۆر گەورە بوو، ئەو ئازارەی منیش هی ئێوەم دا گەورەترە لەوەی بە ئەنقەست بێت."[275]

کێشەی بەردەوامی یاخیبوون لەگەڵ خودی مرۆڤ و کردەی ئازادیبووندایە. واتە یاخیبوون چ لە فەلسەفەو چ لە ئایینو ئەدەبو سیاسەتدا لەسەر ئەو تەوەرانە کاردەکات، کە مرۆڤ لە بوونێکی کۆیلەوە بۆ بوونێکی ئازاد دەگۆڕێت. واتە ئازادی، کرۆکی ئەو پرسە قووڵەیە، کە هەموو فەیلەسوفەکانی یاخیبوون لەسەری دەوەستنو بەدوایدا دەگەڕێن، وایدادەنێن ئازادی، بنەمای هەموو بەهاکانی تری مرۆڤبوونە، ئەگەر ئازادی نەبوو، بەهاکانی تری مرۆڤبوون دەکەونە ژێر پرسیارەوە.

پرسی ئازادی، لە مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤدا فرە ڕەهەندە، هەر فەیلەسوفەو بەجۆرێك دەیناسێنێتو بنەماکانی دیاریدەکات، بۆ نموونە سێکوچکەی فەیلەسوفەکان وەك (دیکارتو لیبنتزو کانت) تێڕوانینیان زۆر لەیەکتری جودایە. (دیکارت) پێیوایە یەکگرتنێك لەنێوان ئیرادەو ئازادیدا هەیە، بەڵام (لیبنتز) ئەم پرسە بە هۆشمەندیی خودی مرۆڤ خۆیەوە دەبەستێتەوە. (کانت) لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە، لەبەرئەوەی کارەکانی مرۆڤ دیاریکراونو کاری ڕابوردوو و ئێستاو داهاتووی مرۆڤ لەیەکتر دابڕاون، هەر ئەمەش کاردەکاتە سەر پرسی ئازادیی مرۆڤ بەپێی قۆناغەکانی ژیانی.

فەیلەسوفێکی گەورەی یاخیبوون لە سەدەی بیستەمدا وەك (ژان پۆل سارتەر) جیاوازیی لەنێوان دوو جۆر ئازادیدا دەکات، ئازادیی تێگەیشتنو ئازادیی پەیوەست بە دروستبوونی مرۆڤەوە. تاقیکردنەوەی ئازادیی خۆت لە کارو چالاکیی کۆمەڵایەتیو سیاسیو هونەریدا شتێکە، لەبواری تێگەیشتنو دۆزینەوەدا شتێکی ترە.[276]

ئەگەر سەنج لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) بدەین، ئەوا دەبینین، دۆخی یاخیبوونو گەڕان بەدوای ئازادیی مرۆڤ و نیشتیماندا، گەڕانێکی بەردەوامەو هەوڵدانە بۆ دەستخستنی وەڵامی ئەو پرسیارانە، کە بۆچی نیشتیمان ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەردا هاتووە؟ بۆچی لەئێستادا پرسەی ئازادیی مرۆڤی کورد زۆر گرنگترو بەبەهاترە لە ئازادیی نیشتیمان خۆی؟ بۆچی ئەو نیشتیمانەی لەزەمەنێکی دیاریکراوی مێژوویيدا مرۆڤەکان خۆیان دەکردە قوربانیی، ئێستا بووەتە دڕندەیەكو مرۆڤەکانی دەکاتە کۆیلەو دەیانچەوسێنێتەوەو ستەمی بەردەوامیان لێدەکات؟. شاعیر بەتەواوەتی دەیەوێت لە هەموو ڕەهەندەکانەوە، بەرانبەر بە نیشتیمان یاخیبێتو ڕەتیبکاتەوە، چونکە لێرەدا نیشتیمان بووەتە کابوسێکی گەورەو دۆزەخێکی نەبڕاوە بۆ مرۆڤەکانی. (زوهێر غازی) لەکتێبی (شعر ابن لنكك البصري)دا باس لەو حاڵەتە دەکاتو دەڵێت: "یاخیبوون لای شاعیر ڕەهەندی جیاوازی هەیە"، لەوانە ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعەی، کە شاعیر تێیدا دەژی، بەهۆی ئەو ململانێ سیاسیو گەندەڵییە کارگێڕیو نادادییەی هەیە، بەڵام شێرکۆ ئەم دیوانەی کردە ناسنامەی هەڵوێستی خۆیو تاکە هاناو چەکی شاعیر، لەگەڵ دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەوری شاعیریان داوەو ڕەتیاندەکاتەوە، لەگەڵ وەستانەوە لەبەرانبەر ستەمدا، ئەمەش ئەنجامی بەهێزیی یاخیبوونی دەروونی شاعیرە لەبارەی هۆکاری یاخیبوونەوە. (ئەحمەد عیزەت) لەکتێبی (أصول علم نفس)دا دەڵێت: هۆکارەکانی یاخیبوونی

---

275 ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ١٣٥)

276 أحمد عبدالحليم عطية، سارتر والفكر العربي المعاصر، (٢٠١١: ٢٣٦_٢٤٣)

دەروونی لای مرۆڤ، دوو هۆکاری دەروونین، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە پاڵنەری ئارامییەوە هەیە، کە بریتین لە ڕێزگرتن، پێگەی کۆمەڵایەتی، لایەنداری. ئەگەرچی لەم دیوانەدا کۆی کەرەستەی یاخیبوونەکانی شێرکۆ وشەن، واتە لەڕێگەی یاخیبوونی وشەو یاخیبوونی ویژدانو کەرامەت بەرانبەر بە مێژوو و سیاسەت، دەیەوێت شوناسی یاخیبوونی بکاتە دۆزو لەم ڕێگەیەشەوە دەیەوێت مەترسییەکەو کاریگەرییەکانی بدات بە گوێی دەسەڵاتدا.[٢٧٧]

یاخیبوونی شێرکۆ تەنها کردەیەکی دەروونیی ڕووت نییە، بەڵکو کردەیەکی گشتگیرەو سەرلەبەری لایەنە دەروونیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو کەلتوورییەکان لەخۆدەگرێت، واتە هۆکارەکانی یاخیبوون لای شاعیر تەنها دەروونی نین، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری سیاسیی قووڵ لەپشت ئەو یاخیبوونە بەرفراوانەوەیە، کە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دایە، دەتوانین بڵێین بارودۆخی خراپی سیاسیی کوردستان هاندەری سەرەکییە بۆئەوەی شاعیر لە نیشتیمان یاخیبێت. شاعیر خۆی لەبارەی یاخیبوونی لە نیشتیمان لەدیوانەکەیدا باس لەوە دەکاتو دەڵێت: "لەم دەقەدا، دزێوییەکانی نیشتیمان، وەك چەندەها دومەڵی پیس بە ڕوخساری ئەم نیشتیمانەوە دەرئەکەون، هیچ جۆرە پاساوێك نامێنێتەوە بۆئەوەی شەفاعەت بۆ تاوانەکان بکات. نیشتیمان وەك ڕەمزێکی موقەدەس کۆتایی پێدێت. دیارە ئەمەش بەپێچەوانەی بەشێکی زۆری تێکستەکانی ترمەوەیە کە نیشتیمان لەناویاندا هەمیشە ڕوخسارێکی جوانو پاك بووە. من ئەمجارە لەو بەرهەمەدا لە ئەسپێکی تووڕەو چەمووشو یاخی ئەچم کە کەس ناتوانێ جڵەوی بکات."[٢٧٨]

یاخیبوونی شاعیر لە نیشتیمان جۆرێکە لەو یاخیبوونەی، کە سەرلەنوێ بزاوتو جووڵەو زیندوویەتی بە ژیانو نیشتیمان دەبەخشێتەوە، واتە هەوڵێکە لەپێناوی هەڵتەکاندنی ئەو خراپەیەی هەیەو کارکردنە لەپێناو باشترکردنیدا، چونکە یاخیبوونەکەی ئەو، ئەرێنییەو دەیەوێت خۆشەویستیو خێر بەرهەمبهێنێت، نەك یاخیبوون لەپێناوی ڕقو خۆکوشتنو تۆڵەسەندنەوەدا، واتە هەمان ئەو جۆرەی یاخیبوونە، کە (ئەلبێر کامۆ) لە کتێبی (مرۆڤی یاخی)دا وێنەیدەکێشێت، بەمشێوەیە "یاخیبوون دەیسەلمێنێت کە بزاوتی خودی ژیان خۆیەتیو ناتوانین حاشای لێبکەین، مەگەر حاشا لە ژیان بکەین. لە هەر بۆنەیەکداو لەگەڵ هەر هاوارێکی پاکیدا، ژیانێکی نوێ بە جیهان دەبەخشێتەوە، بەمجۆرە یاخیبوون یا بریتییە لە خۆشەویستیو پیتو فەڕو یان هیچ نییە، شۆڕشی بێ ئابڕوو، ئەو شۆڕشەی کە خەریکی حیسابکارییەو چەمکی ئەبستراکتی مرۆڤ پەسەنددەکات بەسەر مرۆڤی زیندووی لە گۆشتو خوێن دروستبوودا، بە هەر ئەندازەیەك بیەوێت حاشا لە بوون دەکاتو کینە دەخاتە جێی خۆشەویستی، یاخیبوون وەختێ سەچاوەی بەخشندەیی خۆی لەبیردەکاتو ڕادەستی ڕقو کینە دەبێت، حاشا لە ژیان دەکاتو زۆر بەخێرایی بەرەو وێرانکردن دەچێت. کۆمەڵێك یاخیبووی قۆشمەو بێ بایەخ دەبنە مایەی جولاندنی کۆیلە گەلێك کە ئەمڕۆ لە هەموو بازاڕەکانی ئەوروپادا خۆیان بۆ هەموو جۆرە کۆیلایەتییەك نمایش دەکەن. یاخیبوون لەم شێوەیەیدا، نە یاخیبوونەو نە شۆڕش، بەڵکو ڕقو کینەو ستەمە."[٢٧٩]

ئەگەر تێکڕای دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە) بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە یاخیبوونەکەی شاعیر ڕقو کینە نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە یاخیبوونێکی ئەرێنییە لەپێناوی خۆشەویستیدا، کارێکە دەیەوێت مرۆڤ وەکخۆی

---

[277] لوقمان ڕەئوف، شوناسی شیعری شێرکۆ بێکەس، (٢٠١٧: ١٧٢)

[278] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١١: ٣٢٩)

[279] ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ٤٤١_٤٤٢)

پەسەندبکاتو نیشتیمان هەر وەکخۆی بە جوانیو پاکی بمێنێتەوە. واتە ئەم کارە دەبێت ببێتە هۆکاری ڕامالّینی ناشیرینیو پیسییەکانی نیشتیمانو گەڕاندنەوەی بۆ دۆخی ئاساییو جوانی جارانی خۆی. ئەمەش کاتێك دێتەدی، کە مرۆڤە گرژو مۆنەکان دەسەلاّت بەجێبهێلّنو گەندەلّیو زولّمو ستەم کۆتایی پێبێت. هەولّێکیشە بۆ فرێدانی بەرگێکی سیاسیی ڕووت بە شیعرەکانییەوە، چونکە ئەو دەیەوێت شاعیری خەلّكو ئازارەکان بێت. "لە جەوهەردا تێکستەکە مانیفێستی حاشاکردنی شێرکۆیە لەو نەوە سیاسییەی کە خۆی لەگەلّیدا پێگەیشتو گەورە بوو، دامالّینێکی تووڕەی دەمامکە لەڕووی نەوەیەك کە چیتر هیچ شاعیرێك ئامادە نییە دەست بخاتە ناو دەستی. نیشتیمان لەم ئەزموونەدا نیشتیمانەکەی جاران نییە، نیشتیمانی قارەمانو قوربانی، بەلّکو وێنەی باوکێکی ستەمکارو گوێنەگرو خۆپەرستی وەرگرتووە، لە نیشتیمانی قوربانییەکانەوە بووە بە نیشتیمانی دزەکان."[٢٨٠]

بۆئەوەی بە تەواویی ئاستەکانی یاخیبوون لەم دیوانەدا دیاریبکەین، لەسەر چەند ئاستێك دەوەستین، گرنگترینیان:

١. یاخیبوون لە دەستەبژێرو مێژووی سیاسی.

٢. یاخیبوون لە کەلتوور.

٣. یاخیبوون لە نیشتیمان.

سەرباری ئەوەی، دەتوانین چەند ئاستێکی تری یاخیبوون دیاریبکەین، بەلاّم پێمانوایە، ئەو سێ ئاستەی پێشوو، کۆی دیوانە شیعرییەکەی شاعیریان تەنیوە، کە لێرەدا لە هەر یەکێکیان دەدوێین.

**یەکەم: یاخیبوون لە دەستەبژێرو مێژووی سیاسی**

یاخیبوون لەم دیوانەدا بەرانبەر دەستەبژێرو مێژووی سیاسیی کورد، بەڕادەیەکی زۆر بەرچاودەکەوێت، بەجۆرێك دەتوانین بلّێین، بەشی زۆری دیوانەکە لەپالّ یاخیبوون لە نیشتیماندا، بۆ یاخیبوون لە دەستەبژێرو مێژووی سیاسیی کورد تەرخانکراوە، ئەوەندەی شێرکۆ بێکەس لە (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا وەك یاخیبوویەکی سیاسی دەردەکەوێت، وەك یاخیبووی ئایینیو کۆمەلاّیەتی دەرناکەوێت، بۆ نموونە لە (گۆڕستانی چراکان)دا، زیاتر وەك یاخیبوویەکی ئایینی دەردەکەوێتو ڕەخنەو بۆچوونەکانی بەرانبەر بە ئایین دەخاتەڕوو.

شێرکۆ لێرەدا تەنها دیدو بۆچوونی خۆی ناخاتەڕوو، واتە گوزارشت لە حالّی دەروونیو تایبەتیی خۆی بە تەنها ناکات، بەلّکو وەك شاعیرێکی یاخی، دەیەوێت گوزارشت لە کۆی ئازارەکانی گەل بکات، کە بەهۆی بارودۆخی خراپی سیاسییەوە لەو کاتەدا هاتووەتە پێش.

لەئەزموونی شیعریی شێرکۆدا، یاخیبوونی سیاسی، ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، چونکە لە قۆناغی داگیرکردنی کوردستاندا، شاعیر بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەلّ دۆزی ڕەوای گەلی کورددا بووەو لەسەر ئەمەش، تووشی زیندانیکردنو دوورخستنەوە هاتووە، لەبەرئەوەی ئەو وەك شاعیرو وەك کوردێکیش، لە دەسەلاّتی ڕژێمی بەعس یاخیبووە. "شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی دەروەست بوو لە شیعرەکانیدا، دەروەست بوون بە مانا شیعریو سیاسییەکەشی، بەو مانایەی ئەو هەر وەك خۆشی لە زۆر بۆنەدا دووپاتیکردووەتەوە، شیعری ئەو لەگەلّ کارەساتو

---

[٢٨٠] بەختیار عەلی، شێرکۆو یاخیبوون لە نیشتیمان، وتارێکی نووسەر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، (٢٠١١: ٢٩٣)

نەهامەتییەکانی میللەتەکەیدا بووە، لە دەرەوەی ئەو کارەساتانەو ئەو مێژووە بریندارە نەبووە، بەڵام هەر ئەمەش وایکردووە شاعیرێکی یاخی بێت. واتە پابەندبوونی بە دۆزی سەرەکی میللەتەکەیەوە وایکردووە یاخیبوون ببێتە هەوێنی زۆربەی شیعرەکانی."[281]

زۆر جاریش بەڕای توێژەران، شێرکۆ زیادەڕەوی کردووە لە ڕەتکردنەوەی نەتەوە سەردەستەکانو داگیرکەرەکانی کورددا، بەوەی زۆر بە توندی، دژیان دەوەستێتەوەو یاخیانە هەموویان وەك ئاژەڵ وێنادەکات.

**سەگ هەر سەگە**
**کورد هەر کوردە**[282]

بەمجۆرە ڕەگەزی کورد لە ڕەگەزی خەسمو دوژمن جودادەکرێتەوە، شاعیر دەیەوێت ئەو حەقیقەتەمان لا بدرکێنێت: "ئێمە ئینسانینو ئەوان ئاژەڵن، ئایا ئەمە ناواخنو ناوەرۆکی سەرجەم ئەو خەباتو شۆڕشانەیە کە کورد لەپێناوی ئازادیدا بەرپایکردووە، ئایا پەیامی لەمجۆرە، چ موژدەیەکی لە بۆ ئایندە پێیە، ئەمە لەکاتێکدا پەیامی شیعر بەڕای ئێمە، لە دەرەوەی موعالەجەو چارەسەری بابەت گەلی هەند ئاڵۆزو فرە لایەنانە. با گریمانی ئەوەش بکەین کە شیعر لە توانای دا هەبێت، کە تەرحی بابەتی لەمجۆرە بکات، ئایا ئەوکات هەوڵدان بۆ تەرحکردنی سیستەمێکی دیکەی بیرکردنەوەو مامەڵەکردن لەنێو گەلانو زمانانی ناوچەکە نابێت، ببێتە پەیامە هەرە زەرووریییەکان، نەك تەنها بۆ دوێنێو ئیمڕۆ، بەڵکو بۆ چەندین دەیەی دیکە، بگرە لە ئاستی جیهانیشدا."[283]

ڕەتکردنەوەو بەئاژەڵکردنی ڕەهای نەتەوەیەکی تر، کردەیەکی مرۆڤدۆستانە نییە، بەڵام ئەوەی شێرکۆ لە شیعرەکانیدا دەیکات، باسکردنە لە گروپێکی دیاریکراو، کە چۆن نەتەوەکان دەچەوسێننەوەو زوڵمیان لێدەکەن، وەك چۆن لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا بەهۆی خراپیی دەسەڵاتدارەکانەوە، ئەو بەتەواوەتی لە نیشتیمانو جوانییەکانیو مێژوو و دەسەڵاتدارەکانیشی یاخیدەبێت، بەهەمان شێوەش لە ڕابوردوودا بەهۆی زوڵمو ستەمی ڕژێمی (بەعس)ی حوکمڕانی ئەو کاتەی عێراقەوە لە هەموو شتێکی عەرەب بە مێژوو و ئایینو خاکو کەلتوورەوە یاخیدەبێتو ڕەتیدەکاتەوە. واتە پرۆسەی ڕەتکردنەوەی ئەوی تر لای شاعیر، پرۆسەیەکی نامرۆڤانەو دژی مرۆڤبوون نییە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکە دژی ستەمی بەردەوام لە خودی مرۆڤو هەوڵدانە بۆ گێڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ.

ئەرکی شیعر لای شاعیر، ئەرکێکی بەرتەسکی سیاسیی نییە، بەڵکو ئەرکێکی گەورەی مرۆڤانەیەو ئەو هەرگیز هەوڵینەداوە خۆی بە تاکە ئایدۆلۆژیایەکو یەك پەیامی تەنگەبەری حزبیو سیاسییەوە ببەستێتەوە، بەڵکو کاری لەسەر ئەوە کردووە، کە لەناو هەموو شتێکی ئەم گەردوونەدا خۆی بتوێنێتەوەو ئەرکی شیعریی خۆی وەك شاعیرێك بەجێبهێنێت. "شێرکۆ وەزیفەی شیعر وەك تێکەڵاوبوونێکی بێ سنورو ڕەها دیاریدەکات، شیعر بۆئەوەی توانەوەو تێکەڵاوبوونێکی مەزن بنوێنێت، دەبێت هیچ بەرگێکی تەسك لەبەرنەکات، تێکەڵاوبوونی مانای ئامادەبوون لە هەموو شوێنێکدا، مانای دۆنادۆن لەگەڵ هەموو شتێکدا بەرجەستە ببێتو دەربکەوێتەوە. واتە لەیەککاتدا، ئەستێرە، پەلکە

---

281 ئازاد بەرزنجی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٦

282 دالٚ، چیرۆکە شیعر، بەرگی (٣)، (٢٠٠٩: ٤٧٦)

283 ئەحمەدی مەلا، بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەسداو چەند بابەتێکی تر، (٢٠١٢: ٣١)

گیاو ئاوو بەرد، شەونمو بروسکە بێت. لەدیوانی (خاچو مارو ڕۆژمێری شاعیرێك)دا دەڵێت: (من نە شیعرم بۆ ژوورێکو / نە باڵندەم بۆ باخێکو / نە زمانی هێرۆگلیفیم بۆ تاقمێ."[284]

هەر ئەم ئەرکە بەرفراوانەی شیعرە لای شاعیر وادەکات، زۆر ئازایانە لە هەموو ڕابوردووی خۆیو نیشتیمانەکەی یاخیببێتو جارێکی ترو بەجۆرێکی تر جیهانبینیی خۆی وەك شاعیرێکی یاخی بەرانبەر بە هەموویان دابڕێژێتەوە. ڕەتکردنەوەی هەموو ڕابوردوو بەشێوەیەك دابڕانێکی قووڵ دروستبکات، تا ئەو ئاستەی زۆر گران بێت بتوانین ئەو دوو قۆناغە شیعرییەی شاعیر پێکەوە ببەستینەوە، ئەم دیاردەیە هەر لەتوانای شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەسدایە.

لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا شاعیرێکی ترو شێرکۆیەکی تر دەبینین، جیاوازیی نێوان شێرکۆی پێش ئەم دیوانەو دوای ئەم دیوانە ئێجگار زۆرە. خۆشی بەڕوونیو ئاشکرایی دداندەنێت بەو گۆڕانە گەورەیەی لە جیهانبینیی ئەودا ڕوویداوە، لەمبارەیەشەوە دەڵێت: "لەڕاستیدا ئەوەی ئەم بەرهەمە لە هەموو بەرهەمەکانی ترم جیادەکاتەوە ئەوەیە: کە چیتر نیشتیمانو مەسەلە پیرۆزەکان بە موقەدەسی نامێننەوە. یاخی بوونە لە ئێستاو ڕابوردووی خۆم، دەسبەردانە لەو نیشتیمانەی کە پێشتر هەموو وزەو ڕۆحێکی خۆم پێ بەخشیبوو. بەکورتی جۆرێکە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو پێکهاتەکانی خۆم."[285]

وەك (بەختیار عەلی) لە وتارێکیدا دەڵێت: "بە کورتی ئەم تێکستە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە شێرکۆ شاعیری یاخیبوونە نەك نیشتیمان. ئەم قەسیدەیەی شێرکۆ تەنیا شاهیدی شاعیرییەتی شێرکۆ نییە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا، بەڵکو شاهیدی گۆڕانی مانای نیشتیمانو نیگارە دێرینەکانێتی. لای ئەو شیعر هەمیشە دەستپێکردنەوەیە لە سەرەتاوە، گەر ئەم دەستپێکردنەوە لە فۆرم یان زماندا بەرجەستە نەبێت، ئەوا لە جیهانبینییو نیگای فەلسەفی شاعیردا بەرجەستە دەبێت. خیانەتکردنی شێرکۆ لە (نیشتیمانی خائینان) بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە شیعر هەردەم دەستپێکردنەوەیەکی نوێیە."[286]

شاعیر کە لە نیشتیمانیش یاخیدەبێت، هۆکارەکەی دەستەبژێری سیاسیی حوکمڕانە، کە بوونەتە هۆکاری ناشیرینکردنی نیشتیمان، چونکە ئەو نەوە سیاسییە دووڕوونو لە بەرنامەی خەباتکردن بۆ ئازادیی مرۆڤی کورد لایانداوەو خەریکی خۆدەوڵەمەندکردنو دزینو بەرهەمهێنانی گەندەڵین. ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی شاعیر بەتەواوەتی دژی مێژووی سیاسیی نەتەوەکەی بوەستێتەوەو گەلێك پرسیاری گرنگ لەسەر ئەو مێژووە بوروژێنێت، دەیەوێت لەڕێی ئەو پرسیارانەوە، گومان لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنە سۆزدارانە دروستبکات، کە کورد وەك نەتەوە بەدرێژایی مێژوو بۆ خۆی دروستکردووەو وای وێناکردووە، کە مێژوویەکی پاکەو هیچ خیانەتو لەنگییەکی مێژوویی تێدا نییە. لەڕاستیدا ئێمە لەبەرئەوەی نەتەوەیەکی ژێردەست بووین، هەمیشە مێژوونووسەکانی کورد بەجۆرێك مێژوویان نووسیوەتەوە، کە هیچ کەموکورتیو هەڵەو لەکەیەك لەم مێژووەدا نییە. ئەگەر هاتبێت مێژوونووسێکی بێگانە لەسەر چەند کەموکوڕییەکی ناو کۆمەڵگای کوردی، یان شۆڕشەکانی کورد نووسیبێتی، ئەو کارەیان بە پیلانو دژە کورد لەقەڵەمداوە. هەندێك مێژوونووسیش هەن بەمەبەست هەوڵی شێواندنی مێژووی کوردیان داوەو ویستویانە بەجۆرێکی

[284] بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، (٢٠١٥: ١٢٤)

[285] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١١: ٣٢٨)

[286] سەرچاوەی پێشوو، ٢٩٤

ناشیرین دژی کوردو ڕەگەزو دابونەریتەکانی بنووسن، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ئێمە خۆمان ڕەخنە لە مێژوو و ڕابوردووی سیاسیی خۆمان نەگرین. شێرکۆ زۆر ئازایانەو ڕاشکاوانە ڕەخنەی توند لەو ڕابوردووە دەگرێتو جۆری ڕەخنەگرتنەکەی، سەرەڕای دەرخستنی کەموکوڕیو ناتەواویی زۆر لەو مێژووەدا، لە هەمانکاتدا بوێرییەکی تایبەتییە، کە شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس بەو جۆرە توندە ڕەخنە لە کۆی مێژووی نەتەوەکەی بگرێت.

**ئەم نیشتیمانە پیرە ئەوەتەی هەیە**
**ددانی بە یەك گوناهی خۆیدا نەناوە**
**قەت نەیوتووە**
**یەك جۆگەی لێڵم هەبووە یان ئاوێنەیەکی درۆزن**
**یەك گوڵی سیسم هەبووە یان بۆنێکی ناخۆش**
**یەك ئەسپی نەخۆشم ڕاگرتووە یان جاریٚ گلاون**
**یاخود ئەو بەڵێنەم کوێر بوو**
**ئەم مێژووەم شەلو گێڕ بوو**
**نا...نا ئەم نیشتیمانە پیرە**
**ڕۆژیٚ لە ڕۆژان نە خوارو خێچ ڕۆیشتووەو**
**نە سەر سمێکی داوەو**
**نە قسەیەکی پیسو پۆخڵی کردووە**
**نا...نا...نا**
**ئەو بەردەوام خودا بووە !** [287]

شاعیر بە تانەوە باس لە پاکیی نیشتیمان دەکات، کە هەمیشە خۆی وەك (خودا) سەیرکردووەو دوور بووە لە هەڵەو تاوانو پیسو پۆخڵی. لێرەدا شاعیر دەیەوێت بەڕوونی پێمانبڵێت، ئەو مێژووە پاکەی لە چوارچێوەی کتێبەکاندا باسدەکرێت، پڕە لە درۆو گومانو تەواوی ئەو درۆ مێژووییانەش دەداتەوە پاڵ نیشتیمان، واتە ئەوە نیشتیمان خۆیەتی، بانگەشەی پاکیو بیٚ هەڵەیی خۆی دەکاتو خۆی دەباتە ئاستی خودا.

شێرکۆ بە ئەندازەی تووڕەیی لە نیشتیمان، لە مێژووەکەشی تووڕەیەو پێیوایە، ئەو مێژووە هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە مرۆڤی کورد بەهۆیەوە ئێستاو داهاتووشی بدۆڕێنێت. هۆکاری ئەوەش، بۆ ئەو گروپە سیاسییە حوکمڕانەی هەرێم دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤی کورد ناچاردەکەن، لەجیاتی ئەوەی بۆ خۆیان بژین، بۆ ئەو دەسەڵاتە بژین، کە هەمیشە تاریکیو نەگبەتییان بۆ دەهێنێت.

**من خۆم ڕۆژ بووم**
**بەڵام پڕیان کردم لە شەو**

---
[287] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٦٨)

**من خۆم گۆمیلکەی نێرگز بووم**

**پڕپانکردم لە پیرێتیو**

**پووشو پەڵاش**

**من بۆ خۆم ئێستەو ئایندەم**

**کەچی سواری مێژوویەکی کۆنیان کردم**

**قەڵغانێكو شمشێرێکی**

**ژەنگاوییان دایە دەستم**

**بردیانمەوە بۆ ناو قەڵای**

**تامارەکانی ڕابوردووم**[288]

شاعیر تەنها نایەوێت وەك تاکەکەس، هەر خۆی لە مێژوو و بارودۆخەکە یاخیبێت، چونکە ئەو لە تێکڕای ئەم دیوانەدا پرۆژەیەکی پێیەو کاری لەسەر دەکات، ئەویش پرۆژەی یاخیبوونە لە هەموو شتێکی نیشتیمان لە (ڕابوردوو و ئێستا)ی نیشتیمان لەپێناو دروستکردنی ئایندەیەکی باشتردا، شاعیر نایەوێت لەم کردەی یاخیبوونەدا بەتەنها بێت، بەڵکو دەیەوێت بیکاتە پرسێکی دەستەجەمعیی ناو کۆمەڵگا، چونکە ئەو وەك شاعیرێکی یاخی پێیوایە، ئەو بەهایانەی ئەو بەرگرییان لێدەکات، بەتەنها بەهای تاکەکەسی نین، بەڵکو بەهای هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگاکەین. "مرۆڤی یاخی بەرگری لە چەند بەهایەك دەکات کە چەند بەهای تاکە کەسن، هێندەش بەهای دەستەجەمعین. هەر لێرەشەوە دروشمی یاخیبوونەکەی دەبێت بە (من یاخی دەبم، کەواتە ئێمە هەین). مرۆڤی یاخی جاری وایە لەپێناوی ئەو بەهایانەدا تەنانەت قوربانی بە ژیانی خۆشی دەداتو مرۆڤی یاخی مرۆڤێکی خۆپەرست نییە، چونکە سروشتی مرۆیی دەخاتە سەروو ژیانو چارەنووسی خۆیەوەو باوەڕی بە چارەنووسی هاوبەش هەیە."[289]

کێشەی شاعیر کێشەیەکی تایبەتیو کەسی نییە، بەڵکو ئەو دەربارەی هەموو ئەو کێشانەی بوونەتە هۆکار بۆ خەڵك قسەدەکاتو لێیان یاخیدەبێت، بۆ نموونە کاتێك دەربارەی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو هێزە سەرەکییە بەشدارەکەی شەڕەکە (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان) دەنووسێتو ڕەتیدەکاتەوە، وەك کێشەیەکی گشتی لێیدەڕوانێت، واتە ڕاستە لە ڕووکەشدا ئەوانەی لەو شەڕەدا بوونەتە قوربانی، سەر بە پارتە شەڕکەرەکانن، بەڵام دواجار ئەوان هەر کوردنو سەر بە کۆمەڵگایەکن، کە بووەتە قوربانیی ئەو شەڕە نەگریسە.

**من بەحاڵ هەر ئەوەندەم لەبیرە**

**ڕۆژێك چوار ڕەنگی کوژراویان هێنایەوە**

**بۆ گەڕەکەکەمان، دوو تابووتی سەوزو دوو**

**تابووتی زەرد، دوو دایکیشم بینی نە سەوز**

**بوون نە زەرد. هەردووکیان خوشکی یەك بوونو**

---

[288] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢١)

[289] ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ١٨)

## ڕەنگە کوژراوەکانیش کوڕی هەردووکیان[290]

شاعیر کار لەسەر ئەو ڕەهەندەی سیاسەت دەکات، کەوا بەتەواوەتی خەڵك لەو سیاسیو سیاسەتە خراپە دووربخاتەوە، کە نیشتیمانیان گەیاندووەتە ئاستێك ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی. ئەم هەڵوێستەی شێرکۆ بە هەڵوێستێکی سیاسییانەی تەواو یاخیانە دادەنرێت، لەجۆری هەڵوێستی سیاسییانەی ئەو ڕووناکبیرانەی، لەکاتی پێویستدا بە گژ دەسەڵاتدا دەچنەوەو لێی یاخیدەبن. تەنانەت ئەمجۆرە تێڕوانینو هەڵوێستەی شاعیر، زۆر ڕاستگۆیانەترە لەهەڵوێستی یاخییانەی فەیلەسوفێکی وەك (ژان پۆل سارتەر)، کە ئەو لە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژییەوە سەیری بارودۆخی سیاسی دەکات لە وڵاتەکەیدا. بۆ نموونە (سارتەر دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی یەکێتی سۆڤێت (جاران) لە (١٩٥٤)دا، جەخت لەوە دەکاتەوە: ئەو ڕێگایەی کە پێویستە فەڕەنسا بیگرێتەبەر، هەرچۆنێك بێت، ئەوا پێویستە موخالیفی ئەو ڕێگەیە نەبێت کە، سۆڤێت گرتوویەتیە بەر "هەر لە هەمان ڕەوتیشدا جەخت دەکات لەسەر ئەوەی ئازادی ڕەخنەگرتن لەناو یەکێتی سۆڤێتی جاران ڕەهایە. ئەم هەڵوێستەی سارتەر، وایلێکرد لەگەڵ گرنگترین ڕووناکبیرانی ئەو قۆناغەدا بکەوێتە مشتومڕەوە."[291]

ئەگەر سەرنج لە شۆڕشی مایسی (١٩٦٨) ی فەڕەنسا بدەین، هەڵوێستی ڕووناکبیرو شاعیرو نووسەرە یاخییەکان بەجۆرێکی ترەو لەگەڵ هەڵتەکاندنو لەڕیشەوە دەستکاریکردنی دەسەڵاتو دامەزراوەکانی سەر بە ئەو دەسەڵاتەن. تەنانەت ئەو شاعیرانەی هاوهەڵوێستی ئەو یاخیبوونە نین، وەك یاخیو بەشێك لە دەسەڵات لەقەڵەمدەدرێنو لەناو بەرەی ناڕەزایەتیدا جێگایان نابێتەوە، بۆیە ڕێگایان پێنادرێت لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی خەڵکدا بەشدارییبکەن، هەر کەسێکیش لەگەڵ باوەڕی ڕزگاریی سەرانسەری مرۆڤدا نەبێت، لەو بازنەیەدا جێگای نابێتەوە، چونکە بنەڕەتی فەلسەفەی یاخیبوونی شۆڕش لەسەر ئەو بنەمایە دروستبووە (ئەگەر ڕزگارکردنی مرۆڤ سەرانسەری نەبێت با نەبێت، خۆتان ڕزگاربکەن لە (سۆربۆن)، ڕزگارم مەکەن، ئەمە ئیشی خۆمە، ئەمەش لەبەرئەوەی سروشت نە کۆیلەو نە ئاغای دروستنەکردووە، نامەوێت یاسا دابڕێژمو ناشمەوێت ملکەچ بم. ئەم ڕزگارییە بەستراوە بە تێکشکاندنەوە، چونکە ئارەزووی تێکشکاندن، باوەڕێکی خوڵقێنەرانەیە. وەکو (باکۆنین) دەڵێت: با زانکۆ تێکبشکێنین، ئارەزووی تێکشکاندن بریتییە لە ئارەزووی شۆڕش "ئەی شۆڕش خۆشم دەوێیت، تازەگەریی شۆڕشگێڕێتییەو حەقیقەتیش هەروایە."[292]

شێرکۆ بەرانبەر بە مێژوو و دەستەبژێری سیاسیی کورد، لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا، هەمان مامەڵەی تێکشکاندنو ڕەتکردنەوەو یاخیبوون ئەنجامدەداتو دژی هەموو بنەما باوەکانی شۆڕشگێڕیی کۆن دەوەستێتەوەو دەرگا بەڕووی شۆڕشێکی نوێدا دەکاتەوە، کە بۆ مرۆڤ گرنگە، نەك بۆ خاكو دەستەبژێری سیاسی، ئەم کارەش چەندە کاریگەرییەکەی لەپەیامو جیهانبینیی شاعیردا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەندەش لەو نوێگەرییەدایە، کە لەڕێیەوە دەیەوێت یاخیبێتو گۆڕانگاری ئەنجامبدات.

---

290 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١١: ١٢٥)

291 محمد ئەل_شێخ، ڕووناکبیرو دەسەڵات، و: ئاوات ئەحمەد، (٢٠٠٢: ٩٢)

292 سەرچاوەی پێشوو، ١٣٤

**دەست ئەگێرم بەناو دڵما، ڕەحم بە هەستی**

**خۆم ناکەم، ڕەحم بە ئازاری خۆمو**

**هیچ نەزیفێکی خۆم ناکەم، دەست ئەگێرم**

**ملی مێژووەکەی خۆم ئەگرم، بەری نادەم**

**هەتاکو هەڵیئەکێشمو**

**بەرەو ئەوپەڕی بێباکی تووڕی ئەدەم !**

**من نازانم شتێك هاتۆتە ڕۆحمەوە**

**من نازانم چ ناوێکی لێبنێمو چۆنی بانگکەم!**

**کۆبوونەوەی بروسکەیەو ئەویش نییە ! من نازانم !**

**پەنگخواردنەوەی وەڕسبوونەو ئەویش نییە ! من نازانم!**

**تەنها ئەوەندە ئەزانم، ئەوەی هاتۆتە ڕۆحمەوە**

**دوێنێ نییەو**

**هەرگیز هەرگیز لە _باو_ ناچێو**

**لە کەس ناچێو**

**هاڤڵێکی داهاتووە !**[٢٩٣]

لێرەدا شاعیر کودەتا بەسەر ڕابوردوو و مێژووی نیشتیماندا دەکاتو باس لەو یاخیبوونە گەورەیە دەکات، کە لە ڕۆحو دڵی ئەودا ڕوویانداوە، ئەم دۆخە دەروونییەی خۆی وەك دژی دۆخی باوو نیشاندانی ئازایەتییەکی زۆر بەرەو ئاییندە وێنادەکات، لە وێرانکردنی مێژوو و ڕابوردووی خۆی سڵناکاتەوەو زۆر بێ بەزەییانە دەیڕوخێنێت، ئەم دۆخەش پڕاوپڕ لەو دۆخە یاخیانە دەچێت، کە ڕابەرانی یاخیگەری لەمێژووی جوڵانەوە یاخیگەرییەکانی دونیادا ئەنجامیانداوە.

لەپاڵ یاخیبوون لە مێژووی نیشتیمان، شاعیر ڕوودەکاتە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێو دەستەبژێری سیاسیی نیشتیمان وەك بەڵاو خۆرکەی سامانو داهاتی نیشتیمان سەیریاندەکاتو زۆر بەتوندی بەگژ ئەو دەستەبژێرە سیاسییەدا دەچێتەوە، کە هەموو شتێکی نیشتیمانیان بۆ خۆیان قۆرخکردووەو برسێتیو نەهامەتییان بۆ خەڵك هێناوە، شۆڕشو خەڵكو نیشتیمانو خەباتی سەردەمی شاخو تەنانەت هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی خۆشیان بیرچووەتەوە.

**من ناوم (کرمی ئاوریشم)ە**

**خەڵکی کوڕە کاژاوم**

**خۆمو دایکمو باوکمو خوشکەکانم**

**شەو و ڕۆژ خەریکی ئاوریشم دروستکردنین**

**بەڵام ڕەنج بەخەسارین**

**سیسارکە کەچەڵەیەکی ئەم ناوە**

---

[293] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٥)

**لەگەڵ کۆمەڵێك قەلەباچکەی پۆلیسدا**
**هەموو مانگێك ئەگەنە سەرمانو**
**چیمان دروستکردووە ئەیپێچنەوەو**
**ئەیخەنە ژێر باڵیانو ئەیبەن**[294]

شاعیر لێرەدا ئەو دەستەبژێرە سیاسییە حوکمڕانەی وڵاتەکەی دەچوێنێت بە (سیسارکە)و پیاوەکانیشیان بە (قەلەباچکە) وەك دوو هێمای قاتوقڕیو برسیکردنی خەڵکی. شێرکۆ پێش ئەم دیوانە، زۆر بە تووڕەییەوەو بە ئەوپەڕی نائومێدییەوە باس لە بێوەفاییو لەبیرچوونەوەی ئەم دەستەبژێرە سیاسییە دەکات بەرانبەر بە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکانو ئەوەمان پیشاندەدات، کە پیاوە حوکمڕانەکان تەنها کار بۆ پیاوەکانی خۆیانو گوێڕایەڵەکانیان دەکەن، هەربۆیەش پێویست دەکات لێیان یاخیبینو دەسەڵاتەکەیان ڕەتبکەینەوە، چونکە سیاسیی ڕاستەقینە دادپەروەرەو لەگەڵ خەڵکدا برسیدەبێتو ئازارەکانیان لەگەڵدا بەشدەکات، نەك وەك پیاوەکانی وڵاتەکەی شاعیر، کە هەر بۆ خۆیانو گوێڕایەڵەکانیان کاردەکەن.

**کەچی سەیر ئەوەیە دوێنێ دوکتۆرە تووتیەکە**
**پێی وتم: نەگبەت تۆ وا دیارە ئاگات**
**لە هیچ نییە. بەر لە چەند ڕۆژێ لە جێگەی تۆ**
**مریشکێکی**
**ساغو سەلیمو جوانیان نارد بۆ هەندەران.**[295]

شاعیر دەیەوێت هەم وەك مرۆڤو هەم وەك شاعیر، بەشدارییەکی بەرچاوی لەو ڕووداوە سیاسییانەدا هەبێت، کە لە کۆمەڵگاکەیدا ڕوودەدەن، چونکە یەکێك لە گرفتە گەورەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی ئەوە بووە، کە سەرەڕای بوونی کارەساتو نەهامەتیی سیاسیی گەورە، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی ڕۆڵی بکەرە ڕۆشنبیرەکان لەناو ئەو کارەساتو ڕووداوانەدا، نەمانتوانیوە کاربکەین بۆ تێپەڕاندنیان، یاخود لانی کەم هەوڵی ئەوە بدەین دووبارەنەبنەوە، چونکە ڕۆڵی شاعیرو ڕۆشنبیران ئەوەیە، کە ژیریو بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بگۆڕن، چونکە "مێژوو ناتوانێت بە بێ ئەم بکەرە لەخۆی بگاتو ناتوانێت بەبێ ڕۆشنبیر لەوە تێبگات چی دەبێت بگۆڕێتو چی دەستکاری بکرێت، چی دووبارەببێتەوەو چی نوێ ببێتەوە. بەبێ ئەم ڕەگەزە، سیاسییەکانمان چەند گەورە بن ناتوانن ببنە دروستکەری هۆشیارییەکی جیاواز، ڕووداوەکان پردێك لەگەڵ هۆشیاریی کۆمەڵایەتیو یادەوەریی گشتیدا دروستناکەن. (فۆکۆ) دەڵێت: "وەزیفەی ڕۆشنبیران ئەوەیە شتێك لە عەقڵی خەڵکدا بگۆڕن". لێرەوە وەك ئەو دەڵێت: ڕۆشنبیر گرێدراوی دەزگاکانی زانیارین، ئەوان لەڕێگای زانیارییەکانەوە کار لە مێژوو دەکەن. نەبوونی ئەم ڕۆڵە مێژوو دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێك وێستگەی خوێناوی کە قۆناغ دوای قۆناغ بێ هیچ فێربوونو ئەزموونێك خۆیان دووبارەدەکەنەوە."[296]

---

[294] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٧٦)
[295] سەرچاوەی پێشوو، ١٧٥
[296] بەختیار عەلی، ڕۆشنبیرو بەرپرسیارێتی، (٢٠٠٩: ٤٢_٤٣)

کارکردنی شێرکۆ لەم دیوانەدا لەسەر مێژووی کوردو یاخیبوون لێی، لەسەر هەردوو ئاڕاستەی بوونی زانیارییە لەسەر دۆخی خراپی وڵاتەکەی، هەروەها لەسەر بنەمایەکی هۆشیاریی پێویستەوە بەگژ ئەو مێژووە پڕ لە شەرمەدا دەچێتەوە بۆ ڕەتکردنەوەو یاخیبوون، هەر وێستگەیەکی ئەو مێژووە، هۆکارو زانیاریی گونجاوی هەیەو بەردەوامیش کاردەکات لەسەر سەلماندنی هۆکارەکانی یاخیبوون لەو مێژووە پڕ خوێنە. بۆ نموونە زۆر بەڕوونی بەگژ مێژووی حوکمڕانیی کورد لە باشووری کوردستاندا لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا دەچێتەوەو هەموو ئەو ئەزموونە پڕ گرفتو کێشەیە لەساڵی (١٩٩١)ەوە تا نووسینی ئەم دەقە لە ساڵی (٢٠١٠)دا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**نۆزدە هەناسەی بەردێکی سەرە ڕێگا**
**نۆزدە بڵقی قیری جادەیەکی هاوین**
**نۆزدە قاوغە فیشەکی شەڕی ناوخۆ**
**نۆزدە تیکەی لە قوڕگ گیراو**
**نۆزدە گۆرەوی کونکونو**
**نۆزدە سکاڵای ونکراو**
**نۆزدە ڤالیۆم بۆ نۆزدە شەو**
**نۆزدە ساڵیش لەناو زەرفێکی بەتاڵ** [٢٩٧]

شاعیر لێرەدا باس لە دۆخی خراپی وڵاتو برسێتیو شەڕی ناوخۆو بێ ئاگاییو خەولێکەوتنی دەسەڵات بۆماوەی نۆزدە ساڵ دەکات. ئەمەش دەکاتە بنەمای یاخیبوونو بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتو ڕەتکردنەوەی.

شێرکۆ هۆکاری سەرەکیی یاخیبوون لەمێژووی نەتەوەکەی دەگێڕێتەوە بۆ بێ ئاگاییو خەمساردیی ئەو مێژووە بەرانبەر بە کێشەکانی مرۆڤی کوردو هەوڵنەدان بۆ خۆنوێکردنەوەو هەنگاونان بۆ پێشەوە. شاعیر لە باسکردنی مێژووی نەتەوەکەیدا لەسەر خاڵێکی گرنگ دەوەستێت، ئەویش ئەوەیە، ئەم مێژووە هەمیشە لەناو ڕابوردوودایەو توانای تێپەڕاندنی ئەو ڕابوردووە خراپو خوێناویو پڕ کێشەیەی نییە. ڕابوردوو و مێژوو، ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە بەرهەمهێنانی کاری ئەدەبیدا، (مارسیل بروست) دەڵێت: "ئەو کەرەستانەی بەرهەمی ئەدەبی دروستدەکەن بریتین لە ژیانی ڕابوردوو."[٢٩٨]

شاعیریش هەر لەم ڕوانگەیەوە دەیەوێت بەگژ ئەو مێژووەدا بچێتەوەو بیگۆڕێت، بەوەش خۆیو هەموو کۆمەڵگا لەو مێژووە خۆبەزلزانو بێباکو نائاگایە دەربازبکات.

**ئەم مێژووەی من خەم ساردە**
**گالیسکەیەکە تا گوێچکەی ئەسپەکانی**
**لە ڕابوردوودا چەقیونو ..باکی نییە !**

---

[297] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٦_٢٧)

[298] ألکسندر نیها ماس، نیتشه الحیاة کنص الأدبي، ت: محمد هشام، (٢٠٠٦: ٥)

**خۆشەویستی باڵندەکانی هەر هەموو**

**لەناو هەوایەکی کپو وەفای هەموو ژنەکانی**

**لە نزارێکی ڕەشپۆشدا جێهێشتووە**

**ئەم مێژووەی من...کلیلی**

**دەرگای ساڵو دەرگای هەتاوی داهاتووی**

**لێکەوتووەو بۆی ناگەڕێو باکی نییە**[299]

ئەو مێژووەی شاعیر لێی یاخیدەبێت، مێژووی پیاوە سیاسییەکانی سەردەمی نووسینی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)یەو یاخیبوونە لەو شۆڕشو ڕابوردووەی ئەم پیاوە بێباکانەی گەیاندووەتە کورسیی حوکمڕانی، ئەگینا شاعیر هەر لەم دیوانەدا باسی گەلێك ڕووداوی سیاسیی گرنگ لە مێژووی کورددا دەکاتو شانازییان پێوە دەکات، لەوانە باس لە (داستانی قەڵای دمدمو دوانزە سوارەی مەریوانو پاشای کۆرەو وەستا ڕەجەبو ئەشکەوتی هەزار مێرد) دەکاتو ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەسەڵات مێژووی ئەوانەشی بەکارهێناوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیانو هەموو ئەو مێژووەی کردووە بە دروشمێکی درۆینە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەڵام شاعیر پێیوایە ئەمانە نابنە هۆکاری ئەوەی ئازارو برسێتیو نەهامەتییەکانی خەڵك لەبیرببەنەوە. شاعیر باس لەوە دەکات، تەنانەت مێژووی کورد بە هەموو ڕووداو و کەسایەتیو شوێنە بەناوبانگەکانییەوە، ناتوانێت ببێتە هۆکاری نەمانی کێشەکانی خەڵك، چونکە ئەوەی لەم قۆناغەدا بۆ شاعیر گرنگە، (نانو ئازادی)یە، نەك هۆنینەوەی چیرۆکەکانی ناو مێژوو، چونکە ئەوانە ناتوانن شوێنی نانو ئازادی بۆ خەڵك بگرنەوە.

**ئەم سرودە**

**هەر بۆنی قەڵای دم دمو ئەسپەکانی دوانزە سوارەو**

**بۆنی کەوای پاشا کۆرەو بۆنی تۆپەکەی**

**وەستا ڕەجەبو بۆنی کەپووی سەدەکانی**

**ناوەڕاستو بۆنی قلیانی باپیرو**

**بۆنی ئەشکەوتەکەی هەزار مێردی لێدێ!**

**من ئەزانم**

**ئەم سیدییە هیچ هەتاوێکی سبەینێی**

**خۆش ناوێ!**

**"هەرگیز...هەرگیز**

**ناو سکی کاکی بە کاکیو خاڵیو بەتاڵ**

**وشەی سرودو بانگەشەی**

**تیا شین نابێ!**

---

[299] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٨٤_٨٥)

**سرود نە جێگەی بەتانی‌و ئاگردانیێ**

**ئاگرنەوە**

**وتار ناکرێ بە ڕاخەرو**

**مانشێتی هیچ ڕۆژنامەیەک**

**ناکرێ بە پاڵتۆو ملپێچو**

**کام خوتبەی گەرمو گوڕ هەیە**

**ئاگرێ بۆ پەنجەی تەزیوی**

**منداڵێکی ناو بەفرانبار ناکاتەوە**[٣٠٠]

شاعیر بەرانبەر بە دەستەبژێری سیاسی‌و مێژوویی نەتەوەکەی، لەم دیوانەدا لە دۆخی ئاڵنگاری (تەحەدا)یەکی شیعریی گەورەدایەو لەڕێگەی پرۆژەیەکی شیعریی وردەوە، لە مێژوو و دەستەبژێری سیاسیی کورد یاخیدەبێت، یاخیبوونەکەی شێرکۆ تەنها یاخیبوونی نییە لەڕێگەی هەستو سۆزو خرۆشاندنی خەڵکو هاندانیان، بەڵکو لەپاڵ ئەوانەدا، یاخیبوونەکەی پرسێکی ژیرییانەیەو لەڕێگەی زانیاری‌و زانینی مێژووی سیاسییەوە دەیەوێت پرۆژەی یاخیبوونەکەی ئەنجامبدات. بۆ ئەمەش پلانێکی شیعریی وردی دارشتووە، پلانەکەشی لە ساتەوەختێکی مێژوویی گرنگەوە، کە ساتەوەختی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ە دەستپێدەکات تا ساتەوەختی نووسینی دەقەکە لەساڵی (٢٠١٠)دا. بەدرێژایی (١٩) ساڵ، شاعیر تەواوی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە دەخاتەڕوو و ڕەخنەیان لێدەگرێتو بەگژیاندا دەچێتەوە، هەروەها بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆشی، دەچێتەوە ناو مێژووی کۆنی کوردو بەڵگەی پێویست دەهێنێتەوە بۆئەوەی ڕێوشوێنی بەگژداچوونەوەی مێژوو و دەستەبژێری سیاسی، دابڕێژێت. ئەمەش بۆ شاعیرێکی ڕۆشنبیری وەك شێرکۆ بێکەس، کردەیەکی ڕێکخراوی ئامانجدارەو دەیەوێت بەهۆیەوە بەشداربێت لەو پرۆسە بەربڵاوەی دەربڕینی ناڕەزایەتیی خەڵکدا، کە لەو کاتەدا گەیشتووەتە لووتکە. شاعیر وەك ڕۆشنبیرێکی خاوەن هەڵوێست، دەزانێت ئەرکی ئەو، گەیاندنی پەیامی ڕاستگۆیانەی خۆیەتی، نەك بەرگریکردن لە ئایدۆلۆژیایەکی حیزبیی سیاسیی خراپ، بەوپێیەی "ڕۆشنبیرەکان پەیامێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە لەسەر پارێزگاریکردن لە مافی ژیری‌و هۆشیاری لە بەجێگەیاندنی چالاکییە سروشتییەکاندا بێ گوێدانە کۆسپو گرفتەکانی بەردەمیان."[٣٠١]

شاعیر ڕاستەوخۆ لەسەر گەیاندنی ئەو پەیامی یاخیبوونە کاردەکات، کە دەیەوێت لە یەك کاتدا هەم بیگەیەنێتە خەڵکی‌و هەمیش ئەنجامیبدات، بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو پەیامەی خۆشی، گوێ بە کۆسپو گرفتەکانی بەردەمی نادات، تەنانەت ئە یاخیبوونەی شێرکۆ لەم دیوانەدا ئەنجامیدەدات، دوو ئاڕاستەی هەیە، ئاڕاستەی یەکەمی، یاخیبوونە لە هەموو جومگە مێژووییەکانی گەلەکەی. ئاڕاستەی دووەمیش، یاخیبوونە لەو دۆخە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەی، کە ژیانی تاك تێکدەداتو دەبێت لەڕێگەی یاخیبوونەوە بیگۆڕین، واتە یاخیبوونەکەی شاعیر تەنها کردەیەکی کەسی نییەو لەپێناوی خودی خۆیدا نییە، بەڵکو پرۆژەیەکە بۆ کردەیەکی دەستەجەمعی لەپێناوی هەمووواندا، واتە وەك ئەو ڕووناکبیرانە بیر لە یاخیبوون ناکاتەوە، کە پرسێکە تەنها پەیوەستە بە خودی شاعیر خۆیەوەو بابەتەکە تەنها خۆی

---

300 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٥٤_٥٥)

301 أحمد مفلح مفلح، في سوسولوجيا المثقفين العرب، (٢٠١٣: ١١٨)

نییە، بۆ نموونە "یاخیبووانی ئایاری (٦٨)ی فەرەنسا دروشمیان بریتی بوو لە (من مەسەلەکەم)، بەڵام ئێستا ئێمە لەبەردەم کەسانێکی یاخیبووی تردایەن، کە دەڵێن: (مەسەلەکە منم، خۆمم بەر لە هەموو شتێك)."[302]

## دووەم: یاخیبوون لە کەلتوور

پێناسەکردنو دیاریکردنی چەمکی کەلتوور، یەکێکە لە پێناسەو چەمکە ئاڵۆزەکان. هەموو ئەوانەی لەبارەی کەلتوورەوە کاریانکردووە، ئاماژەیان بە ئەوە داوە، کە زۆر گرانو ئاڵۆزەو توانای تێگەیشتن لێی، قورسو پڕ گرێو گۆڵە. (سەمیر ئیبراهیم حەسەن) لە کتێبی (کەلتوورو کۆمەڵگا)دا، هەوڵیداوە چارەسەری بابەتی بەرفراوانیی چەمکی کەلتوور بکات، بەجۆرێك لەڕێی دابەشکردنی واتای کەلتوور لەسەر هەردوو ئاستی (گشتیو تایبەتی)، پێناسەیدەکات. لە ئاستی گشتیدا وەك دیاردەیەکی مرۆییو کۆمەڵایەتی دەڕوانێتە کەلتوور، کە پەیوەندیی بە گروپێکی دیاریکراوەوە نییە. لە زمانی عەرەبیدا وەك لە فەرهەنگی (مونجید)دا هاتووە، واتە: هۆشمەندیو تێگەیشتن لە گوفتار بەخێراییو بەتوانایی لە هونەرو زانستو ئەدەبدا.

کەلتوور بە واتا تایبەتییەکەی، ئەوە دەگەیەنێت، کە وشەکە دەبەستینەوە بە بوار، یان چەمکێکی تری وەك کەسێك، گروپێك، یان تێکڕای کۆمەڵگاوە، یان کاتێك پەیوەند دەبێت بە پەیامی دەزگایەکی وەك زانکۆ، حیزب، دەوڵەت، یان بەشێوەکانی بەدەستهێنانیەوە، یان بە دانانی وەك بەرهەمێکی تایبەتو جیاکەرەوەی تەواوی ئەو بوارو لایەنانەی ناوبران.[303]

ئاڵۆزیی ئەم چەمکە وایکردووە، کە زاناکانی ئەم بوارە بە گەڕان بەدوای پێناسەکردنێکی وردو کۆكو تەواودا، زۆر ماندووبن. لە ساڵی (١٩٥٢)دا دوو زانای بواری ئەنثرۆپۆلۆژیای ئەمریکی، (١٥٠) پێناسەیان بۆ کەلتوور کۆکردەوە، بەجۆرێك لە ئێستادا ئەو پێناسانە گەلێك زۆرتر بوون. هەرچەندە لەبارەی ناوەڕۆکی کەلتوورەوە، ئەنثرۆپۆلیستەکان، تێکڕای ئەو پێناسانەیان بۆ پێنج بەش دابەشکردووە، پێناسەی (ژمارە، مێژوویی، پێوانەیی، دەروونیو ستروکتوری).[304]

"کەلتوور ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، بەجۆرێك چەمکی کەلتوور لە زمانی عەرەبیدا لەناخو خودی مرۆییەوە سەرچاوەدەگرێتو لەدەرەوە تێیدا ناچێنرێت. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کەلتوور لەگەڵ سروشتی مرۆڤ تەبایە، ئەوەی دژو پێچەوانەی سروشتی مرۆڤیش بێت، دەبێت ڕیفۆرم بکرێت، چونکە پرسەکە ناگەڕێتەوە بۆئەوەی مرۆڤ هەڵگری چەند بەهایەکە، کە بە کەلتوور وەسفدەکرێن، بەئەندازەی ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە ناوەڕۆکی ئەو بەهایانە لەگەڵ سروشتی مرۆییدا تەبابن. لە ئەورووپا وشەی کەلتوور ماوەیەکی زۆر نییە ئەم واتایەی ئێستای وەرگرتووە، کە (گی ڕۆشێ) کۆمەڵناسی کەنەدی، ئاماژە بەوە دەدات، کەلتوور بە فەرەنسی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مانای سرووتە ئایینییەکانی دەگەیاند، دواتر لە سەدەی حەڤدەهەمدا گوزارشتی لە کشتیاریو لە سەدەی هەژدەهەمیشدا بە مانای پێکهاتن، یان شلگیری هزری دەگەیاند. لە ئەڵمانیاشدا، وشەی کەلتوور ئاماژە بوو بۆ پێشکەوتنی هزری، لە کاتێکدا ژیار لایەنی ماددی دەگەیاند. لە ڕاستیشدا چەمك، یان وشەی کەلتوور تا کۆتاییەکانی

---

302 کۆمەڵێك نووسەر، شۆڕشی خوێندکارانی ٦٨، و: شوان ئەحمەد، (٢٠١٠: ١٥٢)

303 سەمیر ئیبراهیم حەسەن، کولتوورو کۆمەڵگە، و: عەبدوڵلا مەحموود زەنگەنە، (٢٠١١_ ٩_١٥)

304 پیتەر کلوس، ئەنثرۆپۆلۆژیای کولتووری، و: خەلیل محمد شەڵماشی، (٢٠٠٢: ٥٣)

سەدەی نۆزدە نەبێتو لە ئەدەبیاتو هزردا دەرنەکەوت. چەمکی کەلتوور وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریدەهێنین، چەمکێکی نوێیەو لە سەدەی هەژدە تێناپەڕێتو سەرچاوەو پێگەی سەرهەڵدانیشی، هزری هاوچەرخی خۆرئاوایە، بۆیە هەن ناڕازین لە دانانی ئەم چەمکە بە سەرچاوە خۆرئاواییەکەیەوە لە تانوپۆیەکی کۆمەڵایەتیی جیاوازی وەك کۆمەڵگەی عەرەبیو ئیسلامیدا."[305]

کەلتوور هەموو ئەو دیاردە ڕۆشنبیریو ژیاریو ئایینیو مێژوویيو کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕابوردووی نەتەوەیەکدا بوونیان هەیە. هەرچەندە هەندێك بۆچوون پێیانوایە، ئەم پێناسەیە هەڵەی زانستی تێدایە، چونکە نابێت (ئایینو مێژوو) بە بەشێك لە کەلتوور دابنێین، چونکە (ئایینو مێژوو)، دوو یەکەی سەربەخۆنو ناچنەناو کەلتوورەوە. ئەمانە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن "کلتوور هەموو ئەو دابو نەریتو یاساو ڕەمزو تەمسیلانەی گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەگرێتەوە."[306]

لە بنەڕەتدا، کورتکردنەوەی کەلتوور لەگروپێکی دیاریکراودا، هەڵەیەکی زانستییەو بە هەمان شێوەش دیاریکردنی چوارچێوەیەك بۆ ئەو دیاردانەی دەچنەناو کەلتوورەوە، نازانستییە، چونکە کەلتوور ڕەهەندێکی بەرفراوانی هەیەو دەتوانێت کۆی کایەکانی ناو کۆمەڵگایەکی گەورە لەخۆبگرێت، تەنانەت دەتوانرێت ئاستەکەی فراوانبکرێتو ڕەهەندێکی بان کۆمەڵگایی وەربگیرێت. بۆ نموونە (کەلتووری ئیسلامیی، کەلتووری خۆرئاوایی، خۆرهەڵاتیی، ...هتد).

ئایینو دابونەریتو یاساکانو کاتو ڕۆشنبیریو ئەدەبو پیشەسازیو جوگرافیاو باری ئابوری، هەر هەموویان پێکەوە کاردەکەن لەسەر دروستکردنی کەلتوورێکی دیاریکراوو تایبەتمەندێتیو خاسیەتی پێدەبەخشن. هەر ئەو توخمە کەلتوورییانەش دەتوانن کۆمەڵگا ڕابگرن، بەڵام لەبارێکی ئاوادا، دژیەکی دروستدەبێت بەوەی، چەندە دەتوانین سەرەڕای گۆڕانە بەردەوامەکانی ژیان، توخمە کەلتوورییەکان وەك ڕاگری کۆمەڵگا بهێڵینەوەو چەندەش دەبێت بەپێی گۆڕانکارییەکان ئەو توخمانەش بگۆڕین. لێرەدا زاناکان بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون، بەشێکیان پێیانوایە دەبێت لە ڕیشەوە بەپێی تێپەڕبوونی کات سەرجەم توخمە کەلتوورییەکانی ناو کۆمەڵگا بگۆڕین، بەڵام بەشەکەی تریان پێیانوایە، بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی کارێکی لەو جۆرە، جۆرێك لە گەمژەیەتیی ڕووتی تێدایە، چونکە لە هیچ بارێکدا، نە هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانو نە گۆڕانکارییە مەعریفییەکان، ناتوانن کارێکی لەو جۆرە ئەنجامبدەن، بۆیە وردە وردە بەپێی تێپەڕبوونی کات، جۆرێك لە گۆڕانی لەسەرخۆیان بەسەردا دێت، بەڵام هەر دەمێنن. گۆڕانکارییەکانیش کاتێك دروستدەبن، کە خەڵکی بگاتە ئەو ئاستەی، ژیان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، واتە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بگات بە ئاستێك، تێیدا خەڵك بزانن، کە ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیو سیاسییە، چیتر ناتوانێت پێداویستییەکان دابینبکات. (پێش هەموو ئاستێك پێداویستی نوێی خەڵك دەبێتە زەمینەی گشتی گۆڕانکاری کلتووریو ئەمیش لە ئەنجامدا گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێ، ئەم دوو جۆرە گۆڕانە هەمیشە پێکەوە دەبن، بۆیە پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی چەمکی (سۆسیۆکلتووری) بەکاردێنن، یان وشەی (گۆڕان) بە مانای هەردووکیان. ژیان هەمیشە لە گۆڕانو بەرەوپێشچووندایەو بەردەوام پێداویستی خەڵك زیاتر دەبن ئەمەش دەبێتە مایەی گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوەی خەڵك. لەپاڵ ئەمانەشدا مەعریفەی ناو کۆمەڵگا ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی گۆڕانکارییەکاندا بەمەرجێك هەست بە

305 سەمیر ئیبراهیم حەسەن، کولتوورو کۆمەڵگە، و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگەنە، (٢٠١١_ ١٠)

306 سەرچاوەی پێشوو، ٥٣

کەموکوڕییەکان بکات. هەروەها جۆری سیستەمی کۆمەڵایەتی لەڕووی کرانەوەو داخراوی سیستەمەکەوە ڕۆڵی دەبێت لە دروستکردنی گۆڕانی کلتووریدا).[٣٠٧]

ئەدەب وەك یەکێك لە کایە گرنگەکانی بواری ڕۆشنبیری، دەتوانێت کاریگەریی گەورە لەسەر گۆڕانی توخمە کەلتوورییەکان دروستبکات، بەتایبەتی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا، کە زیاتر خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی شیعرین لە جۆری کۆمەڵگای کوردی لە باشوری کوردستاندا. واتە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا شیعر دەتوانێت بەشداربێت لە دروستکردنی گۆڕانکارییە کەلتوورییەکانداو لەشوێنی توخمە کەلتوورییە کۆنەکان، توخمی نوێی کەلتووریی بهێنێتەئاراوە، بەتایبەتی کاتێك ئەو ڕاستییە دەزانین، کە ئەدەبو کەلتوور پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکەوە هەیەو گەشەسەندنی هەر یەکێکیان، کاردەکاتە سەر گەشەسەندنی لایەنەکەی تریانو بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

لەو ڕوانگەیەی پێشووەوە، شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا لەسەر توخمە کەلتوورییەکان دەوەستێتو ڕەتیاندەکاتەوەو لێیان یاخیدەبێت، بەتایبەتی ئەو توخمە کەلتوورییانەی بە ژنەوە پەیوەستن، یاخود ئایین بووەتەهۆی دروستکردنیان. هەرچەندە وەك پێشتر باسمانکرد، شاعیر لەم دیوانەدا کەمتر لە بەها ئایینییەکان یاخیدەبێت، بەڵکو یاخیبوونی تەواوەتیی ئەو لە ئایین لە دیوانی (گۆڕستانی چراکان)دا دەردەکەوێت، بەڵام لەم دیوانەدا لە چەند شوێنێکی جیاوازدا دەگەڕێتەوە سەر ئایینو ئەو بەها ئایینییانەی، کە بوونەتە هۆکاری دروستکردنی کەلتوورێکی خراپ لە کۆمەڵگای کوردیدا.

### ١. یاخیبوون لە ئایین

بەختیار عەلی لەسەرەتای کتێبی (ئیمانو جەنگاوەرانی)دا وتەیەکی (نیتشە) دەهێنێتەوە، کە دەڵێت: "مرۆڤ بۆئەوەی بتوانێت بژی دەبێت هێزی ئەوەی هەبێت، جارجار ڕابوردوو بشکێنێتو لەبەر یەکی هەڵبوەشێنێتەوە، بەوەی ڕاپێچیبکاتە بەردەم دادگاو بیخاتە بەر لێپرسینەوەی توندو حوکمڕانەوە، چونکە هیچ ڕابوردوویەك نییە شایستەی حوکمدان نەبێت."[٣٠٨]

بابەتی ئایین لەناو کایەی ئەدەبی کوردیو ڕۆژهەڵاتیدا، بابەتێکی ئاڵۆزو بەرفراوانەو لە هەموو ساتەوەختە مێژووییەکاندا جێگەی مشتومڕو گفتوگۆی بەردەوامی نێوان زاناو فەیلەسوفانو ئەدیبان بووە، بەجۆرێك هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکی جوداوە سەیری ئەرکو ڕۆڵو کاریگەریی ئایینیان کردووەو نرخاندوویانە. بۆ نموونە فەیلەسوفێکی وەك (فاڕابی) لە مێژووی ئیسلامیدا کاتێك باس لە جودایی نێوان ئایینو فەلسەفە دەکات، لەسەر ئەو ڕەهەندە دەوەستێت، کە ئایین ناتوانێت وەك فەلسەفە دڵنیایی مەعریفی ببەخشێت "دین لای ئەو ڕاستە ڕێگایەکی ترە بۆ گەیشتن بە مەعریفەو بە دڵنیایی، بەڵام ڕێگایەکە ناتوانێت ئەو دڵنیاییە مەعریفییە ببەخشێت، کە فەلسەفە دەتوانێت بیبەخشێت فاڕابی پێی وایە مەعریفەی دینی لەسەر سەلماندنو پاسادانکردنو بەرخود دروست نەبووە، بەڵکو لەسەر بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانو بەکارهێنانی وێنەو خستنەگەڕی خەیاڵ کاردەکات. ئەمانەش وەك عەقڵ نین، ناتوانن ئەو جۆرە زانیارییانە بەرهەمبهێنن، کە بە ئینسان دڵنیایی تەواو دەبەخشێت، لەمڕووەوە فاڕابی عەقڵ لە دین بەزانستیتر

[307] ڕەشاد میران، مەعریفەو تاكو كۆمەڵگا، (٢٠١٢: ٦٩_٧٠)

[308] بەختیار عەلی، ئیمانو جەنگاوەرانی، (٢٠٠٤: ٣)

دادەنێت."[309]

ئەمەش پێچەوانەی هەڵسەنگاندنی باوی زانا موسوڵمانەکانی ترە بۆ ئایین، کە پێیانوایە دەتوانیت لەناو کتێبە پیرۆزەکەیاندا، کە قورئانە، هەموو بنەما زانستییەکان بدۆزیتەوە، هەربۆیەش بە درێژایی مێژووی ئیسلام هەوڵیانداوە کار لەسەر دەرخستن‌و پیشاندانی موعجیزە زانستییەکانی ناو قورئان بکەن، ئەمەش کێشەی قووڵی زانستی لە کارەکانیاندا بۆ دروستکردوون.

"لەناو کۆمەڵگای کوردیشدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕەوتێکی نوێی ڕووناکبیری پەیدابوون، کە دژی پەروەردەی باوی ئایینی دەوەستانەوە، هەرچەندە خۆشیان بەشێك بوون لە مەلاو شێخەکان‌و دەرچووی حوجرەکانی سەردەمی خۆیان بوون، بەڵام دەیانزانی، کە ئایین بە تەنها چ کارەساتێکی گەورە لە کۆمەڵگادا دروستدەکات (کەسانی وەك مەلا محەمەدی کۆیی، زێوەر، قانیع‌و پیرەمێرد، ئەحمەد موختار) پرۆژەی نووسینی خۆیان بە هیجاکردنی سەردەمی خۆیان دەستپێدەکەن، دەکەونە ستایشی ڕۆشنبیر، زانست‌و زانینی نوێ، ڕۆڵێکی مەزن لە کردنەوەی کۆمەڵگای کوردیدا دەبینن، کۆمەڵگای ئێمە لەڕووی زیهنی‌و ڕۆحییەوە بۆ دونیای مۆدێرن ئامادەدەکەن. ئەم گرووپە تەنوێرییە لەڕووی کەلتووری فیکرییەوە، جگە لە شیعر، شتێکی ئەوتۆیان بەرهەمنەهێنا، پرۆژەیەکی تەنویریی کوردی، پرۆژەیەکی مەعریفی نەبووە، بەڵکو تێزەکانی خۆی بەشێوەی تیۆری نەدەنووسی (ڕەفیق حیلمی لێدەرچێ)، کە لە ئەو ئاستەدا هەوڵی ماناداری هەیە)، بەڵکو لە شێوەی شیعرو سروودا تەعبیریان لە خۆیان دەکردو پتر لەگەڵ ئەحاسیسدا دەدوان، نەوەك عەقڵ، مەعریفەیەکی تیۆریی قووڵیان سەبارەت بە دیاردەکانی سەردەمی خۆیان نەبووە، بەڵام لە گرنگی‌و هێزی مەعریفە بەئاگابوون، نەیاندەزانی فەلسەفەکان تەواو چی دەڵێن؟ بەڵام دەیانزانی دین بەتەنیا چ دونیایەك دروستدەکات. هەرەسی ئیمپراتۆرییە دینییەکانیان دەبینی‌و خەمیان بۆ نەدەخوارد."[310]

بە هەمان شێوەش لای شێرکۆ بێکەس ئەو پرۆژە ڕەخنەییە لە ئایین هەیە، کە دەیەوێت لەڕێگەیەوە هەم ڕەخنە لەو دونیا بگرێت، کە ئایین دروستیدەکات‌و هەم هەوڵدەدات بیکاتە پرۆژەیەکی دەستەجەمعی بۆ یاخیبوون لە ئایین‌و دەرهاویشتە کەلتوورییەکانی لەسەر کۆمەڵگا، بۆیە دەکرێت ئەم پرۆژەیەی شێرکۆ وەك یەکێك لە ئەڵقە گرنگەکانی پرۆژەی تەنویرییە کوردەکان سەیربکرێت، بەڵام لە ئاست‌و پلەیەکی پێشکەوتووتردا. هەرچەندە لە شیعرەکانی شێرکۆدا سەبارەت بە یاخیبوون لە ئایین، بە ئاسانی هەست بەوە دەکرێت، کە پشت ئەستوور نییە بە ڕوانگەیەکی فەلسەفیی قووڵ‌و تیۆرە فەلسەفییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدانێکی یاخیانەی مەعریفییانەی جدییە بەرانبەر بە ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگای کوردیدا.

سەرەکیترین خاڵی یاخیبوونی ئایینی لە دیوانەکەدا، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە شاعیر پاش عاشقبوونی (ڕۆزانا)و لەبیرکردنی نیشتیمان‌و هەموو جوانی‌و ناشیرینییەکانی‌و خۆڕادەستکردنی تەواوەتی بە مەعشوقە نوێیەکەی، جارێکی تر زۆر بە توندی بە گژ ئەو کەلتوورە پڕ توندو تیژییەدا دەچێتەوە، کە لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە. لێرەدا شاعیر لەپاڵ باسکردنی قورئان وەك کتێبی یەکەم‌و پیرۆزی ئاییندارەکانی کۆمەڵگای ئێمە، باس لە هەردوو کتێبی فەیلەسوفان (مارکس‌و کانت) دەکات، ئەوەی جێگەی سەرنجە، شاعیر بە هیچ جۆرێك لێرەدا ڕەخنە لە کتێبە

---

[309] مەریوان وریا قانع، فیکرو دونیا، (٢٠١٣: ٤٣_٤٤)

[310] بەختیار عەلی، ئیمان‌و جەنگاوەرانی، (٢٠٠٤: ٦_٧)

فەلسەفییەکان ناگرێت، بەڵام کاتێك دێتە سەر باسکردنی کتێبەکەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، زۆر بە توندی دژی دەوەستێتەوەو هەموو تیرۆرو تۆقاندنی ناو کۆمەڵگای کوردیو کۆمەڵگا موسوڵمانەکانی تر، بەم کتێبەوە گرێدەداتو ئەوە دەخاتەڕوو، ئەو کارەی موسوڵمانە توندڕەوەکان ئەنجامیدەدەن، هەمووی سەرچاوەکەی لەناو ئایەتو فەرموودەکانو مێژووی ئیسلامەوە هاتووە، واتە ئەو لەو کەسانەیە پێیوایە، کردەوە تیرۆریستییەکانی ناو جیهانی ئیسلامی، ڕێكو ڕەوان لە ئایینی ئیسلامی ڕاستەقینەوە سەرچاوەیان گرتووە. لێرەدا شاعیر جارێکی دیکە باس لە هەندێك کارەسات دەکات، کە لەسەر دەستی ئەم توندڕەوانە بەسەر نیشتیماندا هاتوون، لەوانە کارەساتەکانی (خێڵی حەمە، یەکی شوباتی هەولێر، شەنگار، کەرکووك)، دواتریش باس لە ڕووداوە تیرۆریستییەکانی (سۆماڵو عیراقو جەزائیر) دەکات.

ڕەنگە بە ڕەها دانانی ئیسلام وەك سەرچاوەی یەکەمی تیرۆر، جۆرێك لە زیادەڕۆیی تێدابێت، چونکە هەندێك لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئانو ڕاوبۆچوونی بەشێك لە زانا موسوڵمانەکان، دژی توندوتیژیی ئایینیو کۆمەڵایەتیو سیاسین، بەڵام لە جیهانبینیی شێرکۆ بێکەسدا، هەمیشە توندڕەویی ئایینی ئیسلام ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیەو بەشێوەیەکی بەردەوامیش شاعیر کار لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە کەلتوورە دەکات.

**دەیەم شەو**
**دوێنێ شەوێ هەندێ کتێب**
**مێزگردێکیان لەسەر مێزەکەم دروستکرد**
**سێ کتێب بوون**
**کتێبێکی زەمانی پێغەمبەرو**
**کتێبێکی زەمانی (کانت)و**
**کتێبێکی زەمانی (مارکس)**
**تەوەرەی باس**
**لەسەر دینو عەدالەت بوو**
**یەکەم کتێب پیشنێکی کەڵەگەت بوو**
**سەعاتەکەی لەبری چەپ**
**کردبووە دەستی ڕاستیەوە**
**وەختێ دواو**
**خوداو پێغەمبەرو هەر چوار خەلیفەکەی خستە سەر مێز**
**هەرچی سورەتو ئایەتە خستیە سەر مێز**
**مێزەری والیو ئەمیری خستە سەر مێز**
**کڵاوەکەی سەخری جنی خستە سەر مێز**
**فێستی قازیو چی مێزەری شەریعەتە**
**خستیە سەر مێز**

**بەڵام ئەوەی نەیخستە سەر مێز**

**سەرە بڕاوەکانی ئاوایی حەمەو**

**ئەوەی نەیهێنایە سەر مێز**

**چاوەکانی یەکی شوباتی هەولێرو**

**دەستی قرتاوی شەنگارو**

**قاچی پەڕیوی کەرکوك**

**لەشی بێ سەری سۆماڵ**

**سەری بێ لەشی عێراق**

**مانگی جەستەی پارە پارەی**

**جەزائیر بوو!** [٣١١]

یەکێك لەو دیاردە کەلتوورییە ئاینییانەی لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونێکی بەرچاوی هەیە، بریتییە لە بوونی ژمارەیەکی زۆری (مزگەوت)، دەسەڵاتدارانی کوردیش، لەسەردەمی حوکمڕانیی خۆیاندا، لەبەرئەوەی ناسنامەی دەسەڵاتەکەیان دیار نییە، ناتوانین بەڕوونی بڵێین ئایا دەسەڵاتداریێتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتێکی دینییە، یان عەلمانییە، هەربۆیەش ئەم دەسەڵاتە گرنگیی زۆری بە مزگەوت داوە، شێرکۆ لەم کەلتوورە یاخیدەبێتو ئەوە دەخاتەڕوو، کە پیاوەکانی نیشتیمان، گرنگیی زۆرتر دەدەن بە مزگەوت لەچاو هونەرو ڕۆشنبیریدا، زۆر ئاشکرا باس لە دوو جێگای دیاری شاری سلێمانی دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیك مەحموود، ئەوانیش دوو ناوەندی کەلتوورین، کە بریتین لە مزگەوتی (حاجی ئەحمەدی حاجی عەلی)و (تەلاری هونەر). ئەو لەڕێی ڕەخنەگرتن لە پیاوەکانی نیشتیمانەوە، دەیەوێت باس لەو دۆخە بکات، کە چۆن دەنگی بانگی خودا لەو مزگەوتەوە بەسەر دەنگی میوزیك لەناو تەلاری هونەردا زاڵدەبێت.

**چەندین**

**مزگەوتی تازەیشم بۆ دروستکردووی تا لە خوا**

**دوورنەکەویتەوەو گەورەترینیان ئەو مزگەوتەیە**

**کە لووتی چۆتە ناو هۆڵی هونەرەوەو**

**ڕۆژی پێنج جار بەسەر مۆسیقاو گۆرانیو**

**شیعردا ئەپژمێو لووتیشی بە پەردەی شانۆکە ئەسڕێ !** [٣١٢]

شاعیر لەو بنەما ئایینییانە یاخیدەبێت، کە بوونەتە دیاردەیەکی ترسناك لەبەردەم ئازادیی ژنداو ناچاریدەکەن پابەندبێت بە هەندێك دابونەریتی کۆنینەوە. هەرچەندە ئەم جۆرە یاخیبوونەی شاعیر لە ئاینو ڕێگرییەکانی لەبەردەم

---

[311] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١١: ٢٥٥_٢٥٦_٢٥٧)

[312] سەرچاوەی پێشوو، ١٧١

ئازادیی ژندا، کارێکی نوێ نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی بەردەوام لە تێکڕای ئەزموونی شیعریی ئەودا بوونی هەیە، چونکە هەمیشە ئایین لە جیهانبینیی ئەودا سەرەکیترین کۆسپی بەردەم ئازادیی ژن بووەو هۆکارێکی گرنگی هەموو ئەو زوڵمانە بووە، کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرانبەر بە ژن ئەنجامدەدرێن.

**من گمە گمی حەرامی ناو ئایینو نیشتمانم**
**من بۆم نییە دوور لەم منارەیە بفڕم!**
**من بۆم نییە دوور لە دەنگی منارەکە**
**گوێ لە دەنگێکی تر بگرم!**
**یان سەمایەك لەگەڵ بەفرو (با)دا بکەم**
**یاخود دەستی کوڕی خەونو خۆزگە بگرم!**
**من ناتوانم قژی خۆم بۆ جادەکانو**
**بۆ مۆسیقاو بۆ کۆترە شینکە نێرەکان**
**هەرگیز دەرخەم!**
**من مێینەی ناو بەهاری قەدەغەمو**
**شەو و ڕۆژیش**
**لەژێر چاودێری**
**دووربینی منارەدام[313].**

ئەو حەرامانەی ئایین دیاریکردوون، هەمان ئەو حەرامانەن، کە نیشتیمان پابەندە پێیانەوە، وەکو دابونەریتی باو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەربۆیە شاعیر پێکەوە لە هەردووکیان یاخیدەبێتو وەك سەرچاوەی کوشتنی جوانیو ئازادییەکانی ژن دایاندەنێت.

لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، کاتێك دەیەوێت باس لە جوانیی (ڕۆزانا) بکات، دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە هەموو جوانیو عەشقی (ڕۆزانا) بەقەڵەمی خودا نووسراوەو سەرچاوەی ئەو عەشقو جوانییە لەلای خوداوە سەرچاوەی گرتووە، هەر ئەمەشە وایکردووە ئەو عەشقە بە نەمریو پاکی بمێنێتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، شاعیر سەرەڕای یاخیبوونی لە ئایین، بەڵام لەم دیوانەدا بەرانبەر بە خودا هەڵوێستێکی جیاوازی هەیەو بە گژیدا ناچێتەوە، لەکاتێکدا (ئایینو خودا) دووانەیەکی پێکەوەگرێدراون، بەڵام شاعیر لێرەدا بۆ دەرخستنی جوانیی (ڕۆزانا)و پاکیی عەشقەکەی، پەنادەباتەوە بەر هێزو پاکیی خوداوەند. لە چەند جێگایەکی دیوانەکەدا زۆر بەڕوونی ئاوڕ لەم بابەتە دەداتەوە.

**ئەم کاتەت باش**
**من ناوم (عەدالەتە)**
**لەسەر زەمین چاوێکی خواو**

---

[313] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٧١)

**دەستێکی خوام**[٣١٤]

**من هێندە نابێ زانیومە**
**عەشق هەر خودا خۆیەتی**
**ئەو وەختەی دێتە ناوتەوە**
**ئەوسا ئیتر تۆی عاشقیش**
**لە سووتانیا پرشنگێکی!**
**نووری ئەوی**[٣١٥]

**لەم مەملەکەتەی عەشقدا**
**خوایەك هەیەو جێنشینە**
**لە هیچ خوایەکی تر ناچێ** [٣١٦]

**لە چاوانی ڕۆزانادا**
**ئاوی خودا وشك ناکاو**
**لە باخەکەی ڕۆزانادا**
**ماچو سێوی عەشقی خوایی**
**دوایی نایە**[٣١٧]

**خۆشەویستیت !**
**پەنجەرەیەکە لە پەنجەرەکانی تەماشای خواو**
**بەسەر داستانی شیعری مندا ئەڕوانێ** [٣١٨]

**تۆ ئەزانی ئەم پەخشانەم بۆ چیو چۆن نووسیوە؟**
**بە قەڵەمی تیرێژێکی سەری یەزدان**[٣١٩]

---

314 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٣١)
315 سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٦
316 سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٥
317 سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٨
318 سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٥
319 سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٦

**پەخشانێکە، دێڕەکانی، بە پەنجەی خوا نوسراوە**[320]

ئەو یاخیبوونەی شاعیر لە ئایین لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا بەگشتیو کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی، ئایین ڕێگریی زۆری لەبەردەم ئازادییەکانی تاکدا دروستکردووە، جۆرێك لە داخرانی کۆمەلآیەتی بەرهەمهێناوەو بواری داهێنانو گەشەکردنی لەبەردەمدا تەسککردووەتەوە، ئەمەش بووەتە گرفتێکی گەورە لەبەردەم گەشەی شارستانێتیی ئەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا. هەربۆیەش ئەرکی هەموو کەسێکی ڕۆشنبیرە، بەشداربێت لە شکاندنی ئەو دەرگا داخراوانەی، لەناو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، تا دۆخی خراپی کۆمەڵگا لە ملکەچیی کۆمەڵێك بیروباروەڕو دابونەریت دەربازبکەین "ئێمە کۆمەڵگایەکی پەرتو پارچە پارچەمان هەیە، تا ئێستاش ملکەچی کۆمەڵێ باوەڕ و پرۆسەو نەریتی زۆر کۆنەو هێشتا ئاسەواری پێشکەوتنی نوێی پێنەگەیشتووە. سەرجەمی ئەو توێژە کۆمەلآیەتییانەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن، کە لەڕووی مافەکانیانەوە یەکسانن، بەتایبەتی لەڕووی مافی ئاخاوتنو گوزارشت لەخۆکردن. بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتی ئازاد لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا بوونیان نییە. کۆمەڵگاکانی ئێمە بەشێوەیەکی ئازاد لەبارەی خۆیانەوە نادوێن، کۆمەڵگاکانی ئێمە کۆمەڵگای چەپێنراون."[321]

ئەو بارودۆخە خراپەی کۆمەڵگا وا لە شاعیر دەکات لە دابونەریتو ئایین هەمووی پێکەوە یاخیبێتو هەوڵی گۆڕینی بدات. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە شاعیرێکی وەك شێرکۆ لەم دیوانەدا کار لەسەر ئەم جومگەیەی ناو کۆمەڵگای کوردی دەکاتو بەگژ کۆی ئەو دیاردانەدا دەچێتەوە، کە ئایین لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا هۆکاری بەرهەمهێنانیان بووە.

**ب. بەرگریکردن لە ژنو یاخیبوون لە دابونەریتە باوەکان**

لەم دیوانەدا، شێرکۆ دەیەوێت بەتەواوەتی خۆی لە ڕابوردوو و کەلتوورو هەموو شتێکی ناو نیشتیمان دابڕێت. واتە بۆ تێگەیشتن لەم دۆخە لای شاعیر، هیچ گەڕانو خۆماندووکردنێکی ناوێت، چونکە بە ئاشکرا جاڕی ئەو دابڕانە قووڵە دەدات لەنێوان خۆیو نیشتیمانو ڕابوردووی نیشتیمانو کەلتوورو هەموو دیاردەکانی ناوی، تەنانەت دەیەوێت کردەی سڕینەوەی دوێنێ بە هەموو تایبەتمەندیو بوونیەوە ئەنجامبدات.

**تەنها ئەوەندە ئەزانم، ئەوەی هاتۆتە ڕۆحمەوە**
**دوێنێ نییەو**
**هەرگیز هەرگیز لە ــباوــ ناچێ**
**لە کەس ناچێو**
**هاڤڵێکی داهاتووە !**[322]

---

[320] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٦٨)

[321] هاشم سالح، ئاینو عەلمانیەتو کۆمەڵگای مەدەنی (گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن)، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، (٢٠٠١: ٩٠)

[322] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٥)

شاعیر لەم دیوانەیدا کاریکردووە لەسەر جیاکردنەوەی نەوەکان لەیەکتریو پیشاندانی جیاوازیی نێوان نەوەی ئێستاو باپیرانیان، بەوەی، کە ئەم دوو نەوەیە لە هیچ شتێکدا لە یەکتر ناچنو هەر شتێك پەیوەندیی بە نەوەی کۆنەوە هەبێت، شێرکۆ لە ناخی خۆیدا دەریدەهێنێتو فڕێیدەدات.

**سەیری لێدێ کە لە توخمی ئەویش بمو لەویش نەچم!**
**سەیری لێدێ هەورێکی تازەی پاراوم لە دەنگدایەو**
**هەڵکردنو گفەو قسەم ناچنەوە سەر**
**لێرەوارو دۆڵەکانی باپیرانم. سەیری لێدێ**
**خۆم دابڕیوە لە دەنگیو ناچمەوە سەر**
**ئەو ئاوێنە پیرۆزانەی بە دیواری مۆزەخانەی**
**جەستەی ئەودا هەڵواسراون.**[٣٢٣]

لەتێکڕای دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، شاعیر ئەو وێنەیە تۆخدەکاتەوە، کە نیشتیمان نێرەو تەنانەت بووەتە پیاوێکی گرژو مۆنو ڕەزاگران، هەروەها مێژووی ئەم نیشتیمانە نێرەو دژی (ژن)ەو نایەوێت ڕۆژێك لە ڕۆژان بەرگی ژنبوون لەبەربکات. ئەرکی ژنی کورتکردووەتەوە لەناو ماڵدا، کە تەنها خزمەتکردنە، لەبەرانبەردا تەنهاییو ئازارو نامۆییو لێدان بوونەتە بەخششی پیاوانی نیشتیمان بۆ ژن.

**شەوباش**
**من ناوم کراسی ژنانەیە**
**ئەوەی نیشتمان پێی شەرمە**
**بیکاتە بەری خۆی منم!**
**ئەم مێژووە نێرە، ئەم نیشتمانی سمێڵە**
**تەنها جارێ منی نەکردە بەر هەتاوێ،**
**بەر جۆگەی ئاوێ. بەر شووشەی گوڵاوێ**
**ئەوانەی منیان لەبەرکرد. گسك بوونو**
**مەنجەڵ بوونو تەنەکەی خۆڵ.**
**ئەوانەی منیان کردە بەر، بەژنی درێژی غەریبیو**
**بەژنی تەنیاییو ئازار بوون. ئەوانەی منی پێ بەخشین**
**هەر بێدەنگیو قفڵو تێلاو شریخەکانی قامچیو**
**جلو بەرگی دەردەدار بوون، من ناوم کراسی ژنانەیە**
**ئەوەی ئاگای لە من نەبێو گوێی لە هاواری من نەبێ،**

---
[323] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٣)

## گوێچکەی تەپی نیشتمانە[٣٢٤]

شاعیر لە دۆخی بەرگریکردن لە ژن‌و یاخیبوون لە کەلتووری نیشتیمان‌و عەقڵی نێرسالاری، لەسەر ئەو ڕەهەندە حەرامانە دەوەستێت، کە جەستەی ژن لەگەڵ خۆیدا لەناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا پرسیاری لەسەر دروستدەکەن‌و ئەوە دەخاتەڕوو، ئەم کەلتوورە دواکەوتووەی نیشتیمان، هۆکاری سەرەکییە بۆئەوەی جەستەی ژن وەك گوناح سەیرکرێت‌و هەر ئەم بە گوناه دانانەی جەستەی ژنە وادەکات، وەك حەرامێکی پڕ پرسیار لە کۆمەڵگادا دەربکەون.

**من مێینەم ! من سەراپا هەموو**
**جەستەم لە گوناه و پرسیاری ڕووتی**
**حەرام پێکهاتووە! لە یەکەم ڕۆژی**
**بوونمەوە بەردی ڕەجم لە قوماتمەوە پێچراوەو**
**نیشتمان تفم لێ ئەکات[٣٢٥]**

هەر ئەم کەلتوورە دواکەوتووە هۆکارێکی سەرەکییە بۆئەوەی ژنان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا خۆیان بکوژن، یاخود بکوژرێن، ساڵانەش لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاماری تایبەت لەبارەی ئەم دیاردەیەوە بڵاودەکەنەوە. شێرکۆ ئەم دیاردەیە دەبەستێتەوە بە کاریگەریی ئایین لەسەر کەلتووری کۆمەڵگاکەی. ئەم کێشەیە لای شاعیر جێگەی گرنگیپێدان‌و بەهادانانێکی ڕاستەقینەیە. یەکێك لەو دیاردانەی زۆر بە توندی بەگژیدا دەچێتەوەو لێی یاخیدەبێت، ئەم دیاردەیەیە، بەجۆرێك کار لە شاعیر دەکات، کە جوانیی شیعرەکانی خۆی لە پرچی ژنێکی خنکێنراودا ببینێتەوە.

**بەڵام ئەوەی هەرگیز بیرم ناچێتەوە**
**ئەو ژنە بوو کە بەناوی خواو پێغەمبەرو**
**شەرەفەوە چەند بەردێکی دراوسێی منیان**
**لێبەست‌و هاویشتیانە گۆمێکەوە[٣٢٦]**

**ئاخر شیعر هەرگیز هەرگیز**
**لەو پرچانەت جوانتر نییە!**
**ئاخر شیعر...هەرگیز هەرگیز**
**لەو نوستنەت قووڵتر نییە !**
**لەو جەستەیەت سپیترو**
**زمانیشی لە بێدەنگی ژێر ئاوی تۆ**

---

[324] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٣٦_٣٧)
[325] سەرچاوەی پێشوو، ٣٧
[326] سەرچاوەی پێشوو، ١٢٨

**ڕەوانترو پاکتر نییە**[٣٢٧]

**من ناتوانم مێژوویەکم خۆشبوێ هەر بۆنی کرووزی پرچو**
**جەستەی ژنی لێبێ. ناتوانم ئاوێنەیەکم خۆشبوێ**
**بچمە بەری کە شەو و ڕۆژ ئەلبوومەکانی خوێنو تۆڵەم**
**نیشان بدات.**[٣٢٨]

شاعیر لەسەر یەکێك لە دیاردە خراپەکانی تری ناو کۆمەڵگای کوردیی باشوری کوردستان دەوەستێت، ئەویش دیاردەی هێنانی ژنی دووەمو سێیەمی بەرپرسەکانە، کە لە چەند شوێنێکدا ڕەخنەی توند لەو دیاردەیە دەگرێتو بەیەکێك لە هۆکارەکانی وێرانبوونی نیشتیمانی دادەنێت.

**ڕۆژێ کورتە چیرۆکێکی بێکار**
**لەناو پارکی ئازادیدا**
**(نیشتمان) ی لەگەڵ ژنی سێهەمیادی**
**کورتە چیرۆك زۆر دەمێك بوو**
**وشەی پەنگی نەخواردەوەو**
**بوو بە دەریاچە سەری**
**بۆیە توورە..توورە**
**یەخەی نیشتمانی گرتەوە.....**[٣٢٩]

**هێشتا تۆ هەر خەیاڵەکانت باخچە بوون**
**تۆ ئەوساکە ژنی دووەمو سێهەمو**
**چوارەمیشت نەهێنابوو**
**هێشتا نەبوو بوویت بە والی**[٣٣٠]

شاعیر لەبارەی ڕۆڵی ژنو یاخیبوون لە دابونەریتی باو، باس لە (دایکی جەمال) دەکات، وەك خۆی لە پەراوێزێکدا دەربارەی ئەم ژنە دەڵێت: "یەکێکە لە ژنە گۆرانیبێژە ڕێچکە شکێنەکان کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابوردوودا دەستی کرد بە گۆرانی وتن."[٣٣١]

---

[327] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٣٠)

[328] سەرچاوەی پێشوو، ٢٨٤

[329] سەرچاوەی پێشوو، ١٣٩

[330] سەرچاوەی پێشوو، ١٤٣

هێنانەوەی ئەم ناوە ونە، ئاماژەی ئەوەیە شاعیر زۆر بە ئاگاییەوە دەستی بردووە بۆ ناو هەناوی مێژووی نەتەوەکەی‌و دەیەوێت لەپاڵ ئەو زوڵمە زۆرەی ئێستا لە ژنی کورد دەکرێت، ڕۆڵی پێشەنگی ژنانی یاخی لە مێژووی کورددا زیندووبکاتەوە، بەتایبەتیش باسکردن لەناوێکی وەک (دایکی جەمال)، کە زۆر کەم لەناو مێژووی هونەری کوردیدا باسدەکرێت.

**با بیرت بخەمەوە ئەگەر تۆ خۆیشت نەیزانی**

**ئەتوانی لە گومەزە گەورەکەی ئێرە بپرسی**

**(دایکی جەمال) لە کوێدا نێژراوە؟!**

**ئەو ڕۆژە نیشتمان خۆی**

**بەلامدا ڕۆیشت‌و**

**لێم هەڵنووت‌و**

**کەچی نەشیوت مەرحەبا ![332]**

شێرکۆ دواجار هەموو شتێکی جوان‌و پاک لە ژندا دەبینێتەوە، تەنانەت ژن لە ئازادیی‌و نیشتیمان گەورەتر سەیردەکات و قورسایی مرۆڤبوون‌و عاشقبوونی خۆی لە (ڕۆزانا)دا بەرجەستەدەکات، بەجۆرێك بەشی هەرە زۆری دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)ی بۆ پیشاندانی پێگەی ژن تەرخانکردووە، هەر لە ناونیشانی دیوانەکەوە تا کۆتایی، تاکە شتێك، کە فریادڕەسی شاعیرە، (ڕۆزانا) خۆیەتی بە تەنها، لەناو هەموو نەهامەتی‌و کێشەکانی نیشتیماندا، هەر (ڕۆزانا) ئازادو پاکەو جوانیی ڕەهای هەیە.

**ڕۆزانا**

**لە نیشتمانێکی خۆڵاویدا**

**جوانییەکی بێ گوناهە**

**لە نیشتمانێکی پڕ گوناهدا**

**جەستەیەکی ئازادە**

**لە خەریتەیەکی حەرامدا[333]**

**پ. بەگژداچوونەوەی تیرۆری کتێب‌و ڕۆژنامەنووسان**

یەکێك لەو دیاردانەی لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە باشووری کوردستان سەریهەڵداوەو دەسەڵاتدارانی کوردی باشووری پێ تۆمەتبارکراون، دیاردەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان‌و سووتاندنی کتێب‌و بێبەهاکردنی کاریگەریی شانۆو شیعرو ڕۆمان‌و ڕۆژنامەو کتێبە، چونکە بەشێوەیەکی بەردەوام دەسەڵات لە ڕۆڵی ئەو ناوەندە کەلتوورییانە دەترسێت

---

331 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١١: ١٩٠)

332 سەرچاوەی پێشوو

333 سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٢

لەسەر پێگەی سیاسیی خۆی، هەربۆیەش هەوڵدەدات یان دایانبخات، یاخود کارەکتەرەکانی تیرۆربکات، لەبەرئەوەی ئەم ناوەندانە ئەرکی چاودێریکردنی دەسەلاتیان هەیەو دەتوانن لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەلگا کاربکەن، بۆ نموونە (ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە لە هەر شوێنێکی دونیادا بژی سەرقاڵی چاودێریکردنو تێبینیکردنو ئاشکراکردنی هەڵسوکەوتو ئاکاری ئەو لایەنە بەهێزو دەسەلاتدارانەیە، کە بریاری کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابورییان لەژێر دەستدایە. لە کوێ دەسەلات هەبێت، دەبێت لەوێدا ڕۆژنامەنووسێك هەبێت چاودێریی ئەو دەسەلاتە بکات، لە کوێش ڕۆژنامەگەرییەکی پێگەیشتوو هەبوو مانای ئەوەی دەسەلاتێکی پێگەیشتوو هەیە، کە ئامادەیە چاودێری بکرێ.)[٣٣٤]

لەبەرئەوەی لەباشووری کوردستان دەسەلات پێگەیشتوو نەبووە، بۆیە ڕۆژنامەنووسو نووسەرەکانی تیرۆرکراون، شاعیریش لە دژی ئەم دیاردەیە دەوەستێتەوەو لێی یاخیدەبێت. بەتایبەت لەم دیوانەدا لەسەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سۆرانی مامە حەمە)، بەرپرسی نووسینگەی گۆڤاری لڤین لە شاری کەرکوك دەوەستێت، کە لە ڕێککەوتی شەوی (٢١_٢٢/ ٧/ ٢٠٠٨) لە کەرکوك تیرۆرکرا.

**ئاخر ناوەکان زۆرنو بە من ڕیزناکرێن**
**ئاخر منو (سۆرانی مامە حەمە)**
**وەك درەختو ئاو**
**مەلو هەوا**
**دوو دۆستی گیانی بە گیانی بووین**[٣٣٥]

شاعیر لەسەر دیاردەی تیرۆرکردنی کەلتووریی لەلایەن دەسەلاتی کوردییەوە، لە دەرخستنی چەند نموونەیەکی قێزەونی ناو ئەم مێژووە بەردەوام دەبێت، لەوانە سووتاندنی ڕیشی پیاوانی ناڕازی لە دەسەلاتو دزینی بازنی ئالتوونی دەستی ژنانی مردوو لە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو دزینی سامانی نیشتیمان.

**بەر بەرچاوی خوا خۆیەوە**
**بە بەرچاوی ئازادییەوە**
**بە بەرچاوی کورسیەکانی پەرلەمانەوە**
**بە بەرچاوی منارەو کڵێسەوە**
**خوێنی چەند ڕەزو مەزاریان دزی**
**بە مردوویی چەند بازنو موستیلەیان**
**لە دەستو پەنجەی عاشقان دەرهێنا**
**چەند پەڵە هەوری سك پڕیان فرۆشت**

---

[334] مەریوان وریا قانع، شوناسو ئالۆزی، (٢٠٠٤: ٢٣٤)

[335] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٣٤)

**چەند پەنجەرەی قوربانیان لە تاریکیدا مەزات کرد**
**چەند ڕیشی وەك ڕیشی (مەولەوی)یان**
**کرد بە یەکو ڕستمانەوە بۆ گۆرەوی ئاخوندێك**
**بۆ تانو پۆی جبەیەك**
**قەدەکانی عەمامەیەك[٣٣٦]**

شاعیر مەودای تیرۆری دەسەڵات بەرانبەر کایە کەلتوورییەکان فراواندەکاتو باس لەوە دەکات، کە تیرۆری دەسەڵات سنووری پاکتاوی جەستەیی کەسەکانی تێپەڕاندووە بۆ تیرۆرکردنی دەقە جوانەکانی ناو دونیای ڕۆشنبیریی کوردی. ئەمەش ئاماژەیە بۆ قەدەغەکردنی چەند کتێبو دەقێکی ئەدەبی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردییەوە بەبیانووی ئەوەی لەگەڵ دابونەریتی کوردیدا ناگونجێت.

**بە دزی ئازادییەوە**
**بە دزی ڕەنگی سپییەوە**
**بەدزی درەختەکانەوە**
**بە دزی چاوی بارانەوە**
**ئێوە نازانن بە دزی خۆرەتاوەوە**
**چەند شیعریان کوشتوە**
**چەند چیرۆکیان سەربڕیوە**
**چەند شانۆیان فڕاندووە**
**چەند خەویان زیندە بەچاڵ کردووە[٣٣٧]**

شاعیر لەم دیوانەدا زۆر جەختدەکاتەوە لەسەر تیرۆرکردن لەسەر جیاوازیی بیروڕا لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە.

**جارێکیان هەر لەپاڵ مندا**
**بۆسەیەکیان بۆ دوو جۆگەی بێ گوناه دانا**
**جۆگەکان بە دەم گۆرانی وتنەوە ئەهاتن**
**وەختێ گەیشتنە بەردەمیان کوشتیانن**
**تەنها لەبەرئەوەی سەرچاوەکانیان جیابوون[٣٣٨]**

---

[336] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٣٥_١٣٦)
[337] سەرچاوەی پێشوو، ١٣٣
[338] سەرچاوەی پێشوو، ١٢٦

شێرکۆ لە (٨) شوێنی ئەم دیوانەدا باس لە مردنی هونەرمەندی ناسراوی کورد (سەروەت سەوز) دەکات، وەك هێمایەك بۆ مردنی (هونەر)و بێ ئاگایی‌و خەمساردیی دەسەڵاتداران بەرانبەر بە مەرگی هونەر، بەجۆرێك مەرگی هونەرمەند کاریتێدەکات، کە نیشتیمان وەك پیاوێکی گێلی بێئاگا پیشانبدات، چونکە تەنانەت ناوی یەکێك لە پایە گرنگەکانی ناو دونیای هونەری کوردیش نازانێت.

**نیشتمان: ئەی چۆن. ئەی چۆن. سەردار سەوز ناڵێن !**

**یەکەم: (پێئەکەنێ) دە فەرموو! سەرداری چی؟! سەروەت_**

**سەروەت**

**نیشتمان: ئا...ئا...ببوورن. بەڕاستی ئەوەندە سەرم قاڵە**

**خەریکە ناوی خۆیشم بیر ئەچێتەوە**[٣٣٩]

شاعیر دەیەوێت لەڕێی تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەوە، باس لە دووڕوویی‌و خیانەتی نیشتیمان بکات، لە هەمان کاتیشدا گێلێتیی نیشتیمان بەرانبەر هونەرو کایە ڕۆشنبیرییەکانی تر دەربخات.

**دووەم: ئەی وێنەکانت دیبوون؟! بە لاتەوە چۆن بوون؟!**

**نیشتمان: بەڕاستی زۆر کەم. بەڵام من تێیان**

**نەگەیشتم**

**(بەپێکەنینەوە) جارێکیان وێنەی پیاوێکی نیشاندام سێ**

**دەم‌و چاوی هەبوو ... ئاخر مرۆڤ چۆن سێ دەموچاوی**

**هەیە؟! ها...وا نییە**

**دووەم: بۆنا؟! ئێمە ڕۆژانە تۆ ئەبینین لە سێ چوار**

**دەم‌و چاو زیاتریشت هەیە**

**یەکەم: ئەمە ڕاستە. من ئەو ڕۆژە لە کردنەوەی**

**بازاڕێکی گەورەدا تۆم بینی چوار دەم‌و چاوت هەبوو**

**دەم‌و چاوێکی کوردی‌و یەکێکی تورکی‌و یەکێکی فارسی‌و**

**یەکێکی**

**عەرەبی**[٣٤٠]

شێرکۆ دەیەوێت لەڕێی کتێب‌و شیعرو شانۆو ڕۆمان‌و ڕۆژنامەوە، یاخیبوونی خۆی بەرانبەر بە نیشتیمان دەربڕێت‌و لێی تووڕەبێت‌و ڕەخنەی لێبگرێت.

---

[339] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٩٤)

[340] سەرچاوەی پێشوو، ١٩٤_١٩٥

**ڕۆژێ لەگەڵ سێ چوار چیرۆکو چەند شانۆ نامەیەکو**
**یەک دوو ڕۆمانو چەند ستوونێکی ڕۆژنامەوانیدا چووین**
**بۆ لای نیشتمان**
**.........................**
**.........................**
**ستوونی ڕۆژنامەوانیش**
**ڕووبەڕوو بە نیشتمانی وت: قوربان! هەزار پینەمان**
**داوە لە قسەکانت. لە لەشت. لە هەڵسوکەوتت. بەڵام**
**ئیتر پینەکانیش وەڕس بوونو ڕزیونو هیچیان پێناکرێ**
**وا چاکە منیش بچمەوە بە لای عەشقە گەڕیدەکەی خۆمەوە**[٣٤١]

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕانی جیهانبینیی شاعیرو تووڕەبوونی لە نیشتیمانو دۆزینەوەی مەعشوقێکی نوێ، بریتییە لە کتێب، هەربۆیەش گرنگییەکی زۆری پێدەدات.

**کتێب تەوقەی لەگەڵ یەکتردا پێکردینو**
**کتێب خستینیە تەنیشت یەکەوەو**
**کتێب ئاڵوگۆڕی مەراقی پێکردینو**
**کتێب ڕیزێ خەونو ڕیزێ پرسیاری**
**نەکراوی پێ نووسینو**
**ئیتر چووینە ناو قوڵایی یەکترەوە**[٣٤٢]

لەپاڵ پیشاندانی گرنگیی ڕۆڵی کتێب لە بەرهەمهێنانی هۆشیاریو دروستکردنی گیانی یاخیبوون لای شاعیر، باس لەوەش دەکات، هەندێك کتێب، کە مرۆڤە نەخۆشەکان دەینووسن، ڕۆڵیان لە دروستکردنی ڕقو بوغزو کینەدا هەیە.

**من ناوم کتێبە**
**هەزاران هەزار دەمو چاو و هەزاران هەزار**
**وڵاتو دڵو دەروونم هەیە.**
**جاری وا هەیە پڕم لە خۆشەویستی، لە لێبوردن،**
**لە بەزەییو لە عەقڵی ڕووناك، لە ئازادیی**
**جاری وایش هەیە پڕم لە ڕقو لە بوغزو**

---

[341] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١١٩_١٢١)

[342] سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٤

**لە تۆڵەو تاریکی**
**گەلێ جار بە دەنگێکی گڕ ئەدوێمو**
**گەلێ جار بە دەنگێکی ناسك**
**جارێ مێمو جارێ نێرو**
**زمانم سەدان زمانەو**
**پێناسەشم لە هەزار ڕەنگ**[343]

بەکورتی لەم دیوانەدا، یاخیبوونی کەلتووری لای شاعیر لەسەر چەند ئاستێك دەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا باسیبکەین، سەرچاوەی هەموو ئەو یاخیبوونانە تەنها نیشتیمانو پیاوەکانیەتی. لە بەشێکیدا شاعیر لە هەندێك بنەمای کەلتووریی یاخیدەبێت وەك لە ئایینو دابونەریتو بنەما کۆنینەکانی ناو کەلتووری کۆمەڵگای کوردی، بەڵام لە بەشێکی تریدا شاعیر دژی ئەو هێزە سیاسییانە یاخیدەبێت، کە هەوڵدەدات سەرچاوە کەلتوورییەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری لە قۆناغی نووسینی دیوانەکەیدا تیرۆربکەن.

لێرەدا، مامەڵەمان لەگەڵ شیعرو ڕۆمانو چیرۆكو ڕۆژنامە کردووە وەك بەشێك لە کەلتوور لەئێستای کۆمەڵگای کوردیداو چۆنیەتیی مامەڵەی شاعیرمان بەرانبەریان خستووەتەڕوو.

### سێیەم: یاخیبوون لە نیشتیمان

لەتێکڕای دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، شاعیر لە مەعشوقە کۆنەکەی یاخیدەبێت، بەجۆرێك دێڕێك، یان وشەیەك لەم دیوانەدا بوونی نییە، کە بۆنی یاخیبوونی لە نیشتیمان لێنەیەت، بگرە هۆکاری سەرەکیی یاخیبوونی شێرکۆ لە دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا، نیشتیمان خۆیەتی. هەموو شتێك لەم دیوانەدا لەپێناوی داشۆرینو یاخیبوونە لەنیشتیمانی پیاوە درۆزنەکان. (شێرکۆ بێکەس لەم قەسیدەیەدا هەموو شتەکان دەخاتە خزمەتی هیجاکردنی یەك شتەوە (نیشتیمان) یاخود وەك ئەو دەڵێت (نیشتیمانی بێسفەت). ئەو نیشتیمانەی کە شێرکۆ لێرەدا تەواو لێی یاخی بووە، پەتی پەیوەندی لەگەڵ پچڕاندووە ئەو نیشتیمانە درۆزنەیە کە ڕاگەیاندنو درۆکردنو وێناکردنی سیاسیی نادروست خولڤاندوێتی.... ئەو نیشتیمانە پیرەی توانای تێگەیشتنو گوێگرتنو بینینی نەوە تازەکانی نییەو نەماوە، شێرکۆ دوور لە نیشتیمانەو دوور لەو ڕۆحە سڕە، دوور لە هەر پیرییەك دەبێتە دەنگی ئەو گەنجە فەرامۆشو بێ ئینتیماو دابڕاوانەی لەسەر شەقامەکانی نیشتیمان هەستی سەردەمێکی دیو نەوەیەکی جیاوازیان هەیە.)[344]

شێرکۆ زۆر بەڕوونی باس لەوە دەکات، کە دەتوانین ئەم دیوانە وەك کتێبی بێزاربوون لە هەموو شتێکی نیشتیمان دابنێینو دەڵێت: "(ئێستا کچێك نیشتمانمە) کتێبی بێزاربوونی گەنجێکی ئەم ڕۆژگارەیە. وەڕسبوون لە هەموو شتێکی نیشتیمان، لە هەموو گەمە ناشیرینەکان. کتێبی چاوەڕوانییە نائومێدەکان، کتێبی خەونە کوژراوەکانە. لە ڕاستیدا ئەوەی ئەم بەرهەمە لە هەموو بەرهەمەکانی ترم جیادەکاتەوە ئەوەیە: کە چیتر نیشتیمانو مەسەلە پیرۆزەکان بە

343 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٣٠_٢٣١)

344 بەختیار عەلی، شێرکۆو یاخیبوون لە نیشتمان، وتارێکی نووسەرە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، (٢٠١١: ٢٩٢)

موقەدەسی نامێننەوە. یاخی بوونە لە ئێستاو ڕابوردووی خۆم، دەسبەردانە لەو نیشتیمانەی کە پێشتر هەموو وزەو ڕۆحێکی خۆم پێ بەخشیبوو و بە کورتی جۆرێکە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو پێکهاتەکانی خۆم."[٣٤٥]

شاعیر لەم دیوانەدا وەك خۆشی باسیدەکات، ڕەنگە لە چوارچێوەی شیعر دەرچووبێت، شانۆ یان ژانرێکی تری ئەدەبی بنووسێت. ئەگەر بە وردیی دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە) بخوێنیتەوە، دەگەیتە ئەو بڕوایەی، شێرکۆ لە یەك کاتدا وەك شاعیرو مێژوونووس، هەم وەك ڕۆژنامەنووسێکیش مامەڵەیکردووە، چونکە هەوڵیداوە تەواوی ناشیرینییەکانی نیشتیمان لێرەدا باسبکات. ئەو ناشیرینییانەی نووسەرو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو دەمە لەسەریان دەنووسین، بەڵام شاعیر هاتووە بە زمانێکی ئەدەبیی باڵا، تەواوی دۆسیەکانی گەندەڵیو دزیو تیرۆرو شەڕو خیانەتو نیشتیمان فرۆشیو نائومێدیی گەنجەکانو برسێتیو نادادپەروەرییو تاکڕەوییو ....هتد باسدەکات، بوونی ئەو دیاردە قێزەونانەش لەناو نیشتیماندا، دەکاتە هۆکاری یاخیبوون لە نیشتیمان.

لوقمان ڕەئوف لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (یاخیبوون لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس_ دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە) بە نموونە) یاخیبوون لە نیشتیمان دابەشدەکات بۆ چەند جۆرێك وەك یاخیبوونی سیاسیو یاخیبوون لە دەسەڵاتو یاخیبوون لە سەرمایەداران...).[٣٤٦]

لەڕاستیدا، هەموو تووڕەبوونو یاخیبوونی شاعیر لە نیشتیمان خۆیەتی، کە هۆکارەکەی پیاوە سیاسییە خراپەکانو سەرمایەدارە سیاسییە گەندەڵەکانن، کە بەهۆی ڕەفتارە خراپەکانیانەوە جوانییەکانی نیشتیمانیان شێواندووەو کردوویانەتە بازاڕێکی گەورە بۆ خۆدەوڵەمەندکردنو بوونەتەهۆی ئەوەی نیشتیمان جوانییەکانی ڕابوردوو لەدەستبداتو خەڵك خۆشەویستیی بۆی نەمێنێت، لەجیاتی ئەوەی قوربانی لەپێناودا بدەن، لەئێستادا خۆیان بوونەتە قوربانی بەدەست نیشتیمانەوە. هەر ئەمەشە وا دەکات وەك پێشتر وتمان، هیچ شوێنێکی ئەم دیوانە نەبێت، کە بۆنی یاخیبوون لە نیشتیمانی لێنەیەت، تەنانەت دەکرێت وەك کتێبی یاخیبوون لە نیشتیمان دابنرێت، کە ڕاستەوخۆ وەك مانیفێستی ڕەتکردنەوەو یاخیبوون لە نیشتیمان دەربکەوێت، بەجۆرێك وەك (هیوا قادر) لە وتارێکیدا، کە لە پاشکۆی ئەم دیوانەدا بڵاوکراوەتەوە، بە شاعیر دەڵێت: (چیتر نیشتیمان تاکە خودای تۆ نییە)![٣٤٧]

لێرەدا شێرکۆ لە سەرلەبەری دیوانەکەدا، هەموو جۆرە پەیوەندییەکی خۆی لەگەڵ نیشتیمان دەپچڕێنێت، لەبەرئەوەی نیشتیمان تەواو گۆڕاوەو ئازادیو مرۆڤبوونی تێدا نەماوە، شاعیر بە هیچ جۆرێك هەوڵنادات لەگەڵیدا ئاشتببێتەوە، بۆیە بەبەردەوامی ڕووی لە داهاتووەو چاوی لە (ڕۆژانا)یە تاوەکو لەڕێیەوە قەرەبووی مەعشوقی لەدەستچووی بکاتەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا بەڕاستی، نیشتیمان لای شاعیر بووەتە کچێك؟ یاخود دواجار ئەو کچەش (ڕۆژانا) هەر نازناوێکی تری نیشتیمان خۆیەتی؟ بەڵام ئەو نیشتیمانەی دوای چاکسازیو گۆڕانکاریی شاعیر لە خەیاڵی خۆیدا وێنایکردووە. ئایا شاعیر هەر عاشقی نیشتیمانە، بەڵام بە فۆڕمو جۆری تر؟ یان ئەو هەر نیشتیمانی دەوێت؟ بەڵام ئەو نیشتیمانەی جوانییەکانو ئازادیو دادپەروەریی تێدایە.

---

345 بەختیار عەلی، شێرکۆو یاخیبوون لە نیشتمان، وتارێکی نووسەرە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا، (٢٠١١: ٣٢٨)

346 بڕوانە: لوقمان ڕەئوف، شوناسی شیعری شێرکۆ بێکەس، (٢٠١٧: ١٦٨)

347 هیوا قادر، چیتر نیشتیمان تاکە خودای تۆ نییە، وتارێکی نووسەرە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا، (٢٠١١: ٣٠١)

گومان لەوەدا نییە شێرکۆ تا دوا ئاست تووڕەو یاخییە لە نیشتیمانی پیاوە گەندەڵەکان، لەگەڵ ئەوەشدا گومان لەوەدا نییە، کە (ڕۆژانا) دەکاتە بەهانەیەك بۆئەوەی لەڕێیەوە جارێکی تر پەیامی خۆی بۆ بونیادنانەوەی نیشتیمانێکی نوێو پڕ جوانی، بنێرێت. دەتوانین بڵێین (ڕۆژانا) هۆکارێکە بۆ سەرلەنوێ عاشقبوونەوەی شاعیر لەگەڵ نیشتیماندا، بەڵام بەڕای ئەو، ڕەنگە لەکاتی نووسینی ئەم دیوانەدا ئەو خەونە گەورەیەی هەرگیز نەیەتەدی.

**شێرکۆ بێکەس و ڕەهەندەکانی یاخیبوون لە نیشتیمان**

١_ بێزاری لە نیشتیمانو هەوڵدان بۆ ڕاکردن لێی.

شاعیر لەم دیوانەدا زۆر جەخت لەسەر بێزارییو تووڕەیی خۆی لە نیشتیمان دەکاتەوە، بەجۆرێك هیچ جۆرە ئومێدو هیوایەکی بە نیشتیمانە پیرەکەی جاران نەماوە.

**بێزاربووم و ئەمەوێ ئەم**
**باخچەیە بەجێ بێڵم و لە داخاندا**
**سەری خۆم هەڵگرمو**
**ڕووبکەمە باخچەیەکی دوور دووری هەندەران!** [٣٤٨]

٢_ ڕەخنەگرتنو تانەدان لە مێژووی حوکمڕانیی کورد لە باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٩١_٢٠١٠)، کە مێژوویەکە پڕیەتی لە شەڕی ناوخۆو برسێتی.

**نۆزدە هەناسەی بەردێکی سەرەڕێگا**
**نۆزدە بڵقی قیری جادەیەکی هاوین**
**نۆزدە قاوغە فیشەکی شەڕی ناوخۆ**
**نۆزدە تیکەی لە قورگ گیراو**
**نۆزدە گۆرەوی کونکونو**
**نۆزدە سکاڵای ونکراو**
**نۆزدە ڤالیۆم بۆ نۆزدە شەو**
**نۆزدە ساڵیش لەناو زەرفێکی بەتاڵ** [٣٤٩]

٣_ دزیی سەروەتو سامانی وڵات لەلایەن کاربەدەستانی وڵاتەوە. دزین بووەتە یەکێك لە هێما دیارەکانی ئەو دەسەڵاتە ناشیرینەی فەرمانڕەوایی نیشتیمانەکەی شاعیر دەکەن.

**ئەم دەست بەو دەستی نەزانی پەنجە دزرا!**

---

[348] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٦_١٧)

[349] سەرچاوەی پێشوو، ٢٦_٢٧

**ئەم قاچ بەو قاچی نەزانی ڕێگە دزرا!**

**ئەم چاو بەو چاوی نەزانی سەرنج دزرا !**

**ئەم باڵ بەو باڵی نەزانی فڕین دزرا !**

**سارو مارە... سارو مارە**

**ئەم دیرۆکی دەسەلأتی سەر زەمینەو**

**بۆنی دەمی درۆکانی ئەم ڕۆژگارە**[٣٥٠]

٤_ لەخۆباییبوونو غروری نیشتیمانو شانازیکردن بە مێژوو و ڕابوردووی خۆیو هەموو دەستکەوتەکانی تریەوە، بەڵام ئەم خاسیەتەی نیشتیمانە درۆزنەکەی شاعیر، شێرکۆ زۆر توورەدەکاتو لە چەند جێگایەکی دیاریکراوی ئەم دیوانەدا زۆر بە ڕاستەوخۆیی هێرشدەکاتە سەر ئەم سیفەتە قێزەونەی نیشتیمانەکەی خۆی.

**ئینجا زەردەخەنەیەك**

**لە جۆری زەردەخەنەی مسینی**

**دەستکرد ئەیگرێ وەك پێم بڵێ**

**(من نیشتمانی تاقانەی هەموو دنیام)**

**ئەوسا ئەڕواو بەجێم دێڵێ**[٣٥١]

**تۆ نیشتمان !**

**ئەی ئەو پیاوەی لە قوللەی بەرزی**

**غورووری ناو سەرتەوە ئەڕوانیتە**

**خواری خۆتو بۆ جارێکیش دانابەزیت**

**بۆ ناو گوردەمی برینو لای پاییزی**

**ئەم هەموو ژانەو چاوەڕوانانە**[٣٥٢]

٥_ نیشتیمان تەنها بەرژەوەندیی خۆی دەوێتو خەڵکو بەرژەوەندییەکانی پشتگوێدەخات.

**(با)یەك بە چرپە پێم ئەڵێ:**

**کە نیشتمان ئیشی پێت بوو**

**خۆی دێت بۆ لات**

**هەر ئەو کاتەش زەردەخەنە ئەیگرێتو**

---

[350] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٣٤)

[351] سەرچاوە پێشوو، ٣٩

[352] سەرچاوە پێشوو، ٩٨

**دێتە پێشیّو ماچت ئەكات!**

**وەختێ ئیشی پێت نەما**

**ئەگەر خوداش لە بەینا بیّو**

**تكاكار بێ**

**نایەت بۆ لات ![353]**

٦_ بەگژداچوونەوەی (كورسی) وەك بالآترین هێمای دەسەلآت.

بەلای شاعیرەوە، هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەر نیشتیماندا دێت، هۆكارەكەی تەنها كورسیی دەسەلآتە.

**من ناوم كورسییە**

**كەس نەیزانێ من ئەیزانم**

**ئەم هەموو چەقۆی غەدرانە**

**ئەم هەموو جۆگەی خوێنانە**

**ئەم هەموو ماسكی دزییانە**

**ئەم هەموو ڕەژووی ڕقانە**

**لەسەر منە[354]**

٧_ شێركۆ لە دروشمەكانی حیزبو حوكمڕانیی تاكحیزبی یاخیدەبێت، كە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ەوە، خەڵكی كوردستان لەڕێی دروشمە درۆینەكانی حیزبەوە، هەڵخەڵەتێنراونو دروشم شوێنی نانو ئازادی گرتووەتەوە لایان.

**كەلاوەی قوتابخانەیەك**

**هاواری كرد**

**چەندین وەرزە نانی بەڵێن**

**بە هەنگوینی خەیاڵەوە ئەخۆین.**

**چەندین ساڵە**

**دروشمو شیعرو بانگەشەو**

**پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەو**

**سروودی تازەو كۆن ئەخۆین[355]**

---

[353] شێركۆ بێكەس، ئێستا كچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٤٣)

[354] سەرچاوەی پێشوو، ٤٢

[355] سەرچاوەی پێشوو، ٤٧

**ئەی نیشتمانی یەك ڕەنگو**

**ئەی نیشتمانی یەك دەنگو**

**جێگیر لەناو ڕەش‌و سپی‌و**

**گرژو مۆنیش**

**لە ئاوێکی ڕاوەستاودا**[٣٥٦]

شاعیر لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە، کە هەرچی نووسین‌و دروشم‌و پەیامی حیزبی هەیە، ناتوانێت شوێنی نان‌و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی برسی بگرێتەوە، ئەمەش وا دەکات بەتەواوەتی دروشم‌و نووسینە بێبەهاکان ڕەتبکاتەوە.

**وتار ناکرێ بە ڕاخەرو**

**مانشێتی هیچ ڕۆژنامەیەك**

**ناکرێ بە پاڵتۆو ملپێچ‌و**

**کام خوتبەی گەرم‌و گوڕ هەیە**

**ئاگرێ بۆ پەنجەی تەزیوی**

**منداڵێکی ناو بەفرانبار ناکاتەوە**[٣٥٧]

شێرکۆ تەواوی دروشمەکانی حیزب‌و بانگەشەکانیان بە درۆ دەزانێت‌و وەك هۆکاری سەرەکیی هەڵخەڵەتاندن‌و فێڵکردن لە جەماوەر سەیریاندەکات، بەجۆرێك ئەم دروشمانە بێزراون، تەنانەت ئەو دیوارانەی ئەم دروشمانەیان پێدا هەڵدەواسرێت، شەرمدەکەن، هەربۆیە شاعیر لە زمانی (دیوار)ەوە دەڵێت:

**دروشمێکیان پیا هەڵواسیم**

**کە خوێندمەوە**

**شەرم تەریقی کردمەوە**

**من دیواری ولاتێ بم**

**درۆی کەتەو گەورەی وەهای**

**پیا هەڵواسرێ**[٣٥٨]

٨_ یەکێك لە گەورەترین یاخیبوونی شاعیر لەم دیوانەدا، شەڕکردنە لەگەڵ دەوڵەمەندبوون‌و کۆکردنەوەی سەروەت‌و سامان لەلایەن بەرپرسانی ولاتەوە بەشێوەیەکی ناشەرعی، بابەتی برسێتیی خەڵکی‌و دەوڵەمەندبوونی ناسروشتی‌و

---

356 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٥٣)

357 سەرچاوەی پێشوو، ٥٥

358 سەرچاوەی پێشوو، ٨٠

نایاسایی بەرپرسەکان، یەکێکە لە گەورەترین ئەو پرسانەی، شاعیر زۆر بە توندی بەگژیدادەچێتەوەو دەیەوێت بیکاتە هۆکارێکی دیاری یاخیبوون لە دەسەلات.

**ئێستە هەردووکمان ڕۆژانە لەتاو برسێتی‌و بێکاریی**
**بەردەوام ئەمیاوێنین. من بەرامبەر خاوەنی ئەو**
**ڕستۆرانتەو کامەرانیش بەرامبەر بە نیشتمان**[359]

**ڕۆژێ بۆ برسێتی نووسیم، بەلام**
**وەختێ سەرنجم دا، ئەوە خۆم نەبووم ئەمنووسی**
**پەنجەو قەڵەمی من نەبوون، ئەوە پارووی گریاوی**
**ماڵێکی تەنەکە بوو ئەینووسی**[360]

**تۆ هەر لە مەل‌و باڵندەی باخەکانی**
**کۆشکی خۆتمان بۆ ئەهێنی لە جیاتی ئێمە**
**بخوێنێ. تۆ هەر گۆڕی چرای کوڕت‌و**
**گۆڕی گوارەی ژنەکەت‌و**
**گۆڕی عەینەکی براکەت هەڵئەبەستی**[361]

**یەکەم ڕۆژ خۆیکرد بەناو مەرگە**
**سوورەکەی ئێرەدا. لە کراسێکی خەت خەتی ڕەش‌و سپی**
**بەری خۆی‌و لە جووتێ پێلاوی لاستیک بەولاوەتر**
**هیچی نەبوو. ئەوا ئەمڕۆیش پێلاوی لاستیک**
**زێڕینەو ئەوا ئێستەیش ڕووبار ئەکڕێ‌و**
**شاخ ئەفرۆشێ‌و ئەیەوێ دەریاچە قووتداو**
**تەماعی کردۆتە مانگ‌و داوائەکا بۆی دابەزێ** [362]

٩_ یەکێکی تر لەو خاڵانەی وادەکات شاعیر لەم دیوانەدا لە نیشتیمان یاخیبێت، بریتییە لەوەی، کە بەشی زۆری نیشتیمان بەهۆی پیاوەکانی دەسەلاتەوە بە ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان فرۆشراوە، هەروەها تاپۆکردنی بەشی زۆری نیشتیمان لەسەر خۆیان‌و کەسوکارەکانیان.

---

[359] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٥٩)

[360] سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٩

[361] سەرچاوەی پێشوو، ١٤٤

[362] سەرچاوەی پێشوو، ٢٨١

**نیوەی سەوزاییمی داوە بە کەنیزەکانی**
**نیوەی درەختی بەخشیوم بە بەغدا**
**خزمەکانی تاپۆ کردووە**
**نیوەی ڕووبارو دەریاچەمی**
**داوە بە کۆمەڵێ گردی عەمامە بەسەر**[٣٦٣]

**ئەو**
**بۆگەنە لەڕاستیدا لە دەستو دەمو داوێنی ئەو کەسانەوە**
**دێت کە درەختو ماڵو کۆڵانو شەقامو شارو وڵاتیان**
**گشت دزی**[٣٦٤]

**ئەمجارەیان کە هاتەوە،**
**بە دەستی ڕاست دزی لە گۆمەکان دەکرد**[٣٦٥]

١٠_ نیشتیمان لەم دیوانەدا دەبێتە بوونەوەرێکی ترسناک، بەجۆرێك ڕقی لە هەموو جوانییەك دەبێتەوە، تەنانەت ڕقی لە ڕەنگی سپییە، کە هێمای ئاشتییە، نیشتیمان بەهۆی کردەوە ناشیرینەکانیەوە هێندە دەگۆڕێت، تا دەبێتە پەنجەرەیەکی گرژو مۆنو هەمیشە داخراو.

**لە ئێستەدا**
**دەموچاوی نیشتمان**
**لە دەموچاوی پەنجەرەیەکی چڵکن ئەچێ**
**کە بەردەوام داخرابێو**
**گرژو مۆنو ساڵی جارێك پێنەکەنێ ؟**[٣٦٦]

**ئەم کاتەت باش!**
**من ناوم گوڵی دار هەرمێیە**
**بەڵام وەك ئەبینن ڕەشییان کردووم**
**ئەم نیشتمانە ڕقی لە ڕەنگی سپییە**

---

[363] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٦٤)
[364] سەرچاوەی پێشوو، ١٠٩
[365] سەرچاوەی پێشوو، ٢٨٠
[366] سەرچاوەی پێشوو، ٦٧

**هەر لە دوای گەشانەوەم**

**دووکەڵێکیان هێناو بە زۆر کردیان بە هاوسەرم**[٣٦٧]

١١_ شێرکۆ جەخت لە بابەتێکی گرنگ دەکاتەوە، ئەویش جیاوازیی دونیابینیی نێوان نەوەکانە. نەوەی کۆن، یاخود نەوەی پێش ڕاپەڕینو نەوەی نوێ، کە مەبەستی نەوەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ە. ئەم دوو نەوەیە ڕوانینیان بۆ نیشتیمانو مێژووی خەباتو کێشەکان زۆر لە یەکتر جیاوازە. ئەم جیاوازیی دونیابینییە لە هەموو بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئایینیدا ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکاری دروستبوونی یاخیبوون، بۆیە شاعیر لە زمانی گەنجەکانەوە لە کەلتووری سیاسیی ڕابوردوو یاخیدەبێتو بەگژیدادەچێتەوە. بەردەوامیش کار لەسەر ئەوە دەکات، نیشتیمان بەجۆرێکی جیاواز ببینێتو مامەڵەی لەگەڵدا بکات. شاعیر لەم لایەنەدا جیاوازیی قووڵ لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ناو بیرکردنەوەو مێژووی ئەم دوو نەوەیە دەخاتەڕوو. لە بنەڕەتیشدا هۆکاری سەرەکیی نووسینی ئەم دەقەو نیشاندانی ئەو هەموو ڕقە بەرانبەر بە نیشتیمان، لەم جیاوازییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە وەک خۆشی باسیدەکات، ئەو لەکاتی نووسینی دیوانەکەدا، نیشتیمان لەڕوانگەی گەنجێکی تەمەن (٢٠) ساڵی شەقامی سەهۆڵەکەی سلێمانییەوە دەبینێت.

**پاسارییەك بە باوکی وت:**
**سەری من سەری تۆ نییە... من فرینێکی جیاوازم**
**سەری من پڕ جریوەیەو سەری تۆ پڕ خۆڵەمێشە**
**تۆ سەرت داوەتە دەستی (با)ی ڕابوردووی**
**باپیرەم کونەبۆری ئەشکەوتەکان.**
**ئەوەندە کۆنو بەسەرچوون**
**هێندە ڕەشو نسرمن**
**بۆنی گۆگردی مردنو بیرچوونەوەتان گرتووە**
**من لە سەرما ڕووباری ئاوێنە هەیەو**
**من لە دڵما**
**ڕەنگ هەڵئەکاو هاژەی دێ**[٣٦٨]

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەم نەوە نوێیە، نە ئاگای لە مێژووی خەباتی شاخی نەوەی پێش خۆیەتی، نە بۆشی گرنگە ئەو مێژووە چۆن بووە، بەڵکو ئەو ژیانو خۆشیی خۆی دەوێتو بە هیچ جۆرێك دڵی بە مێژوویەکی پڕ درۆو دروشم خۆش نییە.

---

[367] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٦٧)

[368] سەرچاوەی پێشوو، ٨٧_٨٨

**من باوکم نیم هەتا لەڕێی شاخو داخو**

**دووکەڵو بۆنی باروتو شەهیدەوە**

**ئەم نیشتمانەم ناسیبێ. من ئەم مێژووەم نەدیوە**

**بۆ ڕۆژێکیش نەچوومەتە ژێر دەواریو**

**بۆ جارێکیش چیە سواری**

**ئەسپی دەربەندێك نەبووم.**

**یەك خەویشم بە خوێنی دارو بەردەوە**

**بە زریکەو قیژەی ئاوو**

**بە ڕاکردنی درەخت**

**بە سێدارەی حەپەساوو**

**بە پایتەختی قەمەکانەوە نەدیوە**[٣٦٩]

**تۆ نیشتمان. هەمووی کۆمەڵە وەرزێکە**

**ناوت بە گوێم ئاشنا بووە**

**من تۆم تەنها لەناو بازاڕی ریکلامو**

**زمانی لووسی دروشمو**

**شاشەی تیڤیەکاندا بووە**

**من تۆم تەنها لە ڕێو بانی**

**ئەو حیکایەتو شیعرانەدا بینیوە**

**کە هەندێ جار باوکم لەگەڵ ڕیشو سمێڵێکی زبردا**

**ئەیهێنایە ژێر لێفەوەو هەڕەشەیان لێ ئەکردم**

**منداڵیمیان وەك کۆترێ ئەتۆقاندو**

**بە دارێکی ئەستوورەوە پرسیاریان تیا ڕاوئەنامو**

**لە دوایشدا باوکم بە زۆر... بە بێ ئەوەی خۆشم بوێن**

**دەستی پێئەکردمە ملیان**[٣٧٠]

١٢_ شێرکۆ لەم دیوانەدا بەراورد لەنێوان دوو قۆناغی جیاوازی نیشتیماندا دەکات. قۆناغی پێش ڕاپەڕینو قۆناغی نووسینی دیوانەکەی. نیشتیمان لەم دوو قۆناغەدا بەتەواوەتی جیاوازە، لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵێك تایبەتمەندێتیو خاسیەتی تایبەت بە خۆی هەیە. لە پێش (ڕاپەڕین)دا، نیشتیمان کە لە هەمانکاتدا مەعشوقی شاعیر خۆیەتی، هەڵگری

[369] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٨٩)

[370] سەرچاوەی پێشوو، ٩٣_٩٤

هەموو سیفەتە جوانەکانە، بۆیە شایانی ئەوەیە خۆشتبوێتو لە پێناویدا شەهیدبیت، بەڵام لە قۆناغی دواتردا نیشتیمان هەڵگری هەموو سیفەتێکی ناشیرینە، بۆیە دەبێت ڕقت لێی بێتو لێشی یاخیبیت.

**من نازانم ئەڵێن ڕۆژێك جوان بووی**
**پڕبووی لە شەوبۆی گەنجێتیو ورشە ورشی**
**خەوی بەفرو پڕبووی لە ئاوازی سپیو باڵی**
**پرشنگ بۆ هەڵفڕین. ئەڵێن ئەو ڕۆژەی**
**تۆ لەگەڵ ئازادیدا. قۆڵ لە قۆڵدا بە زریوەو بریسکەوە**
**هاتوونە ناو حەوشەی شەوی زیندانەکەی**
**ئەم شارەوە، کەس نەماوە ماچی دەستو ماچی**
**قاچو خاکو خۆڵی ژێر پێڵاوی ئێوە نەکا**[٣٧١]

**من نازانم وەکو ئەڵێن موستیلەو بازنی خەونەکان،**
**ئەوەندە زۆربوون کچێ نەماوە، ژنێ نەماوە نەیانکردبێتە**
**دەستو پەنجەیان، هیواکان ئەوەندە جوان بوون،**
**ماڵ نەماوە بە تەنیشت گوڵەباخەکانەوە نەیانڕوێنن**[٣٧٢]

**من نازانم ئەڵێن تۆ لەو دەمەدا، ئەم پیاوە**
**گرژو مۆنەی ئەمڕۆ نەبووی، عاشقان خۆزگەیان بووە**
**لەناو پارکی ئازادی وێنەیەکت لەگەڵ بگرن. یان**
**دەست بکەنە ملتو ماچت بکەن. تۆ ئەو ڕۆژانە**
**لە شەبەقەوە تابوولێڵ لە ژێر چادری ئاوارەکانی**
**کەرکوکدا بوویتو ئەچوویتە ناو کۆڵانی خەمەکانیانەوەو**
**لەبەر دەرگا لەگەڵیاندا دائەنیشتیو گۆرانیت**
**بۆ ئەوتنو بە سبەینێت ئەناساندن**[٣٧٣]

١٣_ شێرکۆ دەگاتە لوتکەی بەگژداچوونەوەی نیشتیمانو نیشاندانی ئاستی باڵای یاخیبوون لێی، بێبەهاکردنو کردەی بەبچووککردنەوەی مەعشوقە کۆنەکەی ئەنجامدەدات، بەجۆرێك لە نیشتیمانەکەی یاخیدەبێت، کە جێگەی سەرسوڕمانە، ئەمجۆرە یاخیبوونە دەبێتە پرسیارێکی گرنگ. بۆچی شاعیر لە ئەوپەڕی عاشقبوونی بۆ نیشتیمان

---

[371] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٠٥)
[372] سەرچاوەی پێشوو، ١٠٦
[373] سەرچاوەی پێشوو، ١٠٧

دەگاتە ئاستی دژایەتیکردنی؟ لێرەدا هەموو ئەو هۆکارانەی لە پشت گۆڕینی جیهانبینیی شاعیرەوەن، لەم دیوانەدا خراونەتەڕوو.

**ئەی نیشتمان!**
**گریمان تۆ نیشتمانم نەبوویتایە!**
**لەمە زیاتر چیم بەسەر دەهات**
**ڕەنگە لە جادەیەکی بەغداددا**
**من تەنەکەی خۆڵ بوومایە!**
**تەنەکەی خۆڵی کوردستان یان عێراق بی**
**هەر تەنەکەی ![374]**

**لەوانە بوو لە چایخانەیەکی ناو شامدا**
**ببوومایە بە تڵپەی چا**
**تڵپەی چای کورد بێ یان عەرەب**
**تۆ هەر تڵپەی[375]**

١٤_ شاعیر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، ڕقی خۆی بەرانبەر بە نیشتیمان دەردەبڕێتو لە لاپەڕەکانی (١٤٦_١٤٩)دا هەموو ئەو هۆکارانە دەخاتەڕوو، کە بوونەتەهۆی یاخیبوونی لە نیشتیمان، هەر لە دزیکردنو گەندەڵیی ناوخۆوە تا دەگاتە خیانەتو هێنانی سوپای بێگانە بۆ سەر خاکی نیشتیمان.

**من ناتوانم هەر چۆنێ بی خۆشم بوێی ؟!**
**ببی بە دەردو نەخۆشی بۆ قەڵەمو**
**ببی بە کوللەو بە ئافات بۆ سەمەلو**
**بۆ کتێبو بۆ ڕۆژنامەو خۆشم بوێی؟!**
**ببی بەدڕکی تەلبەندو**
**بە ساحرێکی چاوبەستو**
**بە لیبووکێکی سەر شانۆو**
**خەوی موگناتیسیم لێ بخەیتو**
**تەنهاو تەنها لەبەرئەوەی نیشتمانی**
**خۆشم بوێی ؟![376]**

---

[374] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٤٠)

[375] سەرچاوەی پێشوو، ١٤١

[376] سەرچاوەی پێشوو، ١٤٨_١٤٩

هەرچەندە ئەم ڕوانینەی شێرکۆ بۆ مەعشوقەکەی، پێچەوانەی ئەو ڕێسایانەیە، کە عاشق ناچاردەکات لە هەموو بارێکداو بە هەموو ناشیرینیو جوانیو خراپیو باشییەکانییەوە، دەبێت مەعشوقەکەی خۆشبوێتو پشتی تێنەکات. شاعیر ئەم ڕقلێبوونەوەیە لە نیشتیمان لە پرسێکی تاکەکەسییەوە دەکاتە پرسێکی گشتیی هەموو خەڵك، بەوەی لەو بارودۆخەدا خۆشەویستیی نیشتیمان بە هیچ جۆرێك نەماوەو خودی نیشتیمانیش هیچ گرنگییەکی نییە، بە کورتی نیشتیمان لە بیری شاعیرو کۆنەستی گشتیدا بەهاو گرنگییەکەی یەکسان بووەتەوە بە هیچ، نیشتیمان جگەلە درۆ و ناشیرینکردن، نەیتوانیوە شتێکی نوێ بەرهەمبهێنێت، ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی، (جوانی) لە نیشتیمان باربکات.

**هۆ نیشتمان**
**لە ئێستەدا تۆ بە قەد بەڕەیەکی کۆنی دڕاو و**
**یان ئاوێنەیەکی شکاو، یان تەنەکەیەکی نەوتی بەتاڵ**
**یان جامێکی قوپاوو**
**قوتیلکەیەك خۆشەویست نیت !**
**نە جارێكو نە دوو نە سێ و نە بیست**
**دەستی ئێمەت کردووە بە زاخی درۆکانتا**
**وشەی (جوانی) نازانێ بچێ بۆ کوێ؟!**
**وشەی (پاکی) دۆش داماوەو**
**ناوێرێ بچێتە دەرێ**
**نەبادا لەناوی بەرن**[٣٧٧]

کاتێك ئەم هەموو دیاردە قێزەونو زوڵمە زۆرە لە نیشتیماندا هەنو نیشتیمان گوێ بۆ هیچ داواکارییەك ناگرێتو نایەوێت دۆخەکە بەرەو باشبوون بگۆڕێت، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بێت لەڕێی شۆڕشەوە بگۆڕێت. شاعیر باس لە (بەهاری سوور) دەکاتەوە، بەکارهێنانی وشەی (بەهار) لێرەدا هێمایە بۆ ئەو شۆڕشو ڕاپەڕینانەی لە قۆناغی نووسینی ئەم دیوانەدا لە ساڵانی (٢٠٠٩_٢٠١٠) لە وڵاتانی عەرەبی ڕوویانداوەو بە (بەهاری عەرەبی) ناسراون. دیارە شاعیر چاوەڕێدەکات ئەو بەهارەی لە نیشتیمانی ئەودا ڕوودەدات، (بەهارێکی سوور) بێت، واتە خوێناوی بێت، چونکە لەوە دڵنیایە، کە دەسەڵاتدارانی نیشتیمانی ئەو، هەروا بە ئاسانی، کورسیی حوکمڕانی بەجێناهێڵن.

**ئەو وەختەی نیشتمان**
**چاوی خۆی لە ئاست ئەو هەموو لاشەی غەدرە**
**ئەنووقێنێ، ئازارەکان**
**بیر لە بەهارێکی سوور ئەکەنەوە**[٣٧٨]

---

[377] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٧٧)
[378] سەرچاوەی پێشوو، ١٦٠_١٦١

١٥_ شاعیر باس له دووڕوویی نیشتیمان دەكات، كه چۆن لەژێر دەمامكدا خۆی شاردووەتەوە، هەر جارەو بەجۆرێكی جیاواز دەردەكەوێت، لەڕووكەشدا وەك فریشتە خۆی دەردەخاتو لەناخیشدا وەك شەیتانە. به دروشمو قسه وەك مرۆڤێكی ئازادیخواز دەردەكەوێتو به كرداریش له دڕندەو پیاوكوژ دەچێت.

**ئەمڕۆ نیشتمان لەسەر جادەی سەهۆڵەكە**
**خۆی كردبوو به فریشتەو دەمامكی یەكێك**
**له پاكیزەكانی بەستبوو.[٣٧٩]**

**ئەم نیشتمانه نیوەڕوان كه ئەیبینی**
**خۆیمان لێ ئەكا به (گاندی)و**
**له شەویشدا (بۆكاسا)یەو**
**به بەیانیان سۆفییەكی نوورانییەو**
**ئێوارانیش جلی (بارق)و (حەجاج)ی**
**لەبەردایه !**
**به ڕۆژ ئەو درەختی شیعرەو**
**به شەو تەورە**
**به ڕۆژ تیژ تیژی هەتاوەو**
**به شەو قەمەی شەوە زەنگە ![٣٨٠]**

١٦_ شاعیر له لاپەڕەكانی (١٦٤_١٦٧)دا ئازارو كێشەو گرفتەكانی ناو خەڵك باسدەكات. دەیەوێت لەڕێی ئازارەكانی ئەوانەوە ڕەخنەی توند ئاڕاستەی حوكمڕانه گوێ نەگرەكانی نیشتیمان بكات. ئەو وەك شاعیرێكی بەئاگا چیرۆكی ئازارەكانی برسێتیی منداڵێكی شیرەخۆرە تا پیاوێكی پیری نەخۆش وەكیەك دەگێڕێتەوە. لێرەدا شاعیر وێنەی نیشتیمان وەك دۆزەخێك دەكێشێت، كه جگەله ئازار، هیچ شتێكی تری تێدا نییه. وەك بیابانێك، كه قاتوقڕی، بڕستی لەبەر خەڵكەكەی بڕیوە. لەبەرانبەریشدا پیاوە حوكمڕانەكان نه گوێ له داواكارییەكانیان دەگرن، نه هەوڵیش دەدەن بارودۆخەكه بگۆڕن.

**مەمكه مژەیەك لەبەر پەنجەرەی ژوورەكانی گەڕەكەوە**
**ئەكڕووزانەوە ئەیانووت: شیر شیر. ڕەوە مامزێكیش**
**لەناو شیعرێكمەوە هاتنه دەرێو بەدەم باڕژن كردنەوە**
**ڕوویانكردە ئەو دەشتو دەرەو ئەیانوت: ڕوناكیی[٣٨١]**

---

379 شێركۆ بێكەس، ئێستا كچێك نیشتمانمه، (٢٠١١: ١٥٢)

380 سەرچاوەی پێشوو، ١٥٩

381 سەرچاوەی پێشوو، ١٦٧

١٧_ مەعشوقە کۆنەکەی شاعیر لە بەرانبەر ستایش‌و پێداهەڵدانیدا ئامادەیە کەمێك خزمەتگوزاریی پێشکەش بە هاولاتییەکانی بکات، بۆیە ئەم دیاردەیە لای شێرکۆ جێگەی شەرم‌و نەنگیی گەورەیە بۆ نیشتیمان، هەربۆیە لە لاپەڕەکانی (١٦٩_١٧١)دا بە تەنزو گاڵتەپێکردنەوە بەگژ ئەم دیاردەیەدا دەچێتەوە. شاعیر ئەم کارەی نیشتیمان بە گەمژەیی ناودەبات، چونکە نیشتیمان دەیەوێت منەت بەسەر هەموو ئەو کەس‌و شتانەدا بکات، کە چاکەیەکیان بەرانبەر دەکات، لەکاتێکدا ئەرکی سەرەکیی نیشتیمان ئەوەیە، خزمەتی هاونیشتیمانیانی خۆی بکات، بێ ئەوەی بیر لە هیچ جۆرە پاداشتێك بکاتەوە.

**ئەم باوکە چەنەبازەی من**
**ڕۆژێ دەیان جار پێم ئەڵێ:**
**چەترێکم بۆ شیعرەکانت دروست کردووە** [382]

**تۆ تاقە باوکی کە منەت بەسەر کوڕو**
**بەسەر کچ‌و بەسەر شەقام‌و بەسەر درەخت‌و**
**بەسەر گردی زیندووان‌و شەهیدان‌و**
**بەسەر باخچەو بەسەر بولبول‌و پارکەکانی**
**خۆتدا بکەیت !** [383]

١٨_ شێرکۆ لە لاپەڕەکانی (١٧٢_١٧٤)دا، دۆخی ڕابوردوو و سەردەمی شێخ بەبیر نیشتیمان دەهێنێتەوە، کە چۆن هەموو خەڵك لەپشت پیاوەکانی نیشتیمانەوە بوون، چۆن هەموو سەروەت‌و گیانی خۆیانی کردووەتە قوربانی بۆ نیشتیمان‌و شۆڕشەکەی، بەبێ ئەوەی چاویان لە پاداشت‌و دەستکەوت بێت. لێرەدا شاعیر جیاوازیی لەنێوان دوو هەڵوێستی جودا لە دوو قۆناغی جودادا دەکات. هەڵوێستی دڵسۆزانەی خەڵك لە قۆناغی شۆڕشدا بەرانبەر بە پیاوە حوکمڕانەکانی ئێستای نیشتیمان، هەڵوێستی خراپ‌و بەرژەوەندخوازانەی پیاوانی حوکمڕان بەرانبەر بە خەڵك لە قۆناغی دەسەلات‌و حوکمڕانییاندا. ئەم جیاوازیی هەڵوێستەش، وا لە خەڵك‌و شاعیر دەکات، دژی نیشتیمان‌و پیاوەکانی یاخیببن.

**بیرت چوو؟!**
**ئەو ساڵەی نەخۆشیە قورسەکەت گرتبوو؟**
**هەموو ڕۆژێ چەند جارێ**
**بە کەوچك دەرمانم ئەکردە دەمتەوەو**
**چەند شەویش لەسەر یەك**

---

[382] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٧٠)

[383] سەرچاوەی پێشوو، ١٧١

**من ئێشکی لەرزوتای تۆم گرتو**

**نەنووستم**

**پێم نالێی چیت هەبوو؟!** [٣٨٤]

١٩_ نائارامیو نەبوونی دادپەروەریو بوونی زوڵم لە نیشتیمانی شاعیردا، بوونێکی بەردەوامیان هەیە، بەڵام ئارامیو دادپەروەریی لەم نیشتیمانەدا باریانکردووەو بوونیان نییە.

**وشەی (هەق) بێ سەرو شوێنەو**

**دەمێکە کەس نەیبینیوە**

**وشەی (ئارام) ئەڵێ تاقەتم لێبڕاوە**

**ڕەنگە لەم وڵاتەدا ئیتر ناوی خۆم**

**بگۆڕم بە (ناکام)**

**بەڵام وشەی (غەدر)**

**هەموو ڕۆژ لە بەردەرکی سەرایەو**

**پیاسە ئەکاو**

**پڕ بە شاریش پێئەکەنێ** [٣٨٥]

بەکارهێنانی ناوی (بەردەرکی سەرا) لێرەدا، ئاماژەی سیاسیو کەلتووریو کۆمەڵایەتیو مێژوویی هەیە، چونکە ئەم شوێنە لە مێژووی شاری (سلێمانی)دا، هێمای دەربڕینی نارەزایەتی بووە دژی زوڵمو نادادپەروەریو چەوساندنەوە، چەندین ڕاپەڕینو خۆپیشاندانی گەورە لەم جێگەیەوە سەریانهەڵداوە، لەوانە خۆپیشاندانی (٦)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٣٠)، ڕووداوەکانی (١٧)ی شوباتی (٢٠١١)و چەندین ڕووداوی تر، بەڵام ئەرکو پێگەی ئەم هێما مێژووییە، لەسەردەمی دەسەڵاتی پیاوە گرژەکانی نیشتیمانەوە بۆ هێمای سەرکوتکردنو زوڵمکردن گۆڕاوە.

٢٠_ لە لاپەڕەکانی (١٨٦_١٨٩)دا، شاعیر دێتە سەر باسکردن لە لایەنێکی گرنگی تر، ئەویش بریتییە لە لەبیرکردنی شەهیدەکانی نیشتیمان. تەنها ئەو کاتە نیشتیمان ئەم شەهیدانەی لەبیرە، کە خزمەت بە پرۆژەی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی دەکەن لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە. ئەم مامەڵەیەی دەسەڵات لەگەڵ شەهیدەکانی نیشتیماندا، بە کارێکی شەرمهێنەر ناودەباتو تووشی سەرسوڕمان دەبێت، کە چۆن نیشتیمان دەتوانێت بێباکانە ئەو عەشقە جوانەی خۆی لەبیربکات.

**ئەمەوێ ڕووبەڕوو پێی بڵێم:**

---

[384] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٧٢)

[385] سەرچاوەی پێشوو، ١٧٨

**کە تۆ نەورەسە سەوزەکەی**

**چاوانی خۆت بیر نەمابێ**

**وا باشترە**

**هەر بەپێی خۆت**

**بچیتە ناو ئەو دەریاچەی**

**(شەرمانەوە)**

**کە دەمو چاوت ڕشتوونی**

**تا ئەخنکێی**[386]

٢١_ شێرکۆ بەهۆی ئەوەی هەرگیز نیشتیمانەکەی ئەو باش نابێتو توانای گۆڕانکاری لەخۆیدا نییە، بڕیاردەدات بەتەواوەتی نیشتیمان لەبیربکاتو هەموو ڕایەڵو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵدا بپچڕێنێت.

**من نیشتمانەکەم گێلە**

**لە خوێن ساردیو بیرچوونەوەو**

**بێباکیدا**

**لە هیچ نیشتمانێکی تر ناچێ**

**بۆیە منیش بڕیارم دا**

**وەك کراسێکی کۆنو**

**چاویلکەیەکی شکاوو**

**نامەیەکی بزرکراو**

**ئەوم لەبیر بچێتەوە**[387]

٢٢_ شاعیر بەهۆی خراپییەکانی نیشتیمانەوە لە (ئازادی)یش یاخیدەبێت، لەکاتێکدا بەشی زۆری ئەزموونی شیعریی (شێرکۆ بێکەس) بۆ باسکردن لە هەردوو چەمکی (نیشتیمانو ئازادی) تەرخانکراوە. هەمیشە ویستوویەتی لەڕێگەی ستایشکردنی (ئازادی)یەوە بەدوای شکۆی نیشتیماندا بگەڕێت، بەڵام کاتێك نیشتیمان جوانییەکانی نامێنێتو بەهاکانی خۆی لەدەستدەدات، ئیتر شاعیر لە یەك کاتدا هەم لە (نیشتیمان)و هەم لە (ئازادی)یش یاخیدەبێت. لێرەدا شاعیر بەراوردێك لەنێوان خۆیو (ئیلوار)[388]دا دروستدەکات. باس لەوە دەکات، کە چۆن (ئیلوار) وشەی (ئازادی) لەسەر زۆربەی شتەکانی نیشتیمان دەنووسیو بە مەزنی سەیریدەکرد، ئەو دێت لەجیاتی وشەی (ئازادی)، ناوی (ڕۆزانا)، کە

---

386 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٨١)

387 سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١

388 پول ئیلوار_ Paul Eluard (١٨٩٥_١٩٥٢): شاعیری بەناوبانگی فەڕەنسی، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سوریالیزم، دیارترین کتێبەکانی: خۆشەویستیو شاعیر، ئازادیی، ئێمەو ئازار، قەسیدەکان لەپێناو ئاشتیدا.

مەعشوقە نوێیەکەیەتی، لەسەر هەموو شتێکی سەر زەوی‌و ئاسمان‌و مانگو خۆرو ئەستێرەکان دەنووسێت، هەربۆیەش بەئەندازەی تووڕەیی‌و یاخیبوونی لە نیشتیمان، لە وشەی (ئازادی) ی نیشتیمان یاخیدەبێت‌و پرسەکە بۆ ئازادیی خودی مرۆڤ دەگۆڕێت. لەلاپەڕەکانی (٢١٥_٢١٩)دا، زۆر هونەریانە وێنەیەکی ناوازەی ئەو بەراوردە دەکێشێت.

**(ئیلوار)ی شاعیری فەڕەنسی نیو سەدە پێشتر**

**کە عاشقی ئازادیی بوو ناوی ئەوی لەسەر**

**هەموو شتێ نووسی. بەڵام من لەباتی ناوی**

**(ئازادی) یان (نیشتمان) یان (یەکسانی)**

**ناوی (ڕۆزانا) ئەنووسم**[389]

٢٣_ هەرچەندە شاعیر دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ نیشتیمان دروستبکاتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی نیشتیمان خەریکی دزیکردن‌و ژمارە ڕیزکردن‌و مامەڵەی خراپە لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، بۆیە ئامادە نییە لەگەڵ شاعیردا ئاشتببێتەوە، ئەمەش وا لە شاعیر دەکات درێژە بە پرۆژەی یاخیبوون لە مەعشوقە کۆنەکەی بدات، لە لاپەڕەکانی (٢٧٠_٢٧٢)دا، جەخت لەم بیرۆکەیەی دەکاتەوە بەرانبەر بە نیشتیمان.

**لەسەر جادەی سەهۆڵەکە ڕاوەستاوم**

**من ژمارەی تەلەفۆنی نیشتمانم**

**لە دۆستێکی نزیکی خۆی وەرگرت**

**وتم بزانم چی ئەکات؟ دەم‌و چاوی نەگۆڕاوە؟!**

**قسەکانی نەگۆڕاوە؟ لەو وەختەوە من نەمدیوە**

**سەری هەر سەری جارانە؟! ژمارەکەی ڕیزێ**

**سفری دوورو درێژی نەگریس‌و بێزارکەر بوون! چەند جار،**

**چەند جار، ئەو هەموو سفرانەم لێدا. بۆ جارێکیش**

**نیشتمان خۆی هەڵینەگرت**[390]

٢٤_ نەوەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) نیشتیمانێکی بینیوە، کە پڕیەتی لە خوێن‌و کوشتن‌و خیانەت. ئەم جۆرە نیشتیمانە هەر دەبێت ڕقت لێبێت‌و لێی یاخیبیت.

**هەرزەکاریم وەک ئاوی ترساو ئەڕۆیشت‌و**

**وەک گوڵێکی نادڵنیا شەوان ئەنووست**

**ئەوەی یەکەمجار بەیانیان ئەیوت: ڕۆژباش**

---

389 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢١٥)

390 سەرچاوەی پێشوو، ٢٧٠_٢٧١

**برسێتی بوو**

**ئەوەی یەکەمجار شەوانیش ئەیوت شەوباش**

**ترس‌و بیم بوو**[391]

٢٥_ شاعیر بۆ دەرخستنی یاخیبوونی خۆی بەرانبەر بە نیشتیمان، پەنادەباتە بەر شەقامی (سالم) _سەهۆڵەکەی سلێمانی_، وەك شەقامێکی زیندووی شارو هێمای بەرخۆدان‌و دەربڕینی ناڕەزایەتی‌و شەقامی هەستانەوەو بەگژداچوونەوەی دەسەڵات.

**ئەم جادەیە جادەی بەبادانی شیعرە وەکو بەبادانی خەم‌و**

**ئەم سەهۆڵە سەهۆڵی هەناسەی ساردی ئەو نەورەسانەن**

**ئێواران، مل هەڵئەسوون لە ناکامی‌و لەیەکتری‌و**

**عەشقیش ئەکەن بە سترانی سپی لێرە !**[392]

٢٦_ شاعیر هەرچەندە تا دوا ئاست لە نیشتیمان تووڕەو یاخییە، بەڵام پرۆژەیەك دادەنێت، بۆئەوەی نیشتیمان‌و پیاوەکانی بەرەو چاکسازی بەرێت. پرۆژەکەی شاعیر لەڕێی ئەو ڕەخنە توندانەوەیە، کە لە بونیادو مێژوو و پیاوەکانی دەگرێت‌و پێیوایە نیشتیمان تا بە گوێی پلان‌و پرۆژەکەی شاعیر نەکات، ناتوانێت ڕاست ببێتەوەو قۆناغی نەهامەتی بەجێبهێڵێت.

**نوکی قەڵەمێکیش ئەیوت:**

**ئەی نیشتمانە نووستووەکەم**

**من دەرزی ئاژنی جەستەت ئەکەم**

**هەتا هەڵسیتە سەر پێیان‌و**

**ببی بە سێڵاوو زریان**

**چی پاشماوەی ئەم دیرۆکە ڕزیوەیە**

**بە دارو پەردووی درۆوە**

**هەمووی لەگەڵ خۆتدا بەری**[393]

٢٧_ شاعیر لەم دیوانەدا دەیەوێت بەناوی هەموو خەڵکەوە دژی نیشتیمان بوەستێت‌و لێی یاخیبێت، دواجاریش ئەو یاخیبوونە تاکەکەسییەی خۆی بکاتە پرۆژەیەکی گشتیی یاخیبوون.

---

[391] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ٢٧٨)

[392] سەرچاوەی پێشوو، ١٨٤

[393] سەرچاوەی پێشوو، ١٧٩_١٨٠

**لە پێشدا توورەبوونەکان لە شێوەی**
**دڵۆپ دڵۆپی بچووکدا... چکە چکە**
**دائەدەنو دێنەخوارێ**
**....................**
**....................**
**ڕەنگە ئەو دڵۆپانەیش یەکتری نەناسن**
**بەڵام لە دواییدا هەموو یەك ناو**
**بۆ خۆیان هەڵئەبژێرنو ئەبن بە سێلاو** [٣٩٤]

٢٨_ شێرکۆ تەنانەت دوای ئەوەی مەعشوقە نوێیەکەی دەدۆزێتەوەو بەتەواوەتی عاشق دەبێتو وەك خۆی دەڵێت، بەهۆیەوە هەموو ئازارو برسێتیو زوڵمو نادادپەروەرییەکانیشی بیردەچنەوە. جارجار بۆ پیشاندانی بەرزیی ئاستی عەشقەکەی بۆ ڕۆژاناو ناشیرینیو کەموکوڕییەکانی نیشتیمان، دێتەوە سەر باسکردنی خراپیو ناشیرینییەکانی نیشتیمان.

**باخێکی ڕاپەڕین وتی:**
**ئەو نیشتمانەیان گوزەشت**
**کە ڕۆژ نەبوو یەکتریمان تیا نەدیایە**
**کە ڕۆژ نەبوو من ماچێکم نەکردایە**
**کە ڕۆژ نەبوو بەیانیان زوو**
**چەپکێ گوڵم بۆ سەر مێزە بێگەردەکەی نەبردایە.** [٣٩٥]

٢٩_ دواجار شاعیر لەم دیوانەدا، جاڕی یاخیبوونو دابڕانی تەواوەتی لە نیشتیمانو مێژووەکەی دەداتو هەموو ئەو ڕێگایانە دادەخات، کە بە نیشتیمانەوە دەیبەستنەوە.

**لە ئێستەدا منو نیشتمان لە یەکتری دابڕاوین**
**لە یەکتری جوێ بووینەتەوە. وەك دابڕانی دەربەندێ**
**لە چیایەك. وەك جیابوونەوەی نێوانی شاخو داخێ**
**بە خەرەندی. لە ئێستادا منو نیشتمان تەواو تەواو**
**لە یەکتری دابڕاوین. لە ڕۆحەوە دابڕاوین. لە لەشەوە**
**دووکەرت بووینو بە یەکتری ناگەینەوە. بووین بە دوو**

---

394 شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، (٢٠١١: ١٨١)

395 سەرچاوەی پێشوو، ٢٧٤

**لای پردێکی ناوقەد داڕووخاو. من کەوتوومەتە**
**ناو دۆڵی بیرچوونەوەی ڕۆژژمێرێکی ئەوەوەو ئەویش**
**بەو ئاسمانەوە تەکەی دێو هەر خۆی لەگەڵ خۆیدا**
**ئەدوێ !** [٣٩٦]

شێرکۆ لەم دیوانەدا، وەك شاعیرو وەك مرۆڤ، بە ئەرکی یاخیگەرانەی خۆی بەرانبەر بە نیشتیمانی خراپەکاریو نادادپەروەریی هەڵدەستێتو ئەوەی ئەرکی ڕۆشنبیر بێت لەم بوارەدا ئەنجامیدەداتو لەجیاتی هەموو، وەك ڕووناکبیرێك ئەو ئەرکە قورسو گرانە لەئەستۆدەگرێت، وەك (ئیدوارد سەعید) دەڵێت: "ڕوناکبیر کەسێکە کە بەهۆی بوونی گێڕانی رۆڵی نوێنەری هەموو ئەو خەڵكو باسگەلێکە کە لە ڕەوتی ئاساییدا، یان فەرامۆش کراوە یان خراوەتە ژێر بەردەوە"[٣٩٧]، ئەو جەختدەکاتەوە "روناکبیر تاکێکە خاوەنی هێزێکی زەینیە بۆ تێگەیاندن. بەرجەستەکردنو رونکردنەوەی پەیامێك، تیۆرییەك، شێواز، فەلسەفە یان بیر بۆ هەمووانو روو لە هەمووان". بە دەربڕینێکی سادەتر، ئیدوارد سەعید هێشتا باوەڕی بەوە هەیە، ڕووناکبیران رۆڵی نوێنەرایەتیو هۆشیاری خەڵك دەبینن."[٣٩٨]

بەکورتی وەك (بەختیار عەلی) دەڵێت: "شێرکۆ لەم دیوانەدا بە تەواوەتی دەبێت بە شاعیری یاخیبوونو دەیەوێت لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا وەك گەنجێکی بیست ساڵ ببینێتو هەست بکات. وا دەکات ئینتیمای بۆ داهاتووی ئەو گەنجانە بەهێزتر بێت، نەوەك لە ئینتیمای بۆ ئێستا یان ڕابوردووی خۆی. شیعری شێرکۆ لەو جۆرانەیە کە دەتوانێت خیانەت لە هەموو موقەدەساتی دێرینی خۆی بکات لەپێناوی ئەوانەدا کە سبەی لەدایك دەبن. شێرکۆ دواجار دەیەوێت بڵێت ئەمڕۆ نەوەیەك لەسەر شەقامەکانی نیشتیمان وەستاوە کە ئینتیمایان بۆ عەشق لە ئینتیمایان بۆ ئەم پیاوە گرژو پیرو قەڵەوو مۆنە زیاترە کە خۆی ناوناوە نیشتیمان. واتە نیشتیمان بە ماناو وێنای نەوەیەك دەگۆڕێتو نیشتیمانێکی تر لەدایك دەبێت کە نەوەیەکی دی دیاریدەکات چییەو چۆن دەبێت."[٣٩٩]

---

[396] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانە، (٢٠١١: ٢٧٣)

[397] ئیدوارد سەعید، ڕۆڵی ڕووناکبیر، و: ئەبوبەکر خۆشناو، (٢٠٠١: ٣٦)

[398] سەرچاوەی پێشوو

[399] بەختیار عەلی، شێرکۆو یاخیبوون لە نیشتمان، وتارێکی نووسەرە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە)دا، (٢٠١١: ٢٩٣_٢٩٤)

## وێنەکانی یاخیبوون لە دیوانی (شرق عدن   غرب الله...)ی محەمەد ماغوتدا

### ژیانو یاخیبوون لە ئەزموونی شیعریی (ماغوت)[400]دا

محەمەد ماغوت لەناو ئەدەبیاتی عەرەبیدا، یەکێکە لە دیارترین ئەو شاعیرانەی، کە بەتەواوەتی، ژیانو ئەزموونە شیعرییەکەی، ئاوێتەی یەك بوون، بەجۆرێك کارێکی گرانە ئەو دووانەیە لێکجودابکرێنەوە. (ئەو خاوەنی کەسایەتییەکی مرۆڤانەی دژ بەیەکە هەر لە زگماکیی _فیترەت_ەوە، ئەمەش بەڕوونی لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت. وەك خۆشی دەڵێت: من ئەوەم، ئەمە سروشتی منە، ناتوانم هیچ شتێکی لێ بگۆڕم. هەر ئەم کەسایەتییەی شاعیر، ڕاستەوخۆ لە داهێنانە ئەدەبیو شیعرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە)[401]. لەمبارەیەوە، ڕەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبی، باس لەوە دەکەن، کە کاریگەریی ژیانی شاعیر لەسەر ئەزموونە شیعرییەکەی بەجۆرێکە، هەر لە یەکەم دێڕی نووسینەکانییەوە ئەو کاریگەرییە دەردەکەوێت. (شوقی بزیع) دەڵێت: "لە یەکەم دێڕەوە هەست دەکەیت لەبەردەم شاعیرێکی ڕاستەقینەدا وەستاویت، کە هەرگیز نایەوێت لەڕێی لێهاتوویی‌و ڕازاندنەوەو ڕەوانبێژییەوە خۆی دەربخات، بەڵکو شیعرەکانی تەنهاو تەنها لە ژیانەوە سەرچاوەیان گرتووە."[402]

"ماغوت ئەو شاعیرە ناوازەو دەگمەنە بوو، کە زیندانو هەژاریو ناماقووڵییەکانی ژیان، کردیان بە شاعیر، ئەو خۆی لە وتارێکدا دەنووسێت: تەواوی نووسینو بەرهەمەکانم بۆ لەبیرکردنی ئەو ترسو ئازارەیە، کە زیندان لە منیاندا چاند. ئەوانەی لە نزیکەوە ماغوتیان ناسیوە، درکیان بەو تارماییە ترسناکە کردووە، کە بەدرێژایی هەموو تەمەنی، بەدوایەوە بووە. جوانیو مەزنیی ماغوت لەوەدایە، ڕاستگۆیانە دەینووسی، نەخۆشیو ئازارو نەهامەتییەکانی خۆی دەنووسییەوەو باکی بەوە نەبووە، خەڵکی چۆنی دەبینن، شیعر لای ئەو پەناگەی نەهامەتییەکانی مرۆڤ بوو."[403]

---

[400] (محەمەد ماغوت) ناوی تەواوەتی، (محەمەد ئەحمەد عیسا ماغوت)ە، نووسەرو شاعیرێکی سوورییە، لە شارۆچکەی (سەلمییە) لە پارێزگای (حماة) لە ساڵی (١٩٣٤) لەدایکبووە، هەر لەو شارۆچکەیەدا خوێندوویەتی، بەڵام بەهۆی هەژارییەوە لە ئامادەیی کشتوکاڵ وازی لە خوێندن هێناوە. (ماغوت) لەسەرەتای لاوێتیدا دەچێتەناو پارتی نەتەوەیی سوریاوە، لە (١٩٥٥/٤/٢٢) دوای تیرۆرکردنی (عەدنان مالیکی) دەستگیردەکرێتو دەخرێتە زیندانی (المزة) لە دیمەشق. دوای ئازادکردنی، دەچێتە لوبنانو پەیوەندیی شیعریی لەگەڵ شاعیرانی ناوداری عەرەبی وەك (ئەدۆنیسو یوسف خال، بەدر شاکر سەیاب.....هتد) دروستدەکات. یەکەم بەرهەمی چاپکراوی لە ساڵی (١٩٥٩)دا بەناوی (دڵتەنگی لەژێر تریفەی مانگ)و دووەم بەرهەمیشی ساڵی (١٩٦٠) بەناوی (ژوورێك بە ملیۆنان دیوار) بڵاودەکاتەوە. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری (الشرطة)، کە بەرهەمی ئەدەبیی تێدا بڵاودەکرایەوە. (ماغوت) لەپاڵ شیعردا، لەبواری ڕۆژنامەو شانۆنووسیدا دەستێکی باڵای هەبووە. بەشی زۆری دەقە شانۆییەکانی کراونەتە شانۆو نمایشکراون. شاعیر یەکێك بووە لە نووسەرە دیارەکانی گۆڤاری (شیعر) لە (لوبنان). ئەم گۆڤارە ڕۆڵێکی گەورەی لە نوێکردنەوەی ئەدەبی عەرەبیدا هەبووە. دیارترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی: (حزن في ضوء القمر، غرفة بملايين الجدران، العصفور الأحدب، الفرح ليس مهنتي، مسرحية المهرج، مسرحية خارج السرب، مسرحية كاسك يا وطن، رواية الأرجوحة، سأخون وطني....). لەڕۆژی (٢٠٠٦/٤/٣) کۆچیدوایی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: https://weziwezi.com

[401] ایمان عبدو عبدالقادر، صورة الأنسان في شعر محمد الماغوط، (٢٠١٠: ٤٤)

[402] سەرچاوەی پێشوو، ٤٥

[403] جواد خەلیل، بۆ دەبێ ماغوت بخوێنینەوە، گۆڤاری هەڵمەت، ژمارە (٢٤)، (٢٠١٥: ٢١)

کەواتە ماغوت زۆر نزیکبووە لە ئەو ئازارو نەهامەتییانەی، گەلانی سوریا چەشتوویانە لەبوارەکانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ئایینیو کەلتورییەوە، ئەو تەنها ئازارەکانی ناو کۆمەڵگاکەی خۆی کردووە بە شیعرو زۆر بە ڕاشکاویش، ئەم بۆچوونە لە شیعرەکانیدا دەخاتەڕوو، کاتێك دەڵێت:

**"علي مدار الساعة**

**أمد دفاتري من النافذة**

**و كل ما يعلق أو يصطدم أو يستجير بها**

**يصبح شعرا لا محالة**

**و أمنحهم ثقتي و رعايتي و بركتي**

**المريض أعالجه**

**القذر أنظفه**

**الخائن أطمئنه**

**الضائع أرشده**

**و نضم بعضنا كعائلة واحدة**

**بحيث لا يلزمنا الا سقف ما**

**و لو على ظهر دراجة."[٤٠٤]**

دەقەکەی سەرەوە بە زمانی کوردی:

**(بەدرێژایی تێپەڕبوونی کاتژمێرەکان**

**دەفتەرەکانم لە پەنجەرەکەوە درێژ دەکەمو**

**هەموو ئەوەی پێیدا هەڵدەواسرێت، یان بەریدەکەوێت یان پێوەی ڕادەکێشرێت**

**مەحاڵە نەبێتە شیعر**

**متمانەو چاودێریو بەرەکەتی خۆمیان پێدەبەخشم**

**نەخۆش چارەسەر دەکەم**

**پیس پاك دەکەمەوە**

**ناپاك دڵنیا دەکەمەوە**

**ونبوو ڕێنمایی دەکەم**

**وەك یەك خێزان باوەش بە یەکدا دەکەین**

**کە هیچمان پێویست نەبێت، ساپیتەیەك[٤٠٥] نەبێت**

---

[404] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٧٥)

[405] ساپیتە: بە واتای بنمیچی خانوو دێت.

### ئەگەر بەسەر پشتی پاسکیلێکیشەوە بێت)[٤٠٦]

بەڕای ڕەخنەگران، شیعری ماغوت لەسەر بنەمای سەلیقەو جیهانبینیی تایبەتیی خۆی بۆ ژیانو کێشەکانی ژیان بونیادنراوە. ئەگەر بۆ شاعیرێکی تر گونجاو بێت باس لەوە بکەین، کە لە دەرەوەی ئازارەکانی ناو ژیانی شاعیرو کۆمەڵگاکەی، ئەگەری بوونی هۆکارێکی تر هەبێت بۆ نووسینی شیعر، ئەوا دەبێت لەبەردەم ئەزموونی (ماغوت)دا ددان بەوەدا بنێین، کە سەرچاوەی شیعرەکانی، تەنها ئەو بەهرە تایبەتییە بووە، کە خودی شاعیر هەیبووەو هیچی تر لەم بوارەدا ڕۆڵنابینێت. "شیعری ماغوت دەرئەنجامی سەلیقەو بەهرەی تایبەتیی خۆیەتی، هەر ئەوانەش پێکەوە بوونەتە شیعر لای ئەو. شاعیر دوورە لە سوودبینین لە ڕۆشنبیریی‌و تیۆرو ئایدۆلۆژیاکان، کە دەبنە هۆکاری بەرتەسککردنەوەی ئەرك‌و کاری شیعر."[٤٠٧]

ماغوت خاوەنی بیرو فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، هەروەها لەڕووی زمان‌و هونەرەکانی ڕەوانبێژیشەوە، تەواو باڵادەستە (لە پارەکانی دواتردا زیاتر لەم بابەتە دەدوێین). "شیعری ماغوت لەڕووی بەکارهێنانی هونەری وەکیەکی‌و وێنەوە دەوڵەمەندەو لەم بوارەشدا، زیاتر جادووی هونەری خۆی لەژێر ئەو هونەرەدا چڕکردووەتەوە، کە پێیدەڵێن (ئاسانیی لەدەست نەهاتوو) سهل الممتنع."[٤٠٨]

شاعیر بەردەوام لەکۆی نووسین‌و چاوپێکەوتنەکاندا جەخت لەسەر خاڵێکی گرنگ دەکاتەوە، کە هەمیشە ئەوەی ئەو وەك شاعیر دەینووسێت، کردەیەك بێت لە نووسینەوەی خودی خۆی‌و ژیانی خۆی‌و ئەوە بێت، کە ژیان‌و ئازارەکانی ژیان فێریانکردووە "من شاعیرێکم لە ژیان‌و ئەزموونەوە هاتوومەتە دەرەوە، نەك لە ڕۆشنبیریی‌و کتێبەوە."[٤٠٩]

شاعیر هەرچەندە کێشەیەکی قووڵی لەگەڵ ژیاندا هەیەو پێیوایە ژیان هۆکارێك نییە بۆ خۆشیی ژیانی، تەنانەت یەکێك لە دیوانەکانی ناودەنێت (خۆشی پیشەی من نییە)، لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێت دەستبەرداری ژیان بێت‌و ببێتە شاعیری پاڕانەوەو ئاخ هەڵکێشان بەرانبەر بە ژیان‌و نەهامەتییەکانی، بەڵکو دەیەوێت بیگۆڕێت‌و ڕەخنەی لێبگرێت، وەك خۆشی وێنایدەکات، ئەو شاعیری بەرەنگارییە، نەك ناڵین‌و پاڕانەوە "من شاعیری بەرەنگاریم، بەڵام نەك لەسەر شێوەی شاعیرانی مینبەر هاواردەکەن‌و دەناڵێنن."[٤١٠]

ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لای فەیلەسوف‌و شاعیرانی تری یاخی، بوونێکی بەرچاوی هەیە، کە بە بەردەوامی لەنێوان ڕەتکردنەوەو قبوڵکردنی ژیاندان، بەڵام بە فۆرم‌و ناوەڕۆکی تایبەتیی خۆیان، نەك ئەوەی لەباری گشتیدا بوونی هەیە. فەیلەسوفێکی وەك (ئەلبێر کامۆ) جەخت لەم دۆخە دەکاتەوە، بەوەی مرۆڤ دەبێت لەگەڵ ژیان ڕابێت‌و لێی تێبگات.

---

[406] ئەم دەقە، وەرگێڕاوی دەقە شیعرییەکەی پێشووە بۆ سەر زمانی کوردیی، وێڕای نووسینەوەی خودی دەقە بنەڕەتییەکە بە زمانی عەرەبیی، کە وەك نموونەیەك وەرگیراوە، بەڵام لە کۆی لێکۆڵینەوەکەدا، لەبەر زۆریی ژمارەی لاپەڕەکان، وا بە باش زانراوە، کە تەنها دەقە وەرگێڕاوەکە بە زمانی کوردیی دابنرێتەوەو کاری لەسەر بکرێت.

[407] زينب عساف و ماهر شرف الدين، أمية الأنبياء و الشعراء، نقد، عدد (٧١)، شتاء، (٢٠١٢: ٣)

[408] سەرچاوەی پێشوو

[409] سەنییە ساڵح‌و محەمەد ماغوت، گەردنی نەماوە بۆ بڕین، و: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، (٢٠١٧: ٤٢)

[410] سەرچاوەی پێشوو، ٤٩

ئەمەش كارێكە تەنها خودی مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامیبدات، نەك هیچ هێزێكی تر. "مرۆڤ لەبەرئەوە دەژی كە دەیەوێ بژیو ژیانی هەڵبژاردووە. لەبەرئەوە مرۆڤ دەبێ ئەو شتانە بزانێ كە دەیكات. لەبەردەم هەموو بێشانسیو ناخۆشییەكاندا بوەستێت. بیركردنەوەی بەتاڵو بێسوود بخاتە ژێر پێی، ژیانی مرۆڤ بە هەموو واتایەكی تەواو بریتییە لە هەڵبژاردنی. واتای ئەوەیە، دەبێ بیری لەوە كردبێتەوە، كە ژیان ناماقوڵە، دنیا ناهەقییە، لەوانەیە خوا كەڕ بێت. مرۆڤ دەبێت هەموو شتێك لەدەست بدات، بۆئەوەی بتوانێ هەموو شتێك بەدەست بێنێت."[411]

ئەگەر سەرنج لە ژیانو ئەزموونی شیعریی ماغوت بدەین، دەبینین لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە، كە دەزانێت ژیان پڕیەتی لە زوڵمو نادادپەروەریو ناهەقی، بەڵام ئەو دەیەوێت هەموو ئەو ناشیرینیو زوڵمە بگۆڕێتو بەگژیدابچێتەوە، یاخود دەتوانین ڕاستەوخۆ ئەوە بڵێین، كە شاعیر هەموو ژیانی خۆی لەدەستدەدات بۆئەوەی ژیانێكی باشتر بەدەستبهێنێت. ماغوت هەموو شتێكی ژیانی، كاریگەریی گەورەی لەسەر جیهانبینیو ئەزموونی شیعریی ئەو بەجێهێشتووە، هەر لە گوندەكەیو زیندانو هەژاریو دەسەڵاتو دابونەریتو ئایین تا دەگاتە باوكو دایكی، لە هەموو ئەمانە یاخییەو نایەوێت وەك خۆی قبوڵیان بكات، هەریەك لەمانەش كەم تا زۆر، كاریگەرییان لەسەر ژیانو ئەزموونی شیعریی ئەو هەبووە. بۆ نموونە (باوك) لە شیعری ماغوتدا وەك سەرچاوەی ڕقو تووڕەییو شەڕ ئامادەبوونی هەیە. دۆخی ڕقلێبوونەوە لە باوك وەك هێمای دەسەڵات لە هەموو كۆمەڵگایەكدا بوونی هەیە. بەتایبەتی لە كۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییە دواكەوتووەكاندا هەمیشە باوك وەك خاوەن دەسەڵاتێك دەردەكەوێت، كە زۆرجار پێی سەرسامینو زۆر جاری تریش لێی دەترسینو ڕقمان لێیدەبێتەوە، ئەم بۆچوونانەش (فرۆید) لە كتێبی (میتا سایكۆلۆژی)دا، زۆر جەختی لەسەر كردوونەتەوە، تەنانەت بەشی زۆری فەلسەفەكەشی لەسەر بونیادناوە. (محەمەد ماغوت)یش لە ژینگەیەكی دەشتەكیی دواكەوتوو لە سوریا لەدایكبووە، كە تێیدا باوك بەرپرسو گەورەو دەسەڵاتداری خێزان بووە، خۆی لەنێوان قەدەغەكراوەكانی كۆمەڵگاكەیدا بینیوەتەوە. نەیویستووە ئەو واقیعە قبوڵبكات، خۆشی بە سروشت یاخیبووەو هەوڵیداوە ئەو بنەمایانە بشكێنێت، بەردەوام سێبەری پیرۆزیی باوك بەسەریدا زاڵبووە، كە نەوە دوای نەوە ماوەتەوە. ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی هەستی دژایەتیی دەسەڵاتی باوك لە ناخیدا چەكەرەبكات، باوكیشی هەستی بەو دۆخە كردووە. لەمبارەدا ماغوت لەبەردەم دوو هەڵبژاردەدا بووە، یان ئەوەتا دەبێت هەموو ئەو شتانە بڵێت، كە بڕوای پێیانە، یاخود خۆی ڕادەستی واقیعی سەپاو بكاتو خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت. ماغوت پشتی لە هەژموونی باوكسالاری كردو خۆی گۆشەگیركردو لە خەڵكی دووركەوتەوە.[412]

لە قەسیدەی (توتنو شەقام)دا دەڵێت:

**باوكم زۆر خۆشی نەدەویستم، وەك كەنیزەك لە پشتەملی دەدام**

**لە بازاڕ جوێنی پێدەدام**

**لەنێوان خانووە قڵێشاوەكان وەك دەستی هەژاران**

**هەموو منداڵیم**

---

[411] ئەلبێر كامۆ، ئەزموونەكانم، و: سامان كەریم، (٢٠١٧: ١٣)

[412] لوئي ادم، محمد الماغوط (وطن في وطن)، (٢٠٠١: ٣٥_٣٦)

**لەدەستچوو لەدەستچوو**[٤١٣]

لە شانۆگەریی دەرەوەی ڕەو (خارج السرب)دا لەسەر زاری (رومیوی پاڵەوان) دەربارەی باوکی دەڵێت:

**ڕقم لە باوکم بوو، چونکە دوژمنم تێدا دەبینی**[٤١٤]

کاری شاعیر لە تێکڕای ئەزموونی شیعر نووسینی خۆیدا لەسەر دەرخستنی ئەو پەیوەندییە بووە، کە لەنێوان شاعیرو ژیانو ژینگەکەیدا هەبووە. ئەو پێیوابووە، کاری ئەو بریتییە لە تێکدانی ئەو جۆرە پەیوەندییە باوەی، شاعیر ناچاردەکات وەك مرۆڤی ئاسایی بژی. لەکاتێکدا ئەرکی شاعیر ئەوەیە، هەم ژیانو جیهان جوان بکات وەك ئەوەی خۆی دەیەوێتو هەم ژیانو جیهانیش تێکبدات وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت. "مرۆڤ لەڕێی شیعرەوە لەسەر زەمین نیشتەجێ دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا، شیعر هەوڵدانە بۆ یاخیبوونو تێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەی، کە مرۆڤ بە جیهانەوە دەبەستێتەوە، بۆیە ئەگەر شاعیر جارێك خوڵقێنەری پەیوەندییەك بێت بە جیهانەوە، کە لەڕێی ئەفراندنی دونیایەکی شیعرییەوە ئەو پەیوەندییە دروست بکات، بەڵام جارێکی دیکە هەر لەڕێی شیعرەوە ئەو پەیوەندییە هەڵدەوەشێنێتەوەو هەوڵی تێکدانەوەی ئەو جیهانە خوڵقێنراوە دەدات، کە خۆی خوڵقاندوویەتی. بۆیە شیعر ئەو ژانرەیە، کە تا دوائاست سرکو یاخییەو ناخوازێت لە شوێنێکدا ئارام بگرێت."[٤١٥]

لەمڕووەوە، هیچ شاعیرێك لەناو شاعیرانی عەرەبدا هێندەی ماغوت کاری لەسەر ئەو سەرزەمینە ساختەیە نەکردووە، کە تێیدا ژیاوەو گەورەبووە، لەبەرئەوەی ماغوت لەو بڕوایەدا بووە، هەموو ئازاری خۆیو گەلەکەی لەو سەرزەمینە ساختەیەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ناوی لە خۆی ناوە (نیشتیمان)، هەربۆیەش یەکێك لە بەناوبانگترین شاکارەکانی خۆی ناودەنێت (خیانەت لە نیشتیمان دەکەم)، ئەویش وەك هێمایەك بۆ تێکدانو پچڕانی پەیوەندیی لەگەڵ سەرزەمینە ساختەکەیداو پاشان هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سەرزەمینێکی ئازاد. هەروەك لە یەکێك لە قەسیدەکانی (خیانەت لە نیشتیمان دەکەم)دا بەناوی (لە شەمەندەفەرێکدا دەڕوات، یان لە فڕۆکەیەکدا دەفڕێت) دەڵێت:

**نا....**
**ئەم خاکە خاکی من نییە**
**ئەم دەریایانە دەریای من نین**
**ئەم میدیایانە میدیای من نین**
**ئەم سرودانە سرودی من نین**
**ئەم سنوورانە سنووری من نین**
**ئەم سوپایانە سوپای من نین**
**ئەم دوژمنانە دوژمنی من نین**

---

413 لوئي ادم، محمد الماغوط (وطن في وطن)، (٢٠٠١: ٣٦)

414 سەرچاوەی پێشوو

415 ئارام سدیق، زمانو شیعرییەت، (٢٠١٧: ٧)

**ئەم هاوڕێیانە هاوڕێی من نین**
**ئەو سەرکەوتنانە سەرکەوتنی من نین**
**ئەو شکستانە شکستی من نین**[416]

لێرەدا شاعیر زۆر بەڕوونی هەموو پەیوەندییەکی خۆی لەگەڵ سەرزەمینی لەدایکبوونو ژیانیدا دەپچڕێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە یەکەم نووسینی شاعیرەوە تا دوا نووسینی، شەڕی ئەو لەگەڵ ئەو نیشتیمانە ساختەیەدایە، کە بووەتە مایەی خۆشبەختی بۆ دەسەلاّتدارەکانو نەهامەتیی بۆ خەڵكو هەژارو برسییەکان، بەجۆرێك لە هیچ شوێنو نووسینێکی شاعیردا نییە، باس لەو پەیوەندییە نەکرێت، کە لەنێوان خۆیو نیشتیمانی ساختەدا بەردەوامیی هەیە.

تەنانەت کاتێك باس لە شوێنی لەدایکبوونی خۆشی دەکات، هەمان هەستو بیری تایبەتیی خۆی بەرانبەر دەردەبڕێت، هەرچەندە لە زۆر شوێندا باس لەوە دەکات، کە سێ شوێن بەهای تایبەتییان لە ژیانیدا هەیە، ئەوانیش (سەلمیەو دیمەشقو بەیروت)ن. بەتایبەت (سەلمیە) بۆ ئەو، شوێنگەی ئازارو نەهامەتییە، بەدرێژایی ئەزموونی شیعر نووسینی وەك تارماییەك ماوەتەوەو لە هەموو بۆنەیەکدا شاعیر گەڕاوەتەوە سەر باسکردنی وەك یەکێك لەو هۆکارانەی، بووەتەهۆی یاخیبوونی شاعیرو ڕەتکردنەوەی دەسەلاّتو بانگەوازکردن بۆ شۆڕشو ڕاپەڕین، وێڕای پیشاندانی (سەلمیە) وەك هێمای قوربانیدانو زوڵملێکردنو دواکەوتوویی.

**سەلمیە**

**سەلمیە... ئەو فرمێسکە بوو**
**کە ڕۆمانەکان بەسەر یەکەمین**
**دیلدا ڕشتیان**
**کە کەلەپچەی بە ددانەکانی کردەوە**
**سەلمیە... ئەو منداڵە بوو**
**لە کەناری ئەورووپاوە ساتمەی کردو**
**یاری بە گوارە فاتیمییەکانیو**
**بە کاکۆڵی زێڕینی دەکرد**
**لەو کاتەوە دانیشتووەو هەر دەگری**
**بووکە شووشەکەی لە دەریادایەو**
**پەنجەکانی لە بیابان**
**لە باکورەوە ترسو**
**لە باشوورەوە خەفەتو**
**لە ڕۆژئاواوە قەلەڕەشو گردۆڵکەکان**
**سنووریان بۆ کێشاوە**[417]

---

[416] ماغوط، سأخون وطني، (١٩٨٧: ٥٠١)

[417] محمد الماغوط، الفرح ليس مهنتي، و: کارزان عەلیو حسێن لەتیف، (٢٠٠٦: ١٩_٢٠)

بەهۆی زۆریی کێشەو گێروگرفتە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابورییەکانەوە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەدواوەو بەدیاریکراوی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، ئەرکی شیعر گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات، بەجۆرێك بەشی زۆری شیعری شاعیرانی ڕۆژهەڵات، باسکردنە لەو کێشە قووڵانەی مرۆڤ، کە بەدەست بارودۆخەکەوە تووشیهاتوون. (بەشێوەیەکی گشتی، شیعری عەرەبیی هاوچەرخ گوزارشت بووە لەو دۆخە دەروونیو هەستو سۆزو هەڵچوونە خودیانەی شاعیرو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە. هەروەها وێنەکێشانی ناخی مرۆڤەکان بەرانبەر ئەو داڕووخانە جیاوازانەی، کە هاتوونەتە بەردەمیان)[418]. لەلایەکی ترەوە (شیعری هاوچەرخ بەتەنها بریتی نەبووە لە میزاجی تاکەکەسیو بڕیارێکی تاکلایەنانە، بەڵکو هەڵوێستێکی تەواو بووە بەرانبەر بە ژیانو کێشەکانی نیشتیمانو شۆڕشو ڕاستەوخۆ گوزارشت بووە لە شۆڕشو گیانی سەردەمەکەی).[419]

ماغوت وەك یەکێك لەو شاعیرە جیاوازانەی، کە بەشێوەیەکی بەرچاو ژینگەو بارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکە کاریگەریی گەورەی لەسەر بەجێهێشتووە، وەك ئەوەی کاری ئەو لە شیعردا بریتی بێت لە نووسینەوەی خۆیو ڕووداوەکانی دەوروبەری، هەر لە قۆناغی منداڵییەوە تا دەمرێت. بۆ نموونە کاتێك باس لە زێدی یەکەمی خۆی دەکات، ددان بەوەدا دەنێت، سەرەڕای ئازارو ناخۆشییەکانی گوندی (سەلمیە)، بەڵام هەمیشە ئەویٚ فێری یاخیبوونی کردووە (منداڵیم لە سەلمیە چەند ناخۆشو خراپ بووە، بەڵام بووەهۆی ڕواندنی هەستی یاخیبوون لە منداو سروشتی میرەکانو وەرزێرەکانیشی بۆ دەرخستم).[420]

ماغوت زۆر بەڕوونی باس لەوە دەکات، هۆکاری بوونی خەمناکیو ئازار لە شیعرەکانیدا، بۆ ژینگەو کۆمەڵگاکەی دەگەڕێتەوە، واتە بارودۆخەکە یارمەتیدەری سەرەکیی ئەوەیە، ئەو جۆرە جیهانبینییە لە شیعرەکانیدا بوونی هەبێت. ئەو خەمو ئازارانە لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا هەرگیز کۆتاییان نایەت، بەڵکو بەشێوەیەکی بەردەوامو لە فۆرمی جیاوازدا خۆیان دووبارەدەکەنەوە. ماغوت لە یەکیك لە چاوپێکەوتنەکانیدا کاتێك لێیدەپرسن: (خەمی تۆ خاڵییە لە تۆزقاڵێك ئومێد)، دەڵێت: "ئەگەر شیعری من غەمگین بێت، لەبەرئەوەیە ئەو قۆناغە مێژوویيو ژینگەو فەزایەی تێیدا دەژین، خۆی خەمناکە. کەس بە گەشبینانە، یان ڕەشبینانە لەدایك نابێت. سەروەختێك یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆمم نووسی، هەرچی هەبوو نەبوو گەشبین بوون، من وا نەبووم. دەمبینی سەردەمەکە بارگاوییە بە خەمو ڕەشبینیو شکستو دۆڕان. خەم کاکڵەی هەموو ئەفراندنو لێهاتوویيو بەهرەمەندییە، تەنانەت کۆمیدیا نۆرماڵو ئاست بەرزەکانیش، ئەگەر ناوەڕۆکەکەی خەم نەبێت، دەبێتە شتێکی دروستکراو و گاڵتەجاڕی."[421]

ئەو بۆچوونانەی ماغوت دەرخەری ئەوەن، کە:

١. قۆناغی مێژوویيو ژینگەی شاعیر، کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەزموونی شیعریی (ماغوت) هەبووە، بۆیە غەمگینی لە شیعری ئەودا، سەرچاوەکەی بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە.

---

418 ممدوح السکاف، في تأمل الشعر، (٢٠١٨: ٢٢)

419 وفیق خنسه، دراسات في الشعر السوري الحدیث، (١٩٨٢: ١٨)

420 لؤی أدم، محمد الماغوط (وطن في وطن)، (٢٠٠١: ١٣٤)

421 چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ماغوت، و: شوان ئەحمەد، گۆڤاری باران، ژمارە (١)، (٢٠١٦: ٤٢٤)

٢. ماغوت هەر لە سەرەتاوە وەك شاعیرێکی جوداو ڕەشبین بەرانبەر بە بارودۆخەکە دەرکەوتووەو پێیوایە، کە خەم سەرچاوەی ئەفراندنو داهێنانە.

٣. ئەو پێداگیریی لەسەر ئەوە دەکات، کە تەنانەت کۆمیدیای ئاست بەرزیش، دەبێت ناوەڕۆکەکەی خەمهێنەر بێت، تا ئاستەکەی بەهادارو بەرز بێت.

٤. سەردەمی ژیانی شاعیر، بەشێوەیەکی گشتی، بارگاویی بووە بە خەمو نەهامەتیی.

ماغوت دەیەوێت لەناو ئەو وێرانەیەی ژیاندا، لەڕێی شیعرەوە مانایەکی نوێ بە ژیان بداتەوە، ئەو لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆئەوەی لەڕێی هاندانی کۆمەڵگای عەرەبییەوە بۆ یاخیبوونو شۆڕش، ئازادی بۆ مرۆڤ بەگشتیو مرۆڤی عەرەبی بەتایبەتی بگەڕێنێتەوە. هەموو ئەم کردەیەش لەڕێی باسکردنی ژیانی خۆیەوە لەناو شیعرەکانیدا ئەنجامدەدات، چونکە ژیانی ئەو خاوەنی تایبەتمەندێتیو خاسیەتی تایبەت بە خۆیەتی، بەجۆرێك کار لەسەر ژیان دەکات، کە هیچ شاعیرێکی تر ئەو کارەی ئەنجامنەدابێت، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، کە ئەفسانەیەکی تایبەتی لە ژیانی ئەودا هەبێت "ئەوەی ژیانی ماغوت بخوێنێتەوەو ئاگاداری وێستگەکانی ژیانیو هەندێ لە کارو بەرهەمو هەڵوێستەکانی بێت، هەست دەکات ژیانی ئەم مرۆڤە بەدەر نییە لە ئەفسانە. نووسەری (کیمیاگەر) پاولۆکۆیلۆ، لە یەکێك لە قسە بەناوبانگەکانیدا دەڵێت: (هەموو مرۆڤێك ئەفسانەیەکی شەخسی هەیە، کە بە شوێنیدا دەگەڕێتو تێیدا دەژی)، محەمەد ماغوتیش لە ژیانیدا خاوەنی ئەفسانەیەکی تایبەتو شەخسی بووە. ئەفسانەی ژیانی ئەم شاعیرە_ لەڕووی ڕۆحی یاخیبوونو ملکەچنەکردن بۆ هەموو جۆرە جیاوازەکانی دەسەڵات لە لایەکەوە، خۆشەویستیو دڵسۆزیو وەفاداری بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی، لەلایەکی دیکەوە، تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەفسانەی (پرۆمیسۆس) دەچێت. خۆشەویستیو دڵسۆزیی پرۆمیسۆس بۆ مرۆڤ وایکرد پرۆمیسۆس هەوڵی دزینی ئاگری پیرۆز بدات. لای محەمەد ماغوت_یش هەمان ئەو خۆشەویستیو دڵسۆزییە دەبینین. ئاگری پیرۆز لای ماغوت بریتییە لە ئازادی کە دەیویست بیبەخشێتە مرۆڤی عەرەبی کە مرۆڤێکی بریندارو هەلاهەلایە لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکاندا دەناڵێنێت."[٤٢٢]

ماغوت بەرانبەر بارودۆخی ژیانو کۆمەڵگاکەی، هەرگیز وەك شاعیرانی تر بیری نەکردووەتەوەو هەرگیز ڕازی نەبووە بە خۆشبەختیی ساختەو گەشبینیی درۆزنانە، لەبەرئەوەی ئەو بڕوایەکی نەبڕاوەی بە ئازادیی مرۆڤ هەبووە، وەك بنەڕەتترین هۆکاری خۆشبەختیی مرۆڤ، هەر کاتێك ئازادی لە مرۆڤ دزرا، یاخود ونبوو، ئەوا ناتوانین باس لە بوونێکی باش بکەین لە ژیاندا، هەربۆیە کاتێك هەمووان ستایشی ژیانو خۆشبەختی دەکەن، ئەو دژی دەوەستێتەوە "لەکاتێکدا هەمووان گۆرانی بۆ ئازادیو مەزنیی ژیان دەچڕن. ماغوت بە توندی بە گژیاندا دەچێتەوەو لەم کاتەدا ئەو دیوانەکانی (ژوورێك بە ملیۆنان دیوار، خۆشی پیشەی من نییە) دەنووسێت. ئەو بە پلەی یەکەم شاعیری خەمە."[٤٢٣]

شاعیر لەڕێگەی ئاوێتەبوونی ناخۆشییەکانی ژیانەوە، بەدوای کۆڵانە قەرەباڵغو تاریکەکانی ژیاندا دەگەڕێتو ئارەزوومەندی ئەوەیە، دەرگایەك بەڕووی خۆشبەختیو کامەرانیی مرۆڤدا بکاتەوە، تا لەو گێژاوانەی تووشیهاتوون، ڕزگارییبکات، تا هەموو مرۆڤەکان لەسەر زەوی بەشێك لە جوانییەکان بۆ خۆیان بەرن، بۆ ئەمەش هەوڵی ئەوە دەدات،

---

[422] کۆمەڵێك نووسەر، محەمەد ماغوت (پیاوێك لە شیعرو یاخیبوون)، و: هەورامان وریا قانع، (٢٠١٥: ٣٣)

[423] خليل صويلح، محمد الماغوط أغتصاب كان و أخواتها، حوارات، (٢٠٠٢: ٨)

یاخیبوون له ژیان بکاته هۆکارێکی سەرەکیی ئەو گۆڕانکارییانەی، هەر دەبێت بێنەدیو دونیایەکی جوانتر دروستببێت، هەروەك هەوڵدەدات لەڕێی ژیانی ناسکی خۆیەوە، بەدوای واتا ونبووەکانی ژیاندا بگەڕێت. "ژیان له شیعری ماغوتدا وەك شووشه ناسکه، نەك تەنها دەشێت بشکێت، بەڵکو دەشێت له هەموو مانایەك دابماڵدرێت. مرۆڤ لەم ئەزموونه شیعرییەدا وەك چۆن دەشێت چەترێك، ڕاستییەك یان دایکی له قەرەباڵغییەکی گەورەدا ونبکات، ئاواش دەشێت ماناکانی ژیان ونبکات. لەناو بێمانایيەکی گەورەو فرەلایەندا بژیو شتێك نەمێنێت به بوونی ئەو قووڵاییەکی سادە ببەخشێت. ماغوت ئەو ساتانە وەك ساتی یاخیبوونو شۆڕش دەبینێت. وەك ئەو چرکەیە که مرۆڤ دەڵێت تا ئێرەو بەس، بەڵام یاخیبوونو شۆڕشو ناوتن بەشێکن لەو تۆڕی مانایانەی، که پچڕاونو بوونیان نەماوە."[٤٢٤]

ئەزموونی شیعر نووسینی ماغوت بەتەواوەتی لەگەڵ ڕەوتی ژیانیدا تەبایە، وەك ئەوەی تەنها ژیانی خۆی بکاته شیعرێك، یاخود شانۆیەك، یان وتارێکی ڕۆژنامەوانی، هەربۆیەش بەردەوام هەوڵیداوە تەواوی ئازارو کێشەکانی ژیانی خۆیو ژیانی خەڵکی تر له (سەلمیەو دیمەشقو بەیروت) بکاته دەقی ئەدەبی، بەوەش خوێنەر له دیاریکردنو ناسینەوەی دیمەنەکانی ژیانی شاعیر لەنێو دەقەکانیدا ماندوونابێت.

**پێم وت: تینوم ئەی دیمەشق**
**وتی: فرمێسکەکانت بخۆرەوە**
**پێم وتت: برسیمە ئەی دیمەشق**
**وتی: پێڵاوەکانم بخۆ**
**هیچ دەرگایەکی داخراوم بۆ نەکرایەوە شەوێكو بڵێت: ئەی نامۆ**
**به قامچی لێیدەن**
**دەریکەن له دەرگاکانو کتێبەکانو دوکانەکانو شاییو شیوەنەکان**
**هەموو دەرگاکانی جیهانی بەڕوودا داخەن**
**بۆئەوەی به تەنها بمێنێتەوە وەك با... خودا**
**بەڵام چاوم هەڵکۆڵن پێش ئەوەی، ئەوە بکا**
**چونکه من خۆشمدەوێت ئەی پیاوەکان** [٤٢٥]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، شاعیر بەتەواوەتی له ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیی خۆی بێزاربووەو بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت بۆئەوەی خۆی لەو دۆخە دەربازبکات، ئەو بەجۆرێك وێنەی ژیانی دەکێشێت، که هەموو دەرگاکانی ژیانی لەسەر داخرابێت. ئەوەی دەتوانێت تینوێتی بشکێنێت، تەنها فرمێسکەکانی خۆیەتی. ئەمجۆرە دۆخە، تەنها جەستەی مرۆڤ ئازارنادات، بەڵکو تێڕوانینی مرۆڤ و تەنانەت تەواوی جیهانبینیشی دەگۆڕێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بەڕوونی ئاماژه بۆ ئەوە بکەین، که ئەزموونی شیعریی ماغوت، ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی باردودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیەتی. (بێکەسیو هەستکردن به بێباوکی له ئەزموونی شیعری ماغوتدا بەتەواوەتی

---

424 کۆمەڵێك نووسەر، محەمەد ماغوت (پیاوێك له شیعرو یاخیبوون)، (٢٠١٥: ١٢)

425 عیسى الماغوط، محمد الماغوط (رسائل الجوع و الخوف)، (٢٠٠٩: ٤٩)

ئامادەیی‌و هەژموونی هەیە، تەنانەت لە وتارو ڕۆمانەکانی‌و لە ژیانی ڕۆژانەشیدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم هەستکردنەش، لە ڕۆح‌و ئەزموون‌و جیهانبینیی شاعیردا ئێجگار قووڵە).[426]

هۆکاری یەکەم‌و کاریگەریی دروستبوونی دیاردەی یاخیبوون لە شیعری (ماغوت)دا، بۆ چۆنیەتیی ژیانی دەگەڕێتەوە، هەر ئەم هۆکارەش بووەتەهۆی ئەوەی شاعیر لە بیرو ئەزموونی شیعریی تێکڕای نووسینەکان‌و زمانە شیعرییەکەیدا یاخیبێت‌و لە ناوەندی شیعری نوێی عەرەبیدا شاعیرێکی جوداو خاوەن ڕێبازی تایبەتیی بێت.

## زیندان‌و ڕەنگدانەوەی لە ئەزموونی شیعریی ماغوتدا

زیندان ئەو جێگەیەیە، مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە دادەبڕێت‌و پەیوەندییەکانی سنووردار‌دەکات، ئەوەی بۆ مرۆڤی زیندانیکراو دەمێنێتەوە، تەنها پاسەوانە تووڕەکان‌و دیوارەکانی زیندانن. هەر ئەم دوانەش، دەبنە دوو نزیکترین کەس‌و شتەکانی مرۆڤی زیندانیکراو و وەك بەشێکی دانەبڕاو لە یادگەیدا دەمێننەوە. لە (زیندان)دا شاعیر ناتوانێت چیتر دونیای دەرەوە، سروشت‌و مرۆڤ و نیشتیمان‌و جوانییەکان‌و دایك‌و ژن‌و منداڵ‌و ..... وەك خۆی ببینێت، بەڵکو یان لەڕێی یادەوەرییەوە وێنایان دەکات، یاخود لەڕێی برسێتی‌و ئازاری زیندانەوە دەیانخزێنێتە ناو نووسینەکانیانەوە، بەوەش زیندان لە یەك کاتدا دەبێتە سروشت‌و دایك‌و ژن‌و جوانی‌و باو باران‌و خۆشی‌و پێکەنین بۆ مرۆڤی زیندانیکراو.

محەمەد ماغوت لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا دەربارەی ڕۆڵ‌و کاریگەریی زیندان لەسەر ژیانی تایبەتیی خۆی‌و ئەزموونی نووسینی، دەڵێت: "دوو جار زیندانی کراوم، کاریگەری شوێنەواری زیندان بەردەوام لە ناخمدا ئامادەیی هەیە. ڕاستە من ماوەیەکی زۆر لە زینداندا نەماومەتەوە، بەڵام ئەو چەند مانگەی لە زینداندا بردمەسەر، بەس بوو بۆئەوەی سەرتاپای ژیانم بگۆڕێ. لە ساڵی (١٩٥٥) بۆ ماوەی نۆ مانگ زیندانی کرام، هەروەها لە ساڵی (١٩٦١) جارێکی تر زیندانی کرام."[427]

ماغوت لە زیندان یەکەم دەقی شیعریی بەناوی (کوشتن) ەوە نووسی، لەبارەی ئەم دەقەوە بڕوای وایە، شیعری (کوشتن) ئەو دەروازەیە بووە، کە لێوەی چووەتە ناو جیهانی شیعرەوە. شاعیر دەربارەی زیندان‌و کاردانەوەی لەسەر خۆی‌و شیعرەکانی، لە تەواوی چاوپێکەوتن‌و بەشی زۆری شیعرەکانیدا ڕاوبۆچوونی دەربڕیوە. ئەو زیندان بە هۆکاری سەرەکیی داڕمانی دەروونی خۆی دەزانێت‌و پێیوایە زیندان هۆکار بووە بۆئەوەی، هەموو شتێکی جوانی ئەم دونیایەی لەلا ناشیرین بکات، لەگەڵ ئەوەشدا (ماغوت) زیندانیکردن بەپێی کات ناپێوێت، بەڵکو ئەو بۆچوونەی هەیە، زیندانیکردن یەکەم ساتی گرنگە، کە مرۆڤ لەو ساتەوە شتی نوێ‌و ئازاربەخش دەبینێت. (بەدڵنیاییەوە لە زینداندا هەموو شتێکی جوان لەبەردەمتدا دادەڕمێت، ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنها ترس‌و تۆقاندنە. من لەسەرەتای لاوێتییەوە چوومە زیندان، لەجیاتی ئەوەی ئاسمان ببینم، پێڵاوی پۆلیسەکانم دەبینی، ئەمەش کاریگەریی لەسەر تێکڕای ژیانم بەجێهێشت، بەجۆرێك داهاتووی خۆم لەسەر نەعلی پۆلیسەکان دەبینی، ئێستاش کە بیر لەو کاتانە دەکەمەوە، دەپرسم من لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا تاوانم چی بووە؟ من ئەو دەمە تەنها جوتیارێکی ئاسایی لادێ نشین بووم‌و جگەلە سنووری گوندەکەی خۆمان، لەم جیهانە بەرفراوانەدا هیچ شوێنێکی ترم نەدەزانی. من زۆرم نەخوێندووە، بەڵام لە

---

[426] محمد صابر عبید، المقالة (قراءة في استراتيجية العلاقتها الشعرية)، المجلة نقد، ژمارە (٧)، (٢٠١٢: ٦١)

[427] چاوپێکەوتنی محەمەد ماغوت، و: گەیلان محەمەد، گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)، ژمارە (٣٩، ٤٠)، حوزەیران، (٢٠٠٦: ١٢٨)

زينداندا زۆر شت فێربووم، زيندان مامۆستای یەکەمی منەو زانکۆی ئازارە هەمیشەییەکانمە، منیش دەرچوویەکی ئەو زانکۆیەم وەك مرۆڤێکی ئازارچەشتوو و ترساوی هەمیشەیی.

زيندان بە ڕۆژو ساڵەکانی ناپێورێت، بەڵکو ساتێکە. ڕاستە من زۆر لە زينداندا نەبووم، بەڵام یەکەم جار، کە زيندانيکرامو ئەو واقیعەی زيندانم بینی، کە چۆن پێڵاوی پۆلیسەکان لە سنگم دەدرێن، هەستمکرد شتێك لە ناخمدا دەشکێت، ئەو شتە پەراسووەکان نین، بەڵکو شتێکی قووڵترە، لە زينداندا ئاشنای ترسو تۆقاندن بوومو ئەو ترسە تائێستاش بەردەوامە. لە ناخمدا ترس جێگەی خۆی گرتو دڵنیایی لەناخمدا تۆرا، بەجۆرێك لەئێستادا لە زەنگی دەرگای ماڵەکەشم دەترسمو بۆم دەرکەوت، کە جیهان ئەوەندە بێتاوان نییە وەك ئەوەی من لێی تێگەیشتبووم، چونکە پێش زيندان هەموو دەوروبەرم وەك بێتاوان سەیردەکرد، بەڵام دوای زيندان ئەو هەستەم بەرانبەر بە مرۆڤ و پارتو سیاسییەکانو پیاوانی پۆلیسو تەنانەت شاعیرەکانیش گۆڕا.[428]

ئەو ترسەی ماغوت باسیدەکات، نەبووەتە هۆی ئەوەی شاعیر ببێتە مرۆڤێکی بێدەنگو هاوئاوازی دۆخی سیاسیی باو بێت، بەڵکو ئەو ترسو ئازارە، بووە بەهۆی ئەوەی شاعیر ببێتە یەکێك لە دیارترین ڕێبەرانی یاخیبوون لە ئەدەبیاتی نوێی عەرەبیدا، چونکە ئەو هۆشیارییە سیاسییە باڵایەی بۆ دروستبوو، کە دەبێت لەپێناوی کۆتاییهێنان بە بارودۆخی خراپ، یاخیبوون تاکە هۆکاری گۆڕانکاریی بێت، دۆخی خراپو بوونی هۆشیاریی بەرانبەری، لەگەڵ بوونی بوێرییەکی ژیرانە، دیارترین پاڵنەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی یاخیبوونن لای مرۆڤ و شاعیری یاخی. "بەندیخانە منی کردە شاعیر، تەنانەت وایکرد مانای ژیانو ئافرەتو ئازادییو ئاسمان بدۆزمەوە."[429]

ماغوت زۆر بەئاشکرا بانگەوازی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی باو دەکات، بێ ترس بیروبۆچوونەکانی خۆی دەنووسێتو بڵاودەکاتەوە "من لە هیچ کەسێك ناترسم کاتێکیش بمەوێ قسەیەك بکەم دەیکەم. قەدەخە لای من نییەو کاتێ بێدەنگی هەڵدەکات هیچ شتێك من ناگۆڕێ، لێرەشەوە هەست بە گرنگی خۆم دەکەم وەکو مرۆڤێکی عەرەبی خاوەن هەڵوێست."[430]

لەمەشەوە دەکرێت باس لەوە بکرێت، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی بیری یاخیبوون لای شاعیر، زيندانو زيندانيکردنە. لێرەوە شاعیر لەپاڵ هەستکردن بە مەترسییەکانی زيندان لەسەر وێرانکردنی ناخو جەستەی مرۆڤ، ڕوودەکاتە ئەوەی، ئەو مەترسییە لەڕێگەی دەقەکانییەوە دەرببڕێت، واتە یاخیبوونی ماغوت یاخیبوونێکە پڕیەتی لە هۆشیاریی ڕەتکردنەوەی دۆخی سەپاوی سیاسیی باو. بەجۆرێکی دیکە، دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، ئەگەر هەژاریو بارودۆخی ژینگەی کۆمەڵایەتیی شاعیر هۆکاری دروستبوونی یاخیبوونی بن لە کۆمەڵگاو دابونەریتەکانی، ئەوا بێگومان زيندان هۆکاری سەرەکیی یاخیبوونە سیاسییەکەی (ماغوت)ە لە دەسەڵاتداران.

---

428 خلیل صویلح، محمد الماغوط أغتصاب کان و أخواتها، حوارات، (٢٠٠٢: ٣٩_٤٠)

429 چاوپێکەوتنی محەمەد ماغوت، و: پەسار فایەق، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢١٨)، (٢٠٠٧: ٣٤)

430 ماغوت، لەمەودوا گرانبەها دەبم، و: سەنگەر زراری، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢١٨)، (٢٠٠٧: ٢٢)

سەرەتای دەستپێکردنی ڕاستەقینەی ئەزموونی ئەدەبیم لە زیندانەوە بووە، مەزنترین ئەو شتانەی، کە خۆشمدەویێن‌و ئارەزووم بۆیان هەبوو و خەونم پێوە دەبینین‌و لە پشت شیشەکانی زیندانەوە دەمبینین، بریتی بوون لە (ژن‌و ئازادی‌و ئاسۆ).[431]

شاعیر لەو بۆچوونەی پێشوودا خۆی ددان بەوەدا دەنێت، کە ئەزموونی نووسینی ڕاستەقینەی ئەدەبیی ئەو، لە زیندانەوە دەستپێدەکات، هەروەها زۆر بەڕوونیش خەون‌و ئاواتی گەورەی خۆی لە زیندانەوە ئاشکرادەکات، کە بریتین لە ژن‌و ئازادی و ئاسۆی دەرەوەی زیندان. واتە ماغوت بە ئەوپەڕی هۆشمەندییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو واقیعە تاڵەی زیندان کردووەو کاری لەپێناو تێپەڕاندنیدا کردووە.

یاخیبوون کردەیەکی دەروونییە، کە هۆشیارییەکی باڵا لەپێناوی گۆڕانکاریدا مرۆڤ ئاڕاستەدەکات، بەڵام وەکو هەموو کردەکانی تری ژیانی مرۆڤ، هۆکارێك دەبێتەهۆی گەشەپێدانی، یاخود پوکانەوەی. لە ئەزموونی شیعریی ماغوتدا، زیندان هۆکاری سەرەکیی گەشەپێدانی یاخیبوونە. (ڕەگی یاخیبوون لە مندا هەر هەبوو، بەڵام من کەسێك نەبووم توانای ڕووبەڕووبوونەوەم هەبێت، من کۆیلەی تەنیایی بووم‌و خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم، ژیان بوو لەگەڵ گوندنشینەکان‌و شوانی مەڕەکان، هەستم بە نامۆیی نەدەکرد، وەك ئەوەی دوای زیندانی لە ناخمدا سەریهەڵدا. پێشتر من شیعرەکانی (جوبران خەلیل جوبران)و شیعری ڕۆمانسیم خۆشدەویست، ئەو کاتانە دڵم سەوز بوو، بەڵام لە زیندان بۆ یەکەم جار ترسم ناسی‌و دڵنیایی بۆ هەتا هەتایی لەناو ڕۆحی مندا ڕۆیشت، دڵنیام هەر کەسێك ڕۆژێك زیندانی کرابێت، بۆ هەتا هەتایە بیری ناچێتەوە).[432]

بەمپێیە زیندان یەکێکە لە خراپترین ئەو هۆکارانەی دەسەڵات لە مێژوودا دژی مرۆڤی بیرکەرەوەو ڕەخنەگرو ناڕازی لە دەسەڵاتەکەی بەکاریدەهێنێت، نموونەی ئەو شاعیرو زاناو فەیلەسوف‌و ڕووناکبیرانە زۆرن، کە زیندانیکراون، یاخود لە زینداندا کۆتایی بە ژیانیان هاتووە، بەڵام دیدو بۆچوون‌و بیروڕاکانیان، دواجار بوونەتە سەرچاوەی شۆڕش‌و گۆڕانکاری لە مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیدا، مەترسیی بیروڕاکانی مرۆڤی ڕووناکبیری زیندانیکراو، بەردەوام هەڕەشە بووە بۆ هەڵتەکاندن‌و لەڕیشە دەرهێنانی دەسەڵات. بۆ نموونە کاتێك فەیلەسوفێکی وەك (ئەنتۆنیۆ گرامشی) لەسەردەمی دەسەڵاتی (مۆسۆلۆنی)دا لە ئیتاڵیا، بۆماوەی یازدە ساڵ لەنێوان ساڵانی (١٩٢٦_١٩٣٧) زیندانیدەکرێت. "سەروەختێك ڕۆژی ٤ ی حوزەیرانی ١٩٢٨ لەلایەن دادگاوە حوکمدەدرێت، (میکلە ئیسگرۆ) ی دادوەر بە دەنگی بەرزو پڕ بە هۆڵەکە هاواردەکات‌و دەڵێت: پێویستە بۆ ماوەی بیست ساڵ، ڕێ لە مێشکی ئەم مرۆڤە بگرین بیربکاتەوە."[433]

زیندانیکردن نەریتێکی باوی مێژوویی جیهانییە، لە هەموو کۆمەڵگاکاندا پەیڕەودەکرێت، بەڵام ئەو جۆرە زیندانیکردنە مەترسیدارە، کە سیاسییە، یاخود لەسەر جیاوازیی بیروڕای ئایینی‌و بیری‌و زانستی لە مێژوودا پەیڕەوکراوە، هەر ئەمجۆرە زیندانیکردنەشە دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی یاخیبوون لەسەر سیستەمە سیاسییەکە، نەك ئەو جۆرە زیندانیکردنەی لەپێناوی ڕێکخستنی ژیان لەناو کۆمەڵگاکاندا بەپێی یاسا پەیڕەودەکرێت.

---

431 خلیل صویلح، محمد الماغوط أغتصاب كان و أخواتها، حوارات، (٢٠٠٢: ٤١)

432 سەرچاوەی پێشوو، ٤٢_٤٣

433 ئەنتۆنیۆ گرامشی، نامەکانی زیندان، و: شوان ئەحمەد، (٢٠١٨: ١٠)

زیندان هەمیشە هۆکارێکی گرنگە بۆئەوەی بیرکردنەوەی جیاوازو یاخیبوون بەرانبەر بە زوڵم بێتەدی. هەرچەندە لە هەندێك باردا زیندان ناتوانێت ئەو ئەرکە بەجێبهێنێت، بەتایبەت کاتێك مرۆڤی بەندکراو ئەو هەستەی بۆ دروستببێت، کە خۆی کەسێکی مەینەتبارە، لەمبارەدا ئەو جۆرە مرۆڤە خۆی لەبیرە پێش هەموو شتێکی تر، یاخود دوای ئەوەی مرۆڤە بەندکراوەکە بۆی دەردەکەوێت ئەو بیروڕایەی ئەوی لەسەر دەستگیرکراوە هەڵەو کەموکورتیو لادانی تێدا بووە. بۆ نموونە (بەدر شاکر سەیاب) شاعیری ناوداری عێراقی لەو زنجیرە وتارەی، کە لە ڕۆژنامەی (حوریە)ی عێراقی ساڵی (١٩٥٩) بڵاویکردوونەتەوەو دواتر کراوە بە کتێب بە ناوی (من شیوعی بووم_کتێبی ڕەشی شیوعیەت_)، باس لە دیمەنێکی خۆی لە زینداندا دەکات لە سەروبەندی بڕیاری لەسێدارەدانی (فەهدو هاوڕێکانی) لە حیزبی شیوعیی عێراقی، دەڵێت: "خۆم گوشی بۆئەوەی دڵۆپێك فرمێسك لە چاوانم بێتە خوارەوە، بەڵام پارچەیەك لە دڵۆپە فرمێسك بۆ ئەو سێ هاوڕێ مەزنە نەهاتە خوارەوە. لەو کاتەدا ئەلیازەی ڤیرجلم بیرهاتەوە، کاتێك باس لە ئەنیسو هاوڕێکانی دەکات، دەعبایەکی دەریا هەندێك لە هاوڕێکانی دەڕفێنێت، دوای ئەوەی ئەنیسو هاوڕێکانی دەگەنە کەنارو دەخۆنو دەخۆنەوەو ماندوویيان دەحەسێتەوە، هاوڕێیانی مردوویان بیردەکەوێتەوەو دەگرین، ئەمەیە ڕاستگۆیی لە شیعر، مرۆڤ ناتوانێت بگری، ئەگەر خۆی لە مەینەتیدا بێت، کاتێك خۆیو ژیانیو بوونی لەژێر هەڕەشەدا بێت، گریان جۆرێکە لە جۆرەکانی سەرگەرمی، کە کەسی مەینەتبار ناتوانێت ئەنجامی بدات، من لە زیندان دا لە مەینەت دا بووم، بۆیە نەمتوانی بۆ هاوڕێیانی نەمر بگریم."[٤٣٤]

وەك کردەیەکی دەروونیی ڕووت، ئەو تێڕوانینەی (سەیاب) ڕاستییەکی زانستییە، بەڵام وەکو خاوەن بیرێك، کە لە پێناوی ئامانجێکدایە، ناکرێت ئازارەکانی خودی مرۆڤە خاوەن بیروڕاکە، ببێتە هۆکاری لەبیرچوونەوەی پەیامە گەورەکە، ئەویش ئازادیو ئازاری مرۆڤەکانی ترە.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر سەیری کاردانەوەکانی (ماغوت) بکەین لەسەر زیندانیکردنی، سەرەڕای ئەوەی، کە بە هیچ جۆرێك بڕوای بە ئایدۆلۆژیای ئەو پارتە سیاسییە نەبووە، کە لەسەری زیندانیکراوەو تەنانەت ئەو ڕووداوەش، کە بووەتەهۆی دەستگیرکردنی، بە هیچ جۆرێك پەیوەندیی بە ئەوەوە نەبووە، کە ڕووداوی کوشتنی (عەدنان مالیکی) بوو لە ساڵی (١٩٥٢)، لەو کاتەدا حیزبی سوریای نەتەوەیی تاوانبارکراو دەستکرا بە گرتنی ئەندامەکانی ئەو حیزبە، (ماغوت)یش یەکێك بوو لە دەستگیرکراوەکان. شاعیر لە تێکڕای بۆچوونەکانیدا لەسەر زیندانو ئازارەکانی زیندان، باس لەوە ناکات، کە پەیامە گەورەکەی ئازادیو خەونی ڕزگاربوونی مرۆڤی لە زوڵم لەبیرکردبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەردەوام زیندان وەك یەکەمین قوتابخانەی فێربوونی نووسینو یاخیبوون وێنادەکات. ماغوت دەیەوێت هەموو شتێکی ژیانی خۆیو ژینگەکەیو تەنانەت خۆشەویستیو ئەوینی، بە ئازارەکانی زیندانەوە گرێبداتەوە.

**خۆشەویستم، ئەوینی تۆ لە ئازاری زیندان دەچێتو**

**لە دابڕانی دوایین ڕوخسارت دەچێت، کە لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەوە خۆشمان دەوێت**[٤٣٥]

---

[434] بەدر شاکر سەیاب، من شیوعی بووم، و: فەیسەڵ خەلیل، (٢٠١٨: ١٧٩)

[435] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٩٨)

زیندان بەشێوەیەکی هەمیشەیی جیهانبینیی شاعیر داگیردەکاتو دواتریش ئاڕاستەیدەکات، کەم دیوانی شیعریی‌و دەقی شانۆیی‌و وتاری ڕۆژنامەنووسیی (ماغوت) هەن، کە لەژێر کاریگەریی (زیندان)دا نەنووسرابن. بۆ نموونە لە قەسیدەی (نامەیەك بۆ گوند) لە دیوانی (خۆشی پیشەی من نییە)دا، دەڵێت:

**دەنووم**

**هیچ شتێك لەسەر پێخەفەکەم نییە جگەلە پێستم**

**کەللەی سەرم لە بەندینخانەکانەو پێکانم لە کۆڵانەکان**

**دەستەکانم (هەردوو دەستم) لە گژوگیادان**

**وەك ماسی سانتیاغۆی گەورە**

**هیچم نەماوەتەوە تەنها پەراسووەکانو ناو چاوەکانم**[٤٣٦]

زیندان هەموو شتێکی ژیانی (ماغوت) داگیردەکات، بەجۆرێك وای لێدێت تەنانەت لە زەنگی دەرگای ماڵەکەشیدا زیندان ببینێت، چونکە ئەو لە زیندان‌دا هەموو شتە جوانەکانی لەدەستداوەو بووەتە مرۆڤێکی تر، بەجۆرێك وەك سۆفییەك بۆ بوونو ژیانو دەسەڵاتو ئایین دەڕوانێت، ئەوەی لەلای گرنگە، ڕۆحو بیرو پەیامەکانیەتی، دڵتەنگی‌و خەمی بەردەوام لە ژیان وا لە شاعیر دەکەن، کە لە تەنهاییەکی هەمیشەییدا بژی.

ماغوت لە زیندان‌دا چەند بەرهەمێکی نووسیوە، کە بریتین لە ڕۆمانی (جۆلانەو نامەکانی برسێتی‌و ترس)، کە لەکاتی زیندانیکردنی دووەمی لە ساڵی (١٩٦١) دا نووسیونی، ئەوانیش کۆی ئەو نامانەی لە زیندان‌دا دەربارەی ژیانی خۆی‌و دەوروبەری بۆ براکەی ناردوون. هەروەها یەکێك لە بەناوبانگترین قەسیدەکانی (ماغوت)، قەسیدەی (کوشتن_ القتل)ە، کە یەکەم بەرهەمی ژیانی ئەدەبییەتی، خۆی باس لەوە دەکات، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووە، کە قەسیدەی (کوشتن) ئەوەندە کاریگەریی دروستبکاتو دەنگدانەوەی هەبێت، یاخود تەنانەت وەك شیعریش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەو قەسیدەیەدا شاعیر بە وردی باس لە دۆخی ناخۆشی زیندانو بێتاوانیی خۆی‌و ئازادبوونی دەکات.

**پێ ئاسنینەکان لەسەر دڵم دابنێ گەورەم**

**تاوان لە دەرگای قەفەس دەدات**

**ترس هاوار دەکات وەك کەرەوان**

**ئەوە کەشتیی ملهوڕە ڕەشەبا پاڵی پێوە دەنێت**

**ئەوە ئێمەش پێشدەکەوین**

**وەك ئەو شمشێرەی کەللە سەر دەبڕێت**

**با خۆر هەڵبێت**

**بەرەو نیشتنەوەی بەسەر پاشەڵی دێوەکەدا**

**قەتییە بەسەر شاخەوە**

---

[436] محمد الماغوط، الفرح ليس مهنتي، (٢٠٠٦: ٦٨)

**نامۆیی جوانە، بای شین لەسەر سەرینەکەیە**

**بۆنێکی تایبەتی هەبوو**

**تامێکی وشکی گەرم**

**ملیۆنەها دەرزی مەلە دەکەن لە گۆشتدا**[٤٣٧]

لەنامەکانی (برسێتیو ترس)دا، کە (عیسا ماغوت)ی برای شاعیر کۆیکردوونەتەوەو خانەی (مەدا) بۆ ڕۆشنبیریو بلاّوکردنەوە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا چاپیکردوون، ماغوت دۆخی ژیانی خۆی بەشێوەیەکی زۆر سادەو ساکار بۆ براکەی دەگێڕێتەوە. لەو نامانەدا هەست بە ئاستی بەرزی هونەری داڕشتن ناکەیت، بەڵکو وەك هەر مرۆڤێکی تری ئاسایی خاوەن ئازارو زیندانیکراو، چیرۆکی ژیانی زیندانیی خۆی دەگێڕێتەوەو داواش لە (عیسا ماغوت) دەکات، لە ڕێگەی نامەکانییەوە، هەواڵی بارودۆخی دەرەوەی زیندانی بۆ باسبکات.

دەتوانین بڵێین (ماغوت) لە کۆی نامەکانی زینداندا، لەسەر یەك دێڕی گرنگ دەوەستێت، ئەویش باسکردنە لە خەمو دڵتەنگیی خۆیو قوربانیدان. پێیوایە کۆی وشەو ڕستەو نامەکانی، باس لەو ژیانە نوێو تایبەتەی شاعیر دەکەن (لە هەموو وشەیەکەوە، لە هەموو ئاماژەو پیتێکەوە، هەست بە قووڵیی قوربانیدانو خەباتکاریی لەناخی نامۆییو ژیانی هەمیشە بەهاریدا دەکەن).[٤٣٨]

بە کورتی دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە زیندان لە ژیانو ئەزموونی شیعریی ماغوتدا بووەتەهۆی:

**یەکەم**: یەکەمین دەقو نووسینی ئەدەبی لە ژیانی (ماغوت)دا، لە زیندانەوە دەستپێدەکات. زیندان بۆ شاعیر هەم قوتابخانەی ژیان بووەو هەم قوتابخانەی ئەدەبی بووە، چونکە لە زینداندا ئاشنایەتیی بەرفراوانی لەگەڵ ئەدەبدا پەیداکردو هەر لەوێش (ئەدۆنیس)ی شاعیری ناسی.

**دووەم**: زیندان کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر باری دەروونیی شاعیر دروستدەکات، بەجۆرێك دەبێتەهۆی وێرانبوونی هەموو ئەو جوانییانەی، کە لە ڕابوردووی ژیانی شاعیردا هەبوون.

**سێیەم**: زیندان سەرەکیترین پاڵنەر بووە، بۆئەوەی جیهانبینیی شاعیر بەرەو یاخیبوون ببات‌و بیکاتە مرۆڤێکی یاخیو نووسەرێکی مەزن لە بواری یاخیبوونو ڕەتکردنەوەی دەسەلاّتدا.

**چوارەم**: زیندان بووەتەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام، ڕەهەندەکانی خەمو دڵتەنگیو ترس ژیانی ماغوت داگیربکات. (خەمو ترس) هۆکارێك نین بۆ خۆڕادەستکردنو بێدەنگبوون، بەڵکو (خەمو ترس)ی لەدەستدانی مرۆڤبوونە لەسایەی ڕژێمی حوکمڕانییەوە لە سوریا، هەربۆیە ئەو ترسو خەمە دەگۆڕێن بۆ هاوارێکی مرۆڤانەی گەورە لە ئەزموونی شیعریی ئەودا، بەڕادەیەك دەیکەنە پێشەنگی ئەدەبی یاخیبوون لەناو ئەدەبیاتی عەرەبیدا.

**پێنجەم**: زیندان دەبێتە یەکێك لەو هۆکارانەی، وا لە (ماغوت) دەکات وێڵی ئازادیی مرۆڤ بێت. ئازادی دەبێتە هەوێنی بەشی زۆری دەقەکانی. بەجۆرێك دەتوانین بڵێین، (ماغوت) یاخیبوونە شیعرییەکەی لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئازادیی مرۆڤ و خەونی بەمرۆڤبوونە بەشێوەیەکی گشتی.

---

437 محمد الماغوط، مجلة شعر، عدد (٦)، نیسان، (١٩٥٨: ٣٦)

438 عیسی الماغوط، محمد الماغوط رسائل الجوع و الخوف، (٢٠٠٩: ١٣٥)

**شەشەم**: زیندان لە ئەزموونی شیعریی ماغوتو ژیانی ماغوتدا، پاڵنەرێکی کاریگەرە بۆئەوەی شاعیر تەنها بۆ خۆیو ئازارەکانی نەژی، بەڵکو سەرەڕای ئازارەکانی ناخو جەستەی خۆی، لەپێناو ئازاری خەڵکو خەمی برسێتیو ترسی مرۆڤدا دەنووسێتو کاردەکات.

**حەوتەم**: زیندان لای (ماغوت) دەبێتە ئەو پنتە بنەڕەتییەی، کە دەبێت مرۆڤ لەوێوە دەستپێبکات بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی لە سیستەمی حوکمڕانیدا، چونکە گۆڕانکاریی بە بێدەنگبوون ناکرێت، بەڵکو هەموو گۆڕانێك لە ڕێگەی یاخیبوونەوە سەرچاوە دەگرێتو یاخیبوونیش پێویستی بە هۆشیارییەکی گەورە هەیە.

**هەشتەم**: ماغوت لە زینداندا بەشێوەیەکی سادەو ساکار دەست بە نووسینی دەقەکانی دەکات، بەجۆرێك دەقەکانی ناو زیندانی، تەنها بریتین لە گێڕانەوەی دیمەنەکانی ژیانی خۆیو تایبەتمەندییەکانی زیندان، دواتریش کاردانەوەیانی لەسەر ژیانی خۆی باسکردووە.

### زمانی شیعریی ماغوتو یاخیبوون

ماغوت بە یەکێك لە پێشەنگەکانی پەخشانە شیعر لە ئەدەبی نوێی عەرەبیدا دادەنرێت. ماغوت ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە بواری پەخشانە شیعرو ڕۆمانو شانۆو درامای تەلەفزیۆنیو فیلمی سینەماییو شیعرو وتاری ڕۆژنامەوانیدا هەیە. شێوازی نووسینی لە هەموو بوارەکاندا سادەو ساکارەو مەیلداری خەمو دڵتەنگیی قووڵن.

زمانی شیعریی ماغوت بەشێوەیەکی گشتی، یەکێکە لەو سیمایانەی، کە دەقی ئەوی لە شاعیرانی تر پێجیادەکرێتەوە. واتە زمانی دەربڕینی، تەواو لەشاعیرانو نووسەرانی تر جیاوازە. شاعیر هەمیشە زمانی وەك هۆکارێکی زیندووی دەربڕین لە بوونو ژیانو خەم بەکارهێناوە، هەر بەهۆی ئەمجۆرە زمانە تایبەتییەوە، ماغوت توانیویەتی کاریگەریی لەسەر هەستو دەروونو بیرکردنەوەی خەڵك دروستبکات.

دەبێت ئەو ڕاستییە زانستییە بزانین، کە هەمیشە شاعیری داهێنەر، وشە بە ڕێگە جیاوازو تایبەتییەکەی خۆی بەکاردەهێنێتو وایلێدەکات ملکەچی شێوازی خۆی بێت، ئەم کارەش تەنها لە جۆری هەڵبژاردنی وشەکاندا نییە، بەڵکو ڕۆڵو ئەرکەکەی زیاتر پابەندە بەو ڕۆشنبیرییە زمانییەی، کە شاعیر هەیەتی لەبوارەکانی داتاشینی وشەو شارەزایی لە هاوواتایی وشەکانو دژواتاییو دووبارەکردنەوەو چڕکردنەوەو کرتاندنو تێهەڵکێشکردنو فەرهەنگو گەنجینەی وشەکانو دەسەڵاتشکانەوە بەسەر کۆی شێوەزارەکانی ئەو زمانەی، کە شاعیر دەقەکانی پێدەنووسێت.

ماغوت یەکێکە لەو شاعیرانەی، جیهانبینییەکی زۆر واقعییانەی بۆ ژیان هەیە، هەربۆیە هەمیشە زمانە شیعرییەکەی دەبێتە هۆکاری تەقاندنەوەی بابەتو کێشەیەکی گرنگ لەناو کۆمەڵگاداو بەوەش، دڵو دەروونی خوێنەرو گوێگرەکانی بە دەقەکانییەوە گرێدەدات. زۆر جاریش ئەو جۆرە زمانە لە سادەییو ڕوونی لە دەربڕیندا، بەبێ بەکارهێنانی ئاماژەو هێمای تایبەتو خۆ لادان لە وشەکارییو ڕازاندنەوەی دەقەکانی، دەبێتە هۆکاری دروستکردنی کێشەی گەورە بۆ شاعیر، بەڵام ماغوت لەپێناوی گەیاندنی پەیامی یاخیبوونو تووڕەیی خۆیدا بۆ خەڵك، هەرگیز لە بنەما ڕەسەنەکانی زمانی شیعریی خۆی، لاینەداوە، بەڵکو لە دەقەکانیدا بەردەوام گەشەی بە زمانی یاخیبوون داوە.

دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە دیارترین تایبەتمەندییەکانی شیعری (ماغوت) بریتین لە سادەییو ڕوونی، دووبارەکردنەوەی مەبەستدار، بانگکردن، پرسیارکردن لەگەڵ چەند ڕەهەندێکی تری تایبەت بە زانستی زمانی دەروونی

له دەقەکانی (ماغوت)دا. ئەو تایبەتمەندییانەی تێکڕای ئەزموونی نووسینی (ماغوت)یان تەنیوە، هەر لە قەسیدەی (کوشتن)ەوە، کە یەکەمین ئەزموونی نووسینی ئەوە، تا دەگاتە دیوانی (شرق عدن غرب الله...)، کە دوا دیوانی شیعرییەتی. دەبێت ئەوە بزانین، کە لەبواری زماندا (شاعیرانی یاخی، میکانیزمی تایبەت بە خۆیان بەکاردێنن، لەپێناوی دروستکردنی نامۆییو سەرسوڕماندا، دێن جیاوازییەکانی نێوان فۆڕمو ناوەڕۆك تێکدەشکێننو ئەو تەکنیکە زمانییەش هەڵدەبژێرن، کە یارمەتییان دەدات بۆئەوەی دەقەکە بە ئاسانی لە چەند ڕوویەکەوە پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت).[٤٣٩]

## یەکەم: سادەیی‌و ڕوونیی لە دەربڕیندا

ئەم تایبەتمەندییە لە زمانی شیعریی گەلێك شاعیردا بوونی هەیە. بەجۆرێك سادەیی لە دەربڕیندا بووەتە یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی نووسینی ئەدەبییان، ئەویش خۆی لە بەکارهێنانی وشە ئاسانە بەکارهاتووەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگادا دەبینێتەوە، بەجۆرێك ئەو وشانە پێویست بە لێکدانەوەو ڕاڤەکردن ناکەن. (ماغوت) یەکێکە لەو شاعیرانەی، زۆر بەڕوونی پەیڕەوی ئەو جۆرە بەکارهێنانەی کردووە، وایکردووە بەم هۆیەوە ببێتە دیارترین شاعیری سەردەمی خۆی لەو بوارەدا.[٤٤٠]

هەرچەندە کاتێك دەقێك وەردەگێڕدرێت، کێشەو گرفت لە جۆری وەرگێڕانەکەدا کاردەکاتە سەر زمانی دەربڕین‌و کۆی زمانی دەقەکەو جۆرێك لە لێڵی لە گەیاندنی پەیامی سادەیی لە دەربڕیندا دروستدەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بۆ سەلماندنی مەبەستە زانستییەکە، نموونەی دەقەکان وەربگرین، ماغوت لە قەسیدەی (مەقەست)دا دەڵێت:

**جووتیارەکان چاوەڕوانی باران‌و**
**کرێکارەکان زیادبوونی کرێ**
**خوێندکارەکان ساڵی دەرچوون**
**کارمەندەکان ساڵی خانەنشینی دەکەن**
**بووکەکان چاوەڕوانی لێك پڕبوون‌و**
**سکپڕیش چاوەڕوانی منداڵ بوون دەکات**
**کاندیدەکان چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان‌و**
**سیاسییەکان ئەنجامی دانووستاندنەکان‌و**
**ئامادەبووان کۆتایی سیمینارەکەو**
**سوپاش فەرمانی هێرش یان کشانەوە دەکەن**[٤٤١]

لەو دەقەدا، شاعیر ئەو وشانەی بەکارهێناوە، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکیدا بەکاردێن‌و بە ئەوپەڕی ساکاری، دەربڕیوون، هیچ وشەو دێڕێکی ئەو دەقە پێویستی بە ڕاڤەکردن‌و لێکدانەوە نییە، بەوەش خوێنەر لەکاتی

---

439 قحطان عدنان الفرج الله، الغرابة و التمرد في أدب حسين مردان، (٢٠١٢: ١٣)

440 علي گنجيان خناري و خديجة براني كاشاني، التراث الأدبي، السنة الثانية، العدد الخامس، (١٣٨٨: ١٣٥)

441 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢٩_٣٠)

خوێندنەوەی دەقەکەدا هەست بە هیچ جۆرە ئاڵۆزییەك ناکات. ئەوەی لەم جۆرە دەربڕینەی شاعیردا جێگەی لەسەر وەستانە، ئەو شێوازە هونەرییەیە، کە دەقەکەی پێهۆنیوەتەوە، ئەم دۆخەش دەچێتە خانەی (ئاسانیی لەدەست نەهاتوو)ەوە، کە شێوازێکی باوی کارپێکراوە لەلای گەلێك شاعیر، بۆ نموونە لە ئەدەبی کوردیدا شاعیرێکی وەك (مستەفا بەگی کوردیی)، پەیڕەوی لەم جۆرە بەکارهێنانە کردووە.

سادەیی لە زمانی شیعریی (ماغوت)دا، نەبووەتە هۆی ئەوەی، دەقەکان بەهای هونەریی لەدەستبدەنو بچنە خانەی ئەدەبی میللی، یاخود ئەدەبێکی سادەی بێ بنەما هونەرییەکانەوە، بەڵکو لەگەڵ سادەیی لە دەربڕیندا، شاعیر دەیەوێت پەیامی یاخیبوونی خۆی بگەیەنێتو دواتریش ئەرکی خۆی وەك شاعیرێکی ڕاستگۆی واقیع بێن بخاتەڕوو، هەربۆیە لە درێژەی دەقەکەیدا دەڵێت:

**دەوڵەمەندەکان چاوەڕوانی وەرزی هاوینەهەوارو**
**هەژارەکان چاوەڕوانی شۆڕشو**
**شۆڕشگێڕەکان چاوەڕوانی ئەنجامی کشانەوە دەکەن**
**من چاوەڕوانی شێتیم**
**پاش ئەوەی بەکرێگیراو و ناپاکو سیخوڕو**
**درۆ هەڵهاتوو، قاچاخچیو ساختەکارو**
**نێربازو گەوادو سۆزانیو**
**دەلاڵەکان خواردنی ماوە بەسەرچوو و پاشەڕۆی کیمیاویو**
**بازرگانەکانی ئەندامی جەستەی مرۆڤ و جوگرافیو مێژوویيو نەتەوەیی**
**تەنها**
**لەسەر نیشتیمانو خەمەکانی هاونیشتیمانیانو**
**بەرگریو داگیرکاریو شوورەیی داگیرکاری نەبێت، قسەناکەن**
**ئیتر ئێمەی نووسەرانو شاعیرەکان لەبارەی چییەوە قسەبکەین**
**لەبارەی مافەتەو شێتیی مانگاوە**[442]

ئەوەی بۆ (ماغوت) گرنگە، بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی سیاسیی وڵاتەکەیو ئەو سیاسەتمەدارە گەندەڵانەی، هەمیشە بوونەتە خۆرکەی وێرانکردنو ناشیرینکردنی وڵات، بەجۆرێك کاردەکاتە سەر دەروونی شاعیر، تا بەشێوەیەکی تر سەیری نیشتیمانی سیاسەتمەدارە گەندەڵەکان بکات. ئەمجۆرە تێڕوانینە، زۆر بە زەقی لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی (شێرکۆ بێکەس)دا دەردەکەوێت، بەڵام جیاوازیی هەرە قووڵی ئەو دوو بۆچوونە لە زمانی دەربڕینەکانیاندایە. زمانی دەربڕینی (ماغوت) سادەو بێ گرێو گۆڵە، بەڵام زمانی دەربڕینی (شێرکۆ)، ئاستێکی هونەریی باڵای هەیە، بەجۆرێك هونەرەکانی ڕەوانبێژی گەلێك تێدا بەکارهاتووەو لە هەندێك باردا پشتی بە هێماو ئاماژەی نوێو ئاڵۆز بەستووە، لە کاتێکدا ئەمجۆرە هێماو ئاماژانە لە شیعری (ماغوت)دا بوونیان نییە.

---

442 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٣٠)

(ماغوت خۆی ڕادەستی دەربڕینو زاراوە مێژووییەکان ناکات، بەڵکو ڕووبەڕووی زمانێکی سەرەتایی دەبێتەوە، کە سەرلەنوێ ناو لە شتەکان دەنێتەوەو بەجۆرێك کە یەکەمجارە بیانبینێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرمان پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان شیعرو ئاخاوتنی خەڵکیدا هەتا ئەگەر جوانیش بێت. زمانی شیعری ماغوت لە زمانی خەڵکی ئاساییەوە هەڵهێنجراوە، نەك فەرهەنگەکان. هەر ئەمەش وایلێکردووە بە زمانی ژیانی ڕۆژانە بنووسێ، هەربۆیە زمانەکەی نوێیەو گەرمەو بە بەهێزیش بە واقیعەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە، زۆر دەربڕینی دیاریکراو دووبارەبکاتەوە، کە لەناو ناخی شاعیردا دەنگدانەوەی هەبووە وەکو هەڵهاتنو ڕماڵینو شەقامو برسێتیو هەژاریو ترسو نامۆییو زیندانو دڵتەنگی...هتد).[443]

**ئەوانە دەیانەوێت بخۆن**

**من دەمەوێت برسیم بێت**

**ئەوان دەیانەوێت لەبەربکەن**

**من دەمەوێت ڕووت بم**

**ئەوان دەیانەوێت سەقامگیر بن**

**من دەمەوێت ڕابکەم**

**هەر لەبەر ئەوەیە ناکرێت کێبڕکێ لەگەڵ کەسدا بکەم**

**چونکە هەموویان دەیانەوێت بیبەنەوە**

**من دەمەوێت بدۆڕێم**[444]

لێرەدا دەکرێت ئەو پرسیارە ئاڕاستە بکەین، ئایا زمانی شیعریی ماغوت، هەڵگری تایبەتمەندییەکانی زمانی باڵای شیعرە؟ بێگومان لە ڕووکەشدا زمانێکی ئاساییەو دوورە لە گرێو گۆڵو ئاڵۆزیی دەربڕین. بەپێی بۆچوونی ڕابەرانی قوتابخانەی هێماگەریی لە ئەدەبدا، ئەمجۆرە زمانە گرفتی ناونانی هەیەو ناکرێت وەك زمانی باڵای شیعر وێنابکرێت، بۆ نموونە (ستیڤان مالارمیە، کە یەکێکە لە ڕابەرانی قوتابخانەی هێماگەری، زمانی شیعر بەو جۆرە زمانە دادەنێت، کە ئاڵۆزەو لە بنەماکانو سیستەمو کۆتوبەندە باوەکانی زمان خۆی ڕزگارکردووە، سەرەڕای ئەوەش، گرنگی دەدات بە ئاوازو خاسیەتی دەنگیی شیعرەکە بەگشتی، هەربۆیەش بەمجۆرە زمانە شیعرییە دەوترێت زمانی باڵا (High Language)[445]. ئەو بۆچوونە زمانییە بەسەر زمانی دەقەکانی (ماغوت)دا ناچەسپێت، چونکە زمانی شیعریی ئەو، سەرەڕای سادەییەکەی، بەهای بەرزی هونەریو ئاستی گرنگی کارتێکردنی لەسەر ناخو دەروونی خوێنەرەکانی لەدەستنەداوە، یاخود دەتوانین بڵێین (ماغوت) ئەوەندەی مەبەستی گەیاندنی پەیامی یاخیبوونەکەی بووە، ئەوەندە سەرقاڵی ڕازاندنەوەی زمانی دەقەکانی نەبووە. گرنگە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە یاخیبوون پێویستی بە جۆرە زمانێکی تایبەتە، کە هەڵگری تایبەتمەندێتیی خۆیەتی لەڕووی هەڵبژاردنی جۆری وشەکانو

---

[443] علي گنجيان خناري و خديجة براني کاشاني، (١٣٨٨: ١٣٥)

[444] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٦٩)

[445] احمد محمد المعتوق_اللغة العليا (دراسات نقدية في لغة الشعر)، (٢٠٠٦: ٢٦)

چۆنیەتیی دەربڕینو ئاراستەکردنیان بۆ خوێنەر. لەمڕووەوە، (ماغوت) زۆر بەباشی ئاگاداری ژینگەی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئایینیی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی، هەربۆیەش دەزانێت بە چ جۆرە زمانێك گوتاری یاخیبوونی خۆی ئاراستەبکات.

لەلایەکی دیکەوە، قۆناغی شیعری عەرەبی لەو سەردەمەدا، یەکێکی تر بووە لەو هۆکارانەی، کە وایکردووە (ماغوت) خۆی لەو کۆتوبەندە کۆنانەی نووسینی شیعر ڕزگاربکات، چونکە "شیعری نویٚ یاخیبوونێکی تەواوەتی بووە لە کۆتوبەندە دانراوەکانی شیعری کۆنی عەرەبی، هەروەها گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بوو لە دیدی شاعیری داهێنەرەوە لە چۆنیەتیی شێوازی تایبەتیی خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زمانو هەڵبژاردنو دابەشکردنیدا."[446]

شاعیر لەم ڕوانگەیەوە توانیویەتی لە نووسینەکانیدا، زمانێکی تایبەتو خاوەن تایبەتمەندێتیی جیاواز لە شاعیرەکانی تر بدۆزێتەوە، بەجۆرێك (سەرەڕای ساکاریو سادەیی دەربڕینی ماغوت، بەلام ئەمە بەو واتایە نایەت قووڵی لە واتاو مەبەستدا لەدەستدابێت، بەتایبەت لەپێناوی دروستکردنی کاریگەریدا لەڕێگەی ئەو بابەتە گرنگانەی لەناو کۆمەڵگاکەیدا وروژاندونی، بەجۆرێك کە شۆڕشێکی دژی خراپەکانیان بەرپاکردووەو بە وردیی وەسفی کردوون)[447]، بۆ نموونە کاتێك شاعیر باس لە کێشەی شەرەف دەکات لە کۆمەڵگای عەرەبیدا، زۆر بە وردیی لەسەری دەوەستێتو جۆرە زمانێك بەکاردەهێنێت، کە وروژاندنو کاریگەریی بەرپابکات.

**بۆ پارێزگاریکردن لە شەرەفی خێزانەکەی فلان خوشکەکەی خۆی سەربڕی**
**بۆ پارێزگاریکردن لە شەرەفی خێڵ، فلان کچەکەی خۆی سەربڕی**
**بۆ پارێزگاریکردن لە دەوڵەتو عەرشو سیستەمو دابو نەریت**
**فلان سەرکردەکەی خۆی کوشت**
**بەلام کێشەکە ئەوەیە، کە شەرەف نە پەسن دەکریٚو نە بۆنو نە خاسیەتو نە تەمەنو نە بوونی هەیە، چونکە وەك عەیبەو وەك خودایە.**[448]

دەتوانین گرنگترین خاسیەتەکانی ئەم شیعرەی ماغوت لەڕێگەی ئەم هێڵکارییەوە دیارییبکەین:




[446] محمد علي كندي، الرمز و القناع في الشعر العربي الحديث، (٢٠٠٣: ٧)
[447] علي گنجيان خناري و خديجة براني كاشاني، (١٣٨٨: ١٣٥)
[448] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٧٢)

واتە شاعیر بە کورتترین ڕێگە زۆرترین کاریگەریی بەجێدەهێڵێت. بەتایبەت لە بابەتێکی هەستیاری وەکو (شەرەف)دا، کە زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان گیرۆدەی بوونو کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، شاعیر هاتووە بە زمانێکی سادەو وشەی باوی ناو زمانی ئاخاوتن، ئەم کێشەیە دەخاتەڕوو، لێرەدا زیرەکیو لێهاتوویی شاعیر لەوەدایە، کە بابەتی شەرەفو خودا بەیەکتر بەراوردەکات، ئەم دۆخی بەراوردکردنە بۆ کۆمەڵگای عەرەبی، بوێرییەکی ئێجگار زۆری دەوێت.

شەرەف ————◄ پەسنناکرێت = خودا پەسنناکرێت

شەرەف ————◄ ڕەنگو بۆنو تەمەنی نییە = خوداش ڕەنگو بۆنو تەمەنی نییە

ئەو تواناو بوێرییەی شاعیر دەرخەری ئەوەن، کە ساکاریی زمانی دەربڕینی، دەقەکانی خاڵی نەکردووەتەوە لە پەیامو کاریگەرییە قووڵەکانی لەسەر خوێنەر، چونکە لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا ئەو نووسەرو شاعیرانە کەمن، کە بتوانن بەو ڕاشکاوییە وێنەی خوداوەند بکێشن، مەگەر تەنها ماغوتو شاعیرە هاوشێوەکانی، ئەو توانا تایبەتەیان هەبێت.

هەرگیز زمانی باڵای شیعر بە ڕووکەشی وشەکانو ڕیزکردنو ئاڵۆزییان ناپێورێت، بەڵکو زمانی باڵا، لە بەهێزییو دروستکردنی کاریگەرێتییەکەیدایە، کە لەسەر دەروونی خوێنەر، یاخود ئەوی دی، دروستیدەکات. ئەم دۆخی کاریگەرییەش، بە تەواوەتی بە زمانی شیعریی (ماغوت)ەوە دیارە، واتە سادەییەکەی کردووەتە بنەمایەك بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر ئەوی دی.

لەلایەکی ترەوە، دەقی هونەریی سەرکەوتوو، سێ پێوانەی سەرەکی هەیە:

١. ئەندازەی کەمیو زۆریی گواستنەوەی هەستو سۆز لە نووسەرەوە بۆ خوێنەر.

٢. ئاستی ڕوونی گواستنەوەی هەستو سۆزەکە.

٣. ڕاستگۆیی نووسەرو دڵسۆزییەکەی.[٤٤٩]

ئەگەر ئەو سێ بنەمایە بە هەند وەربگرین، ئەوا دەبێت ددان بەوەدا بنێین، کە دەقەکانی (محەمەد ماغوت)، دەقی ئەدەبیی سەرکەوتوون، بەوپێیەی بێ ترسو بێ بەکارهێنانی هیچ جۆرە هێماو ئاماژەیەك، بە ئەوپەڕی ڕاستگۆیانە هەستو سۆزو دیدو بۆچوونەکانی بڵاودەکاتەوە. بۆ نموونە کاتێك باس لە (برسێتی)دەکات وەك خەمێکی قووڵی هەموو مرۆڤیکی هەژار، دەڵێت:

**ئەی برسێتیی خاوەن ددانو دوو چاوشین**

**کەم لە ئاسمانی دوور بڕوانە**

**باران نابارێنێت**

**ئیتر هەرگیز لەمەودوا باران نابارێنێ**[٤٥٠]

---

[449] أحسان عباس، فن الشعر، (١٩٩٦: ٣٥)

[450] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٨١)

کەواتە دەتوانین بڵێین، سادەییو ساکاریی، یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی زمانی شیعریی یاخیبوون لای (ماغوت)و سەرچاوەی سەرەکیی ئەو زمانەش، تەنها ئەزموونی ژیانی شاعیر خۆیەتی، بەوەش نە لە تیۆرییەکانو نە لە وتەو نووسینی فەیلەسوفەکانو نە لە ڕامانە مێژووییەکانەوە وەرگیراوەو نە لە ناو شارستانیەتە گەورەکانەوە هەڵگوێزراوە، بەڵکو هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ ئەزموونی کەسیی خۆیو ئەو ئازارانەی لە ژیانی واقیعییەوە پێیگەیشتوون. شێوازی زمانی شیعریی (ماغوت) تەواو لەو شاعیرانەی تر جیاوازە، کە لەپێناوی مەبەستێکی تایبەتیی خۆیاندا وەسفدەکەن، یاخود سەرزەنشتدەکەن. ڕاستە زمانی سادەی (ماغوت) بەدەر نییە لەجۆرە ڕقو تووڕەبوونێکی تایبەت بەرانبەر بە واقیعی تاڵ، تەنانەت زۆر جار تا ئاستی جنێودانیش دەڕواتو تەواوی گەنجینەی وشەی ناو زمانی ئاخاوتنی گشتی بەکاردەهێنێت، چونکە ئەوەی مەبەستیەتی، گەیاندنی پەیامەکەیەتی بە زمانێکی کاریگەر.

**دووەم: دووبارەکردنەوەی مەبەستدار**

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی (ماغوت)، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی چەند وشەو جێناوێك، بەجۆرێك لە چەندین دەقی شیعریدا لە سەرتاپای دەقەکەدا وشەیەك، یاخود جێناوێك زۆر دووبارەدەکاتەوە. مەبەستی سەرەکیی دووبارەکردنەوەی ئەو وشەو جێناوانە، زیاتر بۆ جەختکردنەوەیە لە پەیامی یاخیبوونی خۆی بەرانبەر بە دیاردەیەکی تایبەت، کە ڕەخنەی لێدەگرێت.

أ. "لە شێوازی زمانی شیعریی (ماغوت)دا ئەوەی جێگای سەرنجە، جێناوی کەسیی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی تاك (من) بۆ گوزارشتکردن لە خودی خۆیو بۆ بەراوردکردنی خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا زۆر بەکاردەهێنێت، وەك ئەوەی نوێنەری شەرعیی توێژی بێدەسەلاتو هەژارەکان بێت. ئەو لە ناخی خۆیدا ئەو ئەزموونە زۆرە دەبینێت، کە لە ژیانیدا فێری بووە، بۆیە تاکە کەسە، کە دەتوانێت لایەنە خراپەکانی ژیان دیارییبکات."[451]

ئەم دیاردەیە تەنها لە یەك دیوان، یاخود لە یەك قۆناغی دیاریکراوی شیعری ئەودا بوونی نییە، بەڵکو دیاردەیەکە تێکڕای ئەزموونی نووسینەکانی تەنیوە. تەنانەت لەدیوانی (شرق عدن غرب الله...)شدا، بەڕوونی دەبینرێت، وەك چۆن لە شیعری (کەمال خەیری بەگ)[452]دا دەردەکەوێت.

**من گۆرانیم دەچڕیو تۆ گوللەت دەتەقاند**
**من دەمنووسیو تۆش گوللەت دەتەقاند**
**من دەمخوێندەوەو تۆش گوللەت دەتەقاند**
**من موزیکم دەژەنیو تۆش گوللەت دەتەقاند**
**من وێنەم دەکێشاو... تۆش گوللەت دەتەقاند**
**من پەیکەرم دەتاشیو... تۆش بە هەموو لایەکدا گوللەت دەتەقاند**
**لەپێناوی سەرکەوتنو ڕاستیو چاکەو جوانیو کێشەکاندا**

---

451 علي گنجيان خناري و خديجة براني كاشاني، (١٣٨٨: ١٤٠)

452 کەمال خەیری بەگ: شاعیرو شۆڕشگێڕی سوریی بوو، لە ساڵی ١٩٣٥ لە شاری قرداحیە لەدایکبووەو لایەنداری پارتی نەتەوەیی سوریا بووە. ٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ تیرۆرکراوە.

**دەبینی هاورێیانی ڕێگەی خەباتی دوورو درێژ**

**دێن بۆ سەردانی گۆڕەکەت**

**بۆئەوەی نرخی دراوە بیانییەکانی ئەو ڕۆژە بخوێننەوە**[٤٥٣]

شاعیر لەو شیعرەدا، وشەو نووسینو کارە ئەدەبییەکانی خۆی وەك چەكو گوللە بۆ بەرەنگاریو ڕووبەڕووبوونەوە وێنادەکات. واتە هێزو کاریگەریی شیعرو گۆرانیو کارە هونەرییو ئەدەبییەکانی لەکاتی ئەنجامدانی شۆڕشو ڕاپەڕیندا، بە ئەندازەی گوللەو چەك گرنگن. هەر لەم شیعرەدا، شاعیر کردەی (وەکیەکی) ئەنجامدەدات:




هەمیشە ئەوەی (ماغوت) لێیدەترسێت، دواجار ڕوودەدات، ئەویش دوای مردنی کەسە شۆڕشگێڕەکان، بەردەوام ترسنۆكو خاکفرۆشەکان دەبنە خاوەنی بابەتەکەو لەپێناوی گیرفانی خۆیاندا بەکاریدەهێنن. ئەمەش هەمان ئەو دۆخەیە، کە (شێرکۆ بێکەس) لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا وێنایدەکات، کە چۆن لە ساتەوەختی نووسینی ئەو دیوانەدا، چیتر نیشتیمان هی خەباتگێڕەکان نییە، بەڵکو چەتەو خائینەکان حوکمڕانیدەکەن.

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، (محەمەد ماغوت) لە تێکڕای ئەزموونی شیعریی خۆیدا، زۆر جار ئەو وشەو جێناوانەی بە مەبەستی جەختکردنەوە بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە دیوانی (البدوي الأحمر)دا، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (شەیتان)دا دەڵێت:

**وتم بە شەیتانی نەفرەت لێکراو**

**لە هیچ دەرگایەکەوە مەیەرە ژوورەوە**

**هەموو کلیلەکان بە خۆمن**

---

[453] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٦٥١)

**تۆ قەدەری... من سودفەم**

**تۆ بەهاری... من زستان**

**تۆ شەوی... من ئەستێرەکان**

**تۆ بیابانی... من دەریا**

**تۆ خۆشەویستی... من کات**[٤٥٤]

ئەگەر سەرنجبدەین، بەهەمان شێوەی دەقەکەی پێشوو، پێنج جار جێناوی کەسی دووەمی سەربەخۆو کەسی یەکەمی سەربەخۆی بە مەبەستو لەپێناو جەختکردنەوە لەسەر پەیامی خۆی بەکارهێناوە. لێرەدا خودی دایەلۆگەکە لەگەڵ شەیتان، کە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا جێگای نابێتەوە، چونکە هەمیشە هێمای فێڵو تەفرەدانو لادانی موسوڵمانانە لە ڕێگەی خوداناسی، جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە. ڕاستە لەسەرەتاوە وەك نەفرەت لێکراو باسیدەکات، بەڵام دواتر کۆمەڵێك سیفەتی باشی وەك (بەهارو شەو قەدەرو خۆشەویستی) پێدەبەخشێت، لەڕێگەی ئەوانەشەوە دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە شەیتان بەشێوەیەکی بەردەوام وەك بەشێکی تەواوکاری لەگەڵ مرۆڤدا دەردەکەوێت. وەك چۆن (ڕۆژو شەو)و (بەهارو زستان)، (دەریاو بیابان) پێکەوە تەواوکەری یەکن، بە هەمان شێوەش بۆ مرۆڤ و شەیتانیش، ئەو بۆچوونە تەواوکارییە ڕاستو تەندروستە.

ماغوت لە کتێبی (أغتصاب كان و أخواتها)دا، پەیڕەوی لە هەمان ڕێڕەوی داڕشتنو کاری خۆی دەکات، کاتێك دەڵێت: "بەڵام من تووڕەو برسی بووم، لە ئەسپێی زیندان، پێڵاوی ئاسنینی پاسەوانانی لەسەر دڵمو دارە مەیتەکانو گۆڕە پانەکانی لەسێدارەدانو لێوی ئەستووری پیاوە دڵڕەقەکانو خەونی کوژراو و بزەو برژانگەکانمان دەدوام."[٤٥٥]

ب. ماغوت جگەلە جێناوی کەسی یەکەمی سەربەخۆ، بە هەمان شێوە جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك بەکاردەهێنێت، ئەویش بۆ چەسپاندنو جێگیرکردنی مەبەستەکانی پێشوو، کە ئاماژەمان بۆ کردن، بۆ نموونە:

**لووتکە بەرزەکان غیرە لە لووتبەرزیم دەکەن**

**حوشتر لە تینوویێتیم**

**سیزیف لە ئارامیم**

**ئەبولهەول لە خۆڕاگریم**

**گزنگ لە گەشبینیم**

**زریانەکان لە بەرەنگاریم**

**ئاسۆکان لە خەونەکانم**

**کانیاوەکان لە بەخشندەییم**

**شەکسپیر لە داهێنانەکانم**

---

454 محمد الماغوط، البدوي الأحمر، (٢٠٠٦: ١٤٣)

455 خليل صويلح، محمد الماغوط أغتصاب كان و أخواتها، حوارات، (٢٠٠٢: ٤٨)

**ڕۆدان لە وردەکاریم**

**زەینەب لە قەڵەمڕەویم**

**لەگەڵ ئەوانەشدا جلەکانم لەبەردەکەمو دایاندەکەنمو کەرەستەکانم بەکاردەهێنم**

**چاوم بە هاوڕێو میوانەکانم دەکەوێت**

**وەك چۆن لە نواندنەوەی تاواندا ڕوودەدات** [456]

لەو شیعرەدا، شاعیر (١٨) جار جێناوی لکاوی بۆ کەسی یەکەمی تاك، کە بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە بەکارهێناوە، هەروەها شکۆی خۆی بەسەر کۆی شتەکانی سروشتدا زاڵدەکات، تەنانەت لەو لێکچواندنانەی لەنێوان خۆیو شتو کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهاندا بەکاریهێناون، هەست بەوە دەکەیت، کە شاعیر لە دۆخی ئاڵنگاریدایە بەرانبەر بە هەموو ئەوانەی لە ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو سروشتیو مێژوویی خۆیدان. شاعیر لەو شیعرەدا، (١١) لەوچووی بۆ خودی خۆی بەکارهێناوە، لە هەر هەمووشیاندا خۆی بە بەهێزترو گەورەتر پیشانداوە. هەرچەندە (ماغوت) وا ناسراوە، کە خاوەنی کەسایەتییەکی سادە بووە، بەڵام مەبەستی خۆی لە پشت ئەو خۆ گەورەکردنەوە هەبووە، ئەویش وەك هەمیشە گەیاندنی پەیامی یاخیبوونو ڕەتکردنەوە بووە. کاتێك ئەو شیعرانەی (ماغوت) دەخوێنیتەوە، هەستدەکەیت جۆرێك لە زیادەڕۆیی تێدایە لە پیشاندانی توانای داهێنانو هەموو ئەو ئازارانەی، ئەو لە زینداندا چەشتوونی، وەك ئەوە وایە، ئەو تەنها مرۆڤ بێت لە جیهاندا خاوەنی ئەو هەموو ئازارو دۆخە پڕ کێشەیە بێت.

ئەگەر ئەو دۆخە بە دۆخی (شێرکۆ بێکەس) لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا بەراوردبکەین، هەست بە جیاوازییەکی گەورە دەکەین، چونکە (شێرکۆ) لەجیاتی دەرخستنی خۆی وەك کەسی یەکەمو خاوەن ئازار، دێت لەڕێی کەسایەتییەکی ترەوە کۆی ئازارەکانی نیشتیمان دەگێڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەش، (شێرکۆ) دواجار خۆی وەك نوێنەری تێکڕای ئازارەکانی گەل نمایشدەکات.

پ. وشەی دووبارە

کردەی دووبارەکردنەوە، پانتاییەکی زۆری شیعرەکانی (ماغوت) داگیردەکات، ئەگەر سەرنجی دیوانی (شرق عدن غرب الله...) بدەین، ئەو لایەنەمان بە ئاشکرا بۆ دەردەکەوێت. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەموو ئەو دووبارەکردنەوانە، لەپێناو گەیاندنی پەیامی یاخیبوونو دڵتەنگیو خەمو ئازارەکانی خۆیدایە بەشێوەیەکی کاریگەر، بۆیە دەبینین جگەلە دووبارەکردنەوەی جێناوەکان، (وشە) زۆر دووبارەدەکاتەوە، بۆ نموونە لە شیعرێکی (١٨) نیوەدێڕدا، (١٥) جار وشەی (خۆشدەوێتو خۆشدەوێن)و (١٦) جار جێناوی کەسیی لکاوی (م)و (١٣) جاریش ئامرازی نەرێکردنی (نا)ی دووبارەکردووەتەوە.

**دەرگاکانم خۆشدەوێنو سەردانیکەرەکانی نا**

**پەرژینەکانم خۆشدەوێنو کێڵگە نا**

**زەنگەکانم خۆشدەوێنو مێگەل نا**

---

456 محمد الماغوط، شرق عدن   غرب الله...، (٢٠٠٥: ٩٩)

**سەگەکانم خۆشدەوێن‌و منداڵەکان نا**

**کارم خۆشدەوێت‌و کرێکارەکان نا**

**قامچییەکانم خۆشدەوێن‌و زیندانەکان نا**

**زینەکانم خۆشدەوێن‌و ئەسپەکان نا**

**شانۆی بۆکسێنم خۆشدەوێت‌و چەپڵەلێدەرەکان نا**

**شەپۆلەکانم خۆشدەوێن‌و ڕزگارکەرەکان نا**

**ئازادیم خۆشدەوێت‌و ئازادیخوازان نا**

**شۆڕشم خۆشدەوێت‌و شۆڕشگێڕەکان نا**

**نیشتیمانەکانم خۆشدەوێن‌و گەلەکان نا**

**نیشتیمانەکەم بێسنوور خۆشدەوێت. نەخشەکانی‌و هوتێلەکانی‌و سەنگەرەکانی‌و خوێندنگەکانی‌و گومرگەکانی‌و مەخفەرەکانی‌و ئاوە هەرێمییەکانی‌و کەشوهەوای‌و تەنانەت هەورەو بروسکەو کڕێوەو ئاسمانە دوورەکانیشیم خۆشدەوێت، لە خۆشم‌و لە ئەویش دەترسم**[457]

هەرچەندە ئەمجۆرە دووبارەکردنەوانە لە ڕووکەشدا کارێکی ئاساییە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆك‌و جەختکردنەوە لەسەر بیروڕاکانی‌و دەرخستنی تێڕوانینی شاعیر بۆ کۆی شتەکانی دەوروبەری‌و دروستکردنی موزیکێکی تایبەت تێیدا، کارێکە پڕیەتی لە وردەکاریی هونەرییانە.

(ئەم جۆرە بەکارهێنانە زمانییە لای ماغوت، خاڵێکی زۆر گرنگ‌و بنەڕەتییە لەپێناوی ڕاکێشانی دەنگ‌و ڕای خوێنەرەکانی. ماغوت لەم جۆرە بەکارهێنانەدا زۆر سەرکەوتوو بووە. زمانەکەی سادەیەو دوورە لە دەربڕینی ئاڵۆز، بەڵام خاوەنی واتای قووڵن، بەجۆرێك توانای دروستکردنی کاریگەرییان هەیە لەسەر دەروونی خوێنەر.)[458]

دووبارەکردنەوەی هەندێك وشەو جێناو بەشێوەیەکی بەرچاو لەم دیوانەدا، بەشێکە لەو ئەرکە ئەدەبییەی (ماغوت) بەو وشە دووبارانەی دەبەخشێت، لەبەر بەهێزکردنی جیهانبینییەکەی‌و جەختکردنەوە لەسەر گەیاندنی پەیامی یاخیبوونەکەی بە ڕوونی.

### سێیەم: کورتکردنەوە (کورتبڕی)

کورتکردنەوە، یاخود کورتبڕی، یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی، شاعیران‌و نووسەران لە سەرجەم قۆناغەکاندا پەیڕەویانکردووە. وتراوە باشترین نووسین ئەوەیە، کە کورت‌و پڕ واتا بێت. شاعیران خۆیان لەسەر ئەوە ڕاهێناوە، کە بتوانن زۆرترین واتا بە کەمترین وشە بەدەستەوە بدەن.

ئەگەر شیعری (ماغوت) بە سادەیی‌و ساکارییەکەیەوە بناسرێتەوە، ئەوا کورتبڕیش یەکێکی دیکەیە لە سیما سەرەکییەکانی شیعری (ماغوت)، بەجۆرێك لە بەشی زۆری شیعرەکانیدا کەمترین وشەی بەکارهێناوە، بەڵام ئەو وشە کەمانە واتای قووڵ‌و گەورەیان هەن. ئەگەر سەرنجی دیوانی (شرق عدن غرب الله...) بدەین، کورتبڕی، ڕووبەرێکی

457 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٠٨_١٠٩)

458 علي گنجيان خناري و خديجة براني كاشاني، (١٣٨٨: ١٤٢)

زۆری ئەم دیوانەی داگیرکردووە، بەجۆرێك شاعیر بە چەند وشەیەك باس لە کۆمەڵێك ڕووداوی سیاسیو مێژوویی‌و کەسایەتیی بەناوبانگ دەکات.

**بۆ کامپ دیڤید**

**بۆ ئۆسلۆ**

**بۆ سابراو شێتێلا**

**بۆ (قانا)**

**بۆ مەدرید**

**بۆ بن لادن**

**بۆ عەلی کیمیایی**

**بۆ عەلی دیك**[٤٥٩]

هەریەك لەو ناوانەی لە دەقەکەدا هاتوون، ئاماژەن بۆ ئەو ڕووداوە گرنگانەی لە ناوچەکەدا ڕوویانداوەو کارەساتی گەورەیان دروستکردووە. یەکێك لەو ناوانە (عەلی کیمیایی)یە، کە تاوانباری سەرەکیی ئەنجامدانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەیە. بەکارهێنانی ئەو ناوانە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی (ماغوت) شارەزاییەکی زۆری لە بواری مێژوو و سیاسەتدا هەبووە.

خوێنەر بۆ ڕاڤەکردنی ئەو ناوانەی لەو شیعرەدا هاتوون، پێویستی بە شارەزاییەکی زۆری سیاسیو مێژوویی هەیە، چونکە ئەگەر پێشینەیەکی ڕۆشنبیریی لەسەر ئەو کەسایەتییانە نەبێت، ئەوا بە هیچ جۆرێك لە مەبەستی شاعیر تێناگات. هەر ئەمەشە، کە دەگوترێت زمانی شیعریی (ماغوت) سادەو ساکارە، بەڵام هەڵگری واتاو ناوەڕۆکێکی بەهێزن.

**لەسەر پەیژەی هەورە خۆڵەمێشی‌و شین‌و سوورو ئاگرینەکاندا**

**سەرکەوتم بەسەر**

**چاوچنۆکی**

**ئارامی**

**سڵەمینەوە**

**شارەزایی**

**زانست**

**زانین**

**منداڵی**

**پاکێتی**

---

[459] محمد الماغوط، شرق عدن  غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٨٤)

**سۆز**

**بەهار**

**پایز**

**هۆشیاری**

**بەهرە**

**کتێبە ئاسمانییەکان**

**ئەفسانەکان**

**خۆڕاگری**

**تاوێرەکان**

**شێتی**

**سووربوون**

**ئەندێشە**

**متمانەی ڕەها بەخۆبوون**

**جگەلە بەتاڵی نەگەیشتمە هیچ**

**چونکە هەنگاوی یەکەمم**

**بەسەر شیعردا بوو**[٤٦٠]

شاعیر بەو چەند وشەیە، کۆی ئەزموونی ژیانی باسکردووە، تەنانەت وێنەی ئەو تابلۆ پڕ نائومێدیو خەمو دڵتەنگییەی کێشاوە، کە لە ژیاندا بەهۆی کارەکەیەوە، کە شاعیربوونە، بۆی دروستبووە. (هەریەك لەو وشانەی ماغوت بەکاریهێناون، بۆ خۆیان ناونیشانێکی سەرەکینو پێویستیان بە ڕاڤەکردنو لێکدانەوە هەیە، بۆ نموونە وشەکانی وەك زانینو زانستو پاکێتیو ئەندێشە.....هتد هەڵگری چەندین واتاو ڕاڤەی جیاوازن، کە دەبێت بە وردی خوێنەر لێیانبکۆڵێتەوە (ماغوت زۆر گرنگی بە بەکارهێنانی خواستن داوە، لە داڕشتنی شیعریدا زۆرترین ڕووداو و ئازارەکانی ژیانی خۆی لەڕێگەی (خواستن)ەوە دەربڕیوە، یاخود بۆ گوزارشتکردن لەو دۆخانەی ژیانی، ناوی (وڵاتو شارو کەسایەتیی بەناوبانگی مێژوویيو... هتد بەکارهێناوەو هەمیشە بەراوردکردنی ژیانو حاڵی خۆی لەگەڵ ئەو ناوانەدا بۆ خوێنەر بەجێهێشتووە، کە دوا بڕیاری لەسەر بدات.)[٤٦١]

**شەکسپیر چی لە شانۆکانی دەستکەوت**

**شاپلن لە گاڵتەو گەپەکانی**

**نیتشە لە فەلسەفەکەی**

**گۆیا لە رسومەکەی**

---

[460] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢٦٧_٢٦٨)

[461] علي گنجیان خناري و خدیجة براني کاشاني، (١٣٨٨: ١٣٨)

**ڕۆدان لە پەیکەرەکەی**

**بایرۆن لە سرودەکانی**

**گیڤارا لە پاکێتییەکەی**

**میرابۆ لە شۆڕشەکەی**

**شۆپان لە ژێیەکانی**

**ماری ئەنتوانین لە تاجو عاشقەکانی**

**جگەلە سیلو پەرکەمو شێتیو کەڕیو ونبوونو گوکردن لە چۆڵەوانیدا.**[٤٦٢]

شاعیر لەو شیعرەدا دەیەوێت ئەوەمان بۆ ڕوونبکاتەوە، کە ئەو ناوە گەورانەی ناو دونیای نووسینو ئەدەبو موزیکو هونەرو سیاسەتو شۆڕش چییان دەستکەوت، ئەویش هەر ئەو دەستبەتاڵییەی بۆ دەمێنیتەوە، کە بۆ ئەوانی تر ماوەتەوە. لە شیعرەکەی پێشوودا، (ماغوت) باس لەو دۆخە بێ ئومێدییە دەکات، کە بەهۆی شاعیربوونەوە تووشیهاتووە. ئەگەر سەرنج بدەین، لەو هەموو ناوانەی لە شیعرەکەدا دەیانهێنێت، ناوی هیچ شاعیرێکی تێدا نییە، یاخود باس لە دیوە شیعرییەکەیان ناکات. کەواتە ناڕاستەوخۆ خۆی ئەو شاعیرەیە، کە دەبێت لە ڕیزی ئەواندا ناوی بهێنرێتو بگوترێت (ماغوت چی لە شیعرەکانی دەستکەوت).

هەروەها (ماغوت) زۆر زیرەکانە کردەی خواستنی ئەنجامداوە لەنێوان خۆی وەك (لێچوو) لەگەڵ ئەو ناوانەی، کە باسیکردوون وەك (لەوچوو)، بەڵام (لێچوو)، کە خۆیەتی، ناوی نەهێناوە.




[462] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٠٣_١٠٤)

جارێکی تر دەبێت لەسەر ئەو خاڵە بوەستین، کە ڕاڤەکردنی ئەو ناوانەی، لەو شیعرەدا هاتوون، پێویستی زۆری بە زانیاریی ورد هەیە لە گشت ئەو بوارانەدا، کە شاعیر باسیکردوون.

**چوارەم: بانگکردن**

یەکێکی تر لە سیماکانی زمانی شیعریی (ماغوت) لە دیوانی (شرق عدن  غرب الله...)دا، بەکارهێنانی ئامرازی بانگکردنە. بەکارهێنانی ئەم ئامرازە لەپێناوی هۆشیارکردنەوەو سازدانی جەماوەرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو یاخیبوون. (بانگکردن) پایەیەکی سەرەکیی زمانی شیعریی یاخیبوونە، بەهۆیەوە شاعیر دەتوانێت کاریگەریی زۆر لەسەر دەروون و هەستی خوێنەرو گوێگرەکانی دابنێت، بۆ نموونە لە شیعری (دوکەڵی نەخشەکان)دا دەڵێت:

**ئەی تایمزی جوان، ئەمانە گۆرانییەکانی من نین**
**ئەی دەریا تووڕەکان، ئەمانە کەشتیی من نین**
**ئەی شاخەکان، ئەمانە ئەشکەوتەکانی من نین**
**ئەی شەمەندەفەری خێرای ڕۆژهەلآت، ئەمانە جانتای من نین**
**ئەی بیابانەکان، ئەمانە هەواری من نین**
**ئەی حەسەن سەباح، ئەمانە قەلآی من نین**
**ئەرخەمێدس ئەمانە دۆزینەوەکانی من نین**
**نیتشە ئەمە شێتیی من نییە**
**کافکا ئەمە ڕێ بە گرێو گۆڵەکەی من نییە**
**ئەی ئەسکەندەر ئەمانە جەنگەکانی من نین**
**ئەی لێکۆڵەرەکان ئەمانە ددان پێدانانەکانی من نین**
**ئەی مەسیح ئەمە خاچەکەی من نییە**
**ئەی مەهدی چاوەڕوانکراو، چاوەڕوانت ناکەم**
**ئەی موسا، ئەمە سینای من نییە**
**ئەی هێرتزل ئەمە خاکی بەڵێنپێدراوی من نییە** [٤٦٣]

ماغوت ئامرازی بانگکردنی (ئەی) بەکارهێناوە لەپێناوی:

١. ئاگادارکردنەوەی خوێنەرو گوێگرەکانی.
٢. هۆشیارکردنەوەیان.
٣. دروستکردنی کاریگەریی لەسەریان.
٤. ڕوونکردنەوەی زیاتری پەیامی خۆی لە شیعرەکەدا.

---

[463] محمد الماغوط، شرق عدن  غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٧١_١٧٢)

ئەو چوار خاڵە لە شیعرەکەدا لەپێناوی پەیامێکدایە، کە (ماغوت) لە تەواوی ئەزموونی خۆیدا کاری لەسەر دەکات، ئەویش پەیامی یاخیبوونیەتی. خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لە شیعرەکەدا ئەوەیە، (ماغوت) وەك هەمیشە گوتاری ناڕازیبوونو یاخیبوونی خۆی لەڕێگەی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی مێژووەوە ئاڕاستەدەکات. بۆ نموونە لەو شیعرەی پێشوودا ناوی چەندین کەسایەتیی ئایینیی وەك (موساو عیساو مەهدیو هێرتزلو حەسەن سەباح) دێنێت لەپاڵ ناوی (کافکاو ئەسکەندەری مەکدۆنی)و فەیلەسوفێکی وەك (نیتشە)و زانای بەناوبانگی فیزیایی (ئەرخەمێدس)دا.

لێرەدا پەیوەست بەم تێڕوانینەی (ماغوت)ەوە، چەند پرسیارێك دێنەئاراوە:

١. بۆچی ناوی (محەمەد)ی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)ی لەپاڵ ناوی (عیساو موسا)دا نەهێناوە؟ ئایا هۆکارەکەی ترسە؟ یاخود هیچ شتێکی خۆی تێدا نابینێتەوە؟

٢. بۆچی (ماغوت) باس لە دوو هێمای ئایینیی شیعەکان دەکات لە جیهاندا؟ کە یەکێکیان پایەو پێگەی شیعەکانی لە چیاکانی (هەلەموت) لە ئێران بەهێزکرد، کە (حەسەن سەباح)ەو دووەمیشیان دوا چاوەڕوانیی شیعەکانە لە دونیادا، کە (محەمەدی مەهدی)یە.

٣. بۆچی شاعیر ناوی (هێرتزل)، خاوەنی بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەهێنێت؟

٤. بۆچی لەناو هەموو فەیلەسوفاندا، لەسەر ناوی (نیتشە) دەوەستێت؟ ئایا هۆکارەکەی، تەنها ئەو یاخیبوونە مەزنە نییە، کە (نیتشە) ڕێبەرایەتیکردووە؟

٥. بۆچی باس لە (کافکا) دەکات؟ ئایا تەنها لەبەر ئەو گیانە یاخییەیە، کە لە دونیای (کافکا)دا بوونی هەیە.

٦. بۆچی باسی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) دەکات؟ لەبەرئەوەی خەونی داگیرکردنی جیهانی هەبووەو لەم پێناوەشدا پشتیکردە هەموو شتێك تەنانەت مامۆستاکەی خۆشی.

٧. بۆچی باس لە زانای بەناوبانگ (ئەرخەمیدس) دەکات؟ ئایا تەنها بۆ ئەوەیە لە هەموو بوارەکاندا ناوێك بهێنێت؟ یاخود بۆ تەواوکردنی چیرۆکی گەڕان بە دوای ڕاستیی ونبووندایە لە ژیانیدا؟

شاعیر لەپاڵ هەڵبژاردنی ئەو هەموو بانگکردنو هاوارەی بۆ ئەو کەسایەتییانە، لە هەمان کاتدا هاوار بۆ دیمەنە جوانەکانی سروشت دەبات، بەڵام نە لەناو جوانیی سروشتداو نە لەناو خەونو بیرو فەلسەفەو داهێنانو ئایینی ئەو کەسایەتییانەدا خۆی دەدۆزێتەوە، هەربۆیە شاعیر تەنها بەدوای خۆیدا دەگەڕێتو دەیەوێت لەو یاخیبوونەی بەرپایدەکات، (ماغوت)ێك بدۆزێتەوە، کە هەڵگری ناسنامەی ڕاستەقینەی مرۆڤبوونی خۆی بێت. (ئەم شێوازی بانگکردنەی ماغوت، یەکێکە لەو شێوازانەی، بەشێوەیەکی بەربلاو لە شیعرەکانیدا بوونی هەیە. ئەو بەرجەستەکردنەش، بە بەردەوامی لەپێناوی ڕوونکردنەوەی بابەتێكو دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر کۆمەڵگا.)[٤٦٤]

ماغوت زۆر ماندوو بووە بەدەست هەڵبژاردنی ئەو شێوە زمانەی، کە شیعرەکانی پێ نووسیوە، چونکە کردەی ساکارکردنەوەی دەربڕینو خولقاندنی دۆخی بێ گرێوگۆڵ، وەك کردەی ئاڵۆزکردنو لێڵکردنی واتای وشەو دەربڕینەکان

[464] علي گنجيان خناري و خديجة براني كاشاني، (١٣٨٨: ١٤٥)

گرانەو بەهرەمەندییەکی گەورەی دەوێت تا شاعیر بتوانێت ئاڕاستەی نامۆکردنی وشەکانی ناو فەرهەنگی گشتی بە ئاڕاستەی ساکاریی بگۆڕێت. (ماغوت) لەبارەی داڕشتن‌و پێداچوونەوەی بە زمان‌و پیت‌و وشەکانی ناو نووسینەکانییەوە دەڵێت: (دەیان جار بە ئەو پارچە نووسینانەدا دەچمەوە، کە دەیاننووسم. وردبینی لە هەموو پیت‌و خاڵ‌و ئامرازەکانی سەرسوڕماندا دەکەم. جاری وایە نووسینێك دوو ڕۆژ لای خۆم دەهێڵمەوە بۆئەوەی بزانم کامیان بەهێزترو ڕاستترە. بۆ نموونە لە ڕستەیەکەدا لەنێوان هەڵبژاردنی پیتی (باء) و (فاء)و پەڕە سپییەکاندا زۆر جار ماندوودەبم، وەك ئەوەی لە سیبریا بم).[٤٦٥]

ماغوت لە گەلێك جێگەی ئەم دیوانەدا، زۆر بە مەبەست‌و بە وردی جەختدەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی ئامرازی بانگکردن، وەك هۆکارێکی پێویست بۆ زاڵبوون بەسەر دەربڕین‌و گەیاندنی پەیامی دڵتەنگی‌و تەنهایی‌و یاخیبوونی خۆی سەیریدەکات، دەکرێت بڵێین لەناو زماندا، یەکێکە لە ئامرازە فریادڕەسەکانی دەستی شاعیر. (ماغوت) لە یەکێك لە شیعرەکانی تریدا، کە دەربارەی دڵتەنگی‌و تەنهایی خۆیەتی، پەنادەباتەوە بەر ئەم ئامرازی بانگکردنە.

**بەیانیت باش ئەی خەم**
**ئەی دڵخۆشی**
**ئەی باران**
**ئەی بەهار**
**ئەی پایز**
**ئەی ڕق**
**هەمووتان پیلانتان لە دژ گێڕام**
**بە پێست‌و ئێسقانەوە بەجێتانهێشتم**
**بە تەواوەتی شکستتان پێهێنام**
**کێ قوڕگمی پڕکرد لە گریان**
**ئەژنۆکانم لە بەفر**
**ناوچەوانم لە شوێنی گاز**
**ژوورەکەم لە تارمایی**
**دەمەوێت لە**
**خۆشەویستی‌و**
**سزاو**
**شکۆمەندی‌و**
**بەخشندەیی‌و**
**ڕق‌و**

---

465 خلیل صویلح، محمد الماغوط أغتصاب کان و أخواتها، حوارات، (٢٠٠٢: ٦٦)

**تەنانەت لەناو جێگەی نووستنەکەشمدا تەنیا بم**[466]

شاعیر وەك ئامرازێکی ئاگادارکردنەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە وەك ئامرازیك بۆ دایەلۆگ لەگەڵ دەوروبەرو سروشتو دەروونی خۆیدا، پەنادەباتە بەر ئەمجۆرە بانگکردنە، چونکە لای شاعیری یاخی، جەستەو ناخی مرۆڤ و ژینگەکەی دەوروبەری، هەمووی پێکەوە لە کردەی یاخیبووندا دەبێت بەشدارییان پێبکرێت. ڕاستە لەڕووکەشدا شاعیری یاخی تەنها دەردەکەوێتو بەردەوام گلەیی لە دۆخی تەنهایی خۆی هەیە، بەڵام دواجار ئەو گلەییە لە تەنهایی، پەیامێکە بۆ هاندانی خەڵك تا لەدۆخی باوی خراپ خۆیان دەربازبکەنو ئەوانیش لەڕێگەی بەرهەمهێنانی هۆشیارییەکی پێویستەوە بەرەو دۆخێکی نوێتر هەنگاوبنێن، هەربۆیە بەکارهێنانی ئامرازی بانگکردن بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو لە دیوانی (شرق عدن  غرب الله...)دا بەکارهاتووە. بە کورتی (شیعر لای ماغوت لە جوڵە ناوەکییەکانی ناو دەقەکەوە کۆدەبێتەوە، چونکە دەنگی ناو دەق لای ماغوت لەسەر بانگکردنو وەسفکردن وەستاوە).[467]

**پێنجەم: پرسیارکردن**

پرسیارکردن یەکێکی ترە لە سیما شیعرییەکانی (ماغوت)، بەجۆرێك هەمیشە دەربارەی خۆیو دەوروبەرەکەی لە پرسیارکردندا بووە (ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوە، کە گوندی (سەلمیە) یەو ئەو خوێندنگەیەی تێیدا خوێندووەو ئەو شتانەی کاریگەرییان لەسەر ژیانی بەجێهێشتووە، هەموو ئەمانە لە ژیانی ماغوتدا جێگەی پرسیارکردنن.)[468]

ماغوت لە شیعری (تاوانێکی پەسنکراو)دا، گەلێك پرسیاری گرنگ دەربارەی سروشتو مێژووی سیاسەتو جەنگەکانو یاخیبوونو کەسایەتییە دیارەکان دەکاتو وەڵامەکانیشیان بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت. هەر لەو شیعرەدا، زۆر بەڕوونی ئەو پرسیارە گرنگە دەوروژێنێت، کە تایبەتە بە مێژووی یاخیبوون لە جیهاندا. ئەویش ئەوەیە، بۆچی سپارتاکۆسو کرۆمیلو ڕەشپێستو قەرامیتەکان یاخیبوون؟ ڕوونو ئاشکرایە شاعیر خۆی وەڵامەکە دەزانێتو دڵنیایە لەوەی نادادپەروەرییو زوڵم سەرچاوەی یەکەمی دروستبوونی یاخیبوونو شۆڕشەکانە، بەڵام دەیەوێت کاریگەریی لەسەر ناخو هەستی خوێنەرەکانی دروستبکات لەپێناوی دەستەبەرکردنی یاخیبوون لە کۆمەڵگادا.

**پرسیارم لە ڕۆژنامەو ئەستێرەکان کرد**
**هەروەها لە چیاکان ئەشکەوت بە ئەشکەوت**
**لە دەریاکان شەپۆل بە شەپۆل**
**لە باڵندەکان پەڕە بە پەڕە**
**لە بەهار گوڵ بە گوڵ**
**لە بیابان دارخورما بە دارخورما**
**لە شاعیرەکان قەسیدە بە قەسیدە**

---

[466] محمد الماغوط، شرق عدن  غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢٧١_٢٧٢)

[467] خزامي صبري، حزن في ضوء القمر، لمحمد الماغوط، مجلة شعر، عدد (٩)، شتاء، (١٩٥٩: ٩٩)

[468] علي گنجيان خناري و خديجة براني كاشاني، (١٣٨٨: ١٤٦)

**لە مۆزەخانەکان تابلۆ بە تابلۆ**

**لە شۆڕشەکان گوللە بە گوللە**

**لە فەیلەسوفەکان خەڵوەتگا بە خەڵوەتگا**

**لە عاشقەکان ماچ بە ماچ**

**بۆچی ئەم زنجیرە دوورودرێژەی شۆڕشەکانو مانگرتنو خوێنڕشتنەکان کۆتاییان نایەت؟**

**بۆچی سپارتاکۆسو کرۆمیلو زەنجییەکانو قەرامیتییەکان یاخیبوون؟ بۆچی ئەنتوان سەعادەو لۆرکاو جانتۆنو میرابۆو ماری ئەنتوانێن لەسێدارەدران؟ بۆچی هەمەنگوای‌و لۆتر یامونو خەلیل حاوی خۆیان کوشت؟**

**بۆچی مارکس گومڕابوو و ژاندارك باوەڕدار بوو؟**

**بۆچی سەنا موحێدلی‌و خالید ئەزرەق‌و بەشیر عوبێدو کەمال خەیری بەگ شەهیدبوون؟**

**بۆچی هیتلەرو نیتشەو ڤان کوخ شێت بوون؟**

**بۆچی شارلی شاپلنو لۆرانسی عەرەب دوورەپەرێز بوون؟**

**ڕامبۆو گیڤارا دەربەدەر بوون؟**

**ئەزرا پاوەند خیانەتی لە نیشتیمانەکەی کرد؟**

**بۆچی ئەبو نەواس بەسەر پێستی دەموچاویدا ڕاکێشرا؟**

**ئایا لەبەر ئەوەبوو پەلەیان بوو یان زانییان؟**[٤٦٩]

ماغوت لەو شیعرەدا چەند خاڵێکی گرنگ دەوروژێنێت‌و بە قووڵی بەناو بابەتی یاخیبوون لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆدەچێت. دەتوانین گرنگترین لایەنەکانی ئەو شیعرە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

١. سەرجەم شیعرەکە لەسەر پرسیارکردن بونیادنراوە.

٢. شاعیر لەم شیعرەدا مێژووی یاخیبوون دەگێڕێتەوە.

٣. شیعرەکە پرسیارکردنە لە هەموو ئەو شتانەی، کە لە سروشتدا دەتوانین وەك بینەری ڕووداوەکان پرسیاریان ئاڕاستەبکەین، وەك مانگو خۆرو ئەستێرەو دەریاو چیاکان.....هتد.

٤. شاعیر بە مەبەست لە بوارەکانی سیاسی‌و ئەدەبی‌و فەلسەفی‌و هونەریی، ناوی دیارترین فەیلەسوف‌و کەسایەتییەکانی ئەو بوارانەی هێناوە، کە ڕۆڵیان لە گۆڕینی مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە.

٥. یەکێك لەو خاڵانەی لەو شیعرەدا جێگەی تێڕامانە، ماغوت (هیتللەرو نیتشەو ڤان کوخ) وەك سێ لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی بواری سیاسی‌و فەلسەفی‌و هونەریی بە شێت‌و لە یەك ئاستدا دادەنێت، لە کاتێکدا (نیتشە) فەیلەسوفی یەکەمی یاخیبوونو پرسیارە گرنگەکانە دەربارەی مرۆڤ و ڕۆحی مرۆڤ و بوونی، لە بەرانبەریشدا (هیتللەر) بەناوبانگترین مرۆڤکوژی مێژووە، بەڵام ڕەنگە لای شاعیر بەهۆی بێ بەهابوونی هەموو شتەکان لەبیری ئەودا، (هیتللەرو نیتشە) وەکیەك وێنابکات.

٦. ماغوت وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارانە دەزانێت، کە دەیانکات، هەروەك ئەوەش دەخاتەڕوو، کە هەموو ئەوەی ڕوویداوە، بەهۆی ئەوەوە بووە، کە ئەوان زانیویانەو شارەزابوونو ئاگاداربوون. کەواتە لای شاعیر، زانین هۆکاری

---

[469] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢٣١_٢٣٢)

سەرەکیی ئەوەیە، مرۆڤایەتی بە تێکڕایی تووشی کارەساتی گەورە ببێت.

شاعیر لە پارچەی سێیەم لە قەسیدەی (دەفتەری تەمەوە)دا، پرسیارێکی ئێجگار گرنگ ئاڕاستەدەکات دەربارەی ئەوەی، بۆچی لە نووسیندا هەموو شتێك بۆ شاعیر ڕەوایەو بۆ کەسانی تر ناگونجێت؟ پەیوەست بە ئەو پرسیارەوە، (ماغوت) زۆر بە ڕوونی باس لەوە دەکات، لەپێناوی گەیاندنی پەیامی یاخیبوونی خۆیدا، هەموو یاساو ڕێساکانی زمانو ڕێزمان دەشکێنێت، هەروەها لەسەر لایەنێکی زمانی عەرەبی دەوەستێت، ئەویش هەندێك دەربڕینو وێناکردن هەن، کە بەگشتی تایبەتن بە زمانی عەرەبیو لە ئەدەبی گەلانی تردا کەمتر بوونیان هەیە، وەك (کوڕانی کەنیزەو کوڕانی خاتوونەکان).

**بۆچی شکاندنی دێڕەکان لەپێناو پیویستیی شیعردا بۆ شاعیر ڕەوایە، بەڵام بۆ کەسی تر ڕەوا نییە؟**
**منیش هەموو بنەماو ڕێزمانێك لەپێناوی پێویستیی (پەخشان)دا دەشکێنم**
**کوڕانی خاتوونو کوڕانی کەنیزە لە ئەدەبی هیچ گەلێکدا بوونیان نییە.**[٤٧٠]

بەکورتی، سیمای زمانی شیعریی ماغوت لە دیوانی (شرق عدن غرب الله...) دا، بریتین لەو سیمایانەی، پێشتر خستماننەڕوو. هەموویان پێکەوە توانیویانە پەیامی شاعیر، کە یاخیبوونو ڕەتکردنەوەیە بگەیەننو کاریگەریی لەسەر خوێنەر دروستبکەن. دیارترین سیمای زمانی شیعریی (ماغوت) دوای سادەییو ساکارییەکەی لەم دیوانەدا، ئەوەیە، کە شاعیر بەشێوەیەکی بەرچاو و بەپلەی یەکەم ئامرازی بانگکردنو ئاگادارکردنەوەی بەکارهێناوە، دواتریش سیمای کورتبڕیی لەم دیوانەدا زۆرتر بوونی هەیە.

**ئاستەکانی یاخیبوون لە دیوانی (شرق عدن غرب الله...)دا**

**یاخیبوون لە دەستەبژێرو مێژووی سیاسی**

ماغوت زۆر بەڕوونیو بوێرییەوەو بە دەنگێکی بەرز پەیامی یاخیبوونی خۆی ئاشکرادەکات، یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە خوێنەر بۆ تێگەیشتن لە پەیامەکەی، بە هیچ جۆرێك ماندوونابێت. تەواوی ئەزموونیی شیعریی ئەو، دەبێتە ناسنامەی یاخیبوونەکەیو ئەو خەونە هەمیشەییەی لە پێناویدا نووسیویەتی. (ماغوت) لە دیوانی (سارانشینە سوورەکە_البدوي الأحمر)دا بە ئاشکرا جاڕی یاخیبوونی خۆی دەدات، کاتێك دەڵێت:

**نا بۆ سەلەفیەت**

**نا بۆ قەدەغە**

**نا بۆ دووڕوویی**

**نا بۆ نەهامەتی**

**نا بۆ زەلیلکردنو هەژاری**

**نا بۆ کڕنووش بردن**

---

[470] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٦٧)

**نا بۆ لەرینەوەی جەستەکان بە پەتی سێدارەوە**

**نا بۆ تواندنەوەی جەستەکان بە گازی ئەسید**

**نا بۆ یاریی شەوانە**

**نا بۆ کارپێکردنی منداڵان**

**نا بۆ بێ بەهاکردنی سروشتو زەوی**

**نا بۆ کردنی ڕووبارو دەریاچەکان بە زبڵخانە**

**نا بۆ قۆرخکردنی ئازادیی گەلان**

**نا بۆ سەردەمی کەنیزەو زیندانیو خوێن**

**نا بۆ تاشینی سمێڵو نا بۆ خوێنڕشتنی بەردەوام لە زیندانەکاندا** [٤٧١]

شاعیر بە زمانێکی سادەو بە ئەوپەڕی ڕوونیو ئاشکرایی، هەموو دیاردە خراپو ناپەسەندەکانی ناو کۆمەڵگاکەی ڕەتدەکاتەوە، ئەم ڕەتکردنەوەیەش، دەبێتە بنەمای سەرەکیی یاخیبوون، چونکە کردەی یاخیبوون بریتییە لە پێکهاتەیەکی یەك بەدوای یەکدا هاتوو، بەمشێوەیە:

دیاردەکە ← هەستکردن پێی ← هۆشیاری لەبارەیەوە ← ڕەتکرنەوە ← یاخیبوون

ماغوت لە قۆناغێکی هەستیاری ژیانی سیاسیی کۆمەڵگای عەرەبیدا ژیاوە، کە کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگ ڕوویانداوەو کاریگەریی گەورەیان لەسەر دونیابینیی سیاسیی ئەو دروستکردووەو گەیاندوویانەتە ئەو ئاستە لە بیرکردنەوە لە سیاسییەکانو دەسەڵاتی سیاسیی. دیارترین ئەو ڕووداوە سیاسییانەی لەو قۆناغەدا ڕوویانداوە: شکستی گەورەی عەرەب لە ڕووداوەکانی (١٩٤٨) و جەنگی عەرەب_ ئیسرائیل لە ساڵانی (١٩٦٧)و (١٩٧٣)، ڕووداوەکانی لوبنان ساڵی (١٩٨٢)، شەڕی عێراق_ئێران (١٩٨٠_١٩٨٨)، جەنگی کەنداوی دووەم (١٩٩١)، ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق (٢٠٠٣). ئەم ڕوودانەو هەندێك ڕووداوی تر، کاریگەریی گەورەیان لە جیهانبینیی سیاسیی (ماغوت)دا دروستکردووە. سەرەڕای ئەوانەش، (ماغوت) لە ناوچەیەکدا لەدایکبووە، کە هەر لە بنەڕەتدا ئازادیی مرۆڤی تێدا نەبووەو مرۆڤەکانی هەرگیز توانای ئەوەیان نەبووە، کە گوزارشت لە بوونی خۆیان بکەن، هەموو شتەکان قۆرخکراوو قەدەغەکراو بوونو دابونەریتی کۆمەڵگاش، تاکەکانی کۆتوبەند کردووە. دۆخێکی لەو جۆرە، پێویستی بە یاخیبوونێکی شۆڕشگێڕانەی سیاسیی گەورە هەیە، چونکە بەردەوام سیستەمی سیاسیی لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەبێتەهۆی نەخشەکێشانی کۆی سیستەمەکانی تر لە کۆمەڵگادا. واتە سیستەمی سیاسیو سیستەمەکانی تر، بەشێوەیەکی دینامیکیی قووڵ لە دۆخی کارتێکردنو کارتێکراوی بەردەوامدان، هەربۆیە کاتێك لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لە (ماغوت) دەپرسن، بە چ سیاسەتمەدارێکی دیاری ناوچەکە سەرسامیت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: (ئەو پرسیارەم بەدڵ نییە).[٤٧٢]

---

[471] محمد الماغوط، البدوي الأحمر، (٢٠١٣: ٥_٦)

[472] محەمەد ماغوت، چاوپێکەوتن لە کەناڵی (العربية) لە بەرنامەی روافد، ٢٠٠٤/٧/٢٦. بۆ زانیاریی، بڕوانە:
www.alarabiya.net/programs

واته (ماغوت) به هیچ جۆرێك به سیاسییەكان سەرسامنەبووە، بەتایبەتی بە ئەوانەی لە دەسەڵاتدا بوون، هەرچەندە بەرانبەر ئەو سیاسییە شۆڕشگێڕانەی دژی دەسەلاتو زوڵم بوون بۆچوونی پێچەوانەی هەبووە، بەجۆرێك بەردەوام كارەكانی ئەوانی، وەك كاری نووسەرو شاعیرە گەورەكان وێناكردووە. بۆ نموونە لە پارچەی (١٣) لە قەسیدەی لە (دەفتەری تەمەوە)دا باس لە هەندێك كەسایەتیی سیاسیی گەورە لە جیهاندا دەكات، بەڵام ئەوەی بۆ شاعیر گرنگ نییە لە ژیانی سیاسیی ئەواندا، دیوە سیاسییەكەیان نییە، بەڵكو ئەو لەسەر ڕەهەندێكی تری جیاوازی ژیانیان دەوەستێت.

**من موفتی نیشتیمانە ڕووخاوەكانم و**
**ڕێنیشاندەری گشتیی مندالأن و باڵندەو كەشتییەكانم بەرەو شاخی سەهۆڵین و دۆڵە قووڵەكان**
**لە هیتلەر تابلۆكانی و**
**لە مۆسۆلۆنیدا تەنها شاعیرێتییەكەی و**
**لە ستالیندا سادەیی و خاكیبوونەكەی**
**دەبینم**
**لە هۆلاكۆو ئاتێلاو جەنگیزخاندا تەنها وەك كەرەستەیەكی مێژوویی بۆ گەشتیارەكان و یاداشت نووسەكان و دراما تەلەفیزیۆنییەكان، هیچی تر نابینم**[٤٧٣]

ناوەكانی وەك (هیتلەرو مۆسۆلۆنی و ستالین)، دیارترین ئەو دیكتاتۆرە گەورانەی سەدەی بیستەمن، كە سەركردەو كەسانی یەكەمی وڵاتانی (ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو یەكێتیی سۆڤێتیی جاران) بوون و بەرپرسی یەكەم و ڕاستەوخۆی جەنگی جیهانیی دووەم بوون، كە بە فەرمانی ئەوان بە دەیان ملیۆن مرۆڤ كوژران و بەشی زۆری وڵاتان خاپووركران، بەڵام شاعیر نەهاتووە لەم شیعرەدا وەك ئەوەی مێژوو باسیاندەكات تەنهاو تەنها دیوە تاریك و خوێنڕێژییەكەیان باسبكات، بەڵكو دیوێكی تری ژیانی ئەوان دەخاتەڕوو، كە بریتین لە:

هیتلەر ←——— تابلۆكانی
مۆسۆلۆنی ←——— شاعیربوونی
ستالین ←——— خاكیبوونی

ئەم شێوازە لە دەربڕین لای شاعیر، یاخیبوونە لە كۆی ئەو بیركردنەوانەی لە پێش ئەودا بۆ ئەو كەسایەتییانە هەبوون، واتە (ماغوت) بەردەوام لەسەر ئەو هێڵە تایبەتییەی خۆی یاخیدەبێت، كە خۆی دەیەوێت و هەر خۆشی پلانی بۆ دادەنێت. بەهەمان شێوەش دەربارەی (هۆلاكۆو ئاتێلاو جەنگیزخان) مامەڵەدەكات، بەجۆرێك كارەكانی ئەوان بۆ شاعیر هیچ گرنگی و بەهایەكی نییە، واتە دەیەوێت لەو مێژووە یاخیبێت، كە دەیەوێت ئەوان وەك كەسانی بەهێزو داگیركەری گەورە باسبكات، بەڵكو ئەوەی لە ژیانی ئەوانەدا بۆ شاعیر گرنگە، تەنها ئەو لایەنەیە، كە دەكرێت

---
[473] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٧٨)

مێژوونووس‌و دراما نووسەکان وەك کەرەستەیەکی مێژوویی، سوودیان لێوەربگرن، کەواتە شاعیر لێرەدا زۆر بەڕوونی لەکۆی شانازیی مرۆڤایەتی بە مێژووی پیاوە خوێنڕێژەکان یاخیدەبێت. (ماغوت) لە بەشی کۆتایی ئەم شیعرەدا دەڵێت:

**لە هەر نیشتیمانێکدا هەرچەندە پڕ بێت لە دزو قاچاخچی‌و بەکرێگیراو و بەرتیل خۆر**
**جگەلە ئاو و هەواو خۆرەکەی، کە بەسەر هەمواندا دەدرەوشێتەوە، هیچی تر نابینم**
**مەگەر برسی یان زیندانی بم**[٤٧٤]

وەك پێشتر وتمان، بە لای (ماغوت)ەوە، سیاسییەکان پێگەو بەهایەکی ئەوەندە گرنگیان نییە، بەڵکو ئەوان لە بەرگو وێنەی دزو بەکرێگیراو و بەرتیلخۆردا دەردەکەون، هەر ئەمجۆرە بیرکردنەوەیەی شاعیر وادەکات، ئەم سیاسییانە دیارترین بوونەوەری ڕەتکراوەی ناو دیدو بۆچوونی شاعیر بن. بۆ (ماغوت) تەنها ئەو کاتانە ئەمجۆرە مرۆڤانە گرنگن، کە دوو شت بوونیان هەبێت، (زیندانیکردن‌و برسیکردن)، هەر کاتێکیش برسێتی‌و زیندانیکردن هەبوون، ئەگەری (یاخیبوون)یش زیاتر دەبێت.

شیعری عەرەبی لە قۆناغی (ماغوت)دا نەگەیشتبووە قۆناغی ڕەتکردنەوەی ئەرێنیی، بەڵکو (شیعری عەرەبی لەم قۆناغەدا تەنها بریتی بوو لە قبوڵنەکردن‌و خۆ بەدوور گرتن لە شتەکانی ناو دونیای کۆن، هاوکات لە قۆناغی نەرێکردن‌و ئینکاریکردندا بوو، واتە ڕەتکردنەوەیەکی بێ کێشەو ئاشتیانەی ئەنجامدەدا، چونکە شیعری ڕەتکەرەوەی عەرەبی لەم قۆناغەدا نەگەیشتبووە قۆناغی شۆڕشکردن بەسەر دونیادا، بەڵکو تەنها بە نەرێکردنی بارودۆخەکە ڕازیبوو.)[٤٧٥]

ماغوت‌و هاوڕێکانی لە گۆڤاری (شیعر)دا، توانیان سەرەتایەکی بەهێزی فەلسەفیی ڕەتکردنەوەی دۆخی باو لەو قۆناغەدا بهێننەناو دونیای ئەدەبی عەرەبییەوە، چونکە پێشتر لە ئەدەبی عەرەبیدا هەستی ڕەتکردنەوە نەگەیشتبووە ئاستی یاخیبوون‌و دەستکاریکردنی دونیا، بەوپێیەی ئەو جۆرە ڕەتکردنەوەیە بنەمایەکی فەلسەفی‌و شارستانی نەبووە، بۆیە (دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان دوو جۆر ڕەتکردنەوەدا، ڕەتکردنەوەی بەشەکیی (الجزئي)و ڕەتکردنەوەی هەمەکیی (الكلي)، یاخود ڕەتکردنەوەی ژیاریی. ڕەتکردنەوەی بەشەکیی، تەنها خۆی لە ڕەتکردنەوەی ڕووکەشی ژیاندا دەبینێتەوە، وەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بیروباوەڕو دابونەریت‌و تێڕوانینی گشتیی خەڵك. لەمێژووی ئەدەبی عەرەبیدا، لەمجۆرە ڕەتکردنەوانە زۆرن، لەوانە (ئەبو عەلای مەعەری، ئەبو نەواس، حەلاج....هتد)، یاخود ئەوانەی، کە ڕەتکەرەوەی تێڕوانینی باو بوون بۆ هونەر، وەك (ئەبو تەمام‌و موسلیم بن وەلید). لەبەرانبەردا، ڕەتکردنەوەی تەواو، یاخود ژیاریی، تەنها ڕەتکردنەوەی ڕووکەشیانە نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێك ڕەتکردنەوەی ناوەڕۆکەو خاوەنی ڕەهەندی فەلسەفییە، لەم قۆناغەدا، ئەرکی شاعیری عەرەب ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیی زۆرتر دەبێتەوە لەوەی چۆن ژیان ڕاڤەبکات‌و سەرلەنوێش ڕێکیبخاتەوە).[٤٧٦]

---

474 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٧٩)

475 خالیدة سعید، بوادر الرفض في الشعر العربي الحديث، مجلة الشعر، ژمارە (١٩)، السنة الخامسة، صيف (١٩٦١: ٩٢)

476 سەرچاوەی پێشوو، ٩٢_٩٣

ماغوت یەکێکە لە دیارترین ئەو شاعیرانەی لەو قۆناغەدا لە تێکڕای ئەزموونی شیعر نووسینیدا لە کرۆکی بیرکردنەوەی باوی ناو شارستانێتیی عەرەبی داوەو ڕەتیکردوونەتەوە، هەر ئەم جۆرە ڕەتکردنەوەیە لای (ماغوت)، بووەتە بنەمای یاخیبوونێکی گەورە لەپێناوی سەرلەنوێ دارشتنەوەو ڕێکخستنی کۆمەڵگای عەرەبیدا، ئەم ڕێکخستنەوەیەش، جارێکی تر پێویستی بە ڕاڤەکردنەوە هەیە.

ماغوت لە یەکەم دەقی دیوانی (شرق عدن غرب الله...)دا بەناونیشانی (کورسیی ددان پێدانان) دەڵێت:

**ڕەشەبا هەڵیکردو بەفر لە دەورم دەبارێت**

**لە کوخە شیعرییە خاکییەکەمدا دانیشتووم**

**سۆزە مارۆنیو جەستەییو مێژووییەکانم لەگۆڕنان**

**کەوتمە چاوەڕوانی**

**خودایە**

**کۆمەکم بکە بۆ وتنی هەق**

**ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع**

**خۆگرتن لەبەر تینوێتیو**

**برسێتیو**

**بێبەشی**

**دەست نەنێم بەڕووی دەرۆزەکەرداو**

**یان بە ڕووی هەتیوێکدا هەڵنەشاخێم**

**یان لانی کەم ئومێدە لەدەست چووەکانم بگێڕمەوە**[٤٧٧]

ئەگەر بە وردی ڕاڤەی ئەو بەشەی دەقی (کورسیی ددان پێدانان) بکەین، چەند خاڵێکمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

١. ماغوت وەك هەمیشە خۆی بە شاعیرێکی سادەی خاوەن بیرو پەیام وێنادەکات.

٢. دەیەوێت بەو گوتارە سادەیەی خۆیەوە ڕووبەڕووی واقیعی باو ببێتەوە.

٣. شاعیر دیمەنی خراپی ژیانی کۆمەڵگاکەی وێنەدەکێشێت.

٤. دژی ئەو سۆزە دەوەستێتەوە، کە بە مێژووەوە دەیبەستێتەوە، ئەمەش سەرەتای ئەو یاخیبوونەیە، کە شاعیر دەیەوێت ئەنجامیبدات.

٥. شاعیر دوای ئەوەی سۆزە مێژووییەکانی خۆی دەمرێنێت، چاوەڕێی هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاری دەکات.

٦. دەیەوێت بە کۆمەکی خودا بەسەر (برسێتیو تینوێتیو بێبەشی)دا زاڵبێت تاوەکو نەبنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی یاخیبوونەکەیدا.

٧. وەك پێغەمبەرێك مامەڵە دەکات بەتایبەت لەو دێڕەدا، کە دەڵێت:

---

[477] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٣)

**دەست نەنێم بەڕووی دەرۆزەکەرداو**
**یان بەڕووی هەتیوێکدا هەڵنەشاخێم**

لەو ڕوانگەیەوە، کاتێك خوداوەند ئامۆژگاریی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەکات، دەڵێت: "فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلا تَقْهَرْ وَأَمَّا السَّائِلَ فَلا تَنْهَرْ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ"[٤٧٨]

خوداوەند لەو ئایەتانەدا بیری پێغەمبەری ئیسلام دەخاتەوە، کە چۆن خۆی نەدارو بێباوکو بێدەسەڵات بووە، بەڵام ئێستا خاوەنی نیعمەتی زۆرە، هەربۆیە نابێت پشت لە بێباوکو هەژارەکان بکات. (ماغوت) بە ئاماژەدان بەو ئایەتانە، کارەکانی خۆی بۆ گۆڕانکاریو ڕاڤەکردنەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵگای عەرەبی وەکو کاری پێغەمبەران سەیردەکات. نەك هەر لێرەدا، بەڵکو لە چەند شوێنێکی تری ئەم دیوانەدا ئەو بەراوردکردنە لەنێوان کاری خۆیو پێغەمبەراندا دەکات، بۆ نموونە دەڵێت:

**ئەگەر پێغەمبەرایەتی پێویستی بە ئەزموونو شارەزایی هەبێت لە کێشەو گرفتەکانی مرۆڤدا،**
**ئەوا ئەزموونی من لە برسێتیدا بەشی ئەوە دەکات ببمە خودا.... نەك پێغەمبەر.**[٤٧٩]

٨. شاعیر لەو بەشەی ئەو دەقەدا، بەدوای ئومێدو هیوا بەسەرچووەکانیدا دەگەڕێت، تاوەکو پاش دۆزینەوەیان، بیانکاتە بەشێك لە پرۆژەی یاخیبوونەکەی. بەکورتی، ئەو یاخیبوونە ژیاریی (هەمەکیی)یە، کە لە ڕووکەشی دیاردەکاندا ناوەستێتو دەچێتە قووڵاییەوە، ئەوەیە، کە (ماغوت) کاری لەسەر دەکاتو دەیەوێت ئەنجامیبدات. (تەنها سێ جۆر مرۆڤ دەتوانن بەرگەی دابڕان بگرن. ئەوانیش (شێتەکانو بلیمەتەکانو مرۆڤە هەستیارەکان)ن، چونکە پێویستیی بۆ پەیوەندیکردن لە پێکهاتەو ناخی مرۆڤدا، پێویستییەکی ئێجگار قووڵە.[٤٨٠]

ماغوت کاتێك دەیەوێت دابڕێت، وەك شاعیرێکی بلیمەتو هەستیار لە دۆخی کۆمەڵگاکەی نارازییەو دەیەوێت لانی کەم ڕاڤەو لێکدانەوەیەکی نوێی بۆ بکاتو دواتریش بیگۆڕێت. شاعیریش لەوە تێدەگات کۆسپەکانی بەردەم ئەو گۆڕانکارییانە، کە دەیەوێت ئەنجامیانبدات، بەشێکی زۆری ئەو مێژووەیە، کە بەرگی پیرۆزی بەبەردا کراوە، بۆیە دەبێت دەستکاریی بکرێت، بەجۆرێك ئەو بەرگەی لەبەردا دابکەندرێت.

**پێغەمبەرەکانو موژدەبەخشەکان**
**سەرکردەکانو هاوەڵەکانیان**
**دادگاو سێدارەو تابووتەکان**
**خیانەتکارو چەتەکان**
**زاناو یاسادانەرو پارێزەرەکانو**
**سوپایەکی ترسێنەر**

---

[478] قورئانی پیرۆز، سورەتی الضحی، ئایەتەکانی (٩_١٠_١١)

[479] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٨٧)

[480] جان نعوم طنوس، الوجه الاخر لأدونيس (دراسة تحليلية نقدية)، (٢٠١٥: ٢٣٩)

**هەرزەكارێك لەناو هەورەكانا ڕاوەدەنێن**

**لەبەرئەوەی بەرەو ڕوویان وەستاوەتەوە**

**منیش خۆم لە پشت پەردە ئاسنینەكانو**

**لەنێوان ململانێی چینایەتیو دادگاكانی پشكنین لەناو هەورەكانا بینییەوە**[٤٨١]

لەو شیعرەدا، شاعیر ئەو دیمەنە پیشاندەدات، كە هەموو هێزە كۆنە ئایینیو كۆمەڵایەتیو سیاسیو یاساییو سەربازییەكانی ناو كۆمەڵگا یەكیانگرتووە بۆئەوەی تەنانەت دژی هەرزەكارێك بوەستنەوە، كە دەیەوێت ڕێگرییان لیٚ بكاتو دژیان بوەستێتەوە. ئەگەر هێزە كۆنەپارێزەكانی ناو كۆمەڵگا ڕێگەنەدەن بە هەرزەكارێك بۆچوونی خۆی دەربڕێت، ئەی چۆن ڕێگەدەدەن بەشاعیرێكی یاخی تا كۆی پیرۆزییەكانیان بخاتە ژێر پرسیارەوەو دژی بەرژەوەندییەكانیان بوەستێتەوە، لە بارێكی لەو جۆرەدا، شاعیر ڕووبەڕووی زیندانو ئازار چەشتنی بەردەوام دەبێتەوە.

ڕۆڵی هەموو ڕۆشنبیرو شاعیرێك، بە ئەندازەی بەشداریكردنی لە گۆڕانكارییەكانی ناو كۆمەڵگاكەی دیاریدەكرێت، بەردەوامیش شاعیری یاخی، یاخود ڕۆشنبیری یاخی، پشت لە كێشە خودییەكانی خۆی دەكاتو دەیەوێت خزمەتی دۆخی گشتیی كۆمەڵگا بكات، بە واتایەكی تر، كێشە خودییەكانی خۆی وەك دەرگایەك بەكاردەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە ئازاری گشتی، ئەم كردەیە بەڕوونی لە ئەزموونی شیعریی (ماغوت)دا بەرجەستەبووە. واتە ئەو بەتەواوەتی لەو ئەركە ڕۆشنبیرییانەی خۆی گەیشتووە، كە دەبێت لە پێناوی گۆڕانكاریی لە كۆمەڵگاكەیدا ئەنجامیانبدات، چونكە ئەگەر وا نەكات، ئەوا لە ئەركە سەرەكییەكەی ڕۆشنبیر لایداوە.

(ئەحمەد صدقی دوجانی) بۆچوونی وایە: (مێژووی كۆمەڵناسی، ڕۆڵی ڕۆشنبیری بەشێوەیەكی تایبەتمەند پاراستووە لە كۆمەڵگاكاندا لەوەی، كە چۆن بەشداربوون لە بونیادنانی شارستانێتیی مرۆڤایەتیو گەشەپێدانیدا.)[٤٨٢]

لەبارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە كۆمەڵگادا، ڕاوبۆچوونی زۆرتر هەن، بۆ نموونە (بورهان غەلیون) لەپاڵ ئەركە مەعریفییەكەی ڕۆشنبیریدا، ئەركێكی دیكەی كۆمەڵگاكەی پێدەسپێردرێت، ئەویش ئەركی یەكخستنی كۆمەڵگایە (ڕۆشنبیر یەكێكە لە میكانیزمەكانی كۆكردنەوەو ڕێكخستنی هەموو ئەو پارچانەی كۆمەڵگاكەی لیٚ پێكهاتووە، هەروەها دروستكردنی گیانی پێكەوەییە تێیداو گۆڕینیەتی بۆ كیانێكی زیندوو، كە بتوانێت بجوڵێتو ڕێكیبخاتو چاكسازی تێدا بكات).[٤٨٣]

ماغوت لە ئەزموونی شیعریی خۆیدا، ئەو ئەركە گرنگەی خستووەتە سەر شانی، كە ببێتە بەشێكی گرنگ لەپێناوی دروستكردنی ڕۆحی گشتیی كۆمەڵگاكەی. میكانیزمی ئەویش بۆ دەستەبەركردنی ئەو ڕۆحە، تەنها یاخیبوون بووە لە سیستەمە سیاسییەكەو مێژووی پڕ درۆی كۆمەڵگاكەی.

---

481 محمد الماغوط، شرق عدن  غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٠٧)

482 احمد مفلح مفلح، في سوسيولوجيا المثقفين العرب، (٢٠١٣_٨٩)

483 سەرچاوەی پێشوو، ٩٠

شاعیر له دەقی (قەله ڕەش)دا، زۆر بە وردی باس لە هەوڵەکانی خۆی دەکات لەپێناوی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستدا، بەڵام بەهۆی بوونی گروپو هێزە باوە زاڵەکانی ناو کۆمەڵگاوە، نەیتوانیوە ئەو ئەرکەی خۆی بە تەواوەتی بەجێبهێنێت، بەڵام وەك ڕۆشنبیرێك دەستەبەرکردنی دۆخێکی نوێی بە ئەرکی سەرەکیی خۆی زانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هۆکارانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی (ماغوت) لە گەیاندنی پەیامی یاخیبوونەکەی، پاشەکشەبکات.

**لەبارەی ئاشتییەوە دەنووسم، کەچی شەڕ هەڵگیرسا**
**لەبارەی ڕژێمەوە نووسیم، کەچی ئاژاوە بڵاوبووەوە**
**لەبارەی پاڵەوانێتییەوە نووسیم، کەچی خیانەت بڵاوبووەوە**
**لەبارەی ئومێدەوە نووسیم، کەچی خۆکوشتن زۆر بوو**
**لەبارەی بەرهەمهێنانەوە نووسیم، کەچی ئاستی گەشەکردن دابەزی**
**لەبارەی یەکگرتوویی خێزانەوە نووسیم، کەچی شەقامەکان پڕبوون لە تاوانبارو لادەرەکان**
**لەبارەی خۆشەویستییەوە نووسیم، کەچی جیابوونەوەو لەباربردن زۆرتربوون**
**لەبارەی ژینگەوە نووسیم، کەچی پاشماوەی چەکی ئەتۆم لە ماڵەکاندا حەشاردران**
**لەبارەی خۆڕاگرییەوە نووسیم، کەچی باڵیۆزخانەکان پڕبوون لە داوای پەنابەرانی سیاسیو ئابوریو سێکسیو ئاینی**
**وا دەردەکەوێت ئەم هەموو ساڵە**
**باشترین تۆڕەکانم خستبێتە**
**دەریای مردووەوە !**[٤٨٤]

یەکێك لەو سیمایانەی، شیعری (ماغوت)ی پێدەناسرێتەوە، نائومێدبوونە لە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری ڕوودەدەنو هەموو ئەو نووسینانەش، کە دەیاننووسێت. لە سەرەتاوە دەزانێت نووسینەکانی ناتوانن واقیع بگۆڕن، بەڵام هێزو ئیرادەیەکی گەورەی هەیە، بەوەی هەمیشە بەو گیانو بیرکردنەوانەی خۆی بەردەوام دەبێت لە هاندان بۆ ڕەخنەگرتنو ڕەتکردنەوەی دۆخی باو. دەتوانین بڵێین، ئەم سیمایە یەکێکە لە سەرەکیترین ئەو سیمایانەی شیعری (ماغوت)ی پێدەناسرێتەوە، کە هەرگیز فریادڕەسێك نییەو نابێت تا ئەو دۆخە بگۆڕێت، ئەوەی دەستەبژێری سیاسی بەسەر کۆمەڵگایدا هێناوە، لەکاتێکدا لای (شێرکۆ بێکەس) لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا فریادڕەسێك لە وێنەو بەرگی (ڕۆزانا)دا بوونی هەیە، کە شاعیر لە پێناوی گەڕانەوە بۆ نیشتیمانە جوانەکەی جارانیدا، هەموو ئومێدی خۆی پێوە گرێداوە.

ماغوت هیچ جوانییەك لە مێژووی سیاسیو شۆڕشگێڕە دەسەڵاتدارەکاندا نابینێت تاوەکو لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا بگەڕێتەوە بۆلایانو وەك سەرچاوەی بەختەوەری، یاخود وەك فریادڕەسێك پەنایان بۆ بەرێت، هەر ئەم دۆخەشە وایلێکردووە، بە تەواوەتی بە دۆخی نائومێدیی بەردەوامدا بڕوات، بەوەش تەواوی هەوڵەکانی لەپێناوی دەستەبەرکردنی دونیایەکی جوانتردا بەهەدەرچوون.

---

[484] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢١٥)

**پلیکانەی ڕۆمانی**
**لە زەنگەکانی شۆڕش جگەلە سەداکەی هیچ نەماوەتەوە**
**لە ئەسپی شیعریش بەس لغاوەکەی**
**لە ڕێگای ئازادیش.... تەنها بەربەستە جێگیرو جوڵاوەکان**
**منداڵی و لاویی و کاروانی ئازادیی و**
**ڕزگاریم هەمووی**
**لەنێوان تفەنگ و ڕەشاش و**
**زنجیرو تانکە ژەنگ و ژار گرتووەکاندا**
**بوەستە: پێناسەکەت**
**بوەستە: مامەڵەکەت**
**بوەستە: گوزەرنامەکەت**
**بوەستە: چی لە جانتاکەتا هەیە؟**
**بوەستە: چی لە گیرفانتا هەیە؟**
**بوەستە: چی لە دەمتا هەیە؟**
**بوەستە: بۆ کوێ دەڕۆی؟**
**بوەستە : لە کوێوە هاتووی؟**
**هەر کاتێك بمەوێت بەسەر ئەم واقیعەدا بازبدەم، هەر دەکەومەوە چاوەڕوانی**
**بەڵێ ئێمە چووینە سەدەی بیست و یەکەوە**
**بەڵام وەك چوونە ژوورەوەی مێشك بۆ ژووری پاشا**[٤٨٥]

شاعیر لەو شیعرەی سەرەوەدا دەگاتە دوا لووتکەی نائومێدیی لە شۆڕش، تەنانەت لە شیعریش نائومێد دەبێت و پێیوایە هەموو تەمەنی لەپێناو نەهامەتی و نەگبەتی و جەنگ و کوشتنی بێ هودەدا بەسەربردووە. ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە شۆڕش و نووسین، دوا ئاستی نائومێدی و ڕەتکردنەوەیە. هەر ئەم بیرکردنەوەیە وا لە شاعیر دەکات، متمانەی بە شۆڕش و گۆڕانکاریی، بە تەواوی لەقببێت.

ئەم دۆخە لەناو ئەزموونی شیعریی (ماغوت)دا، تا ئاستی یاخیبوونی تەواوەتی بەرانبەر بە شۆڕش و شۆڕشگێڕە عەرەبەکان دەڕوات. بەجۆرێك وێنایاندەکات، کە هەموو شتێك لە کۆمەڵگادا لێیان بێزارە، لە شەهیدەکانەوە تا شەقام و شووشەو ناپاکەکانیش لە دەست شۆڕشگێڕەکان بێزارن. لە شیعری (تکای ستراتیژی)دا، پەیامی یاخیبوونی خۆی بەرانبەر بە شۆڕشگێڕەکان دەباتە لووتکە، بەوەی داوایان لێدەکات، کە واز لە وڵات و کۆمەڵگا بهێنن.

**پاڕانەوەیەکی ستراتیژی**
**لەپشت مێزەکەمەوەو لەناو جەرگەی کۆمەڵگادا دانیشتووم،**

---

[485] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٣٩_٤٠)

**دەنگە دەنگێکی دوورو نزیك لە هەموو لایەکەوە هاتە گوێم،**

**شەقامەکان: پاکمان مەکەنەوە**

**شووشەکان: مەمانسڕنەوە**

**درەختەکان: ئاومان مەدەن**

**برسییەکان: خواردنمان مەدەنێ**

**ناپاکەکان: بێتاوانمان مەکەن**

**شەهیدەکان: مەماننێژن**

**بێلانەکان: پەنامان مەدەن**

**منداڵەکان: بەخێومان مەکەن**

**بریندارەکان: چارەسەرمان مەکەن**

**گوڵەگەنمە وشکەکان: درەومان مەکەن**

**شەقامە تاریکەکان: ڕووناکمان مەکەنەوە**

**پشێوییەکانی هاتوچۆو: ڕێکمان مەخەنەوە**

**خۆکوژەکان: ئازادمان مەکەن**

**چەوساوەکان: بەرامبەرمان دادپەروەر مەبن**

**زەوییە داگیرکراوەکان: ڕزگارمان مەکەن**

**زیندانییەکان: ئازادمان مەکەن**

**بڵێن بە شۆڕشگێڕە عەرەبەکان: وازمان لێ بێنن**[٤٨٦]

**یاخیبوونی کەلتووریی لە دیوانی (شرق عدن غرب الله...)دا**

یاخیبوون لە کەلتوور لە دیوانی (شرق عدن غرب الله...)دا، پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، بەجۆرێك دەتوانین بڵێین، ئەم دیوانە یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی، سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ تێگەیشتن لە یاخیبوون لە کەلتووری عەرەبیدا. شاعیر لەم دیوانەدا بەشی زۆری دابونەریتو بنەما ئایینییەکانو ڕۆشنبیریو شارستانێتیی عەرەب دەخاتە ژێر پرسیارە قووڵەکانییەوەو دواتریش، وەك شاعیرێکی یاخی، ڕەتیاندەکاتەوە. "ماغوت خاڵی جیاکەرەوەی خۆی زیاتر تۆخدەکاتەوە، بەجۆرێك ئەوەی ماغوت لە کۆی شاعیرە هاچەرخەکانی جیادەکاتەوە، تێرمی بێزکردنەوەیە، بێزکردنەوە لە ڕێزمانی وشكو ئاڵۆزی زمانی عەرەبیو مرۆڤی عەرەبیو کەلتووری عەرەبیو شارستانێتی درۆینەی عەرەبی."[٤٨٧]

---

486 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢٥٥_٢٥٦)

487 کارزان عەلیو حسین لەتیف، محەمەد ماغوت، ڕۆژهەڵاتی عەدەن... ڕۆژئاوای خودا، (٢٠١٥: VI)

کۆی جیهانبینیی شیعری (ماغوت) لەسەر بنەمای یاخیبوون لە ڕابوردوو و ئێستادا بونیادنراوە، تەنانەت ئەو داهاتوویەکیشی ناوێت، کە کامەرانیو خۆشبەختیی مرۆڤی تێدا بەرجەستە نەبێت. (ڕوانینی شیعری ماغوت لەسەر ئەو تێڕوانینە بەندە، کە سەرچاوەی لەو پەیوەندییە بێ هودەییەی شاعیرەوە بە دابونەریتو شتەکانەوە گرتووە.)[488]

ماغوت لەپێناو هیچ شتێکدا جیهانبینیی خۆی تێکنادات، بەڵکو هەموو شتەکانی تر دەکاتە هۆکاری گەشەپێدانی ئەو بیرە یاخییەی، کە هەیەتیو هەمیشە دەیەوێت پەیوەندیی نێوان شتەکان لە بووندا بگۆڕێت. (جیهانبینیی شیعریی ماغوت بۆ خۆی پڕۆژەیەکی هزریو داهێنەرانەیە، بەجۆرێك شێوەو بنەما کۆنەکەی ڕووخاندووەو ڕەتیکردووەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی شیعر لای ماغوت دەربارەی دونیا قسەناکات، بەڵکو دونیا دەربارەی ئەو قسەدەکات.)[489]

ماغوت لە زۆربادا بۆ گەیاندنی پەیامی یاخیبوونەکەی، پەنادەباتە بەر تەنزو گاڵتەکردن بە باو لە کۆمەڵگادا. گرتنەبەری ئەم ڕێگایە لای (ماغوت) دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ئەم فۆڕمە لە شیعر بۆ گەیاندنی پەیامی شیعریی لای ماغوت. (ماغوت بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی هەڵیگرتووە، لە زۆر باردا پەنای بۆ تەنز بردووە، چونکە پێیوابووە ئەم شێوازە خێراتر دەگات بە دڵی مرۆڤ، هەربۆیە ئەم شێوازە لە بەرهەمەکانیدا بە زۆری هەیە، تا ئەو ڕادەیەی تەنز بووەتە بەشێك لە ئەزموونە شیعرییەکەی).[490]

ماغوت لە شیعری (پێناسی ئەلیکترۆنی)دا، بە وردی لەسەر پێگەو بەهای مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەیدا دەوەستێت، ڕەخنەی لێدەگرێت، ڕەتیدەکاتەوەو لێی یاخیدەبێت، پێیوایە ژیان لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا هیچ بوونێکی بەهاداری نییە، بەڵکو پڕیەتی لە نەگبەتیو ئازارو کێشە. شاعیر بۆ گەیاندنی بیری خۆی، پەنا ناباتە بەر فەلسەفەو بیرە قورسو قووڵەکان، بەوەش (لە (فەلسەفەو بیر)ەوە دوورە، بەڵکو پەیوەندییەکی قووڵی هەیە بە جیهانی خەڵكو ژیانی ڕۆژانەو نەخۆشیو ئازارەکانیان، بەجۆرێك هەموو ئەو شتانە بە دڵو چاوی خۆی دەبینێت لەبەرانبەر بیرو خەیاڵی ئاڵۆزو فەلسەفیانەی شاعیرانی تردا).[491]

**پێناسی ئەلیکترۆنی**

**ناو: محەمەد یان عیسا یان موسا بەپێی دۆخی ناوچەکەو**

**جیهان**

**درێژی: بەپێی ئەو ئاڕاستەیەی ئێستا لەبەردەمیدا وەستاوم**

**ڕەگەز: بەپێی پێشبینیی کوێخاو بەرپرسی تۆماری مەدەنی**

**ئارەزوو: باوێشکدان**

**باری کۆمەڵایەتی: خێزاندارو ڕزگاربوون لە کێشەیەك**

---

488 عصام شرتح، محمد الماغوط و ثورة الشعرية، (٢٠١٤: ١١)

489 سەرچاوەی پێشوو، ١١_١٢

490 محمد صالح شريف العسكري، سخرية الماغوط في العصفور الأحدب، مجلة دراسات في اللغة العربية و ادابها، العدد الثامن، شتاء (٢٠١٢: ٧٣)

491 رمضان حينوني، الصورة و الأغتراب في شعر الماغوط، الجزائر. http://Dewanarab.com

**لایەنداری: کۆماری ئەفلاتونی جەماوەریی دیموکراسیی عەرەبی ئەفەریقیی عەلمانیی کۆنەپارێزی یەکگرتووی گەورە یان کۆماری فرحات (یوسف ئیدریس)**

**شوێنی مانەوە: هەر جادەو زبڵخانەیەك**

**تەمەن: سەرم سوڕماوە**

**ئەو وڵاتانەی سەردانم کردوون: زیندانی مزە، قەڵا، شێخ حەسەن، تەدمر،**

**خۆلا، تزمامارات، ئەبو زەعبەل، ئەبو غرێبو سەدانو سەدانی تر**

**ژمارەی چاو و گوێو ددانەکان: بەپێی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، بەڵام دەوڵەت لە سەدا پەنجاو یەکی هەیە وەك پشکی کۆمپانیا فەرمییەکان**

**خۆشترین خواردن: خەونەکان**

**ناونیشانی ئەلیکترۆنی:**

**ڕۆژهەلاتی عەدەن**

**خۆرئاوای خودا ! ![492]**

دەکرێت دیارترین ڕەهەندەکانی یاخیبوون لە سنووری ئەو شیعرەدا، لە چەند خاڵێکدا دیارییکەین:

١. ئەم شیعرە وەك مانیفێستی یاخیبوونی (ماغوت) وایە، لەڕووی سیاسیو کەلتووریو ئایینیو کۆمەلایەتیو یاساییو ڕەگەزو جەستەو باری دەروونیی مرۆڤی ڕۆژهەلاتییەوە. شاعیر بەتەواوەتی هەموو بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگاکەی لە ساتی بوونی خۆیدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

٢. سەرەتای شیعرەکەی بەناوی هەر سێ پێغەمبەری ئایینەکانی (ئیسلامو جولەکەو مەسیحی) واتە (محەمەد و موساو عیسا) دەستپێدەکات، ئەم ناوهێنانانە سەرەڕای ئەوەی نزیکایەتی لەگەڵ ناوی فەرمیی شاعیر خۆیدا هەیە (محەمەد ئەحمەد عیسا)، کە ناوی سیانیی خۆشی، ناوی پێغەمبەرەکانە، بەڵام دەیەوێت لەڕێگای هێنانی ناوی ئەو سێ پێغەمبەرەوە، باس لە دووڕوویی ئایینی بکات لە کۆمەڵگای عەرەبیدا، بەجۆرێك تاکی عەرەبی، بەردەوام بەپێی بارودۆخەکە ئایینی خۆی لەپێناوی بەرژەوەندیدا دەگۆڕێت.

٣. ماغوت لەم شیعرەدا باس لە ڕەهەندێکی تری ناو سیستەمی حوکمڕانی دەکات، کە چۆن حکومەتێکی بێ پێناسو ناسنامەیەو تێکەڵەیەکە، بەجۆرێك کەس ناتوانێت ناسنامەکەی لەنێوان عەلمانیو کۆنەپارێزیدا دیارییکات، لەنێوان ئەفریقیو عەرەبی، لەنێوان کۆماری ئەفلاتونو کۆماری فرحاتی یوسف ئیدریس)دا.

٤. شاعیر دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە مرۆڤی کۆمەڵگاکەی ئەو، لەجیاتی گەشتو گوزارو خۆشگوزەرانی، هەموو زیندانەکانی تاقیکردووەتەوە، بەجۆرێك هیچ زیندانێك نەماوە سەردانی نەکردبێتو لێی ئازار نەدرابێت، بە کورتی، ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە شوێنێکن بۆ ئازار چەشتن، نەك بەختەوەری.

٥. تەنانەت لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا، ڕەگەزی مرۆڤیش گومانی لەسەرە، کوێخاو کاربەدەستەکان دەتوانن بەپێی ویستی خۆیان بیگۆڕنو دیارییبکەن.

[492] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢٤٥_٢٤٦)

٦. لەم کۆمەڵگایانەدا، هەموو شتێکی خۆش خەونەو بوونێکی واقیعییانەیان نییە، بەختیاریی مرۆڤەکان تەنها لە خەونەکانیاندا جێگەی دەبێتەوە، باشترین شوێنیش بۆ مانەوەی مرۆڤ، تەنها سەرشەقامو زبڵخانەکانە.

٧. دوای ئەو دۆخە نالەبارەی کۆمەڵگاکەی، شاعیر باس لەوە دەکات، کە لە ئێستادا ناونیشانی ئەلیکترۆنیی خۆیو مرۆڤەکانی تر، تەنها (شرق عدن غرب الله...) یە، کە دواجار هەمان ناونیشانە ئەلیکترۆنییەکەی دەکاتە ناونیشانی دواهەمین دیوانی شیعریی خۆی، هەربۆیە دەکرێت بڵێین ئەو ناونیشانە دەروازەیەکی گرنگە بۆئەوەی لە کۆی جیهانبینیی یاخیبوونی (ماغوت) لە کەلتووری کۆمەڵگاکەی تێبگەین. لێرەدا هەوڵدەدەین، لایەنەکانی یاخیبوون لە کەلتوور لە دیوانی (شرق عدن غرب الله...)دا بخەینەڕوو:

**یەکەم: ناونیشانی دیوانەکە (شرق عدن غرب الله...)**

ئەو ناونیشانە سەرنجراکێشە، یەکەمین خاڵی دەستپێکردنی یاخیبوونی شاعیر لە تێکڕای دیوانەکەدا دەخاتەڕوو. (ماغوت) یەکێکە لەو شاعیرانەی، زۆر گرنگیدەدات بە هێنانەوەی چیرۆکو حیکایەت بۆ گەیاندنی بیری یاخیگەرییانەی خۆی، هەروەك (ماغوت زۆر پشت بە حیکایەتو گێڕانەوەکان دەبەستێتو لە زۆربەی شیعرو کارە ئەدەبییەکانیدا دەگەڕێتەوە سەریان، بەجۆرێك حیکایەت یەکێکە لە هۆکارە بەهادارەکان لە پیشاندانی ئازارو دەردەسەرییەکان لەناو ئەو واقیعە خراپەی، کە مرۆڤ تێیدا دەژی، ماغوت زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چیرۆکو حیکایەتە میللییانەی لەناو خەڵکیدا بڵاون، تا دواتر لەڕێیانەوە شۆڕشو یاخیبوونی خۆی بەرپابکاتو هانی خەڵکی بدات جارێکی تر نەگەڕێنەوە سەری).[٤٩٣]

ناونیشانی ئەم دیوانەی لە چیرۆکی ئایینیی ناو کتێبە ئاسمانییەکانی وەك (قورئانو تەوراتو ئینجیل) وەرگرتووە. بەتایبەتی لە چیرۆکی دەرکردنی ئادەم لە عەدەن (بەهەشت)ەوە دەستپێدەکات وەك یەکەم وێستگەی یاخیبوونی مرۆڤ لە خوداوەند، ئادەم بەهۆی سەرپێچییەکەیەوە لە بەهەشت دەردەکرێت. هەرچەندە دەکرێت ئەم دەرکردنە وا وێنابکرێت ئادەم وەك یەکەمین مرۆڤی یاخی دەردەکەوێت، کە بە بەهەشتیش ڕازی نییەو ژیانێکی تری دەوێت. بۆ نموونە لە قورئاندا پاداشتی پێغەمبەرانو ڕاستگۆکان ئەوەیە، لەناو باخەکانی (عەدەن)دا نیشتەجێیان دەکەن. ئایەتەکانی (٧٢)ی سورەتی (التوبة)و ئایەتی (٣١)ی سورەتی (النحل) و ئایەتی (١٢)ی سورەتی (الصف) هەموویان جەخت لە پاداشتی چاکەکاران دەکەنەوە بە باخچەکانی بەهەشت **"يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيم."**[٤٩٤]

**"وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَات جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ."**[٤٩٥]

**"جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاءُونَ كَذَلِكَ يَجْزِي اللَّهُ الْمُتَّقِينَ."**[٤٩٦]

---

[493] رمضان حينوني، الصورة و الأغتراب في شعر الماغوط، الجزائر. http://Dewanarab.com

[494] قورئانی پیرۆز، سورەتی الصف، ئایەتی (١٢)

[495] قورئانی پیرۆز، سورەتی التوبە، ئایەتی (٧٢)

[496] قورئانی پیرۆز، سورەتی النحل، ئایەتی (٣١)

لەو ئایەتانەی پێشوودا، خوداوەند بەڵێنی بەخشینی باخچەکانی (عەدەن) بە چاکەکاران‌و خوداناسان دەدات‌و وەك شوێنێکی ئێجگار خۆش وێنایدەکات.

ماغوت لە ناونیشانی دیوانەکەیدا، وێنەیەکی پێچەوانەی ئەو جوانییەی (عەدەن) پیشاندەدات، کە ڕۆژهەڵاتەو ئەویش لانەی ئایینەکانە، ئەم ناوچەیە پڕیەتی لە زوڵم‌و نادادپەروەریی‌و تیرۆرو بێبەهاکردنی مرۆڤ، لەکاتێکدا خۆرئاوای دوور لە خودا بە تێگەیشتنی موسوڵمانان ناوچەیەکی ئارامترو تاڕادەیەکی زۆر بەهاو شکۆی مرۆڤەکانی تێدا پارێزراوە، هەربۆیە شاعیر دەیەوێت لە یەکەم بەریەککەوتنی خوێنەر لەگەڵ دیوانی (شرق عدن غرب الله...)دا، وێنەی یاخیبوونی شاعیری بەرانبەر بە کەلتووری باو بۆ دەربکەوێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە تێکڕای شیعرەکانی ناو دیوانەکە، ڕەتکردنەوەی دۆخی سەپاوی کەلتووری‌و سیاسی‌و ئایینیی ناو کۆمەڵگای عەرەبین، بۆیە دەتوانین ئەم دیوانەی شاعیر بە دیوانی خۆڕادەستنەکردن‌و یاخیبوون‌و بەگژداچوونەوەی کەلتووری باو ناوبهێنین. ئەو لەم دیوانەدا برینەکانی جەستەی، پڕ برینی عەرەبی دیاریدەکات‌و ئامادە نییە بە هیچ جۆرێك لەگەڵیاندا تەبابێت.

ماغوت خاوەنی بوێرییەکی زۆرە لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە (ئایینی)یە بۆ دیوانەکەی‌و خستنەژێر پرسیاری قووڵ‌و کارکردن لەسەر یاخیبوون لێی‌و بەرپاکردنی شۆڕش دژی ئەو دۆخەی، کە ئەو جۆرە بیرکردنەوە دینییە باوە بەسەر کۆمەڵگادا دەیسەپێنێت.

## دووەم: یاخیبوون لە باو و پشتگیریکردن لە ناباوەکان

ماغوت لە شیعری (جێنشینی سەردەم‌و دارو دەستەکەی)دا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە هەموو دیاردە باوە ڕێگەپێدراوەکان یاخیدەبێت‌و هانی خەڵك دەدات بۆ پشتکردنە ئەو شتانەی، بەپێی نەریت‌و یاسا باوەکان ڕێگەپێدراون‌و لە بەرانبەردا پەیڕەوی لەو شتانە بکەن، کە بەپێی یاساو نەریتی باوی کۆمەڵگا نەگونجاون‌و ڕێگەیانپێنادرێت. لەم کردەیەشدا، هەمیشە بەشێوەیەکی هونەریی بەرز وێنەکە دەردەخات: "ماغوت لەنێوان دوو لایەنە موقەدەسەکاندا، هەمیشە ئەو بەشەی هاوکێشەکە هەڵدەبژێرێت کە ناکۆکە بە موقەدەس‌و پیرۆزکراو، بەمەش گەشە بە جۆرێك لە ئیستاتیکا ئەدات کە دەشێت ناوی بنێین (ئیستاتیکای تووڕەبوون). ماغوت لەنێوان سۆزانییەکان‌و پاڵەوانەکاندا، لەنێوان جوانی‌و ناشیرینی دا، لەنێوان نیشتیمان‌و مەلهاکاندا، لەنێوان پیاوچاکان‌و بێنەواکاندا هەمیشە لایەنی دووهەم هەڵدەبژێرێت، ئەوەی قووڵاییەکی تایبەت بە شیعری ماغوت دەبەخشێت ئەوەیە کە دیوی دووهەمی هاوکێشەکەی بۆ گرنگە. لەبەردەم جوانیدا بەرگری لە ناشیرینی دەکات. لەبەردەم پاڵەوانەکاندا بەرگری لە سۆزانییەکان دەکات. لەبەردەم نیشتیماندا بەرگری لە بێماڵەکان دەکات. لەبەردەم پیاوە ماقوڵەکاندا بەرگری لە سەرخۆشەکان دەکات. لەبەردەم شەرەفدا بەرگری لە سۆزانییەکان دەکات لە هەموو ئەو دۆخانەدا ماغوت شاعیرێکی تووڕەو ناڕازی‌و یاخییە."[٤٩٧]

هەرچەندە ئەو کارەی (ماغوت) لە ڕووکەشدا وەك تەنزو کارێکی گاڵتەئامێز دەردەکەوێت، بەڵام بنەڕەتەکەی، ئەو گیانی یاخیبوونەی شاعیرە، کە دەیەوێت بەو شێوەیە دەریببڕێت، چونکە ئەم شێوازە لە ئەدەبی نوێدا پێگەیەکی

[497] کۆمەڵێك نووسەر، محەمەد ماغوت_پیاوێك لە شیعرو یاخیبوون، و: هەورامان وریا قانع، پێشەکی (مەریوان وریا قانع) (٢٠١٥: ٢٤)

دیاری هەیە (ئاڕاستەو قوتابخانە نوێیەکانی ئەدەب، تەنزو دەربڕینی گاڵتەئامێز بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی دەربڕین دادەنێن، بەتایبەت لە بواری سیاسیدا).[498]

لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵناسیی ئەدەبی، گرنگیی زۆر دەدات بەو پەیوەندییە قووڵەی لەنێوان ئەدەبو ژینگە کۆمەلآیەتییەکەیدا هەیە. واتە شاعیر تا چ ئاستێك سەرکەوتوو بووە لە بەستنەوەی دەق بە کۆمەڵگاکەیەوە، هەروەك پێویستە ئەدەب لەگەڵ کۆمەڵگاو ژیانی کۆمەلآیەتیدا لە کارلێکی بەردەوامدا بێت، ئەویش بەپشتبەستن بەو هۆکارە مێژوویی‌و کۆمەلآیەتی‌و ئایینییانەی، کاریگەرییان بەسەر شاعیرەوە هەبووە.

ماغوت لەو شیعرەدا، لە یەك کاتدا هەم ئیستاتیکای تووڕەیی دەخوڵقێنێت‌و هەم کاردەکات لەسەر خستنەڕووی دیوی ناشیرینی کۆمەلآیەتی‌و سیاسی‌و کەلتووریی کۆمەڵگاکەی، هاوکات وێنەی یاخیبوونی خۆی لەشێوەی تەنزو گاڵتەئامێزیدا دەردەخات. شاعیر لە شیعری (جێنشینی سەردەم‌و دارو دەستەکەی)دا، بەشی زۆری جومگە کەلتوورییەکانی ناو کۆمەڵگاکەی، کە بەپێی نەریت‌و یاسا باوەکان بوونەتە شتی سەپاو و شەرعی، ڕەتدەکاتەوە.

لێرەدا، دەتوانین ئاڕاستەکانی یاخیبوونی (ماغوت) لەو شیعرەدا، بەمشێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو، کە تەواوی بۆچوونەکانی لەسەر زمانی جێنشینی سەردەم‌و حکومڕانەکانەوە دەردەبڕێت.

١. ڕەتکردنەوەی سەردەمی ڕووناکی‌و سەدەی نوێ‌و زانست‌و زانیاریی‌و ئەدەب‌و هونەر.

**جیهان پێدەنێتە هەزارەی سێهەمەوە، سەردەمی ڕووناکی‌و ڕۆشنگەری بە هەموو جیهان**
**بەتایبەت بە گوێگرانم ڕادەگەێنم.**
**من دژی زانست‌و زانین‌و ئەدەب‌و هونەرو ڕۆشنایی‌و ڕۆشنگەریم.**
**من گزیکارو فێڵبازێکی نێودەوڵەتیم‌و ئەوەی پێیدەوترێ ویژدان‌و بەزەیی، نیمە.**[499]

٢. لەو شیعرەدا، (ماغوت) تووڕەیی خۆی دژی سیستەمی خێزانیی دەخاتەڕوو و هەوڵی تێکدانی شیرازەی خێزان دەدات، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەوەی ناوی لێنراوە (ئیستاتیکای تووڕەبوون).

**من منداڵەکانم دژی باوکەکان‌و باوکەکان لە دژی دایکەکان‌و نەوەکانم دژی باپیرەکانیان هانداوە.**[500]

٣. ماغوت لەم شیعرەدا، بە ئەوپەڕی بوێرییەوە جاڕی ئەوە دەدات، کە ئەو پشتیوانی هەموو ڕەفتارە نەگونجاو و تابۆکراوەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات، کە دەتوانین بڵێین، ئەم یاخیبوونەی (ماغوت) بەجۆرێکە، هیچ شاعیرێکی تر بوێریی بەو ڕادەیە نییە، کە بەو جۆرە ئاشکرایە گاڵتە بە هەموو پیرۆزییەکانی ناو کۆمەڵگاکەی بکات‌و لێی یاخیبێت، لەمڕووەوە (ماغوت) ئەرکی ڕۆشنبیرانەی خۆی بەتەواوەتی بەجێهێناوە. "خۆزێ ئۆرتیگا گاسێت ( Joseortego

---

498 فاطمة حسين العفيف، الجانب النفسي للسخرية في الشعر العربي المعاصر، مجلة دراسات العلوم الأنسانية و الأجتماعية، المجلد (٤٣)، العدد (٣)، (٢٠١٦: ٢٤٤٥)

499 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٣٠٩)

500 سەرچاوەی پێشوو

Gasset) فەیلەسوفی بەناوبانگی ئیسپانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابوردوودا لە کتێبی (تەماشاچی) دا دەڵێت: ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە خاوەنی ژیانێکی دەروونییەو لە هەر چرکەساتێکدا دەزانێ بیر لە چی دەکاتەوەو بۆ چ مەبەستێك بیردەکاتەوە. لە کاتێکدا سیاسەتمەدار بێ ئاگا لە دەروونو هەناوی خۆیەتی، چونکە ئەو بۆ خۆی ناژیت، بەڵکو لەپێناوی زەناو زەناو هاتوهاواری جیهانی دەرەوەدا زیندووە."[501]

ماغوت بەتەواوەتی هاتووە ناخو دەروونی خۆی دەربارەی ڕەفتارە بەدەکان خستووەتەڕوو، ئەم کارەشی وەك ئەرکی ڕۆشنبیرانەی خۆی بەجێهێناوە.

**داوێن پیسیو نێربازیو لادانە سێکسییەکانم بە هەموو جۆرەکانییەوەو لە هەموو کاتێکداو تەنانەت لەنێوان ئاژەڵو باڵندەکانیشدا حەلاڵکردووە، هانی بەرتیل وەرگرتنو گەندەڵیو فەرهوودو قاچاخچێتیو بازرگانیکردن بە شتە قەدەغەکراوەکانو چاندنو دروستکردنی ماددە هۆشبەرەکان دەدەم.**
**باجم دوو هێندە زیاد کردووە، هانی دزیو تاڵانیو گوێ هەڵخستنو شۆڤاریو ئاژاوەیی تایەفیو کوشتن لەسەر ناسنامەو بەردبارانکردنی ژنانی چاکەکارو ڕێزلێنانی داوێنپیسەکانـــم داوە.**[502]

شاعیر زۆر بە توندیو تووڕەییەوە وێنەی دەسەڵات پیشاندەدات، کە دژی ژیانی پەرلەمانیو حکومەتی دیموکراسیی درۆینە دەوەستێتەوە، لە ئەوپەڕی تووڕەییەوە پشتیوانی بۆ تیرۆرو سزادانی جەستەییو دەروونی دەردەبڕێت، پشتیوانیی لە حکومەتی دیکتاتۆریی دەکات، ئەگەرچی پەیامەکەی لە ڕووکەشدا پشتیوانییە لە دیکتاتۆریەتو چەوساندنەوە، کەچی لە ناوەڕۆکدا یاخیبوونێکی مەزنە دژی ئەو دۆخەی، دەسەڵات چەسپاندوویەتی. (ماغوت) بە چاوی خۆی شکستی تاکی عەرەبی لە ڕووداوە سیاسییەکاندا بینیوە، کە چۆن دەسەڵاتداریّتیی عەرەبی بەرانبەر بە نەیارەکانیان دۆڕاون، ئەمەش کاردانەوەی گەورەی لەسەر دەروونی شاعیر و هەموو تاکێکی عەرەبی دروستکردووە. (ماغوتو نەوەی ماغوت لە قۆناغێکدا ژیاون، کە وڵاتانی عەرەبی تووشی نسکۆی ساڵی (١٩٤٨) بوون، هەروەها جەنگی ساڵی (١٩٦٧)، (١٩٧٣) ی عەرەبو ئیسرائیلو ڕووداوەکانی لوبنانی (١٩٨٢) شیان بینیوە، هەربۆیە شاعیر زۆر سەرکەوتوو بووە لە کێشانی وێنەی ئازارەکانو بارودۆخی دەروونیو ئابووریو هزریی تاکی عەرەبیدا.)[503]

ئەو شکستە گەورانە وای لە (ماغوت) کردووە، کە بەو جۆرە تووڕەیی خۆی دەرببڕێت، هەموو ئەو دۆخانەی لە ڕووکەشدا پاڵپشتی سەرەکیی سیستەمێکی دیموکراسیو مرۆڤ دۆستانەن، ڕەتبکاتەوە، لە بەرانبەریشدا پشتیوانیی سیستەمی دیکتاتۆرییو مرۆڤ کوژیی بکات.

**دیموکراسییەتو ژیانی پەرلەمانیم قەدەغەکردو تیرۆرو دامەزراندنی هەرەمەکیانەو گزیکاریی هەڵبژاردنەکانم بەڕێژەی نەوەدو نۆ لە سەد چەسپاند.**

---

[501] عبدالخالق یەعقوبی، لە کەلتوورەوە بۆ ئەدەبیات، (٢٠٠٨: ٧)

[502] محمد الماغوط، شرق عدن   غرب الله...، (٢٠٠٥: ٣٠٩)

[503] رمضان حينوني، صورة الذات في شعر الماغوط، http://Dewanarab.com

**له هەموو سەردەم‌و شوێنێکدا بناغەی دیکتاتۆرییەت‌و ئەحکامی زۆرەملیّ‌و عورفی‌و گۆڕی به کۆمەڵ‌و سزای جەستەیی‌و دەروونیم دامەزراند.[٥٠٤]**

٤. شاعیر بەردەوام دەبێت له پیشاندانی ڕەفتاری ناجۆری دەسەڵاتدارەکان‌و جارێکی تر لەسەر زمانی ئەوانەوە باس له دۆخی خراپی کۆمەڵگاکەی دەکات، که چۆن دەسەڵات هەموو ڕەفتارێکی بەدو خراپ ئەنجامدەدات، بەڵام داروودەستەو خەڵکەکەی به دەستکەوتی مەزنی دەزانن‌و لێی بێدەنگن.

**کێڵگەو خەڵەو خەرمان‌و دامودەزگا گشتی‌و**
**تایبەتییەکانم سووتاند، کرێکاران‌و جوتیاران‌و خوێندکاران‌و**
**مامۆستاکانم دەرکردو پیرۆزبایم له دەرەبەگو خوێڕی‌و**
**نەخوێندەوارەکان کرد، شەقام‌و گۆڕەپانەکانم به لاشەی کوژراو و**
**بریندارو کچە لاقەکراوەکان داپۆشی، تەگەرەم خستە بەردەم**
**هاتووچۆو پۆلیسی فریاکەوتن‌و ئامبولانس‌و ئاگرکوژێنەوە**
**بیرەکان‌و چەمەکان‌و ڕووبارەکان‌و کەنارەکانم ژەهراویکرد**
**هەوام پیس کرد، دارستانەکانم سووتاندو باخچەو یاریگاو**
**سەیرانگەکانم تێکدا، مشک‌و جرج‌و کونە پەپوو و قەلەباچکەکانم**
**بەرەلای شەقام‌و گۆڕەپانەکان کرد، یارمەتیی بڵاوبوونەوەی پەتاو**
**نەخۆشییە کوشندەو درمییە درێژخایەنەکانم دا، له نموونەی ئایدزو**
**تاعون‌و شێرپەنجە[٥٠٥]**

٥. تەنانەت شاعیر لەسەر لادان‌و بێبەهاکردنی شتەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە زیاتر دەڕوات‌و وێنەی ڕەشیان دەردەخات، بەجۆرێك هەموو سنوورەکان لەڕووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئایینییەوە دەبەزێنێت.

**ڕێگەم لەبەردەم کەناڵە ناوخۆیی‌و ئاسمانییەکاندا کردەوە تا**
**فیلمە خراپەکان‌و گۆرانییە بێبەهاکان لێبدەن‌و هەڵەی زمانەوانی‌و**
**جوگرافی‌و مێژوویی بکەن. هەروەها من له مانگی ڕەجەبدا بەڕۆژوو دەبم‌و**
**له مانگی ڕەمەزانیشدا نان دەخۆم[٥٠٦]**

٦. ماغوت دەیەوێت ئەوەمان پیّ بڵێت، سەرەڕای ئەو هەموو ڕەفتارو کردەوە بەدو نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران، کەچی هێشتا لەناو تاکەکانی کۆمەڵگای عەرەبیدا کەلتووری یاخیبوون بوونی نییەو کۆمەڵگا توانای ڕەتکردنەوەو شۆڕشکردنی

---

[504] محمد الماغوط، شرق عدن  غرب الله...، (٢٠٠٥: ٣١٠)

[505] سەرچاوەی پێشوو

[506] سەرچاوەی پێشوو

بەرانبەر بە دەسەڵات لەدەستداوە، بۆیە بەمشێوەیە، کە پڕیەتی لە گاڵتەپێکردن هەم بە جێنشینو دەسەڵاتدارەکانو هەم بە ژێردەستەکانیان، لە هەمان کاتیشدا لێوانلێوە لە بیری یاخیبوونو شۆڕشگێڕان.

**ئێستا ئێوە چی دەڵێن؟ ئەی هەروا بە ڕووزەردی بمێنەوە**
**ئێوە ئەی سەگینە، ئەی مێرووەکان، ئەی خشۆکەکان**
**ژێردەستەکان: بەخوا ئەگەر قسەکانتان خواروخێچییەکی تێدا بووایە**
**ئەوا بە شمشێرەکانمان ڕاستمان دەکردنەوە**[507]

ئەو شیعرە، وەستانەوەیەکی قووڵی یاخیگەرییانەی شاعیرە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا، هەروەها یاخیبوونە لەو کەلتوورە باوەی، کە ئیرادەی خۆڕادەستکردن لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگادا دروستدەکات، چونکە کردەی یاخیبوون (تەنها شتێکی گاڵتەئامێزی داهێنەرانە نییە، کە داهێنەر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەڵکو هەڵوێستێکی بوونی (الوجودیة)یەو داهێنەر هەوڵدەدات لەڕێگەیەوە هەموو جیهان لێی تێبگات).[508]

بەکورتی (ماغوت) کار لەسەر گەیاندنی ئەو دۆخە پڕ مەترسییە دەکاتو لەپاڵ ئەوەی دەیەوێت هەموو جیهان بزانێت، کە کۆمەڵگاکەی لە چ دۆخێکدا دەژین، دەیەوێت لەڕێگەی بەرهەمهێنانی هۆشیارییەوە، کردەی یاخیبوون دژی نەریتە سەپاوە کۆمەلایەتیو ئایینیو سیاسییەکان ئەنجامبدات.

**سێیەم: یاخیبوونو ژن**

ژن لە ئەزموونی شیعریی (ماغوت)دا چەند ڕەهەندێکی جیاوازی هەیە، هەندێکجار تەواو ڕۆمانسییانە مامەڵە لەگەڵ جەستەو ڕۆحی ژندا دەکاتو هەندێکجاری تریش، بەتەواوەتی لە هەستی ڕۆمانسییانەی دووردەکەوێتەوە تا ئەو ئاستەی ژن وەك ئامێرێکی سێکسیی دەبینێت. دەتوانین بڵێین تێڕوانینی (ماغوت) بۆ ژنو کێشەکانی، زۆر جیاوازترو تایبەتترە لە شاعیرەکانی تر (تێڕوانینی ماغوت بۆ ژن، تێڕوانینێکی سێکسیانەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەدەستدانی ژنەکەی، یاخود بۆ ئەو ماوەیەی، کە لەگەڵیدا ژیاوە. لەلایەکی دیکەوە، ماغوت لە دوای دایکییەوە (ناهیدە)، ڕووبەڕووی ئازارەکانی ژیان بووەتەوەو لە سۆزی ژنەکانەوە دووربووە).[509]

ئەمجۆرە تێڕوانینەی (ماغوت) بۆ ژن، لە چەندین شوێنی دیوانە شیعرییەکانیدا دووبارەدەبێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین وەك یەکێك لە ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی (ماغوت) بەرانبەر بە ژن دابینێین، بۆ نموونە لە دیوانی (ژوورێك بە ملیۆنان دیوار) دا دەڵێت:

**ئایا تامەزرۆی ژنێکی شینباو دەکەیت؟**
**شین وەکو با**

---

507 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٣١١)

508 قحطان عدنان الفرج الله، الغرابة و التمرد في أدب حسين مردان، (٢٠١٢: ٨)

509 روعة الفقس، مجلة جامعة البعث، المجلد (٣٦)، العدد (١٠)، (٢٠١٤: ٥٠)

**ئایا سەرنجی پەنجە باریکەکانت داوە**
**قژە جوانکراوەکەی**
**بەو تەلە بەجێهێڵراوی باراناوی**
**ئایا سەرنجت لەو گۆشتە گەنیوەی داوە**
**ئەی سنگە ئاخنراوەکەی بە قوماشی پڕزۆڵەکراو**
**گۆشتێکی ئاسایی‌و لێدراو**
**کە لە ڕۆژانی ترس‌و برسێتیدا دەیخۆین**
**ئەو ژنەی خەونی پێوە دەبینم**
**نە دەخوات‌و نە دەخواتەوەو نە دەخەوێت**
**تەنها دەلەرزێت**
**دەشکێت‌و لەنێوان باسکەکانمدا ورددەبێت** [٥١٠]

ئەگەر تەنها لەم ڕوانگەیەوە سەرنج لە تێڕوانینی (ماغوت) بدەین، دەبێت وا وێنای بیرکردنەوەکانی بکەین، کە ئەو ژن تەنها وەك ئامێرێکی چێژبەخش تەماشادەکات‌و هیچی تر. هەرچەندە ئەو بۆچوونە بەهێزەش لەئارادایە، کە ئەمجۆرە تێڕوانینەی (ماغوت) بەرانبەر بە ژن بەشێکە لەو بیری یاخیبوونەی، کە شاعیر هەموو تەمەنی خۆی پێ بەخشیوە. "ڕۆمانسیەت لەدونیای ماغوتدا وشکی کردووە. بەبێ ئەوەی دونیای ڕۆمانسیەتی تاقیکردبێتەوە. بەشی هەرە زۆری ئەو ڕۆحییەتی یاخیگەرییەی لە شیعری ماغوتدا ئامادەیە، زادەی ئەو ڕاستییە سادەیەیە کە ژیان خۆی هیچ ڕۆمانسیەتێکی تێدا نەماوە. ئەو هۆشیارییەی لێرەدا ئامادەیە، هۆشیاریی دوای دۆڕاندنی ڕۆمانسیەتە بەبێ ئەوەی لەو دونیایەی دروستبووە، ساتەوەختێکی بچووکی ڕۆمانسیەت ژیابێت. ئەم دۆخەیە وا دەکات ماغوت ئەم وێناکردنەی بۆ پەیوەندیی خۆی‌و ئافرەتان‌و تێکەڵکردنی حەزی خۆی بە لەشی ئەوان بەم جۆرە تەواو ناڕۆمانسییە وێنا بکات:

**ئاهـ چەند حەزدەکەم**
**ئافرەت بە کەوچك بخۆم**
**وەك پڵنگ قەپ بە شانەکانیاندا بکەم**
**شانی ژنە شووکردووە گەنم ڕەنگەکان**
**ئەو ژنانەی کە شیرو سەوزەیان هەڵگرتووە**
**کە منالّو قولاپیان لە باوەشدایە"** [٥١١]

---

[510] ماغوط، الأعمال الشعرية_ غرفة بملايين الجدران، (٢٠٠٦: ١٤٢)

[511] کۆمەڵێك نووسەر، محەمەد ماغوت_ پیاوێك لە شیعرو یاخیبوون، و: هەورامان وریا قانع، پێشەکی (مەریوان وریا قانع) (٢٠١٥: ١٨_١٩)

هەرچەندە لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکاندا، (ماغوت) دەربارەی ڕۆمانسی بوونی خۆی دەڵێت: "ڕەنگە لە سەرەتای دەستپێکردنم بە نووسین لە چلو پەنجاکاندا ڕۆمانسی بووبم، ئەویش بەهۆی خوێندنەوەی هەمەچەشنو جۆراوجۆری ئەدەبی جیهانییەوە. هەڵوێستی من لە ئاستی ئەو مۆدێلە شیعریو ئەدەبیانەدا وەك ئەو لادێیە وابوو، کە خۆی بە بازاڕدا دەکاتو ڕوناکیو کۆشكو ئۆتومبێل دەبینێت، بەڵام لە سەروەختێك دەگەڕامەوە ژوورەکەمو ماڵە لادێییە خاکییەکەم، ئەوەی تەنها لە یادەوەریمدا بوو، نرکەو ناڵەو پەستیو تەنهایی پارچە کاغەزەکانی بەردەستم بووە."[512]

ماغوت وەك پیاوەکانی تر، نە عاشق دەبێتو نە وەك ئەوانیش باس لە حەزەکانی خۆی دەکات، ئەمەش وا دەکات بڵێین، کە (ماغوت) لە عەشقو خۆشەویستیدا جۆرێك لە یاخیبوون دروستدەکات.

شایانی باسە، ماغوت هاوسەری یەکێك لەدیارترین ژنە شاعیرانی نوێی عەرەب بووە، ئەویش (سەنییە ساڵح)ە، کە خاوەنی ئەم دیوانانە بووە:

- زەمانی تەنگ ١٩٦٤، بەیروت
- مرەکەبی سێدارە ١٩٧٠، بەیروت
- چەند قەسیدەیەك ١٩٨٠، بەیروت
- نێرینەی گوڵ ١٩٨٨، بەیروت
- تەپوتۆز (چیرۆك)، ١٩٨٢، بەیروت

واتە (ماغوت) تەنها وەك شکاندن پەیوەندییەکانی خۆیو ژنان وێنەناکێشێت، بەڵکو ئەوەی لەپشت ئەو وێناکردنەوە هەیە، تووڕەییو بێزاریی شاعیرە لەو واقیعە خراپەی، کە بوونێکی ناشیرینی هەیە.

ڕاستە پەیوەندیی نێوان ماغوتو سەنییە تەواو ڕێك نەبووە (هەرچۆنێك بێت ژیانیان پێکەوە هەمیشە شیعرییانە نەبووە، ئەگەرچی نزیکبوونەوەی شیعریی بەردەوام لەنێوانیاندا هەبووە)[513]، بەڵام جۆری ئەو پەیوەندییانە، وای نەکردووە بەتەواوەتی لەیەکتری دابڕێنو دووربکەونەوە، چونکە دوای مردنی (سەنییە ساڵح)، (ماغوت) لە چاوپێکەوتنێکدا باسی ڕۆڵو کاریگەریی ئەو دەکات، تەنانەت دێڕە بەناوبانگەکەی (سەنییە ساڵح)، کە بە (ماغوت) دەڵێت، دەخاتەڕوو، کاتێك (سەنییە ساڵح) پێش مردنی بە (ماغوت) دەڵێت: (تۆ ماقووڵترین پیاوی مێژوویت). هەر لەو چاوپێکەوتنەدا (ماغوت) باسی کاریگەریی ناوی خۆی بەسەر ناوی (سەنیە)وە دەکاتو دەڵێت: "ناوی من بەسەر ناوی ئەودا زاڵ بووە، ڕاستە ناوی من زوڵمی لێکرد، بۆ ساتێکیش لەبەر چاوم ون نابێت. (سەنیە) شاعیرێکی گەورەیەو ئەبێت حەقی خۆی وەربگرێت. کۆمەڵە شیعری (نێرینەی گوڵ) ترۆپکی شیعرییە، ئەو شیعرەکانی ئەم کتێبەی لەسەر جێگای مردن نووسی."[514]

---

[512] محمد ماغوت، ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان احمد، (٢٠١٦: ٥١)

[513] و: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، گەردن نەماوە بۆ بڕین، (٢٠١٧: ١٩)

[514] سەرچاوەی پێشوو، ٤٠

هەروەها پرسیاری ئەوەی لێدەکەن، ئەگەر جارێکی تر بۆی بکرێت ژیان لەگەڵ (سەنییە ساڵح) دروستبکاتەوە، ئەو چۆن لەگەڵیدا دەژی؟ ئەوا دەڵێت: "هەمان ژیان، نە من ئەگۆڕامو نە ئەو. دوای ئەو هاوسەرگیریم نەدەکرد. شتێکت بۆ دەدرکێنم (سەنییەو خالیدە سەعیدە)ی خوشکی، تاڵیی زۆریان لە ژێر دەسەڵاتی باوەژنیاندا چەشتووە. باوکیان پاش مردنی دایکیان، ژنی هێناوەتەوە. من ئەوەم ڕەتکردەوە دوای (سەنییە) ژن بهێنمەوە، تاکو هەردوو کچەکەم نەکەونە ژێر دەسەڵاتی باوەژنەوە. کاتێك (سەنییە) گیانی دەدا، دەستی بە ئەژنۆمەوە گرتو وتی: تۆ ماقووڵترین پیاوی مێژوویت."[٥١٥]

ماغوت لەبارەی (سەنییە ساڵح)ەوە لە دیوانی (سیاف الزهور)دا دەقێکی جوان دەنووسێت:

**ئەوە ویستی خودایە**
**بمهێڵەوە لای ئەم ژنە داماوە**
**ئێمەین مناڵەکانی کۆشکی هەژاری**
**یاریو گوارەو جلە نوێیەکانی پێشکەش دەکەین**
**دەبەخشینە فریشتە بچووکەکان**
**تا کۆتایی بە ڕووتی دەمێنینەوە**
**بەڵام بمانهێڵەرەوە لەگەڵیا**
**بۆ چەند مانگێك**
**تەنها بۆ چەند ڕۆژێك**
**بە نۆبە لەلای دەمێنینەوە**
**سڕینەوەی عارەقی وشکهەڵاتووی ناوچەوانی**
**لەو بیابانەدا تەنها ئەو سێبەرمانە**
**تەنها ئەستێرەمانە لەو تاریکییەدا**
**دیواری مانەوەمانە لەو کەلاوەیەدا**
**ئەو ژنە لە خۆڵی نیشتیمان هیچی وەرنەگرتووە**
**زیاتر لەوەی پێ لە پێڵاوی وەرگرتووە** [٥١٦]

ماغوت هەستێکی تایبەتی بەرانبەر بە (سەنییە ساڵح)ی هاوسەری هەیە، تەنانەت لەسەر گۆڕەکەی نووسیویەتی "ئێرە ئارامگەی سەنییە ساڵحە، دوایین منداڵ لە جیهاندا، هەروەها دەڵێت دوای ئەو، هەرچی ژنە ئەستێرەن، گوزەر دەکەنو دەکوژێنەوە. ئەو تەنها بۆ خۆی ئاسمانە."[٥١٧]

---

515 و: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، گەردن نەماوە بۆ بڕین، (٢٠١٧: ٤١)

516 محمد الماغوط، سیاف الزهور، (٢٠٠٩: ١٠_١١_١٢)

517 محمد ماغوت، ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان احمد، (٢٠١٦: ٤٨)

"ماغوت دەیوت: کە سەنییە لە هەموو خانەیەکی ئەو و پیتێکی ئەودا ئامادەیە، ڕقی بەرامبەر بە مردن زیادیکردووە، چونکە سەنییەی لێ ڕفاندووم بەر لەوەی لێی تێر ببێت، لە خەونەکانی بەئاگای دێنێت، ئەویش سەرزەنشتی خەون دەکات چونکە خەون بەخیلی بە وێنەی خۆشەویستەکەی دەبات."[518]

لێرەوە بۆماندەردەکەوێت، (ماغوت) سەرەڕای ئەوەی وەك پێشتر باسمانکرد، لە هەندێك دەقیدا زۆر ناڕۆمانسیانە تەماشای ژن دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرێکی مرۆڤدۆستو ژن دۆست بووە، بنەمای وێناکردنی بۆ ژن پەیوەستە بەو واقیعەی، کە تێیدا ژیاوەو گەورە بووەو خۆی بە توانای داهێنەرانەی ئەدەبی گواستویەتییەوە بۆ ناو شیعرەکانی، (ماغوت توانیویەتی بەهۆی لێهاتوویی داهێنەرانەی خۆیەوە، هەستە ڕۆژانەییەکانی بگاتە دەقی ئەدەبیو بەرگێکی هونەرییان بەبەردا بکات. واتە هەستاوە بە ئەنجامدانی کردەی گواستنەوە لە قسەی ڕۆژانەوە بۆ ناو دونیای شیعریی تایبەتمەندو ناوازە، کە داپۆشراوە بە هەستی ڕۆمانتیکییانە. ماغوت توانیویەتی هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان لایەنی هونەریی دەقو ئەزموونی ناوەکی خۆیدا."[519]

ماغوت ژیانی وەکخۆی بۆ گرنگ بووە، نەك ئارایشتو ڕازاندنەوە درۆزنەکانی. بەردەوامیش لەسەر گەڕانەوە بۆ ناو ژیانی ئاسایی تاکەکانی کۆمەڵگا کاریکردووە. بۆ نموونە کاتێك باسی دایکی دەکات وەك نموونەیەك بۆ ژنانی لادێنشین، هەمیشە وێنەی پاکیو دڵسۆزییان پێدەبەخشێت (ژنانی لادێ خاوەن فیترەتێکی پاکنو ئارەزوومەندی ئاشتیو خۆشەویستیو ئارامینو دەیانەوێت ژیان جوان بێتو لە ڕازاندنەوەی درۆینە دووربێت).[520]

لەبارەی جیاوازیی دۆخی لادێو دۆخی ژیانی ناو دونیای پیشەسازییەوە، (ماغوت) لە شیعری (البراري الفاطمية)دا دەڵێت:

**ئەو کچەی پێیوایە، کە کێشەکانی مرۆڤ و شارستانیەتو دواکەوتوویی**
**وەك ترسنۆکی**
**و ترس**
**و غیرەکردن**
**و بەغیلی**
**و کێشەکانی تەندروستیو نەخۆشیو هەڵاوسانی ئابوری**
**ژەهراوییبوونو جەنجاڵیی هاتوچۆو دابەزینی ئاستی ژیان**
**بە چەپکە گوڵێك چارەسەردەکرێن**
**شەرمو حەیایەکی زۆر و کەمێك سوریی لەسەر کوڵمەکانی**
**لەبەردەم دەرگای هەر ماڵێك یان گوندێك یان شارێك یان قارەیەکی گڕگرتوو**
**لەگەڵ ئەوەشدا دەمرێتو**

---

518 ماغوت، لەمەودوا گرانبەها دەبم، و: سەنگەر زراری، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢١٨)، (٢٠٠٧: ٢٢)

519 محمد علاءالدين عبد المولى، وهم الحداثة مفهومات قصيدة النثر نموذجا، (٢٠٠٦: ١٨٠)

520 روعة الفقس، صورة المرأة عند محمد الماغوط، مجلة جامعة البعث، المجلد (٣٦)، عدد (١٠)، (٢٠١٤: ١٤٠)

**کەچی لەسەر گۆڕەکەی تەنها گوڵێك نییە، تەنانەت ئەگەر دەستکردیش بێت**[521]

شاعیر لەو شیعرەی پێشوودا، بەشێوەیەکی گشتی بەراوردی نێوان دۆخی هەردوو جۆر ژیانەکە دەکات، بەشێوەیەك دەکرێت وێنەی ئەو دوو دۆخە وەکیەکییە لەسەر باری دەروونیی تاکەکان لە هەردوو کۆمەڵگای لادێنشینو کۆمەڵگای دونیای پیشەسازیدا دیاریبکەین.

ڕەهەندێکی تر لە شیعری (ماغوت)دا ئەوەیە، کە زۆر بەبوێرییەوە بابەتی ژن کوشتن بەناوی شەرەفەوە ڕەتدەکاتەوەو گاڵتەی پێدەکات، پێیوایە شەرەف نە پێناسەدەکرێتو نە ڕەنگو نە بۆنی هەیە، بەڵکو شەرەف تەنها لە (خوداو شەرم) دەچێت. ئەمجۆرە بەراوردکردنە یاخیگەرییانە لەنێوان (شەرەفو خودا)داو لە کۆمەڵگایەکی ئایینداری وەك کۆمەڵگای عەرەبیدا، بوێرییەکی زۆرو ڕاستگۆییەکی سەرسوڕهێنەری دەوێت. شاعیرێك بە ئەوپەڕی ڕاشکاویو بە زمانێکی سادەو بێ هێماو ئاڵۆزیی، پەیامی یاخیبوونی لەمجۆرە سیستەمە کۆمەڵایەتییە دەردەبڕێت.

**فلأن بۆ بەرگریکردن لە شەرەفی خێزانەکەی، خوشکەکەی**
**خۆی سەربڕی**
**فلأن بۆ بەرگریکردن لە شەرەفی هۆزەکەی، کچەکەی خۆی سەربڕی**
**فلأن بۆ بەرگریکردن لە شەرەفی دەوڵەتو عەرشو ڕژێمو**
**دابونەریتەکان، سەرۆکەکەی خۆی کوشت**
**کێشەکە ئەوەیە شەرەف وەسف ناکرێت یان شێوەو ڕەنگەکەی**
**و بۆنەکەیو تەمەنی یان بوونی دیاریناکرێت**
**چونکە وەك شوورەیی یاخود خودا وەهایە**[522]

ماغوت هەم ژن کوشتن بە تاوان دەزانێت، هەم دەیەوێت ئەوە ڕوونبکاتەوە، ئەوانەی دەیانەوێت بە ناوی ئایینەوە ژن بکوژن، وەك ئەوە وایە خودا بکوژن، چونکە ناساندنو دیاریکردنی ئەوەی، کە چ شتێك شەرەفە، چ شتێك ناشەریفییە، کارێکی ئێجگار گرانە، وەکچۆن دیاریکردنی ڕەنگو بۆنو بوونو تەمەنو شێوەی خوداش کارێکی قورسە. شاعیر لەو شیعرەدا زۆر بەبوێرییەوە یاخیدەبێتو بە ئەوپەڕی هۆشیارییەوە لەو خاڵە دەدات لەناو دونیابینیی گشتیدا، کە بەهۆیەوە ژن دەکوژرێت.

لەلایەکی ترەوە، (محەمەد ماغوت) جاڕی یاخیبوونی خۆی بەرانبەر یەکێکی تر لە نەریتە باوەکانی ناو کۆمەڵگای عەرەبی دەردەبڕێت، ئەویش دیاردەی سەرپۆشو پەچەیە. وەك نەریتی هەمیشەیی خۆی، لێی یاخیدەبێتو ڕەتیدەکاتەوەو ڕقلێبوونەوەی بەردەوامی خۆی لەو دیاردەیە دووپاتدەکاتەوە. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دەستبردن بۆ ئەو جۆرە بابەتە هەستیارانە لە کۆمەڵگا ئایینییەکاندا کارێکە تەنها لەچوارچێوەی توانای هونەرییو ئەدەبیی شاعیرێکی وەك (ماغوت)دایە.

---

521 محمد الماغوط، شرق عدن  غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٤٠_١٤١)

522 سەرچاوەی پێشوو، ٧٢

**چەند ڕقم لە کۆکردنەوەی هەر شتێکە**

**سەری قسەکان...... چارشێو، سەرپۆش**

**تەنانەت تاجەکەشم لە زەویدا ورد ورد ببێ**

**هیچی کۆناکەمەوە**[٥٢٣]

هەرچەندە لەچاو دیوانەکانی تردا، (ماغوت) لە دیوانی (شرق عدن غرب الله...)دا، کەمتر باسی ژنی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لە تێکڕای دیوانەکانیدا لەسەر یەك هێڵی دیاریکراو دەڕوات، کە لەلایەکەوە ڕوانینێکی عاشقانەی بۆ ژن هەیە، وەك دایكو هاوسەریش، بە هۆکاری ئارامیو پاکی دەزانێت. شاعیر لە پارچەی (٣٧) (لە دەفتەری تەمەوە)دا دەڵێت:

**خۆشەویستیت، ئەی خۆشەویستم لە ئازاری زیندان دەچێت**

**لە جیابوونەوەی دوا ڕخسار دەچێت، کە لە جامی شەمەندەفەرەکانەوە**

**سەیری دەکەینو خۆشماندەوێت**

**دوای هەموو ئەوەی نووسیمو خوێندمەوە**

**لە نزیك قەرەوێڵەکەتەوە ئاواتم خواست**

**جگەلە فرمێسك هیچم بۆ جێناهێڵیت، کە شتێکی لێ بکەم**

**ئەم بەخشندەییە**[٥٢٤] **حاتەمییە چییە؟**

**ئەوەی بازرگانێکی جولەکە بۆ حەماڵەکانی بەجێدەهێڵێت زۆرترە لەوەی**

**تۆ بۆ منی بەجێدەهێڵیت**[٥٢٥]

وەك هەمیشە (ماغوت) ناتوانێت بە خۆشەویستیی ڕەهاو پاکژیو پاکێتیی دڵخۆش بێت، چونکە ناشیرینیی زۆر لە کۆمەڵگاکەیدا هەیە، بۆیە دواجار جاڕی ڕقلێبوونەوەی خۆی لە هەموو ئەو خۆشەویستیو پاکێتییە ڕادەگەیەنێت.

**بێگەردیی ڕەها**

**پاکێتیی ڕەها**

**خۆشەویستیی ڕەها**

**هەموویان ئامانجی باڵانو تەمیان لەسەر نییە**

**من ڕقم لەم ئامانجانە دەبێتەوە**

**بە دڵنیاییەوە لە هەموو ڕووبارێکدا خنکاوێك**

---

523 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٣١٩)

524 بەخشندەیی حاتەمی: مەبەست لە (حاتەمی تەی)ە، کە لە مێژوودا وەك پیاوێکی بەخشندە ناسراوە.

525 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٩٨)

**لە هەموو دارستانێکدا داوێك**

**لە هەموو بیابانێکدا ونبوویەك هەیە**

**لە هەموو شەقامێکدا دەرکراوێك هەیە**

**گەر نا، ئەوا ژیان هیچ خۆش نییە**

**وەك ژووری ئەشکەنجەدانی ئەتڵەسییە**[٥٢٦]

بەشێوەیەکی گشتی، ناتوانین یەك وێنەی ژنو یەك پێگەی ژنو یەك جۆر مامەڵەی (ماغوت) لەگەڵ ژندا دیاریبکەین، چونکە وێنەو پێگەو جۆری مامەڵە لەگەڵیدا گۆڕانی بەسەردا دێت، جارێك ژن وەك کەرەستەیەکی جەستەیی، جارێك وەك کەرەستەیەکی ڕۆحیو ڕۆمانسیی، جارێکیش وەك دایك دەردەکەوێت، کە (ماغوت) هەستو سۆزێکی لە ڕادەبەدەری بۆ دەردەبڕێتو لەو کاتانەشدا، کە باسی (سەنیە سالح)ی هاوسەری دەکات، وەك خۆشەویستو هاوڕێی ژیانی وێنایدەکات، بەڵام لە هەموو بارەکاندا ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ ناخو ژندا دەکات.[٥٢٧]

ماغوت وەك هەموو شتەکانی تر لە کۆمەڵگاکەیدا، لە دیاردە قێزەونەکانی کۆمەڵگا بەرانبەر بە ژنو مافەکانی، یاخیدەبێت. تەنانەت ئەو لە بابەتی عەشقو خۆشەویستیدا وەك شاعیرێکی یاخی دەردەکەوێت، تێیدا وێنەی مەعشوق بەجۆرێك دەکێشێت، کە لەگەڵ بیری یاخیگەریانەی خۆیدا تەبابێت، بەهەمان شێوەش مامەڵەی لەگەڵ هاوسەرەکەیو دایکیشیدا جیاوازە، بەجۆرێك هەرگیز نایەوێت تەنها وەك دایكو هاوسەری تر لێیان بڕوانێت، بەڵکو چۆنیەتیی تێڕوانینی بەرانبەر ئەوانیش لە چوارچێوەی بیری یاخیگەریانەیدایە.

دەتوانین تێکڕای جیهانبینیی شاعیر بەرانبەر بە ژن لەو دێڕەدا کۆبکەینەوە، کە لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت: (ژن تاکە شوێنێکە وا دەکات باکورو باشوورو خۆرئاواو خۆرهەڵات ببن بە یەك)[٥٢٨].

## چوارەم: یاخیبوونو ئایین

ماغوت بەپێی کەسایەتییە داهێنەرییەکەی خۆیو ئەو یاخیبوونو بوێرییەی لە کەسایەتیی ئەدەبیی ئەودا بوونی هەیە، بێ ترس باس لە بابەتە ئایینییەکان دەکاتو تا سنووری باسکردنی خوداو بیروباوەڕی موسوڵمانان دەڕوات، چونکە ئەو شاعیرێکی ڕاستگۆ بووە (لە دێڕی یەکەمی شیعرەکانییەوە هەست دەکەیت لەبەردەم شاعیرێکی ڕاستگۆو ڕاستەقینەدا وەستاویت، کە لێهاتوویی خۆیو ڕازاندنەوە هونەرییەکانی لە بواری زمانو ڕەوانبێژیدا نمایشناکات. ئەو شاعیرێکە، شیعر چاوەکانێتیو چاوەکانیشی ژیانی خەڵکە، کە شیعرەکانی سەرچاوەیان لێوە گرتووە.)[٥٢٩]

تەنانەت (ماغوت) لە کاتی دەربرینە تایبەتییەکانی خۆیدا بەرانبەر بە ئایین، پەنای نەبردووەتە بەر بەکارهێنانی ڕەمزو هێما، بەڵکو ڕاستەوخۆ بیروڕاکانی خۆی دەربڕیوە، هەرچەندە ڕایەك هەیە پێیوایە هەموو شیعرێك جۆرێك لە

---

[526] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٦٦)

[527] روعة الفقس، صورة المرأة عند محمد الماغوط، مجلة جامعة البعث، عدد (١٠)، (٢٠١٤: ٧٠_٧١)

[528] محمد ماغوت، ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان احمد، (٢٠١٦: ٤٩)

[529] أيمان عبد و عبدالقادر، صورة الأنسان في شعر محمد الماغوط، (٢٠١٠: ٤٥)

ڕەمزی تێدایە "لویس هورتیك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هیچ شیعرێك نییە، بڕێك لە ڕەمزی تێدا نەبێت. هۆکاری بەکارهێنانی ڕەمز بەشێوەیەکی فراوان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە ڕامیارییەکانو کۆمەڵایەتییەکان، دەروونییەکانو ئارەزووی نامۆیی بۆ شتەکان، هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان، لاسایی کردنەوەی ڕووکەشیانە، ترس لە ڕوشاندنی کەسایەتی تر، هۆکاری هونەری ئیستاتیکای شیعر."[530]

بەبۆچوونی ئێمە، هۆکاری ئایینیی، یەکێکە لە سەرەکیترین ئەو هۆکارانەی، وا لە شاعیر دەکات پەنابەرێتە بەر بەکارهێنانی ڕەمزو هێما، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئەو شاعیرە لەگەڵ بیروباوەڕی باوی کۆمەڵگاکەیدا تەبانەبوو. لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیدا، (خەییام) یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆر بە ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە دین گرتووەو هیچ جۆرە ڕەمزێکی بەکارنەهێناوە "ئەو لە بازنەی ئەدەبدا زیاتر بە چوارینەکانی بەناوبانگە، بەتایبەت ئەو چوارینانەی کەسەری ناکۆکیو پرسیاریان لەگەڵ بنەماکانی دیندا هەیە، خەییام شاعیرێکی یاخیو دەستەمۆ نەکراوە لەلایەن دینەوە."[531]

ڕاستە (ماغوت) وەك (خەیام) تەواوی توانای ئەدەبیی خۆی بۆ بابەتی ئایینو خوداو ژیانو مەرگ تەرخاننەکردووە، بەڵام لەو جێگەیەی پێویست بێت، لە بنەما چەسپاوە بەپیرۆزکراوەکان یاخیبێت، یاخیدەبێت، چونکە ئەو هیچ شتێك لەم بوونەدا بە پیرۆز نازانێت، بەتایبەتیش کاتێك دەزانین پیرۆزیی، کردەیەکی سەپێنراوەو ڕەگەکەی لەناو دونیای ئایینەکانو ژێریی مرۆڤەوە هاتووە "موقەدەس لەڕاستیدا ئەو گوتەزایەیە کە ڕەفتاری ئاینی لەسەر بنیاددەنرێت، ئەوەی تایبەتمەندیی نەوعی خۆی پێدەداتو هەستی تایبەت بە ڕێزگرتن بەسەر بڕواداردا دەسەپێنێت کە ئیمانەکەی لە دژی ڕۆحی ڕەخنە دەپارێزێت. هەروەك لە مشتومڕی نەزۆکیش بە دوری دەگرێت. بەوەی دەیخاتە دەرەوەی بازنەی ئەقڵو ئەودیو ئەقڵ."[532]

"دکتۆرە سەمیرە ئەحمەد سەیید لە فەرهەنگە کۆمەڵناسییەکەیدا بەمشێوەیە پێناسەی موقەدەس دەکات: موقەدەس (Sacrad) پیرۆز، ئاماژە بۆ هەموو ئەو شتانە دەکات کە لەڕووی ئاینییەوە وەك شتێك دیاریکراوەو خاوەنی نرخێکی تایبەتەو ناکرێ کەس لێی دەربچێت یاخود پێشێل بکرێت. هەروەك چەمکەکە ئاماژە بۆ ئەو بەهاو نەریتە یاخود مومارەسانەش دەکات کە نابێ لێی دەربچین بەهۆی ئەو نرخو ڕێزەوە کە خاوەنیەتی، مەرجیش نییە ئەم نرخاندنە هەر بە ئاینەوە گرێدرابێ."[533]

ئەگەر سەرنجی جیهانبینیی شیعری (ماغوت) بدەین، بەئاشکرا ئەوە دەبینین، کە هەمووی لەسەر یەك هێڵی یاخیبوون لە پیرۆزییە سیاسیو ئایینیو کۆمەڵایەتییەکان وەستاوە، بە هیچ جۆرێك خۆی ڕادەستی ئەو دیاردە سەپاوانە ناکات، کە هەن، چونکە ڕازیبوون لە دونیای بیرکردنەوەی ئەمرۆدا، چەمکێکی زۆر نامۆو ناجۆرە "چەمکی ڕازیبوون ئەمرۆ لە بێگانەترین چەمکە ئەخلاقییەکانە، یەکێکە لە پایەکانی ئەخلاق لە ڕابوردوودا کە لە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی ئەخلاقی تاکەکان بووە، نەدەبوو کە ڕازی بن. ئەمرۆ ئەم بنەماو بنەڕەتە بەشێوەیەکی گشتی بووەتە جێگای ئینکاریو تێکشکاوەو تەنانەت لە سەدا کەمێك هەن کە لە مانای ئەو چەمکە تێبگەن. جیهانی

---

530 پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، (٢٠١٢: ٢٩_٣٠)

531 سیاوەش ئاڤێستا، خەییامو دنیای فانی، و: فەرزانە علی، (٢٠١٨: ٥)

532 خەسرەو میراودەلی، ئەفسانەو مەعریفە، (٢٠١٦: ٢٥)

533 سەرچاوەی پێشوو، ٢٦

نوێ مانایەکی بۆ ڕازیبوون نەهێشتۆتەوە هەر لەبەر ئەمەیە بۆ ئێمە زۆر سەختە کە ئەم وشەیە لەلای خۆمان شەن‌و کەو بکەین‌و بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم وشەیەی تاکو ئێستا بیستوومانە بەڕاستی چ مانایەکی هەیەو ئەوانەی کە ئەم وشەیە بەکاردەهێنن مەبەستیان لە چ جۆرە تێگەیشتنێکە لە بابەتی ڕازیبووندا."[534]

کاری مرۆڤی هۆشیارو یاخی ئەوەیە، کە واتاو شێوەیەکی نوێ بە شتەکان ببەخشێت "ئێمە ئەو مرۆڤانەین کە دەبێت شێوە بە هەموو شتێك ببەخشین‌و ڕوخسارو شێوە بە جیهان بدەین‌و وێنەی پێ ببەخشین. ئەمەیە مانای ئەوەی کە دەڵێم لە جیهانی نوێدا ڕەخنەگرتن لە جێگەی ڕازیبوون دانیشتووە."[535]

(ماغوت) کار لەسەر دروستکردنی ئەو ڕەهەندە یاخییە دەکات لە کۆمەڵگادا، ڕاستە لە سەرەتاوە بابەتەکە بابەتێکی تەواو کەسییە. خۆی ددان بە ئەوەدا دەنێت، کە "ئەوە منم، ئەوە سروشتمەو ناتوانم هیچ شتێك لە سروشتی خۆم بگۆڕم"[536]، بەڵام دواجار ئەو لەناو کۆمەڵگادا کاردەکات‌و پەیوەندیی زیندووی لەگەڵ کۆمەڵگاو تاکەکان هەیە، چونکە سروشتی دەقی ئەدەبیی بەجۆرێکە، چەندە کردەیەکی خودیی بێت، بە هەمان ئەندازەش کردەیەکی کۆمەڵایەتیی گشتییە، چونکە ژینگەی نووسەرەکە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی بارودۆخێکی تایبەت لە ناخی نووسەردا (بەرهەمی ئەدەبی، بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتە لە دابونەریتەکانی ناو کۆمەڵگاو تەنها گوزارشتکردنێکی خودی‌و تایبەتیی ئەدیب نییە، کە میزاجی خۆی بە تەنها گوزارشتی لێدەکات. داهێنەرە ئەدەبییەکان دەبێت ئاوا لە بابەتەکە بڕوانن، کە لە دەقەکانیاندا گوزارشت لە ئاوەزی کۆمەڵگاکەیان دەکەن زیاتر لەوەی تەنها بیروڕاکانی خۆیان دەربڕن).[537]

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، شیعرەکانی (ماغوت) زیاتر گوزارشتکردنێکی تایبەتین لە ناخی خودی شاعیر، بەڵام دواجار بە ژینگەی دەرەوەی بەستراوەتەوە "بێزاری لێرەدا بەشێکە لە پەیوەندیی تاکەکەسێکی سەربەخۆ بە خۆی‌و بە دونیاو بەو ژینگە ئینسانی‌و دینی‌و سیاسی‌و فەرهەنگییەوە کە تیایدا دەژی. ماغوت وەك تاکەکەسێك بە دوای مانادا دەگەڕێت‌و وەك تاکەکەسێکیش لە بێمانایی ئەو دونیاو کۆمەڵگەیە بێزارە کە تیایادا دەژی."[538]

ماغوت لە هەموو ئەو دۆخانەی، کە جاڕی یاخیبوون دەدات، کێشەی لەگەڵ مرۆڤەکاندایە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئایین‌و ڕەوشت‌و نیشتیمان‌و سیاسەت‌و دابونەریت‌و ژن‌و هەموو شتەکانی تردا دەکەن، واتە ئەو لە مرۆڤ یاخیدەبێت. دوای مرۆڤ، یاخیدەبێت لە دیاردەکە "بێزارییەك لە دیاردەیەکی دەروونییەوە گۆڕاوە بۆ دیاردەیەکی شیعری‌و لە زمانی شکاتکردن‌و ناڵاندن بە دەستی دونیاوە، گۆڕاوە بۆ زمانی تەعبیرکردنێکی یاخیگەرانە لە دونیا، ئەگەر لای کەسێکی وەك (بلیس باسکال) سەرچاوەی سەرەکیی بێزاریی لە بێخودایی‌و باوەڕنەبوون بە بوونی خوداوەندێکدا بێت، واتە باوەڕنەبوون بەوەی، کە دەشێت بەختەوەرییەکی تر هەبێت جیاواز لەو بەختەوەرییە کورتخایەنەی سەر زەوی، بەختەوەرییەکی ئەبەدی، مرۆڤ تووشی بێزارییەکی بێسنوور دەکات. ئەوا بێزاری لای (ماغوت) هیچ ڕەگێکی ئایینی

---

534 عبدول کریم سروش، عەقڵ‌و ئیمان، و: موسعەب ئەدهەم، (٢٠١٠: ٦٣)

535 سەرچاوەی پێشوو، ٦٢_٦٣

536 أدم لؤي، محمد الماغوط، وطن في وطن (دراسة تجريبية_تحليلية_تركيبية)، (٢٠٠١: ٣٦٥)

537 قصي الحسين، سوسيولوجية الأدب، (٢٠٠٩: ٢٠)

538 کۆمەڵێك نووسەر، محەمەد ماغوت_ پیاوێك لە شیعرو یاخیبوون، و: هەورامان وریا قانع، پێشەکی (مەریوان وریا قانع)، (٢٠١٥: ١٦)

نییە. کێشەی (ماغوت) لەگەڵ خودادا نییە، لەگەڵ ئاسمانو گەردوونێکی گەورەو بێسنووردا نییە، کێشەی (ماغوت) لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەر و ماڵو باوکو نیشتیمانو ئافرەتو ڕژێمو سیاسییەکاندایە. (ماغوت) وەك (باسکال) بەدوای بەختەوەرییەکی ئەبەدیی ناو دونیادا ناگەڕێت. ئەو بەدوای نیشتیمانێکدا دەگەڕێت، جێی هەمووانی تێدا ببێتەوە لە خائینو سەرخۆشو بێئیشەکانەوە بیگرە بۆ شۆڕشگێڕو سۆزانیو پیرو پەککەوتەو منداڵەکان. (ماغوت) کاتێك خودای بیردەکەوێتەوە، کە شۆڕشو یاخیبوونی بیردەکەوێتەوە. بە دوای خودایەکدا دەگەڕێت، قامچییەکی بداتێ تا میللەتانی ئەم ناوچەیە فەلاقەبکات بۆئەوەی شۆڕشبکەن.

**هەموو ئەوەی دەمەوێت**
**بەوپەڕی خێرایی بگەمە ئاسمان**
**بۆئەوەی قامچییەك بدەمە دەستی خودا**
**تا فەلاقەمان بکاتو هانمان بدات شۆڕش بکەینو یاخی ببین"[٥٣٩]**

ڕەنگە لە هەموو بارێکدا بەو جۆرە نەبێت، چونکە ماغوت هەندێکجار کێشەی لەگەڵ ئەو دەرهاویشتنانەدا هەیە، کە بەهۆی ئایینەوە لەناو کۆمەڵگاکەیدا چەسپیوونو بوونەتە دیاردەو دەبێت لێیان یاخیبێتو ڕەتیانبکاتەوە، تەنانەت (ماغوت) بەجۆرێك خۆی بە خودا دەچوێنێتو پلەیەکی باڵاتر لە پایەی پێغەمبەران بۆ خۆی دیاریدەکات، ئەمەش ئەوپەڕی یاخیبوونە لە بیروباوەڕی موسوڵمانان، کە کەس لە پاکێتیدا لە پێغەمبەر ناچێت، خوداش نە شێوەو نە بۆنو نەڕەنگو نەتەمەنی هەیە، تەنانەت پرسیارکردن لەو بارانەوە، دەچێتە خانەی تاوانو هاوبەشی دانان بۆ خوداوە، هەر کەسێك کارێکی لەو جۆرە بکات، دەبێتە گومڕاو بێباوەڕو سزاکەشی کوشتنە، بەڵام (ماغوت) کاتێك باس لە برسێتیی زۆری خۆیو کۆمەڵگاکەی دەکات، دەڵێت بەهۆی برسێتییەوە ئامادەم ببمە خودا.

**ئەگەر پێغەمبەرایەتی پێویستی بە شارەزاییو کارکردن بێت لە کێشە**
**زۆرو گەورەکانی مرۆڤدا**
**ئەوا شارەزایی من لە برسێتیدا، ئامادەمدەکات بۆئەوەی ببمە خودا**
**نەك پێغەمبەر[٥٤٠]**

دەکرێت بیری ئەو شیعرەی پێشوو، لەم هێڵکارییەدا بخەینەڕوو:

ماغوت + برسێتی = خودا
ماغوت + برسێتی > پێغەمبەرایەتی

---

[539] کۆمەڵێك نووسەر، محەمەد ماغوت_ پیاوێك لە شیعرو یاخیبوون، و: هەورامان وریا قانع، پێشەکی (مەریوان وریا قانع)، (٢٠١٥: ١١)

[540] محمد الماغوط، شرق عدن   غرب الله...، (٢٠٠٥: ٨٧)

وێناکردنی (خۆی‌و خوداو پێغەمبەر) بەو جۆرەی پێشوو، یاخیبوونێکی ئاشکرایە لە کۆی بیروباوەڕی موسوڵمانان، بەڵام لەبەرئەوەی شتە باشەکان لای شاعیر بۆ خۆی‌و بۆ مرۆڤەکانی تر نین، ناکرێت پیرۆز بن‌و مرۆڤ خۆشیبوێن، ئەمەش هەمان ئەو جیهانبینییەیە، کە (میخیل دە ئو نامونو) لە کتێبی (الشعور المأساوي بالحياة) دا باسیدەکات (ئەوە تۆیت_ ئوبانی شاد[541] وا بە من دەڵێیت. منیش دەڵێم: بەڵێ ئەوە منم. ئەگەر ئەمە من بم، هەموو شتێك منم‌و هەموو شتێکیش بۆ من دەبێت. ئەگەر بۆ من بن، ئەوا خۆشمدەوێن‌و ئەوی تریشم خۆشدەوێت، لەبەرئەوەی تێیدا دەژیت‌و ئەمەش جۆرێکە لە هۆشیاریی لەبەرئەوەی لە من دەچێت کەواتە بۆ منە).[542]

ڕەنگە ئەو جۆرە تێڕوانینە لە ڕووکەشدا وەك جۆرێك لە خۆپەرستی دەربکەوێت، بەڵام ڕەهەندە قووڵەکەی لەسەر ئەوە بونیادنراوە، ئەگەر کەسێك توانای ئەوەی نەبوو خۆی خۆشبوێت، ئەوا هەرگیز ناتوانێت خەڵکی تری خۆشبوێت. (ماغوت) لەم ڕێگایەوە ئازارەکانی خۆی‌و ئەوی ترو خۆشەویستیی خۆی‌و ئەوی تر وەکیەك تەماشادەکات‌و بە هەمان پێوانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

ماغوت کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ (برسێتی‌و خودا)دا هەیەو لە چەندین شوێنی تردا ئەم دوانە بە یەکەوە ناودەهێنێت، وەك ئەوەی خودا سەرچاوەی برسێتی بێت‌و تاکە هۆکارێك بێت بۆ ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە، ئەمجارە (ماغوت) دێت خودی برسیەتی یەکسان دەکات بە خودا.

**جوانترین قەسیدەکان‌و بیروبۆچوونەکان**
**ئەفسانە میللییەکان‌و**
**پەرچووە سەرسوڕهێنەرەکان‌و**
**تەنانەت بەروانکەی سەرسەنگم‌و**
**مەسحەفی[543] مندالّی کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە !**
**خوارد**
**ئایا**
**برسێتی**
**خودایە ؟[544]**

ماغوت پێیوایە هیچ شتێك ناتوانێت برسێتیی مرۆڤ تێربکات، نە ئایین‌و نە ئەفسانەو تەنانەت کتێبە پیرۆزەکانیش، واتە کاتێك مرۆڤ برسیدەبێت، نە ئایین‌و نە قورئان‌و نە ئەفسانەی بۆ گرنگ نییە. لەو شیعرەدا یاخیبوونێکی گەورە دیارەو جارێکی تر (ماغوت) دژی پیرۆزییەکانی ناو کۆمەڵگاکەی دەوەستێتەوەو لێیان یاخیدەبێت. ڕەخنەگرتن‌و یاخیبوون لەو جۆرە بیرە باوانە، پرۆسەیەکی وزەبەخشی ڕزگارکەری بیری موسوڵمانانە لە دۆخی چەقبەستوویی‌و

---

541 ئوبانی شاد، نووسەرێکی کۆنی هیندییە.

542 میخیل دەئونامونو، الشعور المأساوي بالحياة، ت: علي ابراهيم أشقر، (٢٠١١: ٤٧)

543 مەسحەف: مەبەست لە قورئانە.

544 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٣٨٨)

ڕاڤەکاری کۆنی ئایەتەکانی قورئان سەبارەت بە مرۆڤ و پەیوەندییەکانی بە خوداوە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگو کاریگەرە بۆ سەرلەنوێ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنێکی نوێ، کە هەم پێگەو بەهای مرۆڤ لەبەرچاو بگرێتو هەم بتوانێت جارێکی تر بابەتە گۆڕاو و نەگۆڕەکان لە بیروباوەڕی موسوڵماناندا پێناسە بکاتەوە. ئەوەی (ماغوت) کردوویەتی بەپێی ڕاڤەکاریی کۆن لەناو دەقەکانی قورئاندا تاوانەو لە خانەی موسوڵمانبوون دەردەچێت، بەڵام دەلالەتی تێڕوانینی (ماغوت) بۆ دیاردەکان جۆرێکی ترەو تەنها کاردانەوەیەکی مرۆڤانەیە بەرانبەر ئەو هەموو نادادپەروەرییەی لەناو کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا بوونێکی بەردەوامی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین هێما بۆ ئەوە بکەین، کە ئەمجۆرە یاخیبوونەی ناو شیعرەکانی (ماغوت)، ناوبنێین (یاخیبوونی ماغوتیانە)، کە هەڵگری سیماو خاسیەتی تایبەت بە خۆیەتیو لە هیچ جۆرە یاخیبوونێکی تر ناچێت.

ماغوت بەردەوام دەبێت لەسەر یاخیبوونی خۆی تا ئەو ئاستەی هەر لە بنەڕەتەوە دروستکردنی مرۆڤ وەک ئیهانە سەیردەکات، چونکە ژیانی مرۆڤ پڕیەتی لە ئازارو سزاو کێشەو نەگبەتی، لەم نێوانەشدا، خوداوەند پشتیوانیی ئەوانە دەکات، کە سزادەرنو پشت لە سزالێدراوەکان دەکات. ئەمەش ڕاستەوخۆ پێچەوانەی ئەو بیرە قورئانییەیە، کە مرۆڤ وەک خاوەن ڕێزی یەکەم لەناو بوونەوەرەکانی تردا دادەنێت. لە ئایەتی (٧٠)ی سورەتی (ئیسراء) دا هاتووە **"وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً"**[٥٤٥]. واتە خودا مرۆڤی هەم وەک خاوەن پێگەو ڕێزلێگیراو دروستکردووە، هەم باشترین ڕزقو ڕۆزی پێداوە، بەڵام (ماغوت) بەتەواوەتی پێیوایە مرۆڤ لەم جیهانەدا هەم ئیهانەو هەم برسیش دەکرێت.

ئەم تێڕوانینەی (ماغوت) ناچێتە چوارچێوەی فەلسەفەی بوونگەرایی (الوجودية) وە، کە لەمێژووی شارستانێتیی ئیسلامیدا ئامادەبوونێکی گەورەی هەیەو لای فەیلەسوفانی وەک (کندیو ئیبن سیناو ئیبن عەرەبیو گروپی موعتەزیلە) بوونی هەبووە (فەلسەفەی بوونگەرایی ئەنجامی ئەزموونو زانینو فەلسەفەی هەموو گەلو نەتەوەکانەو لە گروپو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کورتناکرێتەوە).

لەمبارەیەوە، فەیلەسوفی بوونگەرایی (کارل یاسبیرز) دەڵێت: ڕێگای بیرکردنەوەی فەلسەفەی بوونگەرایی، بۆ چەند سەدەیەک پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. بابەتەکانی ناو ئەم فەلسەفەیە، هەموو فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی لە ماوەی (٢٥٠٠) ساڵی ڕابوردوودا بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە).[٥٤٦]

ماغوت لەو ڕەهەندەوە، کە ژیانی بۆ گرنگ نییە تاوەکو خۆی پێوە سەرقاڵبکات، لەگەڵ هێڵی فەلسەفەی بوونگەراییدا تەبایە، بەڵام کرۆکی بیرکردنەوەی (ماغوت) لەسەر خۆنەبەستنەوە بە هیچ ئایدۆلۆژیاو ئاینو فەلسەفەیەک بونیادنراوە "ماغوت کە لە سەرەتای شەستەکانەوە دەستدەکات بە نووسین، دەکەوێتە ناو دونیایەکی پڕ موژدەو پڕ خەونی سیاسیو کۆمەڵایەتی گەورەوە، ئەو دەکەوێتە ناو ڕۆژگاری زێڕینی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو سۆسیالیزمو مارکسیزمو جیڤاریزمو زۆرێکی تر لەم دیدە شۆڕشگێڕو گەشبینانە بۆ دونیا. ئەو وەک دەنگێکی غەمبارو غەریب. بە

---

545 قورئانی پیرۆز، سورەتی الأسراء، ئایەتی (٧٠)

546 محمد جدع، الوجودية و الأدب (بين خيبة الأمال و أرادة الأجيال)، (٢٠١٢: ١٩)

پاڵ هەموو ئەو شتانەدا دەڕواتو ناچێتە ناو هیچ یەکێکیانەوە. وەك بێماڵو بەدەوییەك دەمێنێتەوەو ئامادە نییە لە هیچ یەکێکیاندا خێمەیەك داکوتێت."[547]

ماغوت لە پارچەی (٤٢) (لە دەفتەری تەمەوە) دا باس لەپێگەی پڕ ئیهانەی مرۆڤ و گوێپێنەدانی خوداوەند بە مرۆڤ دەکات:

**بەردەوام بۆشاییەك لەنێوان ئاستی ئیهانەکراوەکانو**
**لەنێوان وشەکانو**
**لێوەکانو**
**ژێیەکانو**
**نینۆکەکانو**
**درەختەکانو**
**باڵندەکانو**
**گوڵەکانو**
**هێلانەکانو**
**خوانەکانو**
**شۆستەکانو**
**گالیسکەکانیدا هەیە**
**خودا هەمیشە لە پشتی ئازاربەخشەکانە**
**لەبەرئەوەی بوونی مرۆڤ لە بنەڕەتەوە**
**ئیهانەیەو لێدانە**
**لەڕووی سروشتی پاکیزەیی**
**پێموایە مەسیح لە یەکەم بزمارەوە لەسەر خاچەکەی**
**هەستی بە پەشیمانی کردبێت**[548]

ماغوت هەر بەوەوە ناوەستێت، کە مرۆڤ لەجیاتی ڕێز، ئیهانەدەکرێتو خوداش پشتی ناگرێت، بەڵکو باس لە بابەتێکی زۆر هەستیار دەکات، کە چۆن (مەسیح) وەك یەکێك لە مەزنترین پێغەمبەران دوای لەخاچدانی لەسەر پەیامی خودایی، هەست بە پەشیمانی دەکات. وەك ئەوەی ئەو شتەی ئەو لەپێناویدا بووەتە قوربانی، شایانی نەبووبێت.

ماغوت بەردەوامە لە یاخیبوونی خۆی لە نەریتە ئایینییەکانی ناو کۆمەڵگاکەی، لە پارچەی (٤٣) ی (لە دەفتەری تەمەوە)دا باس لەوە دەکات، ئەو بە بێباوەڕو بە بێ دەست نوێژیش داوای یارمەتی لەخودا دەکات. لەکاتێکدا ئەمە

---

547 کۆمەڵێك نووسەر، محەمەد ماغوت (پیاوێك لە شیعرو یاخیبوون)، و: هەورامان وریا قانع، پێشەکی (مەریوان وریا قانع)، (٢٠١٥: ٢١)

548 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ١١٨_١١٩)

پێچەوانەی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ بنەماکانی خوداناسیو خوداپەرستیداو بە لادان لە بنەما جێگیرەکانی خوداناسیو خوداپەرستی دادەنرێت.

**ئارەزووی شاردنەوەی دەموچاو و فرمێسکەکانم بە دەستەکانم**
**داوای هاوکاریی لە خودا دەکەن، بەبێ دەستنوێژو بە بێ ئیمانیش**[549]

ماغوت لە قۆناغێکی سیاسیی گەلێک هەستیاردا لە مێژووی سیاسیی عەرەبیدا ژیاوە. قۆناغێك، کە جولەکە خاکی فەلەستین داگیردەکاتو عەرەبەکانیش چەند جارێك لەو شەڕەدا دەدۆڕێنو بەشێك لە خاکی وڵاتانی وەك میسرو لوبنانو سوریا لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیردەکرێن، بەڵام ئەو وەك شاعیرێك هەرگیز لە جولەکە نادات وەك خاوەن ئایینێکی جیاواز، ڕاستە بەرگری لە فەلەستینییەکان دەکات وەك گەلێکی ستەملێکراو، بەڵام (ماغوت) وەك شاعیرەکانی تری عەرەب لە قۆناغی بەرەنگاریدا ئیهانە بە جولەکە وەك خاوەن ئایینی جیاواز ناکات، تەنانەت لە چەند شوێنێکی دیوانەکەیدا بەشێوەیەکی ئاسایی ناویاندەهێنێتو تەنانەت لە هەندێك باردا وێنەیەکی جوانیان دەداتێ.

**ئەی مەسیح ئەمە خاچی من نییە**
**ئەی مەهدی چاوەڕوانکراو، چاوەڕوانت ناکەم**
**موسا ئەمە سینای من نییە**
**هێرتزل**[550] **ئەمە زەویی زیندووبوونەوەی من نییە**[551]

ئەمجۆرە باسکردنەی جولەکە بۆ کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای عەرەبی، لەو قۆناغەدا وەستانەوەیە دژی ڕای گشتیی عەرەبیو جۆرێکە لە یاخیبوون. تەنانەت کاتێك باس لە ڕژدیی خۆشەویستەکەی دەکات، بە بازرگانێکی جولەکەی دەچوێنێت، چونکە جولەکە لە کەلتووری ئیسلامیدا وەك هێمای ڕژدیی هاتووە، بەڵام (ماغوت) لێرەدا بۆ شکاندن بەکاریناهێنێت.

**ئەم بەخشندەییە حاتەمییە چییە؟**
**ئەوەی بازرگانێکی جولەکە بۆ حەماڵەکەی بەجێدەهێڵێت**
**زۆر زیاترە لەوەی تۆ بۆ منی بەجێدەهێڵیت**[552]

لە پارچەی (٢٦)ی (لە دەفتەری تەمەوە)دا، (ماغوت) جارێکی تر باس لە لێزانینو دڵسۆزیی جولەکە دەکات بۆ کارەکانیو دەڵێت:

---

549 محمد الماغوط، شرق عدن   غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٢٠)

550 هێرتزل: خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکەیە.

551 محمد الماغوط، شرق عدن   غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٧١_١٧٢)

552 سەرچاوەی پێشوو، ٩٨

**وەك جولەكەیەك كاتێك ئێوارە لە بازرگانی دەگەڕێتەوەو بزمارێك بە هەدەرنادات**
**لە چوارچێوەی چاویلكەیەكدا یاخود پاسكیلێكدا، یان گرێدانی قژدا یاخود**
**لە شووشەیەكی لاستیكیدا تاوەكو سوپرایزێكی وەرزانە بۆ كڕیارەكان دروستبكات.[٥٥٣]**

ماغوت لە چاوپێكەوتنێكدا باس لەوە دەكات، سەرەڕای ئەوەی باوەڕدارە، بەڵام نوێژناكاتو جاڕی ئەوە دەدات، كە سەر بە هیچ ئاینزایەك نییە "من زۆر بڕوادارم، بەڵام نوێژ ناكەم، حەز بە سرووتو ڕێوڕەسم ناكەم، ئەوەندە بەسە، كە دەنووسم، هەست بەوە ناكەم سەر بە ئاینزایەك بم، من سەر بە سەرزەمینی خودام."[٥٥٤]

تەنانەت زۆر بەئاشكرا باس لەوە دەكات، كە ئەو تەنها لە چوارچێوەی ئایینێكی دیاریكراودا خۆی نابینێتەوە، ئەوەی بۆ (ماغوت) گرنگە، ژیانو نانو ئازادیی مرۆڤەكانە، نەك بیروڕا سیاسیو ئایینییەكان، ئەو ئامادەیە لەپێناوی خۆشبەختیی مرۆڤەكاندا هەموو شتێك بكات. لە شیعری (بارانی دووڕوو)دا بە وردیی ئەو پەیامی یاخیبوونەی خۆی لە تەواوی شتەكانی ناو كۆمەڵگاكەی دەخاتەڕوو.

**ئیمانم بە هەموو ئایینەكانی ڕۆژهەڵات هێنا**
**هەموو شەڕەكانم هەڵگیرساند**
**سەركەوتنەكانم هۆنییەوە**
.........
........
**شۆڕش پێویستی بە منە سووتەمەنی بم**
**بە پادشایەك یەكەم چەپڵە لێدەری بم**
**بە ئۆپۆزسیۆنێك یەكەم فیكە لێدەری بم**
.........................
.........................
**لەبەرئەوە هەموو باڵیۆزو شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس‌و گۆرانیبێژو**
**هونەرمەندو پیاوانی ئایینی كۆدەكەمەوە**
**من سەروەتێكی نەتەوەییمو پێویستە خۆماڵی بكرێم یان ڕاسپاردەی**
**ناو بانكێكی پتەوی بێگانەم**
**لەگەڵ ئەوەشدا جگەلە (با) خاوەنی هیچی تر نیم[٥٥٥]**

553 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٩٦)
554 محمد ماغوت، ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان احمد، (٢٠١٦: ٩٢)
555 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٤٣٣_٤٣٤_٤٣٥)

**یاخیبوون لە نیشتیمان**

ئەزموونی شیعریی (ماغوت)، ئەزموونێکە پڕیەتی لە دیمەنەکانی یاخیبوون لە نیشتیمانو پیاوەکانی دەسەڵات، بەجۆرێك لە هیچ بەرهەمێکی (ماغوت)دا نییە، کە شاعیر ئەو وێنەو دیمەنانەی یاخیبوونی خۆی لەنیشتیمان نەخستبێتەڕوو. کێشەکانی (ماغوت) لەگەڵ نیشتیماندا تا ئەو جێگەیە دەڕوات، کە هەندێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبی پێیانوایە، سەرچاوەی یەکەمی نووسین لای (ماغوت)، بریتییە لە ئیرهابو ترسو نەبوونی ئازادییەکان لە نیشتیماندا. (زۆرترینی ئەوەی ماغوت دەینووسێت، بریتی نییە لە برسێتیو ژیانی ناخۆشی لادێو شارەکانو خەمەکانی منداڵی، بەڵکو بە پلەی یەکەم بریتییە لەو تیرۆرو ترسە بەردەوامو نەبوونی ئازادیو کەشە پۆلیسییەی، کە لەسەر سنگی نیشتیمان خۆی داکوتاوە).[556]

هەرچەندە لە ئەزمونی شیعریی (ماغوت)دا وا دەردەکەوێت، کە ئەو هیچ خۆشەویستییەکی بۆ نیشتیمان نەبووبێت، یاخود نەمابێت، بەڵام سەرچاوەی یاخیبوونی شاعیر، خودی نیشتیمان نییە، بەڵکو ئەو دەسەڵاتە ناشیرینەیە، کە تەواوی نیشتیمانی داگیرکردووە، ئەگینا هەستی خۆشەویستیی نیشتیمان لای ماغوت (سروشتێکی سۆفیانەی نموونەیی ڕۆمانسیانەی وەرگرتووە).[557]

ماغوت خۆشەویستییەکی لەڕادەبەدەری بۆ ئەو شوێنانە هەیە، کە تێیدا لەدایکبووە، یاخود تێیدا ژیاوە "سەروەختێك لە کۆتایی شەستەکاندا، چامەی سەلمییەم نووسیو لە دیوانی (خۆشەویستی پیشەی من نییە)دا بڵاوبووەوە. وام زانی لەگەڵ زێدی لەدایکبوونمدا یەکلایی کردۆتەوەو قەرزەکەم داوەتەوە، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت، ئەو شارە چووەتە خوێنمەوەو هەر ئەویش فێری خەمو ڕەشبینی کردم. پێم وایە دەبوو مارکس لە سەلمیەدا لەدایك بووایە نەك لە ئەڵمانیا. تا تیۆرییەکەی دەربارەی ململانێی چینایەتی بهێنایەتە بوون سەرەڕای منداڵێتی پڕ لە نەهامەتییە لە سەلمیە بەڵام هەستی یاخیبوونی لە ناخمدا چاند."[558]

ئەو بەشێوەیەکی زۆر تایبەتو بە ئەوپەڕی عەشقەوە باس لە هەردوو شاری دیمەشقو بەیروت دەکات "دیمەشق شارێکە تۆ خۆشت دەوێتو ئەو تۆی خۆش ناوێت، شارێکە چل دانە ساڵە سنگی خۆم پێ بەخشی، بەڵام زاتی ئەوە ناکەم بۆ یەك چرکە پشتی تێبکەم. من ئەو شارانەم خۆش ناوێت، کە تیایاندا نیشتەجێم، بەڵکو عاشقی ئەو شارانەم، کە لە ناخمدان. دیمەشق لە ناخمدا نیشتەجێیە، بۆیە ناتوانم دەستبەرداری بمو دووربکەومەوە لێی."[559]

(بەیروت زیاتر لە دایکم باوەشی بۆ کردمەوەو لە ئامێزی گرتم. سەروەختێك دەربەدەرو بێپارە بووم، دەستی گرتمو لای لێ کردمەوە. تاسەی بەیروتی پەنجاکان دەکەمو پەرۆشی قاوەخانەکانیو شەقامی (حەمرا)م. بەیروت شیعرێکە لە ناخمدا دەژی، بەیروت وەکو دایکێکی شەکەتو ماندوو وایە، کە لەکاتی جلشۆریندا گەر ڕانەکانی دەربکەون پێی دەڵێن سۆزانییە).[560]

---

[556] بوعلي ياسين و نبيل سليمان، الأدب و الأديولوجيا ڤ سوريا، (ب.ت)، ٣٠٠

[557] سەرچاوەی پێشوو، ٣٠٧

[558] محمد ماغوت، ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان احمد، (٢٠١٦: ٨_٩)

[559] سەرچاوەی پێشوو، ٦٤

[560] سەرچاوەی پێشوو، ٦٥

درێویی دەسەڵاتی سیاسیی، وا لە شاعیر دەکات یەکێك لە بەرهەمە ناوازەکانی ناوبنێت (خیانەت لە نیشتیمانەکەم دەکەم)، ئەم ناونیشانە لوتکەی دەربڕینی یاخیبوونی شاعیرە لە نیشتیمانێکی ساختەو پڕ لە تاوانکاری "ئەم شاعیرە ڕاستەقینەیەی ژیان، خیانەت لە نیشتیمانێك دەکات، کە ساختەیە، کە نیشتیمانی ڕاستەقینەی ئەو نییە، نیشتیمانێکە، ڕۆژانە بەجۆرەها شێوە جۆرەکانی توندوتیژی ڕەمزیو فیزیکی تێدا ئەنجام دەدرێت، ڕۆژانە بە چەندین جۆر شکۆی مرۆڤی تێدا دەشکێندرێت، نیشتیمانێکە، کە کەمترین بەهای بۆ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ تێدا نییە، لەڕاستیدا وەها نیشتیمانێك، کە لە زیندانێکی گەورەو ڕانەگەیەنراو، هیچی تر نییە، وەها نیشتیمانێك نابێت بە نیشتیمانی شاعیری ڕاستەقینە، بەڵکو نیشتیمانی شاعیری ڕواڵەتییە."[561]

ماغوت یەکێکە لەو شاعیرانەی، بەتەواوەتی لە قۆناغی باوبوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدایە، بەڵام لەگەڵ بیری عەرەب پەرستیدا یەکناگرێتەوە (ماغوت بە عەرەب پەرستی نامۆیەو بە فەلەستینیش نامۆیە، ئەویش لەبەر یەك هۆکاری ئاسان، چونکە عەرەب بە تەواوەتی دواکەوتوون. ماغوت یەك پیتی بۆ شۆڕشە نوێکانی عەرەب وەك شۆڕشی جەزائیرو عەدەنو خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێسو یەکگرتنی نێوان سوریاو میسر....هتد نەنووسیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە چاوی لەسەر ئەوە بووە گەلانی سوریاو لوبنانو ئوردەنو فەلەستین هۆشیارببنەوەو هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێن).[562]

(ماغوت نیشتیمانێکی پاکی دەوێت، نیشتیمانێك خوێنی تێدا نەڕژێتو شوێنی هەموو داواکارییەکانی مرۆڤی تێدا ببێتەوە، ئەو هەمیشە نیشتیمانێکی تری دەوێت. بەبێ ئەوەی یەك دڵۆپ خوێن لە پێناویدا بڕژێت. نیشتیمانێکی بەهێزو پاکی دەوێت، کە لەناخیدا هەست بە شکۆو سەرکەوتن بکات).[563]

"ماغوت لە شەڕکردن لەگەڵ ئەم دونیایەدا بۆ دروستکردنیماڵێكو گەشەدان بە مرۆڤ بوونێك کە ڕێزی ئارەزووە سادەکانی بگیرێت، دەکەوێتە تێکشکانی موقەدەسەکانی ئەم دونیایە، لەم شەڕەشدا هەموو چەکەکانی دەخاتەکار. لە پێش هەموانیشەوە داکەندنی جل لەبەر نیشتیمانەکەیو ڕووتکردنەوەی لەبەردەم هەموو دونیادا. نیشتیمانێك ئەو وەك غەریبو پەراوێزێکی قابیلی سڕینەوە مامەڵەدەکات. لەم شەڕی گەڕاندنەوەی نرخەدا بۆ خۆیو بۆ مرۆڤە پەراوێزخراوەکان، ماغوت ئامادەیە هەموو موقەدەسەکان بشکێنێت. لە پێش هەموانیشەوە ئاڵای نیشتیمان:

**ئاڵای نیشتمان لە عەموودەکە دادەگرم**

**دوو قۆڵی بۆ دروست ئەکەمو**

**وەکو کراس لەبەری دەکەم"**[564]

ماغوت لەسەر کۆکردنەوەی شتە پارچەپارچەبووەکانی ناو کۆمەڵگای عەرەبی کاردەکات. ئەو لە تێکڕای نووسینەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەبێت چاککردنو گۆڕانکاری لە شتە بچووکەکانەوە دەست پێبکرێتو دواتر

---

[561] محمد ماغوت، خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم، و: کارزان علیو حسین لەتیف، (٢٠١٥: VII)

[562] وفيق خنسه، دراسات في الشعر السوري الحديث، (١٩٨٢: ٧٠)

[563] سەرچاوەی پێشوو، ٧٣

[564] کۆمەڵێك نووسەر، محەمەد ماغوت (پیاوێك لە شیعرو یاخیبوون)، و: هەورامان وریا قانع، پێشەکی (مەریوان وریا قانع)، (٢٠١٥: ٢٣)

لەڕێگای ئەوانەوە تێکڕای تابلۆی نیشتیمان بگۆڕین. ئەم کارەی (ماغوت)، کاری ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینەیە، کە کاردەکات لەسەر ڕۆحی کۆمەڵگاو پێکەوە کۆکردنەوەی هەموو ڕۆحو دۆخە دابڕاوەکانی ناو کۆمەڵگا. (بورهان غەلیون باس لەوە دەکات ڕۆشنبیر لە پاڵ ئەرکی زانینەکەیدا، ئەرکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگاشی هەیە لەڕێی کۆکردنەوەو یەکخستنی هەموو ڕەگەزەکانی کۆمەڵگاکە وەك کیانی کۆمەڵ بوون تێیداو گۆڕینی بۆ کیانێکی زیندووی بەهێز، کە توانای جوڵانو چاکسازیو باش بوونو ڕێکخستنی تێدا بێت).[565]

یاخیبوونی ماغوت لەگەڵ نیشتیمانەکەیدا، لەپێناوی دروستکردنی ئەو گۆڕانکارییە قووڵەیە تاوەکو نیشتیمانی ئەویش وەك نیشتیمانەکانی تر خاوەن پێگەو کاریگەریی خۆی بێتو چاکسازی تێدا بکرێت، ئەوکات ببێتە خاوەنی کیانێکی زیندووی جوڵاو. ئەگەر نیشتیمان بەو جۆرە نەبێت، بێگومان شایانی ئەوە نییە لەپێناویدا بمریت، بەڵکو پێویستە بیگۆڕینەوە. واتە نابێت چەمکی پیرۆزیی نیشتیمان تەنها وەك فێڵێك بەکاربهێنرێت بۆئەوەی مرۆڤەکانی تر لەپێناویدا قوربانی بدەن "ماغوت نایەوێت ئەم موقەدەسانە مرۆڤ کورتبکەنەوە بۆ سێبەر یان بۆ کۆپییەکی خراپ لەناو ماشێنی گەورەی کۆپیکردنی موقەدەسەکاندا. لە یەکێك لە دێڕە هەرە بەناوبانگەکانیدا هێرش بۆ سەر نیشتیمان چڕدەکاتەوەو دەڵێت:

**ئاهـ.... خۆزگە دەکرا نیشتمانەکان بگۆڕینەوە**

**وەك گۆڕینەوەی ژنە سەماکەرەکان لە مەلهاکاندا"** [566]

ئەمجۆرە تێڕوانینە یاخیگەرانەی، کە لە شیعری (ماغوت)دا دەردەکەوێت، تێڕوانینێکی نوێیە لە ئەدەبی نوێی عەرەبیدا، چونکە ئەدەبی عەرەبی تا سەردەمی (ماغوت)، کەمتر توانیویەتی بە ئەوپەڕی ئاشکرا دۆخی باوی کۆمەڵگاکەی ڕەتبکاتەوە. ئەمە بەو واتایە نایەت، کە (ماغوت) یەکەمین شاعیری یاخیبووی عەرەبە، چونکە دیاردەی یاخیبوون لە ئەدەبی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلامو لەسەردەمی عەباسییەکاندا دەبێتە دیاردە، (شیعری سەردەمی عەباسییەکان چەندین جۆری یاخیبوونی تێدایە، وەك یاخیبوونی کۆمەڵایەتیو سیاسیو هونەری)[567]، بەڵام ئەو یاخیبوونەی (ماغوت)، یاخیبوونێکی جودایە لە ئەزموونی شیعریی پێش خۆی، چونکە (ڕەتکردنەوە لە شیعری عەرەبیدا تا ئێستا (قۆناغی ماغوت) تەنها بریتی بووە لە قبوڵنەکردنو خۆبەدوورگرتن بووە لە شتەکانی ناو دونیای کۆن).[568] (ماغوت) دۆخی ڕەتکردنەوەو قبوڵنەکردن تێدەپەڕێنێت، تا ئەو ڕادەیەی لە هەموو شتێکی ناو کۆمەڵگاکەی یاخیدەبێتو دەیەوێت بیگۆڕێت. بەتەواوی پێناسی خۆی لە کەلتوورو نیشتیمانو ئایینی کۆمەڵگاکەی جیادەکاتەوە.

**نا**

**ئەم زەوییە، زەوی من نییە**

**ئەم دەریایانە، دەریای من نین**

---

[565] احمد مفلح مفلح، في سوسيولوجيا المثقفين العرب، (٢٠١٣: ٩٠)

[566] کۆمەڵێك نووسەر، محەمەد ماغوت _پیاوێك لە شیعرو یاخیبوون، و: هەورامان وریا قانع، پێشەکی (مەریوان وریا قانع)، (٢٠١٥: ٢٤)

[567] فيصل حسين طحير العلي، التمرد في شعر العصر العباسي الأول، (٢٠٠٤: ١)

[568] خالدة سعيد، بوادر الرفض في الشعر العربي الحديث، مجلة شعر، عدد (١٩)، (١٩٦١: ٩٢)

**ئەم ڕاگەیاندنە، ڕاگەیاندنی من نییە**

**ئەم سرودانە، سرودی من نین**

**ئەم سنوورە، سنووری من نییە**

**ئەم سوپایانە، سوپای من نین**

**ئەم دوژمنانە، دوژمنی من نین**

**ئەم دۆستانە، دۆستی من نین**

**ئەم سەرکەوتنانە، سەرکەوتنی من نین**

**ئەم شکستانە، شکستی من نین**

**ئەمە چییە؟**

**ڕۆژ هەڵدێتو**

**بەهار بەڕێوەیەو**

**پەپوولەکان دەفڕن**

**شەماڵ هەڵدەکات**[٥٦٩]

ئەوەی (ماغوت) دەیەوێت بیگەیەنێت، هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگاکەیەتی بۆئەوەی تەواوی ئەو شتانەی ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە شانازی پێوە دەکەن بەتایبەت لەڕووی سیاسییەوە، لێیان یاخیببن. شیعری عەرەبی لە قۆناغی (ماغوت) بەدواوە، چووە خانەی یاخیبوونی تەواوەتی لە بارودۆخی سیاسی، لەکاتێکدا یاخیبوونی سیاسی (لە شیعری نوێی عەرەبیدا قەتیسبووبوو تەنها لە یاخیبوون بەسەر شکستو بێدەنگیو چەوساندنەوەو تەنانەت یاخیبوون بەرانبەر بە پادشاکانیش).[٥٧٠]

ماغوت توانی بنەماکانی یاخیبوون لەنیشتیمانو پیاوەکانی دەسەڵاتو دیاردە قێزەونەکانی ناو نیشتیمان دابڕێژێتو یاخیبوون بکاتە دیاردەیەکی باو لەناو ئەزموونی شیعری نوێی عەرەبیدا، چونکە نیشتیمانەکەی ئەو بەتەواوەتی لە گشت بەها باڵاکانو جوانییەکان خاڵیبووەتەوە (کاتێك هاوڵاتییەکی عەرەبی لە هەموو سۆزو هەڵچوونێکی کاتیی لە بەرانبەر هەندێك لە کەموکورتییەکان دادەماڵرێت. پێیخۆشبێت، یاخود پێیناخۆش بێت، خۆی لە ململانێی ئاشکرای نێوان ڕاستو چەپدا دەبینێتەوە، لەمکاتەدا پێویستە خۆی یەکلابکاتەوەو یەکێکیان هەڵبژێرێت).[٥٧١]

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، (ماغوت) بە تەواوەتی لە نیشتیمان یاخیدەبێتو ئەمجۆرە یاخیبوونەشی لە بەشی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. لەدیوانی (شرق عدن غرب الله...) شدا، دیاردەی یاخیبوون لە نیشتیمان، بوونێکی بەرچاوی هەیە، کە دەتوانین چەند ئاستێکی یاخیبوون لە نیشتیمان لەم دیوانەدا دیارییکەین:

---

569 ماغوط، سأخون وطني، (١٩٨٧: ٥٠١)

570 محمد احمد العزب، ظواهر التمرد في الشعر العربي المعاصر، (ب.ت)، ٣٩٣

571 لؤي ادم، محمد الماغوط وطن في وطن، (٢٠٠١: ٣٣)

### ١. یاخیبوون لە نیشتیمان تا ئاستی خیانەتکردن

ماغوت سەرەڕای ئەوەی یەکێك لە بەرهەمەکانی ناودەنێت (خیانەت لە نیشتیمانەکەم دەکەم_سأخون وطني)، لە دیوانی (شرق عدن غرب الله...)شدا، لە چەند شوێنێکدا باس لە خیانەتکردن لە نیشتیمان دەکات، تەنانەت ناونیشانی یەکێك لە شیعرەکانی ئەم دیوانە بەناوی (پرۆژەی خیانەت)ەوەیە. ئەم شیعرەی (ماغوت) پڕیەتی لە گیانی یاخیبوون لە نیشتیمان، بەجۆرێك شاعیر نیشتیمان وەك سەرچاوەی یەکەمی بێبەشکردنی (ماغوت) لە جوانیو خۆشییەکان دادەنێت. تەنانەت ئەمجۆرە نیشتیمانە لای (ماغوت)، بەهاکەی زۆر کەمترە لە ژنە سۆزانییەك، کە تووشی نەخۆشیی ئایدز بووبێت. شاعیر بە هیچ جۆرێك نایەوێت ئەم نیشتیمانە نغرۆبووە لە ناشیرینیو گەندەڵییەکان ڕزگاربکات، تەنانەت ئەگەر بشتوانێت. بە هیچ جۆرێك بەزەیی بەم نیشتیمانەدا نایەتەوە، چونکە پێیوایە ئامۆژگاریکردنی شاعیر بۆ نیشتیمان سوودی نەبووەو ئێستاش کاتی بەسەرچووە تاوەکو شاعیر هەوڵبدات بۆئەوەی نیشتیمان لە زەلکاوی ناشیرینییەکان دەربازبکات. ئەمجۆرە جیهانبینییە تاڕادەیەکی زۆر بەسەر جیهانبینیی شیعریی (شێرکۆ بێکەس) لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا دیارە، چونکە ئەویش پێیوایە نیشتیمان دوای ئەو هەموو گەندەڵیو ناشیرینیو خوێنە، بەهای ئەوەی نەماوە بەرگری لێبکەیت. شیعری (پرۆژەی خیانەت)ی (ماغوت)، یەکێکە لەو شیعرە گرنگانەی شاعیر، کە دەتوانین لەڕێگەیەوە لە کۆی بیرکردنەوەی یاخیگەرییانەی شاعیر لە نیشتیمان تێبگەین، لەبەرئەوەی شاعیر لەم شیعرەدا هەموو جۆرە پەیوەندییو خۆشەویستییەکی خۆی بۆ نیشتیمانەکەی دەپچڕێنێت، ئەمەش ئەنجامی تووڕەبوونی هەمیشەیی شاعیرە لەدەسەڵاتدارانی نیشتیمان، لەبەرئەوە نیشتیمان وەك بوونێکی زۆر بێبەها وێنادەکات.

**پرۆژەی خیانەت**

**ئەی نیشتیمانی نغرۆبوو لە تووڕەهاتەکان**

**ئەگەر هەموو هۆکارێکی ڕزگاربوونت لەبەر دەستیشمدا بێت، ڕزگارتناکەم**

**خراپەی زۆرت بەرانبەر کردووم**

**لە تەوقی سەرمەوە تا نووکی پێم**

**بێبەشت کردووم لە بینینی ئەستێرەکان**

**لە وردبوونەوە لە ئاسۆکان**

**لە چاوەڕوانیی گزنگ**

**لە بۆنی نان**

**لە نامەکانی خۆشەویستی**

**لە دیاریی جەژنەکان**

**تەنانەت لە خەوی سەر شۆستەکانیش بێبەشتکردووم**

**پاڵت پێوە دەنام، چ جۆرە پاڵ پێوەنانێك**

**بە شاخو پێدەشتو سەروەتەکانتەوە**

**بەرەو شێتبوون**

**بۆ شوێنی نەخۆشییە ژێرییەکان**

**سەربازگەكانی قڕكردن**
**دەتەوێت لێت ڕازی ببم‌و**
**خۆشەویستیت بۆ دەرببڕم**
**ئێستا دەتەوێت ئەو هەموو پیسییەی لە ژێرتایە پاكی بكەمەوە**
**زۆر جار ئاگادارم كردیتەوە**
**زەمەن كاتژمێرێك نییە لە مەچەكی تۆدا**
**یاخود كڵاوێك بێت لە سەرتا**
**یان قامچییەك بێت بە دەستتەوە**
**یاخود دەرگەوانێك بێت لەبەردەم نووسینگەكەتا**
**ببورە**
**كاتم نییە بەفیڕۆی بدەم‌و ژوانێكی گرنگم هەیە**
**لەگەڵ لەشفرۆشێكدا**
**كە تووشی نەخۆشییەكانی ئایدزو زەهایمەر بووە**
**تۆش بە دەردی خۆتەوە بمرە**[٥٧٢]

دیارترین ئەو خاڵانەی (ماغوت) لەو شیعرەدا باسیاندەكات، بریتین لە:

ا. نیشتیمان پڕ بووە لە دیاردەی خراپ‌و بووەتە وێرانەیەك.

ب. شاعیر نایەوێت لە ژێر كاریگەریی هیچ بیانوویەكدا هاوكاریی نیشتیمان بكات.

پ. بەهای نیشتیمان لای شاعیر زۆر كەمترە لە بەهای ژنێكی سۆزانیی نەخۆش.

ت. نیشتیمان گوێی نەگرتووە بۆ ئامۆژگارییەكانی شاعیر.

ماغوت لە پارچەی (٥٣)ی (لە دەفتەری تەمەوە)دا، باس لەوە دەكات، كە عەرەب وەك نەتەوە لەسەر خیانەتكردن ڕێككەوتووە، لەكاتێكدا نەتەوەكانی تر هەمیشە بە دوای ئەوەوەن، كە چۆن بتوانن خزمەتی نیشتیمان‌و گەلەكەیان بكەن. (ماغوت) بەجۆرێك دەربارەی خیانەت‌و نیشتیمان‌و عەرەب دەدوێت، وەك ئەوەی دوو ڕووی یەك دراو بن.

**سەیرە**
**ساڵانێكە عەرەب ڕێككەوتووە**
**لەسەر خیانەتكردن لە هەموو شتێك**
**خەڵكانی تریش بەردەوام جیاوازن لەسەر شتە وردەكان**
**لە پێناوی خزمەتكردنی نیشتیمانەكەیان‌و زێدی منداڵەكانیان**[٥٧٣]

---

[572] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٥٥_١٥٦_١٥٧)

[573] سەرچاوەی پێشوو، ١٣٤

هەروەها لە شیعری (فایلەکانی بەهار)ەوە، شاعیر باس لە خۆڕاگریی خۆی دەکات بەرانبەر خیانەتکارانی گەلو نیشتیمانەکەی.

**لەسەرت پێویستە بەرگەبگری**
**وەك چۆن من بەرگەی خیانەتکارانو جەلادەکانی گەلەکەتم گرت**[٥٧٤]

ماغوت لە ئەنجامی خیانەتی بەردەوامی دەسەلاّتدارانی عەرەب لە نیشتیمان، دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە خۆشی خیانەت لە نیشتیمانی خیانەتکاران بکات، کە دەتوانین بڵێین ئەوەی (ماغوت) دەیکات، عەشقێکی تایبەتییە بۆ نیشتیمان، خیانەتکردنی ئەو لەو مۆدێلەیە، کە دەسەلاّتدارانی عەرەب بۆ بەڕێوەبردنی نیشتیمان پەیڕەویانکردووە. ئەو چەمکی خیانەت وەك هۆکارێکی کاریگەر بۆ یاخیبوون بەرانبەر بە نیشتیمانی خائینەکان بەکاردەهێنێت. خیانەتی (ماغوت)، تەنها خیانەتە لە فۆڕمی وشەکەدا وەکچۆن نیشتیمانپەروەریی ئەوانی تر، تەنها بریتییە لە فۆڕمو ناو، لە هەردوو بارەکەدا پێچەوانەکەیان ڕاستە. کردەکەی (ماغوت)، کردەی شاعیرێکی ڕاستەقینەیە، کە بەدوای نیشتیمانێکی جواندا دەگەڕێت، کردەی ئەوانیش، کردەی مرۆڤ گەلێکی ناشیرینە، کە لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا خیانەت لە هەموو نیشتیمان دەکەن.

## ٢. نیشتیمان بە بێ جوانی

ئەو نیشتیمانەی (ماغوت) لێی یاخیدەبێت بەهۆی ڕەفتاری حوکمڕانەکانییەوە، تەواو ناشیرین بووەو شایانی خۆشەویستیو قوربانیدان نییە. (ماغوت) نیشتیمانەکەی بەوە تۆمەتباردەکات، کە تووشی نەخۆشیی سیل بووە، هەروەها دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، ئەو کاتەی نیشتیمان وەك ئێستا ناشیرین نەبوو بوو، ئەو هەوڵی زۆری داوە لە پێناو چارەسەرکردنو هاوکاریکردنو گەشەپێدانیدا. هەروەها باس لەوەش دەکات، کە هەموو شتەکانی ناو نیشتیمانە نەخۆشەکەی ئێستای خزمەتکردووەو هەوڵیداوە بەرەو باشترکردنیان ببات، بەلاّم نیشتیمان هیچ ئەرزشێکی بۆ خزمەتەکانی دانەناوە، هەربۆیەش شاعیر ددان بەوەدا دەنێت، هەموو ئەو خزمەتانەی بۆ نیشتیمانە ناشیرینەکەی کردووە، لە پێناوی نیشتیماندا نەبووە، بەڵکو لەپێناوی ڕێبوارەکانو ئەوانەدا بووە، کە سەردانیانکردووە.

ماغوت لە شیعری (هەندێك جار بە بارانو هەندێك جار بە خۆشەویستی)دا، تێڕوانینی خۆی لەبارەی ڕەفتارە بەدەکانی نیشتیمانەوە دەخاتەڕوو. ئەوەمان پێدەڵێت، ئەو چ کارێکی باشی بۆ نیشتیمان کردووە، کەچی ئەو هەر لە پیسیو ناشیرینی پاکنەبووەتەوە.

**ئەی نیشتیمانی بەد**
**دەزانیت تۆ چۆن بوویتو لەسەر دەستەکانم چۆن بوویت**
**تۆ سیلت بوو**
**بە موزیكو جریوەی باڵندە**

---

[574] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٣٢٤)

**چارەسەرم کردیت بەسەر کۆکەکەتا بۆ هەمیشە زاڵبوویت**

**تۆ پیس بوویت**

**حەوت جارم بە ئاوی کەعبە شۆردیت**

**بە سەجعو موعەلەقات وشکمکردیتەوە**

**بۆئەوەی تینووت نەبێت بەنداوی مەئرەبو ئەسوانم دروستکرد**

**بۆئەوەی برسیت نەبێت لەسەر زەویو لە ژێر زەوی**

**کۆگاو گەنجینەکانم دروستکرد**

**بۆئەوەی ئاوارە نەبیت**

**بۆ هەموو مریشکێك کولانەیەکی وەك بێشەم دروستکرد**

**بۆ هەر گۆرانیبێژێك قەسابخانەیەكو پەرستگایەکی بەکافرکردنم دروستکرد**

**هەورەکانتم فێری نەریتەکانی بارین کرد**

**سەگەکانتم فێری گومانکردن لە هەموو نزیکییەك کرد**

**ئەو پشیلانەی بۆ هەموو نامۆیەك وەفایان لەدەستدابوو**

**لە کاتی شەڕو ئاشتیدا ئەسپەکانتم فێری حیلەو تاو کرد**

**قوڕی خاکەکەتم فێرکرد لەڕێگەی عاشقان دووربکەوێتەوە**

**تەپوتۆزەکەتم فێری جوڵانەوە کرد لەبەردەم مندالەکاندا**

**سەرخۆشەکانتم فێری وڕێنە کرد**

**قەلەڕەشەکانتم فێری وادەی قیڕاندن کرد**

**مێگەلەکانتم فێرکرد لە ڕۆیشتنو گەڕانەوەدا پاڵ نەدەن بەیەکەوە**

**کاتێك لە کێڵگەکاندا گیاو تریاك لە دەمیاندایە**

**ئەمانە تەنها بۆ پاراستنی ڕێزی ڕێبوارەکانە**[٥٧٥]

تووڕەبوونو یاخیبوونی (ماغوت) ئەنجامی ئەو دۆخە خراپەیە، کە حوکمڕانەکان لە نیشتیماندا دروستیانکردووە، ئەگینا (ماغوت) یەکێکە لەو شاعیرانەی، خۆشەویستییەکی زۆری بۆ نیشتیمان هەیە، ئەم دۆخەش لە زۆرێك لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، لەلایەك وەك دژێکی یاخیگەری نیشتیمان دەردەکەوێتو لەلایەکی دیکەشەوە وەك عاشقێکی مەزن. لە دیوانی (ژوورێك بە ملیۆنان دیوار) لە شیعری (قاوەخانەیەك لە بەیروت)دا دەڵێت:

**جگەلە پێڵاوەکانم هیچ شتێك بەم نیشتیمانەوە نامبەستێتەوە**

**هیچ شتێك بەم سەوزاییەم نابەستێتەوە**

**جگە لەو شەماڵەی کە بە ڕێکەوت لە**

**ڕابوردوودا هەڵممژی**

---

[575] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢٦٣_٢٦٤)

**بەڵام ئەوەی دەست لە گوڵێکی بدات**
**دەست لە دڵم دەدات**[٥٧٦]

لەو شیعرەدا بەڕوونی ئەو دژیەکییە دەبینرێت، کە خۆی لە دوو وێنەی جیاوازدا دەردەخات:

وێنەی یەکەم: ئەوەی شاعیر دەبەستێتەوە بە نیشتیمانەوە تەنها پێڵاوەکانیەتی.

ئەگەر لەڕێی ئەم وێنەیەوە سەیری ڕوانینی (ماغوت) بکەین، ئەو بڕوایەمان بۆ دروستدەبێت، کە نیشتیمان لای شاعیر گرنگ نییەو وەك شتێکی لاوەکی سەیریدەکات.

وێنەی دووەم: شاعیر ئەوپەڕی عەشقو خۆشەویستیی خۆی بۆ نیشتیمانەکەی دەردەبڕێت، ئەو خۆشەویستییەی شاعیر بۆ نیشتیمانەکەی، دەگاتە لوتکە تا ئەو ڕادەیەی جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی هەر کەسێك دەست لە گوڵێکی بدات، ئەوا دەست لە دڵم دەدات. ئەم وێنە دژیەکانەی لە ئەزموونی شیعریی (ماغوت)دا هەن، بە هەمان شێوە لە چەند بابەتێکی تردا لەنێوان ڕقو خۆشەویستی بۆ کەسو شتەکانی تریشدا دەوەستێت، بۆ نموونە (ماغوت لە پیشاندانی وێنەی (ستالین)دا دژیەکیی پیشاندەدات، لەلایەکەوە ئەو لایەنەی ژیانی ستالینی خۆشدەوێت، کە بەبەهێزی گەیاندییە دەسەڵاتو لە یەکێتیی سۆڤیێتیی جاراندا دەوڵەتێکی بەهێزی دروستکرد، بەڵام ڕقی لە شۆڕشە خوێناوییەکەی دەبێتەوە، کە ستالین ڕێبەرایەتی دەکرد).[٥٧٧]

ناکرێت یاخیبوونی (ماغوت) لە نیشتیمان وەك تاوان سەیربکرێت، بەڵکو بەشێکە لەو جیهانبینییە تایبەتییەی شاعیر، کە هەیەتی "ماغوت بەردەوام حەزی دەکرد لە جیاتی پێدا هەڵگوتنو ستایشکردن، نیشتیمانەکەی بخاتەژێر پرسیارو لێپرسینەوە، بۆیە پەیوەندیی ماغوت بە نیشتیمان، پەیوەندییەکی ئاڵۆز بوو."[٥٧٨]

ماغوت لە پارچەی (١٣)ی (لە دەفتەری تەمەوە)دا، زۆر بەڕوونی باس لەوە دەکات، هۆکاری تووڕەیی‌و ناڕازیبوونو یاخیبوونی ئەو لە نیشتیمان، هەروەها هۆکاری نەمانی جوانییەکانی نیشتیمان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەندەڵی‌و دزی‌و تاڵانکارییەی لە نیشتیماندا هەیە، واتە گەندەڵکارەکان هۆکاری سەرەکیی کوشتنی جوانیی نیشتیمانن لای (ماغوت).

**هەر نیشتیمانێك پڕ بێت لە دزو قاچاچچێتی‌و بەکرێگیراو و**
**بەرتیلخۆر**
**جگەلە ئاووهەواو خۆرەکەی، کە بەسەر هەمواندا دەدرەوشێتەوە، هیچی تر نابینم**
**مەگەر برسیی، یان زیندانی بم**[٥٧٩]

---

[576] الماغوط، الأعمال الشعرية. مجموعة غرفة بملايين الجدران، (٢٠٠٦: ١٠٨)

[577] أيمان عبدو عبدالقادر، صورة الأنسان في شعر محمد الماغوط، (٢٠١٠: ٢١١)

[578] عبدالرحمن ئەلغەسار، بۆچی ڕێز لە ماغوت بگرین، و: نەوزاد عەباس، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢١٨)، (٢٠٠٧: ٢٨)

[579] محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ٧٩)

### ٣. نیشتیمان لەنێوان (خۆشەویستیو یاخیبوون)دا

ماغوت لەبارەی خودی شیعرەوە بۆچوونی وایە: (خۆشەویستی، باوکی شیعرەو ڕقیش دایکێتی)[٥٨٠]. ئەم دۆخە لە شیعری (ماغوت)دا ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیە. لەلایەك خۆشەویستیو لەلایەکیشەوە ڕقو تووڕەیی خۆی بەرانبەر بە دیاردەکان دەردەبڕێت. بەرانبەر بە نیشتیمانیش هەمان جۆر مامەڵەی هەیە. هەندێکجار (ماغوت) تەواو لە نیشتیمان یاخییەو هەندێکجاری تریش باس لەوە دەکات، کە ئەو خودی نیشتیمانی خۆشدەوێت، بەلاّم ئەوەی دژێتیو لێی یاخییە، دەسەلاّتدارەکانی نیشتیمانن. ئەم هەستەی (ماغوت) لە چەند شوێنێکی دیوانی (شرق عدن غرب الله...)دا بەئاشکرا دەردەکەوێت، هەرچەندە لەکاتی دەربڕینی خۆشەویستیش بۆ نیشتیمان، هەر هەست بە جۆرە یاخیبوونێکی ماغوتیانە دەکەین. واتە ئەو لە هیچ بارێکدا ناتوانێت ئەو یاخیبوونەی خۆی بشارێتەوە. لە پارچەی (٣٧)ی (لە دەفتەری تەمەوە)دا، ئەمجۆرە تێڕوانینەی (ماغوت) دەردەکەوێتو خۆی باس لەوە دەکات، کە میللەتو شۆڕشگێڕو کرێکارو ئازادیخوازو چەپڵەلێدەرو تەنانەت منداڵەکانی ناو نیشتیمانیشی خۆشناوێن. ئەو ڕقلێبوونەوە ڕەهایە، پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە لە کاتی ئازارو کێشەکانی نیشتیمانو بوونی گەندەڵیو خراپەکاریدا، هەمووان پێکەوە بێدەنگن.

لەم شیعرەدا، (ماغوت) بەڕوونی ئەوەی دەرخستووە، کە خۆشەویستی، باوکی شیعرەو ڕقیش دایکێتی.

**دەرگاکانم خۆشدەوێنو گەشتیارەکان نا**
**پەرژینم خۆشدەوێتو کێڵگە نا**
**زەنگەکانم خۆشدەوێنو مێگەل نا**
**سەگەکانم خۆشدەوێنو وەفا نا**
**منداڵیم خۆشدەوێتو منداڵان نا**
**کارم خۆشدەوێتو کرێکاران نا**
**قامچییەکانم خۆشدەوێنو زیندانەکان نا**
**زینم خۆشدەوێتو سوارچاکەکان نا**
**سەکۆی یارییەکانم خۆشدەوێتو چەپڵەلێدەرەکان نا**
**شەپۆلەکانم خۆشدەوێنو ڕزگارکەرەکان نا**
**ئازادیم خۆشدەوێتو ئازادیخوازەکان نا**
**شۆڕشم خۆشدەوێتو شۆڕشگێڕەکان نا**
**نیشتیمانەکانم خۆشدەوێنو گەلەکانیان نا**
**نیشتیمانەکەم بەبێ سنوورو نەخشەکانو ئوتێلەکانو سەنگەرەکانو**
**قوتابخانەکانو گومرگەکانو بنکەکانی پۆلیس خۆشدەوێن**
**هەروەها ئاوە هەرێمییەکانیو کەشوهەواکەی تەنانەت هەورە بروسکەو کرێوەو**
**ئاسمانە دوورو تاریکەکانیشم خۆشدەوێت**

---

[580] خلیل صویلح، محمد الماغوط أغتصاب کان و أخواتها، حوارات، (٢٠٠٢: ١١٠)

**دەترسم شتێکی بەسەر بێت**[٥٨١]

ماغوت نەیویستووە نیشتیمان لە سنوورو نەخشەی سیاسیی دەوڵەتان‌و نەتەوەکاندا بچووکبکرێتەوە. ئەو بڕوای بە چەمکی نیشتیمانی بێسنوور هەبووە بۆئەوەی مرۆڤ لەپێناوی پاراستنی سنووری دەستکردی نیشتیماندا خوێنی نەڕژێت، چونکە بە هیچ جۆرێك هاوڕای ئەوە نەبووە، کە شۆڕشەکانی گۆڕانکاری بە خوێن ئەنجامبدرێن "من بڕوام بەو شۆڕشە نییە کە خوێنی تیادا دەڕژێت."[٥٨٢]

ئەو هەمیشە تەنها لەپێناوی مرۆڤ و شیعرییەتدا نووسیویەتی، نەك بابەتی ئایدۆلۆژیاو بیروڕای سیاسیی ڕەوتێکی حیزبی، یاخود ئاینیی "ئەو وەك هاوڕێکانی لەسەر بنەمای ئایدیا نەیدەنووسی، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەسەر بنەمای شیعرییەت دەینووسی. ماغوت یەکێکە لەو کەسانەی، کە گرنگی بە ئایدۆلۆژیا نەدەدا بە ڕاست‌و چەپەوە، بگرە زۆر دژ بوو." [٥٨٣]

خۆشەویستیی (ماغوت) بۆ نیشتیمانەکەی، دەچێتە ئاستێکی ترەوە، ئەو دەیەوێت تەواوی خاسیەت‌و تایبەتمەندییەکانی خۆی وەکو نیشتیمان لێبکات‌و بچێتە دۆخی (دۆنادۆن)ەوە لەگەڵیدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە (ماغوت) بەجۆرێکی ئێجگار تایبەت خۆشەویستیی خۆی‌و نیشتیمانەکەی پێکەوە گرێدەدات. لەم کاتانەشدا (ماغوت) ئەوەی لەبیرناچێت، کە دەستکەوتەکانی نیشتیمانی ئەو هەمووی وەهمن، واتە چەند خۆشیبوێت‌و چەندە سروشتەکەی جوان بێت، هێشتا لە وەهمێکی قووڵدا دەژی. لە پاچەی (٤٥)ی (لە دەفتەری تەمەوە)دا، بە شێوەیەکی هونەریانە ئەو وێنەیەمان بۆ دەخاتەڕوو.

**دەمەوێت دەموچاوم تەخت بێت وەك زەوییەکەی**
**ددانەکانم پەرش‌و بڵاو بن وەك هەورەکانی**
**فرمێسکەکانم بەلێزمە بن وەك بارانەکانی**
**بۆنم ناخۆش بێت وەك هۆڕەکانی**
**میزاجم هەڵگەڕاوە بێت وەك وەرزەکانی**
**شکۆم ئاڵۆز بێت وەك تەمەکانی**
**دەفتەرەکان سپی بن وەك بەفرەکانی**
**خەونەکانم وەهمی بن وەك دەستکەوتەکانی**
**جلەکانم خەتدار بن وەك دیوارەکانی**
**دەموچاوم چاڵ بێت وەك ڕێگاوبانەکانی**
**تامەزرۆیم درێژ بێت وەك سنوورەکانی**
**کە جلی ڕەنگاوڕەنگ لەبەردەکەن**

---

581 محمد الماغوط، شرق عدن غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٠٨_١٠٩)

582 ماغوت، چاوپێکەوتن، و: گەیلان محمد، گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٣٩_٤٠)، (٢٠٠٦: ١٢٢)

583 عبدالرحمن ئەلغەسار، بۆچی ڕێز لە ماغوت بگرین، و: نەوزاد عەباس، گۆڤاری کاروان، ژ (٢١٨)، (٢٠٠٧: ٢٦)

**بە ئەندازەی ڕووبارو هۆزو خەلیفەکانی**[584]

ماغوت دەربارەی نیشتیمانو پەیوەندیی نیشتیمان لەگەڵ خۆیو دونیای دەرەوەی خۆیدا، لە شیعری (تداعیات فرعونیة)دا دێتە سەر پیشاندانی ئەو ڕقە زۆرەی، کە هەریەکە لەوی تریەتی، دواجاریش هەموویان فشارەکە دەخەنە سەر شاعیر، لەکاتێکدا شاعیر باس لەوە دەکات، کە ئەو لە ناخەوە بەتەواوەتی ڕووخاوەو توانای ئەوەی نەماوە بەرگەی ئەو دۆخە نالەبارە بگرێت.

هاوکات دەیەوێت ئەوەمان پیٚ بڵێت، هەمووان ڕقیان لە یەکترەو چاویان لە منە تاوەکو هاوکارییان بکەم، لە کاتێکدا من (ماغوت) گیرۆدەمو توانای جوڵانو خۆڕزگارکردنم نییە. لەم شیعرەدا ڕق وەك دایکی شیعر ئامادەبوونی هەیەو لەم جیهانەدا شتەکانو مرۆڤەکانو تەنانەت جیهان خۆشی، خۆشەویستیی هەر بۆ خۆی دەوێت.

**دونیا نەتەوەکەمی خۆشناوێت**
**و نەتەوەکەشم نیشتیمانەکەمی خۆشناوێت**
**و شارەکەشم گوندەکەمی خۆشناوێت**
**و گوندەکەشم گەڕەکەکەمی خۆشناوێت**
**گەڕەکەکەشم ماڵەکەمی خۆشناوێت**
**ماڵەکەم ژوورەکەمی خۆشناوێت**
**و ژوورەکەم نوێنەکەمی خۆشناوێت**
**و نوێنەکەم، سەرینەکەمی خۆشناوێت**
**و سەرینەکەم، سەرمی خۆشناوێت**
**و سەرم تەوێڵمی خۆشناوێت**
**و تەوێڵم چامە شیعرییەکانمی خۆشناوێت**
**و چامە شیعرییەکانم پەنجەکانمی خۆشناوێت**
**و هەندێك لە پەنجەکانم، پەنجەکانی ترمی خۆشناوێت**
**هەموویان لە مندا قەڵایەکی خۆڕاگرو**
**مێخێکی بەهێز بەڕووی زەمەندا دەبینن**
**بەڵام کوخێکی داڕووخاو لە ناخمدا نابینن**
**هەموویان حیلەی ئەسپو هاتوهاواری جەنگو**
**نەخشی زینەکانو**
**گەردی مەلەکەر لە هەوادا دەبینن**
**کەچی قاچی هەڵواسراوی من لە ئاوزەنگدا نابینن**[585]

---

[584] محمد الماغوط، شرق عدن   غرب الله...، (٢٠٠٥: ١٢٣)

[585] سەرچاوەی پێشوو، ٢١١_٢١٢

لەو شیعرەدا، دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێك بدەین:

١. بوونی ڕق وەك دیاردەیەکی زاڵو بەربڵاو لە کۆمەڵگادا.

٢. بوونی ناکۆکیو دووبەرەکیو ململانێ لەناو کۆمەڵگادا.

٣. شاعیر لەڕێی پیشاندانی ئەو ڕقە زۆرەوە، دەیەوێت وێنەی درۆینەی خۆشەویستیی ناو شتەکان دەربخاتو لە وێنە باوەکەی خۆشەویستی یاخیبێت.

٤. شاعیر ڕاستگۆیانە باس لە دیمەنی واقیعی خۆشەویستیو ڕق دەکات.

٥. باسکردن لە بێزاریو دڵتەنگیو داڕووخانی دەروونی خۆی.

٦. بەستنەوەی ئومێد بە تواناکانی شاعیرەوە بۆ گۆڕانگاری.

## **٤. دیاردە ڤێزەونەکانی ناو دەسەڵاتو یاخیبوون**

ماغوت لە شیعری هاوێنەی لاستیك (عدسات لاصقة) دەربارەی پیشەی نووسینو کاریگەرییەکانی نووسین دەوەستێت. گرفتی شاعیر لەگەڵ نووسیندا ئەوەیە، نووسین وەك پیشەکانی تر ئاسایی نییە، بەڵکو سەرئێشەو گرفتی زۆری پێوەیە. تەنانەت نووسەر ناتوانێت وەك مرۆڤێکی ئاسایی ڕەفتاربکاتو بخەوێتو پیاسەبکات. بەردەوام دونیای نووسین دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەوروبەر وەك دوژمن سەیرتبکەن، بۆیە بە ناچاریی دەبێت تێکەڵاوی دونیای پڕ گزیو گڵاوی سیاسەت بیتو لەسەر تەواوی کێشەکانی ناو کۆمەڵگاکەت قسەبکەیت.

**چەندە ئاواتەخوازم کە نووسین پیشەیەکی ئاسایی بێت وەك ئاسنگەریو دارتاشیو**
**بەرگدروویيو مۆڵەتی پێبدرێتو نرخەکەی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆو**
**تەندروستیو خۆراکەوە دیاریبکرێت.**

**.......................**

**پەیوەندیم بە سەرماو قامچیو پیاکێشانەوە چییە**
**بە چەوساندنەوەو برسێتیو تەنیاییەوە**
**بە چاودێریو دۆسیەو تێبینییەکانەوە**
**بە گومرگی وشەو ئازاردانی گوڵەکانەوە**
**بە خۆحەشاردان لە زبڵخانەو تانکی ئاوەکاندا**
**پەیوەندیم چییە بە سیاسەتی ناوخۆو دەرەکییەوە**
**بە ڕاستڕەو و چەپڕەو و میانڕەوەوە**
**بە گاردی شۆڕشو نەتەوەییو کۆماریو پاسەوانی فلانو فیسارەوە**
**بە ئاژاوەو جەنگی تائیفیو هەرێمییەوە**
**بە هەڵبژاردنی ساختەو بانگەشەکردن بۆ فلانو قرو قەپ کردن لە فیسار**
**پەیوەندیم چییە بە عارەقو توتنو هێمنکەرەوەو وزە بەخشەکانەوە**
**بە نەخۆشییەکانی جگەرو هەوکردنی جومگەکانو گوێ زرنگانەوەو تەقەی ئەژنۆ**

**و جیرەی ددانەوە**

**بە کاری فیداکاریو جەنگی عێراقو ئەفغانو چیچانو ئەستێرەکانەوە**[586]

شاعیر دەبێت وەك ئەرکی ڕۆشنبیریی خۆی لە هەموو ئەو بوارانەدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، ئەگەر توانای نەبوو گۆڕانکاری ئەنجامبدات، پێویستە وەك مرۆڤێکی یاخی کاربکاتو کۆی دیاردە قێزەونەکانی ناو نیشتیمانەکەی بگۆڕێت. لەم کردەی یاخیبوونەشدا باجی قورسو گران بدات، لەبەرئەوەی ئازادیی نووسینو ڕادەربڕین لەمجۆرە وڵاتانەدا بوونیان نییە، بۆیە لەبەردەم مەترسیی گەورەدان. (ماغوت) بەدەست نەبوونی ئازادیی نووسینەوە دەناڵێنێت، هەروەك دەڵێت:

**داهێنەرە مەزنەکان نیگار دەکێشنو شیعرەکانیان دەنووسنو بیروڕاو خەونەکانیانو ئەو دیمەنانەی سەرنجیان ڕادەکێشن لەسەر جێگە نینۆکێك لە نیشتیمانەکەیاندا دەکێشن،**
**بەڵام من ناتوانم وێنەی سەرە نینۆکێك لە هەر شتێك، کە خۆشمدەوێت لە هیچ شوێنێکی وڵاتەکەمدا بکێشم، یان بنووسم**[587]

ماغوت هەر لەبارەی نەبوونی ئازادی لە کۆمەڵگای عەرەبیدا دەڵێت:

**ئاژەڵەکانم لە لەوەڕگاکاندا داخکران**
**سەگەکانم لە کولانەکانیاندا نەزۆککران**
**ئاوەکانم لە بیرەکاندا ژەهراویکران**
**باڵندەکانم لە هێلانەکانیاندا ڕەنووسکران**
**جلەکانم لە جانتاکەمدا پشکنران**
**نامووسم لە بێشکەدا لاقەکرا**
**کەشتییەکانم لە دەریاکاندا مینڕێژکران**
**بەڵگەنامەکانم لە چەکمەجەکانیاندا وێنەیانگیرا**
**چامەکانم لە دەفتەرەکانیاندا کۆپیکران**
**تا نهێنیی ڕقلێبوونەوەم لە گەرماو**
**سەرسامیم بە تەقەی ئەژنۆو دانەچیرە بزانن**[588]

---

586 محمد الماغوط، شرق عدن   غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢٢٦_٢٢٧)

587 سەرچاوەی پێشوو، ٨٤

588 سەرچاوەی پێشوو، ١١٢

لەکۆمەڵگای (ماغوت)دا، هەموو شتێك قەدەغەیەو هەموو شتێك لەژێر چاودێریی وردی دەوڵەتدایە، تەنانەت مرۆڤ لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا لە خۆشی دڵنیا نییە. هەر ئەمەش وا لە شاعیر دەکات، هەرگیز لە خۆی دڵنیا نەبێتو ترسی ئەوەی هەبێت ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە، چونکە ئەو وەك خۆی دەڵێت، نانووسێت، بەڵکو خوێنی لەبەردەڕوات.

**دەبێت ماڵەکەم زانراو بێت وەك ئالآیەك کە گڕی گرتبێت**

**و نەزانراو بێت وەك ماڵی خائینێك، یاخود سواڵکەرێك**

**لەبەرئەوە هەمیشە لەنێوان دەفتەرەکانمدا، لۆکەو برینپێچو کەرەستەی**

**فریاکەوتنی سەرەتایی پێویست هەڵدەگرم**

**چونکە من تەنها نانووسم**

**بەڵکو خوێنم لەبەر دەڕوات**

**هەڵەم کردووەو تەمەنم پێش وادەی خۆی کەوتووە**[٥٨٩]

شاعیر بەردەوام دەبێت لە دەرخستنی ڕووی ئەوانەی نیشتیمانیان وێرانکردووەو ماف ئازادیی و نووسین و قسەکردنیان بۆ هیچ کەسێك نەهێشتووەتەوە.

**دوای ئەوەی بەکرێگیراو و خائین و سیخوڕ**

**درۆ هەڵهاتوو و قاچاخچی و ساختەکارو**

**نێربازو گەوادو سۆزانیو**

**دەڵاڵەکانی خواردنی ماوە بەسەرچوو و پاشەڕۆی کیمیاییو**

**بازرگانەکانی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ و جوگرافیو مێژوویی و نەتەوەیی**

**تەنها**

**لەسەر نیشتیمان و خەمەکانی هاونیشتیمانیانو**

**بەرگریو داگیرکاریو شوورەیی داگیرکاری نەبێت، قسەناکەن**

**ئیتر ئێمە نووسەران و شاعیرەکان لەبارەی چییەوە قسەبکەین**

**لەبارەی مافەتەو شێتیی مانگاوە**[٥٩٠]

ماغوت سەرەڕای ئەو عەشقە سۆفیانەی بۆ نیشتیمان هەیەتی، بەڵام لە هەموو شتێکی نیشتیمانەکەی یاخیدەبێت، لە خەڵكو کەلتوورو شۆڕشگێڕو دەسەڵاتدارەکان و مێژوو و ئایین و کەسایەتییەکانی. ئەو نیشتیمانێکی دەوێت، شوێنی هەموو مرۆڤەکان بێتو پێگەی مرۆڤبوونیان بێ برسێتیو ئازارو بە ئەوپەڕی ئازادییەوە پارێزراو بێت، بەڵام ئەو شکۆیە بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەی (ماغوت)دا بوونی نییە، بەڵکو ئەو شکۆیە لە جێگایەکی ترە، ئەو جێگەیە خۆرهەڵات نییە،

---

[589] محمد الماغوط، شرق عدن   غرب الله...، (٢٠٠٥: ٢٨٢)

[590] سەرچاوەی پێشوو، ٣٠

بەڵکو خۆرئاوایە "مرۆڤ لەم زەوییەدا سەر بە هەر ڕەگەزو ڕەنگێك بێت، جوانترینو بەبەهاترین سامانی ژیانە. من باوەڕم وایە خۆرئاوا چەند دیوێكو چەند ڕوویەكی جیاوازی هەیە. ئەگەر ئەو خۆرئاوایە دوژمنیشم بێت، بەلاّم لە هەمان کاتدا ڕووەکەی ترمەو درێژکراوەی منە. خۆرئاوای هۆڵدەرینو نیتشەو ڕامبۆ جیاوازە لە خۆرئاوای سیاسییو جیاوازە لە خۆرئاوای تەکنەلۆژیا، بەلاّم لە خۆرهەلاّتو دنیای عەرەبیدا سیاسەتو ئایدۆلۆژیا بوون بە دوو نەخۆشی ترسناكو مرۆڤیان شێواندووەو بەهاکانیان تێکداوە."[591]

ئەو تێڕوانینەی پێشوو، هی شاعیری گەورەی عەرەب (ئەدۆنیس)ە، کە هەم هاوقۆناغو خزمو شاعیری یەك وڵاتیشن، هەردووکیشیان لە هەناوی نەهامەتییەکانی نیشتیمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە دەرەوە. سەرەڕای جیاوازییان لە فۆڕمو فەلسەفەی نووسیندا، بەلاّم دەربارەی خراپییەکانو نەهامەتییەکانی نیشتیمانی عەرەبی، هاوڕان.

ئەوەی (ماغوت) بەرانبەر نیشتیمانەکەی ئەنجامیداوە، کردەیەکی یاخیگەریانەیە، نەك ڕقلێبوونەوە، هەرچەندە لەڕووکەشدا وەك ڕقێکی ئەستوور دەردەکەوێت، بەلاّم لە ناوەڕۆکدا یاخیبوونێکی ئەرێنییە "لەڕاستییدا یاخیبوون شتێکی جیاوازە لە هەر کارێکی تۆڵەسەندنەوە، بە مانا فراوانەکەی ئەم وشەیە (شێلەر) زۆر باش پێناسەی ڤینی کردووە: خۆژەهراویکردنە، دەردانێکی شوومی بێدەسەلاّتییەکی درێژخایەنە لەناو دەفرێکی داخراودا_ یاخیبوون سەرقاپەکە لادەباتو تەواوی ئەو بوونە دەهێنێتە جووڵە. بەری ئاوە پەنگخواردووەکە بەرەلاّ دەکاتو دەیگۆڕێت بە سێلاّوێکی بە خوڕ."[592]

ماغوت ڕێك سەرقاپی جامە داخراوەکەی نیشتیمانی عەرەبی لابردو کردی بە لافاوێکی یاخیبوون لەپێناوی دروستکردنی گۆڕانکاریی گەورە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا. (ماغوت) وەك شاعیرێکی یاخی، پەردەی لەسەر ڕووی داخراوی نیشتیمانی عەرەبی لادا "هونەری یاخیبوون یش بەوە کۆتایی دێت، کە پەردە لەڕووی (ئێمە هەین) هەڵبماڵێتو لەگەڵیشدا ڕێگایەك بەرەو سووکایەتیپێکردنێکی سەرسەختانە بکاتەوە."[593]

دەتوانین هەڵوێستی یاخیانەی (ماغوت) بەرانبەر بە نیشتیمانەکەی بەو چیرۆکە بەراوردبکەین، کە (ئەلبێر کامۆ) لە کتێبی (مرۆڤی یاخی)دا لەسەر زاری (ئێسرنست دوینگەر) دەیگێڕێتەوە: "ئێرنست دوینگەر لە کتێبی (یاداشتەکانی سیبیریا) دا باسی ئەفسەرێکی ئەڵمانی دەکات، کە بۆ ساڵانێکی زۆر لە ئۆردوگایەکی پڕ برسێتیو سەرمادا زیندانی بووە، بەلاّم ئەم ئەفسەرە بە پارچە تەختە، پیانۆیەکی بێدەنگی بۆ خۆی دروستکردبوو و لەو هەلومەرجە سەختەداو لەناو خەڵکێکی چڵکنو پڵکندا مۆسیقایەکی سەیری دانا بوو کە هەر بە تەنها خۆی دەیتوانی بیبیستێت."[594]

(ماغوت)یش لە نیشتیمانی خۆیدا خاوەنی موزیکی یاخیبوونی تایبەت بە خۆی بووە، لە هیچ مرۆڤ و شاعیرێکی تری عەرەبی نەچووەو ناچێت، تەواوی ئەو تایبەتمەندییانەی لە شاعیرێکی یاخیدا پێویستە هەبن، لە (ماغوت)دا بوونیان هەبووە. ئەو لە نیشتیمانی خۆیدا زیندانی بووەو لە خەمو دڵتەنگییەکی قووڵدا ژیاوە، بەلاّم ئەو خەمو دڵتەنگییەی بەشێوەیەکی هونەرییانەی قووڵ بۆ یاخیبوون گۆڕیوە.

---

[591] گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس (منداڵیو شیعرو تاراوگە)، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، (٢٠٠٨: ٢٢٠_٢٢١)

[592] ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، (٢٠١٢: ٤٢_٤٣)

[593] سەرچاوەی پێشوو، ٤٠٢

[594] سەرچاوەی پێشوو، ٤٠٣

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لێکۆڵەر بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، کە هەندێکیان بە لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەکەوەو هەندێکیشیان بە لایەنی پراکتیکییەوە پەیوەستن. پوختەی ئەو ئەنجامانەش، لەچەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو:

**یەکەم: پەیوەست بە لایەنی تیۆرییەوە**

١- یاخیبوون ڕەهەندێکی جیهانیی هەیە، واتە لەناو هەموو کەلتوورو ئاینو ئەدەبو سیستەمێکی سیاسیداو بە درێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بە ئاستی جیاوازو وەك پێویستییەکی قۆناغەکە ئامادەیی بەرچاوی هەیە.

٢- یاخیبوون وەك دیاردەیەکی ئەدەبی، لەڕووی تایبەتمەندیی کاریگەریی لەسەر تاكو کۆمەڵو نووسەر، جیاوازیی لەگەڵ دیاردەکانی وەك شۆڕشو ڕەتکردنەوەو ڕاپەڕیندا هەیە، چونکە یاخیبوون پلەی باڵای بیرو تێگەیشتنی مرۆڤە لەپێناو گۆڕینی واقیعی باودا. لەسەر ئەم بنەمایەش، دەتوانرێت بڕیار لەوە بدرێت، کە یاخیبوون وەك چەمکێکی فەلسەفیو بیریی‌و دیاردەیەکی ئەدەبی دەردەکەوێتو لە ئەنجامی هۆشمەندیی باڵاوە سەرچاوەدەگرێت، هەربۆیە تاك بە ئاڕاستەی بەرهەمهێنانی گۆڕانکاریی گەورە لە کۆمەڵگادا هاندەدات. بەمپێیەش، دەبێتە سەرچاوەی داهێنان لەو بوارەی، یاخیبوونەکەی تێدا ڕوودەدات.

٣- بواری کارکردنی یاخیبوون، بەپێی جۆرو سروشتی یاخیبوونەکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە، یاخیبوونی کۆمەڵایەتی لە کایەکانی یاخیبوون لە (بەهاو دابونەریتو کەلتووری دواکەوتوو)دا خۆی بەرجەستەدەکات، کەچی یاخیبوونی سیاسی، مەوداکانی (دەسەڵاتو بێدەنگیی‌و زوڵمو شکستە سیاسییەکان) دەگرێتەوە. جگەلەوەی، یاخیبوونی ئایینیش، بەهۆی ناتەندروستیی مامەڵەی ئاینداراکانەوە لەگەڵ تاكو کۆمەڵدا دروستدەبێت. بەمپێیە، یاخیبوون لە ئەدەبی گەلاندا تەنها لە ئاستو مەبەستێکی دیاریکراودا نامێنێتەوە، بەڵکو پەیوەست بە گەشەی کەلتووریی‌و شارستانیی‌و بارودۆخە جیاوازەکانەوە، گۆڕانی بەسەردا دێت، بەوەش لە بوارو مەودای جیاوازدا خۆی دەنوێنێت.

٤- یاخیبوون سەرەتا وەك دۆخێك دەردەکەوێت، پاشانو بەتێپەڕبوونی کات بەرەو چەمکی (بەدیاردەبوون) هەنگاودەنێت، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی شیعری ئازادو قۆناغەکانی نوێکردنەوەی ئەدەبی گەلان، بەوپێیەی دیاردەی یاخیبوون بە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شیعری ئازاد هەژماردەکرێت.

**دووەم: پەیوەست بە لایەنی پراکتیکییەوە**

٥- شاعیر لەم دیوانەدا کردەیەکی نوێ ئەنجامدەدات، کە گۆڕینی وێنەی مەعشوقە لە (نیشتیمان)ەوە بۆ (ڕۆژانا). پەیوەست بەمەوە: (ا) شاعیر تا کاتی نووسینی دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، هەموو شتێك لەپێناوی (نیشتیمان)دا دەنووسێت، بەوەش (نیشتیمان) چەقی تێکڕای بیرەکانی پێکدەهێنێت، بەڵام دواتر لەڕێی کردەیەکی تەواو ژیرانەوە مەعشوقە نوێیەکەی، کە (ژن)ە، هەڵدەبژێرێت، بەوەش (ژن) دەبێتە جێگرەوەی (نیشتیمان)و ئەو کەلێنە ڕۆحییە بۆ شاعیر پڕدەکاتەوە، کە لە ئەنجامی ڕقلێبوونەوە لە مەعشوقە کۆنەکەی (نیشتیمانی جاران)ەوە بۆی دروستبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شاعیر هەرگیز لە عەشق نائومێد نابێت. (ب) بەپێی خاڵی(ا)، ئەم دیوانە دابڕانێکی قووڵ لەنێوان دوو جیهانی جیاوازی شاعیردا دروستدەکات. جیهانی یەکەم، شاعیر تێیدا خاوەنی

مەعشوقێکە، کە نیشتیمانەو تەواوی دونیا شیعرییەکەی داگیرکردووە، لە جیهانی دووەمیشدا، (ڕۆزانا)ی مەعشوق کراوەتە مۆتیڤی سەرەکیو کۆی جیهانبینیی دیوانەکەی لەسەر بونیادنراوە، هەربۆیە دەکرێت ئەم دیوانە بە بەیاننامەی تووڕەبوونو یاخیبوونی شاعیر لە مەعشوقە کۆنەکەی دابنرێت. هەبوونی (ڕۆزانا)ش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شێرکۆ بەردەوام چاوەڕێی فریادڕەسێکە، تا نیشتیمان لەو دۆخە ڕزگاربکات، کە تێیکەوتووە. تاکە فریادڕەسیش لای شاعیر، (ڕۆزانا)یە، کە دەشێت خەونو خولیای گەنجێك بێتو بۆ هەتا هەتایە نیشتیمانی لا گرنگ نەبێت، هەروەك دەشگونجێت ئەو نیشتیمانە بێت، کە خەونی شاعیرەو دوور نییە ڕۆژێك ببێتە ڕاستی، هەربۆیە شاعیر ئومێدێکی زۆر لەپێناو بەدەستهێنانی (جوانیو ئازادییو نان)دا بە (ڕۆزانا) دەبەخشێت. هاوکات سەرەڕای ئەو دابڕانە قووڵەی نێوان شاعیرو نیشتیمانەکەی، (ڕۆزانا)، ئەو هەستە بە شاعیر دەدات، کە نائومێدیی تەواو بوونی نییە، بۆیە بەشێکی زۆری وێنەکان ئومێدو گەڕانەوەی جوانییان بۆ مەعشوقەکەی تێدایە. (پ) ژینگەی سیاسی لە قۆناغی نووسینی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا هۆکاری سەرەکییە بۆئەوەی شاعیر لە شاعیرێکی پابەند بە بنەما جێگیرەکانی خۆشەویستیی نیشتیمانو بەهاکانییەوە ببێتە شاعیرێکی یاخیو بەدوای مەعشوقێکی نوێدا بگەڕێت. ئەم گۆڕانە بیرییەی شاعیر، تەنها لە سنووری ئەزموونە شیعرییەکەی ئەم دیوانەدا قەتیسنامێنێت، بەڵکو تەواوی ڕوانینو بیری شاعیر لەخۆدەگرێت، تەنانەت شاعیر لە چاوپێکەوتنەکانی ئەو قۆناغەدا، بەڕوونی هەڵوێستی یاخییانەی خۆی بەرانبەر کۆی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا دەردەبڕێت. بەپێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، تەواوی وێنەکانی ئەم دیوانە لەناو واقیعی سیاسیی ئەو کاتەی کۆمەڵگاکەیەوە سەرچاوەیانگرتووە. کەواتە یاخیبوونی (شێرکۆ بێکەس)، هۆهاندەری دەرەکیو جیاواز لە هۆکارە ناوەکییەکانی دیاردەی یاخیبوونی هەیە. واتە پاڵنەری یاخیبوون لە دیوانەکەدا هێندەی پەیوەستە بە هۆکارێکی دەرەکییەوەو شاعیر لە پێناویدا یاخیبووە، هێندە پەیوەست نییە بە پاڵنەرە ناوەکییەکانی دیاردە گشتییەکەی یاخیبوونەوە. باشترین بەڵگەش، بارودۆخە سیاسییەکەی سەردەمی نووسینی دیوانەکەیە، کە تێیدا شاعیر لەپاڵ یاخیبوونی لە نیشتیمان، لە ئایینو مێژوو و کەلتووریش یاخیدەبێت. (ت) (ڕۆزانا) جەمسەری سەرەکیی تەواوکردنی جیهانی یاخییانەی (شێرکۆ)یە بەرانبەر بە نیشتیمان. واتە ئەگەر (ڕۆزانا) لە دیوانەکەدا بوونی نەبێت، ئەوا بەهای یاخیبوونەکە لای شاعیر لاسەنگ دەبێت. گرنگە ئەوەش بگوترێت، لە تێڕوانینو دونیابینیی شاعیردا، کردەی عەشق لەگەڵ ژندا تەنها کردەیەکی جەستەیی، یاخود ڕۆمانسییانەی ڕووت نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی پرۆژەی یاخیبوونە گشتییەکەیدایە، کە گەڕانێکی هەمیشەیی بەردەوامە بەدوای بەها باڵاکاندا لەپێناوی بەرهەمهێنانو بەرجەستەکردنی هۆشیاریدا. بەوەش هەڵبژاردنی مەعشوقی نوێ لە دیوانەکەدا سەرەڕای ئەوەی کردەیەکی ڕۆحییە، لەهەمانکاتدا بنەمایەکی ژیریی تەواوی هەیە، چونکە شاعیر لەڕێگەی بیرکردنەوەو هۆشمەندییەوە ئەو کارە ئەنجامدەدات، هەربۆیە ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ هەستە ڕۆحییو بیرکردنەوە باڵاکەی خۆیدا دەکاتو ئاوێتەی مەعشوقە نوێیەکەی دەبێت، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی، پشت لە مەعشوقە کۆنەکەی دەکات. (ج) خاڵی (ت) بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە، کە (ژن، عەشق) وەك دوو ڕەهەندی تەواوکەری یەکتری مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەجۆرێك شاعیر وەك دووانەیەکی یەکگرتووی پێکەوەگرێدراو ئەزموونیاندەکات، هەربۆیە لێکدانەوەی واتا شاراوەکانی یەکێکیان، پشت بە شیکردنەوەی چەمكو واتای ئەوی دیکەیان دەبەستێت، بەپێچەوانەشەوە نەبوون/ پەراوێزخستنی یەکێکیان، ڕاڤەکردنێکی ناکامڵ دەستدەخات. (ح) شاعیر لەپای سەرنجدانو بیرکردنەوەی سایکۆلۆژییانەی قووڵەوە، لە تێڕوانینی باو بۆ (ژن)

یاخیدەبێت، ئەمەش وادەکات چیتر خۆی وابەستەی ئەو پێوەرانە نەکات، کە پێشتر لە کۆمەڵگادا پەیوەست بە (ژن)ەوە ئاڕاستەدەکران.

٦- شاعیر لەپێناوی گەیاندنی پەیامی یاخیبوونەکەیدا، فەرهەنگو زمانێکی تایبەت بەکاردەهێنێت، کە دەتوانرێت بە زمانی یاخیبوون لە دیوانەکەدا ناوببرێت. بۆئەوەش، لەلایەك بەکارهێنانی یەکە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە ناوەڕۆکی یاخیبوونەوە دەکاتە بنەما، لەلایەکی دیکەشەوە، چەندین لادانی زمانیی لە دەقە شیعرییەکانی دیوانەکەدا جێبەجێدەکات، بۆ ئەم مەبەستەش، هەندێك لە کۆتوبەندە زمانییەکانی تێکشکاندووە. هەر لەمڕووەوە، لەگەڵ ئەوەی، لەزۆربەردا لادانی زمانیی، لە بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییدا پەیڕەودەکرێت، بەڵام ئەوەی زمانی شیعریی یاخیبوون لە زمانی شیعریی دەقەکانی دیکە جیادەکاتەوە، بوونی ئەو وشانەن، کە لەڕووی واتاوە هەڵگری بیرو پەیامی یاخیبوونن. لەمەوە، داهێنانی چەندین وشەی نوێ بە مەبەستی چنینی وێنە شیعرییەکانی ئەم دیوانە لەئارادان، کە زۆرێکیان لە بەرهەمەکانی پێشتری شاعیردا نین، بەڵکو داڕشتنو بەکارهێنانیان لەم دیوانەدا بۆ ئەوەیە، خەمی شاعیرو یاخیبوونی لە نیشتیمان لەپلەیەکی باڵادا بەرجەستەبکەن.

٧- (ماغوت) هەر لەسەرەتاوە شاعیرێکی یاخیبووە، یاخیبوونی ئەو زادەی لەدایکبوونییەتی وەك عەرەب لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکیی نەریتیدا، بۆیە لە یاخیبوونی (شێرکۆ بێکەس) جیاوازە، کە بەرهەمی قۆناغێکی سیاسیی دیاریکراوە، چونکە (شێرکۆ) خاوەنی نەتەوەیەکی ژێردەستەو خاکێکی داگیرکراو بووە، پێویستی بەوە بووە لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکاندا بەرگریی لێبکات، بەڵام ئەو جۆرە گرفتە بەو ئەندازەیە لە وڵاتی (ماغوت)دا نەبووە، بۆیە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە یاخیبوون تا سەردەمی (ماغوت) لە شیعری عەرەبیدا تەنها ڕەهەندێکی بەشەکیی (جزئي) هەبووە، نەك ژیاریی. یاخیبوون لە شیعرەکانی (ماغوت)دا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەجۆرێك هەموو جومگەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتووریو ئایینیی کۆمەڵگای عەرەبیی گرتووەتەوە، بەوەش فۆرمێکی نوێی یاخیبوونی هێناوەتەناو دونیای ئەدەبیاتو شیعری عەرەبییەوە، کە دەتوانین بە (یاخیبوونی ماغوتییانە) ناوزەدیبکەین. هەر لەمڕووەوە، شاعیر لەژێر کاریگەریی هیچ نووسەرو گروپێکی ئەدەبی، یاخود فەلسەفیدا کارینەکردووە، بەواتا خۆی بە هیچ ڕەوتو پارتو گروپێکی سیاسی، ئایینیو کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو سەربەخۆیی خۆی پاراستووە.

٨- لە یاخیبوونی (ماغوت)دا، هەرگیز فریادڕەسێك بوونی نییە، بەڵکو نائومێدییو یاخیبوونی هەمیشەیی ئامادەییان هەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە دیاردەکە ئاشکراتر بەرجەستەدەبێتو بەئاسانیی ڕەهەندەکانی دەدۆزرێنەوە، تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت هەموو ئەزموونی شیعریی (ماغوت) وەك ئەزموونێکی یاخییانە وێنابکەین، لەکاتێکدا ناکرێت هەمان ئەو تێڕوانینە یاخییانەیە بەسەر شیعری (شێرکۆ)دا بچەسپێنین. یاخیبوونی (شێرکۆ) لە نیشتیمان، لەدیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)وە دەردەکەوێت (بڕوانە: ئەنجامی ژمارە (٥)، لقی (ب)). (شێرکۆ) بەردەوام بەدوای ئومێدێکەوەیە، لەمەوە ئەگەر نیشتیمان وەك پێشتر جوان ببێتەوە، ئەوا بێگومان (شێرکۆ) دەبێتەوە بە عاشقەکەی جاران، بۆیە دەکرێت بڵێین، ڕەنگە (ڕۆزانا) خودی ئەو نیشتیمانە جوانە بێت، کە (شێرکۆ) خەونی پێوە دەبینێت.

٩- زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (شرق عدن غرب الله...)ی (ماغوت)دا بەتەواوەتی لە خزمەتی پەیامی یاخیبوونی شاعیردایە. شاعیر هەموو ئەو هۆکارانەی بەکارهێناوە، کە لە ڕووی زمانەوە یارمەتیدەدەن تاوەکو پرۆسەی یاخیبوونەکەی پێئەنجامبدات، ئەوانیش (کورتبڕی، بانگکردن، پرسیارکردن، دووبارەکردنەوە)ن. ئەم فۆڕمە لە زمانی

یاخیبوون، بە هەمان شێوە لای (شێرکۆ)ش ئامادەیی هەیە. لەکاتێکدا دەبێت ئەوە بزانین، کە زمانی شیعریی (شێرکۆ)، بەگشتی ئالۆزترو بالآترە لە زمانی شیعریی (ماغوت)، کە لە ئەدەبی عەرەبیدا بە سادەو ساکارییەکەی ناسراوە.

١٠- (ماغوت) لە بابەتەکانی پەیوەست بە کەلتوورو ژنەوە لە (شێرکۆ) جیاوازە، چونکە (ماغوت) کەمتر خۆی لە دەربڕینە ڕۆمانسییەکان بەرانبەر بە ژن دەدات، بەڵکو لەنێوان دوو ئاڕاستەی دژ (توندیی و نەرمیی)دا بەرانبەری دەوەستێت. لەکاتێکدا (شێرکۆ) نەك ڕۆمانسییانە وێنەی ژن دەکێشێت، بەڵکو تاکە ئومێدو فریادڕەسی خۆی لە (ڕۆزانا)دا دەبینێتەوە.

١١- ئەگەرچی بیری (یاخیبوون) بونیادی سەرەکیی هەردوو دیوانەکە پێکدەهێنێت، کەچی پەیوەست بە جیاوازیی نەتەوەو زمان و کەلتوورەوە، هەندێك خاڵ جێگەی تێڕامانن: (ا) لەم دوو دیوانەدا، هەردوو شاعیر بەرانبەر بە (کەلتوورو ئایین) یاخییانە دەردەکەون و کۆی کۆتوبەندە سەپاوەکانی سەر کۆمەڵگا ڕەتدەکەنەوە، بەڵام سەرنجدەدەین (ماغوت) زۆر ڕادیکاڵانەتر لە کۆتوبەندەکانی ئاین دەدات، تا ئەو ڕادەیەی لە هەندێك شوێنی دیوانەکەیدا خۆی بە خوداوەند بەراورددەکات، هەروەها لە بابەتەکانی پەیوەست بە نیشتیمانەوە، (ماغوت) درێژە بە هەمان ڕەوتی یاخیبوونی خۆی دەدات، لەکاتێکدا لەهەندێك گەڕانەوەی (شێرکۆ)دا بۆ وێنە دێرینەکانی نیشتیمان، (ڕۆزانا)یەکی دیرۆکیی جوان بوونی هەیە. (ب) ئەم دوو دیوانە لە هێڵە گشتییەکانی تایبەت بە یاخیبوون یەکدەگرنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەگران دەتوانین خاڵی هاوبەشیان لەسەر یەکجۆریی یاخیبوون بدۆزینەوە. ڕاستە لەهەندێك شوێنداو لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا هەست بە تارمایی (ماغوت) دەکرێت، بەڵام یاخیبوونەکەی (شێرکۆ) لەم دیوانەدا تەواو کوردییانەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، ئاگاداری دونیای شیعریی (ماغوت) بووە، تەنانەت دەقێکی تایبەتیشی بۆ نووسیوە. (پ) (ماغوت) لەم دیوانەدا لە شانازییە مێژوویی و سیاسی و ئایینی و کەلتوورییەکانی ناو کۆمەڵگای عەرەبی یاخیدەبێت، بەجۆرێك ئاماژە بۆ هیچ لایەنێکی ئەرێنیی سیاسییەکی عەرەب ناکات، بەڵکو هەموویان بە کەرەستەیەکی بێبەها دادەنێت، بەپێچەوانەوە یاخیبوونەکەی (شێرکۆ) بەو جۆرە ڕەهاییە نییە، واتە نایەوێت سەرلەبەری ئەوەی لە مێژوودا هەیە لەناوییبات. سەرباری ئەوەی، بۆچوونی وایە مێژووی نەتەوەکەی، گەلێك کەموکورتیی و هەڵەی گەورەی تێدایە.

# سەرچاوەکان

١. قورئانی پیرۆز

**بەزمانی کوردیی:**

**ا_ کتێب:**


٢. ئارام سدیق (٢٠١٧)، زمانو شیعریەت _کارکردن لەسەر ئەزموونی شیعریی یازدە شاعیری دوای ڕاپەڕین_، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، کوردستان.

٣. ئازاد حەمە (٢٠١٠)، فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیا یان پاتوچکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، کوردستان.

٤. ئیدوارد سەعید (٢٠٠١)، ڕۆڵی ڕووناکبیر، و: ئەبوبەکر خۆشناو، ئینتشاراتی ئاموزش، تاران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، کوردستان.

٥. ئەحمەد میرە (٢٠١٢)، کاریگەریی بزووتنەوە ڕۆشنبیریو ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان (١٩٧٠_٢٠٠٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

٦. ئەحمەدی مەلا (٢٠١٢)، بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەسداو چەند بابەتێکی تر، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر، هەرێمی کوردستان.

٧. ئەرسەلان بایز (٢٠٠٣)، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین ١٩٩٢_ ٢٠٠٢ بە نموونەی شیعرەکانی کوردستانی نوێ_وە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.

٨. ئەلبێر کامۆ (٢٠١٢)، مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، کوردستان.

٩. ئەلبێر کامۆ (٢٠١٤)، ئەفسانەی سیزیف، و: ئازاد بەرزنجی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ بڵاوکردنەوە، سلێمانی، کوردستان.

١٠. ئەلبێر کامۆ (٢٠١٧)، ئەزموونەکان، و: سامان کەریم، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریو هونەریی ئەندێشە، سلێمانی، کوردستان.

١١. بوساحە ئەحمەد (٢٠١٤)، مردن لە ڕوانگەی ئاینەکانەوە، و: دانا مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، کوردستان.

١٢. بیتەر کلوس (٢٠٠٢)، ئەنترۆپۆلۆجیای کولتووریی، و: خەلیل محەمەد شلّماش، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، کوردستان.

١٣. بەختیار عەلی (٢٠٠٤)، ئیمانو جەنگاوەرانی، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، کوردستان.

١٤. بەختیار عەلی (٢٠١٥)، نەرسیسی کوژراو، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریو هونەریی ئەندێشە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

١٥. بەدر شاکر سەیاب (٢٠١٨)، من شیوعی بووم _کتێبی ڕەشی شیوعیەت_، و: فەیسەڵ خەلیل، چاپی یەکەم، ماڵی وەفایی، هەولێر، کوردستان.

١٦. پەخشان سابیر (٢٠١٢)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان (١٩٧٠_١٩٩١)، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، کوردستان.
١٧. جان کۆهین (٢٠٠٨)، بونیادی زمانی شیعری، و: ئازاد عبدالواحیدو عەلی بەرزنجی، چاپی یەکەم، یەکێتیی نووسەرانی کورد، کەرکوک، کوردستان.
١٨. خەسرەو میراودەلی (٢٠١٦)، ئەفسانەو مەعریفە، چاپی یەکەم، کتێبخانەی نالی، سلێمانی، کوردستان.
١٩. ڕەشاد میران (٢٠١٢)، مەعریفەو تاکو کۆمەڵگا لەڕوانگەی سۆسیۆلۆگیای مەعریفە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، کوردستان.
٢٠. زاهیر لەتیف کەریمو نیان نەوشیروان مەستی (٢٠١٧)، فرە خوێندنەوە لە (دەقی ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.
٢١. ژێرمەن بەری (٢٠١٥)، ئەلبێر کامۆ، و: عەتا نەهایی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.
٢٢. سیاوەش ئاڤێستا (٢٠١٨)، خەیامو دنیای فانی، و: فەرزانە عەلی، ناوەندی ڕۆشنبیریو هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی، کوردستان.
٢٣. سەمیر أبراهیم حەسەن (٢٠١١)، کولتوورو کۆمەڵگا، و: عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، کوردستان.
٢٤. شالاو جەعفەر (٢٠١٤)، خامەکان بۆ شێرکۆ بێکەس دەدوێن، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی کوردستان.
٢٥. شێرزاد هەینی (٢٠٠٨)، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.
٢٦. شێرکۆ بێکەس (٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (٣)، سوید.
٢٧. شێرکۆ بێکەس (٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (٥)، سوید.
٢٨. شێرکۆ بێکەس (٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (٦)، سوید.
٢٩. شێرکۆ بێکەس (٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (٨)، سوید.
٣٠. شێرکۆ بێکەس (٢٠١١)، ئێستا کچێك نیشتمانمە، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی،کوردستان.
٣١. شێرکۆ بێکەس، زێو زنە (٢٠٠٨)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، کوردستان.
٣٢. شێرکۆ بێکەس(١٩٩٨)، خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ (ڕۆمانە شیعر)، چاپەمەنی خاك، سلێمانی، کوردستان.
٣٣. شێرکۆ بێکەس (٢٠٠٢)، خۆم ئەو وەختەی باڵندەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.
٣٤. شێرکۆ بێکەس (٢٠٠٧)، تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن (شیعرو پەخشان)، دەزگای ئاراس، هەولێر، هەرێمی کوردستان.
٣٥. شێرکۆ بێکەس (٢٠١٣)، ژیاننامەو بیرەوەری شێرکۆ بێکەس_ نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

٣٦.شێركۆ بێكەس (٢٠١٣)، ژياننامەو بيرەوەری شێركۆ بێكەس_ نووسين بە ئاوی خۆڵەمێش، چاپی یەكەم، بەرگی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپو بڵاوكردنەوە، سلێمانی، هەرێمی كوردستان.

٣٧.عبدالخالق یەعقوبی (٢٠٠٨)، لە كولتوورەوە بۆ ئەدەبیات_كۆمەڵە وتار، بڵاوكراوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٣٨.عەبدوڵلا ئاگرین (٢٠١٣)، چەپكێ خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێكی ئەدەبی، ئەكادیمیای كوردی، هەولێر، كوردستان.

٣٩.عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی (٢٠١٧)، گەردن نەماوە بۆ بڕین (شیعری ژنو مێردێكی شاعیر_سەنییە ساڵحو محەمەد ماغوت)، چاپی یەكەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، كوردستان.

٤٠. عەبدول كەریم سروش (٢٠١٠)، عەقڵو ئیمان، و: موسعەب ئەدهەم، چاپی دووەم، خانەو چاپو پەخشی نما، سلێمانی، كوردستان.

٤١. علی تاهیر بەرزنجی (٢٠٠٨)، كاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری كوردیدا، چاپی یەكەم، خانەی چاپو بڵاوكردنەوەی چوارچرا.

٤٢. فازیل كەریمو هاوڕێكانی (٢٠٠٤)، خەیاڵو ڕۆح_ چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری كوردی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی،كوردستان.

٤٣.كارزان عەزیز (٢٠١٦)، دەروازەیەك بۆ فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح (ئەزموونی ئاگایی)، چاپی یەكەم، ناوەندی توێژینەوەی هزریی شەهید ئارام، سلێمانی، كوردستان.

٤٤.كۆمەڵێك بیرمەند (٢٠٠٤)، دەسەڵاتو حەقیقەت، و: ئیدریس شێخ شەرەف، چاپی یەكەم، سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكریو ئەدەبیی نما، هەولێر، كوردستان.

٤٥. كۆمەڵێك نووسەر (٢٠١٥)، محەمەد ماغوت_پیاوێك لە شیعرو یاخیبوون، و: هەورامان وریا قانع، چاپی یەكەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم،سلێمانی، كوردستان.

٤٦. كۆمەڵێك نووسەر (٢٠١٠)، شۆڕشی خوێندكارانی ٦٨، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەكەم، خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، كوردستان.

٤٧.گوستاف یانۆخ (٢٠١٧)، گفتوگۆ لەگەڵ كافكا (یاداشتو بیرەوەری)، و: كەریم پەڕەنگ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، كوردستان.

٤٨.لوقمان ڕەئوف (٢٠٠٩)، بنەماكانی مۆدێرنە لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٩.لوقمان رەئوف (٢٠١١)، سیماكانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعری شێركۆ بێكەسدا، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٥٠. لوقمان ڕەئوف (٢٠١٧)، شوناسی شیعری شێركۆ بێكەس، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، كودستان.

٥١. محەمەد ئاركۆن (٢٠٠٢)، ئاینو عەلمانیەتو كۆمەڵگای مەدەنی، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی موكریان، هەولێر، كوردستان.

٥٢. محەمەد ئەل_شێخ (٢٠٠٢)، ڕووناکبیرو دەسەڵات (لێکۆڵینەوەیەك لە بیری فەڕەنسی هاوچەرخ)، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی دووەمین کتێبی پرۆژەی (٦٠) کتێب دەربارەی پێکهاتە فکریەکانی دیموکراسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك)، چاپخانەی دانا، سلێمانی.
٥٣. محەمەد کەمال (ب.م)، فینۆمینۆلۆجی_ زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ (١٨)، چاپخانەی بینایی.
٥٤. محەمەد ماغوت (٢٠١٥)، ڕۆژهەڵاتی عەدەن...ڕۆژئاوای خودا، و: کارزان علیو حسەین لەتیف، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریو هونەری ئەندێشە، سلێمانی، کوردستان.
٥٥. محەمەد ماغوت (٢٠١٥)، خیانەت لە نیشتیمان دەکەم، و: کارزان علیو حسەین لەتیف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.
٥٦. محەمەد ماغوت (٢٠١٦)، من ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، کوردستان.
٥٧. محەمەد مەحویی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژییو بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، کوردستان.
٥٨. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٥٩. مەریوان وریا قانع (٢٠٠٤)، شوناسو ئاڵۆزی (چەند وتارێك لەسەر دۆگماتیزم)، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، کوردستان.
٦٠. مەریوان وریا قانع (٢٠١٣)، فیکرو دونیا، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیریو هونەری ئەندێشە، سلێمانی، کوردستان.
٦١. مەریوان وریا قانع (٢٠١٧)، ئەخلاقو بەرگری_سەرەتایەك بۆ ناسینی کارەکانی مێشێل فۆکۆ، ئەندێشە، سلێمانی، کوردستان.
٦٢. مەسعود جلال مقدم (٢٠١٠)، کاریگەریی ئاین لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان، و: سەعید بەشیر خەرپانەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سایە، هەولێر.
٦٣. مەلا عبدالکریم مدرس (١٣٨٠)ی هەتاوی، دیوانی نالی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی کوردستان لە سنە، سنە، ئێران.
٦٤. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (٢٠٠٨)، گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس (منداڵی، شیعر، تاراوگە)، چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.
٦٥. هاوژین سڵێوە عیسا (٢٠٠٩)، بونیادی وێنەی هونەریی لە شیعر شێرکۆ بێکەس دا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.
٦٦. ویلو ئاریل دورانت (٢٠٠٦)، مێژووی شۆڕشی فەڕەنسا، و: دلاوەر عەبدوڵڵا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.
٦٧. یاسین عومەر (٢٠٠١)، ئەزموون (١٩٨٥_٢٠٠٠)، شێرکۆ بێکەس چەپکێ هەڤپەیڤین، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

## ب_ فەرهەنگ:


٦٨. بەختیار سەجادیو محەمەدی مەحمودی (٢٠٠٤)، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، کوردی_ئینگلیزی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، کوردستان.

٦٩. شێخ محمدی خاڵ (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، کوردستان.

٧٠. گیو موکریانی (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان، کوردی_عەرەبی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،کوردستان.

٧١. موحسین ئەحمەد عومەر (٢٠١٢)، فەرهەنگی ئەدەبی، بڵاوکراوەی ڕەخنەی چاودێر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، کوردستان.

٧٢. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکان_ ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، کوردستان.

٧٣. هەژار (١٣٦٩)، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ فارسی_کوردی، تهران.

٧٤. هەژیر عەبدوڵڵا پور (٢٠٠٨)، فەرهەنگی هەژیر فارسی_کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی.


## پ_ نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):


٧٥. ئارام محمد قادر (٢٠٠٧)، نامۆیی لە شیعری کوردیدا کرمانجی خواروو (١٩٧٥_٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٧٦. سروشت جەوهەر حەوێز (٢٠١٥)، پابەندبوون لە شیعری کوردیدا کرمانجی خواروو ١٩٥٠_١٩٧٥، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٧٧. عبدالقادر نوری عبدالکریم گولی (٢٠٠٨)، یاخیبوون د ناڤ هوزانا نویخازا کوردیدا (سەلمان کوڤلی وەك نمونە)، لێکۆڵینەکا وەسفی شلۆڤەکاری یە، نامەی ماستەر، زانکۆیا دهۆکێ.

٧٨. محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجیی خوارووادا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.


## ت_ گۆڤار:


٧٩. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، پایزی (١٩٩٣)، یاخیبوون لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری سبەی، گۆڤارێکی ئەدەبیو هونەرییە، ژمارە (٢).

٨٠. محەمەد ماغوت (چاوپێکەوتن) (٢٠٠٧)، و: پەسار فایەق، گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ژمارە (٢١٨).

٨١. محەمەد ماغوت (٢٠٠٧)، لەمەودوا گرانبەها دەبم، و: سەنگەر زراری، گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ژمارە (٢١٨).

٨٢.عبدارحمن ئەلغەسار (٢٠٠٧)، بۆچی ڕێز لە ماغوت بگرین؟، و: نەوزاد عەباس، گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ژمارە (٢١٨).

٨٣.هیوا قادر (٢٠١٣)، مەرگی شێرکۆ بێکەس تەنهای کردم، گۆڤاری سەردەمی ئەدەبی، گۆڤارێکی ئەدەبیو هونەریو ڕەخنەییە، ساڵی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ژمارە (٤).

٨٤.شێرکۆ بێکەس (چاوپێکەوتن)، (٢٠١٤)، گۆڤاری سەردەمی ئەدەبی، گۆڤارێکی ئەدەبی هونەری ڕەخنەییە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ژمارە (٧).

٨٥.جەواد خەلیل (٢٠١٥)، بۆ دەبێت ماغوت بخوێنینەوە؟، گۆڤاری هەڵمەت، مانگنامەیەکی شیعرییە، چاپخانەی ڕەهەند، ژمارە (٤).

٨٦.محەمەد ماغوت (چاوپێکەوتن) حوزەیرانی (٢٠٠٦)، و: گەیلان، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، گۆڤارێکی ئەدەبیو ڕووناکبیرییە، بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیری گەلاوێژ دەریدەکات، ژمارە (٣٩_٤٠).

٨٧.زاهیر لەتیف کەریمو نیان نەوشیروان مەستی، کانونی یەکەمی (٢٠١٥)، میتا_واتا (ئێستا کچێك نیشتمانمە) بە نموونە، گۆڤاری ڕامان، مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە، خولی سێیەم، ژمارە (٢٢٣).

٨٨.محەمەد ماغوت (چاوپێکەوتن) نیسانی (٢٠١٦)، و: شوان ئەحمەد، گۆڤاری باران، گۆڤارێکی ئەدەبیو وەرزییە، ساڵی یەکەم، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات، ژمارە (١).

٨٩.بەیان سەلمان (٢٠١٧)، ئارتوو ڕامبۆ ژیانێکی کورت، سەرچاوەی ئیلهامێکی هەمیشەیی، گۆڤاری شیعر، ژمارە (٣).

٩٠. ئارام سدیق (٢٠١٧)، شیعرو یاخیبوونی ساختە، گۆڤاری شیعر، ژمارە (٣).

٩١. مەریوان وریا قانع (ب.م)، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییەو هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێك دەریدەکات، ژمارە (٧٦).

٩٢. ڕەئووف بێگەرد (ب.م)، شێرکۆ بێکەس وەك خۆی، ڕۆڤار، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییەو هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێك دەریدەکات، ژمارە (٧٦).

٩٣. بەختیار عەلی (ب.م)، ئێستا ژیان نیشتیمانمە، ڕۆڤار، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییەو هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێك دەریدەکات، ژمارە (٧٦).

٩٤. شێرکۆ بێکەس (ب.م)، ژنێ لە حیلەی یاخیبوون، ڕۆڤار، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێك دەریدەکات، ژمارە (٩٠).

٩٥. ناڵە حەسەن، شوباتی (٢٠١٤)، شێرکۆ بێکەسو زمانی شیعر، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٦٤).

٩٦. شێرکۆ بێکەس (١٩٩٧)، گۆڤاری ڕەهەند، گۆڤاری (تیۆر، فکر، ڕاڤەکردن)، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ستۆکهۆڵم، سوید، ژمارە (٣).


**ج_ دیدارو چاوپێکەوتن:**


٩٧. ئازاد بەرزنجی، نووسەرو وەرگێڕ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ڕۆژی ٢٠١٧/٥/٦

٩٨. ڕەئوف بێگەرد، نووسەرو وەرگێڕ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ڕۆژی ٢٠١٧/٥/٦

**بەزمانی عەرەبی:**

**ح_ كتێب:**


٩٩. احسان عباس (د)، (٢٠١١)، فن الشعر، الطبعة الثانية، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.

١٠٠. أحمد عبدالحليم عطية (د)، (٢٠١١)، سارتر و الفكر العربي المعاصر، الطبعة الأولى، دار الفارابي، بيروت، لبنان.

١٠١. أحمد عبدالستار الجواري (٢٠٠٦)، الحب العذري (نشأة و تطوره)، الطبعة الأولى،المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، لبنان.

١٠٢. أحمد محمد المعتوق (٢٠٠٦)، اللغة العليا (دراسات نقدية في لغة الشعر)، الطبعة الأولى، المركز الثقافي العربي، بيروت، لبنان.

١٠٣. أحمد مفلح مفلح (٢٠١٣)، في سوسيولوجيا المثقفين العرب (دراسة وصفية من خلال تحليل مضمون المستقبل العربي ١٩٧٨_٢٠٠٨)، الطبعة الأولى، منتدى المعارف، بيروت، لبنان.

١٠٤. ادوار الخراط (ب.ت)، من الصمت الى التمرد (دراسات و محاورات في الادب العالمي)، الهيئة العامة لقصور الثقافة، كتابات نقدية، سلسلة شهرية، وزارة الثقافة، مصر.

١٠٥. امام عبدالفتاح امام (ب.ت)، معجم ديانات و أساطيرالعالم، مطبعة مبدولي، قاهرة، مصر.

١٠٦. الأمام محمد ابو زهره (٢٠٠٩)، تأريخ المذاهب الأسلامية، الطبعة الأولى، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر.

١٠٧. ت: خليل الخوري (١٩٨٥)، أرثور رامبو (حياته و شعره)، مطبعة الديوان، الطبعة الثالثة، العراق، بغداد.

١٠٨. السيد يسين (٢٠٠٧)، التحليل الأجتماعي للأدب، الطبعة الثالثة، دار العين للنشر، القاهرة، مصر.

١٠٩. ألكسندر نيهاماس (٢٠٠٨)، نيتشه الحياة كنص أدبي، ت: محمد هشام، أفريقا الشرق، المغرب.

١١٠. بوعلي ياسين و نبيل سليمان (ب.ت)، الأدب و الأيدولوجيا في سورة (١٩٦٧_١٩٧٣)، دار الحوار للنشر و التوزيع، اللاذقية.

١١١. بيار ماشيري (٢٠٠٩)، بم يفكر الأدب؟ (تطبيقات في الفلسفة الأدبية)، ت: جوزيف شريم، الطبعة الأولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، لبنان.

١١٢. جان نعوم طنوس (د)، (٢٠٠٩)، صورة الحب في الشعر العربي الحديث (دراسة تحليلية نقدية)، الطبعة الأولى،دار المنهل اللبناني، بيروت، لبنان.

١١٣. جان نعوم طموس (د)، (٢٠١٠)، الوجه الآخر للأدونيس (دراسة تحليلية نقدية)، الطبعة الأولى، دار المنها اللبناني، بيروت، لبنان.

١١٤. جون كرو كشانك (١٩٨٦)، ألبير كامي و أدب التمرد، ت: جلال العشري، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

١١٥. حسن ناظم (٢٠٠٢)، البني الأسلوبية (دراسة في أنشودة المطر للسياب)، لبطبعة الأولى، المركز الثقافي العربي،بيروت، لبنان.

١١٦. خالد أبراهيم يوسف (٢٠١٢)، من الأدب الفلسفي، الطبعة الأولي، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.

١١٧. خالد محمد غانم (٢٠٠٩)، الزرادشتية (تأريخها و عقيدة و شريعة)، دار الخطوات للنشر و التوزيع، دمشق، سوريا.

١١٨. خليل صويلح (٢٠٠٢)، محمد الماغوط أغتصاب كان و أخواتها، الطبعة الأولى، دار البلد، سورية.

١١٩. خوسه أورتغا أي غاسيت (٢٠٠٩)، دراسات في الحب، ت: على ابراهيم أشقر، منشورات وزارة الثقافة، الهيئة العامة السورية لكتاب، دمشق، سوريا.

١٢٠. داريوش شايغان (٢٠١١)، ما الثورة الدينية (الحضارات التقليدية في مواجهة الحداثة)، ت: محمد الرحموني، الطبعة الثانية، رابطة العقلانين العرب، بيروت، لبنان.

١٢١. سعد روستم (٢٠١٠)، الفرق و المذاهب الأسلامية، دار الأوائل للنشر و التوزيع و الخدمات الطباعة، دمشق، سوريا.

١٢٢. سعيد السريحي (٢٠١٥)، العشق و الجنون (دولة العقل و سلطان الهوي في ثقافة العربية)، الطبعة الأولى، دار التنوير للطباعة و النشر، بيروت، لبنان.

١٢٣. سعيد حسن بحيري (٢٠٠٤)، علم لغة النص (المفاهيم و الأتجاهات)، الطبعة الأولى، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، قاهرة، مصر.

١٢٤. سفانة داود سلوم (٢٠٠٧)، ظاهرة التمرد في أدبي الرصافي و الزهاوي (دراستة تحليلية موازنة)، رسالة الماجستير، جامعة بغداد، كلية التربية_ابن رشد.

١٢٥. صدقي أسماعيل (٢٠٠٦)، رامبو قصة شاعر متشرد، منشورات وزارة الثقافة، ط ٢، دمشق، سوريا.

١٢٦. عبدالرحمان البدوي (١٩٩٦)، مذاهب الأسلاميين، الطبعة الأولى، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.

١٢٧. عبدالرزاق الأصفر (١٩٩٩)، المذاهب الأدبية لدى الغرب، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، سوريا.

١٢٨. عبد المنعم الحفني (١٩٩٩)، موسوعة الفرق و الجماعات و المذاهب و أحزاب و الحركات الأسلامية، ، الطبعة الأولى، دمشق، سوريا.

١٢٩. عصام شرتح (٢٠١٤)، محمد الماغوط و ثورة الشعرية (بين شعرية النثر و نثرية الشعر)، الأصدار الأول، صفحات للنشر و التوزيع، دمشق، سورية.

١٣٠. على حرب (٢٠١٤)، الحب و الفناء (المرأة، السكينة، العداوة)، الطبعة الثالثة، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، لبنان.

١٣١. على شلش (د)، (١٩٩٤)، التمرد على الأدب (دراستة في تجربة سيد قطب)، الطبعة الأولى، دار الشروق، بيروت لبنان.

١٣٢. عيسى الماغوط (٢٠٠٩)، محمد الماغوط رسائل الجوع و الخوف، الطبعة الأولى، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، سورية.

١٣٣. فاروق القاضي (٢٠٠٤)، افاق التمرد (قراءة نقدية في تأريخ الأوروبي و العربي و الأسلامي)، الطبعة الأولى، المؤسسة العربية لدراسات و النشر، بيروت، لبنان.

١٣٤. قصي الحسين (٢٠٠٩)، سوسيولوجية الأدب (دراسة الواقعة الأدبية على ضوء علم الأجتماع)، دار و مكتبة الهلال، بيروت، لبنان.

١٣٥. لطيف بوكاي (٢٠٠٧)، حركة الخوارج (نشأتها وتطورها الى نهاية العهد الأموي خلال ٣٧_١٣٢ هـ)، دار الطليعة، بيروت، لبنان.

١٣٦. لؤى ادم (٢٠٠١)، محمد الماغوط، وطن في وطن (دراسة تجربية، تحليلية، تركيبية)، الطبعة الأولى، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، سوريا.

١٣٧. ماري لومونية و أود لانسون (٢٠١٥)، الفلاسفة و الحب (الحب من سقراط الى سيمون دي بوفوار)، ت: دينا مندور، الطبعة الأولى، دار التنوير للطباعة و النشر، بيروت، لبنان.

١٣٨. محمد جدوع (٢٠١٢)، الوجودية و الأدب (بين خيبة الأمال و أرادة الأجيال)، دار كيوان للطباعة و النشر و التوزيع، الطبعة الأولى، دمشق، سورية.

١٣٩. محمد الماغوط (١٩٨٧)، سأخون وطني (هذيان في الرعب و الحرية)، الطبعة الأولى، دار المدى للثقافة و النشر، بيروت، لبنان.

١٤٠. محمد الماغوط (٢٠٠٥)، شرق عدن غرب الله...، الطبعة الأولى، دار المدى، دمشق، سورية.

١٤١. محمد الماغوط (٢٠٠٦)، سأخون وطني، الطبعة الخامسة، دار المدى، دمشق، سورية.

١٤٢. محمد الماغوط (٢٠٠٦)، الفرح ليس مهنتي، الطبعة الثانية، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، سوريا.

١٤٣. محمد الماغوط (٢٠٠٦)، الأعمال الشعرية الكاملة، الطبعة الثانية، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، سوريا.

١٤٤. محمد الماغوط (٢٠٠٩)، سياف الزهور، الطبعة الثالثة، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، سوريا.

١٤٥. محمد الماغوط (٢٠١٣)، البدوي الأحمر، الطبعة الثانية، دار المدى للثقافة و النشر، بيروت، لبنان.

١٤٦. محمد سعيد فرح و مصطفى خلف عبدالجواد (٢٠١٢)، علم أجتماع الأدب، الطبعة الثاني، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان، الأردن.

١٤٧. محمد على البدوي (د)، (٢٠٠٢)، علم الأجتماع الأدب (النظرية و المنهج و الموضوع)، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، مصر.

١٤٨. محمد علي كندي (٢٠٠٣)، الرمز و القناع في الشعر العربي الحديث (السياب و نازك و البياتي)، الطبعة الأولى، دار أويا للطباعة و النشر و التوزيع، طرابلس، ليبيا.

١٤٩. مصطفى غلفان (د)، (٢٠١٠)، في اللسانيات العامة (تأريخها، طبيعتها، موضوعها، مفاهيمها)، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، طرابلس، ليبيا.

١٥٠. ميخيل ده أو نامونو (٢٠١١)، الشعور المأساوي بالحياة، ت: على أبراهيم أشقر، الطبعة الأولى، دار التكوين للتأليف و الترجمة و النشر، دمشق، سوريا.

١٥١. محمد علاءالدين عبدالمولي (٢٠٠٦)، وهم الحداثة (مفهومات قصيدة النثر نموذجا)، منشورات أتحاد الكتاب العرب، دمشق، سوريا.

١٥٢. ممدوح السكاف (٢٠٠٨)، في تأمل الشعر، أتحاد الكتاب العرب، دمشق، سوريا.

١٥٣. ميرسيا ئه لياد (٢٠٠٦)، تأريخ المعتقدات و الأفكار الدينية، الجزء الأول، الطبعة الأولى، دمشق، سوريا.

١٥٤. ناظم عوده (٢٠١٣)، جماليات الصورة (من الميثولوجيا الى الحداثة)، الطبعة الأولى، التنوير للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، لبنان.

١٥٥. نوري حمدوي القيسي (١٩٧٩)، الأديب و الألتزام، دار الحرية للطباعة، العراق، بغداد.

١٥٦. هجران عبدالاله الصالحي (د)، (٢٠١٥)، الأنسان و الأغتراب في فلسفة نيتشه، الطبعة الاولى، دار الفرقد للطباعة و النشر و التوزيع، دمشق، سورية.

١٥٧. وفيق خنسه (١٩٨٢)، دراسات في الشعر السوري الحديث، الطبعة الثانية، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.

١٥٨. يادكار لطيف الشهرزوري (د)، (٢٠١٥)، الظاهراتية و النقد الأدبي (الأصول الفكرية للمناهج النقدية_قصيد جذر السوسن للأدونيس ميدانا تطبيقيا)، الطبعة الأولى، دار الزمان، دمشق، سوريا.

١٥٩. يوسف الأنطاكي (٢٠٠٩)، سوسولوجيا الأدب (الآليات و الخلفية و الأبيستيمولوجية)، الطبعة الأولى، رؤية للنشر و التوزيع، قاهرة، مصر.

١٦٠. يوسف سليم سلامة (٢٠٠٧)، الفينومينولوجيا (المنطق عند ادمون هسرل)، دار التنوير للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، لبنان.

**خ_ نامەی زانكۆیی (بڵاونەكراوە):**

١٦١. ايمان عبدو عبدالقادر (٢٠١٠)، صورة الأنسان في شعر محمد الماغوط، رسالة ماجستير، جامعة البعث، سوريا.

١٦٢. شاهو سعيد فتح الله (٢٠٠٦)، البعد الفلسفي للتبئير الروائي (دراسة ظاهراتية في تجربة سليم بركات)، رسالة الدكتوراه، كليات اللغات، جامعة السليمانية.

١٦٣. فيصل حسين طحمير، (٢٠٠٤)، التمرد في شعر العصر العباسي الأول، رسالة الدكتوراه، جامعة المؤتة، عمادة الدراسات العليا.

١٦٤. قحطان عدنان الفرج الله (٢٠١٢)، الغرابة و التمرد في أدب حسين مردان، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة القاهرة، مصر.

١٦٥. محمد أحمد العزب (ب.ت)، ظواهر التمرد في الشعر العربي المعاصر، رسالة الدكتوراه، قسم الأدب و النقد، كلية اللغة العربية، جامعة الأزهر.

**د_ گۆڤار:**

١٦٦. زينب عساف و ماهر شرف الدين، شتاء (٢٠١٢)، أمية الأنبياءو الشعراء، مجلة نقد، مجلة فصلية، دار العناوين، عدد (٧).

١٦٧. محمد صابر، شتاء (٢٠١٢)، قراءة في استراتيجية العلاقتها الشعرية، مجلة نقد، مجلة فصلية، دار العناوين، عدد (٧).

١٦٨. خالدة سعيد، كانون الثاني (١٩٥٩)، بوادر الرفض في الشعر العربي الحديث، مجلة شعر، مجلة أدبية عامة، ، دار مجلة الشعر، عدد (١٩).

١٦٩. خزامي صبري كانون الثاني (١٩٥٩)، حزن في ضوؤ القمر لمحمد الماغوط، مجلة شعر، مجلة أدبية عامة، دار مجلة الشعر، عدد (٩).

١٧٠. روعة الفقس (٢٠١٤)، صورة المرأة عند محمد الماغوط، مجلة جامعة البعث، المجلد (٣٦)، عدد (١٠).

١٧١. علي گنجيان خناري و خديجة براني كاشاني (١٣٨٨ هـ.ش)، لغة الماغوط الشعرية، مجلة التراث الأدبي، السنة الثانية، العدد (الخامس).

١٧٢. علي گنجيان خناري و فاطمة جغتايي (١٣٩٠ هـ.ش)، قصيدة النثر عند محمد الماغوط و أحمد شاملو، مجلة التراث الأدبي، السنة الثالثة، العدد (العاشر).

١٧٣. فاطمة حسين العفيف (٢٠١٦)، الجانب النفسي للسخرية في شعر العربي المعاصر، مجلة دراسات العلوم الأنسانية و الأجتماعية ، معهد قاصد للتعليم اللغة العربية، المجلد (٤٣)، العدد (٣).

١٧٤. محمد صالح شريف العسكري (٢٠١٢)، سخرية الماغوط في العصفور الأحدب، مجلة دراسات في اللغة العربية و ادابها، فصلية محكمة، عدد (٨).

**ڕ_ به زمانی ئینگلیزیی:**

175. Kassasbeh, A. M. (2015), Literature of Revolt: A Comparative Study of the Poetry of Jack Kerouac and Hussein, Mardan, Master Thesis, Faculty of Arts and Sciences, Middle East University.

**ز_ پێگەی ئەلەکترۆنیی:**

176. http://Dewanarabi

177. http://oxford dictionary.com/definition

178.https://www.google.com/search?source=hp&ei=y2yiXIfmA8WImwWVhqW4DA&q=oxford+dictionary.com%2Fdefinition.&btnK=%D8%A8%D8%AD%D8%AB+Google%E2%80%8F&oq=oxford+dictionary.com%2Fdefinition

.&gs_l=psy-ab.3..0i22i30l10.4763.4763..5060...0.0..0.187.187.0j1......0....2j1..gws-wiz.....0.6qVeb20psfE
179. https://www.goodreads.com/book/show/20746647
180. www.alarabiya.net/programs
181. https://weziwezi.com

## خلاصة البحث

هذه الدراسة بعنوان (ظاهرة التمرد لدى شيركو بيكس ومحمد الماغوط، في ديوانيهما: (الان، فتاة هي موطني)، و(شرق عدن غرب الله...كأنموذجين))، هي محاولة لتحليل ومقارنة ظاهرة التمرد في ديواني كلا الشاعرين، وقد أُنجز البحث من وجهة نظر نقدية وفق نظرية التكاملية. وان اتباع نظرية التكاملية في اجراء الدراسات، يسنح الفرصة للباحث أن يحلل ويؤول جميع الابعاد في النصوص الشعرية لكلا الديوانين، من ناحيتي الشكل والمعنى بشكل علمي.

وقد ركز الباحث في الدراسة بشكل عام على تحديد وتعيين ظاهرة التمرد لدى شاعرين منتميين الى شعبين مختلفين، إذ رغم اختلافهما من الناحية الثقافية والادبية، لكنهما متقاربان من ناحية البيئة السياسية والدينية والاجتماعية وحتى الثقافية. ومن هذا المنطلق ذاته، فان المحاولة العلمية للباحث هي للاجابة عن تلك الاسئلة المطروحة، هل ظاهرة التمرد ذات بعد مكاني، وهي وليدة مرحلة تاريخية معينة؟ ام لها بعد عالمي طوال تاريخ البشرية، ولها حضور بارز في جميع العصور والمراحل المختلفة، كظاهرة فلسفية ودينية واجتماعية؟ رغم اننا في هذه الدراسة قمنا بتعيين ابعاد التمرد لدى (شيركو بيكس) و(محمد الماغوط)، وبذلك فقد تبينت نقاط التشارك والتباين للظاهرة وفق نظرية التكاملية.

وقد تكونت الاطروحة، اضافة الى المقدمة والاستنتاجات و الخلاصة، من ثلاثة فصول رئيسة. في الفصل الاول تناولنا: مفهوم ظاهرة التمرد بشكل عام، ومن ثم قمنا بتحليل وشرح هذا المفهوم، من الناحية الثقافية والاصطلاحية. بعدها ذكرنا قضية ظهور ظاهرة التمرد لدى شعوب اوروبا والعرب والكورد. ومن هذا المنوال ذاته، فقد قمنا بدراسة ظاهرة التمرد كمفهوم فلسفي وديني وظاهرة ادبية. وفي المبحث الاخير لهذا الفصل قمنا بتحليل مفهوم الظاهرة ونظرية الظاهراتية، وذلك كضرورة علمية.

وفي الفصل الثاني، الذي هو الفصل العملي الاول لدراستنا، خصصناه لعرض سيرة (شيركو بيكس) و تأثيرها في تجربته التمردية ومن ثم انعكاسها في ديوان ( الان، فتاة هي موطني). ومن ثم تغيير صورة معشوق الشاعر من الوطن الى المرأة، وقد تبلور مقصده الرئيس في ذلك، ما حدث من التغيير في التجربة الشعرية للشاعر. وفي مبحث اخر للفصل نفسه، فقد قمنا بتحليل وافٍ للغة التمرد في ديوان الشاعر. وفي المبحث الاخير: حددنا مستويات التمرد في (الثقافة والسياسة والدين والوطن) في الديوان.

والفصل الثالث، الذي هو الفصل العملي الثاني، مخصص لدراسة مستويات التمرد في ديوان (شرق عدن غرب الله...) للشاعر (محمد الماغوط)، في اطار مباحث. شروعا انصب اهتمامنا على سيرة الشاعر وانعكاساتها في تجربته التمردية، ومن ثم عرفنا (السجن) كمحطة اولى لتمرد الشاعر وتأثيره الدؤوب في تجربته الشعرية، وعززناه

بنماذج محللة وافية من الديوان نفسه وبيَّنا خصائصه. وفي المبحث الاخير لهذا الفصل، حددنا مستويات التمرد في الديوان، وهي تشمل المستويات (الثقافية، والدينية، والسياسية، والوطنية).

وفي الختام، قام الباحث بعرض النتائج العلمية التي توصل اليها في عدة نقاط.

## ABSTRACT

This dissertation, entitled “Rebellion in Sherko Bekas and Muhammad Al-Maghut’s Poetry; taking as examples *Now A Girl is My Homeland* and *East of Eden, West of Allah*” is an attempt to analyze the phenomenon of rebellion and it draws comparisons between the poetry books mentioned above. Following the Integrative Method of research, the dissertation presents a critical point of view of the two poetry books. Applying this method gives the researcher the opportunity to touch upon the aspects of form and content in the poems incorporated in those two poetry books and allows him to academically analyze and tackle them.

The dissertation focuses mainly on specifying the phenomenon of rebellion in the poetry of two poets who belong to different nations. Although the two poets produced different literatures in different languages, the political, religious, social, and even cultural environments they lived in have so much in common. From this perspective, the researcher attempts to answer a number of important questions such as, does rebellion have only a geographical dimension? Is it the product of a certain period of time in history only? Or it has a universal dimension and has been around as a philosophical, religious, literary, and social phenomenon throughout history? In the dissertation, the researcher attempts to look at the different aspects of rebellion in Bekas and Al-Maghut’s poetry highlighting the similarities and differences of the said phenomenon through the application of the Integrative method.

The dissertation has three chapters. In the first chapter, the term *rebellion* is looked at and its form and content is analyzed from a terminological point of view. This chapter also presents the history of emerging rebellion among the European nations, the Arabs and the Kurds. The chapter also looks at rebellion as a philosophical and religious concept as well as a literary phenomenon. In the last section of this chapter, for the sake of the academic argument, the concept of phenomenon and phenomenology are addressed closely.

The second chapter, which is the first practical part of the dissertation, embraces a biography of Sherko Bekas focusing on what has led to the emergence of the theme of rebellion in his poetry and how this influence is reflected in his *Now a Girl is My Homeland*. Changing the poet's beloved form homeland to women is the chapter's main part and the main aim behind doing this is shedding light on the change that has taken place Bekas's poetry. Another section in this chapter analyzes the language Bekas uses in the rebellion poems of *Now a Girl is My Homeland*. The last section touches upon the levels of rebellion in culture, politics, religion, and home in the said poetry book.

The third chapter, the second practical part of the dissertation, embraces the levels of rebellion in Al- Maghut's East of Eden, West of Allah. The chapter has a number of sections. First, the life of the poet and how it has been reflected in his literary experiences with rebellion is looked at, then prison as the first stage of the poet's rebellious life and the ever-lasting influence on his poetry is discussed and supported with poetic examples taken from *East of Eden, West of Allah*. In another section, the language of Al-Maghut has used to write the poems with the theme of rebellion is tackled and its characteristics are presented. In the last section of the chapter, the levels of rebellions-which include culture, religion, politics, home- in the said poetry book are discussed.

Finally, the researcher has laid out the conclusions he has reached with regard to the phenomenon of rebellion in Bekas and Maghut's said poetry books.